# لەخۆرئاواوە...

چەند باسێک دەربارەی ئەدەب و
هونەری خۆرهەڵات و خۆرئاوا

عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)

## ناسنامەی کتێب

-------------------------------

**ناوی کتێب:** لە خۆرئاواوە...
چەند باسێک دەربارەی ئەدەب و هونەری خۆرهەڵات و خۆرئاوا
**نووسین:** عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)
**تایپ و هەڵەچن:** عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)
**بەرگ و ناوەڕۆک:** عیسا عوسمان
**نۆبەی چاپ:** یەکەم
**تیراژ:** ٥٠٠ دانە
**ساڵی چاپ:** ٢٠٢٥

-------------------------------

مافی لەچاپدانەوەی ئەم کتێبە بۆ عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) پارێزراوە.

ئەم بەرهەمە پێشکەشە بە جۆرجی پلیخانۆڤ ئەو ڕەخنەگرانەی کە لە ڕێگەی نووسینەکانییەوە توانی ڕەخنەی ئەدەبی و ئیستاتیکای مارکسیستیی بگەێنێتە ئاستێکی باڵا.

## پێڕست

ئەم کتێبە چۆن هاتە بوون؟ ........................................................... ٩
ئەلیزابیس گورلی فلین(١٨٩٠ – ١٩٦١) ............................................ ١١
ولیەم هەیوود(١٨٦٩ – ١٩٢٨)............................................................ ٢١
ڕوقی داڵتۆن ................................................................................ ٣٣
یانیس ریتسۆس.............................................................................. ٤٣
دۆنناركاڤیچ .................................................................................. ٥٥
ئۆڵگا لوزاردۆ جەنگاوەر و ڕۆژنامەنووس و شاعیری کۆمۆنیستی
ڤێنزویللا....................................................................................... ٦٣
جۆ وەڵس شاعیری کۆمۆنیست و کرێکارانی کەنەدا......................... ٦٩
بزووتنەوەی قوتابخانەی یەکشەممانی سۆشیالیستی
سەرەتا و سەرهەڵدان...................................................................... ٧٩
جاک هیرشمەن شاعیر و هەڵسوڕاوی کۆمۆنیستی ئەمریکیی ......... ٩٥
ئەدەبی پۆست هۆلۆکۆستی کەنەدی ........................................... ١٠٥
محەمەد ساڵح قەزاز ..................................................................... ١١٣
ئەو ڕابەرە کرێکارەی عەرشی پاشایەتی هەژاند، کێ بوو؟
مەحموود ئەحمەد سەیدی چیرۆکنووس و خەبات لەپێناو کرێکارانی
عێراقدا.......................................................................................... ١٢٣
جەیمس کۆنۆلی (١٨٦٨ - ١٩١٦)
قارەمانێکی زیندووی نێو ویژدانی چینی کرێکار.............................. ١٣٣
ویلیام مۆریس؛ شاعیر و ڕۆماننووس
بۆچی من کەسێکی سۆشیالیستم؟ ............................................... ١٤٩
بۆچی ئەدەبی کرێکاریی جێی بایەخە؟........................................... ١٥٩
مێژووی شانۆی کەنەدی.................................................................. ١٦٩
ئایا دەکرێ دیموکراسی ئیسلامی هەبێت؟........................................ ١٩١

دەربارەی دەیڤد بوکەر ........................................................ ٢١٣
پەیامی "جۆرج کارلین"ی هونەرمەندی کۆمیدیی ئەمریکی........... ٢٢٣
پاش کۆتایی مێژوو / نووسینی: فرانسیس فۆکۆیاما (١) ................ ٢٣١
لە یادی چل ساڵەی تیرۆر کردنی .............................................. ٢٦١
ئۆجین پۆتیەی............................................................................ ٢٧٣
ئایا شیعر وەردەگێڕدرێت؟ ........................................................ ٢٧٩
فیدراسیۆنی هونەرمەندان............................................................ ٢٨٥
فریدریک جەیمسن ..................................................................... ٢٩٨
حوسێن ڕەحال و یادی سەد ساڵەی یەکەمین ڕۆژنامەی مارکسیستیی
لە عێراق.................................................................................... ٣١٥
سادق جەعفەر فەللاحی .............................................................. ٣٢٣
لوسی ئی.پارسنس (١٨٥٣ – ١٩٤٢) ............................................ ٣٣١
ڕۆزا پارکس (١٩١٣ – ٢٠٠٥)...................................................... ٣٣٩
نامەی ئەنتوان چیخۆف بۆ مەکسیم گۆرکی.................................. ٣٤٩
نامەی جان ستێنبێکی ڕۆمانووسی ئەمریکیی بۆ کوڕەکەی ........... ٣٥٥
نامەی لەنکستۆن هیوز بۆ شارڵۆت مەیسن ................................. ٣٦٣
دوو نامەی لینین بۆ مەکسیم گۆڕکی ........................................... ٣٦٩
ئێرنیکۆ دۆناتی/ دوا هونەرمەندی سوریالیستی ئیتاڵیی - ئەمریکیی
........................................................................................... ٣٧٣
ڕانانێک بۆ ڕۆمانی "وەرزی کۆچ بەرەو باکور"ی تەیب ساڵح ........... ٣٨١
تێکستێکی بێناوونیشانی جێرزی گرۆتۆڤسکی(١) ......................... ٣٩١
ڕۆمانی پیرەمێرد و دەریا ............................................................ ٣٩٧
نووسینە بەرایی و ونبووەکانی ...................................................... ٤٠٢
جەیمس کۆنۆلی (١٨٨٩ – ١٨٩٨)................................................. ٤٠٢
محەمەد دەکروب.. ماڵئاوا ئەی دوا کۆمۆنیست..! ......................... ٤٠٧
کورتەباسێک سەبارەت بە مێژووی چینی کرێکار لە کەنەدا ........... ٤١٧
یادێک لە جاک لەندەن................................................................ ٤٣٣

بەشداری ژنانی شاعیر لە خەباتی کرێکارانی ئۆتۆمبێلسازیی کەنەدا! ٤٤٣
ئیستاتیکای مارکسیستی و وێنەیەک بۆ تێگەیشتن لە جیهان ..... ٤٥٧
دەستپێکی رەخنەی ئەدەبی مارکسیستی................................. ٤٦٩
تێگەیشتنی مارکسیزم – لینینیزم بۆ ئیستاتیکا .......................... ٤٧٥
مارکسیزم و تیۆری ئەدەبی ....................................................... ٤٨١
چەند تێزێک سەبارەت بە گرفتەکانی رەخنەی ئەدەبی مارکسیستیی
........................................................................................ ٥٠١
تیۆری ئەدەبی مارکسیستی ...................................................... ٥٢٧
تێڕوانینی ماتریالیستی بۆ داهێنان لەئەدەب و هونەر .................. ٥٣٥

# ئەم کتێبە چۆن هاتە بوون؟

بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە وا بەرگی دووەمی (لە خۆرئاواوە) لەژێر ناوی (لەخۆرهەڵات و خۆرئاوا)وە تان دەخەمە بەردەست. ئەم کتێبەشم وەکو هەندێک لە کتێبە چاپکراوەکانی ترم لەسەرەتادا هیچ بەرنامەڕێژییەک لەئارادا نەبووە بۆ نووسین و دانانی، بەڵکوو بابەتەکان لەکات و ساتی جیاوازدا و لە چەند ساڵی ڕابردوودا دەستم بۆ بردوون و ئامادەمکردوون و وەرمگێڕاون. ئەمڕۆ کاتێک بابەتەکان کۆ دەکەمەوە دەبینم هەوڵەکانم بەئاراستەکەیدا هاتوون کەلەگەڵ ئامانجی کارکردنم تەریب هاتوونەتەوە و خراپ نابێت ئەگەر لەدووتوێی کتێبێکدا وەک بەرگی دووەم بیانخەمە بەردەست خوێنەری کوردزمان. ئەوەی ئەم بەرگە لە بەرگی یەکەم جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە:

یەک: بەرگی یەکەم هەموو بابەتەکان ئامادەکردن و وەرگێران بوون لەزمانی ئینگلیزییەوە. بەڵام ئەم بەرگەی دووەمە چ وەرگێڕان بن یان ئامادەکردن و وەرگێران بن، بەشێکیان لە زمانی عەرەبی و ئەوانی تریش لە زمانی ئینگلیزییەوەن.

دوو: بەرگی یەکەم ( چەند باسێک دەربارەی ئەدەب و هونەری خۆژئاوا) بوو، بەڵام ئەم بەرگی دووەمە (چەند باسێک دەربارەی بە ئەدەب و هونەری خۆرهەڵات و خۆرئاوا)یە.

سـێ: لەسـەرەتای هەر بابەتێـک ئامـاژەم بەوە داوە کە لە چ زمانێـک وەرگێـڕدراون یـان ئامـادەکراون. بـۆیە نووسـیومە (ئامـادەکردن و وەرگێـران لە ئینگلیـزییەوە) یـان (ئامـادەکردن و وەرگێـران لە عەرەبیـیەوە) یـان (لە ئینگلیـزییەوە) یـان (لە عەرەبیـیەوە) تـا خـوێنەر بزانێـت بـابەتەکە ئامـادەکراوە یـان وەرگێڕدراوە و هەروەها لە چ زمانێکەوە وەرگێڕدراوە.

باسـەکانی نێـو ئەم بەرگـی دووەمە هەمەجـۆر و هەمەچەشـنن. هیـوادارم بەم کـارەم تـوانیبێتم ڕۆشـناییەکم خسـتبێتە سـەر گۆشەیەک لە ئەدەب و هونەر و کایەی ڕۆشنبیری خۆرهەڵات و خۆرئـاوا و هەروەهـا سوودێکیشـم بە خـوێنەری کوردزمـان گەیاندبێت.

عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)

کەنەدا /٢٠٢٥

## ئەلیزابیس گورلی فلین(١٨٩٠ – ١٩٦١)

رابەرێکی یەکسانیخوازی کرێکاریی



**(ئامادەکردن و وەرگێران لە ئینگلیزییەوە)**

ئەلیـزابێس گـورلی فلـین ڕابەرێکـی کرێکـاریی و هەڵسـوڕاوێکی بـواری خەبـاتی یەکسـانی ژن و پیـاو، کە ڕۆڵـی سـەرەکی لە نێو بـزووتنەوەی چینـی کرێکـاری ئەمریکـا بەگشـتی و ڕێکخـراوی کرێکارانی پیشەسازی جیهان بەتـایبەتی بینیوە. ئەلیزابیس فلـین ئەندامی دامەزرێنەری یەکێتی ئازادییە مەدەنییەکانی ئەمریکا و هەروەهـا لایەنگرێکـی دیـاری مافەکـانی ژنـان و کـۆنترۆڵکردنی لەدایکبـوون و دەنگـدانی ژنـانی ئەمریکـا بـوو. لە سـاڵی ١٩٣٦ پەیوەنـدی بە حیزبـی کۆمۆنیسـتی ئەمریکـاوە کـردووە و لە دوارۆژەکـانی ژیانیـدا، لە سـاڵی ١٩٦١ بـووەتە یەکەم سـەرۆکی حزبی کۆمۆنیستی ئەمریکا.  ئەلیزابێس گورلی فلین لە ٧ی ئابی ١٨٩٠ لە شـاری کۆنکـۆرد لە ویلایەتـی نیـو هامپشـایر لەدایـک بووە، خێزانەکەیان لە ساڵی ١٩٠٠ ڕوویان لە نیویۆرک کردووە و لەوێ لە قوتابخانە حکومییەکانی ناوچەکە خوێندوویەتی. دایک و بـاوکی سۆسـیالیزمیان پـێ ناسـاند و ئاشـنایان کـرد بە مارکسیزم. کاتێک تەمەنی تەنها پانزە ساڵ بوو یەکەمین وتاری خـۆی بە نـاوی "سۆسـیالیزم چـی بـۆ ژنـان دەکـات" لە یـانەی سۆسیالیستی هارلم پێشکەش کرد. وەک بەرئەنجامێک هەستی بە پێویسـتی تێکۆشـان لەپێنـاو گۆڕانکـاری کـۆمەڵایەتی کـرد و بڕیارێکیـدا کە دواتـر پەشـیمان بـووەوە، کە پـێش تەواوکردنـی خوێنـدنی ئامـادەیی، قوتابخـانەی مـۆریس بەجێبهێڵێـت. بەڵام سـەرچاوەکانی دیکە باس لەوە دەکەن کە بەهـۆی تێوەگلانی بە سیاسەتەوە لە قۆناغی ئامادەییەوە لە قوتابخانە دەرکراوە.

## هەڵسوڕابوون لە یەکێتیی کرێکارانی پیشەسازی جیهان

لە ساڵی ١٩٠٧وە، ئەلیزابیس فلین ژیانی خۆی وەک ڕێکخەر و هەڵسوڕاوی یەکێتیی کرێکارانی پیشەسازی جیهان تەرخان کرد و بەشداری یەکەم کۆنفرانسی ئەو ڕێکخراوەی لە ئەیلوولی هەمان ساڵدا کرد. چەند ساڵ پاشتر ئەلیزابیس کەمپەینێکی لە نێوان کرێکارانی جلوبەرگ لە پێنسیلڤانیا و کرێکارانی ئاوریشم لە نیوجێرسی و کرێکارانی چێشتخانەکان لە نیویۆرک و کرێکارانی کانەکان لە مینیسوتا و میسۆلا لە مۆنتانا و سپۆکەین لە واشنتۆن و هەروەها کرێکارانی قوماش لە ویلایەتی ماساشوستس بەڕێخست، کە بەرجەستەبوون و لێهاتوویی ئەم ڕابەرە کرێکارییە نیشان دەدات. هەو لەو ساڵە ١٩٠٧ ئەلیزابیس بە ڕابەرێکی کرێکارانی پیشەسازی جیهان لە ویلایەتی مینیسوتا بە ناوی جەی ئەی جۆنز ئاشنا دەبێت کە شانزە ساڵ لە خۆی گەورەتر بوو، بەڵام ئەلیزابیس لە ژیاننامەکەیدا دەڵێت "عاشقی بووم و لە کانوونی دووەمی ١٩٠٨ هاوسەرگیریمان کرد. لە ساڵی ١٩٠٩ ئەلیزابیس بەشداری لە گفتوگۆکانی تێکۆشان لەپێناو ئازادی ڕادەربڕین لە شاری سپۆکەیندا کرد، کە تێیدا خۆی بە زنجیر بە عەموودی کارەباوە بەستەوە بۆ ئەوەی کاتێک دەستگیری دەکەن،دەستگیرکردنەکەی دوابخات. پاشان ئەلیزابیس پۆلیسی تۆمەتبار کرد بەوەی کە خانەکانی باڵەخانەی زیندانەکە وەک خانەی لەشفرۆش بەکار دەبەن. تۆمەتێک کە وای لە پۆلیس کرد هەوڵی کۆکردنەوە و دەستبەسەرداگرتنی ئەو ژمارەیەی ڕۆژنامەی کرێکاری پیشەسازی بدەن کە ڕاپۆرتەکەی بڵاوکردبۆوە. لە ٤ی ئازاری ١٩١٠، دەسەڵاتدارانی

شاری سپۆکەین پاشەکشەیان کرد و مافی ئازادی کۆبوونەوە و ڕادەربڕین و خۆپیشاندانی ئەندامانی یەکێتیی پیشەسازی جیهانیی بە فەرمی دان پیانا. ئەلیزابیس فلین لەو ماوەیەدا دە جار دەستگیرکرا، بەڵام بە هیچ چالاکییەکی تاوانکاری سزا نەدرا. ئەلیزابێس بەردەوام بیانووی پێدەگیرا. لەساڵی ١٩١٦، دەرکردنی ئەلیزابیس فلین و جۆ ئیتۆری هاوڕێی لە ڕێکخراوی یەکێتیی کرێکارانی پیشەسازی جیهانیی ڕویدا کە بەپێی وتاری مێژوونووس ڕۆبەرت ئیم ئێلیف کە لە گۆڤاری مێژووی مینیسۆتا کە لە هاوینی ١٩٨٨ بڵاوبۆتەوە، سێ کرێکاری کانەکانی مینیسۆتا کە لەڕووداوێکی نەخوازراودا بە تۆمەتی کوشتن دەستگیرکرابوون و بەم بۆنەشەوە سێ لە ڕابەرانی یەکێتیی کرێکارانی پیشەسازی جیهانیی تۆمەتبار کران، هەرچەندە هیچ کام لەو سێ ڕابەرە لەو کاتەدا لەو شوێنە نەبوون و لە شوێنی دیکە بوون. ئەو سێ کرێکارەی کانەکان کە هیچیان بە شێوەیەکی ڕەوان بە ئینگلیزی قسەیان نەدەکرد، ڕووبەڕووی  زیندان بوونەوە. ولیەم هەیوود؛ ئەلیزابیس و جۆ ئیتۆری بە بەرپرسیار زانی کە ڕێگەی بە کرێکاری کانەکان داوە کە دان بە تاوانەکانیاندا بنێن کە ڕەنگە هەر لە سزای تاوانەکەیان تێنەگەیشتبێتن. هەیوود لە ژیاننامەی خۆیدا نووسیویەتی کە ئەلیزابیس فلین و ئیتۆر بەهۆی ئەو کارەساتەوە لەڕیزەکانی یەکێتیی کرێکارانی پیشەسازی جیهانی وەدەرنران.

## هەڵسوڕاوبوون لە ڕێکخراوە جەماوەرییەکان

ئەلیزابیس فلین لە ساڵی ١٩٢٠ ئەندامی دامەزرێنەری یەکێتیی ئازادییە مەدەنییەکانی ئەمریکا بوو، کە ڕۆڵی سەرەکی بینی لە هەڵمەتی دژی سزادانی ساکۆ و ڤانزێتی. ئەلیزابیس بە تایبەتی خەمی مافەکانی ژنان بوو، پشتگیری لە مافەکانی کۆنترۆڵکردنی لەدایکبوون و دەنگدانی ژنان دەکرد. هەروەها ئەلیزابیس ڕەخنەی لە ڕابەرایەتی سەندیکاکان گرت کە پیاوان زاڵن و ڕەنگدانەوەی پێداویستییەکانی ژنان نین. لە نێوان ساڵانی ١٩٢٦ بۆ ١٩٣٦، ئەلیزابیس فلین لە باشووری ڕۆژئاوای پۆرتلاند لە ویلایەتی ئۆریگن لەگەڵ وۆبلی ماری ئیکوی هاو سەنگەر و هاوڕێبازیدا ژیاوە. هەرچەندە ئەلیزابیس زۆربەی کاتەکانی لە پۆرتلاند تەندروستی باش نەبووە، بەڵام لە ساڵی ١٩٣٤ لایەنگرێکی چالاک و هەڵسوڕاوی مانگرتنی لۆنگشۆری کەناری ڕۆژئاوا بوو. لە ساڵی ١٩٣٩ ئەلیزابیس دووبارە بۆ دەستەی بەڕێوەبەری یەکێتیی ئازادییە مەدەنییەکانی ئەمریکا هەڵبژێردرایەوە؛ بەڵام کاتێک ئەدۆلف هیتلەر و جۆزێف ستالین لە ساڵی ١٩٣٩ پەیماننامەی نادەستدرێژییان واژۆ کرد، یەکێتیی ئازادییە مەدەنییەکانی ئەمریکا لەساڵی ١٩٤٠، سەرجەم ئەندامانی حیزبی کۆمۆنیستی لە ڕیزەکانی خۆی دەرکرد، کە ئەلیزابیس یەکێک بوو لەو دەرکراوانە. لە ساڵانی ١٩٢٧-١٩٣٠ ئەلیزابیس وەک سەرۆکایەتی بەرگری نێودەوڵەتی کار دەکات. لەو ماوەیەدا چالاک بوو لە تێکۆشان لەپێناو ئازادکردنی ڕێکخەرانی کرێکاری زیندانیکراو و دەستبەسەر.

## ئەلیزابیس و کەمپی زیندانی فیدراڵی ئەلدەرسۆن

لە ساڵی ١٩٣٦ ئەلیزابیس پەیوەندی بە حزبی کۆمۆنیستەوە کرد و گۆشەی فێمینیستی بۆ ڕۆژنامەی دەیلی وۆرکەر دەنووسی. دوای دوو ساڵ بۆ کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیست هەڵبژێردرا. ئەلیزابیس لە جەنگی جیهانی دووەمدا ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە وەڕێخستنی کەمپەینی هەلی ئابووری یەکسان و هەقدەستی ژنان و دامەزراندنی دایەنگە و باخچەی ساوایان بۆ ژنانی کرێکار. لە ساڵی ١٩٤٢ لە نیویۆرک خۆی بۆ هەڵبژاردنی کۆنگرێس کاندید کرد و ٥٠ هەزار دەنگی بەدەستهێنا. لە مانگی تەمموزی ساڵی ١٩٤٨دا دەیان سەرکردەی حزبی کۆمۆنیست دەستگیرکران و تۆمەتبارکران بە پێشێلکردنی یاسای بە داکۆکیکردن لە ڕووخاندنی حکومەتی ئەمریکا لەڕێگەی توندوتیژییەوە. دوای ئەوەی لە دادگا تانەیان لە بڕیارەکەیاندا. ئەلیزابیس فلینیش هەڵمەتێکی بۆ ئازادکردنیان دەستپێکرد بەڵام لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٥١دا خۆی لە شەپۆلی دووەمی دەستگیرکردنەکاندا دەستگیرکرا و پاشان لەگەڵ شانزە ئەندامی دیکەی حزبی کۆمۆنیست؛ دادگایی کرا. ئەوان تۆمەتبار کران بە پیلانگێڕی دژ" حکومەت دوای دادگاییکردنی بۆ ماوەی دوو ساڵ لە کەمپی زیندانی فیدراڵی لە شاری ئەلدەرسۆن لە ویلایەتی ڤێرجینیای ڕۆژئاوا زیندانی کرا. دواتر بیرەوەرییەکانی ناو زیندانی نووسی بە ناوی چیرۆکی ئەلدەرسۆن: ژیانی من وەک زیندانییەکی سیاسی. دوای ئازادبوونی لە زیندان، ئەلیزابیس دەستی بە چالاکییەکانی لە نێو

بـزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیسـتی ئەمریکـا کـردەوە. لە سـاڵی ١٩٥٧ وەک کۆمۆنیستێک خۆی بۆ ئەنجومەنی شاری نیویۆرک



کاندید کرد و ئەمجارە تەنها ٧١٠ دەنگی بەدەستهێنا.

## ژیانئاوایی ئەلیزابیس فلین

ئەلیزابیس فلین لە ٥ی ئەیلوولی ١٩٦٤ لە تەمەنی ٧٤ ساڵیدا لە یەکێتیـی سـۆڤییەت کـۆچی دوایـی کـرد. حکـومەتی یەکێتیـی سۆڤییەت پرسەیەکی فەرمی دەوڵەتی لە گۆڕەپانی سووردا بۆ ئەلیزابیس فلین ئەنجامدا و زیاتر لە ٢٥ هەزار کەس بەشدارییان تێـدا کـرد. بەپێـی خواسـتی لەوەوپێشـی ئەلیـزابیس خـۆی، دەسەڵاتدارانی یەکێتیی سۆڤییەت تەرمەکەیان بە فڕۆکە ڕەوانەی ئەمریکا کردەوە بۆ ئەوەی لە گۆڕستانی والدهیم لە شیکاگۆ لە نزیک گـۆڕی یـوجین دێـنیس، ولـیەم هەیـوود، ئیمـا گۆڵـدمان و

شەهیدانی شۆڕشگێر هایمارکێت بە خاک بسپێردرێت. ئەلیزابیس دوای مردنی کتێب و جل و بەرگ و ماڵوحاڵەکەی بەجێهێشت بۆ خانەی کرێکارانی کاسۆلیکی دۆرۆتی دەی لە شاری نیویۆرک. ئەلیزابیس و دۆرۆتی دەی بۆ یەکەمجار لە ساڵانی ١٩١٠ یەکتریان بینی و ئەلیزابیس فلین بە بەردەوامی جل و بەرگ و بەتانی دەنارد بۆ خانەی کرێکارانی کاسۆلیکی نیویۆرک. ئەلیزابیس لە ٧١ ساڵی تەمەنی پڕ لە تێکۆشانی خۆیدا، جگە لە سەدەها وتاری ئیرتجالی، ٢٩ کتێب و نامیلکە و چەندین وتاری سیاسی و جەماوەری نووسیوە و بڵاوکردۆتەوە.



## ڕەنگدانەوەی تێکۆشانی ئەلیزابێس فلین لە ئەدەب و هونەر

ئەلیزابیس فلین بۆ جۆ هیڵی هونەرمەند و سوورردخوێنی چینی کرێکـاریی ئەمریکـا دەبێـتە ئیلهـامبەخش و لەسـاڵی ١٩١٥ لە گۆرانی (کچە یاخیبووەکە) کە هەر خۆی نووسیویەتی، باس لە ڕۆڵـی شۆڕشـگێرانەی ئەلیـزابیس لە خەبـاتی ڕێکخـراوی کرێکارانی پیشەسازی جیهان دەکات. جگە لەمەش ئەلیزابیس فلین لە ڕۆمانی (جوانی سوسنەکان)ی جۆن ئاپدایکدا وێنا کراوە کە دەوترێت پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کارلۆ ترێسکای ئەنارکیسـت هەبـووە، کە بە نـامە و بیرەوەرییەکـانی فلـین پشتڕاسـت کـراوەتەوە. هەروەهـا ئەلیـزابیس فلـین لە ڕۆمـانی (ملیـۆنە سـاردەکان)ی جـێس واڵتەرشـدا بـۆتە بـابەتی ئەدەبـی گێڕانەوە.

سەرچاوە:

https://en.wikipedia.org/wiki/Elizabeth_Gurley_Flynn

تێبینی: ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی رەوت ژمارە ٢٣ ی ساڵی ٢٠٢٣ بڵاوبۆتەوە.

## ولیەم هەیوود(١٨٦٩ - ١٩٢٨)

ئەو ڕابەرە کرێکارەی خەوی لە چاو ئەمریکا تۆران



**(ئامادەکردن و وەرگێران لە ئینگلیزییەوە)**

**کەسایەتی ولیەم هەیوود**

ولــیەم دادلــی هەیــوود ناســراو بە ( بیــگ بیــڵ)؛ رابەرێکــی بــزووتنەوەی کرێکــاری ئەمریکــا و دامەزرێــنەری یەکێتیــی کرێکـارانی پیشەسـازی جیهـانیی و ئەنـدامی کـۆمیتەی ناوەنـدی حیزبی سۆشیالیستی ئەمریکا(١) لە چواری مانگی شوباتی ساڵی ١٨٦٩ لە شـاری سـەڵت لەیـک لە ویلایەتـی یوتـا لەدایـک بـووە. ولــیەم لە دوو دەیەی یەکەمــی ســەدەی بیســتەمدا بەشــداری چەندین نەبەردی کۆمەڵایەتی چینایەتی کرێکارانی کردووە دژ بە سـەرمایەداران، وەک نەبەردی کرێکـارانی کۆلـۆڕادۆ و مـانگرتنی کرێکــارانی ڕســتن و چنینــی لــۆرانس و مەساچوســتس و نیوجێرسی.

ولیەم داکۆکیکارێکی سەرسـەختی ڕێکخسـتنی کرێکـاران بـوو لە یەکێتیی و سەندیکاکانیان. ئەمەش فەلسەفەی ململانێی چینـایەتی کرێکارانە تا کرێکارانی ڕشتە جیاوازەکان لە ڕێکخراوی خۆیانـدا ڕێکخراو بن. ولیەم بـاوەڕی وابـوو کە کرێکـارانی هەمـوو نەتەوە جیاوازەکان دەبێ یەکگرتـوو بن. چـونکە یەکگرتوویی کرێکـاران بەمانـای بەهێزبوونیـان دێ لەبەرامـبەر سـەرمایەداران. هەروەهـا لویەم ئەوەندەی بـاوەڕی بە کـردەی ڕاستەوخۆ هەبـوو ئەوەنـدە بە کردەی سیاسی نەبوو. ولیەم سازشکار نەبوو لە خەبات بۆیە هەمیشــە بەوە تاوانبـار دەکـرا کە لایەنگـری تونـدوتیژییە. دیـارە توندوتیژی بەمانا چینـایەتییەکەی. بـۆیە سـەرمایەداران هەوڵیانـدا لە ساڵی ١٩٠٧ بە کوشتنی فرانک ستونینبێرگ تاوانباری بکەن، بەڵام لەو پـلانە چەپەڵەیــان ســەرکەوتوو نــابن. ســاڵی ١٩١٨ ، بەبیـانووی چـالاکی دژی بە جەنگـی جیهـانی یەکەم، حکـومەتی

ئەوسای ئەمریکا سەد و یەک ئەندامی ڕێکخراوی یەکێتیی کرێکارانی پیشەسازی جیهانی دەستگیر کرد و ولیەم یەکێک بوو لەوان. ولیەم بیست ساڵ زیندانی بۆ دەبڕنەوە. بەڵام ساڵی ١٩٢١ لەکاتی پیاچوونەوەی بڕیارەکەی ولیەم لە دەرەوەی زیندان بوو دەرفەت دەقۆزێتەوە و هەڵدێت بەرەو وڵاتی یەکێتیی سۆڤییەت.

## ژیانی ولیەم هەیوود لە یەکێتیی سۆڤییەت

لەیەکێتیی سۆڤییەت حکومەتی بەلشەفییەکان، هەیوود بووە ڕاوێژکاری کار لە حکومەتی بەلشەفیکی لینین و تا ساڵی ١٩٢٣ لەو پۆستەدا مایەوە. هەروەها هەیوود بەشداری لە دامەزراندنی کۆلۆنی پیشەسازیی سەربەخۆی کوزباسدا کرد(٢). میوانە هەمەچەشنەکانی هەیوود بۆ شوقە بچووکەکەی لە مۆسکۆ هەستییان بە تەنیایی و خەمۆکی ولیەم و ئارەزووی گەڕانەوەی بۆ ئەمریکا دەکرد. لە ساڵی ١٩٢٦ هاوسەرگیری لەگەڵ ژنێکی ڕووسی پێکهێنا، هەرچەندە ولیەم و هاوژینەکەی دەبوو بە زمانی ئاماژە قسە لەگەڵ یەکتردا بکەن، چونکە هیچ کامیان زمانی ئەوی دیکەی نەدەزانی. بەداخەوە ئەم ڕابەرە مارکسیستەی چینی کرێکار لە ١٨ی ئایاری ١٩٢٨، لە نەخۆشخانەیەکی مۆسکۆ بەهۆی جەڵتەی مێشکەوە گیانی لەدەستدا. پاش مردنی تەرمەکەی سووتێنرا و نیوەی خۆڵەمێشەکەی لە نەکرۆپۆلیسی دیواری کریملین نێژرا؛ دەبەیەک کە نیوەکەی تری خۆڵەمێشەکەی تێدابوو ڕەوانەی

شیکاگۆ کرایەوە و لە نزیک مۆنۆمێنتی شەهیدانی هایمارکێت نێژرا.



## ولیەم و یەکێتیی کرێکارانی پیشەسازی جیهانیی

لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٠٤ ژمارەیەک لە ڕابەرانی کرێکاری ڕادیکاڵ و بەرجەستەی ئەمریکا لە شیکاگۆ کۆبوونەوە بۆ نەخشەدارشتن لەپێناو پێکهێنانی یەکێتییەکی کرێکاریی شۆڕشگێڕی نوێ. بۆ ئەو مەبەستە بەیاننامەیەک نووسرا و ڕەوانەی سەرتاسەری وڵات کرا. ئەو ڕابەرە کرێکاریی و سەندیکاییانەی کە لەگەڵ مانیفێستەکەدا هاوڕا بوون، بانگهێشت کران بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانسی دامەزراندنی یەکێتییەکی نوێ کە دواتر بە یەکێتیی کرێکارانی پیشەسازی جیهان ناونرا.




کاتژمێر ١٠ی بەیانی؛ رۆژی ٢٧ی حوزەیرانی ١٩٠٥، هایوود قسەی بۆ ئەو خەڵکە کرد کە لە هۆڵی براند لە شیکاگۆ کۆببوونەوە. ئامادەبووانی کۆنگرەکە بریتیبوون لە دوو سەد نوێنەری ڕێکخراوەکانی سەرتاسەری ئەمریکا، کە نوێنەرایەتی سۆسیالیستەکان، ئەنارکیستەکان، کرێکارانی کانەکان، سەندیکاییەکانی پیشەسازی و کرێکارانی یاخیبوویان دەکرد. هەیوود یەکەم کۆنفرانسی بەم وتانەی خوارەوە دەستپێکرد.

**(هاوڕێیان، ئەمە کۆنگرەی کیشوەریی چینی کرێکاری ئەمریکایە. ئێمە لێرەین بۆ ئەوەی کرێکارانی ئەمریکا یەکگرتوو و یەکپارچە بکەین لە بزووتنەوەیەکی چینایەتی مەزن بە مەبەستی ڕزگارکردنی خۆی لە کۆیلایەتی سیستەمی سەرمایەداری. خواست و ئامانجەکانی ئەم یەکێتییە دەبێت ئەوە بێت کە چینی کرێکار دەسەڵاتی ئابووری، هۆکارکانی خۆشگوزەرانی ژیان،**

**ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و دابەشکردن لەژێر دەسەڵاتی خۆیدا بێت، دوور لە چاودێری کارفەرما و سەرمایەداران.)**

جگە لە ولیەم هەیوود؛ قسەکەرانی تری ئەم کۆنگرەیە لەم کەسایەتییە شۆڕشگێرانە پێکهاتبوون وەک یوجین دێبس ڕابەری حیزبی سۆشیالیستی ئەمریکا و مەری هاریس دایکە جۆنس ڕێکخەری گشتی یەکێتیی کرێکارانی کانەخەڵووزەکانی ئەمریکا و لوسی پارسنس ڕێکخەرێکی گەورەی کرێکاران بوو. دوابەدوای پێکهاتنی یەکێتییەکە، ئەم ڕێکخراوە سەرسەختانە بەشداری تێکۆشان و خەباتی چینی کرێکاری ئەمریکای کرد.ولیەم هەیوود لە ساڵی ١٩١٥ تا ١٩١٨ بوو بە سکرتێری گشتی ئەم ڕێکخراوە کرێکارییە شۆڕشگێرانەیە.

## دادگایی و تاوان هەڵبەستن

لە ٣٠ ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٠٥ فرانک ستێننبێرگ حاکمی گشتی ویلایەتی ئایداهۆ لەلایەن هەری ئۆرچاردەوە لەبەردەم ماڵەکەی خۆیدا دەکوژرێت. فرانک لەڕووبەڕووبوونەوەی کرێکارانی مانگرتوو زۆر وەحشیگەریانە جووڵابۆوە. هاریش پاسەوانی چارڵس مۆیەر بوو کە سەرۆکی ڕێکخراوی کرێکارانی کانەکان بوو. هاری لە زیندان کەوتە ژێر کاریگەری سەرمایەداران و بە تەماحی پارە و ئازادکردن ئیفادەکەیان پێ گۆڕی و هاری کرداری کوشتنەکەی خستە ئەستۆی چوار لە رابەرانی کرێکارییەوە، واتە بە فەرمانی ئەوان ئەو کارەی کردووە. ئەوە بوو یەکێکیان هەڵاتو سێ رابەرەی تر لە ١٧ ی شوباتی ساڵی ١٩٠٦ لە شاری دێنڤار پایتەختی ویلایەتی

کۆلـــۆڕادۆ دەســـتگیر کـــران. لەکاتێکـــدا ئەو ڕابەرانە لە کـــاتی تـــاوانەکەدا هەر لەوێـــش نەبـــوون. ئیتـــر پەڕاوی دادگاییيـــان بـــۆ ئامـادەکردن. هەیـوود ئەوکـاتەی لەزینـدانیس بـوو وەک کاندیـدی حیزبـی سۆشیالیسـتی کۆلـۆرادۆ خـۆی کاندیـدا کـرد و ١٦٠٠٠ دەنگـی بەدەسـتهێنا. دادگـاییەکە لە ٩ ی ئایـاری ١٩٠٧ دەسـتی پێکـرد. لە دادگـاییەکەدا هـاری دانـی بەوەدا نـا کە ئەو بەر لە ناسینی هەیوود و مۆیەر پارەی وەرگرتووە. سـەرمایەداری لەم پـلان و نەخشـەیەیدا دژ بە ڕابەرانـی کرێکـاری سـەرکەوتوو نەبوو.

## هەیوود و حیزبی سیاسی

بـۆ چەنـدین سـاڵ؛ ولـیەم هەیـوود ئەنـدامێکی چـالاکی حیزبـی سۆشیالیســـتی ئەمریکـــا بـــوو، لەتێـــڕوانینە سیاســـییەکانیدا مارکسیسـت بـوو. هەروەهـا هەیـوود لە سـاڵی ١٩١٠، نـوێنەری حیـزبەکەی بـوو بـۆ ئەنتەرناسـیونالی دووەم. سـاڵی ١٩١٢ بـووە ئەنـــدامی کـــۆمیتەی ناوەنـــدی ئەو حیـــزبە. هەیـــوود بەردەوام تاکتیکی خەباتی ڕادیکاڵانە و توونـد بووە. بۆیە هەمیشە پشتی بە مـــانگرتن و ئاکســـیۆن بەســـتووە نەک تـــاکتیکی سیاســـی. دوای ،مشـتومڕێکی سیاسـییانە دەربـارەی ئەو تاکتیکـانەی هەیـوود، ئەوەبـوو هەیـوود لە شـوباتی سـاڵی ١٩١٣ ڕیزەکـانی حیزبـی سۆشیالیســـــتی ئەمریکـــــای جێهێشـــــت و وەک یەک ڕابەری بەرجەستەی کرێکاریی خۆی بۆ یەکێتیی کرێکارانی پیشەسازی جیهانیی تەرخان کـرد. لەگەڵ هەمـوو ئەمانەشـدا ئەمە بەو مانـایە نایەت کە ویلەم هـیچ بـایەخی بە تیـۆر و فێربوون نەداوە، بەڵکو

خـودی خـۆی چەنـدین نـامیلکە و وتـاری گرنگـی نووسـیوە کە ئیستا بوونەتە بەشێک لە مێژووی خەباتی چینایەتی کرێکارانی ئەمریکای باکوور(٣)

## دوا قسە

ولـیەم هەیـوودی سـەرڕاست و جیددی و بەوەفا و مارکسیست شانبەشـانی بـزووتنەوەی چینـی کرێکـاری ئەمریکـا لەتێکۆشـاندا بوو. چینی کرێکاری ئەمریکا ڕێزێکی زۆریان بۆ هەیوود هەبوو. ئەویـش هەمـوو ژیـانی بـۆ ئەو چیـنە تەرخـان کـرد. وتەکـانی، قسەکانی، نووسین و کتێبەکانی گەواهـی دەدەن لەسـەر جیددی بـــوون و سەرســـەخت بـــوونی ئەم ڕابەرە مەزنەی خەبـــاتی چینایەتی لەبەدیهاتنی خواست و ئاواتەکانی کرێکاران. تا چینی کرێکاری ئەمریکا مابێت ئەو قسەیەی هەیوودی لەیاد ناچێت کە دەیوت (دڵڕەقی سـەرمایەداری بەجـۆرێکە ئەوەی بەزەیـی بێـت، تێیدا نییە). ولـیەم ٥٩ سـاڵ ژیا، بەڵام سـەربەرزانە ژیا لەپێنـاو ملیۆنان ئینسان کە چیتر برسـی و چەوساوە نەبن. ئەو شـەو و ڕۆژی پێکەوە گرێ دەدا تا ئاواتە چینایەتییەکانی کرێکاران کە لە مانیفێســتی کۆمۆنیســتدا ئامــاژەی پێـدراوە، بێـتە دی. هەر ئەو تێکۆشانەی هەیوود بوو کە بۆ ماوەی سێ دەیە خەوی لەچووی سەرمایەدارانی ئەمریکا تۆران.(٤)

**تێبینییەکان:**

(١)حیزبی سۆشیالیستی ئەمریکا لە ساڵی ١٩٠١ لە ئەمریکا لە ئەنجامی لێکنزیکبوونەوەی حیزبی سۆشیال دیموکراتی ئەمریکا و حیزبی کاری ئەمریکا هاتە دامەزراندن. لە دەیەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم ئەم حیزبە پشتیوانییەکی زۆری لەلایەن رێکخراوە کرێکارییەکان و سۆشیالیستەکان و جووتیارە پۆپۆلیستەکان و پەناهەندەکانەوە بەدەستهێنا. یوجین ڤی دێبس دوو جار لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیدا زیاتر لە ٩٠٠ هەزار دەنگی بەدەستهێناوە لە هەمان کاتدا حیزبی سۆشیالیست دوو نوێنەری ئەمریکای (ڤیکتۆر ئێل بێرگەر و مێیەر لەندەن) و دەیان یاسادانەر و زیاتر لە ١٠٠ سەرۆکی شارەوانی و بەرپرسی هەڵبژارد. دژایەتی توندی ئەو پارتە لەگەڵ تێوەگلانی ئەمریکا لە جەنگی جیهانی یەکەمدا، هەرچەندە لەلایەن زۆر کەسەوە پێشوازی لێکرا، بەڵام بووە هۆی لادانی دیار و سەرکوتکردنی فەرمی و گۆشەگیری. حیزبی سۆشیالیست زیاتر بەهۆی شەرێکی کوتلەیی لەسەر چۆنیەتی وەڵامدانەوەی شۆرشی ئۆکتۆبەر لە کۆماری رووسیا لە ساڵی ١٩١٧ و دامەزراندنی ئینتەرناشناڵی کۆمۆنیست لە ساڵی ١٩١٩دا لەت و پەت بوو- زۆرێک لە ئەندامان پارتەکەیان بەجێهێشت بۆ پارتی کۆمۆنیستی ئەمریکا.

(٢)لەسەرەتای دەسەڵاتی سۆڤییەتەکان، حکومەتی بەلشەفیکەکان بە پێویستی زانی کە سوود لە سەرمایە و زانیاری و ئەزموونی بیانی لە رێگەی ئەنجامدانی رێککەوتنی ئیمتیازەوە، وەربگرێت، ئەم بڕیارەش لە یەکەمین کۆنگرەی سەرتاسەری رووسیای

سۆڤیەتدا کە لە کانوونی دووەمی ١٩١٧دا بەڕێوەچوو، بڕیاری لەسەر درابوو.

(٣)بۆ نموونە: سۆشیالیزمی پیشەسازی لەگەڵ فرانک بۆهن شیکاگۆ ١٩١١، مانگرتنی گشتی ١٩١١، وتاری هەیوود دەربارەی کەیسی ئیتۆر و جیانۆڤیتی ١٩١٢، بیل هەیوود مانگرتنی پیتەرسنی ساڵی ١٩١٣ی لەیادە. ١٩١٣، مێژووی کرێکارانی پیشەسازی جیهانیی دڵۆپ دڵۆپ بە خوێن نووسراوە. ١٩١٩، هەڵکوتانەسەر بەبەردەوامی ١٩١٩، ژیاننامەی بیل هەیوود ١٩١٩.

(٤)هەندێک ناو لەم نووسینەدا هاتوون کە خوێنەر دەتوانێت گوگڵیان بکات و زانیاری پێویستیان لەبارەوە بەدەست بهێنێت.

سەرچاوە: بۆ ئامادەکردنی ئەم بابەتە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە.


١- https://www.oregonencyclopedia.org/articles/industrial_workers_of_the_world_iww


٢- https://www.forewordreviews.com/reviews/frank-little-and-the-iww/

٣- https://libcom.org/article/iww-canada-g-jewell


تێبینــــی: ئەم بـــابەتە لە ڕۆژنـــامەی ڕەوت ژمـــارە ٢٢ ی ســـاڵی ٢٠٢٣ ی بڵاوبۆتەوە.

# ڕوقی داڵتۆن

ئەو شاعیرە کۆمۆنیستەی بە غەدر تیرۆر کرا!



**(ئامادەکردن و وەرگێران لە ئینگلیزییەوە)**

ڕوقـی داڵتـۆن هەر بە تەنهـا شـاعیر نەبـوو، بەڵکـو شـاعیرێکی شۆڕشگێر بوو.

ئێسـتا نزیـک بە نیـو سـەدە تێـدەپەڕیت بەسـەر تراژیـدیای تیرۆرکردنی شاعیری کۆمۆنیستی وڵاتی سلڤادۆر ڕوقی داڵتۆن؛ کە لە تەمەنێکی زۆر زوودا (چل ساڵ)، نەک هەر جەستەی ئەو شاعیرەیان خەڵتانی خوێن کرد، بەڵکوو ڕوحی داهێنانی ئەدەبیی و شیعرییشـیان لەنێـو بـزووتنەوەی کۆمۆنیسـتی سـلڤادۆر بـۆ ماوەیەک سڕ کرد. ڕوقی گەرچی کەم ژیا، بەڵام گەلێ بەرهەمی ئەدەبـی و سیاسـی دوای خـۆی جێهێشـت کە بە خوێنـدنەوەیان گەلـێ سـەرنج و تێڕامـان لای خـوێنەر دروسـت دەبێـت. بەرزی ئیسـتاتیکای ئەدەبـی و ڕەنگـدانەوەی مارکسـیزم لەسـەر دەق و نووسـینەکانی ڕوقـی و گرنگتـر لەمەش بێئـۆقرەیی ڕوحـی شۆڕشـگێرانە و گیـانی گیڤـارایی کە لەپراکتیکـی ژیـانی ئەم شـاعیرە شـەپۆلی دەدا، کە گەواهیـدەری گیانفیـدایی ئەم شـاعیرە کۆمۆنیستە بوون، شایانی هەڵوەستە لەسەر کردنن. نووسین بۆ ئەم شـاعیرە وەک هۆکـارێکی گوزارشـت، مەنفەسـێکی گرنگـی دەربڕینی تێڕوانینی شاعیرە بۆ ژیان و جیهان و کۆمەڵگە.

***ئاە..ئەی شیعری ئەمڕۆ***

***لەگەڵ تۆدا دەتوانرێ***

***هەموو شتێک بوترێ(١)***

شـیعر بـۆ ڕوقـی ئەو بـانیژەیەیە کە لێـوەی وەک شـاعیرێکی شۆڕشگێڕ پەیامی خۆی بڵاو دەکاتەوە. ڕوقی داڵتۆن یان ڕوقی

ئەنتۆنیۆ دالتۆن گارسیای شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووسی شۆڕشگێڕ و هەڵسوڕاوی کۆمۆنیستی لە وڵاتی سلڤادۆر لە ١٤ی ئایاری ساڵی ١٩٣٥ لە باوکێکی ئەمریکی خاوەن زاویوزار و دایکێکی سلڤادۆریی پەرستار لەدایکبووە. هەرچەندە هیچ بڕوانامەیەکی ئەکادیمی بەدەسی نەهێناوە، بەڵام لە زانکۆکانی شیلی و سلڤادۆر یاسای خوێندووە. ڕوقی ئەو کاتەی لە وڵاتی شیلی دەبێت، بەهۆی خوێندکارە چەپەکان و هەروەها دیکۆ ڕیڤارای شێوەکاری مەکسیسکی، مارکسیزم دەخوێنێتەوە و ئامانجی سۆشیالیزم وەک ئامانجی بەرزی ئینسانی خۆی دەبینێت. کاتێکیش دەگەڕێتەوە سلڤادۆر دەست بە هەڵسوڕانی سیاسی دەکات و ئینجا پاش کۆمەکیکردن بە دامەزراندنی حەلقەی ئەدیبان لە زانکۆ، ڕوقی دەست دەکات بە شیعر نووسین. دواتر پەیوەست دەبێت بە حیزبی کۆمۆنیستی سلڤادۆرەوە. ساڵانی ١٩٥٩ تا ١٩٦١ دەستگیر دەکرێت. لە ساڵی ١٩٦١ کاتێک لە زیندان دەبێت و سزای ئیعدامی دەبێت، خۆشبەختانە زەمین لەرزەیەک ڕوو دەدات و دیواری زیندانەکە دەڕووخێت و ڕوقیش ئەو دەرفەتە دەقۆزێتەوە و ڕا دەکات و ئینجا بەهۆی هاوڕێ شۆڕشگێرەکانییەوە کۆمەک دەکرێت و لە سلڤادۆر دوور دەخرێتەوە و ئەویش بەناچاری دەچێتە مەکسیک و لەوێشەوە بەرەو کوبا دەڕوات کە لەوێ شیعرەکانی بڵاو دەکاتەوە و ئینجا لە وڵاتەکانی کوبا و مەکسیک و چیکسلۆڤاکیا پەرە بە نووسین دەدات و وەکو نووسەرێکی کرێکاریی دەناسرێت. لە وڵاتی کوبا چەندینجار مەشقی سەربازی دەکات و ساڵی ١٩٦٥ کەدەگەڕێتەوە بۆ سلڤادۆر جارێکی تر دەستگیر دەکرێتەوە. ساڵی ١٩٦٩ دەچێتەوە بۆ کوبا و لەوێشەوە بۆ پراگ

تا وەک پەیامنێری گۆڤاری نێونەتەوەیی (ئاریشەکانی ئاشتی و سۆشیالیزم)(٢) کار بکات. لەهەمان ساڵ خەڵاتی (کاسا لیَ داس ئەمەریکاس)ی(٣)پێدەبەخشرێت. دوای جێهێشتنی کوبا لە ساڵی ١٩٧٣، ڕوقی پەیوەست دەبێت بە (سوپای شۆڕشگێرانەی خەڵک)(٤) و لەوێدا لەگەڵ فەرمانـدەی یەکەمی ئەو سوپایە دەکەوێتە ململانێیەکی توونـد و سەرەنجام بەتیرۆرکردنی ئەو شاعیرە کۆمۆنیستە،کۆتایی بەو ململانێیە دێت. (٥)

***لە سەرمایەداریدا درۆیە ئەگەر بڵێین***

***ئاگات لە خۆت بێت. تۆ کێشی خۆت زێڕ دەهێنیت***

***چونکوو لە سەرمایەداریدا تەنها خاوەن زێڕەکان***

***بەهای کێشیان زێڕ دەهێنن.***

***لە بنیادنانی سۆشیالیزمدا***

***هیچکەس درۆ ناکات و دەتوانرێت بوترێ***

***تۆ زیاتر لە کێشی خۆت زێڕ دەهێنیت***

***پێویستە ئاگادر خۆت بیت و***

***زێڕ موڵکی گشتییە و***

***ئاڵوگۆڕی بیانیش گرنگە بۆ خۆی***

*تەنها لە کۆمۆنیزمدا دەکرێ بوترێت*

*تۆ شایانی ئەوەی کە دەیهێنیت*

*زێر هیچ پەیوەندییەکی بە کێش و بەهای تۆوە نییە*

*لە کۆمۆنیزمدا زێڕ تەنها لە میانی*

*بەکارهێنانی کرێکاران و هاووڵاتییانەوە بەهای دەدرێتێ*

*بۆ نموونە لە پزیشکی ددان*

*لە نەقشسازی*

*یان جوانکردنی مل و گوێی کچان.(٦)*

شێوازی ژیان و کەسێتی ئەم شاعیرە لە بەرهەمە ئەدەبییەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە. ڕوقی سەرباری ئیلتزامی بە کێشەکانی سلڤادۆرەوە، هەروەها بەهۆی کارە هەمەجۆرەکانی کە سنوورەکانی بیروباوەڕی مارکسیستی خۆشی تیپەڕاندبوو، بووە یەکێک لە کاریگەرترین نووسەری سەردەمەکەی خۆی. بۆیە دوای مەرگی ئەم شاعیرە لەلایەن حکومەتی سلڤادۆرەوە دانی پیا دەنرێت و تا کار گەیشت بەوەی زانکۆی سلڤادۆر بڕوانامەی دکتۆرای فەخری بەخشی پێی. ساڵی ١٩٧٠ دەبێتە یەکێک لە سیما هەرە ناسراوەکانی بزووتنەوەی چەپی سلڤادۆر. بەڵام ئەم شاعیرە کۆمۆنیستە گەرچی سیاسەت و مارکسیزم سێبەری خستبووە سەر تەواوی ژیانی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دڵی پڕ لە خۆشەویستی بوو بۆ ئینسان و ژن.

*بەبێ دەستەکانی تۆ*

*دڵم دووژمنی سینگمە.(٧)*

ڕوقی دالتۆن لەدوای خۆی پانزە کۆشیعر و ڕۆمانێک و شانۆنامەیەک و ژمارەیەک کورتەچیرۆک و ڕەخنەی ئەدەبی و نووسینی سیاسی جێهێشت. بەشێک لە شیعرەکانی وەرگێڕدراونەتە سەر زمانەکانی ئینگلیزی و فەرەنسی و چیکیی و ڕووسی و ئیتالی. ڕوقی دەڵێت ( لەسەر شاعیر پێویستە وەپێش هەموو شاعیرێک لەسەر شاعیری کۆمۆنیستی پێویستە گوزارشت لە هەموو شتێکی ژیان بکات، خەباتی پرۆلیتاریا، جوانی ئەو کاتیدرایانەی لەلایەن داگیرکەرانی ئیسپانییەوە بۆمان جێماوە. چێژی کاری سێکسی و پێشبینی داهاتووی بەرهەمدار بەهۆی نیشانەکانی ئەم سەردەمانەوە.)(٨)ڕوقی دالتۆن دڵی بۆ ئازادی لێدەدا، ئەو بڕوای وابوو کە تێکۆشانی مرۆڤە ستەمدیدەکان نەک هەر ڕەوایە، بەڵکوو جێی پشتیوانی و قوربانیدانیشە. شاعیر خوێنی خۆی وەک خوێنی خەڵکی شۆڕشگێڕ دەبینێت و ئامادەیە ئەو خوێنە لەپێناو ئازادیدا بڕژێنێت.


*لەوبڕوایەدام جیهان جوانە*

*ئەم شیعرەشم وەکوو نان وایە بۆ هەموو کەس*

*دەمارەکانیشم لەنێو جەستەم کۆتاییان نایە*

*بەڵکوو لەناو خوێنی هەموو ئەوانە کۆتاییان دێت*

***که لەپێناو خۆشەویستی و ژیان و شتومەک و گوند و نان و شیعر بۆ هەمووان دەکەن، تێدەکۆشن.(٩)***



ڕوقی شاعیر هەموو ژیانی تەرخان کردبوو لەپێناو مەسەلە جەوهەری و بنەڕەتییەکانی خەبات و سۆشیالیزم. مارکسیزم ئەو باوەڕە بەرزەی شاعیر بوو کەلە سێبەریا هەناسەی ژیانی دەدا. بەڵام بەداخەوە ڕفاندنی ئەم شاعیرە مانگێک پێشتر و پاشان تیرۆرکردنی ئەم شاعیرە کۆمۆنیستە بەو شێوە تراژیدیایە، لەسەر دەستی پۆلێک لە گەریلاکانی سوپای شۆڕشگێڕانی خەڵک، کە هەر هاوڕێی خۆی بوون، بەبیانووی ئەوەی کە سەر بە دەزگای هەواڵگری کوبایە و دوایش

تۆمەتەکەیــان گــۆڕی بەوەی کە ســەر بە دەزگــای هەواڵگــری ئەمریکایە، پەڵەیەکی ڕەشە بەسەر مێژووی سیاسی سلڤادۆر و بـزووتنەوەی ڕادیکـاڵیزمی سـلڤادۆر لەو قۆنـاغەدا. روقـی لەنـاو ژووری نووستنەکەی لە گەڕەکی سانتا ئەنیتا لە سلڤادۆر تیـرۆر کـرا، سـەرەتا دەسـتڕێژی لـێ دەکرێـت و بەر ناکەوێـت. بـۆیە یەکسەر خۆی فڕێ دەداتە سەر تەختە خەوەکەی و ئینجا هـاوار دەکـات مەمکـوژن. بەڵام جـاقوین ڤیلالۆبـۆس و جـۆرج مێلێنـدز دووەم دەستڕێژی لێدەکەن و دەیکوژن. کـار و یادەوەرییەکـانی ئەم شاعیرە بوونە ئیلهامبەخشی ژمارەیەکی زۆر لە هەڵسوڕاوە چەپەکـانی سـلڤادۆر. لە مـانگی ئایـاری سـاڵی ٢٠١٣ حکـومەتی چەپی سلڤادۆر بڕیاریدا، چواردەی ئایاری هەموو ساڵێک بکرێتە ڕۆژی شـیعری نەتەوەیـی وەک ڕێزلێنانێک بۆ لەدایکبوونی ئەو شاعیرە بەغەدر تیرۆرکراوە.(١٠)

سەرچاوە و پەراوێز:

(١) Rouqi Dalton; Poet anf Revolutionary by Claribel Alegria

https://www.jonathancohenweb.com/dalton.html

(٢) ئەم گۆڤارە ڕووسییە لەساڵی ١٩٥٨ تا ساڵی ١٩٩٠ بەردەوام دەرچووە و لەلایەن حیزبە کرێکارییە و کۆمۆنیستەکانی جیهانەوە پشتیوانی لێدەرا.

(٣)کاسا لێ داس ئەمەریکاس یان ماڵی هەردوو کیشوەری ئەمریکا، ئەم ڕێکخراوە لە وڵاتی کوبا ساڵی ١٩٥٩ چوار مانگ دوای سەرکەوتنی شۆڕشی کوبا، هاتە دامەزراندن. ئامانج لەم ڕێکخراوە پشتیوانی گەشەپێدان و پتەوکردنی ڕایەڵەی کۆمەڵایەتی – کلتووری لە وڵاتانی ئەمریکای لاتین و دەریای کاریبی و جیهانە لەڕێی بەخشینی خەڵاتەوە.

(٤) سوپای شۆڕشگێرانەی خەڵک، ڕێکخراوێکی چەپی گەریللایی بوو و ساڵی ١٩٧٠ لە سلڤادۆر لەئەنجامی یەکگرتنی سێ ڕیکخراو هاتە دامەزراندن. باوەڕی زاڵی نێو ئەو ڕێکخراوە سۆشیالیزمی شۆڕشگێڕانە بوو. بەدەیەها چالاکی سەربازییان ئەنجام داوە و سەرەنجام لەساڵی ١٩٩٢ کۆتایی بە ئەم ڕێکخراوە دێت.

(٥)بۆ زانیاری و دیتەیڵی زیاتر بڕوانە

https://en.wikipedia.org/wiki/Roque_Dalton

(٦) و (٧) و (٨) و (٩) All of Life, Roque Dalton, poet and Revolutionary by Mickey Gallagher sep.3rd, 2013. For more info please visit

https://www.peoplesworld.org/article/all-of-life-roque-dalton-poet-and-revolutionary/

(١٠) https://www.telesurenglish.net/news/Roque-Dalton-The-Death-of-a-Revolutionary-Poet-20150510-0010.html

تێبینـــی: ئەم بـــابەتە لە ڕۆژنـــامەی ڕەوت ژمـــارە ١٥ ی ســـاڵی ٢٠٢١ بـــڵاو بۆتەوە.

# یانیس ریتسۆس

شاعیری بزووتنەوەی چەپی یۆنان



**(ئامادەکردن و وەرگێران لە ئینگلیزییەوە)**

پیتەر لیڤی شاعیر و ڕەخنەگری بەریتانی لە پاشکۆی ئەدەبی گۆڤاری تایمز سەبارەت بە یانیس ریستۆسی شاعیری یۆنانی دەنووسێت " یانیس شاعیرێکی گەورە و پڕ بەرهەم، ژیانی قارەمانانەی پڕە لە ڕووداو، دەنگی ئازایەتی ئینسانی بەرجەستە دەکردەوە عەقڵیشی بێ هەدادان چالاک بوو. شیعرەکانی ریستۆس هەناسەیان لە راستگۆیی و هەستکردن بە ئێش و ئازاروە دەدا " (١) یانیس دووجار وەک فلیپ شێرارد دەڵێت " هەڵبژێردراوە بۆ خەڵاتی نۆبڵ و هەروەها براوەی خەڵاتی ئاشتی لینینە کە بەرزترین خەڵاتی ئەدەبی یەکێتیی سۆڤییەتی جاران بوو، ئەمە جگە لە ژمارەیەک خەڵاتی تری ئەوروپای ڕۆژهەڵات." (٢) یانیس ڕیستۆس شاعیری بەناوبانگی یۆنانی کە بەردەوام بەشێوەیەکی پچڕپچڕ بەرهەمەکانی قەدەغە دەکران بەهۆی ناوەڕۆکە چەپ و سۆشیالیستەکەی. لە خێزانێکی دەوڵەمەند، بەڵام بەدبەخت لەشاری مۆنامڤاسیا لە ساڵی ١٩٠٩ لەدایک بووە. باوکی بەدەردی شێتبوون مرد، دوای ئەوەی سامانێکی زۆری لە قومار دەدۆڕێنێت و دایکی و برایەکی کە تەمەنی ١٢ ساڵان دەبوو, بەنەخۆشی سیل دەمرن. ساڵی ١٩١٧ لەتەمەنی هەشت ساڵیدا یانیس یەکەمین شیعری خۆی نووسیوە. (٣) دوای ئەوەی خزم و کەس بەخێوی دەکەن و دەستگیرۆیی دەکەن دەچێتە کۆلێژی یاسای ئەسینا و بۆ ماویەکی کەم دەخوێنێت. لەنێوان ساڵانی ١٩٢٧ – ١٩٣٠ لە بەشی سیل خۆی کەرەنتینە دەکات. لە دەیەی سییەکانی سەدەی ڕابردوو هەم کاری نواندنی کردووە وەکو ئەکتەر و هەمیش خەریکی هونەری سەماکردن بووە. ساڵی ١٩٣٤ پەیوەست دەبێت بە حیزبی

کۆمۆنیستی یۆنانەوە، ئەو ساڵەی یەکەمین کۆشیعری بەناوی تراکتەرەوە بڵاو دەکاتەوە. ئەم دیوانە و کۆشیعری هەڕەمەکان کەلەساڵی ١٩٣٥دا چاپ دەکات، پێکەوە فەلسەفەی سۆشیالیستی بەشێوەیەکی زیندوو تێکەڵ بە خەم وئازارەکانی کەسێتی خۆی دەکات. ئەوەی لەو ماوە پڕ لە نەهامەتییەی ژیانی شاعیر پاڵپشتی شاعیریان کرد بریتیبوون لە شیعر و بزووتنەوەی کۆمۆنیستی یۆنانی. یانیس لە شیعری کورتەچیرۆکدا تراژیدیای جەنگ دەگێڕێتەوە و دەڵێت:

**کڵاوی خوساوی دەریاوانێک**


**لەناو شەپۆڵەکاندا دەهات و دەچوو**

**وەکو نانی ڕەشی فڕێدراو**

**لەوکاتەی خەڵک خەریک بوو لەبرساندا دەمرن**

**ئەوە جەنگ بوو.(٤)**

یانیس ساڵی ١٩٣٦ سێیەم کۆشیعر چاپ و بڵاو دەکاتەوە بەناوی شیوەنی مردوو، ئینجا بۆ نزیک بە دەیەیەک نەیتوانی ئازادانە هیچ بڵاو بکاتەوە. لەماوەی داگیرکردنی یۆنان لەلایەن نازییەکانی ئەڵمانیاوە لەساڵی ١٩٤٤ و دەستپێکردنی جەنگی ئەهلی، یانیسی شاعیر پەیوەست دەبێت بە گەریلالا کۆمۆنیستەکانەوە. دوای شکانیان لە ساڵی ١٩٤٩، دەستگیر دەکرێت و بۆ ماوەی چوار ساڵ لە زیندانی سەربازی



دەستبەسەر دەبێت. لەدەیەی پەنجاکان شیعری ئیپیتافۆس لەلایەن میکیس تیودۆراکیس دەکرێتە سرووودی بزووتنەوەی چەپی یۆنانی. ساڵی ١٩٤٥ لە شاری کۆزانی شانۆیەکی میللی دادەمەزرێنێت و شانۆگەری (ئەسینا لەژێر چەک) دەنووسێت، ئەمە جگە لە قەسیدەیەکی درێژ بەناوی (پەراوێزی سەرکەوتن). ساڵی ١٩٦٧ دەست بەسەر دەکرێت و دوور دەخرێتەوە و تا

ساڵی ١٩٧٢ هەموو بڵاوکردنەوەیەکی لێ قەدەغە دەکەن. یانیس سەرباری هەڵچوون و داچوونەکانی ژیانی جگە لە شیعر زیاتر لە ١٠٠ کتێبی نووسیوە و ئامادەکردووە لە بوارەکانی شانۆگەری و وتار. یانیس بەهۆی ئەوەی زۆربەی شیعرەکانی هەڵگری پەیامی سیاسی بوون، بۆیە بەردەوام لەلایەن دووژمنە سیاسییەکانییەوە دژایەتی کراوە. یانیس بەناوبانگترین بەرهەمی بەناوی ئیپیتافیۆس کەلەساڵی ١٩٣٦ دا بڵاوی کردەوە و باس لە تیرۆرکردنی کرێکارێک دەکات لە مانگرتنێکی گەورەی شاری سالۆنیکا.(*) میتاکساسی دیکتاتۆر ئەو کتێبەی قەدەغە کرد و لەگەڵ ژمارەیەک کتێبی تر لەبەردەم پەرستگای زیۆس سووتاندی. دوای جەنگی جیهانی دووەم و دوای پێنج ساڵ لە جەنگی ئەهلی و توانەوەی ڕێکخراوی گەریللا کۆمۆنیستەکان کە دەیانویست دەسەڵاتی یۆنان بگرنە دەست، یانیس دوور دەخرێتەوە بۆ دوورگەکانی لیمۆنس و مەکرۆنیسۆس و یائۆس ئیفستراتیۆس. ساڵی ١٩٥٤ کتێبەکانی قەدەغە کران. ساڵی ١٩٦٧ کاتێک ئەفسەرەکانی سوپا کودەتایان کرد و دەسەڵاتی یۆنانیان گرتە دەست،ریستۆس جارێکی تر دەخرێتە ژێر چاودێری و دەستبەسەربوون لە ماڵەوە کە تا ساڵی ١٩٧٠ درێژە دەکێشێت.

**زیندانییەکانیان لەسەر کەشتییەکان بەستابۆوە**

**بازنەیەک بەدەوری ملی ئاسۆوە**

**زنجیرەکانی تریش لەپێی منداڵان ئاڵابوون**

**کە لەگەڵ سپێدە باسکەکان گوڵەحاجیلەیان بەدەستەوە بوو.(٥)**



یانیس ڕیتسۆس لەم نووسینەیدا پشت بە چەندین شێوازی تازە و جیاواز دەبەستێت. لە مۆنۆلۆگە درامییە درێژەکان باس لە کەسایەتییەکانی نێو ئەفسانەکانی یۆنان دەکات،هەروەها لە قەسیدەکە زۆربەی کات بەشێوەیەکی گاڵتەئامێز پێگای زیۆس پێشکەشی دنیای نووسین و ئەدەبی یۆنانی دەکات. (٦)جگە لەمەش یانیس بەوە ناسراوە کە دەستڕەنگین بووە و زۆربەیجار وا خوێنراوەتەوە وەک مامۆستای چرکەسات کە ساتەکەی چرکاندووە، ئەوەش وەکو وێنە بچووک و سەر بەردەکان و تەختە دارەکان کە تاکە ماتریاڵ بووە لە زیندان لەبەردەست بووە. ئەم هونەرەش پێوتراوە یەکدەنگی مۆنۆچۆردس.(**)

**دەتەوێت چ پێشنیارێک بکەیت، وشەکان پێت دەڵێن.**

**بەهەرحاڵ وشەکان لە ئازایەتییەوە دێن یان هەڵدەقووڵێن.**

**ئەمیدی بەیانییەکی باشت بۆ دەخوازم و بەجیددیشمە.**

ڕێگای بەرەو داهاتوو یەک ساید نییە.

بۆ دۆزینەوەی رابردوو دەبێت ڕێگایەکی درێژ بەرەو پێش ببڕیت.

لەجیهانی بێگەردتدا، خۆشەویستی بوونی نییە.

بە کەلەپچەوە جوانترین کەمانیان دەژەنی دەربارەی هەژار دەدوێت. دەستی بوو بە ڕووبار.

لەناو ئاوێنەدا مەلەوانەکان و خۆم دەبینم.

بەڕووتی دەڕۆمەوە ئەو شوێنانە.

لەگەنمەشامی زێڕیندا خانمەکەمان ڕەشی پۆشی.

جێهیشتنی شیعر شەوی پڕ لەچێژە.

من بەتەواوی سێبەر بەم قەڵەمە زێڕینە دەسڕمەوە.

هەرگیز تێنەگەیشتم چۆن بەپێیان ئەم هەموو ڕێیە گەیشتمە ئەو بەرزاییە.

لەتەمەنی پیریتدا ، ئەو منداڵەی کە خۆت بوو، هێشتا لێرەیە.

خانووەکەم نۆ پەنجەرەی هەبوو، هەر هەموویان بەڕوی جیهاندا کراوە بوون.

خۆرئاوابوون، گوڵە زێڕینەکانت لەسەر پەڕەکەم دەنەخشێن.

هەرچی وشە هەیە بەشی ئەوە ناکات تا هەرشتێک دەتەوێ بیڵێیت.

هەناسەی گەنجێتیت بدە، مەمکی کچان تەڕن بەئاوی ئۆقیانووس.

لەنێو دەستەکانی گەنجاندا، ئاڵاکان گۆرانی دەڵێن.

یۆنان، وتم ڕووتبوونەوە لەگەڵ سەبەتەیەک ترێ.

کتێبەکانم داخست. گردەکە هاتە ژوورەکەمەوە.

سەماکەرێکی جوان، هیچ مەڵی. بەس سەما بکە.

لەسەر شاخەکە ناوی خۆم وت، بەڕاستی ناودارم.

دەزانی ماوەیەکی تر من ڕۆیشتووم.

پێویستە ئاوێنەکەت گەورە بکەیت چونکە جێت تیا نابێتەوە، قاچ و سەرتی تیا دەرناکەوێت.

لە تاریکیدا هەندێکجار ئاوێنەکان دەچرپێننە گوێی گرنگترین راستییەکان.

شەوان، ئۆقیانووس و کەشتییەکانی دێنە ژوورەکەم.

ئایا برینەکەت قسە دەکات؟ راستی دەردکێنێت.

ئەم پیاوە لە بێدەنگیدا دەنگی نووساوە.

شیعر هەمیشە سەرەتای نییە، بەس هەمیشە کۆتایی هەیە.

مانگێکی پرۆلیتاریی گەورە لەئاسمانی شارێکی خەواڵوەوە.

بەهەرحاڵ ئەوەی کە بوونی نییە، هەیە.

بۆ گەیشتن بە بێمانایی هەموو دەمامکی زێرێنمان بەستابوو.

چەند بێدەنگانە زەمەن لەنێو شیعردا دەڕووخێت.

**شیعر جەستەمی بۆ گوورگەکان جێنەهێشت.**

**کەشتییەکە ڕۆیی. منیش لەگەڵ گلۆپی شەقامەکە بەجێمام.(٧)**

ســـاڵی ١٩٧٤، دوای ئەوەی حـــوکمی ســـەربازی دەڕوخێـــت و حکومەتی یەکێتیی نیشتمانی یۆنان دەسەڵات دەگرێتە دەست، زانکـۆی ســالۆنیکا بڕوانـامەی دکتـۆرای فەخـری پێدەبەخشـن بەهـــۆی ئەوەی کە ئەم شـــاعیرە لە چـــل ســـاڵی ڕابـــردوودا کۆڵەکەیەکی بنچینەیی خەڵکی یۆنان و دەنگی ئەو خەڵکە بووە. یانیس بۆ خەڵاتی نۆبڵ هەڵدەبژێردرێت بەڵام خەڵاتەکە ناباتەوە. یـانیس ڕیستۆس لە یـانزەی تشـرینی دووەمـی سـاڵی ١٩٩٠ بـۆ دواجـــار ژیانئـــاوایی دەکـــات و یۆنـــان و شـــیعر و خەبـــاتی سۆشیالیستی جێدەهێڵێت.

(*)لە ١٠ی ئایاری ساڵی ١٩٣٦ کاتێک یانیس ریتسۆس شاعیری یۆنـانی تەمەن ٢٧ سـاڵ وێـنەیەک لە ڕۆژنـامەیەک دەبینێـت کە دایکێک لەسـەر تەرمـی کوڕەکەی خەریکی شین و شـەپۆڕە کە کرێکاری کارگەی جگەرە بوو و لە مانگرتنی کرێکاران بەدەستی پۆلیسـی سـالۆنیکا کوژرابـوو، کە لەپێنـاو زیـادکردنی کرێکانیـان مانیـان گرتبـوو.. دوو ڕۆژ دواتـر یـانیس شـیعرێکی درێـژ لە ڕۆژنـامەی ڕیزۆسپاتیسـی حیزبـی کۆمۆنیسـتی یۆنـان بەنـاوی ئیپیتـافیۆس بـڵاو دەکـاتەوە. کەبـاس لە قارەمـانێتی کرێکـارانی سـالۆنیکا دەکـات، بەپشـت بەسـتن، یـان سـوود وەرگـرتن لە ئەفسـانەی یۆنـانی. ئەم شـیعرە ڕیـک نیـوتن وەریگێڕاوەتە سـەر زمانی ئینگلیزی. هەرچەندە ئەم قەسیدە درێژەی یانیس لە وڵاتـی یۆنـان بـۆ مـاویەکی درێـژ قەدەغە کـرا، بەڵام لەدەیەی پەنجاکـان

ئەم قسیدەیە بەبەربڵاوی بڵاوبۆوە و لەلایەن هەردوو ئاوازدانەر هەدزیداکسی و میکیس ثیۆدۆراکیس ئاوازی بۆ دانرا و هونەرمەند نانا مسکۆری تۆماری کرد و بوو بە سروودی بزووتنەوەی چەپی یۆنان.

(**) مۆنۆچۆردس واتا یەکدەنگی وێنەگرتنی چرکەساتە لەنێو وشەکان. ئەم شێوازە یانیس توانی لەماوەی مانگێکدا و لە زیندانی ساموس ٣٣٦ دانە بنووسێت و ئەم کارەی یانیس زیاتر وەکو کلیل کارەکانی لێی دەڕوانێت.

سەرچاوەکان:


1-2 https://www.poetryfoundation.org/poets/yannis-ritsos

3- https://en.wikipedia.org/wiki/Yiannis_Ritsos

4-https://intranslation.brooklynrail.org/modern-greek/poetry- by-yannis-ritsos/

5- https://manolisaligizakis.com/translations/yannis-ritsos-poems/

6- https://www.ellines.com/en/myths/25181-the-poet-of-romiossyni/

7- https://iwp.uiowa.edu/91st/vol4-num2/monochords


تێبینی: ئەم بابەتە لە گۆڤاری نما ژمارە ٥٦ ی ساڵی ٢٠٢٣ بڵاوبۆتەوە.

## دۆننارکاڤیچ

شاعیرێک لەسەنگەری شیعرەوە دێتە دەنگ!

(ئامادەکردن و وەرگێران لە ئینگلیزییەوە)

دۆننارکاڤیچی شاعیری کرێکاری ئەمریکی، بەهۆی بیروباوەڕی کرێکارییەوە لەسەر ئەوە ساغ بوو کە دەبێت لەسەنگەری ژیان بە ئەدەب و شیعرەوە دژە بە ناشرینییەکان سیستەمی سەرمایەداری بوەستێتەوە. شاعیر لای ڕوونە کە سیستەمی سەرمایەداری چ نەهامەتییە و دەزانێت بێکاری وەک دیاردەیەکی قێزەوەنی ئەم سیستەمە چ بەڵایەکە و چۆن ئاسمانی ژیان تاریک دەکات. بۆیە ئەم شاعیرە دێت دژ بەو تاریکییە وشە دەکاتە چرا و وێنای ئەو دیمەنانەمان بۆ دەکێشێت. دۆننارکاڤیچ ورد بەڵام بە ڕوونی لەشیعری (پێویستیم بە کارە) دا گوزارشت لە دیاردەی بێکاریی دەکات و تا ئاستی نەفرەتلێکردن، بەنەفرەتی دەکات. ئەو بە جوانی و دروستی ئەو دیاردەیە دەناسێت و وێنای دەکات کە چۆن باڵی ڕەشی کێشاوە بەسەر ژیانی ئینسانەکانی کۆمەڵگەی ئەمریکی. ئەو دەنووسێت:

***پێویستیم بە کارە، من زۆر بە ڕژدی کار دەکەم***

***بۆ ماوەی ٣٣ ساڵ تابووتم دروست دەکرد***

***تا کۆمپانیاکە بۆ باشووری ویلایەتی کەرەلاینا گوێزایەوە***

***وتیان تۆش دەتوانی بۆ ئەوێ بگوێزیتەوە***

***جا بە ئاسمان من و خانەوادەکەم خەڵکی سپێلتەرین***

***لە ڤێرجینای ڕۆژئاوا***

***تەمەنم ٥٦ ساڵە***

***کار زۆر بە جیددی دەکەم***

***بەڵام ئەلعان، باشترین کار بۆ من ئەفسەنتینە***

***دووبارە مەشقپێکراوم و بڕوانامەشم هەیە و***

***ناقس بیم(-B )م لە دارتاشی بەدەستهێناوە.***

***دەستەکانم پڕ لە تۆقلە بوون***

***تەماشام کردن و دیار نەمان***

***کۆمپانیای تابووت ١٠٧ کەسیان دامەزراند***

***لەم ئاخر و ئۆخرە تەماشم کرد و ئەوانیش دیار نەمان***

***لە تەمەنی پازدە ساڵییەوە لەگەڵ داردا دەست و پەنجە نەرم دەکەم***

***یەکەمین کارم داری بڕاوەم لەکارگەی هاڕین بەکۆڵ دەکێشا***

***پیاوێکم بینی باسکێکی بەهۆی مشارەوە لەدەستدا***

***مەسیحیش لەگەڵ داردا کاری کردووە.***

***ئەی ئاسمان. دەبێ ئەو کارەی چۆن دەستگیر بوو بێت؟***

***پاڵپشتییەکانم (کەفیلەکانم)؟ یان بێکارن یانیش مردوون***

***پێشبینی چییان لێ دەکەی بیڵێن***

***زۆر پێویستی بە کارە، زۆر بەڕژدی کار دەکات***

***ئادەی کارت بۆ منیش هەیە؟***

***بێمەی بێکارییەکەم تەواو بوو***

***هیچ بیمەیەکی ترم نییە***

***داوام بۆ زۆر کاری تر پێشکەش کردووە.***

***بەڵام جگە لە خواردنگەی ماکدۆناڵد هیچ جێگایەکی تر کرێکار دانامەزرێنن***

***بۆ خاتری ئەولیا، من تەمەنم پەنجا و شەش ساڵە.***

***پێویستیم بە کارە ،من زۆر بە ڕژدی کار دەکەم.(١)***

ئەمەی دۆنناركاڤیچ وێنای دەکات هەمان ئەو دەردەیە کە هەزاران هەزار کرێکار لەگەڵ بەرەو ڕووە. ئەو دیاردەی بێکاری دەبینێت بەڵام بەداخەوە سەرچاوەکەی و ڕێگاچارەکەی نابینێت ، یان باسی ناکات. هۆکارەکەی هەرچییەک بێت، گرەوی شۆڕشگێرانەی شیعرەکەی دۆڕاندووە و لەدەستداوە. چونکە ئاشکرایە بینینی هەر دەرد و بەڵایەکی ئەم کۆمەڵگە چینایەتییە بەبێ بیرکردنەوە لە گۆڕینی وەک وێنەی فۆتۆگراف وایە کە ناتوانێت لەدوای چرکاندنەکەیەوە هەناسە بدات. نەک تەنها وێنەی شیعری و ئەدەب بگرە فەلسەفە و فەیلەسوفانیش تا سەردەمی مارکس جیهانیان لێکداوەتەوە، بەڵام مارکس وتەنی گرنگ گۆڕینییەتی.(٢) دۆنناکارڤیج لێرەدا پراکتیکە شۆڕشگێرانەکەی بەدەستەوە نییە و لە شیعرەکەی هەواڵێک سەبارەت بەو پراکتیکە لەئارادا نییە. دۆنناکارڤیچ لە شیعری ( بە ڕووداوی هاتوچۆی مرد) دا دەڵێت:

*کرێکاری ژمارە ١٧٥٦*

*بەسەر سووکانی لۆرییەکەوە خەوی لێکەوتووە*

*دوای تەواوبوونی شفتی ٢٢ سەعاتی*

*کەلە چواری سەرلەبەیانی دەست پێدەکات.*

*پاش بڕینی دوو سەد میل*

*بۆ کونکردنی تاشەبەردەکان(٣)*

لەپشت ئەم دیمەنە تراژیدیایەوە، سەباری سەختی هەلومەرجی کار، دووری نێوان ماڵ و شوێنی کار، سەعات کاری زۆر، تارمایی مەرگیش ئامادەیە. ئەم ئامادەبوونەی مەرگ لەم وێنەشیعرییە تابلۆیەک لە مەینەتی و دەردەسەریی نەخشێنراوە. شاعیر وێنای کارەستباری شوناسی کرێکار و گۆڕینی بۆ ژمارەیەکی بێگیان بۆ دەکات. خوێنەر نازانێت ئەو کرێکارە ناوی چییە و پاشناوی چییە و ناوی خانەوادە و ئینجا لەهەمووشی گرنگتر ئەو هەست و سۆزی ئینسانییەی ئەو کرێکارە بەو ژمارە نەفرەتییە شێوێنراوە. ئەمە دەرخەری شێواندنی شوناسی ئینسانیی کرێکارە لەلایەن سیستەمی سەرمایەداری.

لەشیعری (مەرگی ٢٣ کرێکاری کانەکان) ی سێنچری ماین لە وێست ڤێرجینیادا دەڵێت:

***سەفەری یەکەم ١٠ کرێکار بوون***

***پێنجی زیندوو و پێنجی مردوو***

***هیچکام لە زیندووەکان لە تاتا نەدەچوون***

***تەرمەکانیان داپۆشی و دەموچاوەکان***

***قژ و خوێن و ئێسکی***

***دانراو لە نووسینگەی کارفەرما.(٤)***

***یان:***

***کارفەرما بە دایکەی وت***

***با سەرێک لە نووسینگە بدات***

***تا بیمەی مەرگ کە ١٠٠ دۆلارە***

***پێش بڕینی هەقی نووسینگە و کرێ و ناشتن***

***وەربگرێت.(٥)***

چیرۆکی تاتا، چیرۆکی خەمناکی خێزانێکی کرێکارییە کە تاتا تەنها ئەندامە لەو خێزانە کار دەکات و بژێویان دابین دەکات. تا ڕۆژێک کانەکە دەڕمێت و تاتا و بیست و دوو کرێکاری تر دەکەونە ژێر بەرد و خۆڵی کانەکە. وەختێکیش لاشەکەی وەردەگرنەوە، خێزانەکەی تاتا دەبێت بڕێک پوول بدەن لەە پوولی بیمەی مەرگ. چ بێڕەحمییەکە ئەم سیستەمە دژە ئینسانییەی سەرمایەداری کە تەنانەت دوای مەرگی کریکارەکەی کە هەر خۆی بەرپرسی ئەو مەرگەشە، لە پوولی خۆی خۆش

نابێت. دوواجار دایکە هەمان جانتا و سەفەرتاسی خواردنی تاتا بۆ کوڕێکی تریان ئامادەکات تا لەشوێن تاتا کار بکات و بژێوی خێزانەکەیان دابین بکات.

سەرەنجام لە خوێندنەوەیەکی خێرامان بۆ ئەم سێ شیعرەی دۆنارکاڤیچ دەگەین بەوەی کە؛

یەک: دۆنارکاڤیچ شاعیرێکی کرێکارییە و شیعرەکانی کردۆتە ئاوێنەی ژیانی واقیعی کرێکارانی ویلایەتی ڤێرجینیا. شاعیر زۆر هونەرمەندانە وێنای ئەو ژیان و واقیعەی کردووە.

دوو: لای ئەم شاعیرە هەواڵی یەکگرتوویی و یەکێتیی و نەقابەی کرێکاران وەک پێویستییەکی بێئەملاوئەولا ژیانی کرێکاران، لەئارادا نییە.

سێ: لەشیعرەکانی ئەم شاعیرە کرێکارە، خەبات و تێکۆشانی چینایەتی بۆ ڕزگاربوون لەو جەهەنەمەی سەرمایەداری بوونی نییە و ئەمەش بەڕاستی بۆتە خاڵی لاوازی ئەم شاعیرە و جیهانبینی شاعیر.

سەرچاوەکان:

(١)https://www.poetrysoup.com/

(٢) تێزەکان سەبارەت بە فیورباخ نووسینی فریدریک ئەنگڵس وەرگێڕانی سالار ڕەشید چاپی یەکەم ٢٠٠٥، لاپەڕە ٨٨.

(٣)لەم سایتەی خوارەوە زانیاری زیارت دەست دەکەوێت.

https://aboutplacejournal.org/issues/political-landscapes/forward/donnarkevic/

(٤)و (٥) گۆڤاری (R ) ڕەتڵ ژمارە ٧٢ی ساڵی ٢٠٢١، شیعری ٢٣ کرێکاری کان لە کانەکانی سێنتری، ئازاری ٢٢ ی ساڵی ١٩٠٦.

**https://www.rattle.com/23-miners-dead-at-century-mine-by-donnarkevic/**

## ئۆڵگا لوزاردۆ

# جەنگاوەر و ڕۆژنامەنووس و شاعیری کۆمۆنیستی ڤێنزویللا



لەیادی پێنج ساڵەی ژیانئاوایی ئەم شاعیر و جەنگاوەرە کۆمۆنیستە

**(ئامادەکردن و وەرگێران لە ئینگلیزییەوە)**

ئۆڵگا مەرگەریتا لوزاردۆ فینۆل جەنگاوەر و ڕۆژنامەنووس و شاعیری کۆمۆنیستی ڤێنزویللا له ٢٩ ی مانگی شوباتی ساڵی ١٩١٦ له ڕۆژئاوای هەرێمی زولیا لەدایکبووه و یەکێک بووه له ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی ڤێنزویللا. ئۆڵگا له تەمەنی دوانزه ساڵیدا دەبێته بەشێک له حەلقه مارکسیستەکانی مەرەکایبۆ دواتر لەڕێگەی مامۆستا و شاعیر هیزوس ئینریگێ لوسادە ئاشنا دەبێت به کارەکانی مارکس و ئەنجلس و مەکسیم گۆرکی و نیکۆلای بوخارین و لینین. لەتەمەنی سیانزه ساڵیدا یەکەمین هەڵسوڕانی دەربارەی شکڵگرتن و ڕێکخستنی یەکەمین نەقابەی کرێکارانی نەوت بوو له مەرەکایبۆ هەروەها له ساڵی ١٩٢٨ ئۆلگا پەیوست دەبێت به جەنگ لەپێناو مافەکانی ژنان و نارەزایی دەربڕین دژ به مامەڵەی ناتەندروست و هەلاواردن له شوێنی کاردا.

ئۆلگا لوزاردۆ ئەندامی کۆمەڵەی نیشتمانی ژنان بوو که ڕێکخراوێکی ژنان بوو دژ به دیکتاتۆرییەتی یوان ڤیسێنت گۆمێز نارەزاییان دەربڕی و خەباتیان دەکرد. ساڵی ١٩٣١ شانبەشان هەریەک له گابریل براچۆ و ئیسپارتاکۆ گۆنزەلێز و ئسیدرۆ ڤالێس و کەسانی دی یەکەمین شانەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ڤێنزوێللایان له هەرێم یان ویلایەتی زولیا دامەزراند. دوای مردنی گۆمێز له ساڵی ١٩٣٥، ئۆلگا لوزاردۆ کەوته کارکردن بۆ ڕێکخستنی گروپی سیاسی لەنێو کرێکارانی نەوتدا. لوزاردۆ لەگەڵ هەریەک له ساڵی ١٩٣٦ بەشداری یەکەمین کۆنفرانسی فیمینیستی دەکات له کارەکاس. ساڵی دواتر ئۆلگا دەبێت به ڕێکخەری سەرەکی یەکەمین مەزنترین مانگرتنی کرێکارانی نەوت لەمێژووی ڤێنزویللا. له ساڵی ١٩٣٦ یەکەمین ڕێکخراوی

ژنانی حیزبی کۆمۆنیست دروست دەکات، کە کاریان دەکرد بۆ هاوپشتی نێونەتەویی و یەکسانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و مافە کلتوورییەکانی ژنان. ئۆلگا زۆر بە قووڵی ڕۆچووبۆوە نێو حیزبی کۆمۆنیست و کۆمیتە ناوەندییەکەی و مادە حیزبییەکانی لەسەرتاسەری ڤێنزویللا بڵاو دەکردەوە. هەروەها ئۆلگا دامەزرێنەری فیدراسیۆنی دیموکراتی نێونەتەوەیی ژنان بوو کەلە دەیەی چلەکانی سەدەی ڕابردوو وەک یەکەمین نوێنەری ڤێنزویللا لەو ڕێکخراوە سەردانی هەریەک لە وڵاتانی یەکێتیی سۆڤییەت و شیللی و کوبا و هەنگاریا و پۆڵەندا و چیکسلۆفاکیا و چەندین وڵاتی تری کرد. لەساڵی ١٩٤٤ بڕوانامەی لە ڕشتەی ئابووری لە ناوەندی زانکۆی ڤێنزویللا وەرگرتووە. ساڵی ١٩٤٥ یەکێک لەو جەنگەی ئۆلگا کە بەرهەمدار بوو ئەوەبوو ژنانی ڤێنزویللا توانیان یانزە هەزار واژوویان کۆکردەوە بۆ چەسپاندنی مافی دەنگدانی ژنان لە هەڵبژاردن و جێگیرکردنی ئەو مافە لە دەستووری ڤێنزویللا.. لەماوەی حوکمی دیکتاتۆری مارکۆس پریێس یمیناز، ئۆڵگا لوزاردۆ دامەزرێنەر و هەڵسوڕاوی ڕێکخراوی ژنانی ڤێنزویللا و یەکێک بوو لە ئەندامە بەرگریکار و خەباتکارە بەرجەستەکانی و کە لەژێر ناوی نهێنی (جۆرج) هەڵدەسوڕا. لەدەیەی پەنجاکان لەلایەن دەسەڵاتەوە دەکرێتە ئامانج و گوللەیەک لە لاقی دەدرێت و دەگیرێت و دەخرێتە زیندانەوە. پاش تەواوکردنی ماوەی زیندانی لە زیندانی سان کارلۆس لە ویلایەتی کۆیەدیس، ئینجا دوور دەخرێتەوە بۆ وڵاتی مەکسیکۆ و پاشان بۆ یەکێتیی سۆڤییەت. ساڵی ١٩٥٨ دوای ڕووخانی دەسەڵاتی دیکاتۆر مارکۆس، ئۆلگا جارێکی تر دەگەڕێتەوە کاراکاس. هەر پاش گەڕانەوەی بۆ ڤێنزویللا، ئۆلگا

پەیوەست دەبێت بە سەنگەری بەرگریکارانەوە و ئەمجارە دژ بە هەڵبژاردنی دیموکراتییانەی سەرۆکایەتی ڕاوڵ لیونی و ئەویش لەڕێگەی هێزە چەکدارەکانی ڕزگاری نیشتمانی گرووپی گەریللا.



چالاکی بەرایی ئۆلگا بەستراوبۆوە بەچالاکی ئەدەبییەکانی، ئۆلگا وەکوو ژنێکی جەوان لەگەڵ شاعیرەکانی وەک ئیلی سۆل ڕۆدریگۆز و ڕۆزا ڤیرجینیا مارتینز و هەروەها لەگەڵ هونەرمەندی شێوەکار ئەنتۆنیۆ ئەنگۆلۆ بۆ پێکهێنانی کۆڕی ئەدەبی لە ماراکاییۆ.

ئۆلگا وەکو ڕۆژنامەنووسیس یەکەمین کاری ڕۆژنامەوانی خۆی لە دەیەی سییەکانی سەدەی ڕابردوو لە ڕۆژنامەی پانۆرامای ماراکابیۆ بڵاو دەکاتەوە. ئۆلگا لەگەڵ ئانا لویزا لوفیرا لە ڕۆژنامەی ئلتیمەت نۆتیزیاس کار دەکات و لەگەڵ ماریا ترێسا کاستیللۆ دەبێتە یەکەمین ژنە پەیامنێری ڤێنزویللی. هەروەها بۆ

ڕۆژنــــامەی ئــــاهۆرای دەنووســـــی و کۆمەکیشـــــی کـــــرد بە دامەزراندنی تریبـۆن پـۆپیلەر ئۆرگـانی بڵاوکـردنەوەی حیزبـی کۆمۆنیســـت کە جاروبـــار لەژێـــر نـــاوی نهێنـــی ( پیترۆڤنـــا) دەینووسی.

ئۆلگـا لـوزاردۆ شـیعری دەنووسـی و سـاڵی ١٩٤٢ یەکەمـین کۆشـیعر بـڵاو دەکـاتەوە کە کـۆکراوەی شـیعرەکانی ئۆڵگـان لەنێـوان سـاڵانی ١٩٣٥ تـا ١٩٤٢ نووسـیونی کە هەڵگـری ڕەگەزەکـانی سیاسـەت و ڕۆمانسـی و ئیـرۆتیکین. دووەم کۆشیعری بەناوی پاشماوەی هەنگاوە تازەکان لەنێوان ساڵانی ١٩٥٠ تا ١٩٥٢ نووسیونی و ساڵی ١٩٩٣ هاتە بڵاوکردنەوە.

ئۆلگا لوزاردۆ لە تەمەنی ١٠٠ ساڵی و لە ١٩ ی ئەیلوولی ساڵی ٢٠١٦ ژیانئـاوایی لە خەبـات و نووسـین دەکـات و سـەربەرزانە کۆچە ئەبەدییەکەی خۆی دەکات. دوای مردنی لەلایەن سـەرۆکی ڤێنـزویللا نیکـۆلاس مـادۆرۆ و کەسـایەتییە ناودارەکـان ڕێـزی لێـدەگیرێت. سـەرۆکی ڤێنـزویللا لە ئەژمـاری خـۆی لە تـویتەر نووسی:( **ئۆلگا لوزاردۆ پاڵەوانی چینی کرێکار ، نموونەی ژنی پابەنـد بە سۆشـیالیزم و دایکـی نیشـتمان)**. هەروەهـا ئەنـدامی کـۆنگرێس و جێگـری سـەرۆکی پێشـووتر ئەلیـاس جـاوا دەنووسـێت: ( **کـێ لەپێنـاو خەڵکـا بژێـت، نامرێـت، ئەویـش لـوزاردۆیە کە وەک بیرێکـی زینـدوو لە هۆشـیاری کرێکارانـدا دەمێنێتەوە.)**هەروەها ڕۆژنامەنووس و وزیری گەیاندنی پێشوو ئەرنەستۆ فیلیجاس دەنووسێت: ( **ئۆلگا لوزاردۆ لە تەمەنی ١٠٠ سـاڵی بـۆ هەمیشـە ماڵئـاوایی لە ژیـان و تێکۆشـانی بـێهەدادان کرد.)**

ئەم بـــابەتە لەم ســـەرچاوانەی خـــوارەوە وەرگێـــردراوە و ئامادەکراوە:

https://venezuelanalysis.com/news/12634

https://en.wikipedia.org/wiki/Olga_Luzardo


https://www.telesurenglish.net/news/Venezuelan-Communist-Ex-Guerrilla-and-Poet-Dies-at-100-20160921-0033.html

https://everipedia.org/wiki/lang_en/olga-margarita-luzardo-finol

تێبینـی: ئەم بـابەتە لە گۆڤـاری تــی ڤـی ژمـارە ١٠ ی ســاڵی ٢٠٢٢ بـڵاو بۆتەوە.

# جۆ وەڵس

## شاعیری کۆمۆنیست و کرێکارانی کەنەدا





(ئامادەکردن و وەرگێران لە ئینگلیزییەوە)

## ژیاننامەی شاعیر

جۆزیف سێلڤیستەر وەڵس ناسراو بە جۆ وەڵس شاعیر و ڕۆژنامەنووس و هەڵسوڕاوی کۆمۆنیستی کەنەدی لە ٢٩ ی تشرنی یەکەمی ساڵی ١٨٩٠ لە شاری تۆرۆنتۆ لەدایکبووە. وەک شاعیر بۆ ماوەیەکی کەم سەر بە گروپی یان حەلقەی گۆرانی ڕاوچییەکاندا بووە.(١)ئەم حەلقەیە کاریگەرییان نەک بەتەنها لە ڕۆژهەڵاتی کەنەدا، بەڵکوو لە سەرتاپای کەنەدا دیار بوو. هەرچەندە جۆ وەڵس لەنێو بزووتنەوەی ئەدەبی کەنەدی خاوەن ناو و ناوبانگێکی زۆر نەبوو، بەڵام ئەم شاعیرە کاریگەی ڕاستەوخۆی هەبوو بەسەر گەلێ شاعیری بەتوانا و ناسراوی کەنەدی ئەو سەردەمە لەوانە دۆرتی لیڤسەی و میلتن ئەکرۆن. ئەم شاعیرە کۆمۆنیستە کەنەدییە بەدڵنیاییەوە بەناوبانگترین شاعیری کەنەدی بوو لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات و چین. جۆ وەڵس بەدۆخێکی کۆمەڵایەتی خراپدا تێدەپەڕێت و مردنی دایکی لە تەمەنی حەوت ساڵیدا بۆشاییەکی گەورە دەخاتە ژیانییەوە. هەر ئەمەش وا دەکات لەتەمەنی یانزە ساڵیدا لەماڵەوە هەڵبێت. باوکیشی لە تۆڵەی ئەمە دەینێرێتە خانەی سەینت پەتریک کاسۆلیک بەشی کوڕان. ئەم ناردنەی جۆ وەڵس بۆ خانەی کاسۆلیک بەو تەمەنە کەمەوە کاریگەری بەسەر ئەم شاعیرەوە تا مردنی جێدەهێڵێت. ئینجا قوتابخانەی ئامادەیی تەواو دەکات و ساڵی ١٩١٠ دەچێتە زانکۆی فرانسیس خاڤیر. جۆ ماوەیەک لەگەڵ براکەی کار دەکات وەک بەڕێوەبەری ڕیکلامی بازرگانی و سەرکەوتووانە ئەو کارە ئەنجام دەدات.

جۆ وەڵس دەبێتە ئەندامی یانەی جەوانانی لیبڕاڵ و ساڵی ١٩٢٠ دەست لەو یانەیە دەکێشێتەوە و پاشان پەیوەست دەبێت بە حیزبی کاری سەربەخۆ. ساڵی ١٩٣٣ لە خولی هەڵبژاردنی پەرلەمانی نۆڤاکسۆشیا خۆی کاندید دەکات و دەنگی پێویست ناهێنێت. لە ساڵی ١٩٢٢ پەیوست دەبێت بە حیزبی کۆمۆنیستی کەنەدا. جۆ گەلێ وتار و نووسین و شیعری بۆ ڕۆژنامە کۆمۆنیستەکانی کەنەدا نووسیوە، لەوانە: کرێکار (١٩٢٢ – ١٩٣٦) و کلاریۆنی ڕۆژانە (١٩٣٦ – ١٩٣٩) و تریبۆنی کەنەدا (١٩٤٠ – ١٩٧٥) هەروەها لە شارەکانی ئۆتاوا و مۆنتریاڵ وەک ڕێکخەری یانەی بەرگریکەری کرێکاری کەنەدا کاری کردووە.(٢)

جۆ وەڵس سەرباری نووسینەکانی، لەڕووی پراکتیکەشەوە هەڵسوڕاوێکی کۆمۆنیستی بووە و بەردەوام تێکۆشاوە لەپێناو بردنەپێشەوەی خەباتی کرێکارانی کەنەدا دژ بە سەرمایەداری. بۆیە ساڵی ١٩٤٠ کاتێک بەپێی یاسای جەنگ کاری کۆمۆنیستەکانیان قەدەغە کرد، جۆ وەڵس و زیاتر لە ١٠٠ هەڵسوڕاوی چەپ و کۆمۆنیستی دەستگیر کران و نێردرانە زیندانەوە. جۆ وەڵس لە ٨ ی ئازاری ١٩٤١ تا تشرینی یەکەمی ١٩٤٢ دەستبەسەر دەبێت.



*پەیکەری جۆ وەیڵس لە وڵاتی یەکێتیی سۆڤییەتی جاران*

دوای ئازادکردنی لە زیندان، جۆ وەڵس یەکەمین کۆشیعری بەناوی شەو ڕابوورد لە ساڵی ١٩٤٢ چاپ و بڵاو دەکاتەوە، ئەمەش دوای پاڵپشتیکردنی شاعیری کەنەدی، ئی جەی پرات دێت. ساڵی ١٩٥٢ یارمەتی دامەزراندنی گۆڤاری نیو فرۆنتێر(ئاسۆ تازەکان) دا و بوو بە ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەو گۆڤارە کە پێنج ساڵ بەردەوام بوو. لەوماوەیەش کۆشیعرێکی تری چاپ کرد بەناوی سەرجەم براکانم لە ساڵی ١٩٥٣ کە ڕەخنەگر نورترۆپ فرای لە بارەیەوە دەنووسێت: هەندێجار هەوڵی باشی تێدا دەبینین و هەندێکجاری تریش دەبینین ڕوون و وردە و هێزی ڕەهایی مارکسیزمی تیا

بەدەرکەوتووە.(٣) پاشان لە ساڵی ١٩٥٦ نامیلکەیەکی شیعری تریش بڵاو دەکاتەوە بەناوی سڵاو خوشکێ، سڵاو برا. لەساڵی ١٩٥٧ جۆ وەڵس سەفەری وڵاتی یەکێتیی سۆڤییەتی جاران و کۆماری میللی چین دەکات و ماوەی ١٠ مانگ لەو دوو وڵاتە بەسەر دەبات. جۆ لەو سەفەرەیدا سەرنجیدا شیعرەکانی ناسراو و جێی تەقدیرن. ساڵی ١٩٥٨ هەڵبژاردەیەک لە شیعرەکانی لە مۆسکۆ چاپ و بڵاو کرایەوە بەناوی ئەفسانە ئاڵتونییەکە کە هەڵبژاردەیەک بوو لە شیعرەکانی وەڵس کە دەزگای بڵاوکردنەوەی زمانە بیانییەکان لە مۆسکۆ کە دوای یەکەم سەردانی شاعیر بۆ مۆسکۆ کۆی کردەوە و بڵاوی کردەوە. ساڵی ١٩٦٠ جۆ وەڵس گەڕایەوە کەنەدا و بەوجۆرە تا ساڵی ١٩٦٣ دەمێنێتەوە و ئینجا لە ساڵی ١٩٦٤ کتێبی چینە درەوشاوەکە لەگەڵ دووبارە داڕشتنەوەی شیعرییانەی وەرگێڕانی کارەکانی ژمارەیەک لە شاعیرانی ڕووس چاپ و بڵاو دەکاتەوە. کتێبە شیعرییەکانی جۆ وەڵس بەهەزاران کۆپی بە زمانەکانی ڕووسی و ئینگلیزی بڵاوبوونەوە.

ساڵی ١٩٦٨ جۆ وەڵس لەشاری تۆرۆنتۆوە دەچێتە شاری ڤانکۆڤەر و بەداخەوە ئەم شاعیرەی چینی کرێکاری کەنەدا لە یەکی مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٧٥ بە جەڵدەت دڵ گیان لەدەست دەدات. دوای مردنی لەساڵی ١٩٨١ دەزگای چاپ و پەخشی پرۆگرێس بووک شیعرەکانی جۆ وەڵس جارێکی تر چاپ و بڵاو دەکاتەوە. لە ساڵی ٢٠١٠ دوو لە شیعرەکانی دەخرێنە نێو ئەنتۆلۆجیای شیعری کەنەدی ئەمە جگە لەوەی چەندین شیعری تری ئەم شاعیرە کۆمۆنیستە ئاوازیان بۆ دانراوە و کراونەتە گۆرانی و سروود.

دەربارەی تێڕوانینی جۆ وڵس و شیعرەکانی

ڕەخنەگری بەناوبانگی مارکسیستی کەنەدی میڵتۆن ئاکرۆن لە ساڵی ١٩٧٧ دا دەنووسێت: شیعرەکانی جۆ وەڵس بەشێوەیەکی گشتی باش نین بەڵام هەندێکجار تەواو ئیلهامبەخشن. (٤)لەم قسەیەی میڵتۆن ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە شیعرەکانی جۆ وەڵس نەیانتوانیوە لەنێو بزووتنەوەی شیعری کەنەدی جێ پێی خۆیان تەواو قایم بکەن.

**دواجار کۆتایی هەر دێت**

**جیهان بە ململانێیەکی بەرینەوە دەورە دراوە**

**هەڵسە و بانگی هاوڕێ ڕوسییەکەت بکە و**

**خاوەنکار هیچ نین و خەڵک هەموو شتێکن. (٥)**

یان دەڵێت:

**خەڵکی چەکدار وەک یەک جەستە دەجەنگین**

**مەشخەڵی داهاتوو لەناخماندایە**

**بەڵام گیانبەختکردووان بەرەو پێشەوە هەنگاو دەنێن و**

**ئەو ژنانەی خۆشمان دەوێن شانبەشان لەگەڵ ئێمەدان(٦)**

ڕەنگدانەوەی ئەمجۆرە تێڕوانینە مارکسییانە لە شیعر کە ڕاستەوخۆ کاریگەری هەیە بەسەر هۆشیاری خوێنەر و جەماوەرەوە، دەتوانێت ببێتە مایەی شوناسێکی چینایەتی شۆڕشگێرانە. ئاسۆیەک کە زاڵە بەسەر شیعرەکەدا خەباتکارانەیە. جۆ وەڵس پێیوابووە شاعیر بۆ ئەوەی بتوانێت بەجوانی و دروست گوزارشت لە ژیانی کرێکاران بکات، دەبێت کرێکاری بکات و ئەو ژیانە پڕ لە ستەم و چەوسانەوەیە ئەزموون بکات. جۆ ساڵی ١٩٦٠ دەنووسێت: من بۆ ماوەی هەشت ساڵ بەم دەستانەی خۆم کارم کرد. ئەم ئەزموونە بەنسبەت منەوە نەنگی نەبوو. من هەستم پێکرد و ئێستاش هەستی پێئەکەم کە شاعیر پێویستە دەست و پەنجە لەگەڵ ئیشدا نەرم بکات. شاعیر پێویستە ئەم هەلە بقۆزێتەوە و تا بەدیداری چین و توێژەکان شاد بێت. شاعیر پێویستە لەگەڵ جەماوەر بژێت و کار بکات، ئەگەر بیەوێت ببێت بە شاعیری جەماوەر.(٧)ئەم تێڕوانینەی جۆ وەڵس گەر لە سەرێکەوە دروستییەکی تیا بێت، ئەوا ناڕۆشنییەکی تیایە، ناڕۆشنییەکەش ئەوەیە مەرج نییە شاعیری چینی کرێکار خۆی کرێکار بێت و لەناو کارگەکانەوە بنووسێت و بەوجۆرە بتوانێت گوزارشت لە خەباتی چینایەتی بکات، بەڵکوو دەکرێ شاعیر لەژیانی کرێکارییەوە دوور بێت و بەڵام لەڕێگەی هونەری شیعرەوە باشترین و جوانترین گوزارشت لە ژیان و خەباتی کرێکاران بکات. شاعیر سەرتاپای ژیانی وەکوو کۆمۆنیستێک بڕوای تەواوی بە خەبات و تێکۆشان و شۆڕشی سۆشیالیستی هەبووە لەپێناو دنیایەکی باشتر، دونیایەکی خاڵی لە ستەم و چەوسانەوە.

**لە ۆڵ ستریتدا ناو دەست خوران بۆ زێڕ**
**تا بڵێی دەست گەرم و دڵیش سارد دەکات**
**پەرستگاکانیان وەکوو بەردە سەرکەشەکان**
**لەسەر ئێسکی مرۆڤەکان بەرز دەکەنەوە**
**هەرچەند هەواگۆڕگێکەیان ئەم بۆنە بۆگەنییە و**
**بۆگەنی شتەکانی تریشیان دەشارێتەوە**
**کەچی هیچ شتێک ناتوانێ تامی خۆش ناخۆش بکا و**
**کون بخاتە دەرگا و دیواری دەنگبڕ.(٨)**

جۆ وەڵس بڕوای وابووە کە هیچ ناکۆکییەک نییە لەنێوان بایەخدانی شاعیر بە سیاسەت و بەیەخدانی شاعیر بەهەر شتێکیتر. لەبەر ئەوەی هەموو بابەتەکان بەشێکن لە حاڵەتە ئینسانییەکە. هونەرمەندان لەسەرووی هیچ شتێکەوە نین، بەڵام بایەخێکی یەکسان دەدەن بە سەرجەم بابەتە مرۆییەکان وەکوو هەستی کەسیی و ململانێی نێوان چینە ئابوورییەکان. جۆ وەڵس وەک کۆمۆنیستێک تەواوی ژیانی خۆی لەپێناو ئەو مەسەلەیە تەرخان کرد بەڵام لەهەمان کاتیشدا جۆ وەڵس جگە لە باوەڕە کۆمۆنیستییەکەی بەدرێژایی ژیانیشی وەک ئەندامێکی کلێسای کاسۆلیکی ڕۆمانی مایەوە و ئەمەش لەزۆرێک لە نووسینەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە. ئەم پراکتیسە ئاینییەی شاعیر بەبڕوای من ناکۆکە لەگەڵ کۆمۆنیستبوونەکەی و هەڵوێستە دژە سەرمایەدارییەکانی دەخاتە ژێر پرسیارەوە. چونکوو ناکرێت

شـــاعیرێک کۆمۆنیســـت بێــت و بڕواشـــی بە ئــایین هەبێــت. لەڕوانــگەی کۆمــۆنیزمەوە ئــایین یەکــێکە لە پایەکــانی کــۆمەڵی بــۆرژوازی. کاتێــک کەســێک دژ بە بــۆرژوازی و پایەکــانی کــۆمەڵگەی بــۆرژوازی دەجەنگیــت، لەهەمانکاتــدا دژ بە ئــایینش دەجەنگیــت. ئەم نــاکۆکییە لە بیروبــاوەڕی جــۆ وەڵــس خــاڵێکی نێگەتیڤە بە مێژووی خەباتی کۆمۆنیستانەی ئەو.

## ئەنجام

ســەرەنجام جــۆ وەڵســی شــاعیری کرێکــاری کەنەدی، وەک هەر شاعیرێکی کۆمۆنیست تێکۆشاوە شیعرەکانی بکاتە سەنگەرێک بــۆ کرێکــاران دژ بە ســەرمایەداران و ژیــانی عەمەلیشــی پــڕ لە هەڵسوڕانی کۆمۆنیستی بووە. جۆ گەرچی نەیتوانیوە جێ پێی خۆی لەنێو بزووتنەوەی شیعری کەنەدی باش قایم بکات، بەڵام کــاریگەری هەبــووە بەســەر چەنــدین شــاعیری کەنەدی. ئەوەی جێی سەرسوڕمانیشە ئەو شـاعیرە کۆمۆنیسـتە تـا ژیـا پراکتیکـی ڕێبـازی کاسـۆلیکی ڕۆمـانی کـرد و ئەمەش نەک هەر لەلای مـن، بەڵکو لەلای هەر خوێنەر و ڕەخنەگرێک جێی ڕەخنەیە و بەخاڵی لاوازی ئەم شاعیرە دادەنرێت.

## پەراوێز و سەرچاوەکان:

(١)گۆرانی ڕاوچییەکان یان حەلقەی گۆرانی ڕاوچییەکان گروپێک بوون لە شاعیرانی هەرێمی ڕۆژهەڵاتی کەنەدا کە لە ژمارەیەک شاعیر پێکهاتبوون لەوانە بلیس کارمان و چارڵس ڕۆبەرت و ڕۆبەرت نۆرود و ئێڤلین تەفتس و ستورد مەکئاولی و کێنت لێزلی و ئیتەل بەتلەر و. ئەم گروپە لەلایەن ئەندرو و تولی مێرکڵ ڕێبەرایەتی دەکران. ئەم حەلقەیە لە ناوەڕاستی دەیەی بیستەکانی سەدەی ڕابردوو لە شاری هالیفاکس لە هەرێمی نۆڤاسکۆشیا هاتە دامەزراندن. ئەم حەلقەیە وەک ڕەخنەگری کەنەدی ئیان مەککەی دەڵێت: نوزعەیەکی دژە مۆدێرنی هەبووە.

(٢)یانەی بەرگری کرێکارانی کەنەدی لەساڵی ١٩٥٢ لەسەر دەستی ئەی ئی سمیس هاتە دامەزراندن و لەبواری مافە مەدەنییەکان هەڵدەسوڕا. ئەم یانەیە شانبەشانی حیزبی کۆمۆنیستی کەنەدا لە مەیدان بوو و ڕووی دەرەوەی ئەو حیزبە بوو. ئەم یانەیە ساڵی ١٩٢٧، ٥٢ گروپی لەخۆی گرتبوو کە نزیک بە ٣٠٠٠ ئەندامی هەبوو. ئەم یانەیە ٣٥٠ لقی هەبوو لەسەرتاسەری وڵاتی کەنەدا. ئەم یانەیە لەدەیەی سییەکانی سەدەی ڕابردوو زۆر چالاک بووە و لەو دەیەیە توانی ١٨٠٠٠٠ هەزار دۆلار و ٤٥٠٠٠٠ واژوو کۆبکاتەوە بۆ ئازادکردنی هەشت کەس لە ڕابەرایەتی حیزبی کۆمۆنیستی کەنەدی، کە لە زیندانەکانی کەنەدا دەستبەسەر بوون. ئەم یانەیە ساڵی ١٩٤٠ بە یاسای لائیحەکانی بەرگری لە کەنەدا قەدەغە کرا.

(٣)https://canadianpoetry.org/volumes/vol35/doyle.html

(٤)
http://nextyearcountrynews.blogspot.com/2011/04/canadian-worker-poet-life-and-writings.html

(٥)و(٦)https://canadianpoetry.org/volumes/vol35/doyle.html

(٧)https://en.wikipedia.org/wiki/Joe_Wallace

(٨)https://canadianpoetry.org/volumes/vol35/doyle.html

# بزووتنەوەی قوتابخانەی یەکشەممانی سۆشیالیستی

## سەرەتا و سەرهەڵدان




(ئامادەکردن و وەرگێران لە ئینگلیزییەوە)

قوتابخانەی یەکشەممانی ئەرسەدۆکسی مەسیحییەت کە لەلایەن کڵێسا و قەشەکانەوە لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەم لە ئەورووپا و جیهانی دەرەوەی ئەورووپا بەڕێوە دەبران، لە کارنامەی خۆیاندا جگە لە وانەکانی ئەخلاق لەگۆشەنیگای ئایینەوە، منداڵانیان فێری هەندێک نووسین و خوێندنەوە و ماتماتیکیش دەکرد. وەک وەڵامێک بەو کەموکوڕییە بەرچاوەی کە قوتابخانەی یەکشەممانی ئەرسەدۆکس هەیانبوو و هەروەها وەک زەمینەی مەشقپێکردنی منداڵانی سۆشیالیستەکان و پێویستی ڕێکخستن و نیشاندانی سیستماتیکانە لە تێڕوانین و دیدگای سۆشیالیزم بۆ فێربوونی بیرۆکە و بنەماکانی پەروەردەی سۆشیالیزم بۆ منداڵانی سۆشیالیستەکان، ئەم بزووتنەوەیە چینایەتییە هاتە ئاراوە. سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم، شانشینی یەکگرتوو، شاهیدی لەدایکبوونی بزووتنەوەیەکی گرنگ بەڵام نەناسراو بوو لە مێژووی چینی کرێکاری بەریتانیا، ئەویش سەرهەڵدانی بزووتنەوەی قوتابخانەی یەکشەممانەیە کە تایبەت بوو بە وتنەوەی بەهاکانی سۆشیالیزم. نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم، بەتایبەت لە دەیەی سییەکان قوتابخانەی یەکشەممانی مەسیحییەت کۆمەڵێ دەرفەتی دەستەبەر کرد بۆ وتنەوەی وانە بە منداڵانی خێزانە کرێکارەکان. بیرۆکەی قوتابخانەی یەکشەممانی سۆشیالیستی لەسەر دەستی هەڵسوڕاوە شارتییەکان(٢) ڕۆبەرت ئۆون، ماری گرەی، کە ئەندامانی فیدراسیۆنی سۆشیال دیموکرات(١) بوون لە باترسی لە لەندەن، هاتە دامەزراندن، کە سەرەتا تەنها بۆ وانە وتنەوە بوو بە منداڵانی کرێکارانی مانگرتووی بەندەر لە بەشی ئیست ئێند، لە لەندەن. (٣)

بەوپێیەی پەروەردەی ئەخلاقی ئاینیی بەهۆی ڕەگی مێژوویی ئایینی مەسیحییەت بنجی داکووتابوو، بزووتنەوەی قوتابخانەی یەکشەممان لەبری وتنەوەی بەهاکانی ئایینی مەسیحییەت، کەوتە وتنەوەی بەهاکانی سۆشیالیزم. ئەم بزووتنەوەیە لەتێڕوانینەکانیدا خەسڵەتێکی نێونەتەوەیی و تەنانەت دژ بە جەنگیشی هەبوو. هەروەها بەپێچەوانەی قوتابخانە ئاساییەکانی تری زمانی ئینگلیزی، قوتابخانەکانی ئەم بزووتنەوە ڕادیکاڵە منداڵان بە چ زمانێک دەدوان، هەر بەو زمانەش وانەیان تیادا دەوترایەوە و بەبێ ڕەچاوکردنی پاشخانی ئەتنیکی و ئایینی، پێشوازی لە هەموو منداڵێک دەکرا. لە وڵاتێکی وەکو ئەمریکا وەکچۆن فیدراسیۆنی سۆشیالیستە فینلاندییەکان و هەنگارییەکان و ئۆکرانییەکان و لیتوانییەکان هەبوون، ئاواش لە قوتابخانەی یەکشەممان منداڵەکانیان بەزمانەکانی فینلەندی و هەنگاری و ئۆکرانی و لیتوانی وانەکانی سۆشیالیزمیان بەو زمانە زگماکەی خۆیان دەخوێند. (٤)منداڵانی کرێکارە سۆشیالیستەکانی نێو ئەو قوتابخانانە بە یاخیبووە دڵسۆزەکان، کچان و کوڕانی ئاڵای سوور، شۆڕشگێڕە بچکۆلەکان، شۆڕشگێڕانی دواڕۆژ، سۆشیالیستە بچووکەکان، یاخیبووە سوورەکان، هاوڕێیانی نێو قوومات، ناو زەد دەکرد و ئەمانە ئەو ناوانە بوون کە لەو منداڵانە نرابوون. مایکڵ جەیمس لەڕانانی کتێبە بەبەها و مێژووییەکەی پرۆفیسۆر کینیت تەیتەلبامدا دەڵێت " مێژوونووس و مامۆستا بۆرژوازییەکان ڕەنگە هەرگیز هیچ شتێکیان لەسەر ئەم هەوڵە پەروەردەییەی حیزبی سۆشیالیستی ئەمریکی نەبیستبێت، بەڵام ئەو دێت چیرۆکی پێداگری ئەو سۆشیالیستە خۆشەویست و خاوەن

ویژدانانەمـــان بــۆ دەگێــڕێتەوە کە دەیانوســیت منــداڵەکانیان لە ئایدیۆلۆجی سەرمایەداری ڕزگار بکەن." (٥) لێرەوە ئەوەمـان بـۆ ڕوون دەبێــتەوە کە فەلســەفەی ســەرهەڵدانی ئەم بــزووتنەوەیە، چینـــایەتی و دژە ســـــەرمایەدارییە. هەرچەنـــدە ڕابەرانـــی ئەو بـــزووتنەوەیە دەیانویســـت لانـــی کەم لەڕێـــی پەروەردەیەکـــی سۆشیالیســتانەوە دواڕۆژێکـی ڕوونـاک دەسـتەبەر بـکەن، بەڵام بەداخەوە ئەو بزووتنەوەیە لەو جەوهەرە گرنگەی سۆشـیالیزمی زانسـتی بێئاگـا بـوو کە مـارکس و ئەنگڵـس هەر لەو سـەردەمە خەریکـــی داڕشـــتنی بنـــاغەکەی بـــوون. مـــارکس و ئەنگڵـــس هەردووک پێیـــانوابوو کە ململانێـــی کـــۆمەڵایەتی و سیاســـی و ئابوورییەکـــانی نێـــو گـــۆمەڵگە چینـــایەتین و لەنێـــو بردنـــی چەوســـانەوە و ســـتەمی بـــۆرژوازی تەنهـــا و تەنهـــا لەڕێـــگەی بەرپـاکردنی شۆڕشـی سۆشیالیسـتی چینـی کرێکـارەوە مەیسـەر دەبێت.




## بنەماکان یان مانیفێست

مانیفێستی ئەم بزووتنەوە سۆشیالیستییە بریتییە لە دە خاڵ یان دە ئامۆژگاری کە وەک بنەمایەکی فێربوون ئێشی لەسەر کراوە. ئامۆژگارییە سۆشیالیستییەکان ئەمانەن:

١-هاوڕێیـانی قوتابخـانەکەت خـۆش بوێـت، چـونکە دواتـر ئەو هاوڕێیانە دەبنە هاوکارت لە ژیان.

٢-حەز بە فێربـوون بـکە، چـونکە فێربـوون خـواردنی عەقـڵە. سوپاسگوزاری مامۆستاکەت بکە وەک سوپاسگوزاری دایک و باوکت دەکەی.

٣-هەمـوو ڕۆژێکـت بە ئەنجامـدانی کـرداری بـاش و کـاری بەسوود، پیرۆز بکە.

٤-ڕێز لە پیاوچاکان بگرە، خۆش گوفتار بە لەگەڵ هەموو خەڵک و ملکەچی هیچ کەس مەبە.

٥-نه ڕقت له کەس بێتەوه و نه زمانی خراپەکاری بەکار مەهێنه. تـۆڵه له کەس مەکەرەوه. بەرگـری له مافەکانـت بـکه و دژ به ستەم بوەستەوه.

٦-ترسنۆک مەبه. هـاوڕێی مـرۆڤه بێتواناکـان به و دادپەروەریـت خۆش بوێت.

٧-بیرت نەچێت هەموو شتێکی باش لەم سـەر زەوییه بەرهەمـی کـارکردنه. کـێ خۆشـی لەو شـته باشـانه ببینێت بێئەوەی کـاری تیایاندا کردبێت؛ ئەوه پارووی کرێکاران دەدزێت.

٨-چاودێر به و بیر له دۆزینەوەی ڕاستی بکەرەوه. بڕوا به هـیچ شـتێ مەکه که پـێچەوانەی ژیـری بێـت؛ نه خـۆت و نه کەسـی تریش فریو مەده.

٩-پێتوانەبێت ئەوەی نیشـتمانەکەی خـۆی خـۆش بوێـت، دەبێـت ڕقی له میللەتـانی تـر ببێتەوه، یـان ئـاواتەخوازی جەنـگ بێت، که خودی جەنگ بریتییه له پاشماوەکانی هەمەجییەت.

١٠-ئومێـدی ئەو ڕۆژه بخـوازه که تەواوی ژنـان و پیـاوان هاونیشتمانی ئازادی یەک سەرزەمین بن و هەموو پێکەوه وکو خوشک و برا ژیانێکی پڕ له ئاشتی و پرشنگدار بژین.(٦)




The Williamsbridge Socialist Sunday School

ئەم ئامۆژگارییانە، یان بنەمایانەی کە وەک مانیفێستۆی ئەم بزووتنەوەیە ڕاگەیەنراوە، جگ لە لایەنە پەروەردەییەکەی کە دوورە لە هەر جۆرە تێروانینێکی نا ئینسانیی، لایەنێکی سۆسیۆلۆجیشی لەخۆ گرتووە کە منداڵان هەستی متمانەکردن بەخۆیان لا بەهێز دەبێت و کەسایەتییەکی بەتوانایان لێ بەرهەم دێنێت تا بتوانن لەدواڕۆژدا بەرپرسیارێتی ئاڵوگۆڕی مێژوویی گەورە لەئەستۆ بگرن. لێرەش نابێت ئەوە ڕەخنە نازانستی و دژە مارکسیستییە نادیدە بگرین کەپێیوایە منداڵانی کەمتر لە هەژدە ساڵ نابێت بەهیج جۆرێک دەرگیری هیچ ئایدیۆلۆژییەک بن و دەبێت خەریکی سەرگەرمی جیهانی منداڵانەی خۆیان بن. چونکە ئەم تێڕوانینە کۆنەپەرستە دەزانێت فەرهەنگی دژە

ئینسـانی بـۆرژوازی چـۆن گـاریگەری لەسـەر منـدالآن و بیرکردنەوەی مندالآن دادەنێت، ئاواش دەیانەوێت بەو پاساوە ڕێگری لە سۆشیالیستەکان بکەن و نەهێڵن مندالآن بە ئایدیا و باوەڕی ئینسانییانە و پێشکەوتووخوازانە پەروەردە بکەن.

## بەنێونەتەوەیی بوون

ئەگەر لە سەرەتادا ماری گرەی کاتێک دەستی بەم بزووتنەوەیە کرد تەنها منداڵێکی خۆی و منداڵێکی تری وەکو خوێندکار هەبوون. بەڵام دوای نزیک بە بیست ساڵ، ١٢٠ قوتابخانە لە بیست وڵاتدا دەستبەکار بووبوون. پێبەپێی گەشە و پەرەسەندنی ئەم بزووتنەوەیە، جگە لە مندالآن؛ دایکان و باوکانیش دەستیان کرد بە چوون بۆ ئەو قوتابخانەیە بۆ فێربوونی بنەماکانی سۆشیالیزم. لە ساڵی ١٩٢١ ژمارەی بەشداربووی ئەم قوتابخانانە گەیشتە دوانزە هەزار و پێنجسەد کەس کە بەسەر نەوەد و شەش قوتابخانە بەپانتایی سکۆتلاند و باکووری بەریتانیا و لەندەن. لە ئەمریکاش یەکەمین قوتابخانە لە یەکی ئازاری ساڵی ١٨٨٠ لە نیویۆرک هاتە دامەزراندن و ٣٠ خوێندکاری هەبوو. پاشان ویلایەتەکانی شیکاگۆ و فلادیلفیاشی گرتەوە. ساڵی ١٨٨٨ شەش مامۆستا و نزیک بە ١٥٠ قوتابی چوونە قوتابخانە سۆشیالیستەکان. حیزبی سۆشیالیستی ئەمریکی پشتیوانییەکی گەورەی ئەم بزووتنەوەی بوو و لە ماوەی بیست ساڵدا نزیک بە ١٠٠ قوتابخانەی لە ٦٤ شاری ٢٠ ویلایەت دامەزراند.(٧) نابێت ئەوە بە هەڵە بزانین کە تەواوی چالاکییەکانی بزووتنەوەی قوتابخانەی یەکشەممانی

سۆشیالیستی بەریتانی، کاریگەری گەورەی هەبوو بەسەر بزووتنەوەکە لە ئەمریکا و تەنانەت بڵاوکراوە و ئەزموونەکانی هەڵسوڕاوانی بەریتانی لەلایەن هەڵسوڕاوانی ئەمریکاوە لەبەرچاو دەگیران. کرێکارانی قوتابخانەی یەکشەممانی سۆشیالیستی ئەمریکی گەشتی بەریتانیایان دەکرد و چاودێری چالاکییەکانی ئەو بزووتنەوە پەرسەندووەیان دەکرد و لەگەڕانەوەیاندا بۆ ئەمریکا؛ ئەنجامگیرییەکانیان دەخستە ڕوو.(٨)

ئەم بزووتنەوە چینایەتییە گەلێ ئەدیب و نووسەری پێوە پەیوەستبوون وەک ڕابینترانەت تاگوور، ئۆسکار وایەڵد، نیکۆڵای گۆگۆڵ و ئەبتۆن سینکلەیر. (٩) لەدەرەوەی بەریتانیا و ئەمریکاش ئەم بزووتنەوەیە پەرەی سەند و فراوانبوونی بەخۆیەوە بینی. بزووتنەوەی کرێکاری لە وڵاتەکانی ئوستralیا و کەنەدا و نیوزیلەند و هەنگاریا و بولگاریا و سویسراش توانیان دەرگاکانی خەباتی خۆیان لەسەر ئەم ئەزموونە گرنگ و مێژووییە بکەنەوە و سوودی لێ ببینن.

## ئاستەنگەکان و دژەکردار

لەگەڵ بەرپاکردنی ئەم بزووتنەوە مەزنە چینایەتییە، هەر لەسەرەتاوە لەگەڵ کۆمەڵێ ئاستەنگدا بەرەو ڕوو بۆوە؛ کە گرنگترینیان ئەمانەن:

یەک: کەمی کەلوپەلی خوێندن و وانە وتنەوە. ئەمەش هەر لە دابین کردنی جێگای گونجاو تا پەڕاو و کتێب و تەختەڕەش و

پێنووس و.. تاد دەگرێتەوە کە کاریگەری نێگەتیڤی هەبوو بەسەر تەواوی پرۆسەی بزووتنەوەکە.

دوو: دەستکورتی و نەبوونی بودجەی تایبەت و دارایی شایستە تا ئەو بزووتنەوەیە بتوانێت ئامانجەکانی خۆی بپێکێت.

سێ: نەبوونی مامۆستای پێویست. ئەوانەی هەبوون زۆربەیان ژنانی خۆبەخش بوون و ئەوانیش شەش ڕۆژ لە قوتابخانەی ئاسایی وانەیان دەوتەوە و تەنها یەک ڕۆژیان لە هەفتە هەبوو وانەکانی سۆشیالیزم لە یەکشەممان بڵێنەوە و کات لەگەڵ خانەوادەکانیان بەسەر بەرن.

چوار: میتۆدەی بەرنامەڕێژی کاری بزووتنەوەکە ئەوە بوو کە دەبوایە سەرجەم مامۆستاکان لە شوێنێک کۆببنەوە تا پرۆگرامی خوێندنی وانەی داهاتوو ئامادە بکەن. ئەمەش ماندوبوونێکی زۆر و کاتێکی زۆری دەویست و کەشێکی تاقەتپروکێنی بۆ مامۆستاکان دروست کردبوو.

پێنج: وەکچۆن مارکس و سۆشیالیزم هێرشیان کراوەتە سەر، ئاواش ئەم قوتابخانانە کەوتنە بەر هێرشی دەسەڵاتدارانی بۆرژوازی. ساڵی ١٩٠٨ زە نیۆیۆرک تایمز؛ سکاڵای لەسەر قوتابخانەی بۆرۆ پارک تۆمار کرد بەبیانووی ئەوەی گوایە ئەو قوتابخانەیە ڕق و کینەی چینایەتی بڵاو دەکاتەوە.

شەش: پۆلیس وەک پارێزەری دەسەڵاتی سەرمایە، تەواوی خاوەن باڵەخانەکانی شارەکانی ئاگادار کردبووە کە باڵەخانەکانیان بە قوتابخانەکان نەدەن بەکرێ.

حەوت: لەنێو حیزبی سۆشیالیستیشدا ڕەخنەگرانێک پەیدا بوون و دەیانوت مارکس و ئەنگڵس پشتیوانی ئەو قوتابخانانەیان نەکردووە و ئەم بزووتنەوەیە زیاتر سۆزدارییە بۆ سۆشیالیزم و بزووتنەوەیەکی لاوازە.

هەشت: جەنگی جیهانی یەکەم و ململانێ ناوخۆییەکانی پەیوەست بەو جەنگەماڵوێرانکەرە، زەربەیەکی گەورەی لە بزووتنەوەی قوتابخانەکانی یەکشەممانی سۆشیالیستی دا. دەسەڵاتدارانی سەرمایە ژمارەیەکی زۆری هەڵسوڕاوان و مامۆستایانی سۆشیالیستی خستە کونجی تاریکی زیندانەکان، یانیش ناچار بە خۆشاردنەوە کران.

نۆ: لەهەمووی ناخۆشتریش سەرباری بەرگریکردن و جەسارەت نواندنی هەڵسوڕاو و مامۆستا سۆشیالیستەکان، بەڵام لە خۆپیشاندان و نمایشەکاندا کەوتنە بەر لێدان و پەلاماری دەسەڵات و ئازاردانی جەستەیی.




ئیتر بەوجۆرە بۆرژوزی تەقەلـلای زۆریـدا تـا پاشەکشـە بەو بزووتنەوە چینایەتییە بکات و لەم هەوڵەیدا توانی سـەرکەوتنێکی تـری مێژوویـی بـۆ خـۆی تۆمـار بکـات ئەویـش بەهـۆی نـاڕێکخراوبوون و دووربـوونی چینـی کرێکـار لە سۆشـیالیزم و مارکسـیزم. جێـی خـۆیەتی لێـرەدا دوا قسـەی قوتـابییەکی قوتابخـانەی یەکشـەممانی بـرۆکلین لە شـاری نیویـۆرک بخەیـنە بەرچـاو کە بە باشـترین شـێوە گوزارشـت لە جیـاوازی نێـوان بەهاکـانی خوێنـدن لە هەرتـک قوتابخـانە ئاسـایی و سۆشیالیسـتیەکاندا دەکـات." قوتابخـانەی یەکشـەممانی

سۆشیالیستی گەلێ شتی فێر کردم کە هەرگیز لە قوتابخانەی گشتیدا فێریان نەدەبووم. فێربووم هەستی دروستم بەرامبەر بە هاوڕێکانم هەبێت. ئەگەر سۆشیالیزم مانای هەستکردن بە خۆشەویستی بێت بەرامبەر سەرجەم مرۆڤایەتی و ئارەزووی ئەوە بێت یارمەتی مرۆڤە دڵتەنگەکان بدەیت،بۆ دۆزینەوەی ڕێگەیەک تا لە داهاتوودا ئاسوودە و بەختیار بژێن، کەواتە من کەسێکی سۆشیالیستم."(١٠)

## ئەنجام

ئێستا دوای تێپەڕبوونی سەدەیەک بەسەر ئەم بزووتنەوەیە، ئەمڕۆ قوتابخانەی یەکشەممانی سۆشیالیستی بەڵگەیەکە لەسەر بەرفراوانبونی بزووتنەوەی چینی کرێکار و ڕۆڵی سەرەکی چەپ و سۆشیالیستەکانە لە ژیانی کۆمەڵگەی سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم لە ئەوروپا و ئەمریکا. ئەم قوتابخانەیە ڕەنگدانەوەی خواستی ڕوون و ئاشکرا بوو؛ بۆ ئەخلاقی سۆشیالیستی و پەیوەندی نێوان ڕێکخراوی سیاسی و پڕۆژەکانی کۆمەڵگە. ئەم بزووتنەوەیە سەرەتا گەرچی لە شارێک و لە تەنها دوو خوێندکارەوە دەستی پێکرد، بەڵام دواتر تەشەنەی کرد و زۆربەی شار و وڵاتە جیاجیاکانی گرتەوە و بوو بە بزووتنەوەیەکی بەهێز و تەنانەت سیاسی گرنگیش لە مێژووی بزووتنەوەی کرێکارانی جیهان. بزووتنەوەی قوتابخانەی یەکشەممانی سۆشیالیستی بەشێک بوو لە فەرهەنگی رادیکاڵی پەرەسەندوو کە جگە لەم بزووتنەوەیە، چەندین ڕۆژنامەی ڕۆژانە و یانە و کۆڕ و فیستیڤاڵ و نمایشی لەخۆ دەگرت. لەگەڵ

پەرەسەندی زیاتری ئەم بزووتنەوەیە و هەروەها سەرباری بوونی چەندین ئاستەنگ و کێشەی تەکنیکی و دارایی، سەرمایەداران ترسیان لێنیشت و کەوتنە هێرش و سەرکوتی ئەم بزووتنەوەیە و سەرەنجام پاشەکشەیان بەو بزووتنەوەیە چینایەتییەی کرێکاران کرد.

## ژێدەر و سەرچاوەکان:

(١) شارتییەکان بزووتنەوەیەکی چینی کرێکار بوو ساڵی ١٨٣٦ سەریهەڵدا و لەنێوان ساڵانی ١٨٣٨ تا ١٨٤٨ زۆر چالاک بوو. ئامانجی ئەم بزووتنەوەیە بەدەستهێنانی مافە سیاسییەکانی چینی کرێکار و ئۆتۆریتەی ئەو چینە بوو. شارتییەکان ناوی خۆیان لە پەیماننامەی خەڵکەوە وەرگرتووە و کە هەر شەش ئامانجە سەرەکییەکەی ئەو بزووتنەوەیەی تێدایە.

(٢) فیدراسیۆنی شۆسیال دیموکرات، یەکەمین حیزبی سیاسی سۆشیالیستییە لە بەریتانیا کە لە لایەن ه. م. هایندمان ەوە دامەزراوە و یەکەمین کۆبوونەوەی دامەزراندنی خۆی لە ٧ی حوزەیرانی ساڵی ١٨٨١ بەست و ئەوانەی پەیوەستبوون بەو حیزبە بریتیبوون لە ولیەم مۆریس، جۆرج لانسبێری، جەیمس کۆنۆڵی و ئیلیانۆر مارکس. بەڵام فریدریک ئەنجلس ڕەتی کردەوە پشتیوانی ئەم پرۆژەیەی هایندمان بکات.

(٣) مانگرتنی چەند هەزار کرێکاری بەندەر لە لەندەن لە هاوینی ساڵی ١٨٨٩ دەستی پێکرد لە ئەنجامی داخوازی کرێکاران بۆ باشترکردنی هەلومەرجی کارکردن و زیاد کردنی هەقدەست. هەرچەند ئەوکات تەنها ٥% سەدا پێنجی کرێکاران لە یەکێتییە کرێکارییەکان ڕێکخرا بوون، بێن تیلێتی ڕابەر و هەڵسوڕاوی کرێکاریی توانی هەریەک لە جان بێرنس و ویڵ تۆرن و ئیلیانۆر مارکس و هایندمان و جەیمس هاردی و هێنری شامپەین بهێنێتە پشت ئەم مانگرتنە و بڵاوکراوەیەکی فەرمی یان نیمچە فەرمیش بەناوی زە لەیبر ئیلێکتەر وەک زمانحاڵی کۆمیتەی مانگرتن، بڵاو بکەنەوە.سەرەتا ٥٠٠ کرێکار ڕێپێوانان دەستپێکرد و دوایی پەرەی سەند بۆ بەندەرەکانی تر و بوون بە ٣٠٠٠ مانگرتوو. یەکێتییە کرێکارییەکانی ئوستراڵیا ٣٠٠٠ سی هەزار دۆلاریان نارد بۆ پاڵپشتی مانگرتنەکە و ئەمەش بوو بە هێز و گوڕێکی بەتین. دوای پێنج هەفتە مانگرتنەکە بە سەرکەوتن گەیشت و

سەرجەم داخوازییەکانی کرێکاران بەدیهات. ئەم سەرکەوتنە بوو بە هەوێنی ئەوەی کە کرێکارانی بەریتانیا ڕوو لە ڕێکخراوبوون بکەن.


4&6&8-
https://en.wikipedia.org/wiki/Socialist_Sunday_School

5&7&10-https://againstthecurrent.org/atc071/p1985/

9-https://www.currentaffairs.org/2020/08/the-past-and-future-of-the-socialist-sunday-school

# جاک هیرشمەن

## شاعیر و هەڵسوڕاوی کۆمۆنیستی ئەمریکیی



ژیانئاوایی لێکردین!

(ئامادەکردن و وەرگێران لە ئینگلیزییەوە)

جـاک هیرشـمەن، ئەو شـاعیرە مارکسیسـتەی کە شـیعری لە ناوەنـدە ئەکادیمییەکـانی ئەمریکـاوە بـردە سـەر شـەقام و نێـو قاوەخانەکـانی سانفرانسیسـکۆی کالیفۆرنیـا، دوای ٨٧ سـاڵ لە تەمەن، لە ٢٢ ی ئـابی ٢٠٢١ ژیانئـاوایی لە شـیعر و فیسـتیڤاڵ و کتێـب و نووسـین و هەڵسـوڕانی سیاسـی کـرد. لەیەکێـک لە چاوپێکەوتنەکانیـدا ئەم شـاعیرە مارکسیسـتە لەگەڵ وەقـائیعی سانفرانسیسکۆدا دەڵێت ( گرنگترین شت وەک شاعیرێک ئەوەیە کە بـۆ مـاوەی چـل و پێـنج سـاڵ کـارم لەنێـو بـزووتنەوەی کۆمۆنیستی و چینـی نـوێی هەژاران و بێخـانەولانە کـردووە.)(١) جاک هیرشمەنی شاعیر و هەڵسوڕاوی کۆمەڵایەتی و نیگـارکێش و کۆلاجیست لە شـاری نیویـۆرک لەخێزانێکی جولەکە لە ١٣ ی کـانوونی یەکەمـی ١٩٣٣ لە ئەمریکـا لەدایکبـووە. بڕوانـامەی بەکالۆریۆسی لە ستی کۆلێج لە ساڵی ١٩٥٥ و ئینجا بڕوانامەی ماسـتەر لە سـاڵی ١٩٥٧ و پاشـانیش بڕوانـامەی دکتـۆراش لە سـاڵی ١٩٦١ لە زانکـۆی ئینـدیانا بەدەسـتهێناوە. جـان کاتێـک قوتـابی زانکـۆ بـووە لە چاپخـانەی ئەسۆسـییەتد پـرێس کـاری کـردووە. لە تەمەنـی نـۆزدە سـاڵی چیرۆکێـک دەنووسـێت و دەینێرێـت بـۆ نووسـەری نـاودار ئێرنیسـت هەمەنگـوای. هەمەنگـوایش نـامەیەکی بـۆ دەنووسـێت و وڵامـی دەداتەوە.( نووسـەرە گەنـجەکە نـاتوانم هیچـت بـۆ بـکەم. تـۆ زۆر باشـتر دەنووسیت لەو سەردەمەی لەتەمەنی نۆزدە ساڵیدا دەمنووسی. بەڵام سەیرە ڕێک وەکو من دەنووسیت. ئەمەش گوناه نییە.بەڵام لەم ڕێگەیەوە هیچ شتێکت دەستگیر نابێت.)(٢) جاک هیرشمەن لە ساڵی ١٩٦١ کاتێک هەمەنگوای خۆی کوشت، کۆپییەکی ئەو

نــامەیەی لەژێــر نــاوی ( نــامەیەک بــۆ نووســەرێکی گەنــج) لە ئەسۆســییەتد پــرێس بــڵاو کــردەوە و لەوێشــەوە بەســەرتاپای جیهانــدا بڵاوبــۆوە. جــاک لە شــیعرەکانیدا هەوڵــدەدات ئینســان وژیان سەنتەری بیرکردنەوەی بن و شیعر بەو ئاقارەدا بەرێت کە بچێتە خزمەت ئینسانەوە نەک دەسەڵات.

ئەو شاعیرەی پێی سەرسامیت

هەرگیز لە پانزە ساڵی ڕابردووم

لە بزووتنەوەی کرێکاریدا ئەو شاعیرەم نەبینیوە

بەشداری خۆپیشاندانێک بکات دژ بە نا دادپەروەری کۆمەڵایەتی

یان لە ڕێزلێنانی پاڵەوانێکی شۆڕشگێڕ

یــان لە ڕێپێوانێــک بــۆ پشــتیوانی لە ڕاپەڕینــی خەڵــک بەشــدار بێت..(٣)

لە دەیەی پەنجاکـان و شەسـتەکان هیرشـمەن وانەی لە کـۆلێجی دارتماوت لە زانکۆی کالیفۆڕنیا لە لۆس ئەنجلس وتۆتەوە. جیم مۆریسنی شـاعیر و گـۆرانیبێژ یەکێک بـووە لە قوتابییەکانی ئەم شاعیرە مارکسیستە. جاک هیرشمان هاوسەرگیری لەگەڵ ڕوثـی خۆشەویسـتی کە هـاوڕێی کـۆلێجی بـوو، دەکـات و دوو منداڵیان دەبێت. پاشـان ڕوث دەبێتە بەڕێوەبەری رادیـۆی گشـتی سـانتا مۆنیکـا. جەنگـی ڤییەتنـام کۆتـایی بەکـاری ئەکـادیمی جـاک هێنـا، چــونکە لە ئەنجــامی پشــتیوانیکردنی لە قوتابیــان بــۆ نەچــوونە سەربازی لەکارەکەی دەرکرا و هەر ئەو سەردەمە خێزانەکەشـی لێـی جیـا بـۆوە ، بـۆیە سـاڵی ١٩٧٣ دەچێـتە سانفرانسیسـکۆ. لە سانفرانسیسکۆ جاک بۆ مـاوەی نزیک بە چـارەکە سـەدەیەک بە

شـەقامەکانی ئەو شـارە و قاوەخانەکـانی سـوڕایەوە و شـیعری خوێنـدەوە و بـوو بە شـاعیرێکی چـالاکی سەرشـەقام و هەڵسـوڕاوێکی گەڕۆک. جـاک هیرشـمەن جارێکی تـر لە تەمەنـی ٦٦ سـاڵیدا و لە سـاڵی ١٩٩٩ لەگەڵ خـانمە شـاعیر و نووسـەر و هونەرمەنـدی سـویدی ئەگنێتـا فۆڵـک هاوسـەرگیری دەکـات. یەکەمـین کۆشـیعری جـاک لەلایەن چاپخـانەی زانکـۆی ئیـدیاناوە چاپ و بڵاوکرایەوە و کاڕل جەی شاپیرۆ پێشەکی بۆ نووسـیوە. هیرشـمان ١٣ کتێبـی چـاپ کـردووە و زیـاتر لە دە کتێبیشـی لە زمانەکـانی ئیبـرۆ و ئەڵمـانی و فەرەنسـی و سـپانی و ئیتـاڵی و فارسی و ڕووسی و ئەلبانیی و یۆنانی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ئینگلیزی. ساڵی ٢٠٠٦ گەورەترین کۆشیعری جاک کە پێکهاتبوو لە ١٢٦ شـیعری درێـژ کە لە مـاوەی ٣٤ سـاڵدا نووسـیبوونی لە ئیتاڵیا بڵاو دەبێتەوە.(٤)

***زستانیش هات***

***لە بەر دەروازەکانین، لە بەشی سەرەوەی پەیژەی کەنیسەیەکی لاکۆلانین***

***لەژێر مەقەباین، لەژێر بەتانین***

***یان ئەگەر بەخت یاوەر بێت لەناو کیسەی خەوین***

***ڕۆژێکی تر لە سەرکزی***

***لە نووستن***

***لە هەڵلەرزین لەسەرما، بەسەر دەبەین***


***گۆشەگیر، پەرشوبڵاو، نەدار***

***بێکار، خیزەخیزکەر ، چڵکن***

***هەتا بڵێی لەڕولاوازین***

***ئەوە ئێمەین***

***ئەوە ئێمەین لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.(٥)***



هەر ئەو ساڵە لەلایەن شارەوانی سانفرانسیکۆوە بۆ خەڵاتی شاعیرانی لەوریت دیاری دەکرێت. لە مەراسیمی خەڵات بەخشینەکە جاک باس لە سازدانی فیستیڤاڵی شیعری سانفرانسیسکۆ دەکات، وەک ڕێزێک لە ترادیسیۆنی ئەدەبی مەزنی ئەو ویلایەتە ئەوە بوو لە ساڵی ٢٠٠٧ جاک هیرشمەن لەگەڵ شارەوانی و کتێبخانەی سانفرانسیسکۆ، یەکەمین فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی شیعری سانفرانسیسکۆ ساز دەکەن. ئیتر ئەو فیستیڤاڵە هەر دوو ساڵ جارێک دێتە سازکردن و جاک هیرشمەن وەک ڕێکخەری سەرەکی ئەو فیستیڤاڵە دێتە ئەژمار. لە دوای ساڵی ٢٠٠٧ ەوە جگە لە فیستیڤاڵە سەرەکییەکە ، دەستکرا بە سازکردنی فیستیڤاڵی بچووک بچووک بە زمانە جیاجیاکان وەک فیستیڤاڵی شیعری ڤییەتنامی و فیستیڤاڵی شیعری لاتین و فیستیڤاڵی هونەر و شیعری ئێرانی. هەروەها جاک سەرپەرشتی یانزە ئەنتۆلۆجی شیعریی کردووە لە هەر یانزە شارەکەی ویلایەتی سانفرانسیسکۆ. جاک هیرشمەن پشتیوانی بزووتنەوەی دژ بە شەڕی ڤییەتنامی کردووە و بەتایبەتی (حیزبی پڵنگە ڕەشەکان) و بەرگری لە خەڵکی بێخانە و لانەکان کردووە. بەپێی ئەو کتێبەی کە لە ساڵی ٢٠٠٦ دا بڵاوکراوەتەوە، هەروەها جاک سەرجەم شیعرەکانی ستالینی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ئینگلیزی و جێگری سەرنووسەری بڵاوکراوەی چەپی لێفت کێرڤ بووە و پەیامنێری تریبۆنی خەڵک بووە. ساڵی ٢٠٠٩ لەژێر خانەی شاعیرانی سوور وەک شاعیرێکی مارکسیست – لینینیست پۆلین دەکرێت. ساڵی ١٩٨٠ جاک هیرشمەن وەک کۆمۆنیستیک بە گۆڤاری ( نووسەرانی هاوچەرخ) دەڵێت ( زۆر گرنگە لە ئێستادا سەرجەم شاعیران و

هونەرمەندان سەبارەت بە ڕۆشنبیری نێونەتەوەیی چینی کرێکار وەک کادیری کۆمۆنیستی بێنە مەیدان.) (٦) جاک شاعیر و وەرگێڕێکی پڕ بەرهەم بوو و زیاتر لە سەد کتێبی لە بوارەکانی شیعر و نووسین و وەرگێران و چاپ و بڵاوکردۆتەوە؛ ئەمە جگە لە سەرپەشتی کردنی دەیان کتێب.



دواجار ئەم شاعیرە مارکسیستە لە شاری سانفرانسیسکۆ لە ویلایەتی کالیفۆڕنیا، ژیانئاوایی دەکات و ئەم جیهانە ناعەدالەتییە جێدێڵێت. مردنی ئەم شاعیرە بووە مایەی خەم بۆ خەڵکی ئەمریکا و نووسەران لە سەرتاسەری جیهان. قسەکەری بزووتنەوەی شیعری جیهانی، ئاتاوڵ بەهرام گوڵ وەرگێڕ و نووسەری تورک دەنووسێت: مردنی هیرشمەن شۆکێکی گەورە بوو بۆ ئێمە و هاوڕێ نزیکەکانی و هاوڕێ هەڵسوڕاوەکانی و

خەسارەتێکی گەورەش بوو بۆ ئەمریکا و شیعری جیهانیی.)(٧)
بڵاوکراوەی شاعیرانی هاوچەرخ دەنووسێت ( جاک هیرشمەن یەکێکە لە دەنگە شیعرییە هەرە پڕ بەرهەم و زۆر پەیوەست بە بزووتنەوەی چەپ.)(٨)

## سەرچاوەکان:


١- *Whiting, Sam (August 22, 2021). "Jack Hirschman, Marxist poet and North Beach fixture dies at 87". San Francisco Chronicle. Retrieved August 23, 2021.*

٢- *"Hemingway told Kid not to write like him". Statesman Journal. July 3, 1961. Retrieved July 19, 2021.*

٣- http://www.sfcall.com/issues%202002/5.24.02/hirschman_poems_5_24_02.htm

٤- https://en.wikipedia.org/wiki/Jack_Hirschman

٥- http://www.sfcall.com/issues%202002/5.24.02/hirschman_poems_5_24_02.htm

٦- https://www.sfgate.com/sf-culture/article/Famed-San-Francisco-poet-and-activist-Jack-16404245.php

٧- Behramoglu, Ataol. "World Poetry Loses a Great Master". *World Poetry Movement*. Retrieved August 22, 2021.

٨- https://www.poetryfoundation.org/poets/jack-hirschman


تێبینی: ئەم بابەتە لە هەفتەنامەی ڕێگای کوردستان ژمارە ١٢٨٦ ی ساڵی ٢٠٢٢ بڵاوبۆتەوە.

# ئەدەبی پۆست هۆلۆکۆستی کەنەدیی

ڕیچاڵ کۆرن



(ئامادەکردن و وەرگێران لە ئینگلیزییەوە)

هۆلۆکۆست؛ کردەی جینۆسایدی نزیک بە شەش ملیۆن ئینسانی جـــوولەکە بـــوو لەســـەر دەســـتی نازییەکـــانی ئەڵمانیـــا و هاوپەیمانەکـانی، ئەمە جـگە لە پێـنج ملیـۆن قوربـانی تـر کە سـەرجەم دەکـاتە یـانزە ملیـۆن.. ئەم کـردەوە دژی ئینسـانییە لە سـاڵی ١٩٤١ دەسـت پێـدەکات و لە ١٩٤٥ کۆتـایی پێـدێت. ئەو کـــوورانەی بـــۆ مـــرۆڤ ســـووتاندن دروســـتکرابوون، هەر مرۆڤەکانیـــان نەدەســـووتاند، بەڵکـــو داهێنـــان و شـــارەزایی و لێهاتوویی و زمانناسیی و زانست و فەلسـەفە و هـونەر و ئەدەب و وەرزش و کلتـوور و مێژووییـان دەسـووتان. ئەو نووسـەرە جوولەکـانەی لەم سـەردەمەدا ژیـان و بەهەرهـۆیەکەوە بێـت ڕزگاریـان ببـوو و پەرشـوبڵاو لە وڵاتـانی ڕووسـیا و ئەمریکـا و ئەوروپا دەژیان، توانیـان درێژە بە پەیامی کۆمەڵایەتی ئەدەبیی خۆیان بدەن. ئەم نووسەرانە بە نووسەرانی پۆست هۆلۆکۆست ناوزەد دەکرێن. نووسـەر و هونەرمەنـد و ڕۆشـنبیرە جوولەکانی پۆست هۆلۆکۆست توانیان نەک هەر تەنها لە ئیسـرائیل، بەڵکوو لە زۆر وڵاتـدا بەتـایبەتی لەوڵاتـی بـاکووری ئەمریکـا خۆیـان ڕێکبخەن و دەسـتگیرۆیی نووسـەرانی تـری جـوولەکە بـدەن، کە ڕیچاڵ کۆرن یەکێکە لەو نووسەرانەی بەهـۆی ئەو دەسـتگیرۆیی و سـەپۆرتەوە گەیشـتە کەنەدا و لە مۆنتریـاڵ جێگـری دەبێـت و ژیانێکی نوێ دەست پێدەکات.



ڕیچاڵ کۆرنی شاعیر و نووسەری کەنەدیی، بەڕەچەڵەک جووکەلە و بەڕەگەز پۆڵەندیی و یدیی زمان (١)لە ١٥ی کانوونی دووەمی ١٨٩٨ لە پۆڵەندە لەدایکبووە. هەر لە تەمەنی مێرمنداڵییەوە دەست بەشیعر نووسین دەکات. لەگەڵ دەستپێکردنی جەنگی جیهانی یەکەم،خانەوادەکەی دەچنە ڤییەنا و ساڵی ١٩٨١ دەگەڕێنەوە پۆڵەندا. هەر لەو ساڵە (١٩١٨) دەست دەکات بە بڵاوکردنەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکانی بە زمانی یدیی لە ڕۆژنامەکانی ئەوکات، کە ڕۆژنامەی جوولەکەکان و سۆشیالیستەکان بوو. ساڵی ١٩٢٨ یەکەم کۆمەڵە شیعر بەناوی گوند و ساڵی ١٩٣٧ دووەم کۆمەڵە شیعر بەناوی گوڵاڵە سوورەکان و ساڵی ١٩٣٦یش یەکەم کتێبی نووسین(پەخشان)ی

خۆی لەژێر تایتڵی خاک چاپ و بڵاو دەکاتەوە. ساڵی ١٩٤١ لەسەروبەندی داگیرکاری ئەڵمانیا بۆ رووسیا، ڕیچاڵ لەلایەن دەسەڵاتی ئەوکاتی یەکێتیی سۆڤییەتەوە لەگەڵ نووسەرە جوولەکەکانی تر دەگوێزرێتەوە بۆ ئوزبەکستان و پاشان لە شاری مۆسکۆ دەگیرسێتەوە. ساڵی ١٩٤٦ دەگەڕێتەوە پۆڵەندا و ساڵی ١٩٤٨ دەچێتە مۆنتریاڵ لە کەنەدا. ساڵی ١٩٤٨ چوارەم کتێبی خۆی بەناوی ماڵ و بێخانەولانەیی) بڵاو دەکاتەوە. ڕیچاڵ وەک شاعیری یدیی پۆست هۆلۆکۆست، یانزە کتێب بەزمانی یدیی چاپ و بڵاو دەکاتەوە. ١٠ لە کتێبەکانی وردەگێردرێنە سەر زمانی ئینگلیزی.(٢)

## ریچاڵ و شیعر

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی شیعری ڕێچاڵ کۆرن ئەوەیە کە دەقەکانی کورت و چڕ و خاوەن تەکنیکێکی بەرزن کە بەبەروارد بەو مێژووەی شیعرەکەی تیا نووسراوە، دەتوانیت وەک شیعرێکی مۆدێرن و هاوچەرخ ببینیت. شاعیر لەڕێگەی خەیاڵ و چەند وێنەشیعرییەکەوە دەگەڕێتەوە ئەودیو سنوورەکانی شیعر یان خەیاڵ و لەوێشەوە بۆ ڕابردوویەکی دوور یان نزیک. ڕابردووی منداڵی خۆی و بانگ کردنەوەی ئێوارانی دایکی.

لەودیوی شیعرەوە بێستانێک هەیە

لە نێویدا ماڵێک هەیە

سەری بەپووش و سێ دار ئەناناس گیراوە

سێ پاسەوانیش بێ ورتە ئامادەباش ڕاوەستاون

لەودیوی شیعرەوە باڵندەیەکی

قاوەییەکی زەردباو و سینگ سوور هەیە

گشت زستانێک دەگەڕێتەوە و

چەشنی خونچەی نێو دەوەنێکی ڕووتەن خۆی هەڵدەخات

لەودیوی شیعرەوە ڕێگایەک هەیە

باریک هەروەکو تاڵەقژ

کە ونبوویەک  بە پێ خاوسی و بە بێ خشپە

بەو ڕێییەدا هەنگاو دەنێ

لەودیوی شیعرەوە شتگەلێکی جوان ڕوو دەدەن

تەنانەت لەم ڕۆژە هەورە غێمەیەشدا

ئەم ساتە بریندارە، هەناسەی تایەکی توند

لە شووشەی پەنجەرە دەدا

**لەودیوی شیعرەوە دەشێ دایکم پەیدا ببێ و**

**لە نێو دەرگاکەوە  بوەستێ و نقوومی بیرکردنەوە ببێ**

**پاشان  هەروەک جاری جاران بانگم بکاتەوە**

**تێر یاری نەبووی ڕۆڵە گیان ئەی نابینی ئەوا شەوە.(٣)**

ناوەڕۆکی شیعرەکانی ئەم خانمە شاعیرە دیارە بەتەنها هەر نۆستالیژیا و گەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵی نییە، هەرچەندە وەک جەین دەڵێت ( **لای ڕیچاڵ کۆرن یادەوەری تا ئاستێکی بەرز، بریتییە لە ڕابردوویەکی هەڵاتوو.**) (٤) بەڵام ئەم ڕابردووە ، ڕابردوویەکی مردوو نییە، بەڵکوو ئینسان و کارەکتەرەکان لەنێو وشە و ڕستەکاندا هەناسە دەدەن و دەژێن. ئەو هۆلۆکۆست دەکات بە ناسنامەی خۆی و لەوێشەوە نامە و پەیامەکانی دەدات بەگوێی ئینسانییەت.

**بەرد بارانت کردم خودایە**

**لەگەڵ هەواڵی کارەساتبار و هۆلۆکۆست**

**تا ڕووخسارم لەنێو خۆڵدا دەنێژم و**

**زمانم لاڵ دەبێت.(٥)**

لاڵبـوونی زمـانی شـاعیر ،لاڵبـوونی شـیعره لای شـاعیرێک که پەیوەسـت بێت بە مەسـەلە گرنگەکـانی ئینسـان و ژیـانەوە. لای ڕیچاڵیش کە دەربازبووی گەورەترین کوشتارگا بوو لەمێژووی مرۆڤـایەتی ، بێدەنگبوون لەو تـاوانە گەورەیە لاڵبـوونی شـعر و مردنی شاعیره.



ئەم خـــانمە شـــاعیرە لەســـاڵی ١٩٨٢ لە کەنەدا بەیەکجـــاری ژیانئـاوایی لە پەناهەنـدەیی و شـیعر و نووسـین دەکـات. دوای مردنیشـی چەنـدین کتێبـی دەربـارە دەنووسـرێت و بـایەخی شایستەی خۆی پێدەدرێت.(٦)

## پەراوێز و سەرچاوەکان:

(١)زمـانی یـدیی زمـانی گـروپێکە لە جـوولەکە ئەشـکەنازییەکان کە دەکەونە ناوەڕاسـت و ڕۆژهەڵاتـی ئەوروپـا وئیسـرائیل و بـاکووری ئەمریکـا کە بە ئەلفوبێی عیبری دەنووسـرێت و زمـانی عیبـریش نییە. یـدیی واتە جـوولەکە. هەرچەندە ڕەگی مێژوویی ئەم زمانە دیار نییە، بەڵام بەزۆری کۆکن لەسـەر ئەوەی کە لە سەدەی دەیەمدا وەختێک جوولەکەکان لە فەرەنسـاو ئیتاڵیـاوە بەرەو ئەڵمانیـا کـۆچ دەکەن زمانەکەشـیان کە گرێـدراوی ژیانیـانە لەگەڵ خۆیان دەگوازنەوە و دەستی پێوە دەگرن.

https://jewishpubliclibrary.org/rachel-2-/korn/portfolio/bibliography

3-The Poet’s Craft

Robert J. Ireland

Printed in Canada, 1987 p 239.

4-Canadian Jewish Women’s Poetry by Janis Rapoport

Canadian Woman Studies

Volume 16, Nubmer 4 page 127.

5-https://www.inspirationalstories.com/poems/encounter-rachel-korn-poems/

6- https://en.wikipedia.org/wiki/Rachel_Korn

تێبینی: ئەم بابەتە لە گۆڤاری تیڤی ژمارە ١٣ ی ساڵی ٢٠٢٢ بڵاوبۆتە

## محەمەد ساڵح قەزاز

# ئەو ڕابەرە کرێکارەی عەرشی پاشایەتی هەژاند، کێ بوو؟



کەنەدا ئایاری ٢٠٢٢

(ئامادەکردن و وەرگێڕان لە عەرەبییەوە)

چینــی کرێکــاری عێــراق؛ لە دوای جەنگــی جیهــانیی یەکەم لە ئەنجــامی پێویســتی بــازاڕی ســەرمایەی جیهــانی و پــلانە درێژماوەکانی بەریتانیا؛ لەم گۆشە و ئەو گۆشەی عێراق، کە تا دەهـات لەڕووی چەنـدایەتی و چۆنـایەتییەوە گەشـەی دەکـرد و زیاتر پێدەگەیی. ئەو چینە بەبەراورد بە چینی کرێکاری وڵاتانی تــر بەتــایبەتی ئێــران و تورکیــا، درەنگتــر هــاتە مەیــدان و درەنگتریش کەوتە سەر پێی خۆی. چینی کرێکاری عێراق وەک چینی کرێکاری گشت وڵاتە دواکەوتووەکان؛ بەچەندین ساڵ بەر لە بــۆرژوازی پیشەســازی نیشــتمانی دروســتبوو. لەهەنــاوی خۆشیدا هەر لە هەنگاوە سەرەتاییەکانی دروستبوونییەوە کەوتە جــووڵە و مــانگرتنی تــاک تــاک و خۆبەخــۆ(عەفەوی) وەک مانگرتنەکانی کرێکارانی هێڵی شەمەندەفەر لە ساڵەکانی ١٩٢٢، ١٩٢٣، ١٩٢٥، و ١٩٢٦ هێنــــــانەدەرەوەی چەنــــــدین ڕابەر و هەڵسوڕاوی بەرجەستەی کرێکاریی. هەرچەند ئاستی هۆشیاری هەنـدێک لەو ڕابەرانە بەپێـی پێویسـت نەبـوو، بەڵام کـاریگەری خۆیــان دانــا بەســەر مێــژووی کرێکــارانی عێــراقەوە. لەدەیەی بیستەکان؛ چینی کرێکار لە عێراق پێ دەنێتە مێژوویەکی نوێ، هەم دەست بۆ ڕێکخرابوونی خۆی دەبات و هەمیش داواکارییە ئابوورییەکـانی دەبـاتە ئاسـتێکی بـاڵاتر. لەم نێـوەدا یەکێـک لە بەرجەســـتەترین ڕابەری کرێکــاری لەو دەیەیە و دەیەیەکــانی دوواتریش کە عەرشی پاشایەتی هەژاند محەمەد ساڵح قەزازە.

بەڵام محەمەد ساڵح قەزاز کێ بوو؟

مــحەمەد ســاڵح قەزاز؛ لە بنەمــاڵەیەکی خوێنــدەواری غەیــرە کرێکــاری لەشــاری بەغــدا لەدایکبــووە. کەســایەتییەک بــوو

لەدەرەوەی بزووتنەوەی کرێکاری عێراق کە ژیانی خۆی وەک هەڵسوڕاوێکی کرێکاریی و خەباتگێڕێکی نەقابی و لەنێوجەرگەی بزووتنەوەی کرێکارییدا بردە سەر. ئەم ڕابەرە بەرجەستەیە کە بە بیروباوەڕ کۆمۆنیست بوو، رۆشنبیرێک و ئینگلیزی زانێکی باشیش بوو؛ یەکەمین کەس بوو کە ئیجازەی کۆمەڵەی پیشەوەرانی لە مانگی تەمموزی ساڵی ١٩٢٩ لە وەزارەتی ناوخۆی کابینەکەی نووری سەعید وەرگرت. ئەم کۆمەڵەیە ڕۆڵێکی گەورەی گێرا لە بردنەپێشەوەی خەباتی کرێکاران لە کۆتایی دەیەی بیستەکان و دەیەی سییەکان و تا لە ساڵی ١٩٣٣ ناوی کۆمەڵەکەی گۆڕی بە یەکێتی نەقابەکانی کرێکارانی عێراق. وتارە شەفەهییەکان و نووسینەکان و نامەکانی ئەم ڕابەرە بەجۆرێک کاریگەر بوون لەسەر کرێکاران کە بەلێشاو کرێکاران و بێکاران پەیوەندییان پێوەی دەکرد و ببووە جێ متمانەی هەژاران و بێکاران و سەرجەم کرێکارانی عێراق. محەمەد ساڵح قەزاز لەلایەکەوە لەپەیوەند دابوو لەگەڵ بیرۆی کرێکارانی جیهان تا بتوانێت سەپۆرتی پێویست بۆ چینی کرێکاری عێراق بەدەست بهێنیت و لەو ڕێگەیەوە بتوانێت حکومەتی پاشایەتی ئەوکات ناچار بکات کە یاسا کارێکی گونجاو بۆ کرێکار داڕێژێت. لەلایەکی تریشەوە توانی ئاستی هۆشیاری کرێکاران بەرێتە سەر و نەک تەنها کۆمەڵەکەی، بەڵکو تەواوی ڕێکخراوە کرێکارییەکان و هێزە سیاسییە ئۆپۆزیسیۆنەکان و ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو سەردەمە بەکاربهێنێت بۆ گەیاندنی خەم و دەنگی کرێکاری ستەمدیدەی عێراق بە ڕای گشتی. حکومەتی کۆنەپەرستی پاشایەتی و کابینەکەی نوری سەعید درێغییان نەکرد لە سەرکووت و زیندانیکردنی کرێکاران؛ هەرچەند ئەم

سەرکوتانەش دەبوونە هۆی خاوبوونەوەی خەبات، بەڵام هەرگیز ڕەوڕەوەی ئەو خەباتە ڕووەو پێشەوە نەوەستا. محەمەد ساڵح قەزاز ئاستی هۆشیاری هێندە بەرز بوو کە جوان لە پلان و تەڵەی دەسەڵات و سەرکوتگەران و کۆمپانیا بیانییەکان تێدەگەیشت و دژەکرداری دەنواند. بێجگە لەمەش نووسەران و ڕۆشنبیرانی سۆشیالیستی ئەو سەردەمەش هانی بزووتنەوەی کرێکارییان دەدا و دەستگیرۆیی ئەو بزووتنەوەیان دەکرد، وەک چیرۆکنووس مەحموود ئەحمەد ئەلسەید و حسەین ئەلڕەحاڵ ( کە بە یەکەمین کەسی مارکسی دادنرێت لە عێراق) و عەبدوڵا جەددوغ و ئیبراهیم ساڵح قەزاز.، کە ئەمەی دواییان واتە ئیبراهیم برای محەمەد ساڵح قەزاز بوو و ئینسانێکی تێکۆشەری مارکسیستی بوو. شایانی باسە ئەندامانی ئەم کۆمەڵەیە دوور لەچاوی پۆلیس؛ لەماڵی یەکێکیان یان لەناو فارگۆنێکی بەتاڵدا بەنهێنی بەبۆنەی یەکی ئایارەوە ئاهەنگیان گێراوە. محەمەد ساڵح قەزاز جگەلەوەی سەرۆکی کۆمەڵەی پیشەوەران بوو، گۆڤاری ( الصنائع)یش دەردەکرد. دەوڵەت و کۆمپانیا بیانییەکان چەندیجار هەڕەشەیان لە قەزاز کرد و تەنانەت بە نامە کە بەناوی (پێشمەرگەیەکی بیانییەکان) نووسرابوو، لە نیسانی ساڵی ١٩٣١دا کەتیایدا هەڕەشەی کوشتن لە قەزاز و ئەندامانی کۆمەڵەی پیشەوەران کرابوو. قەزاز چەندیجار زیندانی کرا و سزای مالی درا. دیارە ئەم دۆخەی محەمەد ساڵح بەتەنها ئەوی نەگرتبۆوە، بەڵکو گەلێ سەرکردە و ڕابەری کرێکاریی تر وەک محەمەد مەکی ئەلئەشتەری و عەبدوڵا ئەلبەدری و محەمەد یاس ئەلبەیاتی گیران و ڕەوانەی بەندیخانە کران. بەڵام دیارە ئەو هەڕەشە و

چاوسووركردنەوانە چۆكیان پێدانەدا و بگرە سوورتریان كرد لەسەر داخوازییەكانی كرێكاران. تا دەگاتە ئەو ئاستەی كە یاسین ئەلهاشمی سەرۆكی (حزب الاخاء الوطني) لەسەرەتای دەیەی سییەكانی سەدەی ڕابردوو؛ داوای لە قەزاز كرد كۆمەڵەی پیشەوەران بكاتە لقێكی حیزبە سیاسییەكەی، بەڵام محەمەد ساڵح قەزاز ئەو داوایە ڕەتی دەكاتەوە.



قەزازی لەنێو هەموو سەركردە ئۆپۆزیسیۆنەكاندا ( یاسین ئەلهاشمی و ڕەشید عالی ئەلگەیلانی و حیكمەت ئەبوتمەن) تەنها و تەنها متمانەی بە حیكمەت ئەبوتمەن دەكرد و لەهەموو كاروبارێكدا ڕاوێژی پێدەكرد. قەزازی بەیەكەمین سەندیكالیستی لەمێژووی عێراق دادەنرێت. تەنانەت قەزاز لەساڵی ١٩٣٧ بەكۆمەكی یوسف مەتی ڕۆژنامەنووسی ماركسیستی و نوری روفائیل و جەمیل تۆما ئیجازەی یانەی هێڵی شەمەندەفەر

وەردەگرێت، کە ببووە جێگەی کۆبوونەوەی کرێکارانی هێڵی شەمەندەفەر و کۆمۆنیستەکانی ئەوکاتی عێراق، بەڵام دواتر بەعسییە فاشیستەکان لەساڵی ١٩٦٩ ناوەکەی دەگۆڕن بە یانەی زەورا. محەمەد ساڵح قەزاز لە خەباتی خۆیدا پێداگری لەسەر یەکێتیی و یەکپارچەیی کرێکارانی عێراق و ئازادییەکان و باشترکردنی ژیان و دۆخی کارکردنی کرێکاران کردووە. قەزاز لەماوەی ژیانی کۆمەڵەی پیشەوەران ١٩٢٩ تا ١٩٣٣ کۆمەڵی کاری گرنگی ئەنجامدا وەک:

یەک: کۆبوونەوەی بەردەوامی گشتی کرێکاران و قسەکردن لەسەر دۆخی نالەباری ژیان و تاوتوێکردنی ماف و داخوازییەکانیان.

دوو: ناونووسکردنی کرێکارانی بێکار و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی کار بۆیان و هەندێکجار بڕینەوەی مووچە بۆیان لە سندوقی کۆمەڵە.

سێ: پەیوەندکردن بە چەندین دکتۆر تا پشکنینی کرێکار و خانەوادەکانیان ئەنجام بدەن بەخۆڕایی.

چوار: کردنەوەی قوتابخانە بۆ کرێکارانی نەخوێندەوار و تەرخان کردنی مامۆستای خۆبەخش بۆ ئەو مەبەستە.

پێنج: هەوڵدان بۆ بردنە سەری شارەزایی کرێکار و ناردنی کرێکار بۆ خوولەکانی دەرەوەی عێراق.

شەش: پێداگری لەسەر بایەخدان بە کرێکارانی عێراقی و ناردنەوەی کرێکارانی بیانی و پڕکردنەوەی شوێنەکانیان بە کرێکارانی عێراقی.

شەش: پێداگری لەسەر یاسای کارێک کە زامنی مافەکانی کرێکارانی عێراق بکات.

حەوت: گەورەترین مانگرتنی کرێکارییان بەرێخست لە ساڵی ١٩٣١ لەمێژووی بزووتنەوەی کرێکاری عێراقدا.

ئیتر بەمشێوەیە قەزاز تا دەهات جیددی تر و بەعەزمتر پێی لەسەر بەرژەوەندی چینایەتی کرێکاران دادەگرت و لەولاشەوە دەسەلات سەرەتا هەوڵیدا کە محەمەد ساڵح قەزاز قایل بکات بەوەی کە ئیشێکی باشی هەبێت و واز لە چینی کرێکار بهێنێت، بەڵام قەزاز ڕەتی دەکاتەوە و پێداگری دەکات لەسەر بڕوا و بیرکردنەوەکانی خۆی لەپێناو چینی کرێکاری عێراقدا. ئەم سەرسەختییەی محەمەد ساڵح قەزاز و ئەو ئازایەتیی و خۆڕاگرتنەی کە بووبووە هۆی ناو و ناوبانگی، لەبەرئەوە تووشی ڕاونان دەبێتەوە بۆ سلێمانی و عانە و دیالە و ڕژێمی عێراقیش ٤١ داوای لەسەر تۆمار دەکات و چوار ساڵ زیندانی دەبێت و تا ساڵی ١٩٥٤یش ڕێگەی پێنادرێت سەفەری دەرەوەی عێراق بکات. قەزاز وەڵامی حکومەتی پاشایەتی سەرکوتگەری ئاوا دەدایەوە( ئێمە ناترسین!). بۆیەش محەمەد ساڵح قەزاز لەبەرامبەر هەموو ئەو نارەحەتی و ئازار و کۆسپ و ڕێگرانەی هاتنە بەردەمی، ورە بەرزتر و توندوتۆڵتر هەنگاوی نا تا بوو بەو ئەستێرە پرشنگدارەی ئاسمانی خەباتی چینی کرێکاری عێراق. تا بووە ئەو ناوەی کە تا چینی کرێکاری عێراق و خەباتی ئەو چینە مابێت، ناوی ئەویش لەسەر دڵی خەباتی چینایەتی دەنووسرێت.

لەکۆتایشدا جێی خۆیەتی دەقی وتە بەنرخ و گرنگەکەی قەزاز بنووسینەوە کە هۆشیارانە قامک دەخاتە سەر کێشە گەورەکەی خەباتی چینایەتی کرێکارانی عێراق. قەزاز دەڵێت ( ئێمە بە تەواوی لاواز بووین و کەسێک نییە داوای مافەکانمان بکات و لەبەردەم میری و کۆمپانیاکاندا ببێتە نوێنەرمان و لەو مەسەلانەدا کە پەیوەندییان بە ئێمەوە هەیە ڕێکمان بخەن؛ ئەم بێدەسەڵاتییەیشمان ئەنجامی ناکۆکی نێوان خۆمانە. یەکێتییش ئەگەر بەشێوەیەکی ڕاست و دروست پێک نەیەت ئەنجامی هەستپێکراوی نابێ. ڕێکخستنیش تەنها بە ڕێگەی دروستکردنی کۆمەڵە و نەقابەوە دەبێ. سەبارەت بەم هۆکارانە و بە یارمەتی کرێکارە هۆشیارەکان نزیکەی دوو ساڵ لەمەوبەر چەند داخوازییەکمان پێشکەش کردووە، تاوەکو ڕێگەمان بدرێ ئەو کۆمەڵانە پێکبهێنن.)

بەمجۆرە محەمەد ساڵح قەزاز لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری عێراق لێک هەڵدەپێکرێن و ئەم کەسایەتییە دەبێتە ئایکۆنێکی گەش و درەوشاوە لەمێژووی خەباتی چینایەتی کرێکارانی عێراق.

## دوو تێبینی:

یەک؛ زۆرم هەوڵدا مێژووی ژیانی ئەم رابەرە کریکارییەم دەست نەکەوت تا بزانیاری زیاتر بابەتە دەوڵەمەند بکەم.

دوو؛ بـــۆ نووســـینی ئەم بـــابەتە ســـوودم لەم ســـەرچاوانەی خـــوارەوە وەرگرتووە:

١- دکتـــۆر کەمـــال مەزهەر ئەحـــمەد، مێـــژووی چینـــی کرێکـــاری عێـــراق، وەرگێرانـی فوئـاد مەجید میسری، لەبڵاوکراوکـانی ناوەنـدی کۆمـۆن، چاپی دووەم، ٢٠١٩.

٢-انقلاب بكر صدقي بقلم حسين الجاف جريدة الزمـان http://azzaman-iraq.com/content.php?id=44533

٣-حـول الحركـة النقابيـة و نظـالات العمـال فـي العـراق بقلـم عـدنان الصـفار http://azzaman-iraq.com/content.php?id=44533

٤-مصـطفى محمـد غريـب، الطبقـة العاملـة العراقيـة وحركتهـا النقابيـة تـاريخ ونضـــــــــالات وآفـــــــــاق مســـــــــتقبلية، موقـــــــــع ايـــــــــلاف https://elaph.com/Web/Archive/1052674926030248400.html

تێبینی: ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی ڕەوت ژمارە ٢١ ی ساڵی ٢٠٢٢ بڵاوبۆتەو.

# مەحموود ئەحمەد سەیدی چیرۆکنووس و خەبات لەپێناو کرێکارانی عێراقدا

ئایاری ٢٠٢٢

(ئامادەکردن و وەرگێران لە عەرەبییەوە)




مەحمـــوود ئەحـــمەد ســـەیدی چیرۆکنـــووس و ڕۆمـــاننووس و پێشـەنگی ڕۆمـانی عەرەبـی لە عێـراق، نـاوێکی درەوشـاوەیە لە ئاســمانی هوشـــیاربوونەوەی فیکریـــی و ڕێنیسانســـی ئەدەبـــی لەمێـژووی عێراقـدا کە ڕۆڵێکـی مەزنـی گێـرا لە بەرگریکـردن لە کرێکاران و زەحمەتکێشان. ئەو لە واقیعی کۆمەڵگەی عێراقی لە دەیەی بیستەکان و سییەکانی سەدەی رابردوو ژیا کە هەمیشـە لە ناکۆکیدا بوو لەگەڵ دوواکەوتوویی ژیـان و گوزەرانی خەڵک و ئاســـتی مەعریفـــی خۆیـــدا. ســـەید قەڵەمەکەی خســـتە گەڕ لەبوارەکـــانی ئەدەب و سیاســـەتدا لەپێنـــاو کرێکـــاران، بەڵام بەداخەوە مێژوو بۆ ماوەیەک لەبیری کرد. کاتێکیش دکتۆر عەلی جەواد ئەلتاهیر ئاوڕ لەم نووسەرە شۆڕشگێڕە دەداتەوە، ئەوسا ناوەنـــدە ڕۆشـــنبیریی و ئەدەبییەکـــان لای لـــێ دەکەنەوە(١) مەحمـــــوود ئەحـــــمەد ســـــەید، لەجەرگەی ئەو بـــزووتنەوە ڕۆشـــنگەرییەی عێـــراق هـــاتەد دەرەوە کە لە کۆتـــایی ســـەدەی نۆزدەهەم خەریکی هەناسـەدان بـوو. ئەم نووسـەرە کرێکـاریی و کۆمۆنیســـتە لە ١٤ی ئـــازاری ســـاڵی ١٩٠١ لە شـــاری بەغـــداد لەدایکبـووە. سـەرەتا لە کتێبخـانەی مزگەوتـی حەیـدەرخانە لای باوکی مودەریس دەست بە خوێندنی ئایینی دەکات؛ کە ئەوکات مەلای مزگەوتـــی عەبـدولقادر گەیلانـــی بـوو. پاشـــان ســـەید لە قوتابخانە عوسمانییەکان دەخوێنێت و تا لەسەردەمی داگیرکاری ئینگلیـزدا دەچێـتە خـولێکی ئەنـدازیاری. ئینجـا گەشـتی وڵاتـی هیندستان دەکات و ساڵێک لەوێ بەسـەر دەبات و شـارەزایی لە دۆخـــی ڕۆشـــنبیری و کـــۆمەڵایەتی هیندســـتان پەیـــدا دەکـــات. مەحمـــوود لە هیندســـتان بە بیرمەنـــدی سۆشیالیســـتی هینـــدی (سـوامی) ئاشـنا دەبێـت و دەکەوێـتە ژێـر کـاریگەرییەوە. سـاڵی

١٩٢٠ لەسەروبەندی شۆڕشی ١٩٢٠ی عێراو دەگەڕێتەوە بۆ عێراق تا ئەزموونی گەشتەکەی هیندستان و شۆڕشەکە لە ڕۆمانی ( جەلال خالید) بخاتە ڕوو، کە دواتر لە ساڵی ١٩٢٨ دا بڵاوی دەکاتەوە. (٢)مەحموود ئەحمەد سەید وەک هەر خوێندەوارێکی گەنجی ئەوکاتی عێراق، جگە لە بەرهەمە ئەدەبی و سیاسییەکانی خۆی؛ زمان و ئەدەبی تورکی دەخوێنێت و لەو ڕێگەیەشەوە گەلێ بەرهەمی ئەدەبی ئینگلیزی و ڕووسی و ئەرمەنی وەردەگێڕێتە سەر زمانی عەرەبی.(٣) ساڵی ١٩٢١ یەکەمین کورتە رۆمانی خۆی بڵاو دەکاتەوە بەناوی ( لەپێناو هاوسەرگیریدا) کە حوسێن رەحاڵ گەورە ڕۆشنبیری

پێشــكەوتووخوازی ئەوســـەردەمە پێشـــەكی بــۆ دەنووســـێت. بیریشــمان نەچێـت حوسـێن ڕەحـاڵ و كـۆمەڵە گەنجێـك ئەڵـقە ڕۆشنبیرییەكانیان پێكهێنابوو؛ كە مەحموود ئەحمەد سەید یەكێك بوو لەو ڕۆشـنبیرە گەنجانە.(٤) بەمجۆرە هەلومەرجی سیاسـی ئەوكـاتی عێـراق كەلەژێـر پێـی داگیركـاری ئینگلیـز و كۆمپانیـا بیانییەكاندا ڕەنگڕێژ دەكرا، دۆخی كرێكارانی عێراقی گەیاندبووە لــووتكەی خراپــی و نائینســانی. ڕۆشــنبیرانی ئەو ســەردەمە بەهەرشێوەیەك كەبۆیان كرابێت پشتیوانی خەبات و نارەزایەتی كرێكارانی عێراق بوون و تەنانەت ئامادەشبوون بەكردەوە ببنە دەنــگ و نــوێنەری كرێكــاران. مەحمــوود ئەحــمەد ســەید لە

کۆمەڵەی پیشەوەران شانبەشانی محەمەد ساڵح قەزاز هەموو ژیانی دەخاتە خزمەت کرێکاران و دەبێتە جێگری سەرۆکی ئەو کۆمەڵە کرێکارییە.(٥) ئەو جگە لە دەقە ئەدەبییەکانی لە چیرۆک و ڕۆمان، لە وتار و نووسینە سیاسییەکانیشدا پێداگرێکی




سەرسەختی کرێکارانە دژ بە سەرمایەداران.

مەحموود ئەحمەد سەید دوای گەڕانەوەی لە هیندستان لە ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمە وەکو ( الشرق، العراق، العالم لاعربي، الاستقلال) و گۆڤارەکانی ( اليقين، المصباح، الصحيفة، المعرض، الحديث، الحاصد) دەست بە نووسین دەکات و بەرهەمەکانی بلاو دەکاتەوە. ساڵی ١٩٢٠ وەکو کاتب لە


وەزارەتــی نــاوخۆ دادەمزرێــت و پاشــان لەســاڵی ١٩٢٣ وەک بەڕێوەبەر دەگوازرێتەوە لیوای الدیوانیة و دوای ئەوەش لەساڵی ١٩٣١ دەبێتە سکرتێری شارەوانییەکان لە وەزارەتی ناوخۆ و ئینجا لە ئازاری ساڵی ١٩٣٣ تا کۆتایی ژیانی ١٩٣٧، دەبێتە سکرتێری پەرلەمان.

بەشێک لە وتارەکەی مەحموود ئەحمەد سەیدی چیرۆکنووس و ڕۆمــاننووس بــڵاو بکەیــنەوە جێگــری ســەرۆکی کــۆمەڵەی پیشــەوەران بــوو، واتــا جێگــری قەزاز بــوو کە لە ڕۆژنــامەی (العامل) ژمارە یەکی ساڵی ١٩٣٠دا بڵاوکراوەتەوە. مەحموود ئەحــمەد ســەید دەنووســێت:(بانگەوازی یەکەمــم بــۆ هەمــوو کرێکاران و جووتیارانی وڵاتەکەمان؛ بۆ هەموو ئەشکەنجەدراو و ستەمدیدەیەک، بۆ هەموو سەربازە سەربڵندەکانی مرۆڤایەتی کە لە گەورەترین جەنگدا و لەپێناوی مافەکانی چینی کرێکاران و سەربەستی و بیروباوەڕە پیرۆزەکەیاندا پشتی یەکتر دەگرن، هەر ئەو بانگەوازەیە کە سەرکردەکانی ئەو چینە پێش دەیان ساڵ و ئێستاش دەیڵێنەوە: ئەی کرێکارانی جیهان یەکگرن!. با ئەم بانگەوازە دروشمی کرێکارانی خۆشمان بێت، بەبێ جیاوازی کار و پیشەیان، با ئەوەش بزانن کە ناکۆکی و بەربەرەکانێی یەکتــر لەوە بەولاوە کە تێکیــان دەشــکێنێ و بەرەو دواوەیــان دەبات و تا ماویەکی دووردرێژ مافیان بەفیڕۆ دەبات، هیچی تریــان لــێ دەســتگیر نابێــت.) تــا دەگــات بەوەی کە دەڵێــت ( کرێکــارانیش مــافی زۆریــان هەیە و خــاوەنی نــین، و هەروا بەئاسانی بەدەستی ناهێنن. گومانی تێدا نییە ئەوانە مافی ژیانن و بەبێ دەستخستنیان مردن گەلێک باشترە. کرێکار مافی ڕەوای خۆیەتی ڕۆژی هەشت سەعات کار بکات، کەچی زۆربەی کات

چوارده سەعات کاری پێدەکرێ، مافی خۆیەتی بێکار نەبێ، مافی خۆیەتی منداڵەکانی لە قوتابخانەدا فێری خوێندن و نووسین ببێ، نەک بە نەزانی فرێبدرێتە سەر شەقامەکان، یاخود بخرێنە بەر شاگردی و لەناو کارگە و کارخانەکاندا کاری گرانیان پێ بکرێ، مافی خۆیەتی خواردنی سوودبەخش بخوا و بەرگی باش بپۆشێ و جێگایەکی لەباری هەبێ تێیدا بحەوێتەوە، نەک وەک ئاژەڵی کێوی لەئەشکەوتدا بژی، مافی خۆیەتی گەرخۆی یا ئەندامانی خێزانەکەی نەخۆش کەوتن، پزیشک چارەسەریان بکات و داودەرمانی پێویستیان بدرێتێ و گەر کەفتەکار بوو نەیتوانی ژیانی خۆی دابین بکات و لەسەرکار بمێنیتەوە، ئاوا چەردەیەک پارەی بدرێتێ و گەر پیری زۆری بۆ هێنا و چیتر بۆی نەکرا ئەرکی خۆی بەجێ بێنێ و کار بکات، مووچەی خانەنشینی بدرێت بە خێزانەکەی.) تا لە کۆتاییدا دەڵێت ( گەر بێ و کرێکاران هاوکاری یەکتر نەکەن و کۆمەڵەکانیان لەسایەی ئالآیەکی یەکگرتوودا یەک نەخەن کەڕاستتر وایە ناوی یەکێتیی کۆمەڵە و نەقابەکانی کرێکارانی لێبنێین، هەرگیز بەو مافەیان شاد نابن. دەبێ ئامانجیشی بەرگریکردن بێ لە بەرژەوەندی هاوبەشی کۆمەڵەی کریکاران و هەوڵدان بێ بۆ دانانی یاسایەکی ئەوتۆ تا لەسایەی ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتییە دێرینەدا کە بەزۆرەملێ پەیڕەوی یاساکانی دەکرێت، خۆیان و مافە ڕەواکانیان بەپێی توانا بپارێزێ و کرێکاریش سەربەست و سەربڵند بژی.)(٦)

مەحمـوود ئەحـمەد سـەید لە چیرۆکەکانیـدا ڕێبـازی ڕیـالیزمی گرتۆتە بەر. ئەو جگە لەوەی پێشـەنگی ڕۆمـانی عەرەبی بـوو لە عێراق، لەهەمـان کاتیشـدا یەکێک بـوو لە دامەزرێنەرانـی کـۆڕ و کۆمەڵە سۆشیالیستی و پێشکەوتووخوازەکان. (٧) و کـاریگەری هەبـوو بەســەر سـەرجەم بونیـادی ڕۆشـنبیری لە عێـراق. ئەم خەمخۆرەی چینی کرێکاری عێراق؛ بەداخەوە لە تەمەنێکی زوو لە ١٠ی کـانوونی یەکەمـی سـاڵی ١٩٣٧ لە قـاهیرە بۆ یەکجـاری دڵــی لەلێــدان دەکەوێــت و ماڵئــاوایی لە ئەدەبــی ڕیــالیزمی سۆشیالیستی و خەمە چینایەتییەکانی کرێکارانی عێراق دەکات و هەر لەو گۆڕسـتانەی قـاهیرە دەنێژرێـت کە شـاعیری عێراقـی عەبدولموحسین کازمی لێنێژراوە.(٧)

لەکتێبە چاپکراوەکانی مەحمـوود ئەحمەد سەید:



سەرچاوەکان:

١- د،علاء الاديب ،ادباء منسيون من بلادي رائد الرواية العربية في العراق محمود احمد السيد، بقلم موقع الوطن، ٢٣ی ئابی ٢٠١٩.

٢- عبدالجبار العتابي، اعادة طبع اول رواية عراقية لمحمود احمد السيد، موقع ايلاف، ١٩ اب ٢٠١٧.

٣-لەو کتێبانە بەنموونە لەپێناو هاوسەرگیری ١٩٢١ و چارەنووسی لاوازەکان ١٩٢٢ و نسکۆکان ١٩٢٢ و قەڵەمی شکاو ١٩٢٣ و جەلال خالید ١٩٢٨ و پێشەنگەکان ١٩٢٩ و..تاد.

٤-محمود احمد السيد زيادة اجتماعية – ثقافية بقلم ياسين النصير ملف ٤ موقع الناقد العراقي ١٨-١١-٢٠١٧.

٥- دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، چینی کرێکاری عێراق، وەرگێڕانی فوئاد مەجید میسری، لەبڵاوکراوەکانی ناوەندی کۆمۆن، چاپی دووەم، ٢٠١٩، لاپەڕە١٦٩.

٦-هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە١٩٢ و ١٩٣.


٧-سماح عادل، محمود احمد السيد رائد القص العراقي الذي انجذب الاشتراكية، موقع كتابات، ٨ ايلول ٢٠١٨.

٨- د،علاء الاديب، ادباء منسيون من بلادي رائد الرواية العربية في العراق محمود احمد السيد، بقلم موقع الوطن ٢٣ی ئابی ٢٠١٩.

تێبینی: ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی ڕەوت ژمارە ٢٤ ی ساڵی ٢٠٢٣ بڵاوبۆتەوە.

# جەیمس کۆنۆڵی (١٨٦٨ - ١٩١٦)

## قارەمانێکی زیندووی نێو ویژدانی چینی کرێکار



(ئامادەکردن و وەرگێران لە ئینگلیزییەوە)

سەرکردەی کۆماریخواز و سۆسیالیستی ئێرلەندی جەیمس کۆنۆڵی لە ٥ی حوزەیرانی ١٨٦٨ لەدایکبووە، بۆ کەسێک کە شارەزای بە مێژووی ئێرلەندا هەبێت، کۆنۆڵی لە ڕاستیدا لە شاری ئەدینبۆرگ لە سکۆتلەندا لەدایکبووە. ئەو ناوچەیەی تێیدا دەژیا نازناوی 'ئێرلەندای بچووک بوو و یەکێک بوو لە ناوچە هەژازنشینەکەی شارەکە. دواتر بە درێژایی ژیانی بە لەهجەی سکۆتلەندی قسەی دەکرد. دایک و باوکی بەڕەچەڵەک خەڵکی کاونتی مۆناگان بوون و ژیانیان لە ئەدینبۆرگ سەخت و مەینەتبار بوو. لە تەمەنی یازدەساڵیدا لەپێناو کارکردن قوتابخانە بەجێدەهێڵێت، بەڵام دەبێتە یەکێک لە تیۆریستە پێشەنگە شۆڕشگێڕەکانی سەردەمی خۆی.

جەیمس کۆنۆڵی لە تەمەنی چواردە ساڵیدا پەیوەندی بە سوپای بەریتانیاوە دەکات بۆ ئەوەی لەو هەژارییە پشت شکێنە ڕزگاری بێت. دوای حەوت ساڵ و لە تەمەنی بیستویەک ساڵیدا کۆنۆڵی ژیانی سەربازی بەجێدێڵێت و دواجار لە ساڵی ١٨٩٦ لە دبلن نیشتەجێ دەبێت.

لە ساڵی ١٩٠٣ کۆنۆڵی کۆچی دەکات بۆ ئەمریکا و بۆ ماوەیەکی کورت لە شاری ترۆی لە ویلایەتی نیویۆرک لەگەڵ خزمێکیدا دەژێت و لە کۆمپانیایەکی بیمە وەک فرۆشیار کار دەکات. بەڵام لە ساڵی ١٩٠٥ دا، ترۆی بەجێدەهێڵێت بۆ ئەوەی تێروانینەکانی خۆی لە ڕێکخستنی بزووتنەوەی چینی کرێکاردا جێبخات و زۆری نەخایاند پەیوەندی بەڕێکخراوی ( کرێکارانی پیشەسازی جیهان )ی (١)تازە پێکهێنراوەوە دەکات و وەک ئەندام و

ڕێکخەرێک کە تەواوی ژیانی خۆی بۆ خزمەتکردنی چینی کرێکار تەرخان دەکات.

جەیمس نووسەرێکی پڕ بەرهەم لەبواری مێژوویی، کولتووری، سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی بووە و هەروەها ئیدیتۆر و بڵاوکەرەوەی کتێب و ڕۆژنامەی خۆی بوو، زۆر کەسی خاوەن بیروباوەڕی سیاسی دژ بەیەک لەناو بزووتنەوەی کرێکاران و چەپەکاندا بەها و ستایشی تێڕوانینەکانی کۆنۆڵیان بەرز نرخاندووە. کۆنۆڵی خۆی بە ئەنارکۆ-سندیکالیست نەدەزانی، بەڵام لە ساڵی ١٩٠٨ کاتێک دابەشبوون لە ڕێکخراوی ( کرێکارانی پیشەسازی جیهان) لە نێوان مارکسیست دانیال دی لیۆن و ئەنارکۆ-سندیکالیستەکان ڕوویدا، کۆنۆڵی لایەنگری ئەنارکۆ-سندیکالیستەکان گرت.

کۆنولی ڕقی لە تائیفەگەری بوو، کە بە یەکێک لە گەورەترین بەربەستەکانی ڕێگری لە بەردەم یەکگرتوویی کرێکارانی دژ بە سەرمایەداری دەزانی. یەکێک لە نووسینەکانی کە ڕەنگدانەوەی ئەم بیروباوەڕەیە دەڵێت ( گەشەپێدانی ڕۆحی بەرەنگاربوونەوە گرنگی زیاتری هەیە لە دروستکردنی ڕێکخراوێکی تیۆری. ئەمەش لەڕاستیدا، کامڵترین ڕێکخراو لە ڕووی تیۆرییەوە ڕەنگە، بەهۆی زۆر کامڵبوون و فراوانییەوە، گەورەترین مەترسی بێت بۆ سەر بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە ئەگەر بتوانرێت بەکاربهێنرێت، بۆ سەرکوتکردن و سنووردارکردنی ڕۆحی بەرەنگاری هاوڕێیەتی لەهەر پلە و پایەیەکدا بێت. کۆنۆڵی هەروەها بێمتمانەیی بە حکومەتی ناوەندی هەبوو، بۆیە بە باشترین شێوە لە لێدوانەکەیدا دەرکەوت کە دەڵێت (بەبێ ئەو

دەسـەڵاتەی کە یەکێتیـی کرێکـارانی پیشەسـازی لە پشـتەوەیە، دیموکراسـی تەنیـا دەتوانێـت بچێـتە نـاو دەوڵەتەوە وەک چـۆن قوربانی دەچێتە ناو گەدەی مارەوە.)

کۆنـۆڵی لەسـەر بانگهێشـتی گروپێکـی بچـووکی سۆسیالیسـتی هـاتەوە ئێرلەنـدا. لێـرەدا هەر زوو کـاریگەری وەک ڕێکـخەر و وتاردەر و نووسەرێکی بەتوانا بەسەر ڕووداوەکانەوە درکەوت. ئەوە جەیمـس کۆنـۆڵی بـوو لە سـەرووی هەمـوو شـتێکەوە کە بەرپرسیار بوو لە یەکخستنی نێوان ڕێکخراوەکانی چینی کرێکار و ئامانجی سەربەخۆیی ئێرلەندا. کۆنۆڵی بە شێوەیەکی جیددی لەسەر پێویستی سۆسیالیزم بۆ دۆزی سەربەخۆیی ئێرلەندا و هەروەهـا هەمـوو جۆرە بابەتەکـانی پەیوەسـت بە سۆسیالیسـتی جیهـانی نووسـی و کەوتە جـووڵە بۆیـان. ئەو پێـی وابـوو ئەوە چینی کرێکارە لەپێناو بەرژەوەندی هەموو چەوساوەکانی جیهان دەتوانێت بناغەکانی ئیمپراتـۆریەتی بەریتانیا بهەژێنێت، جەیمس کۆنـۆڵی لە کۆبوونەوەکـانی بـاکووری وێڵـز وتـارێکی پێشـکەش کـرد، دوای ئەوەی سـیلین ڕۆبەرتـس (٢)سـەرۆکی بەناوبـانگی سۆسیالیسـتی وێڵشـیی و ڕابەری پـارتی کرێکـارانی سەربەخۆخوازی لۆکاڵیی وەک یادهێنانەوەیەک دەڵێت (لە سـاڵی ١٩١١ لەگەڵ لارکین (٣)چاوم پێی کەوت و فێربووم سەرسامی بـم و خۆشـم بوێـت. یەکێـک لە گەورەتـرین گەنجینەکـانی نـاو کتێبخانەکەم کە کۆپییەکی بەرگی کتێبەکەیەتی بەناوی کرێکار لە مێژووی ئێرلەندە، کۆنۆڵی و لارکین سەردانەکەیان بۆ وەیڵس سـاتێک هەژانـدمیان. کۆنـۆڵی شانبەشـانی جەیمـس لارکـین، بە شێوەیەکی سـەرەکی پەیوەندی هەبووە بە لەکار دەرکردنەکەی دبلنـی سـاڵی ١٩١٣دا، کە بازرگـانی و گواسـتنەوەی بـۆ چەنـدین

هەفتە ئیفلیج کرد. لە کاتی مانگرتنە گشتییەکەشدا، کۆنۆڵی سوپای هاووڵاتیانی ئێرلەندی لە نێوان کرێکارانی مانگرتوودا ڕێکخست، ئەمەش وەک وەڵامێکی بەرگریکردن لە خۆی بەرامبەر بە لێدانی بەرفراوان لە کرێکارانی مانگرتوو لەلایەن پۆلیسی ئێرلەندا و سوپای بەریتانیا. سوپای هاوڵاتی ئێرلەندا لە کاتی یاخیبوونی جەژنی ئیستەر (٤) لە ساڵی ١٩١٦ لە دژی دەسەڵاتی بەریتانیا لە ئێرلەندا بووە ناوکی فیرقەی دبلن لە سوپای کۆمار.

لەگەڵ سەرهەڵدانی شەڕ، کۆنۆڵی زیاتر پابەند بوو بە پێکهێنانی یاخیبوون لە دژی دەسەڵاتی بەریتانیا لە ئێرلەندە؛ وردە وردە لە ڕێکخەر و موبەلیغی کارەوە گۆڕابوو بۆ فەرماندەی سەربازی و تیۆریست. لە ناوەڕاستی مانگی یەکی ساڵی ١٩١٦ لەگەڵ ئەنجومەنی سەربازی ئیخوانی کۆمارییەکانی ئێرلەندا ڕێککەوتن بۆ ئەوەی لە جەژنی ئیستەری داهاتوو لە یاخیبوونێکدا هاوکاری بکات. بەمجۆرە پەیوەندی بە ئەنجومەنەکەوە کرد و ڕۆژێک پێش ڕاپەڕین ئەندامەکانی وەک جێگری سەرۆکی کۆماری ئێرلەندا و فەرماندەی گشتی فیرقەی دبلن لە سوپای ئێرلەندەدا دەستنیشانیان کرد.

کۆنۆلی لە کاتی یاخیبوونەکەدا خۆی سەلماند کە کاریگەرترین و ئیلهامبەخشترین سەرکردە یاخیبووەکانە. لە ڕۆژی دووشەممەی جەژنی ئیستەر، ٢٤ی نیسان، سەرکردایەتی کەتیبەی بارەگای لە هۆڵی ئازادییەوە تا پۆستەخانەی گشتی و فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی ئەویێ کرد کە بە درێژایی هەفتەکە – سەرپەرشتی دروستکردنی بەرگرییەکان،

دیـاریکردن و ڕێکخسـتنی سـتراتیژی، بانگهێشـتکردنی هێـزی بەهێـزکەر و بڕیـاردان لەسـەر بەڕێـوەبردنی هێزەکـانی کـرد. ئەوەی کە تەنها نۆ خۆبەخش لە گارنیۆنی پۆستەخانە لە کاتی شـەڕەکەدا گیانیـان لەدەسـتداوە، شـایەدی بەهرەکـانییەتی. ئەو خۆی مەترسی بەردەوامی لەگەڵ سەلامەتی خۆیدا دەکرد بەڵام تەنـانەت دوای ئەوەی لە ٢٧ی نیسـاندا بە سـەختی بریندار بـوو، وەک پاتریک پیرس وتی "هێشتا مێشکی ڕێنمایی تێکۆشانمانە."

نیـوەڕۆی ڕۆژی شـەممە ٢٩ی نیسـان، کۆنـۆڵی پشـتگیری لە بۆچوونی زۆرینەی سەرکردەکان کرد کە دەبێ خۆیان ڕادەست بـکەن چـونکە 'بەرگەی نەدەگـرت کـوڕە ئازاکـانی ببینـێ کەوا دەسـووتێن. چاوەڕوانییەکەی ئەوە بـوو کە ڕێکخەرانـی ڕایسـین تەقەیـان لـێ بکرێت و ئەوانـی دیکە ئـازاد بکـرێن. پاشـان لە ژێـر چـاودێری سـەربازیدا، کۆنـۆڵی گواسـترایەوە بـۆ نەخۆشـخانەی خاچی سوور لە قەڵای دبلن و چەند کاتژمێرێک دواتـر فەرمـانی تەسـلیمبوونی پیرسـی لەبـری سـوپای هـاوولاتی ئێرلەنـدا واژۆ کرد. لەوێ دادگـای سـەربازیی کـرا، لە سـەر جێگاکەی خـۆی، لە ٩ی ئایـاردا. لە دادگاییکردنیدا ئەم کورتە لێدوانە دەستنووسـەی خـوارەوەی خوێنـدەوە کە دەڵێـت (بە بـاوەڕبوون بەوەی کە حکومەتی بەریتانیا هیچ مافێکی لە ئێرلەندە نییە، هـیچ مـافێکی لە ئێرلەنـدە نەبـووە و هەرگیـز ناشـتوانێت هـیچ مـافێکی لە ئێرلەنـدە هەبێت، بـوونی هەر نەوەیەکـی ئێرلەنـدی، تەنـانەت کەمینەیەکـی بەڕێـزیش بێـت، ئامـادەیە بمرێـت بـۆ دووپـاتکردنەوەی ئەوە ڕاسـتییەی کە حکومەت هەمیشـە ئامـادەی دەستبەسـەرداگرتن و تـاوان ئەنجامـدانە لەدژی پێشـکەوتنی مـرۆڤ . مـن وەک خـۆم سوپاسـی خـودا دەکەم کە ژیـاوم تـا ئەو ڕۆژە ببینم کە هەزاران

ئێرلەندی و کوڕ و سەدان ژن و کچ، ئامادە بوون ئەو ڕاستییە دووپات بکەنەوە، و ئەگەر پێویست بوو بە ژیانی خۆیان شایەدی ئەوە بدەن.)

لە کاتێکدا بەهار دەگۆڕا بۆ هاوین، شارێک کە هێشتا لەگەڵ مردن و لەناوچوونی ڕاپەڕینی جەژنی ئیستەردا کۆدەبووەوە، ناچار دەکرا خوێنڕشتنی زیاتر قبوڵ بکات. سەرەڕای برینە سەختەکانی، لە ١٢ی ئایاری ١٩١٦ کۆنۆڵی بە ئامبولانسی سەربازی گواسترایەوە بۆ کیلماینهام گاول، لەوێوە بۆ حەوشەی زیندانێک و پاشان بە کورسییەکەوە بەسترایەوە و لەلایەن سوپای بەریتانیاوە بە دەستڕێژی تەقە ئیعدامکرا. ئەمەش تورەیی زۆرێک لە خەڵکی ئێرلەندا و سەرانسەری جیهانی بەدوای خۆیدا هێنا. مەرگی کۆنۆڵی بە دڵنیاییەوە بووە مایەی پەژارە و خەم بۆ خەڵکی ئێرلەندە. تەرمی کۆنۆڵی (لەگەڵ تەرمی یاخیبووەکانی تر) بەبێ تابووت خرانە ناو گۆڕێکی بەکۆمەڵەوە. لەسێدارەدانی یاخیبووان، زۆرینەی دانیشتوانی ئێرلەندی زۆر تورە کرد کە زۆربەیان لە کاتی یاخیبوونەکەدا هیچ پشتیوانییەکیان نیشان نەدابوو. بەڵام ئەوە لەسێدارەدانی کۆنۆڵی بوو کە زۆرترین مشتومڕی لێکەوتەوە. مێژوونووسان ئاماژەیان بە شێوازی لەسێدارەدانی کۆنۆڵی و یاخیبووانی هاوشێوەکانیان کردووە، هاوکات لەگەڵ کردەوەکانیان، وەک هۆکارێک کە بووەتە هۆی هۆشیاری گشتی بۆ خواست و ئامانجەکانیان و پاڵپشتی بۆ ئەو بزووتنەوەیەی کە گیانیان لەپێناودا بەخشی. ئەوە مردنی سەرکردەکانیان و بە تایبەتی کۆنۆڵی بوو کە بڵێسەی کۆماریخوازی ئێرلەندی لە سەرانسەری ئەم دوورگەیەدا هەڵگیرساند و یاخیبوونێکی جەماوەری

دەستپێکرد و لە کۆتاییدا بووە هۆی دروستکردنی کۆماری ئێرلەندا. لە نێو هەموو ئەو لەسێدارەدانانەی کە لە کاتی سەرهەڵدانی جەژنی ئیستەری ساڵی ١٩١٦دا ئەنجامدراون، هیچیان هێندەی لەسێدارەدانی جەیمس کۆنۆڵی تورەیی گشتییان نەوروژاند.

هەرچەندە لەلایەن زۆرێک لە مێژوونووسانەوە بە ئێرلەندییەکی ناسیونالیست دادەنرا، بەڵام کۆنۆڵی باوەڕی بە پشتگوێخستنی دابەشکارییە چینایەتییەکان نەبوو بەناوی ناسیۆنالیزمەوە. ئەو پێیوابوو کە ئیرلەندا ناتوانێت ئازاد بێت تا چینی کرێکاری ئێرلەندی ئازاد نەبێت.

لە پاش ئیعدامکردنی کۆنۆڵی، ڕۆژنامەنووسی کێری لیام ماکگابان(٥) لە ساڵی ١٩٣٣دا کتێبی شیعری جەیمس کۆنۆڵی نووسی، ماکگابان کە لە ساڵی ١٩٠٨ لە دوورگەی ڤالێنسیا لەدایکبووە، ئەو پارچە ورووژێنەرەی لە ڕوانگەی سەربازێکەوە نووسیوە کە لە پرۆسەی ئیعدامکردنەکەدا فەرمانی پێکرابوو کە تەقە لە کۆنۆڵی بکات.

لە ساڵی ١٩١٦ فەوجێکی وێڵزی کە لە ڕێگای بەرەو سەنگەرەکانی پێشەوەی ڕۆژئاوادا بوو، وەک یەدەگێک بۆ ئەو سەربازانەی کە هەوڵیان دەدا یاخیبوونەکە لە دبلن لەناو ببەن، ماکگابان چیرۆکێکی بیست سەبارەت بە سەربازێکی گەنج، کوڕی کرێکارێکی کانەبەردەکانی وێڵز، کە بەشێک بوو لەو فەوجە و لە تیمی تەقەکردندا بوو بۆ لەسێدارەدانی کۆنۆلی دانراکرابوو و بەو هۆیەشەوە هەستی بە تاوانباری و پەشیمانی و شەرمەزارییەکی تەواو کردبوو.

له دوای ئەو کـاره ترسـناکه ئەم سـەربازه ویڵـزییه که نـاوی نەهێنـراوه، شـوێنپێی بێـوەژن و منـداڵەکانی کۆنـۆڵی کەوت تـا داوای لێبوردنیان لێ بکات. وەک دواتر بیری هێنایەوه، به لیلی (٦)وت:

"من کرێکاری کانەکانم. باوکم کرێکاری کانەکان بوو، باپیرمیش کرێکـاری کانەکـان بـوو. ئەوان زۆر سـەرقاڵی سـەندیکای کرێکـاران بـوون. ئێسـتا چـۆن و به چ ڕوویەکەوه بتـوانم بگەڕێمەوه ماڵەوه؟ ئەوان لەبارەی جەیمس کۆنۆڵییەوه دەزانن تەنانەت ئەگەر منیش نەبووبام. من." به مۆڵەت نەچوومەتەوه ماڵەوه، ناتوانم بگەڕێمەوه ماڵەوه، من ڕاستییەکه دەدرکێنم و ئیتر دەزانن من جەیمس کۆنۆڵیم کوشتووه. ئۆی خوایه، ئاخر بۆچی من هەڵبژێردرام بۆ کوشتنی پیاوێکی ئاوا؟"

لیلی وەڵامی دایەوه: جەیمس کۆنۆڵی پێشتر لێت خۆش بووه. ئەو تێگەیشت بوو که تۆ ناچار کراویت، دەیزانی که تۆ تەنها کوڕی کریکارێکی ئەو چینەیت."

ماکگابان ئەم سەربازه ویڵزییه بێناوەی وەک دەنگی شیعرەکەی وەرگرت که به پەشیمانییەکی زۆرەوه بیر له بەشداریکردنی له لەسێدارەدانی کۆنۆڵی دەکاتەوه.

***ئەو پیاوەی ئەمڕۆ هێنایان بۆ ناو گۆڕەپانی سەربازگەکه***

***بەر دەستڕێژی گولله درا***

***منی سەرباز هیچ شانازی بەوەوه ناکەم بڵێم***

ئێمە لەوێ کوشتمان؛
لە نەخۆشخانەی زیندانەوە هێنابوویان؛
بۆ ئەوەی لەسەر ئەو کورسییەی ئیعدامە ببینم
وای بۆ دەچووم زەردەخەنەکەی لەدوورەوە بانگی
پیاوێک بکات بۆ نزا.
ڕەنگە نەتوانین لەم شتە بگەین
کە وا لە ئەم یاخیبووانە دەکات؛ بمرن لەپێناویدا؛
بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەموو شتەکان ئازادییان خۆشدەوێت و
ئاسمانیش ڕەنگی بەهاری لێنیشتبوو
پێم وایە جارێکی تر ئەم کارە ناجوورە دووپات ناکەمەوە
بۆ هەموو ئەوشتانەی کە دەستییان پێوە دەگرم ئەوەیە
سێرەی تفەنگەکەم لەسەر سینگی ئەو لابەرم- بەڵام دوواجار
من جگە لە سەربازێک؛ هیچیتر نیم
دەڵێن کە ئەویش میهرەبان و جیاواز بوو،
وەکو ئەوانی تر؛
عاشقێکی هەژاران بوو؛ و هەموو فیشەکەکان لە میانی،
برینەکانی و جلەشڕەکانییەوە دەیپێکا،
ئەوپێش ئێمە گەیشتبوو، قارەمانانە ڕووبەڕوومان بووەوە،
ئەو ئازارێکی قووڵتری دەناسی وەک لە لێدان یان گوللە

*لێرە جیهان دەستی پێکرد؛ ئەو جەسوورانە مرد؟*

*ئامادە..ئامادە.. ئەویش هەر پێدەکەنێ خوا گیان*

*هەستم کرد تفەنگەکەی دەستم دەلەرزی*

*برینەکانی کرابوونەوە و بە دەوری کورسی ئیعدامەکەدا*

*یەکپارچە گۆمی خوێن بوو؛*

*سوێند دەخۆم لێوەکانی دەیانگوت 'بیتەقێنە!' وەختێ هەموو بەر لە*

*تفەنگەکەی من دەستیان پێوە نابوو*

*نیشان لێگرتنەکەم بەجۆرێک بوو*

*وەک ئەوەی من هەڵبژێردرابم بۆ کوشتنی پیاوێکی وا!*

ئەمڕۆ جەیمس کۆنۆڵی وەک یەکێک لە پاڵەوانە گەورەکانی ئێرلەندا دادەنرێت. سۆشیالیستێکی شۆڕشگێڕ و سەندیکالیستێکی بەرگریکەر بوو کە ژیانی خۆی نەک تەنها بۆ دۆزی ڕزگاری ئێرلەندا، بەڵکو بۆ سۆسیالیزمی نێودەوڵەتیش تەرخان کرد. ئەو نەک تەنها ئیلهامبەخش بوو بۆ نەریتی کۆماری و سۆسیالیستی لە ئێرلەندا، بەڵکو ئیلهامبەخش بوو بۆ سەرجەم بزووتنەوە دژە کۆلۆنیالیزم و دژە ئیمپریالیستەکان لە سەرانسەری جیهان. لە مێژووی بزووتنەوەی چینی کرێکاری جیهانیدا پێویستە جەیمس کۆنۆڵی وەک پاڵەوان و گەشمردەیەک لەبیر نەکەین کە خەباتی بۆ گەیشتن بە بیروباوەڕەکانی خۆی کردووە.

ئەمڕۆ پەیکەرێکی جەیمس کۆنۆڵی لە ناوەندی شاری دبلن بە شانازییەوە دانراوە. هەروەها نەقشێکی مسیی کە جاڕنامەی کۆماری ئێرلەندەیە ئەویش لە پەنجەرەی بارەگای پۆستەخانەی گشتیدا دانراوە، کە کۆنۆڵی لە ماوەی چوار ڕۆژی چارەنووسسازدا لە نیسانی ١٩١٦دا ڕاشکاوانە هەڵوێستی خۆی بۆ ئازادی نەتەوەکەی و چینی کرێکار لەو جاڕنامەیەدا دەربڕیوە.

بەم قسەیەی کۆتایی پێدێنم کە دەڵێت ( شۆڕش تەنیا کاتێک بەدی دێت کە خەڵکی ئاسایی جیهان، ئێمەی چینی کرێکار، هەستینە سەر پێ و ئەوەی بە حەق هی خۆمانە، وەریبگرینەوە.)

## ژێدەرەکان وەرگێڕی کوردی ئامادەی کردوون:

(١)ڕێکخـــراوی کرێکـــارانی پیشەســـازی جیهـــان (IWW) ڕێکخراوێکی نێونەتەوەیی کرێکارانە و لە شیکاگۆ لەساڵی ١٩٠٥ دامەزراوە. ئەم ڕێکخراوە گۆڤارێک دەردەکات بەناوی(کرێکارانی پێشەسازی)یەوە. شایانی باسە ئەم ڕێکخراوە تەمەنی ١١٧ ساڵە و تا ئێستا لە خەبات بەردەوامە.

(٢)ســلین ڕۆبەرتــس (١٨٧١ – ١٩٣٠) نووســەر و مامۆســتا و شاعیری سۆشیالیستی و نوێنەری حیزبی کار بوو لەو بڕگە زەمەنییەی ئەو تیایدا ژیا. شایانی باسە ڕۆبەرتس دوو کتێبی شــیعر و کتێبێکــی ڕۆمــان و کتێبێــک نووســین و دوو کتێبــی وەرگێرانی بڵاو بوونەتەوە.

(٣)جەیمــس لارکــین (١٨٧٤ – ١٩٤٧) سۆشــیالیت و رابەرێکــی بـــزووتنەوەی کرێکـــاریی بـــوو. جەیمـــس یەکێـــک بـــوو لە دامەزرێنەرانــی حیزبــی کرێکــارانی ئێرلەنــدە و تەواوی ژیــانی تەرخــان کــرد بــۆ سۆشــیالیزم و بــزووتنەوەی کرێکــاریی. ئەم ڕابەرە لینین ئاوا وسفی دەکات (قسەکەرێکی بەتوانایە وپیاوێکە وزەی لەبڕاننەهــاتووی هەیە بــۆ خولقانــدنی مــوعجیزە لەنێــو کرێکاراندا.)

(٤)ئیســـتەر: فیســـتیڤاڵێکی مەســـیحی و پشـــوویەکی کلتـــووری خۆرئاوایە.

(٥)کێـــــری لیـــــام ماکگابـــــان (١٩٠٨ – ١٩٧٩) شـــــاعیر و ڕۆژنامەنووسی ئێرلەندی و سەرنووسـەری ڕۆژنـامەی خەڵک و گۆڤاری ئاریش تایم بوو.

(٦)لیلـــی: هاوســـەری جەیمـــس کۆنـــۆڵی، ڕابەری بـــزووتنەوەی کرێکاری ئێرلەندی بوو.


سەرچاوە:

https://teifidancer-teifidancer.blogspot.com/2017/05/james-connolly-working-class-hero.html?spref=fb&fbclid=IwAR1-hSAjn3x-Hu2NrZGfuyzryCQQ04Qf5qzlnbXOmhevLJwH1HtsiYLcXX4

تێبینی: ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی ڕەوت ژمارە ٢٦ ی ساڵی ٢٠٢٣ بڵاوبۆتەوە.

# ویلیام مۆریس؛ شاعیر و ڕۆماننووس

# بۆچی من کەسێکی سۆشیالیستم؟



پۆستکردنی: پاوڵ هاڵسۆڵ(*) لە ١٩٩٦ و پیاچوونەوەی ٢٠٢١

(لە ئینگلیزییەوە)

ویلیام مۆریس (١٨٣٤-١٨٩٦)،ی شاعیر و هونەرمەند هەر لە سەرەتای بزوتنەوەی سۆسیال دیموکراسی ئینگلیزیدا بەشدار و هەڵسوڕاو بووە. لە ساڵی ١٨٨٣ پەیوەندی بە فیدراسیۆنی سۆسیال دیموکراتەوە کردووە، بەڵام، دوای ململانێ لەگەڵ دامەزرێنەری گروپەکە هێنری هایندمان، گروپێکی تری تایبەت بەخۆی بە ناوی (یەکێتیی سۆسیالیستی)یەوە دادەمەزرێنێت.

لە ویلیام مۆریسەوە چۆن بووم بە سۆشیالیست؟(١)

لەلایەن ئامادەکاری کتێبەکەوە(٢) داوای ئەوەم لێکرا جۆرێک لە مێژووی ئەو گۆڕانکارییەی سەرەوە بخەمەڕوو، کە هەست دەکەم ئەنجامدانی ئەو کارە ڕەنگە سوودی خۆی هەبێت، ئەگەر خوێنەرانم وەک هەندێک کەسی گروپێکی دیاریکراو سەیرم بکەن. بەڵام ئەمە ئەوەندە ئاسان نییە کەوا بە ڕوونی و کورت و بەڕاستی ئەنجامی بدرێت. بەڵام با هەوڵ بدەم. سەرەتا دەڵێم مەبەستم لە سۆسیالیست بوون چییە وەختێ کە وتم وشەکە چیتر بە دڵنیاییەوە گوزارشت لەوە ناکات کە دە ساڵ لەمەوبەر کردوویەتی. باشە ئەوەی من مەبەستمە لە سۆشیالیزم، بارودۆخی کۆمەڵگەیە کە نە دەوڵەمەند و نە هەژار، نە وەستا و نە کارفەرما، نە بێکار و نە کاری لەڕادەبەدەر، نە مێشکی لاواز، نە دەست و دڵی نەخۆش، بە یەک وشە ، هەموو مرۆڤەکان تیایدا لە بارودۆخێکی یەکساندا بژین و کاروبارەکانیان بەبێ بەفیڕۆدان بەڕێوەبەرن و بە هۆشیاریی تەواوەوە کە زیان گەیاندن بە مرۆڤ بە مانای زیان گەیاندن بە هەمووان بێت و لە کۆتاییشدا درککردنە بە مانای سامانی هاوبەش.

ئێستا ئەم تێڕوانینەم بۆ سۆشیالیزم کە ئەمڕۆ هەڵگریم و هیوادارم هەر بەو باوەڕەشەوە دوا هەناسە بدەم، ئەوەیە کە من لێوەی دەستم پێکردووە؛ من هیچ قۆناغێکی ئینتقالیم نەبووە، مەگەر ڕەنگە بە قۆناغێکی وا کورتی ڕادیکالیزمی سیاسی ناوی ببەیت کە لەم ماوەیەدا بیروبۆچوونی خۆمم بە ڕادەیەکی پێویست ڕوون بینی، بەڵام هیچ هیوایەکم بە هیچ وەدیهێنانێکی نەبوو. ئەوەش چەند مانگێک پێش ئەوەی بچمە فیدراسیۆنی دیموکراتی (ئەوکات) کۆتایی هات. مانای پەیوەستبوونیشم بەو ئۆرگانەوە ئەوە بوو کە هیوایەکم بۆ بەدیهێنانی بیر وبۆچوونەکەم هەبوو. ئەگەر لێم بپرسیت چەند هیوات هەبوو، یان چۆنم بیر دەکردەوە وەختێ ئێمەی سۆشیالیستەکان ئەو کاتە دەژین و کار دەکەین و چی بەدەست دەهێنین، یان کاتێک کاریگەری هەر گۆڕانکارییەک لە ڕووخساری کۆمەڵگەدا بەدیار دەکەوێت؟ دەبێت بڵێم، نازانم. تەنها دەتوانم ئەوە بڵێم کە نە هیوای خۆمم پێوانە کرد و نە ئەو خۆشییەی کە لەو کاتەدا هەمبوو.

پێش ڕابوونی سۆسیالیزمی مۆدێرن؛ نزیکەی زۆربەی هەرە زۆری مرۆڤە ڕۆشنبیرەکان یان تەواو بە شارستانییەتی ئەم سەدەیە ڕازی بوون، یان وا خۆیان نیشان دەدا کە ڕازین.. دیسانەوە، نزیکەی زۆربەی هەرە زۆری ئەمانە بەڕاستی بەم شێوەیە ڕازی بوون، و هیچیان نەدەبینی بیکەن جگە لە باشترکردنی ئەو شارستانییەتە نەبێت ئەویش بە قورتاربوون لە پاشماوە بێماناکانی سەردەمی بەربەری. بە کورتی، ئەمە چوارچێوەی سروشتی بیرکردنەوەی ویگ بوو،(٣) بۆ پیاوە خانەدانەکانی چینی ناوەڕاستی مۆدێرن، ئەوانەی کە لە ڕاستیدا

تا ئەو شوێنەی پەیوەندی بە پێشکەوتنی میکانیکییەوە هەیە، هیچیان نییە داوای بکەن، ئەگەر تەنها سۆسیالیزم لێیان بگەڕێت بۆ چێژوەرگرتن لەو شێوازەی کە هەیانە.

بەڵام جگە لەم کەسە قایلبەخشانە، کەسانی دیکەش هەبوون کە بەڕاستی قایل نەبوون، بەڵام هەستێکی شاراوەیان هەبوو لە ڕق لێبوونەوە لە سەرکەوتنی شارستانییەت، بەڵام بەهۆی هێزی بێئەندازەی ویگەرییەکانەوە ناچارکرابوون بێدەنگ بن. لە کۆتاییدا چەند کەسێک هەبوون کە لە یاخیبوونی ئاشکرادا بوون لە دژی ویگەری ئاماژەپێکراو- چەند کەسێک، بڵێین دوو کەس، کارلایل و ڕوسکین.(٤) ئەمەی دووەمیان،مەبەستم ڕۆسکینە پێش ڕۆژانی سۆشیالیزمی پراکتیکیم، مامۆستای من بوو بەرەو ئەو باوەڕەی کە پێشتر باسمان کرد. بەهەرحاڵ بەئاوڕدانەوە لە ڕابردوو ناتوانم خۆم بپارێزم لەوەی بڵێم، بیست ساڵ لەمەوبەر جیهان چەندە سست و خاو و کوشندە دەبوو ئەگەر ڕوسکین نەبووایە. من لە ڕێگەی ئەوەوە بوو فێربووم شێواز بە نیگەرانییەکانم بدەم، دەبێ ئەوەش بڵێم بە هیچ شێوەیەک نیگەران نەبووم. جگە لە ئارەزووی بەرهەمهێنانی شتی جوان، خولیای سەرەکی ژیانم ڕق و کینە بوو لە شارستانییەتی مۆدێرن. ئەی ئێستا چی بڵێم، کاتێک وشەکان دەخرێنە نێو دەم و ئومێدمەوە و چیبڵێم سەبارەت بە جێگرتنەوەی بە سۆسیالیزم؟

ئەی چی بڵێم سەبارەت بە باڵادەستی و بەفیڕۆدانی هێزی میکانیکی و بە سامانی هاوبەشی هەژار و بە دوژمنە دەوڵەمەندەکانی سامانی هاوبەش و بە ڕێکخستنە

سەرســـورِهێنەرەکەی لەپێنـــاو بەشـــمەینەتترکردنی ژیـــان! و ســووکایەتیکردن بە چێـژە سـادەکان کە هەمـووان دەیـانتوانی چێژیان لێ وەربگرن گەر گەمژە نەبوونایە.؟ بەقسەی ناشرین و بێ چاوی وا کە هونەری لەناوبردووە، ئەو قسانەی یەک دڵنیایی کارکردنی تێدا نییە؟ هەموو ئەمانەم ئەو کات وەک ئێستا هەست پێدەکرد، بەڵام نەمدەزانی بۆ وا بووە. ئومێد هەڵچنین لەسـەر رِابـردوو کـاتی بەسـەرچووە، خەبـاتی مرۆڤـایەتی بـۆ چەنـدین سەدە جگە لەم سەرلێشێواوییە بێکەڵک و بێ ئامانج و ناشرینە هیچی دیکەی بەرهەم نەهێناوە. من وای دەبینم داهاتووی نزیک پێدەچێت و ئەگەری زۆرە هەمـوو قێزوەنەکـانی ئێسـتا دووقـات بکاتەوە لە میانی قورتاربوون لەدوایین رِۆژەکان، پێش ئەوەی کە قێزوەنە کەڵەکەبووەکەی شارستانییەت لەسەر جیهان جێگیر بێـت. ئەمە بەرِاسـتی چـاودێرێکی خـراپ بـوو، و ئەگەر بکرێـت وەک کەسـایەتییەک باسـی خـۆم بـکەم و نەک وەک جۆرێـک، بە تـایبەت بۆ پیـاوێکی وەکـو مـن کە بێبـاک لە میتافیزیـک و ئـایین، هەروەهـا لە شـیکاری زانسـتی، بەڵام لەگەڵ خۆشەویسـتییەکی قـووڵ بـۆ زەوی و ژیـانی سـەر زەوی و خولیـای مێـژووی رِابردووی مرۆڤایەتیم. بیری لێ بکەرەوە! ئایا هەموو ئەمانە بۆ کۆتایی هاتن بەو ماڵەی لە ژماردنی کۆمەڵێک پشکۆی نزیک لە مەرسەمەوە نییە، تا لیژنەی ویگ کە شامپانیا بۆ دەوڵەمەندەکان و مارگارین بە هەژاران بە رِێژەیەکی گونجاو دابەش دەکرد، وا بکـات کە هەمـوو پیاوەکـان پێکەوە رِازی بـن، هەرچەنـدە چێـژی چاوەکان لە جیهان نەمابوو و جێگەی هۆمەریش دەبوو هاکسلی بیگـرێتەوە؟ بەڵام بـاوەرِم پـێ بـکەن، لە دڵەوە دەڵـێم، کاتێـک بەرِاستی خۆمم ناچار کرد سەیری داهـاتوو بکەم، ئەوەم تێدا

بینــی، کە تــا ئەو جێــیەی دەتــوانم بڵــێم بە دەگــمەن کەســێک پێدەچوو شایانی ئەوە بێت کە خەبات بکات دژی تەواوبـوونێکی لەو شـێوەیە لە شارسـتانییەت. بـۆیە لەوێـدا مـن لە کۆتـاییيەکی وردی ڕەشبینانەی ژیاندا بووم، بە جۆرێک بۆم دەرکەوت کە لە نێوان ئەم هەموو قێزەوەنییەی شارستانییەتدا تۆوی دەرفەتێکی مەزن، ئەوەی ئـێمەی دیـکە پێـی دەڵێـین شۆڕشـی کـۆمەڵایەتی، دەســـتی بە شـــێنبوون کـــردووە. ڕووی هەمـــوو شـــتەکان بەو دۆزینەوەیە بۆ من گۆڕا و تەنها شتێک کە ئەو کاتە دەبوو بیکەم بۆ ئەوەی ببمە سۆسیالیست، ئەوە بوو کە خۆم بە بزووتنەوەی پراکتیکییەوە ببەستمەوە، کە وەک پێشتر وتم هەوڵمدا و توانیشم ئەو کارە بکەم.(٦)

## تێبینییەکان:

(١)ویلیــام مــۆریس (١٨٣٤-١٨٩٦)،ی شــاعیر و ڕۆمــاننووس و وەرگێـڕ و هونەرمەنـدی سۆشیالیسـتی ئینگلیـزییە. قۆناغەکـانی خوێندنی لە مارلبۆڕۆ و ئۆکسفۆرد تەواو کردووە. ساڵی ١٨٥٦ گۆڤاری ئۆکسفۆرد و کامبرج دادەمەزرێنێت. ئەم نووسەرە گەلێ بەرهەمی شیعر و چیرۆک و وەرگێرانی بڵاوکردۆتەوە. مۆریس بەوپێیەی کە کەسایەتییەکی سۆشیالیستی بەهێز و گرنگ بوو لە بەریتانیــا، ســاڵی ١٨٨٤ ڕێکخــراوی (یەکێتیــی سۆشیالیســتی) دادەمەزرێنێت و سـاڵەکانی کۆتـایی ژیانیشـی تەرخـان کـرد بـۆ ڕۆژنامەی ( کیلمسکوت) کە لە ساڵی ١٨٩١ دایمەزراند.

(٢)مەبەست کتێبی سەرچاوەی مێژووی مۆدێرنە.

(٣)ویک؛  به ئەندامی حیزبی ڕیفۆرم و دەستووری بەریتانیی دەوترا کە دواتر لە سەدەی نۆزدە حیزبی لیبڕاڵ جێی گرتەوە.

(٤)تۆماس کارلایڵ (١٧٩٥ – ١٨٨١) و جان ڕوسکین (١٨١٩ – ١٩٠٠) دو ڕووخساری ناسراوی ئەدەبیی بەریتانی بوون.

(٥)سامانی هاوبەش ؛ کۆمۆنویڵس ؛ دەستەواژەیەکە گوزارشت کە یەکگرتنی سیاسیانەی نێوان نزیک بە ٥٦ دەوڵەتی سەر بە ئیمپڕاتۆریەتی بەریتانی دەکات.

(٦)پرۆژەی کتێبی سەرچاوەی مێژووی ئینتەرنێت دەکەوێتە بەشی مێژووی زانکۆی فۆردهام لە نیویۆرک. کتێبی سەرچاوەی سەدەی ناوەڕاستی ئینتەرنێت، و پێکهاتەکانی تری سەدەی ناوەڕاستی پرۆژەکە، لە سەنتەری زانکۆی فۆردهام بۆ لێکۆڵینەوەکانی سەدەی ناوەڕاست دانراون  بەشداری زانکۆی فۆردهام، بەشی مێژووی زانکۆی فۆردهام و سەنتەری فۆردهام بۆ لێکۆڵینەوەکانی سەدەی ناوەڕاست لە دابینکردنی شوێنی وێبدا دەناسێت و پشتگیری سێرڤەر بۆ پرۆژەکە  پرۆژەیەکی سەربەخۆیە لە زانکۆی فۆردهام. هەرچەندە هەوڵدەدات هەموو یاسا کارپێکراوەکانی مافی چاپکردن پەیڕەو بکات، بەڵام زانکۆی فۆردهام خاوەنی دامەزراوەیی نییە، و بەرپرسیار نییە لە ئەنجامی هەر ڕێوشوێنێکی یاساییدا.

(*)پۆڵ هالساڵ ئابی ١٩٩٧ دا دەنووسێت: ئەم دەقە بەشێکە لە کتێبی سەرچاوەی مێژووی مۆدێرن ئینتەرنێت. کتێبی سەرچاوە کۆمەڵێک دەقی گشتی و ڕێگەپێدراوی کۆپییە بۆ پۆلەکانی

ئاستی ناساندن لە مێژووی مۆدێرن و ئەوروپا و جیهاندا.مەگەر بە پێچەوانەوە ئاماژە نەکرێت فۆڕمی ئەلیکترۆنی تایبەتی بەڵگەنامەکە مافی چاپکردنە. مۆڵەت دەدرێت بۆ کۆپیکردنی ئەلیکترۆنی و دابەشکردن بە شێوەی چاپکراو بۆ مەبەستی پەروەردەیی و بەکارهێنانی کەسی. ئەگەر بەڵگەنامەکەت دووبارە کردەوە، سەرچاوەکە دیاری بکە. هیچ مۆڵەتێک بۆ بەکارهێنانی بازرگانی کتێبی سەرچاوە نادرێت.

**سەرچاوە:**

کتێبی سەرچاوەی مێژووی مۆدێرن لە ویلیام مۆریسەوە، چۆن بووم بە سۆسیالیست (لەندەن: چاپخانەی سەدەی بیستەم، ١٨٩٦)، ل ٩، ١١-١٣.

Modern History Sourcebook

From William Morris, *How I Became a Socialist* (London: Twentieth Century Press Ltd., 1896), pp. 9, 1113.

https://sourcebooks.fordham.edu/mod/1884morris.asp

# بۆچی ئەدەبی کرێکاریی جێی بایەخە؟

نووسینی: شێری لنکۆن(١)

(لە ئینگلیزییەوە)

پێ بە پێی پەرەسەندنی دیاردەی بێکاری و خزینی زۆرێک لە چینی ناوەڕاستەوە بۆ نێو چینی کرێکار، لەئەنجامی لەدەستدانی جێ و شوێنی ئابوورییانەوە، چینی کرێکار پانوپۆڕتر دەبێ و ئاستی بێزاریشی دەچێتە سەر. بۆیە لە ڕووی ژمارە و لەڕووی ئومێد بە دواڕۆژێکی ڕووناک وا لە چینی کرێکار دەکەن کە لە هەموو کات زیاتر جێی بایەخ بێ. جا ڕەنگە لە هەموو کات زیاتر ئەمریکییەکان لەنێو توێژە جیاجیاکانی چینە کۆمەڵایەتییەکانەوە هۆکارێکی دروستیان لەبەردەستدا بێ بۆ تێگەیشتن لە فەرهەنگ و ئەزموونی چینی کرێکار. بەپێی گۆشە و ستوونە ڕۆژنامەوانییەکانی ئەم دواییانە کە دەربارەی چیرۆکەکانی کرێکارانن لە فیلم و تەلەفیزیۆنەکان، ڕوونی دەکەنەوە کە فەرهەنگی باو و زاڵی نێو کۆمەڵگە زۆربەی کات پشت بە گێڕانەوەی ئاسایی دەبەستێت سەبارەت بە نەهامەتییەکانی ژیان کە سەرکۆنەی خەڵکی هەژار و چینی کرێکار دەکەن. ئەگەر بمانەوێ لە فەرهەنگی چینی کرێکار بگەین، پێویستیمان بە چیرۆکی باشتر هەیە، چیرۆکگەلێک کە بتوانن ڕەنگدانەوەی هەقیقەتە ئاڵۆزەکانی ژیانی چینایەتی کرێکاران بن. ئەدەبی کرێکاریی ڕێک هەر ئەو چیرۆکانەمان بۆ دەگێڕێتەوە. دەقە ئەدەبییەکان، لەو شیعرانەی کە باس لە بوون بە بەردەست و کارگوزاریی دەکەن، تا ئەو ڕۆمانانەی کە کاریگەری کۆمەڵایەتی درێژماوەیان هەیە بەسەر ناپیشەسازیبوونی وڵات، تا ئەو یادەوەرییانەی کە باس لەگەشە و نما دەکەن لە نێو خانەوادە کرێکارییەکان، زۆرترین کاریگەریی و ئیلهام وەرگرتن لە ژیانی چینی کرێکارەوە فەراهەم دەکەن. بەبێ وەلانانی خەباتی ئابووری دژ بە هەلومەرجی مەینەتبار، دژ بە خانەوادە

بێبەرهەمەکـان،دژ بە قەرزە سـنووردارەکان، ئەدەبـی کرێکـاریی توانــا فەرهەنگییەکــانی چینــی کرێکارمــان بیــر دێنێــتەوە لە گاڵتەئــامێزی و دەســتپاکی و کــاری جیــددی و پەیوەنــدییە کۆمەڵایەتییە توونـدوتۆڵەکان. ڕۆشـنبیرانی چینی کرێکار تیشـک دەخەنە سـەر ئەو کتێبە تـازە و لەیـادچووانە و ئەو چۆنـایەتییە هاوبەشــە دەدۆزنەوە کە پێناســەی ئەدەبــی کرێکــاریی وەک ژانرێـک دەکەن. لە کاتێکـدا هاوکارەکانمـان ئەوانەی لە ئەدەبـی ژنـان و لە ئەدەبـی میلیـی دەکـۆڵنەوە چەنـد دەیەیە سـەرقاڵی شـرۆڤەی ئەدەبی گـروپە کلتوورییەکـانن، گەیشـتوون بەوەی کە لێکۆڵینەوەکانی ئەدەبی کرێکاریی تازە وا لە دەست پێکردن دایە. لەکاتێکدا چەندین لێکۆڵینەوە سـەبارەت بە ڕۆمـانی پرۆلیتاریـای نووســراو لە دەیەی ســییەکانی ســەدەی ڕابــردوو، لە دەیەی شەســتەکان نووســران و بڵاوکــرانەوە. لێکــۆڵینەوەی ئەدەبــی کرێکاریی لە ڕاسـتیدا لەگەڵ وتـاری پـاوڵ لەوتەر(٢) کە لە سـاڵی ١٩٨٢ نووسـراوە سـەبارەت بەئەدەبیـاتی ژنـانی کرێکـار، دەسـت پێــدەکات. لەپـاڵ ئەم پۆلێنبەنــدییانەش،لێکۆڵینەوەکانی ئەدەبــی کرێکــــاریی هێزێکــــی گەورە لە میــــانی ئەنتۆلۆجییەکــــان و بەرچــــاوترین ئەو کتێبــــانەی کە جەنێــــت زەنــــدی لە دەیەی نەوەدەکان سـەرپەرشتی کـردوون و بـڵاو بـوونەتەوە، دەسـتەبەر دەکــــات. لەوانە (پەیوەنــــدیکردن بە مــــاڵەوە)و (ئــــازادکردنی یـادەوەری)(٣). یەکەمـین ئەنتۆلۆجیـای گشـتی ئەدەبی کرێکـاریی ئەمریکیی تەنها چەند سـاڵێک لەمەوبەر هـاتە وەشـاندن ( ئەمەش هەر زەنــــدی لەگەڵ نیــــک کــــۆڵس پــــێکەوە سەرپەرشــــتیان کردووە)(٤). کارەکەیان ناساندنی سنوورەکانی ئەو مەیدانەیە. لە هەمـان کاتـدا ئەو سـنوورانە بەلەبەرچـاوگرتنی پێویسـتخوازی

لەگەڵ تێکچڕژانی شوناسی کلتووری فراوانتر دەبنەوە. زۆرێک لەوانەی دەست و پەنجەیان لەگەڵ لێکۆڵینەوەکانی ئەدەبی کرێکاریی نەرم کردووە، لێکۆڵینەوەیان لەسەر ژنان و میللەت و کێشەی پەیوەندییەکانی سێکشوالّتی و شوناسی جێندەریش ئەنجام داوە. بۆیە ئێمە زۆر باش لە گرفتەکانی ئیدعای ئەوەی تەنها خەڵکانێک ئەو کەسانەی کە جۆرێک شارەزایی تایبەتییان هەیە، دەسەلاّتی ئەوەیان هەیە بنووسن یان ڕەخنەی ئەدەبی دەربارەی ئەو شارەزاییە بنووسن، تێدەگەین. ئێمە بینیمان کە چۆن گواستنەوە لە ئەدەبی ژنانەوە بۆ ڕەخنەی ئەدەبیی فیمینیزم ڕێچکەیەکی نوێی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کە نوێنەرایەتی جێندەر و سێکشوالّتی دەکات، هێناوەتە ئاراوە. دوای بینینی ئاراستە بەرهەمدارەکان کە ئەم گواستنەوەیە سەپۆرتی دەکرد، ڕۆشنبیرانی ئەدەبی کرێکاریی کەوتنە بەرەنگاربوونەوەی بنیادنانی پێناسە بەرتەسکەکان. لەبری ئەوە ئێمە دەمانەوێ لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکانی چینی کرێکار کرانەوەیەکی هاوشێوەی لەوجۆرە دەستەبەر بکات.

بە دڵنیاییەوە خودی ئەزموون و گۆشەنیگای نووسەر جێی سەرنجن، بەلاّم ئێمە بایەخی ئەم نوێنەراتییەی کلتووری چینی کرێکار لەلایەن نووسەرانێکەوە کەسەر بە پاشخانێکی نوخبەیین، بەفەرمی دەناسین. کورتەڕۆمانی (نۆڤڵێتی) "ژیان لەنێو ئاسیاوە ئاسنینەکە" (٥)لە نووسینی ڕێبێکا هاردینگ دایڤز، لەوانەیە بەربلاوترین نموونەی لێکۆڵینەوە بێ. ڕۆشنبیرانی ئەدەبی کرێکاریی مشتومڕێکی درێژیان لەسەر ئەوە بوو کە چۆن ئەو چیرۆکەی ڕێبێکا کە دەربارەی پەناهەندەیی کرێکارانی ئاسنە و لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم نووسیویەتی لێکبدەنەوە، بەلاّم

ئاراستەی نووسەر لە وێناکردنی ژیانی چینی کرێکار و نیشاندانی هاوسۆزی بۆ کرێکاران هێندە ڕوونە، هەتا تەنانەت بۆ ئەوانەشی کە تێبینی ئەوەیان کردوو کە چیرۆکەکە بەهۆی گۆشەنیگای ژنێکی سپی پێستی چینی ناوەڕاستەوە تا ڕادەیەک سنووردارە، لە کاتێکدا ئامانجی نووسەر خستنەڕووی ژیانی چینی کرێکارە و هەروەها سۆز دەربڕین بۆ کرێکاران بە ڕوونی تیایدا ڕەنگی داوەتەوە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئایا ئێمە نۆڤلێتی (ژیان لە نێو ئاسیاوە ئاسنینەکە) وەک ئەدەبی کرێکاریی هەڵدەبژێرین یان نا،خودی ئەو نۆڤلێتە لە چەندین ئەنتۆلۆجی بڵاو کراوەتەوە و بە بەربڵاویش خوێنراوەتەوە و شیکراوەتەوە. بەڵێ بە لەبەرچاوگرتنی جێوشوێنی چینایەتی نووسەرەکەی جێگای سەرنجە. بۆ خۆلادان لە پێویستخوازی، ڕۆشنبیرانی ئەدەبی چینی کرێکار جەغدیان لەسەر وەسفی چۆنایەتی دەقەکانی ئەدەبی کرێکاریی کردۆتەوە، نەک ڕێنمایی سنوورەکان کە ئەوە دیاری دەکات کە کێ بۆی هەیە بینووسێت. جەنێت زەندی و پاوڵ لەوتەر و ڕینیی کریستۆفەر و کارۆلین وایتسن و ولیەم دی جێنارۆ (٦) سەر بەو بەرەیە بوون کە چۆنایەتییەکانیان ناساند کە وا لە دەق دەکات ببێ بە دەقی کرێکاریی. جەغدکردنە سەر کار، نوێنەرایەتی وردی ماتریاڵ و هەلومەرجی ژیانی کۆمەڵایەتی و چالاکیی کلتووریی چینی کرێکار، بەرەنگاربوونەوەی وجودی بونیادی دەسەڵات، ڕەتکردنەوە یان ڕەخنە لە گێڕانەوەی ستاندارتی جووڵاوی ڕوو لەسەری چینی ناوەڕاستی و تاد. تەنانەت وەک جەغدیان لەسەر وەسفی چۆنایەتی ئەدەبی کرێکاریی دەکردەوە، ئەو ڕۆشنبیرانە ئەو بیرۆکەیان پێبەخشین کە بتوانین پرسیارەکانمان

چوارچێوەیەکی ڕەخنەیی دەربارەی هەموو لقەکانی ئەدەب لە خۆ بگرێ.

گرفتێکی ئاڵۆزی تر لە لێکۆڵینەوەکانی ئەدەبی کرێکاریی یەکتربڕینە وەک بە فەرمی ناسینی ئەو نووسەر و خوێنەر و کارەکتەرانەی کە فرە شوناسن. ئێمە لانی کەم یەک ڕەگەز، یەک جێندەر، یەک سێکشوالّتی، یەک میللەت، و یەک چینمان هەیە. ئەزموون و گۆشەنیگاکانمان بە هۆی هەموو ئەم پۆلینبەندانەوە شێوەی گرتووە نەک بەهۆی دانەیەکیان. ئەدەبی کرێکارییش ڕەنگدانەوەی یەکتربڕەکانی نێو ئەم پۆلینبەندییەن نەک تەنها بیرۆکەیەک بن دەربارەی چینێکی کۆمەڵایەتی. تۆ وای دابنێ هەندێ کتێب بە بەرفراوانی لێی کۆڵدراوەتەوە وەک (دەقە کلاسیکییەکانی کرێکارییەکان). ڕۆمانی (یۆنۆندیۆ) ی تیلی ئۆڵسن و ڕۆمانی (مەسیح لە کۆنسێرتدا) ی پیترۆ دی دۆناتۆ یان ڕۆمانی (زۆڵێکی دەرەوەی کالیفۆڕنیا)(٧)ی دۆرۆسی ئالیسن، هەر یەک لەم ڕۆمانانە لەلایەن خانە جیاوازەکانی لێکۆڵینەوەی کلتووری ئیدیعای پۆلینبەندییان بۆکراوە وەک ئەدەبی ژنان و ئەدەبی میللی و ئەدەبی پەیوەندی سێکشوالّی وشوناسی جێندەر ناوزەدکراون، بەڵام هەریەکەش نوێنەرایەتی کلتووری چینی کرێکار دەکەن و بە چاویلکەی چینی کرێکارەوە دەڕوانن کە توانای نیشاندانی تێژبینی گرنگیان هەیە کە بۆ ڕۆشنبیران بووە بە جێگایەکی ئاسایی بۆ داننان و ململانێ لەگەڵ کاتیگۆرە فرە کلتوورییەکان کە لە دەقە ئەدەبییەکاندا نمایش دەکرێن. لەڕاستیدا بۆ دیاریکردنی هەر دەقێک کە سەر بە یەک کاتیگۆری بێت کۆنەپارێز و بێمانا دێتە پێشچاو. ئەمەش یەکێکە لە وانەکانی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کرێکاریی کە لە

لێکۆڵینەوە کلتوورییەکانی ترەوە دەستەبەری دەکات. ئێمە لە مەترسی بەفەرز وەرگرتن لەوەی کە هەموو کەسێک سەر بە هەر گرووپێک بێت وەکو یەکن،تێدەگەین. بەدڵنیاییەوە چینی کرێکار هەمەچەشنە، بەڵام لێکۆڵینەوەکانی ئەدەبی کرێکاریی هەروا بە ئاسانی دان بە فرە شوناسی کلتووری نووسەرانی کرێکاریی دا نانێن. ئەمە هەر ئاوا نییە وەک زەندی دەنووسێ" ئەدەبی کرێکاریی ئەدەبی نادیدە نییە"، بەڵکو لێکۆڵینەوەکانی ئەدەبی کرێکاریی ئامرازێک دەخەنە بەردەست بۆ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەزەکانی چینایەتی لە دەقدا کە بە پلەی یەکەم وەک نمایشی میللی و جێندەر دەخوێنرێنەوە.ڕۆشنبیرانی ئەدەبی کرێکاریی وەک میشێل تۆکارزکی و مایکڵ فازیۆ و چەندانی تر کەوتنە دووبارە تاقیکردنەوەی ئەو دەقانەی کە بوونەتە بەشێک لە بناغەی ئەدەبی میللیی و ژنان،بەمەش پرسیارگەلێکی نوێیان وروژاند دەربارەی ئەوەی کە چۆن چینی کۆمەڵایەتی خەریکی نمایشە لەکاری نووسەرانێکی وەک مەکسین هۆنگ کینگستن و تۆنی مۆریسن و شێرمان ئالێکسی. لێکۆڵینەوەکانی ئەدەبی کرێکاریی تازە وا دەست پێدەکات. لە دوو دەیەدا، بووارەکە لە هەڵکەندنی چاڵی مەرگی دەقە کرێکارییەکانی نووسەرانی سێ سەدەی ڕابردوو گواسترایەوە بۆ گەشەسەندنی لەهەرکات زیاتری تێگەیشتنێکی ئاڵۆز لە بەهای چینی کۆمەڵایەتی وەک ئامڕازی ڕەخنە بۆ وەرگێرانی سەرجەم جۆرەکانی ئەدەب.بۆچی هەموو ئەمانە جێی سەرنجی هەر کەسێکن تەنها ڕۆشنبیرانی ئەدەبیی نەبێ؟ لەبەر ئەوەی ئەدەب ئەو چیرۆکانەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە دەربارەی ژیانی چینی کرێکارن و هەر بە چاوی چینی کرێکاریشەوە بینراون، لەبەر

ئەوەی لێکۆڵینەوەکانی ئەدەبی کرێکاریی یارمەتیمان دەدەن تێبگەین کە چۆن ڕەخنەگرانە سەبارەت بە نوێنەرایەتی چینی کرێکار بیر بکەینەوە بێئەوەی کێشە بێت کە کێ خوڵقاندوویەتی. لەبەر ئەوەی چیرۆکەکان جێی سەرنجن. لەبەر ئەوەی چینی کۆمەڵایەتی جێی سەرنجە.

تێبینییەکان وەرگێڕ ئامادەی کردوون:

(١)شێری لنکۆن: شیری لی لنکۆن پرۆفیسۆری زمان و بەڕێوەبەری پرۆگرامی نووسینە لە زانکۆی جۆرج تاون لە ئەمریکا. لە بوارەکانی نووسین و لێکۆڵینەوەی ڕەخنەییدا چالاک و پڕ بەرهەم بووە و چەندین وتار و کتێبی لەسەر زمان و نووسینی ئەدەبیی کرێکاریی بڵاو کردۆتەوە.

(٢)پاوڵ لەوتەر: ئەم وتارەی لەوتەر لە گۆڤاری (وەزرنامەی لێکۆڵینەوەکانی ژنان) ساڵی ١٩٨٢ هاتە بڵاوکردنەوە. شایانی باسە ئەم گۆڤارە لەلایەن ڕۆژنامەی فیمینست پریسەوە لە زانکۆی نیویۆرک بڵاو دەکرێتەوە.

(٣)پەیوەندیکردن بە ماڵەوە ئەنتۆلۆجیای ژنانی نووسەری کرێکارییە لە ئەمریکا و ئازادکردنی یادەوەریش بریتییە لە شوناس و هۆشیاری و مافی بڕیاردان لەسەر چارەنووسی خۆیان لەلایەن کرێکارانەوە.

(٤)ئەم ئەنتۆلۆجیایە یەکێکە لە گەورەترین ئەنتۆلۆجیای ئەدەبی کرێکاریی ئەمەریکیی کە زیاتر لە ٣٠٠ دەقی ئەدەبی لەخۆ

دەگرێـــت. ئەنتۆلۆجیـــاکە ٩٦٠ لاپەڕەیەو ســـاڵی ٢٠٠٦ لەلایەن دەزگای چاپی زانکۆی ئۆکسفۆردەوە چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

(٥)ژیان لەنێو ئاسیاوە ئاسنینەکە: کورتە نۆڤلێتێکە (یانیش کورتە چیــرۆکێکە) لە نووســـینی ژنە نووســـەری ئەمریکیـــی ڕێبێکـــا هاردینـگ دەیڤســـەوە لە ســـاڵی ١٨٦١ دا نووســـراوە و بـــاس لە واقعی ژیانی کرێکارانی پیشەسازی سەدەی نۆزدەهەم دەکات لە ئەمریکا.

(٦)ئەم نووســـــەرانە هەریەک بەپێـــــی توانـــــا لە نووســـــین و کتێبەکانیاندا لەسەر ژیان و واقعی خەباتی کرێکاران و هەروەها بەرهەمە ئەدەبییەکـانی کرێکارانیـان نووسـیوە و لێکۆڵینەوەیـان ئەنجام داوە.

(٧)ئەو سێ ڕۆمانە دەربارەی ژیان و تێکۆشانی بەشمەینەتانەی ئینسانە دژ بە هەلومەرجی زاڵمانەی کۆمەڵگەی بۆرژوازی.

سەرچاوە:

شێری لنکۆن مەڵبەندی لێکۆڵینەوەی کرێکاریی

Centre for Working – Class Studies

سایتی working – Class Perspective

٢٢ی شوباتی ٢٠١٠

# مێژووی شانۆی کەنەدی

نووسینی: ئینسایکلۆپیدیای شانۆی کەنەدی

(لە ئینگلیزییەوە)


## یەکەمین شانۆ

نەیتیڤەکان، خەڵکە ڕەسەنەکانی کەنەدا، دراما و نەریتە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکانیان وەکو بەشێک لە بۆنە و ئاهەنگەکانیان، بە سەدان ساڵ پێش هاتنی ئەوروپییەکان بۆ کەناری جیهانی نوێ، نمایش کردووە. لە ڕاستیدا ئەوەی کە ئەمڕۆ وەک شانۆی خەڵکە ڕەسەنەکان ئەیبینین، چەشنی شانۆگەرییەکانی تۆمسۆن هایوەی، زۆرجار پشت بە میتۆلۆژی یان ئەفسانەناسی نەیتیڤەکان دەبەستێ.

## شانۆی ئەوروپییە بەراییەکان

مێژوونووسی شانۆیی دەیڤد گراندەر لەو باوەڕەدایە کە شانۆی ئەوروپی، لەگەڵ هامفرەی گیلبێرت و "گروپێکی بچووکی ئەکتەرە ئیمائییەکان"، (١) لەساڵی ١٥٨٣دا هاتۆتە کەنەدا. پێشتریش بەرهەمهێنانی مارک لێسکاربۆرد بۆ شانۆی نیبتۆن لە فەرەنسای نوێ، لە چواردەی تشرینی دووەمی ١٦٠٦ و سامۆیڵ دی چامپلەین لە پۆرت ڕۆیەڵ (کە ئێستا نۆڤەسکۆشیایە)، یانەیەکی کۆمەڵایەتییان دامەزراند لەژێر ناوی مەدالیای بەختەوەری. ئەمەش لەمیانەی فەرمانێکەوە بوو کە لێسکابۆرد سەرگەرمییەکانی خۆی نیشان دەدا کەلەلایەن ئەندامانی دەوڵەتە ژێردەستەکانی فەرەنساوە نمایش ئەکران و ڕووخساری خۆیان دەگۆڕی بەجۆرێک وەکوو ڕووخساری خەڵکە ڕەسەنەکان و زیندەوەرە ئەفسانەکان دەردەکەوتن. ئامانج لەو کارە، ئاهەنگی

گەڕانــەوەی دامەزرێنەرانــی دەوڵەتــە ژێردەســتەکان بــوو لــە گەشتێکی مەترسیدار. شوێنی دەوڵـەتی ژێردەست و بەرهـەمەکە لـە سـاڵی ١٦٠٧ جێهێڵـدرا و هـیچ ئاماژەیـەک سـەبارەت بـە هـیچ چالاکییــەکی شــانۆیی نــەبوو تــا ســاڵی ١٦٤٠. کــە زیــاتر وا دەردەکـەوێ کـە سـەرگەرمی بێباکانـە، ڕەنگدانـەوەی بەشـێکی ژیانی ئیمپریالیستییانە بوو.



باڵەخانـەی نیبتۆن لـە شـاری کوبێک لـە سـەدەی هەژدەهـەم کـە شـوێنی کۆبوونـەوە بـوو و وەکـو ڤینۆسـە شـانۆییەکانی بـەرایی کەنەدا خزمەتی دەکرد.

لە ئەرشیفی نەتەوایەتییەوە وەرگیراوە.

## کلاسیکە نوێیەکانی جیهانی نوێ

مەحاڵە لە وڵاتی کەنەدا بەچاکی گەشەی درامای زمانی ئینگلیزی و فەرەنسـی بەتـەواوەتی لێـک جودابکرێنـەوە کـە ترادیسـیۆنی شـانۆییان وەکـوو یەکـە. لەهەنـدێ حاڵەتـدا شـانۆگەرییە ئینگلیزییەکـە بـە زمـانی فەرەنسـی نمـایش کـراوە و بەپێچەوانەشەوە، کە تا ئەمڕۆش ئەم دۆخە لە شانۆی کەنەدی هەر بەردەوامە. ئەوەی بەڕەهایی بتوانرێ بوترێ ئەوەیە کە ئەو نووسـەرانەی لەسـەرەتادا کاریگـەریان هـەبووە لـە بـەریتانیا و فەرەنسـا، گاریگەریشـیان بەسـەر شـانۆی بـەرایی کەنـەداوە هەبووە. ئەوانیش بەتایبەتی بریتیبوون لە مۆلێر و شەکسپیر و هـەروەها پییر کۆرنی و جان راسین. ستایڵە ئەدەبییەکانیشیان هـەر بەو جۆرە بوو کە لە دراما بەراییەکانی کەنەدا ڕەنگیان داوەتـەوە. بـۆ نموونـە داسـتانی قارەمـانێتی لـە ئیشـە سـەرەتاییەکاندا بـەرچاو دەکـەوێ کـە جـەنگی جـەنگاوەرانی ئیبراهیم بەنەمری نیشان ئەدا.


شتێکی تری ڕوونیش ئەوەیە کە شانۆی کەنەدی لە ئارەزووەوە لەدایکبووە، کە تا چەند دەیە لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتە ژێر دەسـتەکان، ئینجـا ئەکتـەرە پرۆفیشـناڵەکان لـە هـەر (٣٠) سـی دەوڵەتە ژێردەستەکانەوە گەیشتنە کەنەدا. ئەوکات ترادایسیۆنی نمایشـکردنی سـەرگەرمی و شـانۆیی دەوڵـەتی ژێـر دەسـتەی ئینگلیـزی و فەرەنسـی دامـەزرا. بەرهەمـە(کارە) سـەرەتاییەکان بەپانتایی هەردوو کۆمەڵگەکە نمایش دەکران، لە سەربازەوە تا دەگاتە بازرگان و سەوداچییەکان ڕۆڵیان تێدا بینیوە. بۆ نموونە لـە هالیفـاکس، گاریسـن چەنـد شـانۆگەرییەکی هـەبوو هەروەهـا

لەسەرەتای ساڵی ١٧٨٨ دا لەگەڵ شێردیان شانۆگەرییەکیان بەناوی قوتابخانە بۆ ئابڕووچوون نمایش کرد. ئەکتەرەکان ئەفسەر و کوڕ بوون کە ڕۆڵی ژنیان ئەبینی. گاریسن لە ساڵی ١٧٨٩ دا بوو بە خاوەنی هۆڵی شانۆیی و شانۆگەری بازرگانی ڤینیسیا وەک یەکەم کاریان لەو هۆڵە خستە بەر دیدی بینەران.

ڕابەرانی کڵێسا هەر زوو کەوتنە ڕێگە گرتن لە گەشەی شانۆ بە زمانی فەرەنسی لە خاکی نوێدا. ئەمەش ئایرۆنییە وەک قوتابخانەکان کە لەلایەن کڵێساکانەوە قۆرخ کرابوون، دەبوایە ئەو شانۆگەرییانە نمایش بکرێن کە بەشێک بوون لەبەرنامەی خوێندن و شێوازێک بوون بۆ نەپچڕان لەگەڵ دایکی خاک و زمان. کڵێساکان لە دەوڵەتە ژێردەستەکاندا زۆر بەهێزتر بوون وەک لەوەی لە ئەوروپا هەبوون. ڕابەرانی کڵێسا هیچ بەلایانەوە زەحمەت نەبوو نمایشەکانی مۆلێر قەدەغە بکەن بەتایبەتی لەو هێرشانەی کە لە شانۆگەری "دووڕوو"دا دەیکاتە سەر ڕابەرانی کڵێسا. لە ڕووداوێکی بەناوبانگ لە ١٦٩٣-١٦٩٤ دا حاکمی گشتی فرۆنتناک لەلایەن قەشەی ساینت ڤاڵیەرەوە بەرتیلی پێدرا بۆ قەدەغە کردنی نمایشی ئەم کارە ناوبانگ زڕاوە. کڵێسای ساینت ڤاڵیەر لە هەموو بوارەکاندا شانۆی قەدەغە کرد.

دوای داگیرکاری بەریتانییەکان، مۆلێر جارێکی تریش لەلایەن سەربازانی بەریتانیاوە بەزمانی فەرەنسی هاتەوە سەر شانۆی جیهانی نوێ. ئەمەش سەرەتایەک بوو بۆ کۆمەڵە شانۆییەکان ببینرێ کە سەربازان و خەڵکی سیڤیل پێکەوە کار دەکەن بۆ سەرکەوتنی بەرهەمەکانیان. لە دەیەی هەشتاکانی سەدەی هەژدەهەم، لە کەنەدا دوو گروپ(کۆمەڵە)، تیپی ئالن بۆ کاری

کۆمیدی و تیپی لاوە کەنەدییەکان نمایشی شانۆییان ئەنجام ئەدا. (٢)هەردوو لاشیان مۆلیێریان نمایش دەکرد و هەروەها تیپی ئالّن جگە لە مۆلیێر، شەکسپیریشیان نیشان دەدا. لە وەرزی نمایشی ١٧٨٩-١٧٩٠ دا، ئەم دوو گروپە کاتەکانیان لەنێوان خۆیاندا ڕێکخستبوو.



*هۆڵی ئۆپرای نوێ لە شاری داوسن لە ئەرشیفی "یۆکن"ەوە وەرگیراوە*

## بنیادنانی هۆڵەکانی شانۆ

کلێساکانی پرۆتستانت و کاسۆلیک بەهیچ شێوەیەک پشتیوانیان لە شانۆ نەدەکرد. ئەوان هۆڵەکانی شانۆیان دەشوبهاند بەوەی کە بۆ بەدڕەوشتی بنیاد نراون. بەڵام لە ناوەڕاست و ئەتلەنتیکی کەنەدا، شانۆ لەهەر جێگایەک بواری بۆ بڕەخسایە نمایش دەکرا وەکوو مەیخانەکان و بەگشتیش هەر پیاوان ڕۆڵیان تێدا دەگێڕا. لە هالیفاکس سەربازەکان هۆڵێکی نوێی شانۆیان بنیاد نا و لە ساڵی ١٧٨٩ بە نمایشکردنی شانۆگەری بازرگانی ڤینیسیای شەکسپیر کرایەوە. هەر زوو دوای ئەوەش شارلەتاون هۆڵی شانۆیی تێدا کرایەوە و دوای ئەوانیش لە شاری سەین جۆنز هۆڵێکی تر کرایەوە.

یەکەمین باڵەخانەی تایبەت بە نمایشی کاری هونەری لە ناوەڕاستی کەنەدا لە هۆڵی شانۆی پاشایەتی بوو لە شاری مۆنتریاڵ و هەروەها هۆڵی پاشایەتی سێرک - کە هەر زوو ناوەکەی گۆڕا و بوو بە هۆڵی شانۆی پاشایەتی - لە شاری کوبێک ( هەردووکیان لەساڵی ١٨٢٥ دا دامەزران). هاوکات تیپە هونەرییە کۆچەرییەکان لە فەرەنسا کەوتنە دەرکەوتن و بەمەش کلێساکان زیاتر پەست و تووڕە دەبوون. لەگەڵ بنیادنانی سیستمی هێڵی شەمەندەفەر کە بووە هۆی گەشەکردنی زیاتر و زیاتری گەشتی تیپە هونەرییە بێگانەکان بۆ کەنەدا، جۆرێک لە کلتووری ئیمپریالیزم (جووتبوون لەگەڵ نوخبەی لووت بەرز) کە بەرەوپێشچوونی بەرچاوی کارەکتەری شانۆی نەتەوەیی بەهەڵواسراوی هێشتەوە.

## ستایڵی شانۆگەرییەکان

هاوکات لەگەڵ هاتنی هونەرمەندە ئەوروپییەکان، سیاسەتی ئەوروپیش دژایەتی دەکرا و هەر زوو کاریگەری ڕابەرانی کڵێسا لاواز بوو و زیاتریش لاواز بوو وەختێ شانۆ بووە ئامرازێکی سیاسی. ڕێک هەروەکوو بارودۆخی ئەوروپا، کە ئێستا لە سێ بەشی فراوان پۆلین کراوە، ئایین، پەروەردەیی، سیاسەت و سەرگەرمی. یەکەمین بەش لەسەر بەرفراوان بوونەوەی سیستمی قوتابخانە ئاینییە فەرەنسی زمانەکان بەردەوام بوو، بەتایبەتی لەنێوان مەسیحییەکان ( ئەوانەی بەردەوام بێباکانە لیبراڵترن لە فەرمانەکانی کاسۆلیک). درامای سیاسیش دیسانەوە لەنێو فەرەنسی زماندا لە شێوەی وتار هاتە مەیدان و لەسەر ڕووبەری ڕۆژنامە سیاسییەکان بڵاو دەبۆوە، هەندێجاریش لە شێوەی دراماتیکی بەو مانایەی کە لە کۆبوونەوەکاندا بەدەنگی بەرز دەخوێنرانەوە ( وەک خەمڵێنراوە ئەوکات سەدا پێنجی خەڵک خوێندەوارییان هەبووە). سەرگەرمیش لە ئەمریکاوە گەیشت و لەشێوەی گەشتی تیپەکان کە میلۆدراما و سێرکیان نمایش دەکرد وەکوو تیپی جۆن ب.ڕیکێتسی ئەمریکی کەلە شارەکانی مۆنتریاڵ و کوبێک لە ساڵەکانی ١٧٩٧ و ١٧٩٨ دا نمایشیان ئەنجامدا.

## شانۆنامەنووسەکان

ئەگەر نووسین بۆ ئەوانەی لە خوا سڵ ئەکەنەوە، بۆ سیاسییە فێڵبازەکان، یان بۆ جەماوەری بەربڵاو بنووسرێ، ئەوا دراماتیستە ناوخۆییەکان زۆر قەرزاری ئەوە بوون کە چییان بۆ ترادیسیۆنی ئەورووپی و ئینجیل نووسیوە. ئیلیزا لەینسفۆرد کوشینگ ئایەتە بەتاڵەکانی درامای کتێبی پیرۆز"ئەسسەر"ی لەساڵی ١٨٣٨ و ڕوحی چارڵس هێڤیسێگ لەساڵی ١٨٥٧ و داستانی نیشتمانی فلیکس پۆوترەی لویس فریشیت لە ساڵی ١٨٦٠ نووسی، بەڵام ناکۆکی سیاسی بەچاکی و بەزیندوویی بە زمانەکانی فەرەنسی و ئینگلیزی لە شانۆگەرییەکەی فریشیت بەناوی پاپینۆ و کارە ساتیرئامێزەکانی وەک درامای هەرێمی هیو سکۆبی بەناوی فشاری خێزان لە ساڵی ١٨٣٩دا، دیاربوون.

هەر زوو ئەکتەرە هەوەسکارەکان قایل نەبوون بە زەخیرەی کلاسیکی نوێ و دەستیان کرد بە تێکەڵبوونی زیاتر لەگەڵ نووسەرە خۆماڵییەکان. لەوماوەیەدا هیچ حاڵەتێکی بەرچاوی وا لەئارادا نەبووە، جگە لە فلیکس گابریاڵ مارچەند کە بوو بە سەرۆک وەزیرانی کوبێک لە نێوان ١٨٩٧- ١٩٠٠ ، کە بەناوبانگترین شانۆگەری ئەڵماسی ساختەی نووسی، کەلە دەیەی هەشتاکانی سەدەی نۆزدە لە شاری کوبێک بە سەرکەوتنێکی گەورەوە نمایش کراو و چەندین جاریش دووبارە کرایەوە. شەقامی کۆمیدیای فەرەنسی بۆ بینەرانی کوبێکیی خواستراو و بارهێنرابوو.

لەبەشی ئینگلیزی کەنەدا، لە کۆتایی دەیەی هەشتاکانی سەدەی نۆزدەهەم، گەلێ بابەتی جۆراوجۆر نمایشکران کە ڕاستەوخۆ

پەیوەست بوون بە بینەرانەوە. هەرچەندە چوون بۆ بینینی شانۆ تا ئەو کات چالاکییەکی نوخبەوی بوو(بە زۆری لە شاری کوبێک) شانۆگەرییەکان کەوتنە بایەخدان بە کەسایەتی و ڕووداوە ناوخۆییەکان لەچەشنی تیکۆمسییە و لەورا سیکۆرد و هەروەها جین ڕۆبەرڤاڵ. ولیەم ویلفرێد کامبڵ کە تا ئەوکاتیش زۆر بە توندی لەژێر گاریگەری شەکسپیر دابوو، شانۆگەری کۆشکی دۆلارد ئۆرمیکسی نووسی.

هەرچەندە بێگانەکان بەردەوام دەهاتن بۆ ئەوەی بە کەنەدییەکان نیشان بدەن کە چی پێویستە لەسەریان و " بەڕاستی دەبێ چیبکەن" و هەندێجار وەک بزوێنەرێک بۆ کارامە کردنی ناوخۆ ڕەفتاریان دەکرد. بۆ نموونە گەشتەکانی سارا بێرنهاردت لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم کە هەڵسوڕاوێک بوو بۆ دروست کردنی سیستەمی ئەستێرەی هونەر کە گەلێک کەسی هاندا دەست بدەنە قەڵەم کە پێشتر بیریان لە نووسین بۆ شانۆ نەکردبۆوە.

شانۆ تا ئەو کاتەش بەزۆری مەسەلەیەکی بەرز و جوان بوو لەگەڵ هەندێ جیاوازی سەرنجڕاکێش. ئاشووبە ڕەگەزپەرستەکەی ساڵی ١٨٦٠ لە ڤیکتۆریا، وەختێ ڕەشپێستەکان ڕێی خۆیان کردەوە بۆ دانیشتن لەسەر ئەو کورسییانەی کە بۆ سپی پێستەکان تەرخانکرابوو لە شانۆی ئیمپریالی ڤیکتۆریا.(بڕوانە بەڵگەنامە بایەخدارەکان – شانۆ لە ڤیکتۆریا ١٨٥٠) و نمایشکردنی های ڕیڤەر لە شاری ئەلبێرتا لە ١٩٠٢ کە بە هێلکە بارانی نمایشکەران کۆتایی هات. زۆر شتی سەیریش هەبوو وەکوو ئەوانەی کە کڵێساکان دەستییان

بەسەردا گرتبوو. قەشەکانی کوبێک کەوتنە سەرزەنشت کردنی "بێرنهاردت"، قەشەکانی ئۆنتاریۆش دەربارەی ئەو دیمەنانە دەدوان وەک ئەوەی کەلە ئەنجومەنەکاندا بینیبویان. ڕێڤ ج.پ.سیلیکۆکس لە ساڵی ١٨٨٣ دا دەڵێ: " بەهۆی قەومی "لوت"ەوە تەنانەت لەشەرماندا سوور هەڵگەڕان، وە گوێیەکانیشیان لەشەرماندا کەڕ بوون". سەرباری ئەم ژەهرانەش، نوخبەیەکی کۆمەڵایەتی وەکوو دەفرین خانم و ئێرڵ گرەی پشتیوانی شانۆیان کرد لە شێوەی پێشبڕکێی سەرگەرمی و چاودێریکردنەوە.

کۆتایی ساڵەکانی سەدەی نۆزدەهەم، شارەکانی سەرتاسەری کەنەدا پەرەسەندنی بنیادنانی هۆڵەکانی شانۆیان بەخۆوە بینی. لەنێوان سالانی ١٨٧٣-١٨٩٢ چل هۆڵی زیاتر لە هەزار کورسی کرانەوە. کە ئێستا بەهێڵی شەمەندەفەرەوە بەیەکترەوە بەستراونەتەوە. ئەم هۆڵانە مێوانداری بەرهەمی ئەو تیپانەیان دەکرد کە سێرک و بەتایبەتی سێرکی گەڕۆک کەلە شاری وینیپیگەوە دەستی پێکرد. هەروەها تیپە خۆجێیە پارەدارە پرۆفێشیناڵەکان لەشارەکانی وینیپیگ و ئێدمەنتۆن دامەزران. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا و لەشاری کوبێک شانۆگەرییە نمایش نەکراوەکان کەوتنە بلاو بوونەوە. لە ساڵی ١٨٦٨ وە تا ساڵی ١٩٠٠ سەد و شانزە شانۆگەری بلاو بوونەوە کە تەنها چل دانەیان نمایش کرابوون.



*ئاغایەک لەگەڵ خانم گرەی ئەچنە ناو هۆڵی شانۆ (ئەرشیفی نەتەوایەتی)*

## سەردەمی زێڕین

شانۆ لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم زۆر چالاک بوو. مێوانداری گەلێ ئەکتەر و تیپی بیانی و ناوخۆیی ئەکرد، ڕووردانی دوو جەنگی جیهانی و داهێنانی ڕادیۆ و تەلەفیزیۆن و ئینجا دەستیان کرد بە پێداگری لەسەر بینینی خۆیان لەسەر تەختەی شانۆکان. هەرچەندە هۆڵەکانی شانۆی کۆمیونیتییەکان لەسەرتاسەری وڵات خەریکی چالاکی نواندن بوون، بەلام زۆربەیان لەشێوەی بەرهەمهێنانی شانۆیی لەدەرەوە دەهێنران. بەلام هونەرمەندە شانۆییەکان وەکوو مەریل دانیسۆن لەسەر درامای ڕادیۆی کەنەدی و (دواتر تەلەفیزیۆن) کاری دەکرد و بۆ ئێوارانیش لە شانۆکانی کۆمیونیتی و زانکۆکان بە خۆڕایی و بێبەرامبەر نمایشی دەکرد وەکوو هۆڵی شانۆی هارت هاوس.

لـه شـانۆ و درامـای کۆمیونیتییـەکان پێشـبڕکێ هـەبوو وەکـوو فیسـتیڤاڵی درامـای دۆمینیـۆن کەشـانۆی کەنـەدی سـازی ئـەکرد لـەمیانی مەشـق و ڕاهێنـانی ئـەو ئەکتـەر و نووسـەرانەی کـە لـە تواناياندايـە سـەرکەون بـۆ پاڵـەوانێتی شـانۆیەکی بەڕاسـتی کەنـەدی. چالاکییـە شـانۆییەکان پرۆگرامـی درامـای لـە زانکۆکـان دارشـت و بەرهـەمی تیپـە شـانۆییە گەڕۆگـەکانیش کەوتنـە گەشـتکردن بـۆ مەڵبەنـدە بچووکـەکان بەتایبـەتی بـۆ مەڵبەنـدی ئیلیزابس ستێرلینگ هـاینس بۆ بەدەستهێنانی خـەڵاتی شـانۆیی ئیـدمنتۆن، هـەروەها خـەڵاتی ئیلیـزابس سـتێرلینگ هـاینس کـە بەخـەڵاتی سـتێرلینگ نـاونراوە، یەکێکـە لـە دامەزرێنـەرانی (مەڵبەندی بانف)ە بۆ هونەر.(٣)

مامۆستای شانۆ هارمان ڤۆدن ڕایگەیاند؛ "لەو بڕوایەدا بووە کە ئەوە ستایلێکی شانۆییە کە گوزارشتی لە ڕوحی کەنەدییەکانی بـاکوور و " سـەمفۆنیای دەربڕینخـوازی" کـردووە. هونەرمەندەکانی تریش بە ئاراستەی داهێنانی شانۆی ڕەسەن کەوتنە کارکردن. دۆرا ماڤۆر موور کۆمەڵگەی شانۆی نوێی لەگەڵ چەند شانۆنووس و ئەکتەری تردا دامەزراند وەک جۆن کۆڵتەر، لیستەر سننگلەر، ماڤۆر موور. وە هەروەها باوە پییر و ئیملی لیگاوتش تیپی دی سان لۆرانییان لەگەڵ جین گاسکۆن و دەنیس پیلیتیەر و جین لویس رۆکس، دامەزراند.

لـەو ماوەیـەی ئـەو دوو تیـپە و ئـەو تیپـانەی لـەوان و لەدەوروبەری ئەوانەوە لەدایک بوون وەک ڤیستیڤاڵی ستراتفۆرد (٤) و شانۆی دو موند نۆڤۆ، داهێنانی شانۆییان ئەنجام ئەدا، کارەکتەرێکی بچووک و نامۆ کە بەرگی کاندیانزی لەبەر بوو لە

مۆنتریاڵ موژدەی لەدایکبوونی جۆرێکی تری شانۆیدا. فریدۆڵین داهێنـەری گـراتین گلینـاس، منـداڵ خسـتنەوەی تیـک-کـۆک ،کـێ کۆمیـدیای کاندایینیسـی هێنایـە بـوون و..تـاد، شانۆنووسـەکانیش وەکوو مارسێڵ دوبێ فرانگۆیس لۆرانگەر، کە شـانۆگەرییەکانی لەوێدا نمایش کراون.



*دیمەنێک لە شانۆگەری مارش هەی لە فیستیڤاڵی شانۆیی لەساڵی* ١٩٩٦

## شانۆی هەرێمایەتی و شانۆی ئەلتەرناتیڤ

لـە کۆتـایی دەیـەی پـەنجاکان و شەسـتەکانی سـەدەی ڕابـردوو، شــانۆی هەرێمایـــەتی لـــە زۆربـــەی ناوەنـــدی شـــارەکان لەسەرتاسەری کەنەدا دامەزرا. ناوەندی شانۆی مانیتۆبا(١٩٥٨)، شـانۆی یـانە هونەرییەکـان ( ١٩٥٨)، شـانۆی نیپتـۆن ( ١٩٦٣)، هـۆڵی شـانۆی ڤـانکووڤەر ( ١٩٦٣)، شـانۆی سـتەیدڵ (١٩٦٥)،

شانۆی گلۆب (١٩٦٦)، شانۆی نیوبرۆنزویک ( ١٩٦٨)، شانۆی گالگەری ( ١٩٦٨). شانۆی ئەلتەرناتیڤ و ئەزموونگەری لەبەشی ئینگلیزی کەنەدا سەری هەڵدا. ۆرک شۆپی بەرهەمهێنان لە تۆرۆنتۆ (١٩٥٩)، شانۆی پاسی موریێل ( ١٩٦٨) و شانۆی فاکتری( ١٩٧٠)و لەبەشی فەرەنسی(گروپی کار) کە جەختیان لەسەر گەشەکردنی شانۆی کەنەدی و هەندێجاریش شێوازی دۆکیمێنتەری دەکردەوە و داهێنانی بەکۆمەڵیان ئەنجام دەدا.

لەسەدەمین ساڵیادی دروستبوونی کەنەدا، لە ساڵی ١٩٦٧ تەکانی زیاتر درا بۆ پشتیوانی نووسینی شانۆ و بەرهەمهێنان، لەوانە شانۆگەرییەکانی جۆرج ڕایگا، جەیمس ڕینەی و جۆن هاربێرت. ساڵی ١٩٦٨ شانۆگەرییە دوو پەردەییەکەی مایکڵ ترامبلی لەسەر شانۆی مۆنتریاڵ نمایشکرا، کەبووە هۆی پێشکەشکردنی جوال( دایەلێکتی (شێوە ئاخاوتنی) چینی کرێکاری کوبێک بوو) بە شانۆی کوبێک.

لەدەیەی حەفتاکان لەگەڵ بڕیاری گەشەپێدان و بەرەپێدانی شانۆی کەنەدی، گەلێ شانۆی بچووک بچووک هاتنە دەرکەوتن. شانۆی تاراگۆن کە بیل گلاسکۆ و جینی هاوژینی دایان مەزراندبوو، کەوتنە پشتیوانی کردنی نووسەرانی ئینديڤیجواڵ لە چەشنی دەیڤد فرێنچ، دەیڤد فریمان، مایکڵ ترێمبلەی بە وەرگێڕانی هەریەک لە( گلاسکۆ و جان ڤان بورک)، کارۆڵ بۆڵت، شارۆن پۆڵۆک، ئیریکا ڕیتەر، ئاڵن ستراتن، دودیس تۆمسن و جەیسن شێرمان. هەروەها لەساڵی ١٩٧١ جان گرەی و لاری لیللۆ شانۆی تەماهنۆسیان لەشاری ڤانکووڤەر دامەزراند. شانۆی ئازادی تۆرۆنتۆش دەستی کرد بە

بەرهەمهێنانی کارە ئەزموونگەرایییەکانی تۆم هێندری و مارتین کینچ و جان پالمەر و هەروەها ئەندراس تان و دەرچوانی تری زانکـۆی ساسـکاچوان، شـانۆی شـەقامی ٢٥یـان لەشـاری ساسکاتوون دامەزراند. ساڵی ١٩٧٢ لە هەرێمەکانی ماریتامیز هەریەک لە کـریس بـرووکس و لـین لونـد شـانۆی مەمەرتراوپسیان دامەزراند و ئینجا هەریەک لە ئێڤلین گاربەری، تۆم میللەر، سارا لی لویز شانۆی پەری دەریایان لە هەرێمی نۆڤاسکۆشیا دامەزراند کە شانۆیەکی ئیستعرازی جەماوەری بوو بۆ توێژی گەنج. هەر لە هەمان ساڵ لە هەرێمی ئەلبێرتا، دۆگلەس ڕیسک و لوسیل واگنەر پڕۆژەکانی شانۆی ئەلبێرتایان دامەزراند وەک شانۆیەک بۆ بینەری گەنج، کە دواتر گەشەی پێدرا بۆ شانۆیەکی هەرێمی گەشەسەندوو بۆ گەشەپێدان و بەرهەمهێنانی کاری نوێ لە میهرەجانی پلەی رایتس. لە شاری کالگەریش شانۆی پەمهاوس لە پاشماوەی شارەوانی پەمهاوسی مێژوویی هاتە دامەزراندن. ساڵی ١٩٧٣ لە مانیتۆبا، وۆرشۆپی شـانۆی مانیتۆبـا دامەزرا، کە دواتـر بـوو بە شـانۆی پیـریەر ئێسکسـچەینج و دەسـتی کـرد بە بەرهەمهێنـانی کـاری تـازە و میهرەجانی بلیسش لە وەرزی هاوین لە شارۆچکەیەکی ئۆنتاریۆ هاتە بەڕێوەبردن. لە ساڵی ١٩٧٤ و لە شاری برۆنزویک شانۆی جەمـاوەری ئەکەدیـا دامەزرا. سـاڵی دواتـر ژمـارەیەک تیپـی شـانۆیی هـاتنە دامەزرانـدن لەوانە شـانۆی ئەزمـوونگەری مۆنتریاڵ ( کەدواتر ناوەکەی گۆڕدرا بە شانۆی ئەزموونگەری نۆڤیۆ)، شـانۆی نێتـوۆرک، شـانۆی نـۆرترن لایت لە ئیدمنتۆن؛ شـانۆی بێلفـری لە ڤیکتۆریـا، شـانۆی کەنەدی مەزن لە ئۆتـاوا. شـانۆی کـاربۆن ١٤ لە مۆنتریـاڵ. سـاڵی ١٩٧٨ پێکهـاتنی گەلێ

شانۆی وەرزشی لە کالگەری، وۆرکشۆپی شانۆی ڕۆژئاوایی لە ئیدمۆنتۆن، شانۆی رایزینگ تاید لە ساین جان، شانۆی ناکای لە شاری وایت هۆرس بەخۆوە بینی.

شـــانۆی بـــزووتنەوە کـــۆمەڵایەتییە جەماوەرییەکـــان ڕۆڵێکـــی گرنگیان لەمێژووی شانۆی کەنەدی گێڕاوە بەجەغدکردنە سەر داگیرکردنـــی پانتـــایی هێـــزی کـــۆمەڵایەتی و سیاســـی شـــانۆی کەنەدی. ســاڵی ١٩٧٧ شــانۆی کاتالیســت لەلایەن ژمــارەیەک لە خوێندکارانی خوێندنی باڵای زانکۆی ئەلبێرتا هـاتە دامەزراندن. ســـاڵی ١٩٨٤ گراونـــد زیـــرۆ پرۆداکشـــن لەگەڵ کـــۆمەڵگە و ڕێکخراوە کرێکارییەکان، بەئامـانجی گۆڕینی کۆمەڵایەتی، کەوتە کـارکردن. سـاڵی ١٩٧٩ شـانۆی نـایتوود ژمـارەیەک شـانۆگەری ســـەبارەت بە پەروەنـــدەی بەهێـــزی فیمینیســـتی، چەشـــنی شانۆنامەی (هاوڕێ لە کاتی نارێک ئەجندای ناوازە)، بەرهەمهێنا.

بزووتنەوەی شـانۆی کەنەدی، سـەرکەوتنی جەمـاوەری گەورەی لەســاڵەکانی ١٩٧٨ و ١٩٧٩ لەسەرتاســەری کەنەدا بەدەســتهێنا. شانۆنامەی (بیلی بیشۆپ دچێت بۆ شەڕ) بە گەشتێکی نیشتمانی لەگەڵ ژمـارەیەک ئەکـتەر و داهێـنەر وەک جـان گـرەی، ئیریکـا پیتەرسن؛ لە ڕۆڵی ماگی و پییەر بەهێنانەپێشچاو و نواندنی لیندا گریفتس بە نیشاندانی چیرۆکی سەرۆک وەزیرانی کەنەدا ترودۆ و وەیـــواردی هاوســـەری، تـــوانی ســـەرنجی هەمـــوو جیهـــان ڕابکێشێت.

بەهـاتنی دەیەی هەشـتاکان، شـانۆنامەکانی جۆرج ف وۆڵـکەر و شـــارن پۆڵـــۆک لە سەرتاســـەری کەنەدا و دەرەوەی کەنەداش هاتنە نمایشکردن؛ وەک شانۆنامەکان نمایندەی ئەلتەرناتیڤی نوێ

بوون هەنگاویان نا بەرەو دامەزراندنی شانۆی هەرێمایەتی و هەروەها بەرەو شانۆی بەریتانی و ئەوروپی و ئەمریکی و دەرەوەی ئەوانەش. تیپەکانی وەکوو نێسیسەری ئەنجڵ ١٩٨١ و شانۆی ڕیپەیر ١٩٨٢ ئەزموونگەراییانە لەگەڵ بەرهەمهێنان لە شوێنە دۆزراوەکان بە شێوازی تازە و داهێنەرانەی شانۆ، کەوتنە کارکردن. ساڵی ١٩٨٦ دانیاڵ مەکلڤۆر لەڕێگەی شانۆنامەی دە دە کامیرا، توانی مەنەلۆگە نائاساییەکان و لوغزە سایکۆلۆژییەکان بخاتە بەرچاوی بینەر.

لە شارەکانی مۆنتریاڵ و تۆرۆنتۆ و ڤانکووڤەر، گەلێ شانۆی تایبەت بە گەشەپێدانی کاری کلتووره جیاوازەکانی دانیشتوانی کەنەدا پێکهێنرا؛ وەکوو وۆرکشۆپی شانۆی بلاک (١٩٧٢) و شانۆی تێسری دونیا ( ١٩٨١) و پڕۆژەی شانۆیی کاهووت ( ١٩٨٦) و تیپی شانۆیی ئۆبسیدیان(٢٠٠٠) و تیپی شانۆیی فوجینی ئاسیایی- کەنەدایی ( ٢٠٠٢) و شانۆی نیوۆرلد (١٩٩٤). هونەرمەندانی بەرچاوی شانۆی کەمایەتی، جیاوازی دراماییان لەمیانی گێرانەوەی چیرۆکەکانیان دەربارەی خەڵکە بنەڕەتی و موهاجیرەکان و کەشفکردنی کارتێکردن و پێکدادانیان لەگەڵ کۆمەڵگەی مەوجود، نیشان دەدا. شانۆی نەیتیڤەکانی کەنەداش دەگەنە جەماوەرێکی بەرین لەکەنەدا و دەرەوەی کەنەدا لەمیانی کارەکانی تۆمسن هایوەی، مۆنیکا مۆجیکا، دانیال دەیڤد مۆسس، درو هەیدن تایلەر،ماری کلێمێنتس، کێنت ویلیەمز، و زۆری تر.

بزووتنەوەی فرینج کە میهرەجانی ساڵانەی شانۆییە لە ئیدمنتۆن دامەزرا، وەک مۆڵگەی کەشەسەندی شانۆی نوێ کە هەموو هاوینێک لەسەرجەم شارەکانی کەنەدا، دێتە سازکردن.

له ساڵی ٢٠٢٠، شانۆی کەنەدی بەهۆی پەتای ڤایرۆسی کرۆناوە داڕووخا. کۆڤید ١٩ کەلە چینەوە سەریهەڵدا و بەخێرایی بەجیهاندا بڵاوبۆوە، بووە هۆی داخستنی شوێنە گشتییەکان وداخرانی شارەکان. بۆیە زۆرێک لە تیپە شانۆییەکان هەوڵیاندا بەرهەمەکانیان لەڕێگەی ئۆنلاینەوە نمایش بکەن بە ژمارەیەکی کەم لە ئەکتەر، یانیش بەهۆی پرۆگرامی زووم کە ئەکتەرەکان بەهۆی ئەنتەرنێتەوە پێکەوە لەڕایەڵەدان، نمایشەکانیان بخرێنە سەر سکرینی کۆمپیوتەرەکان. بەلاّم بەهۆی کێشەی داراییەوە، هونەرمەندانی شانۆیی بۆ ماوەیەک ڕووبەڕووی بێکاری بوونەوە.(٥)

## پەراوێزەکان وەرگێڕ ئامادەی کردوون:

(١)ئەکتەری ئیمائییەکان بەو هونەرمەند و ئەکتەرانە دەوترێت کە لەگەڵ هونەرمەندە هاوپیشەکانیان لەشوێنێکەوە دەچوون بۆ شوێنێکی تر یانیش نمایشی شانۆییان ئەنجام دەدا. ئەم ئەکتەرانە خۆشی لە جەژن و کار و نمایشی سەرشانۆ وەردەگرن کە زۆربەی کات نمایشەکەیان کۆمیدیین وەک ئاماژە بە ڕووداوێکی فاشل یان نالۆژیک یان دروستکراو.

(٢)ئەم تیپە لە شاری مۆنتریاڵ لە هەرێمی کوبێک لەساڵی ١٨١٧ دامەزرا. بەڕیوەبەری تیپەکە کاپتن جۆزیف بوو. یەکەم بەرهەمیان شانۆگەری گریگۆری وەڕسکەرە مەزنەکە و پاشان دەقێکی مۆلێریان نمایش کرد. پاشان گەلێ کاری ئیستیعرازییان ئەنجامدا. لەساڵی ١٧٨٩-١٧٩٠ تیپەکە دەچێتە شاری کوبێک و دوای چەندین شوێنی کاتی، لەساڵی ١٨٠٤ هۆڵی شانۆی پەتەگۆنیان وەک بارەگای تیپ دروست کرد.

(٣)مەڵبەندی بانف بۆ هونەر مەڵبەندێکی کەوتۆتە شاری بانف لە هەرێمی ئەلبێرتا و لەساڵی ١٩٣٣ لەلایەن زانکۆی ئەلبێرتاوە دامەزراوە. پرۆگرامە هونەرییەکانی وەکوو نمایش و شێوەکاری و میدیا و مۆسیقا و ئەدەب و ئەدەبی نەیتیڤ و  تیا دەخوێنرێت.

(٤)فیستیڤاڵی ستراتفۆرد، فیستیڤاڵێکی شانۆییە کە لەنێوان نیسان تا تشرینی یەکەمی هەموو ساڵێک لە شاری ستراتفۆرد لە هەرێمی ئۆنتاریۆ دێتە سازدان.

(٥)ئەم نووسینە لەڕاستیدا پڕە لە ناوی کەس و تیپ و شوێن و ڕووداو، کاتێک ویستم پەراوێزیان بۆ بنووسم، بینیم هەویرێکە و ئاو زۆر دەکێشێت. بۆیە جگە لەم دوو سێ پەراوێزەی سەروە، ئیتر وەکوو خۆی لێی گەڕام تا

ئەگەر خوێنەر ویستی زانیاری لەسەر هەر ناو و ڕووداو و تیپێک دەست بکەوێت، دەتوانێت لەڕێگەی گووگڵەوە ئەو کارە بکات.

سەرچاوەی ئەم نووسینە ئینسایکلۆپیدیای شانۆی کەنەدییە


http://www.canadiantheatre.com/dict.pl?term=History%20of%20Canadian%20Theatre

تێبینی: ئەم بابەتە لە گۆڤاری هانا ژمارە ٧ ی ساڵی ٢٠٢١ بڵاوبۆتەوە.

# ئایا دەکرێ دیموکراسی ئیسلامی هەبێت؟

نووسینی: دەیڤد بوکەی

(لە ئینگلیزییەوە)



ئایـا ئیسـلام و دیموکراسـی لەگەڵ یەکـدی دەگـونجێن؟ نووسـینگەلێکی زۆر بەڵـگەی ئەوەیـان دەهێنـایەوە کە ئیسـلام سـەرجەم بنەماکـانی دەوڵەت و کۆمەڵگـای مـۆدێرنی تێـدایە. زۆرێک لە ڕۆشنبیرانی ئیسلامی هەوڵی سەلماندنی ئەوەیان دەدا کە ئیسـلام بەهـای دیموکراسـی بەپیـرۆز دائەنـێ. بەڵام لەبـری بەدەسـتەوەگرتنی دیبەیـتەکە، زۆرجـار شـرۆڤە تایبەتییەکـانی خۆیـان بە ئامـاژە بە زاناکـانی خۆرئـاوا ئامـادە دەکەن، ئەوانەی خۆیان دەدەنە پاڵ ترادیسیۆنی ڕۆژهەڵاتناسی بۆ بیردۆزەکانی بیردۆززانـی ئەدەبـی و پۆلیمیسـتێکی وەک ئێـدوارد سـەعیدی کـۆچکردوو، بـۆ شـێواندنی بەڵگەکـان لەپێنـاو جێخسـتنی بیردۆزەکانیان. بەڵام ئەم هەوڵانە بۆ؟ بۆ شرۆڤەکارانی خۆرئاوا وەڵامەکە لە نێـو هەردوو سیاسـەت و زۆر ئـارەزووی سـوودبەخش بـۆ ڕازیکردنـی بەرفراوانتـرین جەمـاوەر لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدایە. بۆ ئیسلامییەکانیش هەرچەندە ئەوە پـاڵنەرێکە بـۆ لابردنـی ئەو گومـانەی دەربـارەی سروشـت و ئامانجی بزووتنەوە ئیسلامییەکان لەچەشنی ئیخوان موسلمین و تەنانەت حیزبوڵڵاش.

## لایەنگری خۆرئاوایی

هەندێ لە لێکۆڵەرەوانی خۆرئاوا پاڵپشتی لە داوای ئیسلامییەکان دەکەن بەوەی دیموکراسی پەرلەمانی و هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی نەک تەنهـا لەگەڵ یاسـای ئیسـلامدا دەگـونجێن، بەڵکـو ئیسـلام خۆی هاندەری دیموکراسیشە. ئەمەش بە یەک دوو ڕێگا ئەنجام

دەدەن. یـــان پێناســـەکان بـــا دەدەن تـــا ڕێـــک بێـــنەوە لەگەڵ دامودەزگاکانی حکومەتی ئیسلامی – دەستەواژەکانی لەچەشنی دیموکراســـی ئەبێـــتە ڕێژەیـــی- وەیـــان ژیـــانی واقیعـــی لەوڵاتە ئیســـلامییەکان دەنوشـــتێننەوە تـــا ڕێـــک لەگەڵ تیئۆرییەکانیـــان بگونجێت.

لەنێـو دیـارترین بانگهێشـتکەرانی بیـرۆکەی ئەوەی کە ئیسـلام هانـــدەری دیموکراســـییە و دەگـــونجێ لەگەڵیـــدا جـــۆن ل. ئیسپۆسـیتۆیە، بەڕێـوەبەر و دامەزرێـنەری مەڵبەنـدی "وەلیـدی کوڕی تەلال" بۆ تێگەیشتنی ئیسلامیی – مەسیحی ناو زانکۆی جـۆرج تـاون دانەر و بـڵاوکەرەوەی زیـاتر لە سـی(٣٠) کتێـبە دەربارەی ئیسـلام و بزووتنە ئیسـلامییەکان. ئیسپۆسـیتۆ لەگەڵ چەندین دانەری تر مشتومڕەکانیان (ئەرگیۆمێنتەکانیان) لەسەر پشتگیری گریمانەیەکی پەڕپووتی وەک " دیموکراسی مانای زۆر و جۆراوجـۆری هەیە(١) هەر کلتورێـک مـۆدێلێکی سـەربەخۆی حکـــومەتی دیمـــوکراتی بەرهەم دەهێنـــێ(٢) وەیـــان "ئەشـــێ دیموکراسییەکی ئایینی گەشە بکات"(٣)

ئیسپۆســـیتۆ دەڵـــێ " بـــزووتنەوە ئیســـلامییەکان گووتـــاری دیموکراسـییان لە میـانی چەمکەکـانی شـورا (ڕاوێژکـردن) و ئیجمـاع ( یەکێتـی بیروبـاوەڕ) و ئیجتیهـاد ( بڕیـاری ڕوونـی سـەربەخۆ)وە کـردۆتە بەشـێک لەخـۆ و ئیسـتیعاب کـردووە (٤) وەلەوەشـدا کۆتـایی پێدێنێت کەدیموکراسی لەدونیای ئیسـلامیدا بوونی هەیە" جا وشەی دیموکراسی بەکار بهێنرێت یان نا"(٥)

ئەگەر ئارگیۆمێنتەکـانی ئیسپۆســیتۆ ڕاســت بــن، ئەی بــۆچی دەمودەسـت دیموکراسـییەکی ڕوون و ئاشـکرا لە خـۆرهەڵاتی

ناوەڕاستدا نایەتە بوون؟ مالّی ئازادی بەشێوەیەکی ڕێکوپێک و بەردەوام ولاّتانی عەرەبی ئەوانەی کەمترین دیموکراسییان تێدایە لەهەر شوێنێک بن، ڕیزبەند دەکات.(٦) ئیسپۆسیتۆ بۆچوونی ئێدوارد سەعید وەردەگرێ کە لێکۆڵینەوە زانستییەکانی خۆرئاوا و پێوانە گشتییەکان لەبنچینەدا لایەندار و سەرزەنشتکردنی ئەو زانایانەن کە ئەو بڕیارانە تێدەپەڕێنن بەبێ هیچ شارەزاییەک لە بزووتنەوە ئیسلامییەکان (٧) و ئەوانەی لایەنگری عەلمانیەتن لەبەرامبەر ئیسلامدا (٨).

بۆ نموونە لە ئیسلام و دیموکراسی،(٩) ئیسپۆسیتۆ و جان ڤۆڵ یاریدەدەری بەڕێوەبەری مەڵبەندی شازادە ئەلوەلید پرسیاری ئەوە لە هەوڵەکانی خۆرئاوا دەکەن بۆ مۆنۆپۆڵکردنی پێناسەی دیموکراسی و ئاماژە بە گۆڕانگاریی مانای دەستەواژەکان دەکەن بەسەر کات و شوێندا. ئەوان دەڵێن هەموو کلتورێک ئەتوانێ مۆدیلێکی سەربەخۆ لە حکومەتی دیموکراسی دابڕێژێ کە پەیوەست بێ یان پەیوەست نەبێ بە بیرۆکەی لیبرالیزمی خۆرئاواوە(١٠).

تەنها بەتاڵکردنەوەی مانای دیموکراسی وەک تێگەیشتنێکی گەشە کردوو هەڵهێنجراو لەئەفلاتون و ئەرستۆی یۆنانی کۆن لەڕێگەی تۆماس جێفەرسۆن و جەیمس مادیسۆن لەسەدەی هەژدەهەم لە ئەمریکا، ئەوسا ئیسپۆسیتۆ و هاوگەشتیارانی توانیان بیردۆزی گونجاندنی نێوان بزووتنەوەی ئیسلام و دیموکراسییان تیا سەر هەڵبدا.

بەو پێیەی ئەرگیۆمێنتەکانی ئیسپۆسیتۆ لەوانەیە لەچوارچێوەی کۆمەڵەی لێکۆڵینەوەکانی خۆرهەلاتی ناوەڕاست جەماوەری

بێتەوە، تیئۆریستەکانی (بیردۆززانانی) دیموکراسی ئارەزوویان بەلای دوورخستنەوەی ئەم ڕێژەییە هەیە.لاری دایەمۆند سەرپەرشتیاری گۆڤاری دیموکراسی،و لیۆنارد مۆرلینۆ پسپۆر لە سیاسەتی بەراوردکردن لەزانکۆی فلۆرەنسا، حەوت بنەما و خەسڵەت دەدەنە پاڵ هەر دیموکراسییەک: ئازادییەکانی تاک و ئازادییە مەدەنییەکان، بالادەستی یاسا،بەرزترین دەسەلات بگەڕێتەوە لای خەڵک، یەکسانی هەموو هاوولاتیان لەبەرامبەر یاسادا، گرفتە ئاسۆیی و ئەستونییەکانی لێپرسراوانی دەوڵەت، حکومەتکردن بە ڕوونی بۆ داواکانی خەڵک بێ، هەلی یەکسان بۆ هەموو هاوولاتیان.(١١) ئەم شێوازە زۆر گرنگە چونکە جەخت لەسەر ئازادییە مەدەنییەکان و مافی مرۆڤ و ئازادییەکان دەکات لەبری پشتی بەستن بە هەڵبژاردن و دامودەزگا دەوڵەتییەکان.(١٢)

ئیسپۆسیتۆ ئەم بنەما سەرەکییانەی دیموکراسی فەرامۆش دەکات و لەجیاتی ئەوە ئیلهام لەو بیرمەندانە وەردەگرێت وەک فەیلەسوفی هیندی مەحەمەد ئیقبال(١٨٧٧- ١٩٣٨)، سەرکردەی ئایینی سودانی حەسەن ئەلتورابی (١٩٣٢-......) و زانای کۆمەڵناسی ئێرانی عەلی شەریعەتی(١٩٣٣- ١٩٧٧) و سەرۆکی پێشووی ئێران محەمەد خاتەمی(١٩٤٣-...) کەئەڵێن ئیسلام چوارچێوەیەک بۆ کۆکردنەوەی دیموکراسی لەگەڵ بەها ڕوحییەکان فەراهەم دەکات بۆ چارەسەرکردنی ئەو بۆشاییە ڕوحییە بالادەستەی دیموکراسی خۆرئاوا.(١٣) ئەوان هاوسۆزی بۆ ئەو ڕایەی خاتەمی دەردەبڕن کە دەڵێ دیموکراسییەکان پێویستی بە پەیڕەوکردنی شێوازێک نییە و ئەو دەتوانێ کاری خۆی بکات نەک تەنها لە سیستەمێکی لیبراڵی بەڵکو لە

سیسـتمەکانی سۆشـیالیزم و ئاینیشـدا. ئەوان گرنگتـرین دەسـتەواژەی لێکـدەرەوەی (شـیکەرەوەی) سـەدەی بیسـتەمی هیندی و (دواتر پاکستانی) ئەبو ئەلعەلا ئەلمەودودی"دیموکراسی ڕێژەیی" وەردەگرن (١٤) کە سێ مەبدەئی تەوحید (یەکبوونی خوا) و رسالە( پێخەمبەرایەتی) و خیلافە (جێنشین)ن کەدەبنە بنچینەی سیستەمی ئیسلامی سیاسی(١٥).

بەلاّم مەودودی ئەڵێ هەر سیسـتمێکی حـوکمڕانی ئیسـلامی لەسـەریەتی بالاّدەسـتی شـەریعەتی ئیسـلامی بەسـەر هەمـوو لایەنەکـانی ژیـانی سیاسـی و ئایینیـدا هەبێـت(١٦) بەدەگـمەن تێگەیشتنی دیموکراسی ئەوەمان دەداتێ کە شەریعەتی ئیسلامی یەکسـانی لەنێـوان سـەرجەم هاوولاّتییـان لەبەردەم یاسـادا فەراهەم بکـات بەبێ ڕەچـاوکردنی ڕەگەز(جێنـدەر) و ئـایین. وە هەروەها فۆرمۆڵەسازی لەم چەشنە مافی بنچینەیی هاولاّتیان لە بڕیـاردان لەسـەر یاسـاکانیان، کە تێگەیشـتنی بنـاغەییە بـۆ دیموکراسـییەت ڕەت دەکـاتەوە. مەودودی هەرچەنـدە دەسـتەواژەی دیموکراسـی ڕێژەیـی بەکـار دەهێنێـت بـۆ ئەوەی بڵێـت ئیسـلام چەنـد بنەمـایەکی دیموکراسـی تێـدایە. مەودودی خۆی سوور بوو لەسـەر ئەوەی کە دیموکراسـی ئیسـلامی ئەبێ دژ بەخۆی بێ. دەسـەلاّتی خوا و دەسـەلاّتی خەڵک دوولایەنەی تـاییەتە. دیموکراسـی ئیسـلامی ئەبێـتە دژەبەرەی دیموکراسـی عەلمانی خۆرئاوا(١٧).

ئیسپۆسـیتۆ و ڤـۆڵ ئـاوا بەرپەچ ئەدەنەوە بە وتنـی ئەوەی کە مەودودی و هاوچەرخانی دیموکراسی زۆر ڕەت ناکەنەوە وەک چوارچێوەیەک لەسایەی تێگەیشتن لە یەکێتی خوا. دیموکراسـی

ڕێژەیـی بەمانـای دیکتـاتۆری دەوڵەت نیـیە،بەڵام ئەوان ئەڵـێن لەبری ئەوە دەسەڵاتی هاوبەشە لەلایەن هەموو موسوڵمانەکانە، بەهاووڵاتییـانی ئاسـاییەوەش.(١٨) ئیسپۆسـیتۆ لەوەش واوەتـر ئەڕوات و ئەڵێ سیستمی ئیسلامی مەودودی ئەشێ دیموکراتی بێت تەنانەت ئەگەر دەسەڵاتی خەڵکیش پشـی گوێ بخات بەو مەرجەی ڕێگا بدات بە گردبوونەوە ڕاوێژکارییەکانی ملکەچ بە شەریعەتی ئیسلامی.(١٩)

هەرچەندە ئیسپۆسـیتۆ و ڤۆڵ ئەڵـێن کە دیموکراسـی ئیسـلامی لەسـەر بنەماکـانی ڕاوێژکاری(شـورا) و هاوڕایی(ئیجمـاع) و بڕیاری شیکردنەوەی سەربەخۆ( ئیجتهاد) دامەزراوە و هەندێ موسـوڵمانی تـر حاکمیـا( پلەوپـایە)ی بـۆ زیـاد دەکەن.(٢٠) بـۆ پشتیوانی کردن لە چەمکی دیموکراسی ئیسلامی، ئیسپۆسیتۆ و ڤـۆڵ پشـت دەبەسـتن بە مـحەمەد حەمیدوڵلا (١٩٠٨- ٢٠٠٢) و زانای سۆفی هیندی بۆ ئیسلام و یاسای نێو دەوڵەتی، ئایەتوڵلا باقر ئەلسـەدر (١٩٣٥- ١٩٨٠) ، پیـاوی ئاینی شـیعە مەزهەبـی عێراقی، محەمەد ئیقبال (١٨٧٧- ١٩٣٨) ، شاعیر و فەیلەسوف و سیاسـەتمەداری هینـدی خورشـید ئەحـمەد جێگـری سـەرۆکی ڕێکخواری جەماعەتی ئیسلامی پاکستان،و تەها ئەلئەلوانی زانای فـیقهەی ئیسـلامی عێراقـی (٢١) ئەم لەگەڵـدابوونەی ئەلـوانی ناڕاسـتی بیردۆزەکـانی ئیسپۆسـیتۆ دەردەخـات. لەسـاڵی ٢٠٠٣ ئێف بی ئای (دەزگای لێکۆڵینەوەی فیدڕاڵی ئەمریکا) ئەلئەلوانی وەک سـەرۆکێکی بـزووتنەوەی جیهادی ئیسـلامی فەلەسـتینی و سەرچاوە داراییەکەی دەست نیشانکرد.(٢٢)

هەروەک چۆن ئیسپۆسیتۆ مانای دیموکراسی لەمانای خۆی دادەبڕێ بۆ توانا پێدانی تێزەکەی، لەبەر ئەوە ئەمەش بەلارێدابردنی چەمکە ئیسلامییەکانە. شورا ئەنجومەنێکی ڕاوێژکارییە نەک بەشداربوویەک. ئەوە کەلەپورێکی خێڵەکییە نەک پلەوپایە.(٢٣) ئیجماعیش گوزارشت نییە لە هاوڕایی کۆمەڵێکی فراوان، بەڵکو تەنها سەرکردە دروست دەکات. (٢٤) وەک بڕیاردانی سەربەخۆش، زۆرێک لە زانایانی سوننە لەو بڕوایەدان کە ئیجتهاد لە سەدەی یازدەهەمەوە داخراوە.(٢٥)

## گەورەکردنی ئیسپۆسیتۆ

ئارگیۆمێنتەکانی ئیسپۆسیتۆ نەتەنها ناوەندە ئەکادیمییەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیان گرتەوە بەڵکو وابەستەییان لەمیانی ئەو کتێبانەی کە ڕۆژنامەنووسان و کارمەندانی بواری سیاسەت دەینووسن لەگەڵ ڕۆشنبیرانی خەڵک زیادی کردووە.

لە وتارە ڕۆژنامەوانییەکان و هەروەها لە کتێبەکانیدا وەک گریمانەیەکی بنچینەیی لەمیانی ڕیپۆرتاژەکانیدا ڕۆبین ڕایتی پەیامنێری دیبلۆماسی لۆس ئەنجلس تایمزی جاران و واشنتۆن پۆستی ئێستا ئەڵێت بزووتنەوەی ئیسلامی ئەتوانێ بگۆڕدرێتە شێوازێکی زۆر دیموکراتیتر. بۆنموونە لەساڵی ٢٠٠٠ ڕۆبین لە کتێبی"شۆڕشی مەزنی ڕابردوودا" ئەڵێت ئاڵوگۆڕێکی قووڵ لەئێراندا ڕوویدا کەبووە هۆی ئەوەی پراگماتیزم جێگای بەها شۆڕشگێڕەکان گرتەوە ولەخۆباییبوون بواری بۆ ڕیالیزم کردەوە و هەروەها پاشەکشەی حکومەتی خودا بوو بۆ دەسەڵاتی عەلمانی(٢٦) جگە لەوەی زۆر دوورتر لەوەی

دیموکراتیتر بن سەرباری ئەوەی ڕابەر و پاسەوانانی شۆڕش دەسەڵاتییان بەدەستەوە بوو: ئازادییەکان هێشتا دوورن لە بەدیهاتنەوە، زیندانییە سیاسییەکان هێشتا گیراون و دیموکراسیش وەهمییە.

کاری بناغەیی ڕایت ئەو بیرۆکەیەیە کە نە ئیسلام و نەکلتووری ئیسلامی کۆسپێکی(بەربەست)ێکی گەورە نین بۆ مۆدێرنیزمی سیاسی. ڕایت هەم بۆچوونەکانی قوتابخانەی ئیسپۆسیتۆی قەبوڵە لەبارەی شورا و ئیجماع و ئیجتیهادەوە لەو پێوانەیەی کەوا لەئیسلام دەکات بگونجێ لەگەڵ پلورالیزمی سیاسی.(٢٧) هەمیش کۆکە لەگەڵ بۆچوونی جۆن ڤۆڵ کە دەڵێ ئیسلام بەشێکی لێکجیانەبووەوەیە لە جیهانی مۆدیرن.(٢٨)و هەروەها دەڵێت درامای ناوەندی ڕیفۆرم هەوڵدانێکە بۆ ئاشتکردنەوەی ئیسلام ومۆدێرنە بە دانانی جیهانبینییەک کە لەگەڵ هەردووکیاندا بگونجێت.(٢٩)

لە وتارێکیدا بەناوی" ئیسلام و دیموکراسی لیبراڵی" رایت پرۆفایلی دوو بیرمەندی ئیسلامی بەناوبانگ ڕەشید ئەلغەنوشی ڕابەری لەمەنفا ژیاوی حیزبی ئەلنەهزەی تونسی و فەیلەسوفی ئێرانی و زانای کیمیاگەر عەبدولکەریم سروش دەخاتە بەردەم. ڕایت وەختێ ئەمە ئەڵێت کە بۆچوونەکانیان نیشانەی خاڵی بەیەک گەیشتنی واقیعیەتی ئیسلام و دیموکراسییەتە(٣٠). ڕایت نە پێناسەی دیموکراسی دەکات و نە بەچاوێکی بێئومێدییەوە دەڕوانێتە لێکۆڵینەوەکانی. غەنوشی چەمکە دیموکراسییەکان بەبێ قەبولکردنیان و تێگەیشتنیان بەکار دەهێنێت. غەنوشی نەک

وەک مۆدێرنیستێک بەڵام وەک ئیسلامییەکی ئایینناس دەمێنێتەوە.

ڕایت ئەوە فەرامۆش دەکات کە سروش هەوڵی ئەوەی ئەدا ڕۆشنبیرە لیبراڵەکان لەسەروبەندی هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئیسلامی لە زانکۆکانی ئێران دابیڕێت.(٣١) ئەو کاتەی سروش لەسەر مافە مەدەنییەکان و لێبووردەیی قسەی دەکرد، دەستکەوتگەلی لەو جۆرەی تەنها بەسەر بەشداربووانی دیموکراسی ئیسلامی جێبەجێ دەکرد. (٣٢) هەروەها سروش ئەیگووت هەرچەندە ئیسلام مانای "خۆبەدەستەوەدانە" کەوابوو هیچ ناکۆکییەکی لەگەڵ ئازادییە لەخۆوە تیابووەکانی(زگماکییەکانی) دیموکراسیدا نییە. ئیسلام و دیموکراسی نەک هەر بەیەکەوە دەگونجێن، بەڵکو پەیوەندییان بەیەکەوە لەقسان نەهاتووە. لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا یەک بەبێ ئەوی تریان ناتەواوە. سروش ئەڵێت ئیرادەی زۆربە دەوڵەتێکی ئیسلامی نموونەیی دەخولقێنێت.(٣٣) بەڵام لەکردەوەدا ئەمە ڕوو نادات. وەک لە ئێران ئیسلامییەکان سنووریان لەبەردەم پرۆسەی دیموکراسیدا دانا و کۆمەڵگەی مەدەنییان پلیشانەوە. ئەوانەی چەکیان بەدەستەوەیە نەک ژمارە، شێوازی دەوڵەت دیاری دەکەن. لەنێوان دەوڵەتە عەرەبییە – ئیسلامییەکان تەنها ڕژێمی سەرکوتگەر و سەرکردایەتی بەمیرات بەجێماو هەیە. دەستەی سوێندخواران هێشتا نازانن کە ئایا عێراق سەقامگیرییەکی نائاسایی بەخۆوە دەبینێ یان نا. بەڵام سروش لەگەڵ خۆیدا ناکۆکە. ئیسلام پێویستە ئاینێکی کراوە بێت و پارێزگاری لە گەوهەری خۆی بکات. بیانووەکانی سورش ئەوەیە کە شەریعەتی ئیسلامی توانای فراوانبوونەوەی هەیە کە

ئەمەش لەلایەن زۆرێک لەو هاوچەرخانەی کە ئەڵێن هەندێک یاسای شەریعەتی ئیسلامی توانای گۆڕانیان نییە، وەکو کفر وایە. ئەوەی ئەکەوێتە دەرەوەی چوارچێوەی بەرژەوەندی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی شۆڕشگێڕ لە ئێران بەرەو خۆرئاوا قوچاندیان. هەندێکجار ئەکادیمیستەکان بەتەنها لە بورجی ئایڤییەوە ڕووبەڕووی فریودانێکی ڕووکەش دەبنەوە وەختێک ڕووداوەکان ڕووبەڕووی واقیعیان دەکاتەوە.

غەنوشی و سروش لەچیدا هاوبەشن (کۆکن)وە چی بەدروستی لای بەرپرسە ئیسلامییەکان دەمێنێتەوە، گەر وابێ بەلەبەرچاوگرتنی هونەری زمان ئارەزوویان لە ڕێکەوتنی نێوان ئیسلام و نوێگەری نییە، بەڵام ئارەزوویان لەگۆڕینی سیسیتمی سیاسی هەیە. ئیتر ئاسانترە پشت بەستن بە هونەری زمانی دیموکراسی، وەک لە بنەماکانی.

لەکاتێکدا زەمەن نیشانیدا ڕایت هەڵە بوو، کەچی ڕوونکردنەوەکانی ئیسپۆسیتۆ کۆڵیان نەدا. هەر چەند ساڵ جارێک دەموچاوێکی تازە بەدەردەکەوێ بۆ زیندوو ڕاگرتنی ئارگیومێنتە کۆنەکان. تازەترینیشیان نوح فیلدمانە (موعەلەق)ڕوونکەرەوەی میدیا و مامۆستای یاسای زمانی عەرەبییە لە زانکۆی هارڤەرد. لەساڵی ٢٠٠٣ دا فیڵدمان کتێبی " دوای جیهاد" بڵاو کردەوە: ئەمەریکا و خەبات لەپێناو دیموکراسی ئیسلامی کە ئاسۆکانی دیموکراسی لە جیهانی ئیسلامی دەدۆزێتەوە.(٣٤) تێزەکانی فیڵدمان کتێبی ١٩٩٢ ی ئیسپۆسیتۆ چارەسەری ئیسلامیانە؛ ئەفسانە یان ڕاستی؟ (٣٥) و کتێبی هاوبەشی ئیسپۆسیتۆ و ن ڤۆڵ ئیسلام و دیموکراسی

دادەڕێژێـت.(٣٦) تەنـانەت دوای پەلامـاری تیرۆریسـتی یـانزەی ئەیلـول فێڵـدمان پـێ لەسـەر ئەوە دادەگـرێ کە تەمەنـی یـان سـەردەمی تونـدوتیژی جیهـاد لەڕابـردوودا و بـزووتنەوەی ئیسلامی بەرەهەندی نوێ و ئاشتییانە و دیموکراسییانە گەشە دەکات (٣٧) کە لەلیستەکەی فێلدمان ئیسلامی دیموکراتی وەک یوسـف ئەلـقەرەزاوی(٣٨) و بیرمەنـدی ئیسـلامیی کەپاڵپشـتی پەلاماری خۆکوژی و کوشتنی هۆمۆکانی دەکرد، تێدابوو. (٣٩)

لەکاتێکدا زۆربەی دیبەیتەکانی ئەکادیمیستەکان ناگەنە دەرەوەی پۆلەکـانی خوێنـدن، دیبەیـت لەسـەر گونجانـدنی ئیسـلام و دیموکراسی کاریگەری بەسەر سیاسەتەوە هەیە. فێڵدمان ئەو ئەنجامە هەڵدەهێنجێنێت کە هەڕەشەی ئیسلامی ئیسلامی وەهمە. بەم پێـیەش ئەڵـی بـزووتنەوە ئیسـلامییەکان ئەبـێ چانسـی حکومەتکردنیان هەبێت.(٤٠) فێڵدمان بەو وەسفە کۆتایی پێدێنیت کە "داڕێژەرانـی سیاسـەتی ئەمریکـا ئەبـێ هەڵوێسـتێکی گشـتی لەبەرامبەر ئیسلامی سیاسی وەربگرن. وە ڕوونی کردەوە کە "ئـایین جێگیـرە و ڕق لێبـوونەوە لە بـاوەڕی ئایینیـدا نیـیە کەبەرخورد لەگەڵ کەمایەتییە ئاینییەکانی تردا دەکات و لەوانەیە یەکسـان بێـت بە ڕێکەوتنـی تەواو لەگەڵ دیموکراسـی." چاوپێکەوتنی مانگی ئەیلولی ساڵی ٢٠٠٣. (٤١)

شیرین هەنتەر دیپلۆماتی پێشووی ئێرانی کەئێستا بەڕێوەبەری پرۆگرامـی ئیسـلامییە لە مەڵبەنـدی لێکـۆڵینەوەی سـتراتیژی نێـونەتەوەیی، لەکتێبەکەیـدا داهـاتووی ئیسـلام و خۆرئـاوا: پێکـدادانی شارسـتانەکان یـان پـێکەوە ژیـانی ئاشـتیانە؟(٤٢) جارێکیتر و بەشێوەیەکی قەشەنگتر ئارگیومێنتەکانی ئیسپۆسیتۆ

دادەڕێــژێتەوە، و لەم دواییــانەش لە کتێبــی بەمــۆدێرنکردنی دیموکراسـی و ئیسـلام (٤٣) کەبەهاوبەشـی لەگەڵ هوما مالیک ، یاریدەدەری بەڕێوەبەری مەڵبەندی وەلید بن تەلالی ئیسپۆسیتۆ بۆ لێکگەیشتنی ئیسلام و مەسیحی لەزانکۆی جۆرج تاون، بڵاوی کـردەوە. شـیرین لە هەردوو کتێـبەکە هەڕەشـەی ئیسـلامییەکان ڕەت دەکـاتەوە و لەهەوڵـی ڕێکەوتنـی نێوان وانەکـانی ئیسـلام و بەهاکـانی خۆرئـاوا دایە. شـیرین هەوڵـی ڕووبەڕوو بـوونەوەی بەیەکـدادانی شارسـتانەکانی (٤٤) سـامۆییل هەنتگتـۆن دەدا و هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی ڕێژەیی هۆکارەکـانی هەریەک لە ململانێ و هاریکـاری پەیوەنـدی نێوان ئیسـلام و خۆرئـاوا دەکـات. شـیرین دەڵێ لێکهەڵپێکرانـی ڕوحـی و زەمەنـی ئیسـلام لەئاینەکـانی تـردا، زۆرتـر نییە. بـۆیە نـاکرێ هەنگـاوی هیواشـی بەدیمـوکراتیکردنی وڵاتە ئیسلامییەکان بدرێتە پاڵ ئیسلام خۆی. هەرچەنـدە شـیرین هەنـتەر دان بەوەدا دەنــێ کە دەوڵەتە ئیسـلامییەکان تۆمـارێکی دەستکورتیان هەیە لە بەمۆدێرنکردن و دیموکراسـی، بـۆ ئەمەش گلەیـی لە هۆکـارە درەکییەکـان دەکـات لەچەشـنی کۆلۆنیـالیزم و سیستەمی ئابووری نێونەتەوەیی.(٤٥)

زاناکانی تر کێن کە بوغزەکان دەبەنە ئاسـتێکی تـر، ئانـا جۆردن ئەوەی هــیچ زانیــارییەک ســەبارەت بە پســپۆڕییەکەی نــادات بەدەسـتەوە بەڵام بەشـێوەیەکی بەربـڵاو لەسـایتە ئەلەکتـرۆنییە ئیسلامییەکان (٤٦) نووسـینەکانی بـڵاو دەکـاتەوە، دەڵێت قورئـان پشـتیوانی لە بنەماکـانی دیموکراسـی خۆرئـاوا دەکـات هەروەک لەلایەن ولـیەم ئێبنسـتەین و ئێـدوین فۆکڵمـان دوو پرۆفیسـۆری زانستی سیاسی کە جەغد لەسەر ئەو بیروبـاوەڕ و ئایـدیۆلۆژییە دەکەنەوە کە دیموکراسـی پێناسـە دەکــات.(٤٧) لەڕێــگەی

بەکارهێنانی ئایاتی قورئانی جیاجیاوە، (٤٨) ئانا جۆردەن ئەوەی بۆ دەرکەوت کە کتێبی پیرۆزی ئیسلام پاڵپشتی لێکدانەوەی ئیمپریسیزم و مافەکانی تاک دەکات، بەو پێیەی دەسەڵاتی کۆتاییەو دەوڵەت ڕەت دەکاتەوە. ئازادی پەیوەستبوون بەهەر کۆمەڵەیەکی ئایینی پەرە پێدەدات، ئەو بیرۆکەیە قەبوڵ دەکات کە دەوڵەت دەبێ ملکەچی یاسا بێت وەرێوشوێنی یاسایی پێویست بگرێتە بەر و یەکسانی بنچینەیی قەبوڵ بکات.

سەرباری ئەوەی زۆربەی بەڵگەهێنانەوەکانی شیرین هەنتەر پاڵپشتی دەرئەنجامەکانی ناکەن و لەهەندێ حاڵەتدا پێشنیاری پێچەوانە دەکات. بۆ نموونە لەبری پشتیوانیکردن لە لێکدانەوەی ئیمپریسیزم، سورەتی ١٧: ٣٦ تەواوی دەسەڵاتەکان دەداتە خوا. هەندێ بەڵگەی تر هیچ پەیوەندییەکیان بە باسەکەی و کرۆکی قسەکانییەوە نییە. پێداگریەکەشی لەسەر ئەوەیە کە قورئان پێ لەسەر "یەکسانی بنەڕەتی نێوان سەرجەم مرۆڤەکان" دادەگرێ، ئەو ئایەتانەی ڕێبەرایەتی یەکسانی لەنێوان موسوڵمانەکان و تەنها موسوڵمانەکان دەکات. ئەمە جگە لە ئەو ئایەتانەی کە وشیاری دابەشبوونی موسوڵمانان دەدەن.

هەروەها گوردون کرامەریش سەرۆکی پەیمانگای "لێکۆڵینەوەی ئیسلامی" لەزانکۆی ئازاد لەبەرلین، تێزەکەی ئیسپۆسیتۆی پێ پەسندە. کرامەر ئەنووسێ کە ڕەوتی ناوەندی(سەرەکی) لەئیسلام " ئەبێ توخمە زۆر گرنگەکانی دیموکراسی سیاسی پەسند بکات: فرەحیزبی و بەشداری سیاسی، کێشەی حکومەت و سەروەری یاسا، پاراستنی مافەکانی مرۆڤ" بەڕای کرامەر

ڕێبــازی ئیســـلام بــۆ مافەکــانی مــرۆڤ و ئــازادی زۆر پێشکەوتووترە لەوەی خۆرئاواییەکان دانی پێدا دەنێن.(٤٩)

## پاشــگەزبوونەوەی ئیســـلامییەکان لە بیـــردۆزەکەی ئیسپۆسیتۆ

سـەیر لەوە دایە کە وەختـێ زاناکـانی خۆرئـاوا تێدەکۆشـن بـۆ سـەلماندنی گونجـان لەنێـوان دیموکراسـی و ئیسـلامدا، گەورە زانایانی ئیسلام دەڵێن دیموکراسی لەگەڵ ئاینەکەیاندا ناگونجێت. ئەم دەرئەنجامەشـیان لەسـەر دوو بنـاغە وەسـتاوە: یەکەم، ساغبوونەوە و قایلبوون لەسـەر ئەوەی کە شـەریعەتی ئیسـلامی چالاکییەکانی باوەڕداران لەهەموو بوارەکانی ژیان ڕێکدەخات، و دووەم، کۆمەڵگەی ئیسـلامی بـاوەڕداران سـەرجەم ئامانجەکـانی جێبەجـێ دەبـێ ئەگەر بـاوەڕداران بەڕێگـای خـودادا بـڕۆن.(٥٠) بێجگە لەوەش هەنـدێ زانـای ئیسـلامی لەوەش واوەتـر دەچـن و هەمــوو ئەو شــتانە ڕەت دەکەنەوە کە ڕەگیــان لە قورئانــدا نییە.(٥١)

حەسەن ئەلبەنا(١٩٠٦- ١٩٤٩) دامەزرێنەری ڕێکخـراوی ئیخـوان موسـلمین(٥٢) هەوڵـی لەنێـوبردنی کاریگەرییەکـانی خۆرئـاوا دەدات، ئەو وای دەبینـــی کە ئیســـلام تـــاکە چارەســـەرە دیموکراسـیش وەک ناپـاکی وایە بەئیسـلام(٥٣) سـەید قوتـب (١٩٠٦- ١٩٦٦) بیـردۆززان (مـونەزر)ی سـەرەکی کـۆمەڵەی ئیخوان موسلمین بەتەواوەتی بەگژ بیرۆکەی دەسەڵاتی خەڵکیدا چۆوە و ئەو وای دەبینی کە دەوڵەتی ئیسلامی پێویستە پشت بە

قورئـان ببەسـتێت کە ئەڵـێ پێشکەشـکردنی سیسـتمێکی تەواو و بەئاکـار پێویسـتی بەهـیچ یاسـایەکی تـر نییە.(٥٤) ڕاوێژکـردنیش لەمانـای ترادیسـیۆنی ئیسـلامیدا لەبـری ڕێگـای هەڵسـەنگاندنی ئیسپۆسیتۆ، بەس نییە.

مەودودی وەک لەلایەن ئیسپۆسـیتۆوە بەکـار دەهێنرێـت، ئەڵـێ ئیسلام پێچەوانەی هەر دیموکراسییەکی عەلمانی خۆرئاوایە کە پشـت بەدەسـەلاتی خەڵـک دەبەسـتێت.(٥٥) و بناغەکـانی دیموکراسـی خۆرئـاوای ڕەت کـردۆتەوە (٥٦). زۆرێـک لە ئیسـلامییەکانی ئەم دواییـانە وەکو قەرەزاوی، ئەڵێ دیموکراسی وەک بناغەیەک بۆ دەسەلات پێویستە پەیرەوی قەبوڵکردنی خـوا بکات. هەڵبژاردنی دیموکراسی کفرە و لەوکاتەوەی ئایین یاسا دادەڕێژێت دەستەی یاسادانەران هیچ پێویست نییە.(٥٧) ئامانجی نەخشـەکەی دانـانی دەوڵەتێکـی ئیسـلامییە لە ئەندەنوسـیا. ئەبـوبەکر بەشـیر پیـاوێکی ئـایینی ئیسـلامی و سـەرکردەی ڕێکخراوی شورای موجاهیدینی ئەندەنوسی هێرش دەکاتە سـەر دیموکراسی و خۆرئاوا و داوا لە موسوڵمانان دەکات کە جیهاد لەدژی ڕژێمە دەسەلاتدارەکانی جیهانی ئیسلامی بەرپا بکەن. وە ڕوونی دەکاتەوە و دەڵێت" ئەوەی دەمانەوێت دیموکراسی نییە، بەڵکو کورسییەکانی خوایە"(٥٨).

هیچ لەمانە بەمانای قەبوڵکردنی ستراکتۆری بناغەیی خۆرئاوایی دیموکراسی نییە. لەژێر سێبەری ئایەتوڵڵا ڕوحوڵڵا خـومەینی، جمهوری ئیسلامی دەستوور و پەرلەمانی پێکهێنا. بەڵام بەبوونی ئەو ئێـران زیـاتر دیموکراسـی نەبـۆوە. لەڕاسـتیدا خـومەینی بەردەوام دەسـەلاتی بەرزی پیادە دەکرد ئەویش بە پێکهێنانی

ژمـارەیەک دەسـتە – بـۆ نمـوونە دامەزراوە شۆڕشـگێڕەکان – کەلەسەرووی یاسای دەستوورییەوە مانەوە.

## ئایا دیموکراسی ئیسلامی دەگونجێت ڕووبدات؟

جیهانی ئیسـلامی ئامـادە نییە بۆ وەرگرتنی بەهـا بنچینەییەکـانی مـۆدێرنیزم و دیموکراسـی. هێشـتاش ڕابەریکـردن تەنهـا کـاری نوخبەیەکی لەسەرکارە. سەرکردایەتیکردنی عەرەبی و ئیسـلامی سـەرکردایەتیکردنێکی بە میـرات و سـتەمگەر و زاڵمـانەیە. بنەمـا سەرەکییەکانی دەسەڵات و یاسادانان ، بەشداری سیاسی و فرە حیزبی، ئەو مافی تـاک و ئازادییـانەی پێویسـتن بۆ دیموکراسـی، بوونیان نییە لەو سیسـتمانەی کە ئیسـلام سـەرچاوەی بنچینەیـی یاسایە.

شکسـتە دیموکراسـییەکان لە پەیوەسـت بەپیادەکردنیـانەوە لە غەزە و عێراق بەڕەوا نیشاندانی بۆچوونی هەریەک لە سـامۆئێل پ. هەنتگتـۆن لەسـاڵی ١٩٨٤ و وتەی دەیەیەک دواتـری گیلێـز کەپەر، شـرۆڤەکاری فەرەنسـی ناسـراو و لێکدەرەوەی ئیسـلامی رادیکاڵ کە پێیانوایە ترادیسیۆنی کلتوری ئیسـلامی ڕەنگە ڕێگر بێت لەبەردەم گەشەی دیموکراسی.(٥٩)

مامۆسـتای مێـژووی زانکـۆی ئیمرتـوس پرینسـیتۆن، بێرنانـد لویسـیش دروسـتە لە ڕوونکـردنەوەی ئەوەی کە چەمکـی دیموکراسـی زۆرجـار بەهەڵە بەکـار دەهێنرێت. لە گەڵـێ جێگـای سـەیردا بەرچـاو کەوتـووە – ئیسـپانیای سـەرکردە فرانسیسـکۆ فرانکۆ، یۆنـانی ئەنجـومەنی سـەربازی، پاکسـتانی فەرماندەکان،

ئەوروپـــای ڕۆژهەڵاتـــی قۆمیســـەرەکان – کەهەمیشـــە چەنـــد سـیفەتێکی مـاقوڵ (شایستەبوون)ی پێوە لکێنراوە وەک "ڕابەری کـرا"، "بنـاغەیی"، " بنچینەیـی"، " جەمـاوەری" یـان وشـەگەلی لەو چەشـنە کەئەبێـتە هـۆی ڕوونکـردنەوە و وەرگێـران و تەنـانەت پێچەوانە کردنەوەی مانای وشەکەش.(٦٠)

ئیســــلام لەوانەیە لەگەڵ دیموکراســــیدا بگونجێــــت،بەڵام ئەوە دەوەستێتە سەر چۆنیەتی تێگەیشتن لە ئیسلام. ئەمەش هەموو کۆک نین لەسەری و هەروەها ئەمەش بە ئومێدەوە بەندە نەک لەسەر ئەرزی واقیع. تورکیا و وڵاتانی ئەفریقای خۆرئاوای مالی دیموکراســـین هەرچەنـــدە زۆربەی هەرەزۆری خەڵکەکانیـــان ئیسلامن. بەڵام ئیسلامی سیاسی لەڕێگەی ڕێکخراوی ئیخوان موسلمین و ئیسلامییەکانی تردا لایەنگری دوورکەوتنەوە لە دیموکراسی لیبڕاڵ بوون.

ســـەرباری ئەمەش ئەگەر زمـــان کـــاریگەری هەبێـــت بەســـەر بیرکردنەوەوە، ئەوسا خۆرهەڵاتی ناوەڕاست تەنها بەهێواشی و لەســـەرەخۆ دیموکراســـی دەســـتەبەر دەکـــات. لەترادیســـیۆنی عەرەبی و تورکی و فارسی هیچ وشەیەک بۆ هاوڵاتی نییە جگە لەو وشـە هاوبنچینـانەی کەلەتێکسـتە کۆنەکانـدا بەکارهـاتوون. لەعەرەبیـــــدا "مەواتـــــن" و لە تورکیـــــدا "ڤەتەنـــــداش" و لەفارسیدا"شـــەهروەند"بەدوای یەکـــدا دێـــن و ئەمەش لەمانـــادا نزیکتـرە لە وشـەی ئینگلیـزی " هاونیشـتمان" یـان " هـاوڵاتی". عەرەبیـــیەکە و تـــورکییەکە لە وەتەنەوە هـــاتوون کەبەمانـــای نیشـتمانە، مـواتن وشـەیەکی داتاشـراوە کەلەکاتێکـدا هێمـای پێشکەوتنە، تێگەیشتنی خۆرئاوا بۆ ئازادی – تێگەیشتنە وەک

توانای بەشداریکردن لە دامەزراندن و بەڕێوەبردن و لابردنی یاسایی و حکومەت گۆڕین – لەزۆر ناوچەدا وەک بێگانەیەک دەمێنێتەوە.

ئیسلامییەکان خۆیان دیموکراسی لیبراڵی بەسووک تەماشا دەکەن. ئەوان ئامادەن وەک هۆکارێک بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی قەبوڵی بکەن بەڵام وەک تەنها ڕێگایەک و بەس.(٦١) هیشام شەرابی (١٩٢٧- ٢٠٠٥) لێکۆڵەرەوەی بەئۆتۆریتەی فەلەستینی و چالاکوانی سیاسی ئەڵێ فەندەمانتاڵیزمی ئیسلامی گوزارشت لە هەستی بەکۆمەڵ و بیروڕای ئایدیۆلۆژی نە ناسیونالیزم و نە سۆشیالیزم (وە ئەتوانین دیموکراسیشی بۆ زیاد بکەین) دەکات، ئەو ئایدۆلۆژییەی کەلەتوانایدایە تا ئەمڕۆ درێژەی هەبێت (٦٢).

دەرئەنجام

ئەی دە کەواتە بۆچی زۆرێک لە توێژەرەوە خۆرئاواییەکان سوورن لەسەر نیشاندانی هاوکۆکی نێوان ئیسلام و دیموکراسی؟ پۆپۆلیزمی پۆست کۆلۆنیالیزم و پۆست مۆدێرنیزم لەنێو دەزگا ئەکادیمییەکان ئارەزوو دەکەن ڕۆشنبیران ڕێبازی ئیسلامی قەبوڵ بکەن. سیاسەتی دروست، بەربەستی زۆرێک لەو دیاردە نێگەتیڤانەی (نەرێیانە)ی نێو کلتووری بێگانە دەکات. ئەوەش بەچاک دەزانرا بۆ سەلماندنی هاوکۆکی نێوان ئیسلام و دیموکراسی کە ناوی ناوە "ئیسلامۆفۆبیک" یان ڕایسیست کەدەرخەری ناهاوکۆکبوون یان دەرخەری جیاوازی نێوان لێکدانەوە ئەرێ و نەرێ پۆزەتیڤ و نیگەتیڤەکانە بۆ ئیسلام.

زۆرێــک لە داڕێژەرانــی سیاســەتیش ململانــێ- ناپەســندن. ئیسلامییەکان حەزی ڕۆشنبیری خۆرئاوا وەسوود دەهێنن بۆ هــاوکۆکی لەگەڵ بیرمەنــدەکانی خۆرئــاوا و هەوڵــی داڕشــتنی سیاســەتی باشــترکردنی بــارودۆخی جیاوازییەکــان دەدەن و بەتێکۆشان لەپێناو بەدیهێنانی زەمینەی هاوبەش لە پێناسەکان نەک لەسەر ئەرزی واقیع.

لەم تیکەڵییەوە پروپاگەندەی ئیسلامی پەیدا دەبێ(سەرهەڵدەدا) ، نیشاندانی ئیسلام وەک ئاشتیخوازێک کە مافە مەدەنییەکان و تەنــانەت لەشــێوەی نــالێبوردەیی کەمــدا، هــاوکۆک بێــت لەگەڵ ســەرجەم بەهاکــانی دیموکراســی. کێشــەکە ئەوەیە کە جیهــانی ئازاد فەرامۆشی ئەو لەتوانادابوونە دەکات کە ئیسلامی سیاسی دەتــوانێ هەڕەشــە لە دیموکراســی نەک تەنهــا لە کۆمەڵگاکــانی خــــۆرهەڵاتی ناوەڕاســــت، بەڵکــــو لەخۆرئــــاواش، بکــــات. هاویشتنەســــەری یاســــادانان بــۆ ئیســــلامی سیاســــی ڕێزێکــــی دیمکراتیانەیە بۆ ئەو ئایدیۆلۆژی و ڕژێمی سیاسییە کەدژ بە بنەما سەرەکییەکانی دیموکراسییە.

ئەو ڕاگەیانــدنەی ئیسپۆســیتۆ کە دەڵــێ" وڵاتە یەکگرتووەکــانی ئەمریکــا پێویســتە دەســت بەهەڵوێســتی یەک ڕەهەنــدی بــۆ دیموکراسی بگرێت و دان بەڕەگەکانی دیموکراسی ڕاستەقینە لەئیســلامدا بنێــت.(٦٣) کە نیشــانەی نەزانینێکــی بنەڕەتیــیە لە دیموکراسی و ڕێنوێنییەکانی ئیسلام. ئەم دەرئەنجامانەش لای ئیسپۆســــیتۆ کەڵەکە دەبــــێ وەختــــێ ئیسپۆســــیتۆ پەنــــچەی سەرزەنشــــــی ئاراســــــتەی شــــــەڕانگێزی و تیرۆریزمــــــی فەندەمانتالیزمی ئیسلامی لە خۆرئاوا و ڕۆژهەڵاتبوونی ئیدوارد

سەعید، دەکات. ئەوە تەنها شتێکی هەڵەیە لەپۆلەکانی قوتابخانە، بەڵام ئەشێ زۆر مەترسیدارتر  بێت کاتێک ئەم بیردۆزە هەڵانە کاریگەری بەسەر سیاسەتی گشتییەوە دادەنێن.

## تێبینییەکانی وەرگێر:

یەک: لەم دەقەدا لەبری وشەی شەهرەوەند نووسراوە شاروناد. بەبۆچوونی من لەوانەیە هەڵەی چاپ بێت، یان هەڵەی فۆنەتیک بێت کە وا نوسراوە و من وەک مانا فارسییەکە نووسیومەتەوە و ڕاستم کردۆتەوە.

دوو: من لەو خاڵەی کە دەیڤد بوکەی وڵاتی تورکیا بە دیموکراسی ناو دەبات ناکۆکم لەگەڵیدا. چونکە واقیعی ژیان لە وڵاتی تورکیا لەبەڕێوەبردنی وڵات بەشێوەی ستەمگەرانە و پێشێلکردنی ئازادییە سیاسییەکان و بێبەشبوونی نزیک بە بیست ملیۆن کورد لە بچووکترین مافە سەرەتاییەکانیان نیشانەی نادیموکراتیبوون و دیکتاتۆربوونی ئەو دەسەڵاتە ئیسلامییەیە لەتورکیا کەدەسەڵات بەڕێوە دەبات. هەروەها وڵاتانی خۆرئاوای ئەفریقیاش ئەگەر هەر ناوێک لەخۆیان بنێن بەڵام لەسەر ئەرزی واقیع نەدیموکراتین و نەمافی مرۆڤیان تیا پارێزراوە.

سێ: بورجی ئایڤی بورجێکە لە شاری نیویۆرک لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

## دەربارەی دەیڤد بوکەر

دەیڤد بوکەر مامۆستا لێکۆڵینەوەکانی خۆرهەڵاتی ناوەراست لەزانکۆی حەیفا. دانەری کتێبی فەندەمەنتاڵی ئیسلامی و سیاسەتی کلتووری عەرەب ، پسپۆڕ لە ململانێی نێوان عەرەب و ئیسرائیل، پەیوەندییەکانی ناوخۆیی عەرەب و پرسی ئیسرائیل، تیرۆریزمی نێونەتەوەیی و فاندەمەنتاڵی ئیسلامی کێشە تیئۆرییەکان و پانتایی سیاسەت لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، سیاسەتی دەرەوەی سوریا بەڕووی ئیسرائیل و لوبنان.

دەیڤد بوکەی پشتیوانی تێزی بەیەکدادانی شارستانەکانی سامۆییل هەنتگتۆن دەکات. دەیڤد کۆمەڵی کتێبی بەچاپ گەیاندووە لەوانە:

(١)تێکڕای تیرۆریزم بەناوی خوا: دەرکەوتنی فەندەمەنتاڵیزمی ئیسلامی نوێ، مەڵبەندی لێکۆڵینەوەی سیاسەتە گشتییەکان ، ئەیرێڵ ٢٠٠٢.

(٢)کلتوری سیاسی عەرەبی – ئیسلامی مەڵبەندی لێکۆڵینەوەی سیاسەتە گشتییەکان ، ئەیرێڵ ٢٠٠٣.

(٣)ئێـد: ئەژدیهاکـانی مـحەمەد ڕابەری سەرتاسـەری ڕادیکـاڵی ئیسـلامی بۆ گـوێگرانی خۆرئـاوا، گـرین فۆرسـت، کتێبی بەلفۆر ٢٠٠٤.

(٤) عەرەفـات و بـزووتنەوەی نیشـتمانی فەلەسـتینی و ئیسـرائیل، سیاسەتی دەمامک و دژبەیەک، نیویۆرک، چاپخانەی مێڵن ٢٠٠٥

(٥) لە مـحەمەدەوە تـا بـن لادن، سـەرچاوە ئـایینی و ئایدیۆلۆژییەکانی دیاردەی خۆکوژی نیوبرۆنزویک، نیوجێرسی، ٢٠٠٨.

## وتارەکان

یەک: زایۆنیسـت، پۆسـت زایۆنیسـت و بسـیودو زایۆنیسـت، هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی چەپی ئاڵۆز و ڕاپەڕینی ئەلئەقسا، لە س شـاران، ئیسـرائیل و پۆسـت زایۆنیسـت، بریغتـۆن، چاپخـانەی ئەکادیمی سەسێکس، ٢٠٠٨.

دوو: گرووپی ئایارشی ئیسلامی نویێ لە دی بوکەی، ئەژدیهاکانی محەمەد.

## ژێدەرەکان:

(١)جان ل. ئیسپۆسیتۆ، چارەسەری ئیسلامیانە ئەفسانە یان ڕاستی؟ چاپخانەی زانکۆی ئۆکسفۆرد لاپەڕە٢١١ - ٢١٢ ؛ جان ئۆ ڤۆڵ و جان ل. ئیسپۆسیتۆ (ئیسلام و دیموکراسی) نیویۆرک چاپخانەی زانکۆی ئۆکسفۆرد ١٩٩٦ لاپەڕە ١٨ – ٢١.

(٢)هەمان سەرچاوەی پێشوو

(٣) هەمان سەرچاوەی پێشوو هەروەها جان ئۆ ڤۆڵ و جان ل. ئیسپۆسیتۆ (ئیسلام و دیموکراسی) بڵاوکراوەی هیومانیتیس تشرینی دووەم و کانوونی یەکەمی ٢٠٠١.

(٤) جان ل. ئیسپۆسیتۆ و جەیمس پیسکاتۆری، ئیسلام و دیموکراتیزەیشن،" میدیڵ ئیست جۆرناڵ هاوینی ١٩٩١ لاپەڕە ٤٣٤. جان ئۆ ڤۆڵ و جان ل. ئیسپۆسیتۆ " گەوهەری دیموکراتی ئیسلام" وەرزنامەی میدیڵ ئیست ئەیلولی ١٩٩٤ لاپەڕە ٧ – ٨. جان ئۆ ڤۆڵ و جان ل. ئیسپۆسیتۆ (ئیسلام و دیموکراسی) نیویۆرک چاپخانەی زانکۆی ئۆکسفۆرد ١٩٩٦ لاپەڕە ٢٧ – ٣٠ و ١٨٦ ؛ جان ل. ئیسپۆسیتۆ، چارەسەری ئیسلامیانە ئەفسانە یان ڕاستی؟ چاپخانەی زانکۆی ئۆکسفۆرد لاپەڕە ٤٩ – ٥٠؛ جان ل. ئیسپۆسیتۆ ئیسلام ڕێگای ڕاست نیویۆرک چاپخانەی زانکۆی ئۆکسفۆرد ١٩٩٦ لاپەڕە ٤٥، ٨٣، ١٤٢ تا ١٤٨.

(٥) جان ل. ئیسپۆسیتۆ " خەڵکی دەیانەوێ چی دەربارەی ئیسلام بزانن" چاپخانەی زانکۆی ئۆکسفۆرد ٢٠٠٢ لاپەڕە ١٥٩ – ١٦١. جان ل. ئیسپۆسیتۆ " ئیسلامی هاوچەرخ" جان ل. ئیسپۆسیتۆ ئۆکسفۆردی مێژووی ئیسلام ) نیویۆرک چاپخانەی زانکۆی ئۆکسفۆرد ١٩٩٩ لاپەڕە ٦٧٥ – ٦٨٠. جان ل. ئیسپۆسیتۆ و جەیمس پیسکاتۆری، ئیسلام و دیموکراتیزەیشن،" میدیڵ ئیست جۆرناڵ هاوینی ١٩٩١ لاپەڕە ٤٤٠.

(٦) خشتەی وڵاتە سەربەخۆکان ٢٠٠٦ " ئازادی لە جیهاندا،٢٠٠٦ ( واشنتۆن، دی سی: ماڵی ئازادی، ٢٠٠٦.

(٧) جـان ل. ئیسپۆسـیتۆ، چارەسـەری ئیسـلامیانە ئەفسـانە یـان ڕاسـتی؟ چاپخانەی زانکۆی ئۆکسفۆرد لاپەڕە ٢٠٣ – ٢٠٤.

(٨) جان ل. ئیسپۆسیتۆ " لایەنگرانی سکۆلاری لە زانایان" تۆماری مێژوویی خوێندنی بالاّ،٢٦ ی ئایاری ١٩٩٦. نیویۆرک: چاپخانەی زانکۆی ئۆکسفۆرد ١٩٩٦.

(٩) جان ئۆ ڤۆڵ و جان ل. ئیسپۆسیتۆ (ئیسلام و دیموکراسی) نیویۆرک چاپخانەی زانکۆی ئۆکسفۆرد ١٩٩٦ لاپەڕە ٦-٨ و ٢٧-٣٠.

(١٠) لاری دایەمۆنـد، دیموکراسـی لەوڵاتە پێشـکەوتووەکان لەنـدەن چاپخانەی ئەدەمەنتاین ١٩٨٨ لاپەڕە ٢١٨-٢٦٠ ؛ لاری دایەمۆند و لیۆناردۆ مۆرلینۆ " چۆنایەتی دیموکراسی" گۆڤاری دیموکراسی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٤؛ ڕۆبەرت ئێ.داهـی ، ئیـان شـاپیرۆ، و هۆسـەی ئەنتۆنیـۆ شـیباب، دیموکراسی کتێبی سەرچاوە کامبریج چاپخانەی MIT ، ٢٠٠٣.

(١١) بڕوانە ڕۆبەرت ئەی.داهی دەربارەی دیموکراسی نیو هەڤن چاپخانەی زانکۆی یێل، ١٩٩٨.

(١٢) ئیسپۆسـیتۆ ئۆکسـفۆردی مێـژووی ئیسـلام ) نیویـۆرک چاپخـانەی زانکـۆی ئۆکسـفۆرد ١٩٩٩ لاپەڕە ٦٦١- ٦٦٧؛ جـان ل. ئیسپۆسـیتۆ ئیسـلام ڕێگـای ڕاسـت نیویـۆرک چاپخـانەی زانکـۆی ئۆکسـفۆرد ١٩٩٦ لاپەڕە ١٣٧، ١٤١ ، ١٨١- ١٨٣، ٢٣١ ، ٢٤٥- ٢٤٦، جـان ل. ئیسپۆسـیتۆ و جەیمـس پیسـکاتۆری، ئیسـلام و دیموکراتیزەیشـن،" میـدیڵ ئیسـت جۆرنـاڵ هـاوینی ١٩٩١ لاپەڕە ٤٣٦- ٤٣٧.

(١٣) ئەبو ئەلعەلا ئەلمەودودی بیردۆزەی سیاسی ئیسلام لەگەڵ خورشید ئەحمەد ئیسلام: مانا و پەیام لەندەن شورای ئیسلامی ئەوروپا ١٩٧٦ لاپەڕە ١٥٩- ١٦١.

(١٤) ئەبـو ئەلـعەلا ئەلـمەودودی ڕێگـای ئیسـلامیی ژیـان دەلهـی کتێبخـانەی گشـتی ئیسـلامی ١٩٦٧ لاپەڕە ٤٠. جـان ل. ئیسپۆسـیتۆ و جەیمـس پیسـکاتۆری، ئیسـلام و دیموکراتیزەیشـن،" میـدیڵ ئیسـت جۆرنـاڵ هـاوینی ١٩٩١ لاپەڕە٤٣٦- ٤٣٧ ، ٤٤٠؛ جان ل. ئیسپۆسیتۆ، چارەسەری ئیسلامییانە

ئەفسانە یان ڕاستی؟ چاپخانەی زانکۆی ئۆکسفۆرد لاپەڕە ١٢٥-١٢٦ ؛ جان ئۆ ڤۆڵ و جان ل. ئیسپۆسیتۆ (ئیسلام و دیموکراسی) نیویۆرک چاپخانەی زانکۆی ئۆکسفۆرد ١٩٩٦ لاپەڕە ٢٣- ٢٦.

(١٥) محەمەد یوسف، مەودودی: قۆناغی پێکهاتن کەراچی پەیامی گەردوونی ١٩٧٩ لاپەڕە ٣٥.

(١٦) ئەبو ئەلعەلا ئەلمەودودی بیردۆزەی سیاسی ئیسلام لەگەڵ خورشید ئەحمەد ئیسلام. جان ج. دۆناهو و جان ل. ئیسپۆسیتۆ ئیسلام لە کلتووردا: ڕوانینی ئیسلامی نیویۆرک چاپخانەی زانکۆی ئۆکسفۆرد ١٩٢٨ لاپەڕە ٢٥٣.

(١٧) جان ئۆ ڤۆڵ و جان ل. ئیسپۆسیتۆ کرۆکی دیموکراسی ئیسلام لاپەڕە ٧.

(١٨) جان ل. ئیسپۆسیتۆ، چارەسەری ئیسلامیانە ئەفسانە یان ڕاستی؟ چاپخانەی زانکۆی ئۆکسفۆرد لاپەڕە ١٢٦.

(١٩) تەقییەدین ئیبن تەیمیە مسئة فی عقل والنفوس مجموعة فتوات شیخ الاسلام ابن تیمیة رياض مطبعة الحكومة ١٩٩٦ بەرگی ٩ لاپەڕە ٤٧- ٤٩. ئەلعەلا ئەلمەودودی بیردۆزەی سیاسی ئیسلام لەگەڵ خورشید ئەحمەد ئیسلام لاپەڕە ١٤٩- ١٥١. سەید قوتب معالم في الطريق ئینديانپۆلیس بڵاوکردنەوەی ئەمەریکەن تراست ١٩٩٠ لاپەڕە ١١١- ١١٣، ١٣٠- ١٣٧.

(٢٠) جان ئۆ ڤۆڵ و جان ل. ئیسپۆسیتۆ (ئیسلام و دیموکراسی) نیویۆرک چاپخانەی زانکۆی ئۆکسفۆرد ١٩٩٦ لاپەڕە ٢٧- ٣٠ ، ١٨٦ ؛ جان ل. ئیسپۆسیتۆ، چارەسەری ئیسلامیانە ئەفسانە یان ڕاستی؟ چاپخانەی زانکۆی ئۆکسفۆرد لاپەڕە ٤٩ – ٥٠ ، جان ل. ئیسپۆسیتۆ ئیسلام ڕێگای ڕاست نیویۆرک چاپخانەی زانکۆی ئۆکسفۆرد ١٩٩٦ لاپەڕە ٤٥ و ٨٣، جان ل. ئیسپۆسیتۆ و جەیمس پیسکاتۆری، ئیسلام و دیموکراتیزەیشن،" میدیڵ ئیست جۆرناڵ هاوینی ١٩٩١ لاپەڕە ٤٣٤.

(٢١) بۆ نموونە بڕوانە جەی مایکڵ وۆڵەر پرۆفیسۆری ئەننبێرگ بۆ پەیوەندییە نێو دەوڵەتییەکان، پەیمانگای سیاسی جیهانی ،بەیانامە لەبەردەم

لیژنەی فەرعی دەربارەی تیرۆر و تەکنەلۆجیا و ئاسایشی نیشتمانی، لیژنەی ئەنجوومەنی پیران دەربارەی دەسەڵاتی قەزائی چواردەی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٣.

(٢٢) کلیفۆرد ئێدمۆند بۆسوۆرس ئینسکلۆپیدیای ئیسلام لەیدەن ئی جەی بریڵ ١٩٦٠ بەرگی نۆیەم دەربارەی شورا.

(٢٣) ئێم بێرنارد بۆسوۆرس ئینسکلۆپیدیای ئیسلام لەیدەن ئی جەی بریڵ ١٩٦٠ بەرگی سێیەم دەربارەی ئیجماع.

(٢٤) جۆزیف شاخت ئینسکلۆپیدیای ئیسلام لەیدەن ئی جەی بریڵ ١٩٦٠ بەرگی سێیەم دەربارەی ئیجتهاد.

(٢٥) ڕۆبین ب. ڕایت شۆڕشی مەزنی ڕابردوو پشێوی و گۆڕان لە ئێران لەندەن ٢٠٠١ لاپەڕە ٢٥٦- ٢٧٣ و ٢٩٢ – ٢٩٩.

(٢٦) ڕۆبین ب. ڕایت ئیسلام و دیموکراسی لیبراڵی دوو ڕوانین بۆ ڕیفۆرمکردنیان گۆڤاری دیموکراسی نیسانی ١٩٩٦ لاپەڕە ٦٥- ٦٧.

(٢٧) جان ئۆ ڤۆڵ: ئیسلام بەردەوامی و گۆڕان لەجیهانی مۆدێرن سیراکۆس چاپخانەی زانکۆی سیراکۆس ١٩٩٤ لاپەڕە ٣٧٨- ٣٨٧.

(٢٨) ڕۆبین ب. ڕایت ئیسلام و دیموکراسی لیبراڵی دوو ڕوانین بۆ ڕیفۆرمکردنیان گۆڤاری دیموکراسی نیسانی ١٩٩٦ لاپەڕە ٦٧.

(٢٩) هەمان سەرچاوە لاپەڕە ٦٧- ٧٥.

(٣٠) عەبدولکەریم سروش لەنێوان ئەوان و دژدا، چاوپێکەوتن، زانکۆی تاران حوزەیرانی شانزە و حەڤدەی ١٩٩٨ ؛ جان ئۆ ڤۆڵ و جان ل. ئیسپۆسیتۆ نیشانکەرانی ئیسلامی هاوچەرخ، ئۆکسفۆرد، چاپخانەی ئێکسفۆرد ٢٠٠١ بەشی حەوتەم.

(٣١) عەبدولکەریم سروش هۆکارو ئازادی و دیموکراسی لە ئیسلامدا، نووسینە بنچینییەکانی عەبدولکەریم سروش، ئۆکسفۆرد چاپخانەی ئۆکسفۆرد ٢٠٠٠ لاپەڕە ١٢٣- ١٥٥.

(٣٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو  لاپەڕە ٢٤٥- ٢٧٤.

(٣٣) نیویۆرک ؛ فارار، ستراوس و جیرۆکس، ٢٠٠٣.

(٣٤) ئۆکسفۆرد: چاپخانەی زانکۆی ئۆکسفۆرد.

(٣٥) نیویۆرک: چاپخانەی زانکۆی ئۆکسفۆرد ١٩٩٦.

(٣٦)فێڵدمان. دوای جیهاد لاپەڕە ٢٢٢- ٢٢٧؛ دیموکراسی ئیسلامی لەعێراقی نوێ: چاوپێکەوتن لەگەڵ نوح فێڵدمان فرۆنتلاین خزمەتگوزاری وەشاندنی گشتی ئەیلولی ٣٠ ی ٢٠٠٣.

(٣٧) هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ١٨٢.

(٣٨) فەتواکانی یوسف ئەلقەرەزاوی وەرزنامەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست هاوینی ٢٠٠٤ لاپەڕە ٧٨- ٨٠.

(٣٩) فێڵدمان دوای جیهاد لاپەڕەکانی ٢١٠-٢٢١ و ٢٢٨- ٢٣٠ و ٢٣٤.

(٤٠) فێڵدمان. دوای جیهاد لاپەڕە ٢٢٢- ٢٢٧؛ دیموکراسی ئیسلامی لەعێراقی نوێ: چاوپێکەوتن لەگەڵ نوح فێڵدمان فرۆنتلاین خزمەتگوزاری وەشاندنی گشتی ئەیلولی ٣٠ ی ٢٠٠٣.

(٤١) نیویۆرک: پرایگەر ١٩٩٨.

(٤٢) نیویۆرک: پرایگەر ٢٠٠٥.

(٤٣) سامۆییل هەنتگتۆن ، بەیەکدادانی شارستانییەکان دووبارە دروستبوونەوەی جیهانی نوێ نیویۆرک سایمن و شوستەر، ١٩٩٦.

(٤٤) شیرین هەنتەر ، داهاتووی ئیسلام و خۆرئاوا لاپەڕەکانی ١٩- ٢٨ و ١٠٦- ١١٤.

(٤٥) ئانا جۆردن پرنسیپەکانی دیموکراسی خۆرئاوا و ئیسلام سایتی (Submission.org ) کانوونی یەکەمی ١٩٩٨، لە تشرینی دووەمی ٢٠٠٦ بینراوە.

(٤٦) ولیەم ئیبنستین و ئێدوین فۆگلمان تەدابیری کۆمەکی نێونەتەوەیی کۆمۆنیزم، فاشیزم، سەرمایەداری ئیمگلوود نیوجێرسی برێنتس هۆڵ ١٩٨٠ لاپەڕە ١٧٠- ١٧٨.

(٤٧) قورئان ژمارەیەک سورەت و ئایەتی جیاجیا.

(٤٨) گودرۆن گرامەر تێگەیشتنە ئیسلامییەکان لە دیموکراسی ڕاپۆرتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست تەمموز- ئابی ١٩٩٣.

(٤٩) فارس جەدعان تێگەیشتنەکانی دەوڵەت لە نووسینە سیاسییەکانی عەرەبی هاوچەرخ چاپی لوسیانی. دەوڵەتی عەرەب لەندەن ڕاوتلێچ ١٩٩٠لاپەرە ٢٤٧- ٢٨٣. حامد عینایەت بیری سیاسی ئیسلامی مۆدێرن ئەوستن چاپخانەی زانکۆی تیکساس ١٩٨٢ لاپەڕە ٦٩- ١٣٩.

(٥٠) ئەحمەد ئیسلام مانا و پەیام لاپەڕە ١٥٩-١٦١.

(٥١) ڕیچارد میشێڵ کۆمەڵەی ئیخوان موسلمین نیویۆرک چاپخانەی زانکۆی ئۆکسفۆرد ١٩٦٩لاپەڕە ٢٠٩- ٢٩٤.

(٥٢) حەسەن ئەلبەنا پێنج نامیلکەکەی حەسەن ئەلبەنا بێرکلی چاپخانەی زانکۆی کالیفۆرنیا ١٩٧٨ لاپەڕە ١٤٢- ١٥٤.

(٥٣) سەید قوتب معلم على الطريق کاراچی بڵاوکراوەی ئیسلامی نیونەتەوەیی ١٩٨٨ لاپەڕە ٧٣- ٧٨، ٨٠- ٨١، ١١٢. سەید خەتاب بیری سیاسی سەید قوتب بیردۆزی جاهیلیەت لەندەن ڕاوتلێچ ٢٠٠٦.

(٥٤) ئەبو ئەلعەلا ئەلمەودودی بیردۆزەی سیاسی ئیسلام لاهۆر لەبڵاوکراوەی ئیسلامیی ١٩٧٦ لاپەڕە ١٣، ١٥-١٧، ٣٨، ٧٥- ٨٢.

(٥٥) ئەبو ئەلعەلا ئەلمەودودی خۆکوژی شارستانی خۆرئاوا لەگەڵ وەقار ئەحمەد غاردیزی و عەبدولوەحید خان خۆرئاوا ڕووبەڕووی ئیسلام نیودەلهی لەبلاوکراوەی نێونەتەوەیی ئیسلامی ١٩٩٢ لاپەڕە ٦١- ٧٣.

(٥٦) جنێڤە عەبدۆ لا ئیلاهە ئیللەللاە میسر و سەرکەوتنی ئیسلام ئۆکسفۆرد چاپخانەی زانکۆی ئۆکسفۆرد ٢٠٠٠ لاپەڕە ١٠٧- ١٣٦.

(٥٧) پەیمانگـای خـۆرهەڵاتی ناوەراسـت بـۆ لێکـۆڵینەوەی میـدیا زنجیـرەی تایبەت  ژمارە ١٢٨٥ ئەیلولی.٢٠٠٦

(٥٨) سامۆئیڵ پ هەنتگتۆن  ئایا وڵاتانی تر دەبنە دیموکراسـی  وەرزنـامەی زانسـتی سیاسـی  هـاوینی ١٩٨٤ لاپەڕە ٢١٤. گیـڵ کەپەڵ  تـۆڵەی خـوا زانکۆی پارک چاپخانەی زانکۆی پێنسڤێلیا  ١٩٩٤ لاپەڕە ١٩٤.

(٥٩) بێرنـارد لـویس ئیسـلام و دیموکراسـی لیبراڵـی کـورتەیەکی مێژوویـی گۆڤاری دیموکراسی نیسانی ١٩٩٦ لاپەڕە ٥٢.

(٦٠) هەمان سەرچاوەی پێشوو  لاپەڕە ٥٣- ٥٧.

(٦١) هیشام شەرابی نیوپاتریراشی بیردۆزی لەنێوبردنی گۆڕان لەکۆمەڵگای عەرەبی  نیویۆرک چاپخانەی زانکۆی ئۆکسفۆرد ١٩٨٨ لاپەڕە ١٣٦.

(٦٢) جان ئۆ ڤۆڵ و جان ل. ئیسپۆسـیتۆ (ئیسـلام و دیموکراسـی) نیویـۆرک چاپخانەی زانکۆی ئۆکسفۆرد  ١٩٩٦  لاپەڕە ٣١.


سەرچاوەکان:

١- Middle East Quarterly  Spring 2007 pp.71-79

٢- http://www.meforum.org/1680/can-there-be-an-islamic-democracy

٣- http://en.wikipedia.org/wiki/David_Bukay


تێبینی: ئەم بابەتە لە یەکێک لە ژمارەکانی گۆڤاری واتە بڵاو بۆتەوە.

## پەیامی "جۆرج کارلین"ی

## هونەرمەندی کۆمیدیی ئەمریکی

دوا نامەی جۆرج کارلین بەماوەیەکی زۆر کەم بەر لەمردنی



(لە ئینگلیزییەوە)

پارادۆکسی سەردەمی ئێمە لە مێژوودا ئەوەیە کە باڵەخانەی بەرزترمان هەیە بەڵام خولق و میزاجمان کورتتر. ڕێگاو بانی پان و پۆڕتر، بەڵام تێڕوانینمان بەرتەسکتر. زۆر خەرج دەکەین، بەڵام کەممان هەیە. زۆر شت دەکڕین، بەڵام کەم چێژی لێدەبینین. خانووی گەورەتر و خێزانی بچوکترمان هەیە، زۆر ئاسانکارییمان هەیە، بەڵام کاتمان کەمە. بڕوانامەی زۆرمان هەیە، بەڵام هەستمان کەمتر. زانیاریمان زۆر، بەڵام سەلیقەمان کەمتر. شارەزامان زۆر و گرفتیشمان زۆرتر. داو و دەرمانمان زۆرتر و چاکبونەوەمان کەمتر.

زۆر دەخۆینەوە، زۆر جگەرە دەکێشین، زۆر بێبیرکردنەوە بەسەر دەبەین، زۆر کەم پێدەکەنین. زۆر خێرا ماشێن لێدەخوڕین، زوو توڕە دەبین، تا نیوە شەو نانوین، کەهەڵیش دەستین زۆر ماندووین. زۆر تەماشای تەلەفیزیۆن دەکەین و بەدەگمەن نوێژ دەکەین.

ئێمە سامان و دارایيمان چەندجارە دەکەینەوە، بەڵام بەها مرۆییەکانمان دێنینە خوارەوە. زۆر قسە دەکەین، بەدەگمەن خۆشەویستی دەکەین و ڕقمان لە زۆر شتیش دەبێتەوە.

ئێمە فێربووین چۆن بیگوزەرێنین، بەڵام ناژێین. ئێمە ساڵانێکی زۆرمان بەخشی بە ژیان، نەک ژیان ببەخشین بە ساڵەکان. ئێمە بۆ سەر مانگ چووین و گەڕاینەوە، بەڵام گرفتی پەڕینەوەی شەقامێکمان هەیە بۆ بینینی دراوسێیەکی نوێ. ئێمە بۆشایی دەرەوەمان بەزاند، نەک ناوەوەی بۆشایی. شتی گەورەمان ئەنجامدا نەک شتی باشتر.

هەوامان پاکژ کردەوە، بەڵام ڕۆحمان پیس کرد. بەسەر ئەتۆمدا زاڵ بووین، بەڵام نەک بەسەر بڕیاری پێشوەختمان. زۆر دەنووسین، بەڵام کەم فێر دەبین. نەخشەی زۆر دادەنێین، بەڵام بەکەمی جێبەجێیان دەکەین. فێر بووین پەلە بکەین، بەڵام چاوەڕێ نەکەین. زۆر کۆمپیوتەر دروست دەکەین بۆ هەڵگرتن و پاراستنی لەهەر کات زیاتری زانیاری، بەڵام پەیوەندیمان کەمتر و کەمتر.

ئەم سەردەمە سەردەمی خواردنی خێرا و هەرس کردنی لەسەرخۆیە. سەردەمی پیاوی گەورە و کارەکتەری بچووکە. دەستکەوتی گەورە و پەیوەندی ڕووکەشانەیە. ئەم ڕۆژانە، ڕۆژانی دابینکردنی دوو داهات و جیابوونەوەی زۆرە. ڕۆژانی خانووی دڵگیر، بەڵام ماڵی دڵشکاوە. ڕۆژانی گەشتی خێراو فڕێدانی داپەر و تورهەڵدانی مۆڕاڵییەتە. ڕۆژانی شەو تا بەیان بەپێوە وەستان و جەستەی کەتە و زل و دەرمانخواردنی هەموو شتێکە لە هاوارەوە بۆ بێدەنگی و ئینجا مردن. سەردەمێکە پێشانگاکان پڕ و کۆگاکانیش خاڵی. سەردەمێک کە تەکنەلۆژیا لەتوانایدایە ئەم نامەیەت بگەیێنێتە دەست و سەردەمێک کە تۆش دەتوانی یان بەشداری لەم تێگەیشتنەدا بکەی، وەیان پەنجە بە دلیتدا بنێی و بیسڕیتەوە.

بیرت نەچێت کاتێکی زۆر لەگەڵ ئەو کەسانەی خۆشت دەوێت بەسەر ببە، چونکە تاسەر بۆت نامێنن.

بیرت نەچێت وشەی جوان و شیرین ببێژە بەو منداڵەی کە سەری بەرز کردۆتەوە و بە ترسەوە بۆت دەڕوانێ و ڕێز

دەنــوێنیّ. چونکــە ئــەم منــداڵە زۆر زوو گــەورە دەبێــت و کەنارگیرت دەکات.

بیرت نەچێت باوەشی گەرم بەو کەسەدا بکە کەلەتەنیشتەوەیە، چونکە ئەم باوەشە تەنها سامانێکە کەدەتوانی لەقوڵایی دڵتەوە بیبەخشی بێ ئەوەی هیچی تێبچێت.

بیــرت نــەچێت بەهاودەمەکــەت ، بــە کەســە خۆشەویســتەکەت بڵێی"خۆشم دەوێی"، بەڵام هەموو جارێک بەجددیت بێت.

ماچ و لەئامێزگرتن کە لە ناخی ناختەوە بێنە دەریّ ئازارەکان چاک دەکەنەوە.

بیرت نەچێت دەستی بگرە و ڕێز لەو کەسە بنێ کە لەوانەیە جارێکی تر نەیبینیتەوە.

ماوە بدە بە خۆشەویستی، ماوە بدە بە قسە کردن! و ماوەش بدە بە بیروڕا بەنرخەکانی مێشکی خۆت.

هەروەها هەمیشە بیرت نەچێت:

ژیان بە ژمارەی ئەو هەناسانە ناپێورێت کە وەریدەگرین، بەڵکو بەو خولەکانە دەپێورێت کە هەناسەکانمانی تێدا دەدەین.

## دەربارەی هونەرمەند جۆرج کارلین

جـۆرج کــارلین ،ڕەخنەگـری کۆمەڵایەتی،ســاتیرنووس، ئەکـتەر، نووســەر و دانەر و هونەرمەنــدی کۆمیــدی ئــەمریکی لــە ١٢ی ئایاری ١٩٣٧ لە مەنهاتن لە شاری نیویۆرک لەدایک بووە. ئەم هونەرمەندە کۆمیدییە یەکێکە لە ناسراوترین ئەو هونەرمەندانەی

له سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە تا مردنی هەدای نەدا و لە هەوڵی ئەوە دابوو لە ڕێگەی قسە خۆشەکانی و ڕەخنە سیاسییەکانییەوە بزەی بخاتە سەر لێوی مرۆڤەکان. جۆرج خوێندنی ئامادەیی لە نیویۆرک تەواو دەکات و دواتر زۆرجار پشووی هاوینی لە کەمپی گوندی سپۆفۆرد لە نیو هەمشایر بەسەر دەبرد و چەندین خەڵاتی درامای لەو کەمپە بردۆتەوە. ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ جاک بێرنس پێکەوە وەک تیمێک دەست بەکاری کۆمیدی دەکەن. جۆرج لە ژیانی هونەریدا بیست و یەک دیسکۆگرافی بڵاو کردۆتەوە ئەمە جگە لە بەشداریکردن لە نواندنی هەژدە فلیم و بیست و دوو بەرنامەی تەلەفیزیۆنی و پانزە ئەلبومی کۆمیدی و نووسینی حەوت کتێب و  هەروەها پێنج کتێبی گوێ بیستراو. جۆرج کارلین ساڵی ١٩٦١ زەماوەند لەگەڵ برێندا هۆسبرووک دەکات و  بەرهەمی ئەم هاوسەرگیرییە منداڵێک دەبێ بەناوی (کێڵی). برێندا بەنەخۆشی شێرپەنجەی جگەر لەساڵی ١٩٩٧ کۆچی دوایی دەکات. جۆرج بۆ جاری دووەم لە بیست و چواری تەممووزی ساڵی ١٩٩٨ سالی وەید بە بێ ئاهەنگ و بەبێ زەماوەند دەخوازێت و تا ساڵی ٢٠٠٨ تەنها دوو ڕۆژ پێش ئاهەنگی دە ساڵەی زەماوەندیان جۆرج کۆچی دوایی دەکات. جۆرج کارلین بیروبۆچوونە سیاسییەکانی لەسەر بابەتەکانی زمانی ئینگلیزی و دەروونناسی و ئایین و کۆمەڵێ بابەتی تری قەدەغەکراو لە ڕێگەی کۆمیدیاوە دەردەبڕی. جۆرج کارلین لە چەندین فلیم بەشداری کردووە و کتێبی ناوداری " کەوتنە خوارەوەی مێشک"نووسیوە و هەروەها بۆتە مێوانی  ١٣٥ بەرنامە. جۆرج لە دایک و باوکێکی ڕۆژنامەنوس هاتۆتە دونیاوە و پورێکی

هونەرمەندیشی هەبوو بەناوی "پورە ئەنجی" کە هەفتانە لە بەشی کاریکاتێری ڕۆژنامە کاری دەکرد، ئەم پورە و دایک و باوک ڕۆڵیان هەبوو لە پێگەیاندنی جۆرج کارلین. جۆرج لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا بووە گرانترین هونەرمەند لە بواری فرۆشتنی بلیتی بەرنامەکانی. ئەم هونەرمەندە پێنججار خەڵاتی گرامی بۆ ئەلبومەکانی بەدەست هێناوە. دواجار جۆرج کارلین لە ڕۆژی یەکشەممەی ٢٢ی حوزەیرانی ٢٠٠٨ لەتەمەنی ٧١ساڵیدا لە لۆس ئەنجلس کۆچی دوایی دەکات و بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە هونەر و جیهانی کۆمیدیا دەکات.

## سەرچاوەکان:


١- پەیامێک لە جۆرج کارلینەوە سایتی تێرنینگ پۆینت

http://www.turningpointnz.com/a-message-from-george-carlin

٢- http://www.voanews.com/english/archive/2008-06/2008-06-23-voa12.cfm?CFID=299679745&CFTOKEN=53299775&jsessionid=6630d6c0aff8b594c985314167347e107343


٣- ژیاننامەی جۆرج کارلین سایتی ویکیپیدیا

http://en.wikipedia.org/wiki/George_Carlin


تێبینی: ئەم بابەتە لە یەکێک لە ژمارەکانی هەفتەنامەی نسێی ڕۆژنامەی زاری کرمانجی بڵاو بۆتەوە.

# پاش کۆتایی مێژوو

نووسینی: فرانسیس فۆکۆیاما (۱)



(له ئینگلیزییه‌وه)

لەو حەڤدە ساڵەی ڕابوورد، لەوکاتەوەی یەکەمینجار وتارەکەم" کۆتایی مێژوو"بڵاو بۆوە گریمانەکەم لەهەر گۆشەنیگایەکەوە شیا بێ ڕەخنەی لێگیرا. بڵاوبوونەوەی بۆ جاری دووەم لە کتێبی" کۆتایی مێژوو و دوا مرۆڤ" ئەو بوارەم بۆ ئەڕەخسێنێ کە دووبارە جەخت لەسەر ئەرگیومێنتە بنەڕەتییەکانی بکەمەوە,بۆ وەڵامدانەوەی ئەوەی زیاتر چ ناڕەزایەتییەکی جیدی بەرەو ڕووی بووەوە، وە چاوخشاندن بە هەندێ پەرەسەندن لە دونیای سیاسەتدا کەلەهاوینی ساڵی ١٩٨٩ دا هاتنە ڕوودان.

ڕێگەم بدەن با لەو پرسیارەوە دەست پێبکەم کۆتایی مێژوو چی بوو؟ بێگومان دەستەواژەکە هی من نییە بەڵکو لە هیگڵەوە وەرگیراوە و زۆر بەربڵاوتریش لای کارڵ مارکس بەکار هاتووە. هیگڵ یەکەمین فەیلەسوفی مێژووناسە کە مێژووی مرۆڤایەتی وەک پرۆسەیەکی گەشەکردنی پێکەوەلکاو تێگەیشتووە. هیگڵ ئەم گەشەکردنەی بینی بەو پێیەی گەشەکردنێکە لە عەقڵی مرۆڤەوە ئەدۆزرێتەوە کەدواجار ئەبێتە هۆی فراوانبوونەوەی چوارچێوەی ئازادی لە جیهان. مارکس بیردۆزێکی زیاتر ئابوورییانەی خاکی هەبوو. بینی کەهۆکارەکانی بەرهەمهێنان و گۆڕانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و گەشەکردن لە مرۆڤی سەرەتاییەوە بۆ ڕاوچی و بۆ کشتوکاڵ کردن و ئینجا بۆ پیشەسازیی. بەو شێوەیە کۆتایی مێژوو و هەروەها بیردۆزی بە مۆدێرنەکردن ئەو بابەتەی وروژاند کە کرداری بەمۆدێرنەکردن دواجار لەکوێدا ڕوو ئەدات.

گەلێ لە ڕۆشنبیرانی پێشکەوتووخواز لەماوەی نێوان بڵاوکردنەوەی "مانیڤێستی کۆمۆنیست"ی کارل مارکس و فریدریک ئەنگلز لە ساڵی ١٨٤٨ و کۆتایی سەدەی بیستەم لەوبڕوایەدا بوون کە کۆتایی مێژوو نییە و پرۆسەی مێژوویش لە کۆمۆنیزمی خەیاڵی کۆتایی دێت. ئەمە جەختکردنەوەی من نییە بەڵکو هی کارڵ مارکسە. ئەو ڕێ بەدییەی کە من لەساڵی ١٩٨٩ وە دەستم پێکرد واپێئەچوو شتی لەو بابەتە ڕوو نەدات تا ئەو جێگەیەی کەپرۆسەی مێژوویی مرۆڤ لەهەر شوێنێک ڕابەری ئەکرد مەیلی بەلای کۆمۆنیزمدا نەبوو، بەڵکو بەرەو لای ئەوەوە بوو کە مارکسییەکان پێیان ئەوت دیموکراسی بورژوازی.

ئێستاشی لەگەڵدابێ باڵاترین شێوە لەشێوەکانی کۆمەڵگە لە هەردوو بنەمای ئازادی و یەکسانی واوەتر نەچوو. ئەلەکسەندەر کۆژیڤ کە هیگڵییەکی مەزنی ڕووسی – فەرەنسییە گۆبەندانە قامکی نایە سەری کاتێ وتی مێژوو لە ساڵی ١٨٠٦ کۆتایی هات، ئەو ساڵەی کەناپلیۆن سیستمی پاشایەتی بروسی لە شەڕی ژینا-ئۆرستاد بەزاند. بەم شێوەیە ئامانجەکانی شۆڕشی فەرەنسایان ئەهێنایە گۆشەی هیگڵی ئەڵمانیا. هەموو ئەوانەی دواتر ڕوویاندا تەنها پڕکردنەوە بوون بەوجۆرە تێڕوانینانەی کە لەسەرتاسەری جیهان گشتیگر کرانەوە.(٢)

## پرسیارەکە

لەلایەن گەلێ چاودێرەوە بەراورد کراوم بە مامۆستای پێشووم ساموێل هەنتگتۆن کە تێڕوانینێکی تەواو جیاوازی خستەڕوو لەگەشەکردنی جیهان لە کتێبەکەیدا"پێکدادانی شارستانەکان و دووبارە دروستکردنەوەی سیستمی جیهانی" لەگەڵ ڕێزی بێ ئەملاوئەولام لەوبڕوایەدام ئەشێ زیادەڕۆیی بکرێ لەو ئاستەی کە ئێمە لێکدانەوەی جیاوازمان هەیە بۆ جیهان. بۆ نموونە من هاوڕام لەگەڵیدا لەو تێڕوانینەی کە کلتوور توخمێکی هەرگیز لەناو نەچووی کۆمەڵگە مرۆڤایەتییەکانە. وە ناکرێ سیاسەت و گەشەکردن تێبگەی بەبێ ئاماژەکردن بە بەهای کلتووری.

بەڵام لێرەدا مەسەلەیەکی بنەڕەتی هەیە کە لێکمان جودا ئەکاتەوە ئەویش ئەو پرسیارەیە ئایا بەهاو دامودەزگاکان کەشانبەشان گەشەی ڕۆشنبیری ڕۆژئاوا گەشەیان کردووە ئەشێ جیهانی بن ( وەک مارکس و هیگڵ لەوبڕوایەدان) یان ئاسۆی کلتووری سنووریان بۆ دائەنێ( وەک لەگەڵ بۆچوونی فەیلەسوفەکانی دواتردا کۆکە چەشنی فریدریک نیتشە و مارتین هایدگەر). ساموێل هەنتگتۆن بەئاشکرا ئەوە ئەبینێ کە جیهانی نین.وە مشتومڕی ئەوە ئەکات کەئەم جۆرە لەدامودەزگای سیاسی کە ئێمە لە خۆرئاوا پێی ئاشناین بەرئەنجامی جۆرێکی تایبەتە لەکلتووری خۆرئاوای مەسیحی و ئەورووپی و هەرگیزیش لە پشت سنوورەکانی ئەو کلتوورەوە ڕەگ داناکوتێ.

بۆیە پرسیاری بنەڕەتی بۆ وەڵامدانەوەی ئەوەی ئایا بەهاو دامودەزگاکانی خۆرئاوا بایەخی جیهانیان هەیە یان ئایا نوێنەرایەتی سەرکەوتنی کاتی هەژموونی کلتوورییە لەئێستادا؟

هــەنتگتۆن تــەواو دروســتە کــاتێ ئــەڵێ بنەچــەی مێژوویــی دیموکراتی لیبراڵی سکۆلاری مۆدێرن لە ناو ئایینی مەسیحییەوە ڕاکشاوە کەئەمە تێڕوانینێکی بنەڕەتی نییە. هیگڵ، ئەلێکسز دو تۆکڤیلڵ، نیتشــە لــەنێو ژمارەیــەک لــە بیریارانــدا پێیــان وایــە دیموکراسی مۆدێرن وێنەی سکۆلاری بیروباوەڕی مەسیحییەتە لە ڕێزی جیهانی ئینسان. ئێستا ئەمە ئەو حاڵیبوونە نائایینیەی مـافی مرۆڤـە. بـەبڕوای مـن هـیچ گومـانی تێدا نییـە کـە ئەمـە لەدیدگای مێژووییەوە مەسەلەیەکە.

بەڵام هەرچەندە دیموکراسی لیبراڵی مۆدێرن ڕەگی لەخاکی ئەم کلتــووره دیــاریکراوە دایــە کــەچی مەســـەلەکە ئەوەیــە ئــەم بیروباوەڕانــــە زۆر لــــەو بنــــەما بەتایبەتکردنانــــە دوور کەوتوونەتەوە،بەنسبەت ئەو کەسانەی لەدەرەوەی کلتووره نا مەســـیحییەکان دەژیـــن، بایەخـــدارە. میســـۆدی زانســـتی کەشارستانییە تەکنەلۆژیا نوێیەکەمان جەختی لەسەر ئەکاتەوە پێئـەچێ لەبـەر چەنـد هۆکـارێکی مێژوویـی لەسـاتگەلی مێژووی بـــەرایی ئـــەورووپای مـــۆدێرن دەرکـــەوتبێ لەســـەر بناغـــەی تێڕوانینەکانی فرانسیس بیکۆن و ڕێنیە دیکارت بەڵام جارێکی تر میســۆدی زانســتی داهێنرایــەوە و بــووەوە مــوڵکی هــەموو مرۆڤایەتی و ئەتوانرێ بەکاری بهێنی جا خەڵکی ئاسیا بیت یان ئەورووپا یان هیندستان.

لەبەر ئەوە پرسیارەکە ئەوەیە ئایا بناغەکانی ئازادی و یەکسانی ئــەوەی ئێمــە وەک دەزگایــەکی دیموکراســی لیبراڵــی ئــەیبینین هەمان بایەخی جیهانی هەیە؟ لەو بڕوایەدام ئەمە مەسەلەکەیە و من وای ئەبینم کە لۆجیکێکی گشتی هەیە بۆ گەشەی مێژوویی

بۆ شیکارکردنی ئەوەی کە بۆچی ئەبێ گەشەی دیموکراسی لە سەرتاپای جیهان و کۆمەڵگاکانمان ڕوو لەزیادبوون بێ. ئەمە تەنها شێوەیەکی وشک و وەستاوی حەتمییەتی مێژوو نییە وەکو مارکسیزم.بەڵکو کۆمەڵە هێزێکی شاراوەیە کەپاڵ بەمرۆڤەوە دەنێ بۆ پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی ئەو ڕێگایەی کەپێمان ئەڵێ لەکۆتایی ئەو پرۆسەی گەشەکردنە دیموکراسییەکی فراوانتر هەیە وەک لە سەرەتای پرۆسەکە.

## ململانێ

سەرچاوەی "مێژوو" بەمانا مارکسی – هیگڵییەکە لەدوا شیکردنەوەدا ئەکەوێتە بواری زانست و تەکنەلۆجیاوە. زانست خۆی کەڵەکەبوونە و ئێمەش ڕۆڵی داهێنانە زانستییەکان لەیاد ناکەین. ئەمە ئابووری جیهان ئەخولقێنێ.ئاسۆی تەکنەلۆجیا لەبوارەکانی بەرهەمهێنانی ئابووری زامنی ئەوەیە کە تەمەنی ئامێری هەڵم جیاوازە لەتەمەنی هەوجاڕ ، سەردەمی ترانزستۆر و کۆمپیتەر خۆی ڕۆیشتنە بەرەو جیاوازبوون لە تەمەنی خەڵوز و پۆڵا. گەشەپێدانی زانستی بواری بێئەندازەی بەرهەمهێنان زیاد ئەکات کە پاڵ بەسەرمایەداری نوێوە ئەنێ و تەکنەلۆجیا و بیروباوەڕەکان لە بازاڕی نوێی ئابووری ڕزگار ئەکات.

گەشەپێدانی ئابووری چاکبوونی بژێوی ژیان بەرهەم دەهێنێ کە جێگای پەسندی هەموو جیهانە. بەڵگەی ئەمەش بەڕای من هۆکاری دەنگدانی گەلە بە پێی خۆیان ئەچنە پای دەنگدان. هەموو ساڵێ ملیۆنان کەس لەکۆمەڵگە هەژارە

دوواکەوتووەکانەوە لەهەوڵی کۆچکردن دان بەرەو ئەوروپای ڕۆژئاوا و ئەمریکا و یابان یان وڵاتە پێشکەوتووەکانی تر چونکە ئەگەری بەختەوەری مرۆڤ لە وڵاتە پێشکەوتووەکان زیاترە وەک لە وڵاتە هەژارەکان. سەرباری بوونی ژمارەیەکی زۆر لە خەونبینەری ڕۆسۆیی لەو بروایەدان کە زۆر بەختەوەرتر ئەبن ڕاوچی کۆمەڵگای کشتوکاڵی بن وەک لە لۆس ئەنجلۆسی هاوچەرخدا بژین. تەنها ژمارەیەکی کەم لەخەڵک هەیە کەبڕیاریار ئەدەن بەکردار بەو کارە هەڵبسن.

حەزی ژیان لە دیموکراسی لیبراڵی لەسەرەتادا بەشێوەیەکی فراوان نییە وەک حەزکردن لە پێشکەوتن. لەڕاستیدا لێرەدا ژمارەیەک سیستمی سەرکوتگەر هەن وەک چین و سەنگافوری ئەمڕۆ ،یان شیلی ژێر دەسەڵاتی بینوشیە کەتوانی گەشە بکا و سەرکەوتنی گەورە تۆمار بکات. لەگەڵ ئەمەشدا لێرە پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لەنێوان گەشەپێدانی ئابووری سەرکەوتوو و گەشەی دامودەزگا دیموکراتییەکان کەلەبنەڕەتدا لەلایەن کۆمەڵناسی گەورە سیمۆر مارتین لیبسێتەوە سەرنجی دراوەتێ. لێرەدا ژمارەیەک هۆکار هەن کەبۆچی ئەم پەیوەندییە بەهێزە. گەر وڵاتێک لەڕابردوودا داهاتی هەر هاوڵاتییەکی ٦٠٠٠ دۆلار بووبێ، ئیتر ئەو وڵاتە کشتوکاڵی نییە ،بەڵکو چینێکی ناوەڕاستی هەیە کەخاوەنی زەویوزار و کۆمەڵگەی ئالۆزی مەدەنی و ئاستێکی بەرزی نوخبە و فێربوونی سەراپاگیرە. هەموو ئەم هۆیانە بەرەو ئارەزووی بەهێزکردنی ویستی بەشداریکردنی دیموکراتی و بەم شێوەیە لەخوارەوە بۆ سەرەوە ئەیبزوێنێ و خوازیاری دامودەزگای سیاسی و دیموکراتین.

دوا لایەنی بایەخی پرۆسەی مۆدێرنەکردن پەیوەندی بە بواری کلتوورییەوە هەیە. هەموو کەسێک گەشەپێدانی ئابووری دەوێت و گەشەپێدانی ئابووریش بەرەو بەهێزکردنی دامودەزگا سیاسی و دیموکراتییەکانە. بەڵام لەکۆتایی پرۆسەی بەمۆدێرنەکردنەکە کەس هاوشێوەی کلتووری ناوێ، لەڕاستیدا، کێشەکانی ئایدێندیتی کلتووری لەگەڵ تۆڵەسەندنەوە ئەگەڕێنەوە. هەنتگتۆن ڕاستی ئەکرد وەختێ ئەیوت "ئێمە هەرگیز لەدونیایەکدا ناژین کە کلتووری یەکگرتوومان هەبێ،ئەو کلتوورە جیهانییەی کەپێی ئەڵێن"پیاوی داڤۆس". لەڕاستیدا نامانەوێ لەجیهانێکدا بژین کەهەمان بەهای کلتووری جیهانیمان هەیە کە پشت بە جیهانگیری ئەمریکانیزم ببەستێ. ئێمە بۆ ترادیسیۆنێکی تایبەتی مێژوویی هاوبەش، و بەها ئاینییەکان، و جۆرەکانی تری لایەنەکانی یادەوەری هاوبەش کەژیانی هاوبەشمان پێک دێنێ، ئەژین. (٣)

ژیان لە کۆمەڵگا دیموکراسییە لیبراڵە هاوچەرخەکان بەئەمریکاشەوە یەکێکە کە کلتووری یان ئایدێندیتی بەکۆمەڵ بەردەوام بەجەخت کردن و دووبارە جەخت کردنەوەوەو هەندێجاریش داهێنانی کردووە بۆ ئەوەی لەبەرگی خۆی بێتە دەرەوە. ئەمە ئەو شوێنەیە کە بیریارانی بنەڕەتی لیبرالیزمی مۆدێرن ڕێنمایی بەسوودمان ناخەنە بەردەست. تۆماس هۆبیس، جۆن لۆک، بارۆن دی مۆنتسکیو،و جان جاک ڕۆسۆ وێنای گرفتی فرە مەڵبەندی لیبراڵیان کردووە وەکو یەکێک لەوانەی مەشقی هەڵبژاردنی ئۆتۆنۆمی ڕوو بەڕووی دەوڵەت بکات. بەڵام لەکۆمەڵگە لیبراڵە مۆدێرنەکان، تاکەکان خۆیان لە کۆمەڵە کلتوورییەکان ڕێکخراو ئەکەن کەپێ لەسەر مافی بەکۆمەڵ

دائەگرن لەبەرامبەر دەوڵەت و سنووری هەڵبژاردنی تاک لەنێو ئەو کۆمەڵانە.

ئەکرێ تا ئاستێک ئەم شێوازە بەنەرمی وەربگیرێ هەروەک فەرمانی فەرەنسییە-کەنەدییەکان لە هەرێمی کوبێک کە دەخوازن قوتابیان بەزمانی فەرەنسی بخوێنن، یان شێوازێکی مەترسیدارتر لەوەش کاتێ مەلا ئیسلامییەکان لەئەوروپا ئەڵێن ئەبێ شەریعە باڵا دەست بێ بەسەر یاسای فەرەنسی و هۆڵەندی. هەڵبژاردنیش بەنسبەت دەوڵەتەوە ئەوەیە کەئایا ئەتوانێ ئەم فرە لیبراڵییە ڕاڤە بکات کەبەرپرسە لە پاراستنی تاکەکان و کۆمەڵەکان. ئەگەر ئەمەی دواییان بێ چ جۆرە کۆتوبەندێکی سەپێنراوە بەسەر مافی تاکەکان لەلایەن ئەو کۆمەڵانەی کە ئامادەی لێبوردنن.

پشکنینی هەمەلایەنە بۆ ئەم کێشەیە لەتوانای ئەم وتارەدا نییە. ژمارەیەکی کەم لەکۆمەڵگە لیبراڵەکان دەستەوەستانن لەبەرگریکردن لەمافی تاک لەبەرامبەر گروپدا؛ فرەکلتووری، دوو زمان زانین، شێوازی تری دانپیانانی بەکۆمەڵ بۆ بوون بەبەشێک لە سیاسەتی گشتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و دیموکراسییە خۆرئاواکانی تر. لەلایەکی ترەوە، کۆمەڵگا زۆر لیبراڵەکان لەم دانپیانانی گروپە تێئەگەن کە ئەکرێ بنەمای بنچینەیی لیبرالیزم لە لێبوردن و مافی تاک هەڵوەشێنێتەوە. هەروەک چارلس تایلەر شیدەکاتەوە ئەشێ لیبراڵیزم لەهەمبەر کلتوورە جیاوازەکان وەکویەک نەبێ بەو پێیەی لەخودی خۆیدا بەهای کلتووریکی دیاریکراو ڕەنگ ئەداتەوە و پێویستە

ئەلتەرناتیڤی کلتووری گروپەکان ڕەت بکاتەوە کەلەناخی خودی خۆیاندا نالیبراڵ نین.

ئێستا کاتی ئەو بیروباوەڕە بنچینەییە هاتووە کە یەکێکەلە بیروباوەڕە سیاسییە سکۆلارەکان کەتا بەهۆی چەند هۆکارێکی کردەیی ببێتە بەشێک لە پرۆسەی نوێ بوونەوە. لە مێژووی مەسیحییەتدا، کڵێسا و دەوڵەت وەک دوو قەوارەی جیا لەیەک دەستیان پێکرد. کەئەمە لەسەر ئاینی ئیسلامدا پەیڕەو نەبوو. بەڵام ئەم جیابوونەوەیە لەیەک نەپێویست بووە و نەبەئاکام گەیشتووە. لەکۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست هەر شازادەیەکی ئەوروپی ئایینی بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی بەکاری هێناوە، ململانێ خێڵەکییەکان لەسەروبەندی چاکسازیدا بووە هۆی بەرپاکردنی زیاتر لەسەدەیەک لە شەڕی خوێناوی.

سیاسەتمەدارانی سکۆلاری نوێ ڕاستەوخۆ فرچکیان بە کلتووری مەسیحی نەگرتووە، بەڵکو شتێک کە دەبوایە لە میانەی ئەزموونێکی مێژوویی تاڵەوە فێری بن. لەنێو دەستکەوتە لیبراڵیزمە مۆدێرنەکانی بەرایی سەرکەوتنی قەناعەت پێکردنی خەڵک بوو بەپێویستی دوورخستنەوەیان لە دیبەیتی ئەو ئامانجە کۆتاییەی ئایین لە جیهانی سیاسەتدا. ئەمە ئەو خەباتەیە کە خۆرئاوا پیایدا تێپەڕی وە پێشم وایە ئێستا ئەمە ئەو ململانێیەیە لە جیهانی ئیسلامی کەپیایدا تێئەپەڕێ.

## ناکۆکی

"کۆتایی مێژوو" لەو ڕۆژەوەی بڵاوکراوەتەوە وەک لەسەرەتای ئەم وتارە ئاماژەی پێدرا لەگەڵێ گۆشەنیگای جیاوازەوە هێرشی کراوەتە سەر. زۆربەی ئەو ڕەخنانەش پشتیان بە هەندێ ناکۆکی سادە بەستووە کە من ئارگیومێنتم لەسەر کردوون. بۆ نموونە لەوبەشەی ئەوانەی بڕوایان وا بوو کە من وام زانیوە ڕووداوەکان بەئاسانی پێشیان پێئەگیرێ. من لێرەدا نامەوێ وەڵامی ئەو ڕەخنانە بدەمەوە بەتایبەتی بەشی زۆری ئەو ڕەخنانە نەدەگیران ئەگەر ڕەخنەگرەکە بەئاسانی کتێبەکەمی بخوێندایەتەوە.

یەک لەو بەدحاڵییانەی ئەمەوێ ڕوونی بکەمەوە کە پەیوەندی بەبەدحاڵییەکی بەربڵاوەوە هەیە ئەوەیە کە بە هەر ڕێگایەک بووبێ دیبەیتم کردووە بەدیاریکراوی بۆ ئەو وێنە ئەمریکییەی کۆتایی مێژوو کە نووسەرێک بە "سەرکەوتنی شۆڤینیزم"ی ناوزەد ئەکات. زۆرێک وا لەکۆتایی مێژوو تێئەگەن کە کورتەی باڵادەستی ئەمریکایە بەسەر جیهاندا.نەک تەنها لەبواری فیکر و بەهادا، بەڵکو لەمیانی ڕاهێنانی بەکردەوەیی دەسەڵاتی ئەمریکایە لەپێناو جیهانێک بەپێی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی ئەمریکا.

هیچ شتێک ناکەوێتە ئەودیوی هەقیقەتەوە. هەر کەسێ بە" کۆژیڤ" و دیدگاو بنەما فیکرییەکانی لەسەر کۆتایی مێژوو ئاشنا بێت، تێئەگات لەوەی کە یەکێتی ئەوروپا بەرجەستەکردنەوەی بیری گیان بەبەرداکردنەوەی ڕاستەقینەیە لەجیهان، زیاتر لە ئەمریکای هاوچەرخ. شانبەشانی کۆژیڤ مشتومڕی ئەوەم دەکرد کەپڕۆژەی ئەوروپی لەواقیعداماڵێکە

لەسەر ماڵی دوایین مرۆڤ بنیاد نراوە کەلەکۆتایی مێژووەوە ئەچێتە دەرەوە. خەونی ئەوروپی – زیاتر لەئەڵمانیا هەستی پێئەکرێ- سنووربەزاندنی دەسەلاتی نیشتمانیی و سیاسەتی هێز و جۆرەکانی ململانێیە وا ئەکات هێزی سەربازیی پێویست بێت( دەربارەی ئەم بابەتە دواتر ئەدوێین) هێزی ئەمریکی بەپێچەوانەی ئەمەوە تێگەیشتنێکی تەقلیدییان هەیە لەبری دەسەلات چەپڵە بۆ هێزە سەربازییەکانیان لێئەدەن وەکو مانۆرە نیشتمانییەکانی چواری تەمموز. (٤)

لیبراڵیزمی دیموکراسی مۆدێرن لەسەرهەردوو بنەمای ئازادی و یەکسانی دامەزراوە. ئەم دوانە لە ئالۆزی بەردەوام دان. یەکسانی ناتوانرێ فراوان بکرێت بێ بەشداری دەوڵەتێکی بەهێز کەئازادی تاکەکان سنووردار نەکات. وەناشتوانرێ سنووری ئازادی بۆ کاتێکی نادیاردا بەرفراوان بکرێ بەبێ هاندەرێکی کوشندە لەفۆرمی یەکسانی کۆمەلایەتی. هەر لیبراڵ دیموکراسێک پێویستە لەسەری ئالۆێری نێوان هەردوو دەوڵەتی هاوچەرخی ئەوروپی کەئارەزوومەندی یەکسانین لەسەر حیسابی ئازادی و ئەمریکییەکانیش کەبەپێچەوانەوە لەبەر چەند هۆیەک کەرەگیان لەناو مێژووی تاکدایە،بکات. ئەمانە پلەیەک لەو جیاوازییانەن کە بنەرەتی نین لەکاتێکدا وێنەی ئەمریکی لەهەندێ لایەنەوە بەباشتر ئەزانم لە شێوە ئەوروپییەکەی.ئەمە زیاتر مەسەلە چاودێری واقیعی و چێژە وەک لەوەی مەسەلەی بیروباوەڕ بێت.

چوار **بەرەنگاربوونەوە**

بەرەنگاربونـــەوەکان زۆرن بــۆ ســـیناریۆی گەشـــبینی تیــۆری پەرەســـــەندن کەلـــەکۆتایی مێـــژوودا هـــاتووە، دروســـت لێـــی حاڵیبوونە، لێرەدا چواریان جیددیترینیان. یەکەمیان پەیوەندی بە ئیســـلامەوە هەیـــە بـــەوەی کـــە ڕێگـــرە لەبـــەردەم گەیشـــتن بـــە دیموکراسی. وە دووەمیان پەیوەندی هەیە بە گرفتی دیموکراسی لەســـەر ئاســـتی نێونەتـــەوەیی، ســـێهەمیان بایـــەخ بـــە ئۆتۆنـــۆمی سیاسیی ئەدا و چوارەمیشیان پەیوەندی هەیە بە ڕێگەنەگرتن لـە دەرئەنجامەکانی تەکنەلۆجیا.من ئەمانە یەک لەدوای یەک باسـیان لێوە ئەکەم.

**ئیسلام**

دووای هێرشـەکانی یـانزەی ئـەیلولی ٢٠٠١ بەتایبـەتی خـەڵکانێک مشتومڕی ئـەوەیان بـوو کـە ناکۆکییـەکی بنـەڕەتی هەیـە لـەنێوان ئیســـلام وەکـــو ئـــایین و بـــواری پەرەســـەندنی دیموکراســـی نـــوێ. گومـــانی تێـــدا نییـــە گـــەر بڕوانیتـــە ســـەرتاپای جیهـــان جیـــاوازی بـــەرفراوانی موســـوڵمانەکان ئـــەبینی بـــۆ شـــێوازی گشـــتی ئـــەو گەشـەکردنە دیموکراسییەی کەلـە ئەمریکای لاتـین و ئـەوروپا و ئاسـیا و تەنانـەت لـە باشـووری بیابـانی ئـەفریقیا دایـە، هەربۆیـە خەڵک مشـتومڕی ئـەوەیان بـوو کـە لەوانەیـە شـتگەلێک هـەبن لـە بیروبـــاوەڕی ئیســـلامی وەکـــو یـــەکێتی ئـــایین و دەوڵـــەت وەک ئاستەنگێکی کلتووری کە بەبڵاوکردنەوەی دیموکراسـی نـاتوانرێ زاڵ بیت بەسەریاندا.

ئەم کێشەیە لەخودی ئیسلامەوە هەڵئەقوڵێ وەک ئایین من وای ئـەبینم کـە قـابیلی قـەبووڵ نییـە. هـەموو سیسـتەمە ئایینیـە جیهانییـەکان بێئەنـدازە ئـاڵۆزن. ئـایینی مەسـیحی یەکێکـە لەوانە(کەلـەمێژ نییـە) بـۆ پاکانـەی کۆیلـەتی و پلەوپایـە بـەکار ئەهێنرا، کەچی ئێستاش ئـەبینین پشـتیوانی دیموکراسـی مۆدێرن ئـەکات. بیروبـاوەڕە ئایینیـەکان لەنەوەیەکـەوە بـۆ نەوەیـەکی تـر ملکەچی لێکدانەوە سیاسییەکانن. ئەمە بۆ ئیسـلام ڕاستترە وەک لە ئایینی مەسیحی.

لێرەدا جیاوازییەکی گەورە بەدی ئەکرێ لەپیادەکردنی سیاسەتی ئەو وڵاتانەی کە کلتووری ئیسـلامی زاڵـە بەسـەریاندا. هـەروەها ژمارەیـەک دیموکراسـیش هەیـە کەسـەرکەوتنێکی ڕەزامەنـدییان بەدەسـت هێنـاوە کـە ئەندەنوسـیا یەکێکـە لەوانـە کەلـەپاش تەنگەژەکەی ساڵی ١٩٩٧ توانی لـە سیسـتەمی سـەرکوتگەرانەوە گواستنەوەیەکی سـەرکەوتوو ئەنجامدا، لـەتورکیاش دوو حیزبی دیمـوکراتی لەجـەنگی جیهـانی دوومـەوە دەسـەڵات لەنێوانیانـدا لەهاتوچۆدایـە، مـالی و سـەنگاڵ و وڵاتـانی تـری وەکـو هینـد ژمارەیەک کەمایەتی ئیسلامییان تێدایە. بێجگە لەمانـەش مالیزیا و ئەندەنوسـیا گەشـەیەکی ئـابووری گـەورەیان بـەخۆوە دیـوە بەشـێوەیەک ئـەو ئاسـتەنگەی کەئیسـلام ڕێگـرە لـە گەشـەکردن، بێبایەخ دەکات.

ئەلفرێد سـتیپان پەنجـە ئەخاتـە سـەر جیـاوازی ڕاسـتەقینە بـۆ گەشـەی بـەرفراوان لـەمیانی بـەدیموکراتیزەکردن کـە سـامۆیل هـەنتگتۆن بە"شـەپۆلی سـێیەم"ی نـاوزەد دەکـات لـەنێو ئـاڵوگۆڕە دیموکراسـییەکانی دەیـەی حـەفتاکان تـا نـەوەدەکان کەلەڕاسـتیدا

ئـەوە جیـاوازی موسـوڵمانەکان نییـە بـەڵام زیـاتر جیاوازییـەکی عەرەبییە کەپێئەچێ شـتێک لـەکلتووری سیاسـی عـەرەبی هـەبێت کەبـەرگری زیـاتر بنـوێنێ. ئـەوە ئـەکرێ جێگـای دیبـەیت بێـت، بەڵام ئەشێ بەربەستێکی کلتووری هـەبێت کەهیچ پەیوەندییـەکی بەئایینـەوە نـەبێت وەکـو زینـدوویی خێڵایـەتی. ئـەو بەرەنگارییـە هاوچەرخانەی کـە جیهـان لەشـێوەی ئیسـلامی ڕادیکـاڵ و جیهـاد بـەرەو ڕووی ئەبێتـەوە زیـاتر سیاسـییە وەک لـەوەی ئـایینی یـان کلتووری یان شارستانی بێت.

وەک ئۆلیڤەر ڕۆی و ڕۆیا و لادان برۆومانـد ئـەڵێن ڕادیکـاڵیزمی ئیسـلامی باشـترین ڕێگایـە بـۆ تێگەیشـتنی ئایـدیۆلۆجی سیاسـی. نووسـینەکانی سـەید قوتـب، دامەزرێنـەری ئیخـوان موسـلمین لـە میسر یان ئوسـامە بـن لادن وئایدۆلۆجییەکـەی لـەناو ڕێکخـراوی قاعیـدە بەسـوود وەرگـرتن لــە بیرۆکــەی سیاســی دەربــارەی شـــۆڕش و دەوڵـــەت و ئیســـتاتیکای تونـــدوتیژی کەلـــەهیچ دابونــەریتێکی ئیســلامی ڕاســتەقینەوە هــەڵناقوڵێن ، بــەڵکو لــە ئایدیۆلۆجی ڕادیکاڵـەوە سـەرچاوە ئـەگرن جـا چ ڕاسـت بـن یـان چەپ.هەروەک فاشیزم و کۆمۆنیزمی سەدەی بیستەم.

ئـەم ڕێبازانـە کـەئێجگار مەترسـیدارن،هیچ ڕێوشـوێنێکی بنـەڕەتی ئیسـلامی تیاندا ڕەنگ ناداتەوە.بەڵام سوود لە ئیسـلام وەرئـەگرن بـۆ ئامـانجی سیاسـی کەلـەنێوان زۆرێک لەوڵاتـە عەرەبیـەکان و ئیسـلامەکانی ئـەوروپا بـرەوی سـەندووە بـەهۆی ئـەو نامۆییـە قووڵـەی لـەو کۆمەڵگایانـەدا بـوونی هەیـە. ڕادیکـاڵیزمی ئیسـلامی پێداگری پیادەکردنی هەندێ ترادیسـۆنی کلتووری ئیسـلامی نییـە، بـەڵام پێویسـتە لـە چوارچێـوەی ناسـنامەی مۆدێرنـەوە تەماشـا

بکرێ بەوردی کاتێک ڕوون ئەبێتەوە کە ئەبێتە هۆی پەکخستنی ناسنامەی ترادیسیۆنە کلتوورییەکان و نوێکردنەوە لە سیستەمی فرە دیموکراسی کە لەیەکترازان لەنێوان تاکی داخراو و پراکتیکی کۆمەڵایەتی ڕوو بەدەرەوەدا ئەخوڵقێنێ.

ئەمە ئەو هۆیەیە کە زۆرکەس لەئەورووپای خۆرئاوا ڕادیکاڵ بوون و بوونە جیهادیی زۆر سەرسەخت وەکو مەحەمەد عەتا ڕێکخەری هێرشی یانزەی ئەیلول، یان مەحەمەد بوێری بکوژی دەرهێنەری هۆلەندی تیۆ ڤان کوخ. مۆدێرنیزەکردن لەسەرەتادا نامۆیی و ئۆپۆزیسیۆنی دژ بەخۆی ئەخوڵقێنێ. لەم بارەیەوە جیهادییە هاوچەرخەکان شوێن پێی ئەنارشیستەکان و بەلشەفیکەکان و فاشییەکان و ئەندامانی گروپی بادر ماینهۆفی نەوەکانی بەرایی ، هەڵئەگرن.(٥)

پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئەگەر ئیسلامەکان بەشێوەیەکی چڕ ڕادیکاڵ ببنەوە و بەهێزێکی پێویست دوور بکەونەوە کە لەوانەیە ببێتە هۆی هەڕەشە بۆسەر خودی دیموکراسی لیبراڵی. ئاشکرایە تەکنەلۆژیای نوێ بواری ئەوەیان ئەداتێ و قەدبڕانە شێوەیەک لەشێوەکانی چەکی کۆمەڵکوژیان ئەداتە دەست کە دەستڕەسی نەوەکانی پێشووی تیرۆریستەکان نەبوو.بەڵام ئیسلامی سیاسی تا ئێستا بنکەیەکی ناوچەیی بەهێزی نییە، لەو وڵاتانەی وەک ئێران و سعودیە و ئەفغانستان یان سودان کەدەسەڵات دەگرێتە دەست هیچ تۆمارێکی سەرنجڕاکێشی ئابووری و کۆمەڵایەتی نییە.

لێرەدا لێکدانەوەی جیاواز بۆ ئیسلام لەئارادایە کە پێشبڕکێ لەسەر چوونە پێشەوە ئەکات، سەرباری ئەمەش زۆرێک

لەتێکۆشانەکان بۆ جیهانی ئیسلامی ناوەوەیین. ئینجا هەرچی هەڕەشە دەرەکییەکان کە پێئەچێ بەرەنگارییەکە نەرمتر بێ وەک لەوەی کەلەسەر دەستی کۆمۆنیستەکان هاتە بوون کەهەردووکیان لەڕووی جیهانییەوە سەرنجڕاکێشن و پەیوەندیشیان بەهێزی دەوڵەتی مۆدێرنەوە هەیە.

گرفتی گەورەی داهاتووی دیموکراسی لیبراڵی گرفتی ناوەوەیی گۆمەڵگە دیموکراسییەکانە.بەتایبەتیش لەلایەن دەوڵەتەکانی فەرەنسا و هۆڵەنداوە کەژمارەیەکی زۆر کەمایەتی ئیسلامیان تێدایە. کەچی لەئەوروپا سەرکەوتنێکی زۆر کەمی بەدەستهێناوە لەپێکەوە گرێدانی کەمایەتییە کلتوورییەکان بەبەراورد بەئەمریکا، پەرەسەندنی کاری توندوتیژی لەلایەنی دووەمەوە - نەوەی سێیەمی – ئیسلامەکانی ئەوروپا ئاماژەیە بۆ لای تاریکییەکی دوورتری ناسنامە سیاسییەکان وەک لەو داواکارییانەی پێشکەشکران، نموونەی لەم بارەوەش هەرێمی کوبێک لەکەنەدا و ناسیونالیزمەکانی سکۆتلەندان.

تووڕەیی و کەمایەتییە کلتوورییەکان هەرس ناکرێن و دژە کردارێکی بەهێز لەلایەن زۆربەی کۆمەڵگەوە بەرهەم دێنن کە دواتر ئەگەڕێنەوە سەر ناسنامە تایبەتییە کلتووری و ئایینییەکەیان. ڕێگەگرتن لەکەوتنەخوارەوەی ئەو شتەی کە هەر لە " پێکدادانی شارستانەکان" ئەچێ " پێویستی بە ڕاستکردنەوە و حوکومڕانی باشی سەرکردە سیاسییەکان هەیە. ئەم کارەش هیچ زامنێکی ڕاستەوخۆی لەلایەن خودی پرۆسەی نوێبوونەوەوە نییە.

دووەم گرنگترین ڕەخنە لە "کۆتایی مێژوو"م پەیوەندی بە پرسی مەسەلەی دیموکراسیەوە هەیە لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی، کاتێ دەربارەی دیموکراسی لیبرالێم نووسی کە شێوەی کۆتایی حکومەت دروست ئەکات، من دەربارەی دیموکراتییەک ئەدوام لەسەر ئاستی دەوڵەتی ناسیونالیستی. قەت نەمئەتوانی دەرفەتی دامەزراندنی دیموکراسییەکی جیهانی بهێنمە پێشچاوم کە ئەرکییەتی بەشێوەیەک لەشێوەکان فەرمانڕەوای دەوڵەتی ناسیونالیستی لەمیانی یاسایی نێونەتەوەییەوە ببەزێنێت.

بەڵام ئەمە بەوردی جۆرێکە لە خەم کە کاریگەرییەکەی لە جەنگی عێراقەوە لە ساڵی ٢٠٠٣ وە دەست پێئەکات تا ئاستێک کەلەو مێژووەوە فراوانتربوونی درزی نێوان ئەمریکا و ئەوروپا ئاشکراتر دەرکەوت. ئەم مەسەلەیە لەدەیەی ڕابردوو لەلایەن ڕەخنەگرانی جیهانگیریەوە وروژێنرا کە مشتومریان بوو لەسەر دەستەپاچەیی دیموکراسی لە نێوان ئاستی لێکهەڵپێکرانی نێوان ئەو کەسانەی کەلە وڵاتی دادپرسی نیشتمانیی دەژین، لەگەڵ میکانیزمی بەدەزگاکردنی بەرپرسیارێتی ئەو دیوی سنوورەکانی نیشتمانەوە. ئەم گرفتە بەشێوەیەکی تایبەت و بەقەبارەی تایبەت کەڵەکە ئەبێت بەپێی هەژموونی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەسەر سیستەمی جیهانی هاوچەرخ؛ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش لەتوانایدایە لە سەرتاسەری جیهان بگات بە خەڵک و بەڕێگای جۆراوجۆر کاریگەرییان بەسەرەوە دابنێت بێئەوەی هیچ سەرچاوەیەکی کاریگەری بەرامبەر لەگۆڕیدابێ.

بەشـــێک لـــە پـــرۆژەی ئـــەوروپاش تێپەڕانـــدنی دەوڵـــەتی ناسیونالیستییە. ئەمریکییەکانیش لەلایـەکی تـرەوە مـەیلیان بـەلای ئەو باوەڕەوە هەیە کە سـەرچاوەی ڕەوایـی یـان کـاری ڕەوا لـە دیموکراسـی دەسـتوریی باڵادایـە. ئـەم تێڕوانینـە ئـەمریکی و ئەوروپییە لەمێژووی خۆیانەوە سەرچاوە ئـەگرن. ئەوروپییـەکان دەوڵـەتی ناسیونالیسـتی بـاڵای خۆیـان بینـی وەک سـەرچاوەی خۆپەرسـتی و ناسیونالیسـتی کـە ڕەگیـان بـۆ مـاوەی نێـوان هەردوو جـەنگی جیهانی سـەدەی بیسـتەم دەگەڕێتـەوە. پـرۆژەی ئەوروپی هەوڵ ئەدات بۆ گۆڕینی سیاسەتی هێز بـە سیسـتەمێک تەژی لەیاسا و ڕێسا و ڕێکخراو. ئەمریکییـەکانیش بەپێچەوانـەی ئەمـــەوە ئـــەزموونێکی خۆشـــیان هـــەبوو لەگـــەڵ دەوڵـــەتی ناسیونالیستی و بەکارهێنانی توندوتیژی ڕەوا.

ئەمـەش لەگـەڵ شۆڕشـی ئـەمریکا دژ بـە پاشـایەتی بـەریتانیا دەستی پێکرد و بـەردەوامی بەخۆیدا لەجـەنگیکی زۆر خوێنـاوی میللی کـە شەشسـەد هـەزار ئـەمریکیی تیا کوژرا و بووە هـۆی لابردنـــی کۆیلایـــەتی و یـــەکبوونی وڵاتـــە یـــەکگرتووەکانی ئەمریکا.لـەمیانی جـەنگی جیهـانی دووەم و جـەنگی سـاردەوە کەوەک جـەنگیکی مۆرالی بـوو بـۆ ڕزگـارکردنی ئـەوروپا لـەدوو بۆنە و لەدوو شێوەی جیاوازی ستەمکاری.

دیدگا و تێڕوانینی ئەوروپی بێگومان پێویستی بە کۆمـەڵی یاسـا هەیە بۆ سنووربەزاندنی دەوڵـەتی ناسیونالیسـتی لەسـەر ئاسـتی تیۆری. لێرەدا هۆیـەک لـەئارادا نییـە بـۆ بیرکردنـەوە لـەوەی کـە دیموکراسـی لیبڕاڵـی خـاوەن قەوارەیەکـە پێشـێلکاری بێپـەردە ناکـات لـە بـەرخورد بـە دەوڵـەتانی دیکـە، یـان تەنانـەت لەگـەڵ

هاونیشتمانانی خۆی. وڵاتە یەکگرتووەکان خۆی لە شەرمەزاری کۆیلایەتییەوە لەدایک بووە کە زۆربەی بنەما دیموکراتییەکانی دەستورەکەی ڕازی بووە لەسەری. ئەبراهام لینکۆڵن لە دیبەیتەکەی لەگەڵ ستیفن دۆگلاس لەساڵی ١٨٥٨ ئاماژەی بە بنەمای یەکسانی داوە کەلەپشت دەستووری ئەمریکییەوەیە لەپێناو بەرەنگاربوونەوەی کۆیلەتی.

بەڵام ئەو کاتەی کەئەکرێ حاڵەتی تیۆری بکرێتە شێوەیەک لەشێوەکانی دیموکراتی کەئەرکییەتی دەوڵەتی ناسیونالیستی تێپەڕێنێ، بەبۆچوونی من کۆمەڵێ ئاستەنگی عەمەلی هەن کەناکرێ زاڵ بین بەسەریدا بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەم پرۆژەیە. دیموکراسی سەرکەوتوو تا ڕادەیەکی زۆر ئەوەستێتە سەر بوونی کۆمەڵگایەکی سیاسی ڕاستەقینە کە کۆکە لەسەر هەندێ بەهای بنەڕەتیی هاوبەش و دامودەزگاکان. بەها کلتوورییە هاوبەشەکان متمانە و چەورکردن دروست ئەکەن – ئەگەر گوزارشتەکە دروست بێ- کە لێکهەڵپێکرانی هاووڵاتیانی لێدێتە بەرهەم. دیموکراسی لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی نزیک ئەبێتەوە لەمەحاڵ بۆ وێناکردنی میللەتان و کلتووره هەمەچەشنە ڕاستەقینەکان. ئەو ڕایەی کە زۆربەی ئەمریکییەکان سەبارەت بە دامودەزگا نێودەوڵەتییەکان وەکو نەتەوە یەکگرتووەکان هەیانە لەبەشێکی خۆیدا ڕەنگدانەوەی هێواشی و ناچالاکی کاری کۆمەڵایەتییە لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی لەنێوان کۆمەڵگە جیاوازەکان کەهەوڵی کاری بەکۆمەڵ ئەدەن لەسەر بنەمای ڕێکەوتنی سیاسی.

چارەســـــەرکردنی گرفتەکـــــە توانـــــای نوێنـــــەرانی هێـــــزە دەسـەڵاتدارەکان و هێـزی بڕیـاردەری یەکلایکـەرەوە ئـەخوازێ. ئەی جیهان چۆن لەسەر پێدانی ئەمجۆرە دەسەڵاتە قایل ئەبێ؟ ئـــەی چـــۆن ئـــەتوانرێ بەوپـــەڕی ســـەلامەتییەوە لەپـــەنای ئامادەنـەبوونی هـەموو ئـەو دامودەزگایانـەوە کـە دەسـەڵاتەکان لەســـەر ئاســـتی دەوڵـــەتی ناسیونالیســـتی دابـــەش دەکـــا و سنووورداری ئەکات، پەیڕەو بکات؟ تەنانەت ئەوروپاش هاوبەشـە لـــەکلتورێکی هاوبـــەش و ئـــەزموونێکی مێژوویـــی، تێروانینێکـــی دووەم و جیددی هەیـە سـەبارەت بـە بنیادنـانی ئـەو پرۆژەیـە، کەلەڕاســـتیدا دەوڵـــەتێکی ناسیونالیســـتی ئـــەوروپی تاقانەیـــە کەئەرکییـەتی لەسـەر شـکۆی دەوڵەتـە ئەندامـەکانی بەشـێوەیەکی ترسناکانە بنکەنە بکات.

جـا لەبـەر ئـەوە ئێمـە بـەم زووانـە دەوڵـەتی ناسیونالیســتی تێناپـــەڕێنین وەک ســـەرچاوەیەکی بنـــەڕەتی دەســـەڵاتی ڕەوای دیموکراســــــی. لەشــــــوێن حکومــــــەتێکی نێونەتــــــەوەیی خۆبـــەڕێوەبردنێکی نێونەتـــەوەیی قایلکـــەرمان ئـــەبێ، ئەمـــەش دامودەزگا پارچەپارچەکانی دەوڵەتە کەبرەو بەکاری کۆمەڵایەتی لەنێو دەوڵەتـەکان ئـەدا وئەبێتـە هـۆی خولقاندنی کۆمـەڵێ کێشـە لـــەنێو خۆیانـــدا. ئـــەوە ئـــەرکی سیســـتەمی لیبراڵـــی جیهانییـــە کەلەهـەمان کاتـدا لەسـەر یـەک دامودەزگـای تاقانـەی گشـتی و جیهـــانی نەوەســـتێت، بـــەڵکو لەســـەر کۆمـــەڵێ هەمـــەجۆر لـــە دامودەزگـای نێونەتـەوەیی بنیـاد بنـرێ کـە لەتوانایـدا بـێ خـۆی لــــەدەوری کێشــــە تەکنیکییــــەکان و ناوچــــەکان و گرفتــــە دیاریکراوەکـان ، ڕێـک بخـات. ئـەم جـۆرە لـە سیسـتەمی جیهـانی

لەدۆخی دروست بووندایە بەڵام هێشتا ئەبێ کاری بەرهەمداری زۆرتر بکرێ کەلەو بوارەدا ئەتوانرێ ئەنجام بدرێ.

## دەسەڵاتی سیاسی

گرفتی سێیەم کەوەک کێشەیەک لە "کۆتایی مێژوو"دا مایەوە پەیوەندی بەوەوە هەبوو ئەوەی من پێیئەڵێم ئۆتۆنۆمی(سەربەخۆیی) سیاسی. وەک لەسەرەوە ئاماژەی پێکراوە، پەیوەندییەک هەیە لەنێوان پەرەسەندنی ئابووری و دیموکراسی لیبراڵی. بەپێی ئەوەی کە چەسپاندنی دیموکراتی لەسەر ئاستێکی بەرز زۆر ئاسانترە لەبەرهەمە سەرتاپاگیرییە خۆماڵییەکانی تاکێک. لەگەڵ ئەوەشدا بەدەستهێنانی پەرەسەندنی ئابووری لەڕیزی پێشەوەیە، ئەو شتەی ئەبوایە زۆربەی وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان و باشووری بیابانی گەورە و باشووری ئاسیا و خۆرهەلاتی ناوەڕاست و ئەمریکای لاتین خۆیان لێ دەرباز بکردایە.

گەشەکردنی ئابووری بەئاسانی لەڕێگەی سیاسەتێکی ئابووری چاکەوە بەئاکام ناگات. لێرەوە پێویستیت بە دەوڵەتیکە تا خەڵکی تیا بژێ کە یاسا و سیستەم و مافی خاوەنداریێتی و سەروەری یاسا و ئارامی سیاسی تیا بەرقەرار بێ و پێش ئەوەی بتوانرێ وەبەرهێنان و گەشەکردن و ئاڵوویر و بازرگانی نێودەوڵەتی و شتی لەم جۆرەی تێدا بەڕێوە بچی. سوود وەرگرتن لە جیهانگیری وەک هیندستان و چین لەم ساڵانەی دواییدا پەیڕەویان لێکرد پێش هەموو شتێک بوونی دەوڵەتێکی لێهاتوو و

کارامە ئەخوازێ لەکەتوانایدا بێ بەوردی مەرجەکانی خۆی لەئابووری جیهاندا دیاری بکات.

بوونی دەوڵەتی تایبەت شتێک نییە ببێتە کارێکی بەتاڵ لەجیهانێک کەلەپەرەسەندن دایە. زۆربەی ئەو گرفتانەی کەلە سیاسەتی سەدەی بیستو یەکەمدا ئەزموونی ئەکەین پەیوەندی بەنەبوونی دەوڵەتێکی بەهێزی دامو دەزگاییەوە هەیە لە ولاتە هەژارەکان کەلە کارنامەی دەوڵەتە زۆر بەهێزەکانی سەدەی بیستەمدا نەبوون. سەدەی بیستەم لەلایەن هێزە گەورەکانەوە بەڕێوە دەبرا وەکو دەوڵەتەکانی ئەڵمانیای نازی و ئیمپڕاتۆری یابان، یەکێتی سۆڤیەتی جاران کەزۆر گەورە و بەهێز بوو. لەسەدەی بیستویەکەمدا کۆمەڵێ کێشەی زۆر نموونەیی لەهەندێ جێگاوە دێن وەک سۆماڵ و ئەفغانستان و هایتی ئەو ولاتانەی هیج دامودەزگایەکی حکومییان تێدا نییە و ئەتوانن بالادەستی یاسایی بنەرەتی پێویست بۆ گەشەکردن و بنیادنانی دامودەزگاکانی دیموکراتی زامن بکەن.

بەم شێوەیە لێرەدا دوو درز لە کارنامە ڕووبەڕوومان دەبنەوە. لەجیهانی گەشەکردوودا، ئەوروپا ڕووبەرووی تەنگەژەیەکی گەورە لە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی ئەبێتەوە بەدرێژایی نەوەکانی داهاتوو لەدابەزینی ڕێژەی دانیشتوان و ئەو مافانەی کەناتوانێ بەرگەی بگرێ و ڕێکی بخات. بەلام لەجیهانی تازە پێگەیشتووەکان ئامادەنەبوونی دەوڵەت لەئارادایە کە بەر بە گەشەی ئابووری ئەگرێ کەزەمینەیەکی لەبارە بۆ کۆمەڵێ کێشەی وەک پەناهەندەیی، نەخۆشی، و تیرۆر. بەم جۆرە لەهەردوو بەشەکەی جیهان کارنامەی جیاواز لەئارادان بۆ

کەمکردنەوەی چێوەی دەوڵەت لە جیهانی پێشکەوتوو بەڵام بۆ بەهێزکردنی دەوڵەت لەزۆربەی بەشەکانی جیهانی تازە پێگەیشتوو.

ئەو بەرەنگارییە تایبەتەی کە ڕوو بەڕووی ئەبینەوە ئەوەیە کە زۆر بەکەمی شارەزای چۆنییەتی بنیادنانی دامودەزگای سیاسی بەهێزین لە دەوڵەتە هەژارەکان. بەشێک لەمەتەڵەکە پەرەسەندنە جا چ ئابووری بێت یان سیاسی،کەهەرگیز لەلایەن کەسانێکی ترەوە ئەنجام نەدراوە، بەڵکو پرۆسەیەکە ئەبێت لەلایەن خەڵکانی ناو کۆمەڵگاکەوە ئەنجام بدرێ کە ئاشنابن بەداب و نەریت و بەرپرسیاریەتێکی درێژماوە لەئەستۆ بگرن لەپێناو پرۆسەی گەشەکردن. کەسانی دەرەوە(نامۆ) بەئاسانی کۆمەکی ئەم هەوڵە ئەکەن. پەرەسەندنی سیاسیش پرۆسەیەکە لەزۆر لایەنەوە سەربەخۆیە لە پەرەسەندنی ئابووری، هەرچەندە ئەم دووانەی پێشتر باس کران بە ڕێگایەکی دیاریکراو کارلەیەک ئەکەن.

ئینجا ئەوەی لێرە پێویستمانە و "کۆتایی مێژوو و دوا مرۆڤ" دەستەبەری ناکات، تیۆریی پەرەسەندنی سیاسییە سەربەخۆ لە ئابووری. دروستکردنی دەوڵەت و بنیادنانی دەوڵەت لەڕووی مێژووییەوە ئەمە چۆن ڕوویدا، ڕۆڵی توندوتیژی،مونافەسەی سەربازی،ئایین، بیروباوەڕ بەشێوەیەکی بەرفراوان پاشماوەی جوگرافیای سروشتی و سامانە سروشتییەکان، ئەوەی یەکەم جار ڕوویدا لە هەندێ شوێنی جیهان و لەبەشەکانی تر ڕووینەدا،هەموو ئەمانە پێکهاتانەی ئەو بیردۆزە گەورەیەن کەئەبێ زیاتر ورد بکرێتەوە. سامۆیڵ هەنتگتۆن لەکتێبەکەیدا

"سیستەمی سیاسی لە کۆمەڵگا گۆڕاوەکان" هەوڵیدا وێنای بنەڕەتی بیردۆزەی نوێبوونەوە هەڵوەشێنێتەوە بەوەستانەوە بەرامبەر بیردۆزی لەناوچوونی سیاسی بەبیانووی پووکانەوە کەئەبێتە هۆی کەمکردنەوەی گەشەکردن. وە لەوێدا پووکانەوەیەکی سیاسی گەورە لەئارادایە کەسەرچاوەکەی پێویستە سیستماتیکانە بدۆزریتەوە.

وە دوا نارەزایی دژ بە گریمانی " کۆتایی مێژوو " کە گەلێ شێوازی جۆراوجۆری بەخۆوە دیوە، خەمە تەکنەلۆجییەکان، ئەگەری ئەوەی کە دواجار پرۆسەی مێژوویی کە پێشەوتنی تەکنەلۆجی ڕابەری ئەکات، بەفیرۆ بدرێ. لێرەدا کۆمەڵێکی لەژمارە نەهاتووی سیناریۆ هەن کەئەبنە هۆی ڕوودانی ئەم کارە. ئەوەی کەلە ١١ی ئەیلولی ساڵی ٢٠٠١ ەوە بەئەمریکییەکان نیشاندراوە ئەگەری تیرۆری ئەتۆمی و بایۆلۆجییە، هەرچەندە بەشێوەیەکی سروشتی لەناوبردنی ئەتۆمی لەدوای هیرۆشیماوە ئەگەرێکی چاوەڕوانکراو بووە. ئەوەی ئەمڕۆ جیاوازە ئەوەیە کە دیموکراتیزەکردنی ماناکانی توند و تیژی زۆر بچووکە و ئەو خەڵکە بێ ناوونیشانانە ئەگەری بەدەستهێنانی جۆرە چەکێکیان هەیە کەتوانای وێرانکەری مەزنی هەیە.

ئەگەری سیناریۆی دووەمیش ژینگەیە.ئەگەر هەندێ لەپێشبینییەکان پەیوەند بە بەرزبوونەوەی پلەی گەرمای گۆی زەوی ڕاست بن لەوانەیە بەکردەوە زۆر درەنگ بێ بۆ ڕێکخستنی جۆرەکانی بەکارهێنانی برێکی زۆر لە هایدرۆکاربۆن کەلەوانەیە ببێتە هۆی ڕێگەگرتن لەگۆڕانێکی مەزن لە ئاووهەوا.

ئەگـەر نـا پرۆسـەی خۆسـازدان خـۆی لەخۆیـدا تێکدەرانەیـە بـەجۆرێک کەئەبێتە هـۆی کوشتنی ئـەو مراوییـەی کەهێلکەیـەکی تەکنەلۆژی ئاڵتونیی بۆمان کردووە.

## تەکنەلۆژیا

بەرەنگاربوونەوەی چوارەم ئەوەی کە من لـەکتێبی " داهاتوومـان ڕێگرییـەکانی بـەردەم شۆڕشـی تەکنـەلۆژیای زینـدوو" لـە سـاڵی ٢٠٠٢ دا نووسیومە ئەوەیە توانـای بـەرخوردمان لەگـەڵ خۆمـان لەڕووی بایۆلۆژییەوە چ لەڕێگەی کۆنترۆڵی جینۆم یان لەڕێگەی گاریگەرییـە ئاوەزییـەکان وەیـان لەڕێگـەی داهـاتووی زانسـتی دەمـارە هەسـتەوە وەیـان لەڕێگـەی شـێوەیەک لەشـێوەکانی درێژکردنـــەوەی ژیانـــەوە کـــەڕێبازێکی نـــوێی ئەنـــدازەی کۆمەڵایـەتیمان بـۆ دەسـتەبەر ئـەکات، ئەرکییـەتی ئەگـەری شێوازگەلێکی تازەی سیاسەت بوروژێنێ.

منـیش ئـەوەم هـەڵبژارد بەتایبـەتی لەسـەر ئاینـدەی تەکنـەلۆجیا بنووسـم چـونکە ئـەو هەڕەشـەیە زۆر لەهەڕەشـەی کەسـێک بـەهۆی کەچـەکی ئـەتۆمی یـان گـۆڕانی کەشـوهەوا قورسـترە. لێـرەدا بەرئەنجامـە خراپـەکان یـان گەشـەی تەکنـەلۆجیای نائینسـانی بەشـتگەلێکەوە گـرێ ئـەدات وەک ڕزگـاربوون لەنەخۆشـی یان تەمـەن درێژی کەخـەڵک لەسەرتاسـەری جیهان عەوداڵیەتی، بەم شێوەیە بەرگرتن لێی زۆر زەحمەت ئەبێ.

هیچ شتێکی سوودبەخشم پێ نییە بۆ وتن سەبارەت بە ئەگـەری ڕوودانـی ئـەو داهـاتووە تەکنەلۆجییـە. مـن نەپێغەمبـەرم و نـە "

داهـاتوو خوێنـەرەوە"م. ئەمـەوێ ئـەو تێبینییـە بخەمـە پێشـچاو کەلـــەڕابردوودا، پەرەپێـــدانی تەکنـــەلۆجیا بـــواری تـــازەی کەمکردنەوەی پاشـماوەی نێگـەتیڤی داهێنا کـەخودی تەکنـەلۆجیا دایهێنـابوو. بـەڵام هـیچ هۆیـەکی پێویسـت لـەئارادا نییـە کـەبۆچی بەردەوام ئەبێتە کێشە.

لەچوارچێوەیـەکی فراوانـدا، دیـدگای مێـژوویيم لەسـەر گەشـەی مـرۆڤ هەمیشـە و تـەنها لاوازانـە حـەتمی بـووە، بەپێچەوانـەی حەتمییەتی بەهێزی ڕێبازی مارکسی لینینی. وە لـەو بڕوایەشدام ئاڕاســـتەیەکی مێژوویـــی هەیـــە بـــەرەو فراوانتربوونـــەوەی دیموکراسی لیبراڵی، هەروەها لەو باوەڕەشدام ژمارەیەک توانای پێشبینی بەرەنگاربوونەوە هەن. ئـەو چوار بەرەنگاربوونەوەیـەی من خستمنە بەرچاو پێموایە لەچەند ساڵی ئایندەدا زۆر پێویست ئـەبن. حەتمییـەتی لاواز یـانی لەڕووبـەڕوو بوونـەوەی ئاڕاسـتە مێژووییە بەرفراوانەکان، توانا و کارامەیی کاربەدەستانی میری، سیاسـەت و ڕابەرایـەتی و هـەڵبژاردنی کەسـی زۆر بایەخـدارن لەڕێڕەوی گەشەی مێژوویی ڕاستەقینەدا.

بوار و ڕیسک بۆ نموونـە دەرهاویشـتەی تەکنـەلۆجیای مـۆدێرنن ئەبێ وەک بەرەنگاربوونەوەی کۆمەڵگەکان لەڕێگەی سیاسـەت و دامودەزگاکانـەوە بـەرخوردیان لەگەڵـدا بکـرێ. بـەم شـێوەیە داهاتوو زۆر کراوەترە لـە ئابووری و تەکنـەلۆجی و پێشـمەرجە کۆمەڵایەتییـــەکان کەڕەنگـــە پێشـــنیار بکـــرێن. هەڵبژاردنـــە سیاسـییەکانیش کەلەلایـەن هاووڵاتیـان و دەنگـدەران و ڕابـەرە دیموکراسییە جیاوازەکانمانەوە دێنە بوون، کاریگـەری بـەهێزیان هەیە لەسەر توانا و جۆری دیموکراسی لیبراڵ لەداهاتوودا.

## تێبینییەکان: ئامادەکردنی وەرگێڕ

(١)گەورە فەیلەسوف و بیرمەندی ئەمریکی بەڕەچەڵەک یابانی فرانسیس فۆکۆیاما لە بیستوحەوتی تشرینی یەکەمی ١٩٥٢ لە "هاید پارک لە شیکاگۆ لەدایک بووە. باوکی فرانسیس، یۆشیۆ فۆکۆیاما، دووەم نەوەی یابانی-ئەمریکی بوو لە کلێسای گۆنگراجەیشناڵ وەک وەزیر ڕائەهێنرا و دکتۆرای لە کۆمەڵناسی لەزانکۆی شیکاگۆ بەدەست هێناوە. دایکیشی تۆشیکۆ کاواتا فۆکۆیاما لە کیۆتۆ لەیابان لەدایک بووە و کچی شیرۆ کاواتا بوو دامەزرێنەری بەشی ئابوری بوو لەزانکۆی کیۆتۆ و یەکەمین سەرۆکی زانکۆی ئۆساکا سیتی بوو لە ئۆساکا. سەردەمی منداڵی فرانسیس فۆکۆیاما لەشاری نیویۆرک بووە، دواتر خێزانەکەیان لەساڵی ١٩٦٧ ئەگوێزنەوە بۆ پێنسلڤانیا کەفرانسیس خوێندنی ئامادەیی لەوێ تەواو ئەکات.

فرانسیس فۆکۆیاما بەکالۆریۆس لە هونەر لە زانکۆی کۆرنێڵ وەرئەگرێ ئەو زانکۆیەی کە فەلسەفەی سیاسی لەژێر دەستی "ئالان بلوم" خوێند و بروانامەی دکتۆراشی لەکاروباری حکومەت لە زانکۆی هارڤەرد وەرگرتووە. فۆکۆیاما لەگەڵ سامۆیڵ هەنتگتۆن و هارڤی مانسفیڵد خوێندویەتی. ئینجا دوای تەواو کردنی زانکۆ لە کۆمەڵەی تیلۆراید دائەمەزرێ.

فرانسیس فۆکۆیاما ئێستا پرۆفیسۆری ئابوری سیاسی نێونەتەوەیی بەرنارد شوارتزە و هەروەها بەڕێوەبەری

پەرەسەندنی پرۆگرامی نێونەتەوەییە لە قوتابخانەی پاول.ە. نیتز کەسەر بە زانکۆی جۆنز هۆپکینزە لە واشنتۆن.

(٢) ئەلکسەندەر کوژیڤ (١٩٠٢ – ١٩٦٨): فەیلەسوفێکی هیگڵی فەرەنسی بەرەچەڵەک روسییە.کەریگەری هەبووە بەسەر فەلسەفەی سەدەی بیستەمی فەرەنسا و مامۆستای فەیلەسوفی ئەمریکی ئاڵن بلوم بووە.

(٣) پیاوی داڤوس: بەو پیاوە دەوڵەمەندانە ئەوترێ کە نوخبەی دەوڵەمەندەکانی جیهانین و لەگۆشەنیگای خۆیانەوە خۆیان بە نێونەتەوەیی دائەنێن.

(٤) ڕێپێوانی چواری تەمموز: ڕێپێوانی ڕۆژی ئازادی ئەمریکایە

(٥)کۆمەڵەی سوپای سوور: کەلەسەرەتادا بە بەدر مەینهۆف ناسرابوون یەکێک بوون لە ناسراوترین و چالاکترین کۆمەڵەی چەپی چەکداری ئەڵمانیا لەدوای جەنگی جیهانی دووەم کەخۆیان بە چەکداری خەڵک ئەزانی و حکومەتی ئەڵمانیاش بە تیرۆریستی ئەناسین. لەساڵی ١٩٧٠ هاتە دامەزراندن.

سەرچاوەکان:


١- http://www.opendemocracy.net/democracy-fukuyama/revisited_3496.jsp
٢- http://fukuyama.stanford.edu/
٣- http://en.wikipedia.org/wiki/Francis_Fukuyama


تێبینی: ئەم وتارە لە گۆڤاری واتە ژمارە ٤ ی ساڵی ٢٠١٠ بڵاو بۆتەوە و جارێکی تر هەمان بابەت لە هەفتەنامەی نسیٚ لە ژمارەکانی ٤٦ و ٤٧ بڵاو بۆتەوە.

# له یادی چل ساڵەی تیرۆر کردنی

## دکتۆر مارتین لوسەر کینگ



(له ئینگلیزییەوە)

مایکڵ لوسەر کینگی هەڵسوڕاو و ڕابەری بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکانی ڕەشپێستەکانی ئەمەریکا لە پانزەی کانوونی دووەمی ١٩٢٩ لە ئەتلەنتای پایتەختی ویلایەتی جۆرجیا دایک بووە و دواتر ناوی دەگۆڕێ بۆ مارتین. مارتین ڕوخسارێکی ناسراوی بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکانی خەڵکی ئەمریکا بوو. مارتین قوتابخانەی ئامادەیی لە پانزە ساڵیی تەواو دەکات و لە ساڵی ١٩٤٨ بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە کۆلێژی مۆرهاوس وەردەگرێت. لە ساڵی ١٩٥٣ دەستی کرد بە خویندن بۆ تەواو کردنی دکتۆراکەی لە ١٩٥٥ بڕوانامەی دکتۆرا وەردەگرێت. مارتین لە بۆستن ئاشنا دەبێت بە کۆرێتا سکات ، ئەو ژنە ڕۆشنبیر و هونەرمەندە کارامە وکەم وێنەیە و هاوسەرگیری دەکەن. دوو کچ و دوو کوڕیان دەبێت. لەسەرەتای کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٥٥ دا ڕابەرایەتی یەکەمین و گەورەترین خۆپیشاندانی ئاشتیخوازانەی سەردەمیانەی ڕەشپێستەکانی کرد لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا.

لە ماوەی یانزە ساڵی تەواو ١٩٥٧ تا ١٩٦٨ مارتین گەشتێکی زیاتر لە شەش ملیۆن میلی دەکا و زیاتر لە دوو هەزار و پێنج سەد وتار لەهەر شوێنێک نارەزایی و جووڵە دژ بە نادادپەروەری هەبووبێ دەخوێنێتەوە و هەر لەو ماوەیەش پێنج کتێب و ژمارەیەک وتاری نووسی. لەو ساڵانەدا مارتین ڕابەرایەتی بەهێزترین خۆپیشاندانی لە "بریمینگهام- ئەتلەنتا"کرد کە سەرنجی تەواوی جیهانی بەرەو لای خۆی ڕاکێشا و ئەوەی کە پێیدەڵێن "هاوپەیمانی ویژدان"ی هێنایە کایەوە. هەروەها

هانـدەری "نامەیـەک لـە زینـدانی بیرمینگهـام"ەوە کـە مانیڤێسـتی شۆڕشی ڕەشپێستەکان بوو ، پیلانی ڕۆیشتن بۆ ئەلـەبامای بۆ ناونووسکردنی ڕەشپێستەکان بۆ دەنگدان دارشت و ڕابەرایـەتی ڕێپێوانێکی ئاشتییانەی لە "واشنتۆن" کرد کـە بـە بەشـدار بوونی دوو سـەد و پـەنجا هـەزار کـەس کـە وتـاری (خـەونێکم هەیـە )ی تیایدا پێشکەش کرد. مـارتین متمانـە دەبەخشـێتە سـەرۆک جـۆن ف.کەنەدی و دژ بە سەرۆک لیندۆن ب.جۆنسـۆن دەوەسـتێتەوە. مـارتین زیـاتر لـە بیسـت جـار گیـراوە. مـارتین پێـنج بڕوانامـەی تەقـدیری پێدەبەخشـن و لـە سـاڵی ١٩٦٣ وەک کەسـایەتی سـاڵ لەلایـەن گۆڤـاری تـایم هـەڵبژێردرا: هـەروەها نـەک هـەر بـووە ڕابـەرێکی سـیمبۆلیی ڕەشپێسـتەکانی ئـەمریکا ، بـەڵکو لەئاسـتی جیهاندا بوو بە فیگەرێکی شۆڕشگێڕانە.

ساڵی ١٩٦٤ لە تەمەنی سی و پێنج ساڵیدا مـارتین لوسـەر کینگ گەنجترین کەسایەتی بوو کە خەڵاتی نۆبڵی بۆ ئاشتی وەرگرتبێ. کاتێک پێیـان ڕاگەیانـد کـە دەستنیشـان کـراوە بـۆ ئـەو خەڵاتـە، ڕایگەیاند پارەی ئەو خەڵاتـە کـە پەنجاو چوار هـەزار و سـەد و بیسـت و سـێ دۆلار بـوو بـۆ بـەهێزکردنی بزووتنـەوەی مـافی مەدەنییـەکان تـەرخان دەکـات. بەداخەوە لـە ئێـوارەی ڕۆژی چواری مانگی نیسانی ساڵی ١٩٦٨ کاتێک لـە بەلەکۆنی ژووری ئوتێلەکـەی لـە مـەمفیش لە ویلایەتـی تێنەسـی ڕاوەسـتابوو ،ئـەو شوێنەی کە ڕابەرایەتی مانگرتنی دەکرد بۆ پشتیوانی کرێکارانی ژینگەپارێزی ئەو شارە، تیرۆردەکرێ.

## خەونێکم هەیە

خۆشـــحاڵم ئــەمڕۆ بەبەشــدار بــوونم لەگــەڵتان لــە مــەزنترین خۆپیشـاندان لـە پێنـاو ئازادیـدا لـە مێـژووی میللەتەکـەمان کـە بـە قـولایی مێژوودا ڕۆدەچێتـە خـوارێ. پێـنچ سـاڵی ڕەبـەق بـەر لـە ئێسـتا، ئەمریکییـەکی مـەزن کـە ئـەمڕۆ ئێمـە لـە ژێـر سـێبەری پەیکەرەکەیدا وەستاوین، واژووی بانگەشـەکردنی ڕزگـاری کـرد. بڕیارێکی گرنگ وەکو گلۆپی هیوایەکی مەزن هات بۆ نێو ژیـانی ملیۆنـان لـە ڕەشپێسـتی کۆیلـە ئەوانـەی لـە گـڕی نایەکسـانی هەڵقرچـان. وەکـو ڕۆژێکـی خۆشـی هـات بـۆ کۆتـایی هێنـان بـە شەوی درێژی دیلیەتییان.

بەڵام دوای ســـەد ســـاڵ ڕووبەڕووی ئەو ڕاســـتییە تراژیـــدییە دەبینەوە کەهێشتا ڕەشپێست ئازاد نییە. دوای سـەد سـاڵ هێشـتا ژیـانی ڕەشپێسـت دەبینـین بەداخەوە بـە هـۆی کـۆت و بەنـدی ڕەگەزپەرستی و زنجیری ڕەگـەزخوازی لەمەنگەنەدراوە. دوای سـەد سـاڵ ڕەشپێسـت بەتـەنها لـە سـەر دوورگـەی برسـێتی لـە چەقی ئۆقیانووسی فراوانی گەشەکردنی مادیدا دەژێ.سـەد سـاڵ پاشـتر ڕەشپێسـت هێشـتا لـە گۆشـەکانی کۆمـەڵگەی ئەمریکیـدا ،خۆیـان دەبیـنن لەسـەر خـاکی خۆیانـدا مـەنفان. ئێمـە ئـەمڕۆ هاتوینەتە ئێرە بۆ بە دراما کردنی ئەم هەلولەرجە شـەرمئانێزە. ئامانج لە هاتنی ئێمە بۆ پایتەختی وڵات بۆ سەرفکردنی چەکێکە. وەختێـک کـە ئەنـدازیارانی کۆمارەکـەمان قەشـەنگترین وشـەی دەســـتوور ، ڕاگەیانـــدنی ســـەربەخۆیان نووســـی، تێبینـــی پەیمانێکیان واژوو کرد کە هەموو ئەمریکییەک ببێتە میراتگری. ئەم تێبینییە پەیمانێک بوو کە گشت پیاوێک بەڵێ پیاوی ڕەش

پێست و هەروەها پیاوی سپی پێست مافەکانی ژیانیان ورزگاری و بایەخدان بە بەختەوەریان مسۆگەر بکات.

ئاشکرایە کە ئەمرۆ ئەمریکا لەم پەیمانەی خۆی کەمتەرخەمی نواندووە، چونکە حیساب بۆ ڕەنگی پێستی هاوڵاتیانی دەکرێت. لە بری شانازی کردن بەم پابەندە پیرۆزە، ئەمریکا چەکێکی خراپی داوەتە خەڵکی ڕەشپێست کە لەپاڵ ڕەتکرندەوەکەیدا نووسراوە" پارە بەش ناکات" بەڵام ئێمە ئەوە ڕەت ئەکەینەوە کە بڕوا بەوە بهێنین کە بانکی دادپەروەری ئیفلاسی کردبێت. ئەوە ڕەت ئەکەینەوە کە بڕوا بەوە بهێنین کە لە گومبەزە مەزنەکانی دەرفەتی ئەم میللەتە پارە کەم بێت. کەواتە ئێمە هاتووین ئەو چەکە کاش بکەین، چەکێک کە پڕ بە ویستی خۆمان دەوڵەمەندترین ئازادی و پاراستنی دادپەروەریمان پێدەبەخشێ.هەروەها ئێمە هاتووین بۆ ئەم جێگە پیرۆزە تا ئەو پێویستگەلە زیانبەخشانەی ئەمڕۆکە بەبیر ئەمریکا بهێنینەوە. کاتی پێگیری کردنی ساردبوونەوەی جوانی یان وەرگرتنی دەرمانی هێمنکەرەوەی لەسەرخۆ نییە. ئێستا کاتی ئەوەیە کە پەیمانی ڕاستەقینەی دیموکراسی بدرێت. ئێستا کاتی ڕاپەڕینە لە دۆڵی تاریکستانی و فەرامۆشکراوی ڕەگەزپەرستی بۆ هەڵهاتنی خۆری ڕەگەزپەسندی دادپەروەری.. ئێستا کاتی بەرزکردنەوەی میللەتەکەمانە لە نەرمە لمی ڕەگەزپەرستی نادادپەروەرانەوە بەرەو بەردی ڕەقی برایەتی. ئێستا کاتی ئەوەیە دادپەروەری بکەینە واقیع بۆ هەموو منداڵان.

کوشندەییە بۆ میللەتێک لە فەرامۆشکردنی دەستبەجێی ئەم ساتە وەختە. ئەم هاوینە گەرما پروکێنەی بێزاری دەربڕینە یاساییەی

ڕەشپێست تێناپەڕێ تا سروەی فێنکی پایزی ئازادی و یەکسانی هەڵنەکات. ساڵی ١٩٦٣ کۆتایی نییە، بەڵکو سەرەتایە. ئەوانەی ئاواتەخوازن کە ڕەشپێست دەبێت هەڵپروکێت، ئەمێستاکە لە ناوەرۆکێکی بێتام وەئاگا هاتوون کە ئەگەر میللەت بگەڕێتەوە سەر ڕێچکەی بنەڕەتی خۆی. نە پشوو و نە پێویستی لە ئەمریکادا بەرقەرار نابێت هەتا ڕەشپێست نەگات بە مافی هاولاتی بوون. گەردەلوولی شۆڕش بەردەوام دەبێت بۆ لەرزاندنی بناغەی میللەتەکەمان تا هەڵهاتنی ڕۆژێکی نوێی دادپەروەری. بەڵام شتێک هەیە کە پێویستە بە خەڵکەکەی خۆم بڵێم کە ئەوانەی لەسەر دەروازەی گەرمی ڕابەرایەتی کردن وەستاون بەرەو شوێنی دادپەروەری. لەو پرۆسەیەی کە شوێنی یاساییمان گەورەتر دەبێ، ئێمە پێویستە تاوانبار دەرنەچین بە نایاسایی کارەکانمان. با لێنەگەڕێین شکانی تینوویەتی ئازادیمان بەهۆی خواردنەوە لە پەرداخی دژواری و قین بێ. پێویستە لەسەرمان هەمیشە ڕابەرایەتی خەباتمان بکەین بە فرۆکەی بەرزی دیسیپلین و شکۆ. پێویستە لەسەرمان نەهێڵین کە نارەزایی داهێنەرانەمان بە شەڕ و پێکدادان نوشوست بهێنی. دیسان و دیسانەوە ئێمەلە پێناو پێگەیشتنی مەزنی هێزی بازوو و هێزی ڕۆح، ڕاپەڕیوین.

تێکۆشانی سەرنجڕاکێشی نوێ کە کۆمەڵگەی ڕەشپێست قووت دەدا نابێت بمانکێشێتە پای بێ متمانەیی بە هەموو کەسێکی سپی پێست. بۆ زۆرێک لە برا سپی پێستەکانمان وەک بەڵگەیەک بە هۆی ئامادەبوونیانەوە ئەمڕۆ لێرەدا دەبێتە ناسینەوەی ئەوەی کە چارەنووسیان بە چارەنووسی ئێمەوە گرێ دراوە. هەروەها پێویستە لەسەریان دەرک بەوە بکەن کە ئازادیان

ڕووەو ئازادی ئێمە ڕوونتر دەبێ. ئێمە ناتوانن بە تەنها ڕێگا ببڕن. وەک ئەوەی ئێمە ڕێ ئەکەین پێویستە بەڵێن بدەین کە بەرەو پێشەوە ڕێپێوان ئەکەین. ئێمە ناتوانین بگەڕێینەوە بۆ دواوە. زۆرێک هەن پرسیاری ئەوە دەکەن "تۆ کەی قەناعەت دەکەی؟" ئێمە هەرگیز قەناعت ناکەین ئەگەر ڕەشپێست ببێتە قوربانی بێدەنگی تۆقێنەری درندەیی پۆلیس. ئێمە هەرگیز قەناعەت ناکەین ئەگەر جەستەمان قورس و شەکەت بێت بە سەفەرێک کە نەتوانین زیاتر لە خۆمان بار بکەین لە مێوانخانەی سەر ڕێگا دەرەکییەکان و ئوتێلی ناو شارەکان. ئێمە ناتوانین قەناعەت بکەین ئەگەر ڕەشپێستی ماڵ لەسەر پشت ،لە گەڕەکێکەوە بۆ گەڕەکێکی حاشیەنشینی تر بگوێزێتەوە ئێمە هەرگیز قەناعەت ناکەین ئەگەر منداڵەکانمان لە خودی خۆیاندا گووشرابن و شکۆیان دزرابێت بەو هێمایانەی کە"تەنها بۆ سپی پێستەکان"بەیان دەکات. ئێمە هەرگیز قەناعەت ناکەین ئەگەر ڕەشپێست لە میسیسیپی نەتوانن دەنگ بدەن و ڕەشپێست لە نیویۆرک هیچی نییە دەنگی بۆ بدات. نا..نا..ئێمە هەرگیز قەناعەت ناکەین و هەرگیزیش قەناعەت ناکەین تا دادپەروەری وەک جۆگەلەیەکی بەهێز دانەچۆڕێتە خواری.

من بێئاگا نیم کە هەندێک لە ئێوە بەسەر کۆسپ و تەگەرەی نەگبەتیدا هاتوون بۆ ئێرە، هەندێک لە ئێوە کە تازە لە زیندانە نزمەکانەوە هاتوون ،هەندێک لە ئێوە لەو ناوچانەوە هاتوون کە بەسۆراخی ئازادییەوەن. ئێوە بە هۆی باهۆزی درندەیی پۆلیسەوە دووچاری چەوسانەوە و بەلادا هاتن و شەکەتی هاتوون. ئێوە بلیمەت و بەئەزموون بوون لە داهێنانی ئازار وبەردەوام بوون لە کارکردن لەگەڵ باوەڕێک بۆ پاکژبوونەوە لە

ئـازار چەشـتنێکی قەرەبوونـەکراوە. بگـەڕێوە بـۆ مسیسـیپی، بگەڕێوە بۆ ئەلەباما، بگەڕێوە بۆ باشووری کارۆلینا، بگەڕێوە بۆ جۆرجیـا، بگـەڕێوە بـۆ لیوزییانـا، بگـەڕێوە بـۆ گەڕەکـە حاشیەنشـینەکانمان لـە شـارەکانی بـاکوور، ئەزانـرێ ئـەم بارودۆخە بەهەر شێوەیەک بێت بلوێ دەگۆڕدرێت. با ئێمە لە نێو دۆڵی نائومێدی ڕانەکشێین. هاوڕێیانم ئەمڕۆ پێتان دەڵێم کە هەرچەنـدە ڕووبـەڕووی زەحمـەتی ئـەمڕۆ و سـبەینێ دەبینـەوە کەچی هێشتا خەونێکم هەیە.خەونێکی قووڵە کە ڕەگ و ڕیشـەی بە نێو خەونی ئەمریکادا چۆتە خوارێ.

خەونێکم هەیە کەڕۆژێک دێت ئەم میللەتە ڕادەپەڕێ و لە نێو مانای ڕاستەقینەی باوەڕدا دەژێت" ئێمە ئەم ڕاستییانە بەشێوەی خودبەخـودی دەزانـین کـە هـەموو مرۆڤێـک بـە یەکسـانی خوڵقـاوهن. خـەونێکم هەیـە کـە ڕۆژێـک دێـت لەسـەر گـردە سـوورەکانی جۆرجیاوە منداڵانی کۆیلـەکان و منداڵانی خـاوەن کۆیلـەکان لەسـەر مێـزی برایـەتی دەتـوانن بەیەکـەوە دابنیشـن. خـەونێکم هەیـە کە ڕۆژێک دێت تەنانـەت ویلایـەتی میسیسـیپی، ئـەو ویلایەتـەی لـە نێـو هـاڵاوی گـەرمی نادادپـەروەری، لـە نێـو هـاڵاوی گـەرمی چەوسـانەوە دەگۆڕدرێت بـە مێرگـی ئـازادی و دادپەروەری. خەونێکم هەیە کە ڕۆژێک هەر چوار منداڵـەکانم لـە نێو میللەتێکدا بژین کـە نـەک بـە هـۆی ڕەنگـی پێستیانەوە بـەڵکو بەهۆی ناواخنی کاراکتەریانەوە مامڵەیان لە تەکدا بکرێ. ئـەمڕۆ خەونێکم هەیە. خـەونێکم هەیـە کـە ڕۆژێـک دێت هـەموو دۆڵێکی پیـرۆز وهـەموو چیایەک ملکـەچ بێـت، هـەموو شـوێنێکی زبـریش لـووس ببێـت، جێگـا ناڕێـک و خوارەکـانیش ڕاسـت بکرێنـەوە و شـکۆی یـەزدانیش چێـژ بـەخش بێـت و جەسـتەی مرۆڤـەکانیش

پێکەوە ببینرێن. ئەمە هیوای ئێمەیە. ئەمە ئەو باوەڕەیە لەگەڵیدا دەڕۆمەوە بەرەو باشوور. بەو ئیمانەوە دەتوانین شاخی نائومێدی و بەردی هیوا ببڕینەوە. بەو ئیمانەوە دەتوانین دەنگی ناڕێک و ناشازی میللەتەکەمان بگۆڕین بە جوانترین سەمفۆنیای برایەتی. بەم ئیمانەوە دەتوانین پێکەوە کار بکەین، پێکەوە نوێژ بکەین، پێکەوە خەبات بکەین، پێکەوە زیندانی بکرێین و پێکەوەش بۆ ئازادی ڕابێین. دەزانین ڕۆژێک ئازاد دەبین. ئەمەش ئەو ڕۆژە دەبێت کاتێک هەموو منداڵانی خودا بتوانن مانای تازە بە گۆرانی بڵێنەوە"نیشتمانەکەم ئەمە لە تۆوە یە خاکی شیرینی ڕزگارییت، بۆ تۆ گۆرانی ئەڵێم، خاکێک باوکم تیایدا مرد، خاکی پیرۆز و شانازی، لەهەموو چیاکانەوە با ئازادی زەنگ لێبدات" جا ئەگەر ئەمریکا دەیەوێت ببێت بە میللەتێکی مەزن، پێویستە ئەمە ببێ بە واقیع. جا ئازادی زەنگ لێبدە لە تەپۆلکە مەزنەکانی نیو هامشایر، زەنگ لێبدە لە چیا سەختەکانی نیویۆرکەوە، با ئازادی زەنگ لێبدات لە بەرزاییەکانی ئەلێگنیسی پێنسیلڤانیا.

با ئازادی لە لووتکە بەفراوییەکانی چیاکانی کۆلۆرادۆوە زەنگ لێبدات، با ئازادی لە لێرەوارەکانی کالیفۆرنیاوە. زەنگ لێبدات. نەک هەر ئەوە، بەڵکو ئازادی با لە شاخە بەردینەکانی جۆرجیاوە زەنگ لێبدات، با لە چیای لوئاوت لە تێنسسییەوە زەنگ لێبدات. با ئازادی لە هەموو گرد و کردۆڵکەیەکی مسیسپی زەنگ لێبدات، با لە هەموو چیایەکەوە ئازادی زەنگ لێبدات.

ئەو کاتەی ئەمە ڕوو دەدات و ئەو کاتەی لێدەگەڕێین ئازادی زەنگ لێبدات ، ئەو کاتەی لێدەگەڕێین ئازادی لە سەرجەم دۆڵ

و سـەرجەم لووتکـەکان، سـەرجەم ویلایـەت و شـارەکان زەنـگ لێبدات ئەو ڕۆژە دەتوانین خێراتر بین ئـەوکات سـەرجەم منداڵ، پیاوی ڕەش پێست و سپی پێست، پیاوماقوڵ و گەدا، پرۆتستانت و کاسۆلیک دەتوانین دەست بخەینە ناو دەستی یـەکترەوە و بـە ناوی ڕۆحی ڕەشپێستەوە گۆرانی بلێین "دوا جار ئازادی ، دوا جـار ئـازادی، سـوپاس خـوای میهرەبـان، ئێمـە دوا جـار ئـازاد بووین"

سەرچاوەکان:



١- http://en.wikipedia.org/wiki/Martin_Luther_King,_Jr.

٢- http://nobelprize.org/nobel_prizes/peace/laureates/1964/king-bio.html

٣- http://www.americanrhetoric.com/speeches/mlkihaveadream.htm


تێبینی: ئەم وتارە لە گۆڤاری (کاروان) ژمارە ٢٢٨ ی ساڵی ٢٠٠٨ دا بڵاوبۆتەوە. بەڵام لێرەدا جارێکی تر پیایدا چوومەتەوە و دەستکاریم کردووە.

# ئۆجین پۆتیەی



نووسینی: فلادیمیر ئیلیچ لینین

( لە ئینگلیزییەوە)

مانگی تشرینی دووەمیساڵی ڕابردوو- ١٩١٢- بیست و پێنج ساڵ بەسەر مەرگی شاعیری کرێکارانی فەرەنسیی ئۆجین پۆتیەی دانەری سروودی بەناوبانگی پرۆلیتاریا "سروودی ئەنتەرناسیونال" تێپەڕی.

ئەو سرووده بۆ سەرجەم زمانەکانی ئەوروپا و جیهان وەرگێردراوە. لەهەر وڵاتێک کرێکاری وشیار و بەئاگای چینایەتی جا قەدەر بۆ هەر کوێیەک فڕێی دابێ، هەرچۆنێک هەست بە نامۆیی بکات، زمان نەزانێت، هاوڕێی نەبێت، دوور بێت لە نیشتمانی خۆی، دەتوانێت دۆست و هاوڕێ لە ڕێگەی سەربەندی دووبارەبووەوەی سروودی ئەنتەرناسیونال بدۆزێتەوە.

بەم جۆرە ئێستا کرێکاران لە گشت جێیەک ڕێز لە ئۆجین پۆتیەی دەگرن. تا ئێستاش هاوسەرەکەی و کچەکەی زیندوون و لە دۆخی هەژاریدا دەژێن، هەروەک خاوەنی سروودی ئەنتەرناسیوناڵ کە سەرتاپای ژیانی لەو دۆخە ناهەموارەدا ژیا. ئۆجین پۆتیەی لە شاری پاریس لە چواری تشرینی یەکەمی ساڵی ١٨١٦ لە دایک بووە. تەمەنی چواردە ساڵان بووە کاتێ یەکەمین سروودی داناوە لەژێر ناوی بژی ئازادی. ساڵی ١٨٤٨ دەبێتە جەنگاوەرێکی سەنگەرەکانی شەڕی گەورەی کرێکاران لەدژی بورژوازی.

ئۆجین پۆتیەی لە خێزانێکی هەژار لە دایک بوو و تا مردیش هەر بە هەژاری مایەوە. بژێوی خۆی بە کۆڵکێشی دابین دەکرد. دوایش بوو بە نەخشسازی قوماش.

له ساڵی ١٨٤٠ بەدواوە، ئۆجین پۆتیە لەڕێگەی سروودە شۆڕشگێڕەکانییەوە وەڵامگۆی سەرجەم ڕووداوە مەزنەکانی ژیانی فەرەنسا بوو، ئەویش بە هۆشیار کردنەوەی کرێکارانی ناهۆشیار و بانگەوازکردنی کرێکاران بۆ یەکگرتن. بەمەش تەنگی بە بورژوازی و دەوڵەتی بورژوازی فەرەنسیی هەڵچنی.

لە ڕۆژەکانی کۆمۆنەی پاریسی مەزن ساڵی ١٨٧١، پۆتیەی وەک ئەندام هەڵبژێردرا.لە کۆی ٣٦٠٠ دەنگ ٣٣٥٢ دەنگی بەدەست هێنا. لەسەرجەم چالاکییەکانی کۆمۆنەی پاریس یەکەمین حکومەتی پرۆلیتاریا بەشدار بووە.

بەڵام ڕووخانی کۆمۆنە پۆتیەی ناچار بە هەڵاتن کرد بۆ بەریتانیا و لەوێشەوە بۆ ئەمریکا. پۆتیەی سروودە بەناوبانگەکەی -ئەنتەرناسیونال-ی لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٨٧١، نووسی. کە دەتوانین بڵێین ڕۆژێک دوای شکستە خوێناوییەکەی مانگی ئایار.

کۆمۆنە تێک شکا، بەڵام سروودی ئەنتەرناسونالی پۆتیەی بیروباوەڕی کۆمۆنەی بە هەموو دونیادا بڵاو کردەوە. بە جۆرێک کە ئێستا لە هەموو کاتێک زیاتر، زیندووترە.

ساڵی ١٨٧٦ پۆتیەی لە مەنفا شیعری لە کرێکارانی ئەمریکاوە بۆ کرێکارانی فەرەنسا نووسی. تیایدا ژیانی کرێکاران لەژێر بەرداشی سەرمایەداری، هەژارییان، ڕەنجی کەمەرشکێنیان، چەوسانەوەیان، وە باوەڕیان بە سەرکەوتنی داهاتووی مەسەلەکەیان، وەسف دەکات.

تەنها نۆ ساڵ دوای کۆمۆنە، پۆتیەی گەڕایەوە فەرەنسا و یەکسەر پەیوەندی کرد بە ڕیزەکانی حیزبی کرێکارانەوە. بەرگی یەکەمی شیعرەکانی لە ساڵی ١٨٨٤ و بەرگی دووەمیش بەناوی گۆرانییە شۆڕشگێڕەکان لە ساڵی ١٨٨٧ بڵاو بوونەوە.

وە ژمارەیەک سروودی تری ئەم شاعیرە کرێکارە دوای مردنی بڵاو کرانەوە.

لە هەشتی تشرینی دووەمی ساڵی ١٨٨٧ کرێکارانی پاریس تەرمی ئۆجین پۆتییەیان خستە سەرشان بەرەو گۆڕستانی پیر لاشیز کە گۆڕی کۆمۆنە ئیعدامکراوەکانی لێبوو. پۆلیسیش بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە هێرش دەکاتە سەریان بۆ ئەوەی ئاڵا سوورەکانیان پێ دابگرێت. خەڵکێکی یەکجار زۆر بەشدارییان لەناشتنی تەرمی کەسێکی سیڤیڵدا کرد، لەهەموو لایەکەوە دەنگی " بژی پۆتیە" بەرز دەبۆوە.

پۆتیەی بە هەژاری مرد، بەڵام یادگارییەکی بەڕاستی نەمری لە نووسین بۆ مرۆڤ لەپاش خۆی بە جێهێشت. پۆتیەی لە ڕێگەی سروودەکانییەوە یەکێک بوو لە گەورەترین موبەلیغەکان. کاتێ سروودی یەکەمی دانا ژمارەی کرێکارە سۆشیالیستەکان دەیان کەس دەبوون. بەڵام ئێستا دەیان ملیۆن پرۆلیتاری بە سروودە مێژووییەکەی ئۆجین پۆتیە ئاشنان.

تێبینی: ئەم وتارە بۆ یەکەمجار لە ڕۆژنامەی برافدا ژمارە ٢ ی ساڵی ١٩١٣ بڵاو کراوەتەوە.

تێبینی وەرگێر: چارەکە سەدەیەک بەر لە ئێستا، ساڵی ١٩٨٩ ئەم کورتە نووسینەی لینینی مەزنم لە عەرەبییەوە وەرگێرایە سەر زمانی کوردی و لە یەکێک لە ژمارەکانی گۆڤاری ڕابەر، ئۆرگانی تیئوری ئەدەبی حیزبی - حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست - بڵاوم کردەوە. هەرچەند ئەو ژمارانەی گۆڤاری ڕابەر فەوتاون و نەماون، بەڵام لەم ڕۆژانە ئەم کورتە نووسینەی لینینم بەرچاو کەوتەوە. منیش بە پێویستم زانی جارێکی تر لە ئینگلیزییەوە وەری بگێڕمەوە سەر زمانی کوردی. شایانی ئاماژەیە دەقە ئینگلیزییەکەم لەگەڵ دەقە عەرەبییەکەشدا بەراوردی کردووە.

سەرچاوەکان:


١-
https://www.marxists.org/archive/lenin/works/1913/jan/03a.htm

٢- سایتی الاشتراکی اعلام من اجل الثورة

# ئایا شیعر وەردەگێڕدرێت؟

نووسینی: جێز گیرینگ

(لە ئینگلیزییەوە)




یەک دوو ڕۆژ لەمەوبەر (١) ب. ج. ئیپستن ئەم قسەیەی (ساموێل جانسن)ی بڵاوکردەوە:

شیعر، بەڕاستی، ناتوانرێت وەربگێڕدرێت؛ بۆیە، ئەوە شاعیرانن کە زمانەکان دەپارێزن؛ چونکە ئێمە لە کێشەدا نابین بۆ فێربوونی زمانێک ئەگەر بتوانین هەموو ئەو شتانەمان هەبێت کە تێیدا نووسراون بە هەمان شێوە لە وەرگێڕانێکدا. بەڵام وەک چۆن جوانییەکانی شیعر لە هیچ زمانێکدا ناپارێزرێت جگە لەو زمانەی کە لە بنەڕەت پێی نووسراوە، فێری زمانەکە دەبین.

ئیپستن ئاماژەی بەوەدا کە جەنسن کەم تا زۆر بیرکردنەوەی ئایدیالیستییانەیە کە پێیوایە شیعر ناتوانرێت وەربگێڕدرێت و بۆ ئەوەی شیعر بە زمانێکی تر جگە لە زمانی خۆمان بخوێنینەوە، دەبێ فێری بین. لە کاتێکدا من پێم وایە بە پراگماتیک سەیرکردنی مشتومڕەکە زۆر شت بەدەست دەهێنرێت، بەڵام ئەوەی پێموایە ئیپستن چاوپۆشی لێکردووە، یەکەم ڕستەی وەرگێڕانەکەیە: "ئەوە شاعیرانن زمانەکان دەپارێزن."

ئەم پرسی پاراستنە بەلای منەوە زۆر سەرنجڕاکێشە. بە دڵنیاییەوە زمانی شیعری بە قورسترین زمان دادەنرێت بۆ وەرگێران، لێرەوە سەرهەڵدانی بروانامەی دەرچووانی

وەرگێڕانـــــی ئەدەبـــــی و ڕێکخراوەکــــانی وەک کـــــۆمەڵەی وەرگێڕکـارانی ئەدەبـی ئەمریکیـی و وەرگێڕانـی ئەدەبییـش وەک وەرگێڕانی پزیشکی یان یاسایی پێویستی بە زمـانێکی تـایبەت و لێهـاتوویی هەیە، بەڵام زیـاتر لە لێهـاتوویی و هەسـتیاری زمـان، ئەو فاکەڵتییە داهێنەرەیە کە لە وەرگێڕانی ئەدەبیدا پێویسـتە؛ بۆ نموونە تاکە بڕوانامەکانی وەرگێڕانی ئەدەبی لە ئەمریکا بـریتین لە ماستەر لە هونەرە جوانەکان. بۆ ئەوەی بڕوانـامەکە بەدەسـت بهێـنن، کاندیـدەکانی ماسـتەر لە هـونەرە جوانەکـانی وەرگێـڕان تەنیا پێویستیان بە سەلماندنی شارەزایی لە یەک یان دوو زمانی جیـاوازدا نیـیە، بەڵکـو پێویسـتە ناویـان لە وۆرک شـۆپەکانی نووسـینی داهێـنەرانەی خەیـاڵیی، شـیعر، نووسـینی ناخەیـاڵی و هتد- تۆمـار بکەن کە نووسـینەکانی خۆیان وردتـر دەکەنەوە و هەسـتیاری داهێـنەرانەی سـەرەکی خۆیـان بەرامـبەر بە هەردوو زمانی زگماکی و غەیرە زگماکی دەچەسپێنن.

ئەوەی ئەم بەرنامـــانە درکـــی پێـــدەکەن ئەوەیە کە وەرگێڕانـــی ئەدەبی خۆی لە خۆیدا فۆرمێکی هـونەرییە. وەرگێڕانـی بۆدلێر یـان سـێلان لە ڕاسـتیدا وەرگێرانێکـی داهێـنەرانەیە بـۆ بەرهەمە ڕەسەنەکەی شـاعیر. وەرگێڕکـارانی ئەدەبی لە کـاتی وەرگێڕانـی شـــیعردا دوو بژاردەیـــان هەیە. دەتـــوانن یـــان بـــۆ وردبینـــی بەرهەمەکە وەربگێـڕن، بەمەش بەشـێکی زۆری جـوانی زمـانەکە کە شیعرە لەدەست دەدەن، یانیش دەتـوانن شـیعرەکە بـۆ جـوانی وەربگێـــڕن، بەمەش بەشـــێکی زۆری وردبینیـــیەکەی لەدەســـت دەدەن. هەر لەبەر ئەمەشە کە زۆرێک لە وەرگێڕانەکـانی بۆدلێر بوونیان هەیە. بە سادەیی مەحاڵە شیعرەکان لە (گوڵە خراپەکان) وەربگێڕدرێت بۆ هەم وردبینی و هەم بۆ جوانی.(٢)

ساموێل بێکێت یەکێکە لە نموونەی ئەو نووسەرانەی کە بەگشتی رەتیدەکردەوە بەرهەمەکەی لەلایەن کەسانی دیکەوە وەربگێڕدرێت .لە چاوەڕوانی گۆدۆدا، کە ناسراوترین شانۆنامەیەتی، لە بنەڕەتدا بە زمانی فەرەنسی لە سالآنی ١٩٤٨-١٩٤٩ نووسراوە و دواتر خۆی وەرگێڕدراوە بۆ زمانی ئینگلیزیی بۆ ئەوەی لە بەریتانیا و ئەمریکا بڵاوبکرێتەوە. بە هەمان شێوە، تریلۆجی- ڕۆمانەکانی مۆلی، مالۆن میورت (مالۆن دەمرێت) و لینۆمابڵ (ناوی بێناو)- لە بنەڕەتدا بە زمانی فەرەنسی نووسراوە و دواتر خۆ وەرگێڕدراوە بۆ ئینگلیزی. (بیرت نەچێت کە بێکێت ئێرلەندییە، زمانی زگماکی ئینگلیزییە، لەگەڵ ئەوەشدا چەندین بەرهەمی سەرەکی خۆی بە فەرەنسی نووسیوە کە دواتر وەریگێڕاوەتەوە سەر زمانی ئینگلیزی). بۆ هەموو بەرهەمە ئینگلیزییەکانی، بێکێت بە شێوەیەکی شەخسی وەریگێڕاوەتە سەر زمانی فەرەنسی و ڕەتیکردەوە دەستبەرداری کۆنترۆڵی هونەری بێت. سەبارەت بە زمانەکانی دیکە، بە تایبەتی ئەڵمانی و ئیتاڵی (دوو زمان کە بێکێت نیمچە شارەزا بوو، ئەگەر بە تەواوی شارەزا نەبوو، پێیدا)، ئەو بەڕاستی ڕێگەی بە کەسانی دیکەدا وەرگێڕان بکەن، بەڵام تەنیا ئەوانەی کە خۆی بە شێوەیەکی شەخسی متمانەی پێیان هەبوو ( تەنانەت ئەو کاتەش هەر پێویستە بۆ خوێندنەوە و پەسەندکردنی وەرگێڕانەکان پێش بڵاوکردنەوە.)

لە کاتێکدا بێکێت نموونەیەکی دەگمەنە، بەڵام پێموایە شتێک هەیە و دەبێت لێوەی فێربین. بێکێت تێگەیشت کە وەرگێڕانێکی گۆدۆ لە ڕاستیدا وەشانێکی نوێی گۆدۆیە و بۆ ئەوەی ئەو ڕەسەنایەتی هونەری بپارێزێت (تێبینی: نەک وردبینی بەڵکو

ڕەسەنایەتی) خۆی پێویستی بە وەرگێڕانی بەرهەمەکە بوو (واتە شانۆنامەکە بە زمانی داواکراو بنووسێتەوە). بەدڵنیاییەوە دەتوانرێت شیعر وەربگێڕدرێت و هەروایە، بەڵام وەرگێڕانێکی ڕەسەن بوونی ناتوانێت ئەگەر شاعیر خۆی بەرهەمی خۆی وەرنەگێڕێت. سەبارەت بەو وەرگێڕانانەی کە لە گۆڤارەکانی ئەدەبیدا یان لە کۆمەڵە وەرگێڕدراوەکاندا دەیخوێنینەوە، گرنگە لەبیرمان بێت کە وەرگێڕانەکە کاری داهێنەرانەی وەرگێڕە. وەرگێڕ بەرهەمەکە بە زمانێکی تر لێکدەداتەوە جگە لەوەی کە شیعرەکە لە سەرەتادا پێی نووسراوە، لە کاتێکدا شیعرە وەرگێڕدراوەکە (بەهیوای ئەوەی) کرۆکی شیعرە ڕەسەنەکە دەپارێزێت، بەڵام شیعرێکی نوێیە، بەرهەمێکی داهێنەرانەی وەرگێڕە.

کەواتە بەڵێ ئیپستن ڕاست دەکات، مەحاڵ دەبێت هەموومان فێری هەموو زمانێک بین بۆ ئەوەی شیعر بخوێنینەوە. بەڵام جانسنیش ڕاست دەکات. شاعیران لە شیعرەکانیاندا زمانێکی دیاریکراو دەپارێزن و وەرگێڕانی شیعرێک دروستکردنی شیعرێکی جیاوازە بە زمانێکی جیاواز. لە کاتێکدا حەز دەکەم بڵێم کە من بەڕاستی بۆدلێرم خوێندووەتەوە، بەڵام پێموانییە ئەوە قسەیەکی ورد بێت. من چەندین لێکدانەوەی وەرگێڕم بۆ بۆدلێر خوێندووەتەوە، بەڵام، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە فەرەنسییەکەم لە ئاستێکی خوارەوەدایە، بە دڵنیاییەوە بۆدلێرم نەخوێندووەتەوە. هیوادارم ڕۆژێک، بگەمە ئەوێ.

تێبینییەکان

(١)مەبەست لە سەرەتای مانگی تەممووزی ساڵی ٢٠٠٩ یە.

(٢)کۆشیعری گوڵە خراپەکان کە کۆشیعرێکی چارڵس بۆدلێرە چاپی یەکەمی ساڵی ١٨٧ بڵاوبۆتەوە. ئەم کۆشیعرەی بودلێر لە بزووتنەوەی ئەدەبی ڕەمزی و مۆدێرنیستیدا جێگەی خۆی وەرگرتووە. شیعرەکانی ئەم کتێبە لە دەوری تەوەری دارمان و ئیرۆتیزم دەسوڕێنەوە.لە چاپی یەکەمی خۆیدا شەش تەوەرەی لەخۆگرتبوو وەک (بێزاری و ئایدیالیزم، تابلۆی پاریسیان، لێ ڤین، گوڵی خراپە، ریڤۆلتێ، مردن لا مۆرت)

سەرچاوە:

Can Poetry be translated?
Jes Gearing
ALTA
https://www.altalang.com/beyond-words/can-poetry-be-translated/

تێبینی: ئەم بابەتە لە گۆڤاری تیڤی ژمارە ١٧ ی ساڵی ٢٠٢٢ بڵاوبۆتەوە.

# فیدراسیۆنی هونەرمەندان

## مانیفێستی فیدراسیۆنی هونەرمەندانی کۆمۆنەی پاریس



وەرگێرانی لە فەرەنسییەوە: جێف سکینەر

(لە ئینگلیزییەوە)

کۆمــۆنەی پــاریس لە جەوهەری خۆیــدا، یەکەمــین ئەزمــوونی بەرفراوانــی حکــومڕانی سۆشیالیســتی بــوو. لە ١٨ ی مــانگی ئازاری ساڵی ١٨٧١،کرێکارانی ڕادیکاڵ و پیشـەوەران کە خۆیـان لە گاردی نیشتمانیی ڕێکخستبوو،لەگەڵ هەڵهاتنی سوپای نیزامی فەرەنسا، بەشێوەیەکی تەواوەتی دەسـتیان بەسـەر شـاردا گرت. دوای چەند ڕۆژێک کۆمۆنە هەڵبژێردرا و یەکسـەریش ڕایگەیاند کە کرێکــاران دەتــوانن دەســت بەســەر کارگەکانــدا بگــرن و بەڕێــوەی بەرن. هەروەهــا بڕیارەکــانی خزمەتــی ســەربازی ئیجبـاری و سـزای ئیعـدام هەڵوەشـێنرانەوە و ئـایین لە دەوڵەت جیــاکرایەوە و تەئمینــی کــۆمەڵایەتی و مــووچەی خانەنشــینی جێگیرکـرا. کرێکـارانی شۆڕشـگێڕ و دیموکراسـیخواز ڕۆژانە ڕێگای نوێیان دەدۆزییەوە بۆ بەڕێوەبردنی شار.

ئەمەش ڕێگـایەکی تەواو لەڕەگەوە ڕادیکـاڵ و جیـاوازی هێنـایە ئــاراوە بــۆ بەرخــوردکردن بە هــونەر. لە ١٥ی مــانگی نیســانی ١٨٧١،هونەرمەنـدان و پەیکەرسـازان و شـارەزایانی جوانسـازی لەسەرتاسەری پاریس بە جەستاف کوربیەی گەورە هونەرمەند و ئــوژین پــۆتیە کە دواتــر بــوو بە نووســەری ســروودی ئەنتەرناسیونال، کۆبوونەوە و بۆ دیاریکردنی شێوازی چۆنیەتی ئەم بەرخـوردکردنە بە هـونەر. هۆکارەکانی ئەم پێشـنیارە ڕوون بــوون. کــۆنترۆڵی هونەرمەنــدان بەســەر هــونەرەوە، هــونەر و کلتــوور وەکـو مـاف، هەروەهـا پرسـیاری ئەوەیـان کـرد بـۆچی دەوڵەت و دەوڵەمەنـدان تەنهـا چێـژ لە هـونەر وەردەگـرن. بـۆیە لەسەر مکوڕی ئەم هونەرمەندانە فیدراسـیۆن پێکهات کە هەمـوو کەس مافی ئەوەی هەیە لەناوەندێکی جوانیدا کار بکـات و بژێـت. کریسـتین ڕۆز نووسـەری کتێبـی (ڕیفـاهیەتی کـۆمەڵگە، خەیـاڵی

سیاسی کۆمۆنەی پاریس) بەمجۆرە بایەخدارانە وێنای دەکات؛ (ڕەنگە وا دەرکەوێت کە ئەمە داواکارییەکی بچووک و تەنانەت ڕازاێنەرەوە بێت، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە بەو مانایەیە کە دەبێت تەواوی پەیوەندییەکانمان نەک تەنها لەگەڵ هونەر، بەڵکو لەگەڵ کـار و پەیوەنـدییە کۆمەڵایەتییەکـان و سروشـت و تەنـانەت ژینگەی ژیانیشـەوە ڕێکبخەینەوە. ئەمەش بە مانـای گشـتیکردنی هـونەر و جـوانیی و تێکەڵاوکردنییەتـی بە ژیـانی ڕۆژانە و نەشـاردنەوەیانە لە هـۆڵە تایبەتییەکـان و کۆنەکردنەوەیـانە لەبیرەوەرییە قێزەوەنە نەتەوەگەرییەکان.(١)

ئەم دەقەی خوارەوە کە لە ڕاپۆرت و بڵاوکراوە ڕۆژانەییەکانی کۆمۆنەوە وەرگێراوە، مانیفێستی ئەو هونەرمەندانە لەخۆدەگرێ. ئەمەش تـا ئەو جـێگەیەی کە ئـێمە ئاگـادار بـین، یەکەمـین وەرگێرانی مانیفێستی هونەرمەندانی کۆمۆنەی پاریسە.(٢)

## کۆمەڵەی هونەرمەندان

دوێنـێ لە کـاتژمێر دوو، دیـداری هونەرمەنـدان لەسـەر داوای بەڕێـز کـۆربی بە ڕەزامەنـدی کۆمـۆنە لە هـۆڵی وانە وتـنەوە لە کـۆلێژی پزیشـکی هـاتە سـازکردن. هـۆڵەکە جـمەی دەهـات و هەمـوو هونەرەکـان نـوێنەرایەتی دەکـران. لەوانە بـۆ هـونەری شێوەکار هەردوو هونەرمەند فەین پێرین و هیرەو، هەروەها لە پەیکەرسازیی بەڕێزان موولینە و دیلابلانش و هونەری کارتۆن بێرتـۆڵ و هـونەری هەڵکـۆڵین بەڕێـز میشـڵان و ڕەخـنە بەڕێـز فیلیـپ بـۆرتی و ژمـارەیەکی زۆر لە ئەنـدازیارانی تەلارسـازی

لەوێ بوون. بۆ پێکهێنانی کۆمەڵەی هونەرمەندان زیاتر لە ٤٠٠ کەس ئامادەی ئەو دیدارە بوون.

بەڕێز کۆربی سەرۆکایەتی دیدارەکەی دەکرد و هەریەک لە موولیە و ئۆژین پۆتیەش یارمەتیدەری بوون. پۆتییە یەکەمجار و وە پێش هەموو شتێک ڕاپۆرتی لێژنەی ئامادەکاری خوێندەوە کە هەر خۆی نووسیبووی و ئامادەشی کردبوو. ئەم دۆکیومێنتە زۆر جێی بایەخەی بەڕاستی لێوانلێو بوو لە بیرکردنەوەی بەرزی پێداویستییەکان و چارەنووسی هونەری هاوچەرخ.

داوا لە هونەرمەندان کرا کە خۆیان بەرژەوەندی خۆیان بپارێزن.

ئەمەش ئەو بیرۆکەیە زاڵە بوو کە لەروحی ڕاپۆرتی لیژنە فەرعییەکانیشدا خۆی نیشاندابوو. ئەوەش پرسیاری دامەزراندنی فیدراسیۆنی هونەرمەندانی پاریس بوو، کە بەرهەمەکانیان لەژێر ئەو ناوو نیشانە نمایش دەکەن.

## فیدراسیۆنی هونەرمەندانی پاریس

هونەمەندانی پاریس بەپشت بەستن بە بنەماکانی کۆماریی کۆمۆن هەستان بە بنیادنانی ئەم یەکێتییە.

ئەم یەکگرتنە هەموو هزرە هونەرییەکان دەگرێتەوە کە لەسەر بنچینەکەی:

- فراوانترکردنەوەی ئازادانەی هونەر، دوور لە هەموو چاودێرییەکی حکومیی و هەر ئیمتازاتێک

- یەکسانی لەمافی هەموو ئەندامانی ئەو یەکێتییە
- سەربەخۆیی و کەرامەتی هەموو هونەرمەندێک لەلایەن پێکهێنانی لیژنەی هەڵبژێردراو بە دەنگدانی گشتی و ئازادانەی هونەرمەندان پارێزراو دەبێ. ئەم لیژنەیە هەوڵی توندوتۆڵ کردنەوەی هاوکارییەکان و هەمئاهەنگی دەدا.

## پێکهاتنی لیژنە

لیژنە لە ٤٧ ئەندام پێک دێت کە نوێنەرایەتی

١٦ شێوەکار

١٠ پەیکەرساز

٥ تەلارساز

٦ هەڵکۆڵەر(نەقاش)

١٠ ئەندامی هونەرە ڕازێنەرەکان(زەخرەفییەکان)کەبەهەڵە پێی دەگوترێت هونەری پیشەسازی

کە بە سیستەمی لیست و دەنگدانی نهێنی هەڵدەبژێردرێن.

مافی دانیشتوانی پاریسە بە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ کە توانیبێتیان جێ و شوێنی خۆیان وەکو هونەرمەند بسەلمێنن — جا چ لەڕێگەی ناوناوبانگی ئیشە هونەرییەکانیانەوە بێت، یان لەڕێگەی دەلیلی پێشانگاکانیانەوە، یانیش بە پاڵپشتی بەدەست و

خەت نووســـراوی دوو هونەرمەنـــدی سپانســـۆر، بەشـــداری پرۆسەی دەنگان بکەن.

ئەندامانی لیژنە بۆ ماوەی یەک ساڵ هەڵدەبژێردرێن.

لەکـاتی کۆتـایی هـاتنی مـاوەی ئەم نـوێنەرایەتییە، پـانزە کەس لە ئەندامان کە بە دەنگدانی نهێنی هەڵدەبژێردراون بۆ لیـژنەکە، بـۆ مـاوەی ســاڵی داهــاتوو لەشــوێنی خۆیــان دەمێـنـنەوە، بەڵام ٣٢ ئەنــدامەکەی تــر بە هەڵبــژاردن شــوێنیان پــڕ دەکــرێتەوە. ئەو ئەندامانەی کاریان تەواو بووە تا ساڵێک دواتـر نـاتوانن دووبـارە هەڵبژێردرێنەوە.

هەر ئەنـدامێک ئەگەر بە کـاری خـۆی هەڵنەسـتێت ئەنـدامەتی لـێ دەسەنرێتەوە. لێسەندنەوەی ئەندامەتی تەنیا بەدەسـت کـۆنگرەی فیدراسـیونە و پێویسـتی بەدەنگـی دوو لە سـێی بەشـداربووانی کــۆنگرەکە هەیە. هەڵپەســاردنی ئەنــدام نــابێ ئاشــکرابکرێ تــا مانگێک بەسەربریارەکەدا تێنەپەڕی بێت.



دینگەی ئیمپراتۆر فاندووم لەسەر داوای کوربی کۆمۆنارەکان ڕووخاندیان.

دەرکردنی بڕیارنامە

ئەمە دەسەڵاتەی جیهانی هونەرییە کە ئەم ئەرکانەی لەلایەن هونەرمەندانەوە پێسپێردراوە.

- پارێزگاری لە گەنجینەکانی ڕابردوو بکات.
- ڕاپەڕاندن و تیشک خستنەسەر هەموو ڕەگەزە ئەوڕۆپییەکان.
- نوێکردنەوەی داهاتوو لەڕێگەی پەروەردە و فێرکردنەوە.
- شوێنەوار و مۆزەخانەکان

شوێنەوارەکان،لە گۆشـەنیگای هـونەرییەوە، مۆزەخانەکـان و ئەو دامودەزگاکایـانەی پـاریس لەوانە هۆڵەکـانی نمـایش و کـۆکراوە هونەرییەکان و کتێبخانەکان کە بەرهەمی هونەرییان تێدایە سـەر بە کەسـی تـایبەت نەبن و دەخرێنە ژێر چـاوردێری و کـارگێڕی لیژنەی بەڕێوەبەرایەتی فیدراسیۆن.

لیـــــژنە هەڵدەســـــــتێت بە ڕێکخســـــــتن و پاراســـــــتن و چاککردنیان،نەخشەکانیان بۆ تەواو دەکات و ژمـاردن و پێڕسـت و کەتەلۆگیان بۆ تەواو دروست دەکات.

دەیانخـاتە خـزمەت جەمـاوەرەوە لەپێنـاو هانـدان بـۆ لێکـۆڵینەوە لەپێناو بەجێهێنانی ئارەزووی سەردانیکەران.

تێبینـــی کردنـــی دۆخـــی پاراســـتنی باڵەخانەکـــان و ئامـــاژە بە چـــــاککردنەوەی دەســــتبەجێیان و ئینجـــا لیســــتی کـــــارە بەردەوامەکانیان پێشکەش بە کۆمۆنە دەکات.

دوای پشـکنینی تواناکـان و لێکـۆڵینەوە لە ئاکارباشـییان، ئینجـا بەڕێـوەبەران و سـکرتێرەکان و بەڕێـوەبەری ئەرشـیفەکان و پاسەوانەکان دادەمەزرێن. لەپێنـاو دەستەبەرکردنی پێداویسـتییە خزمەتگوزارییەکـانی ئەم دامودەزگـا و پێشـانگایانە کە دواتـر قسەیان لەبارەوە دەکەین.

## پێشانگاکان

لیژنە هەڵدەستێت بە کردنەوەی پێشانگای کۆمۆنەیی بەکۆمەڵی نیشتمانی و نێودەوڵەتی لە پاریس.

بە نسبەت ئەو پێشانگا نیشتمانی و نێودەوڵەتییانەی کە لە پاریس ناکرێنەوە، لیژنەیەکی بەرپرسیار پێکدەهێنرێت بۆ بەرژەوەندی هونەرمەندە پاریسییەکان.

تەنها ئەو بەرهەمانە وەردەگرێت کە لەلایەن دانەرەکانیانەوە، خولقێنەرە ڕەسەنەکان و وەرگێران لە هونەرێکەوە بۆ هونەرێکی تر واژوو کرابێت،وەک ئەو هەڵکۆڵینانەی دەگوێزرێنەوە سەر تابلۆکان و تاد.

زۆر بە توندی هەموو ئەو پێشانگا تەماحکارانە ڕەت دەکاتەوە کە دەیانەوێت ناوی بەڕێوەبەر و یان خولقێنەری بەرهەمەکان بگۆڕن.

خەڵات بە هیچ کەسێک نادرێت.

کارە هونەرییە ئاساییەکانی کۆمۆنە دەدرێت بەو هونەرمەندانەی کە بە دەنگدانی هەموو خاوەن پێشانگاکان دیاریکراون.

بەڵام کارە نائاساییەکان دەخرێنە پێشبڕکێوە.

## پەروەردە و ڕۆشنبیری

لیژنە چاودێری وانەی وێنەکێشان و نموونەیی لە قوتابخانە سەرەتایی و پرۆفیشناڵەکان دەکات کە مامۆستاکانی لەسەر بنچینەی پێشبڕکی دەستنیشان دەکرێن. هەروەها هانی ناساندنی

میتۆدە سەرنجڕاکێشەکان دەدات. مۆدێلەکان مۆر دەکات و هەروەها ئەو بابەتانە ڕێکدەخات کە ڕوحی بەرز تیایاندا کەشفکراوە. هەروەها پێویستە لێکۆڵینەوەکانیشیان لەسەر بودجەی کۆمۆنە تەواو بکرێن.

لیژنە هانی ئەوەش دەدات کە هۆڵی گەورە بۆ خوێندنی باڵا و کۆنفرانس لەسەر جوانناسی و مێژوو و فەلسەفەی هونەر بنیاد بنرێت.

## بڵاوکردنەوە

ئۆرگانێکی بڵاوکردنەوە پێکدەهێنێت بەناوی بەرپرسیارێتی هونەرەکان

لەژێر چاودێری و بەرپرسیارێتی لیژنە، ئەم بڵاوکراوەیە ئەو ڕووداوانەی کە پەیوەندن بە جیهانی هونەرەکان و زانیاری بەسوودی بۆ هونەرمەندان تێدایە، بڵاو دەکاتەوە.

هەروەها بڵاوکراوەکە لێکدانەوەکان لەسەر کاروباری لیژنەکە وپرۆتۆکۆڵی کۆبوونەوەکان و بڕی پارەی بەدەستهاتوو و خەرجکراو و هەموو ئیشوکارە ئامارەییەکان کە ڕۆشنایی دەخەنە سەر پرسەکان و ئامادەکاریی ڕێکوپێک، بڵاو دەکاتەوە.

بەشی ئەدەبیش تەرخان دەکرێت بۆ ئەو وتارانەی لەسەر ئیستاتیکا دەنووسرێن،هەورەها بوارێکی بێلایەنی کراوە دەبێت بۆ هەموو بیروباوەڕ و سیستەمێک.

بە پێشــــکەوتووخوازیی، ســــەربەخۆیی، بەڕێــــز و ڕاســــتگۆیی خــــۆیەوە. بڵاوکــــراوەی بەرپرســــیارێتی هونەرەکــــان دەبێــــتە جیددیترین بەیاننامەی ئێمە بۆ نوێبوونەوەمان.

## ناوبژیکەران

بەنیسـبەت هەمـوو ئەو نـاکۆکییە جیـاوازانەی لەسـەر مەسـەلەی هـونەریی دێنە ئـاراوە، لیـژنە لەسـەر داوای لایەنـی پەیوەندیـدار( هونەرمەندان یان غەیری ئەوان) ناوبژیوان دیاریدەکات.

بۆ ئەو کێشە مەبدەئییانەی بەرژەوەندی گشتی تێدا بێت، لیژنە شـورای نـاوبژیوان دادەمەزرێنێت و بڕیارەکـانی لە بڵاوکـراوەی بەرپرسیاتێتی هونەرەکان بڵاو دەکاتەوە.

## دەستپێشکەری ئیندیڤیجواڵ

لیـژنە بـانگەوازی هەمـوو دانیشـتوان دەکـات بـۆ نـاردنی هەر پێشــنیار و پــڕۆژە و ڕاپــۆرت و بیــروڕایەک کە دەبێــتە هــۆی پێشــکەوتنی هــونەر یــان ڕزگــاربوونی فیکــری یــان مەعــنەوی هونەرمەنــــدان یــــان بەپێزکردنــــی ماتریــــاڵی بەرهەمەکانیــــان لەبەرچاوە.

لەوبارەشەوە ڕاپۆرتێک پێشکەش بە کۆمۆنە دەکات و پشـتیوانی مەعـنەوی خـۆی و هاوکـاری لەگەڵ هەر شـتێک کە بەگونجـاوی بزانێت، دەردەبڕیت.

داواش له ڕای گشـتی دەکـات بـۆ پشـتگیری له هەر هەوڵێکـی پێشـــــکەوتووخواز و ئەو پێشـــــنیارانەی له بڵاوکـــــراوەی بەرپرسیارێتی  هونەرەکاندا بڵاو دەکرێتەوە.

له کۆتاییـــدا، به وشـــه، به پێنـــووس، به خـــامه،به دووبـــاره چـاپکردنەوەی شـاکاره جەماوەرییەکـان، به وێـنەی وشـیار و بەرزکەرەوە که دەتوانرێ به زۆری بڵاوبکرێتەوە و له هۆڵەکانی شـارەوانی لادێ بێنازەکـانی فەرنسـا نمایشـی بکرێـت، لیـژنەکه کاردەکات لەسەر تازەبوونەوەمان، گرتنەدەستی جڵەوی سامانی کۆمەڵایەتی، داهاتووی درەوشاوە و کۆمارێکی گەردوونیی.

گ کـۆربی ، مـوولینه ، سـتێفەن مارتـان ، ئەلێکسـاندەر ژووس ، ڕۆزینـیش ، تریشـون ، دەلـوو ، ژوو لێهیـرو ، س شـابرێت ، ه دوبوا ، ئەی ڤالینیەر ، ئوژین پۆتیه ، پیراین ، ئەی میوللارد.

تێبینی وەرگێڕی ئینگلیزی: فیدراسیۆنی هونەرمەندان، گروپێکی ڕادیکاڵی پێکهاتوو له شێوەکاران و پەیکەرسازان و شارەزایانی ڕازێـنەرەوە، له مـانگی نیسـانی سـاڵی ١٨٧١ کۆبـوونەوە بـۆ دووبـاره هەڵسـەنگاندنەوەی ڕۆڵـی هـونەر له هەنـاو کۆمـۆنەی پاریسدا.

## تێبینییەکان مەشخەڵ ئامادەی کردوون:

(١) ڕیفاهیەتی کۆمەڵایەتی خەیاڵی سیاسی کۆمۆنەی پاریس کریستین ڕۆز چاپخانەی (مەیپڵ پرێس) ئەمریکا ٢٠١٥.

(٢) ئەو پێشەکییە لە نووسینی دەستەی بەڕێوەبەری سایتی (Red Wedge)ە کە لە ١٥ی نیسانی ساڵی ٢٠١٦ ئەم بابەتەیان لە سایتەکەیان ئامادە کردووە و وەرگێڕاوە. کە یەکەمین وەرگێڕانی مانیفێستی هونەرمەندانی کۆمۆنەی پاریسە بە زمانی ئینگلیزی و جێی خۆشیەتی بڵێم یەکەمین وەرگێڕانی ئەو مانیفیستەشە بۆ سەر زمانی کوردی.

(٣) ناوەکان وەک خۆیان بەپیتی لاتین:

G. COURBET, MOULINET, STEPHEN MARTIN, ALEXANDRE JOUSSE, ROSZEZENCH, TRICHON, DALOU, JULES HÉREAU, C. CHABERT, H. DUBOIS, A. FALEYNIÈRE, EUGÈNE POTTIER, PERRIN, A. MOUILLIARD


## سەرچاوە:

http://www.redwedgemagazine.com/online-issue/manifesto-federation-artist-commune

تێبینی: ئەم بابەتە لە گۆڤاری هانا ژمارە ٧ ی ساڵی ٢٠٢٢ و هەروەها لە ڕۆژنامەی ڕەوت ژمارە..ی ساڵی ٢٠٢٢ بڵاو بۆتەوە.

# فریدریک جەیمسن

## ڕەخنەگری ئەدەبی مارکسیستی ئەمریکیی



(لە ئینگلیزییەوە)

فریـــدریک جەیمســـن، ڕەخنەگـــری ئەدەبـــی و فەیلەســـوف و بیرمەنـدی سیاسـی مارکسیسـتی ئەمریکیـی، لە ١٤ی نیسـانی ١٩٣٤ لە شـاری کلیڤلانـد لە ویلایەتـی ئۆهـایۆ لەدایکبـووە. ئەو زیـاتر بە شـیکارییەکانی بـۆ ڕەوتە کولتـوورییە هاوچەرخەکـان ناســراوە، بەتــایبەتی شــیکارییەکانی بــۆ پۆســتمۆدێرنیتە و ســەرمایەداری. گرنگتــرین کتێبەکــانی جەیمســن بــریتین لە پۆســتمۆدێرنیزم، یــان، لــۆژیکی کلتــووری ســەرمایەداریی پاشکەوتە (١٩٩١)و نائاگایی سیاسی (١٩٨١). فریدریک جەیمسن لە سـاڵی ١٩٥٠ لە قوتابخـانەی ئەهلـی هاوڕێیـانی مۆریس تـاون دەرچــووە. دوای ئەوەی لە ســاڵی ١٩٥٤ کــۆلێژی هــاڤەرفۆرد تەواو دەکات بۆ ماوەیەکی کورت گەشتێک دەکات بۆ ئەورووپا. ئینجـا لە زانکۆکـانی ئـایکس ئـێن پرۆڤـانس، میونشـن و بەرلـین خوێنـدوویەتی، لەوێ فێـری پێشـکەوتنە نوێیەکـانی فەلسـەفەی کیشوەری(١) بووە، لەنێویانـدا سـەرهەڵدانی بونیـادگەرایی. سـاڵی دواتـر گەڕاوەتەوە ئەمریکـا بـۆ بەدەستهێنانی بڕوانـامەی دکتـۆرا لە زانکــۆی ییــڵ، لەوێ لە ژێـــر دەســـتی ئەریـــک ئۆربـــاخ خوێنـدوویەتی. ئۆربـاخ دەیسـەلمێنێت کە کـاریگەری بەردەوامـی لەســەر بیرکردنەوەکـانی جەیمســن هەبـووە. ئەمەش پێشــتر لە تێـزی دکتـۆراکەی جەیمسـندا دیـار بـوو کە لە سـاڵی ١٩٦١ بە نـاوی (سـارتەر: بنەماکـانی شـێواز) بڵاوکـرایەوە. نیگەرانییەکـانی ئاوێرباخ ڕەگ و ڕیشەی لە ترادیسیۆنی فیلۆلۆژی ئەڵمانیدا بـوو؛ بەرهەمەکـانی لەسـەر مێژووی شـێواز ،فـۆڕمی ئەدەبییـان لەنـاو مێــژووی کۆمەڵایەتیــدا شــیکردەوە. جەیمســن پەیــڕەوی لەم هەنگـاوانەدا کـرد و تـاقیکردنەوەی لەسـەر شـیعر و مێـژوو و فیلۆلــۆژی و فەلســەفە لە بەرهەمەکــانی ژان پــۆل ســارتەردا

ئەنجامدا. نووسینەکانی جەیمسن جەختی لەسەر پەیوەندی نێوان شێوازی نووسین لەلایەک و هەڵوێستە سیاسی و ئەخلاقییەکانی فەلسەفەی بوونگەرایی سارتەر لەلایەکی تر بوو. لایەنە مارکسییە ناوبەناوەکانی کارەکانی سارتەر لەم کتێبەی جەیمسندا بە وردی خراونەتەڕوو؛ کەجەیمسن بەردەوام دوواتر دەگەڕایەوە سەریان. تیزی دکتۆراکەی جەیمسن، هەرچەندە سوودی لە ترادیسیۆنی درێژخایەنی شیکاری کلتووری ئەوروپی وەرگرتووە، بەڵام جیاوازییەکی بەرچاوی لەگەڵ ڕەوتە باوەکانی ئەکادیمیای ئینگلیزی-ئەمریکی هەبووە (کە ئەزموونگەرایی و پۆزەتیڤیزمی لۆژیکی بوون لە فەلسەفە و زمانەوانیدا، و فۆرماڵیزمی ڕەخنەیی نوێ لە ڕەخنەی ئەدەبیدا). سەرەڕای ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە لە نیوەی یەکەمی شەستەکاندا جەیمسن پۆستێکی وانەبێژی لە زانکۆی هارڤارد بەدەستبهێنێت. جەیمسن حەز و ئارەزووی بۆ سارتەر وایکرد لێکۆڵینەوەیەکی چڕ لە تیۆری ئەدەبی مارکسیستی بنووسێت. هەرچەندە کارل مارکس خەریک بوو ببێتە کاریگەرییەکی گرنگ لە زانستە کۆمەڵایەتییەکانی ئەمریکادا، بەشێکی لەڕێگەی کاریگەریی ئەو ژمارە زۆرە لە ڕۆشنبیری ئەوروپایی بوو کە لە جەنگی جیهانی دووەمدا پەنایان بۆ ئەمریکادا بردبوو، وەک تیۆدۆر ئادۆرنۆ. بەرهەمی ئەدەبی و ڕەخنەیی مارکسیستە ڕۆژئاواییەکان هێشتا لە کۆتاییەکانی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکاندا لە ئەکادیمیای ئەمریکادا تا ڕادەیەکی زۆر نەناسراو بوون.

وەرچەرخانی فریدریک جەیمسن بەرەو مارکسیزم بەهۆی زیادبوونی پەیوەندی سیاسییەوە بوو لەگەڵ چەپی نوێ و

بــزووتنەوە ئاشــتیخوازەکان و هەروەهــا شۆڕشــی کوبــا کە جەیمســـن وەک نیشـــانەیەک وەریگــرت کە "مارکســـیزم وەک بزووتنەوەیەکـی بەکـۆمەڵ و هێزێکـی بەرهەمهێـنەری کلتـووری زیندوو و بەکەڵک بووە". لێکۆڵینەوەکانی جەیمسن لەسەر تیۆری ڕەخنەگرانە بوو: بیرمەندانی کاریگەر بە قوتابخانەی فرانکفۆرت وەک کینـێس بێـرک، جـۆرج لوکـاش، ئێرنسـت بلـۆخ، تیـۆدۆر ئەدۆرنۆ، واڵتەر بنیامین، هێربێرت مارکوزە، لویس ئاڵتۆسەر و ســـارتەر، کە ڕەخـــنەی کلتوورییـــان وەک تایبەتمەنـــدییەکی دانەبــڕاوی تیــۆری مارکسیســتی دەبینــی. لە ســاڵی ١٩٦٩ دا، جەیمسن لەگەڵ ژمارەیەک لە خوێندکارانی دەرچووی زانکۆی کالیفۆرنیــا لە ســان دییگــۆ، گروپــی ئەدەبــی مارکسیســتییان دامەزراند. لە کاتێکدا ڕوانگەی مارکسیستی ئۆرثۆدۆکس بۆ ئایدۆلۆژیا پێیوابوو کە سەرخانی کلتووری بە تەواوی لەلایەن ژێرخانی ئابوورییەوە دیاری کراوە، مارکسیستەکانی ڕۆژئاوا بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە کلتووریان وەک دیاردەیەکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی شانبەشانی بەرهەمهێنان و دابەشکردنی ئابووری یــان پەیوەنــدییەکانی دەســەڵاتی سیاســی شــیکردەوە. ئەوان پێیانوابوو کە دەبێت کلتوور بە بەکارهێنانی چەمکی ڕەخنەی نــاوەکی هیگڵــی بخوێنــدرێتەوە، ئەو تیــۆرییەی کە وەســف و ڕەخنەی گونجاو لە دەقێکی فەلسەفی یان کلتووری دەبێت بە هەمــان ئەو زاراوانە ئەنجــام بــدرێت کە دەق خــۆی بەکــاری دەهێنێت، بۆ ئەوەی ناتەبایی ناوخۆییەکانی لە ئاست شێوازێک ڕێــگە بە پێشــکەوتنی فیکــری بــدات. مــارکس لە نووســینە سەرەتاییەکانیدا تیشکی خستۆتە سەر ڕەخنەی ناوەکی، کە لە

پەرەپێدانی فۆرمێکی نوێی بیرکردنەوەی دیالکتیکی کە لەلایەن هیگڵەوە سەرچاوەی گرتبوو، خۆ دەنوێنێت.

مێژوو ڕۆڵێکی سەرەکی گێڕا لە لێکدانەوەی جەیمسندا بۆ هەردوو خوێندنەوە (بەکارهێنان) و نووسین (بەرهەمهێنان)ی دەقە ئەدەبییەکان. جەیمسن پابەندبوونی تەواوەتی خۆی بە فەلسەفەی هیگڵی-مارکسیستی بە بڵاوکردنەوەی کتێبی نائاگایی سیاسی: گێڕانەوە وەک کردەیەکی کۆمەڵایەتی هێمادار دیاری کرد. نائاگایی سیاسی نەک خودی دەقی ئەدەبی وەک ئۆبجێکتی خۆی وەردەگرێت، بەڵکو ئەو چوارچێوە لێکدانەوەیانە وەردەگرێت کە ئێستا بەهۆیانەوە بنیات نراوە کە وەک مانیفێستێک بۆ چالاکیی نوێ سەبارەت بە گێڕانەوەی ئەدەبی سەرهەڵدەدات.

ئارگومێنتی کتێبەکە جەختی لەسەر مێژوو کردووەتەوە وەک "ئاسۆی بنەڕەتی" شیکاری ئەدەبی و کولتووری. تێڕوانینەکانی لە نەریتی پێکهاتەگەرایی و لە کارەکانی ڕیمۆند ویلیامز لە توێژینەوە کلتوورییەکاندا وەرگرتووە و وەک خاڵی سەرەکی شیکاری پەیوەندییان بە ڕوانگەیەکی تا ڕادەیەکی زۆر مارکسیستییەوە کردووە. خوێندنەوەکانی جەیمسن هەم هەڵبژاردەی فەرمی و بابەتیی ئاشکرای نووسەر و هەم چوارچێوەی نائاگایی کە ڕێنمایی ئەمانەیان دەکرد، قۆستەوە. ئەو هەڵبژاردنە هونەرییانەی کە بە شێوەیەکی ئاسایی بە زاراوەی تەنیا جوانیناسی سەیر دەکران، لە ڕووی پراکتیک و نۆرمەکانی ئەدەبی مێژووییەوە داڕێژرانەوە، لە هەوڵێکدا بۆ پەرەپێدانی لیستی بەسەرکردنەوەی سیستماتیکی ئەو

سنووردارکردنانەی کە بەسەر هونەرمەندندا سەپاندیان وەک بابەتێکی تاکەکەسی داهێنەر. بۆ زیاترکردنی ئەم مێتا شرۆڤەیە، جەیمسن ئایدیۆلۆجیمی،(٢) بەوە وەسف کرد، کە بچووکترین پاشماوەی خوێنەرەوەی ململانێی ژیانی ڕاستەقینە و بەردەوامە کە لە نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕوودەدەن. جەختکردنەوەی مێژوو لەلایەن جەیمسنەوە وەک تاکە هۆکاری پەیوەندیدار لەم شیکارییەدا، کە پۆلەکانی بەڕێوەبردنی بەرهەمهێنانی هونەری لە چوارچێوەی مێژوویی خۆیانەوە وەرگرتووە، لەگەڵ ئیدیعایەکی تیۆری بوێرانەدا جووت کرا. کتێبەکەی ئیدیعای دامەزراندنی ڕەخنەی ئەدەبی مارکسی دەکرد، کە سەنتەری لە چەمکی شێوازێکی هونەری بەرهەمهێناندا بوو، وەک چوارچێوەیەکی تیۆری هەموو شتێک لەخۆدەگرێت بۆ تێگەیشتن لە ئەدەب. بەپێی تێروانینی ڤینسێنت بی لیچ، بڵاوکردنەوەی کتێبی نائاگایی سیاسی جەیمسنی کردە پێشەنگی ڕەخنەگرانی ئەدەبی مارکسیستی لە ئەمریکا.

لە ساڵی ١٩٨٤دا ئەوکاتەی کە پرۆفیسۆری ئەدەب و مێژووی هۆشیاری بوو لە زانکۆی کالیفۆرنیا لە سانتا کروز، جەیمسن بابەتێکی بە ناوی "پۆستمۆدێرنیزم، یان، لۆژیکی کلتووری سەرمایەداریی پاشکەوتوو" لە گۆڤاری نیو لێفت ڕیڤیودا بڵاوکردەوە، کە مشتومڕێکی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا، کە دواتر جەیمسن ئەم بابەتەی فراوانتری کردەوە و کردی بە کتێب، بەشێک بوو لە زنجیرەیەک شیکارییەکانی پۆستمۆدێرنیزم لە ڕوانگەی دیالێکتیکییەوە کە جەیمسن لە کارەکانی پێشووی خۆیدا سەبارەت بە گێڕانەوە پەرەی پێدابوو. جەیمسن گومان بەرامبەر بە میتاگێڕانەوەکانی پۆستمۆدێرنی وەک میزاجێکی

ئەزمــوون ســەیر دەکــرد کە لە مەرجەکــانی کــاری فیکــرییەوە ســـــەرچاوەی گرتـــــووە کە لەلایەن شـــــێوازی بەرهەمهێنـــــانی ســـــــــــەرمایەداریی پاشـــــــــــکەوتووەوە ســـــــــــــەپێنراوە. پۆستمۆدێرنیستەکانیش بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە جیاوازی ئـالۆزی نێـوان "کایەکـان" یـان بوارەکـانی ژیـان (وەک سیاسـی، کـۆمەڵایەتی، کولتــووری، بازرگــانی) لە نێــوان چــین و تــوێژە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان و ڕۆڵەکانی نـاو هەر بوارێکدا، بەهـۆی قەیرانــی بنــاغەگەرایی و ڕێژەییکردنــی دەرئەنجــامی ئیــدیعای ڕاستییەکان بەسەریدا زاڵبوو. جەیمسـن خۆی دژی ئەمە بـوو و جەختـــــی لەوە کـــــــردەوە کە دەکرێـــــــت ئەم دیـــــــاردانە لە چوارچێــوەیەکی مۆدێرنیســـتیدا بە ســـەرکەوتوویی تێیـــبگەین ؛ شکسـتی پۆسـتمۆدێرن لە بەدەسـتهێنانی ئەم تێگەیشـتنە، واتـای پچڕانێکــی کتــوپڕ لە پـــالاوتنی دیـــالکتیکیی بیرکـــردنەوەدا. بە بۆچــوونی جەیمســـن، تێکەڵکردنــی هەمــوو گوتارەکــان لەلایەن پۆســـــتمۆدێرنیتەوە بـــۆ کـــۆیەکی جیـــانەکراوە، دەرئەنجـــامی کۆلـــۆنیکردنی کـــایەی کولتـــووری بـــوو، کە لە ســـــەردەمی مۆدێرنیستی پێشوودا لانیکەم ئۆتۆنۆمی بەشێکی پاراستبوو، کە تـــــازە لەلایەن کۆمپانیـــــا ســـــەرمایەدارەکانەوە ڕێکخـــــراوە. شـــیکارییەکانی ئـــادۆرنۆ و هۆرکهـــایمەریش بـــۆ پیشەســـازی کولتــوور، جەیمســـن لە باســـە ڕەخنەییەکـانی خۆیـدا لەبـارەی تەلارسازی، فیلم، گێڕانەوە و هـونەرە بینراوەکان و هەروەهـا لە کارە فەلسەفییەکانیدا بەوردی باسی ئەم دیاردەیەی کردووە.

دوو لە ناســـراوترین ئیـــدیعاکانی جەیمســـن لە پۆســـتمۆدێرنیزم ئەوەیە کە پۆستمۆدێرنیتە بە پاستیش(٣) و قەیـران لە مێژوویـی بوونـدا دیـاری دەکرێت. جەیمسـن دەیگـوت پـارۆدی بە پاسـتیش

جێی پڕکراوەتەوە. لەم پێوەندییەدا، جەیمسن ئاماژەی بەوەدا کە سەردەمی پۆست مۆدێرن بەدەست قەیرانێکەوە دەناڵێنێت لە مێژوویی بووندا کە پێناچێت هیچ پەیوەندییەکی ئۆرگانیکی لە نێوان ئەو مێژووەی ئەمریکا کە لە کتێبی قوتابخانەکانەوە فێری دەبین و لەگەڵ ژیانی ئەزموونکراوی نێو شارە فرنەتەوەیی و باڵەخانە بەرزەکان و قەیرانەکانی ئێستامان، لەمیانی ڕۆژنامەکان و ژیانی ڕۆژانەی خۆماندا، هەبێت. شیکارییەکانی جەیمسن بۆ پۆستمۆدێرنیزم تێکۆشا وەک زەمینەسازی مێژوویی سەیری بکرێت؛ بۆیە بە ڕوونی هەر دژایەتییەکی ئەخلاقی بۆ پۆستمۆدێرنیتەی وەک دیاردەیەکی کلتووری ڕەتکردەوە و بەردەوام بوو لە پێداگری لەسەر ڕەخنەیەکی ناوەکی هیگڵی کە بیر لە پەرەسەندنی کلتووری سەرمایەداریی پاشکەوتوو وەک کارەسات و پێشکەوتن هەموویان پێکەوە لە ڕووی دیالکتیکییەوە بکاتەوە. بەڵام ڕەتکردنەوەی جەیمسن لە سەرەتاوە بە سادەیی پۆستمۆدێرنیزم لە لایەن هەندێک لە ڕۆشنبیرانی مارکسیستەوە وەک پشتگیرییەکی ناڕاستەوخۆ بۆ بۆچوونەکانی پۆستمۆدێرن لێکدرایەوە.

نووسینەکانی پاشتری جەیمسن بریتین لە شوێنەوارناسی ئایندە کە تـوێژینەوەیەکی یۆتۆپیا و خەیاڵی زانستی لە کانوونی دووەمی ٢٠٠٥ لە زانکۆی مۆناش لە شاری مێلبۆرن لە ئوسترالیا دەستیپێکردووە و کتێبی تـوێژینەوە مۆدێرنیستەکان(٢٠٠٧) کە کۆمەڵە وتارێکە لەسەر مۆدێرنیزم کە مەبەست لێی هاوڕێیەتی کردنی کتێبی تیۆری مۆدێرنیتی تاک (٢٠٠٢) وەک کتێبی سەرچاوە. ئەم کتێبانە لەگەڵ کتێبی پۆستمۆدێرنیزم و دژایەتییەکانی ڕیالیزم (٢٠١٣)،بەشێک لە

لێکـۆڵینەوەیەکی بەردەوام بە نـاوی فـۆرمە کۆمەڵایەتییەکـانی شـیعرییەت پێکـدەهێنن، کە بە وتەی سـارا دانیـۆس هەوڵـدەدات "مێژوویەکی گشـتی فۆرمەکانی جوانیناسـی دەسـتەبەر دەکات و لە هەمـان کاتـدا هەوڵـی ئەوە دەدات نیشـانی بـدات کە چـۆن دەتوانرێـت ئەم مێـژووە هاوتەریـب لەگەڵ مێـژووی پێکهـاتە کـۆمەڵایەتی و ئابوورییەکـان بخـوێنرێتەوە. لە سـاڵی ٢٠١٠ەوە جەیمسـن بەنیـازە بەرگە پێشـتر بڵاوکراوەکـانی کتێبـی فـۆرمە کۆمەڵایەتییەکـانی شـیعرییەت بە لێکـۆڵینەوەیەک لە حیکـایەتی ڕەمزی بە ناوی مانای شاراوە: هارمۆنیاکانی حیکایەتی ڕەمـزی تەواو بکـات. کتێبـی دژایەتییەکـانی ڕیـالیزم خەڵاتـی ترومـان کاپۆتی ساڵی ٢٠١٤ی بۆ ڕەخنەی ئەدەبی بەدەستهێنا. جەیمسن شانبەشـــانی ئەم پـــڕۆژە بەردەوامە، لەم دواییـــانەدا ســـێ لێکۆڵینەوەی پەیوەندیـدار لە تیـۆری دیالێکتیکیـدا بڵاوکـردۆتەوە: ڤالێنســـەکانی دیالێکتیـــک (٢٠٠٩) کە وەڵامە ڕەخنەییەکـــانی جەیمســـن بـــۆ ســـلاڤۆ ژیـــژەک، جیلـــز دیلـــۆز و تیۆریســـتە هاوچەرخەکانی کانی دیکە لەخۆ دەگرێت؛ گۆڕانکارییەکانی هیگڵ ، شـــرۆڤەیەک لەســـەر دیاردەناســـیی ڕۆحـــی هیگـڵ؛ (٢٠١٠)و نوێنەرایەتیکردنی سەرمایە: خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی سـەرمایەی مارکس.بەرگی یەکەم (٢٠١١).

جەیمســـن کـــاریگەری هەبـــووە، لەســـەر تیـــۆریزەکردنی پۆســـتمۆدێرنیتە لە چـین. لە ناوەڕاسـتی سـاڵی ١٩٨٥، کەمێـک دوای دەســـتپێکردنی بـــزووتنەوەی ڕۆشـــنبیری و کولتـــووری (سەرەتای ١٩٨٥ تا چوارەمی حوزەیرانی ١٩٨٩) کە لە قۆناغێک لە مێژووی ڕۆشنبیری چینیدا کە بەشێکی بە گرنگیدانێکی چڕ بە تیـۆری ڕەخنەیـی ڕۆژئـاوایی، تیـۆری ئەدەبـی و دیسـیپلینەکانی

پەیوەندیدار تایبەتمەند بوو. جەیمسن لە وتارەکانی زانکۆی پەکین و زانکۆی شینژنی تازە دامەزراو، باسی بیرۆکەی پۆستمۆدێرنیزمی لە چین کرد. بیرۆکەکانی جەیمسن وەک لە زانکۆی پەکین پێشکەشکرا کاریگەرییان لەسەر هەندێک لە خوێندکاران هەبوو، لەوانە هەردوو ئەکادیمی ژانگ یو و ژانگ شودۆنگ، کە کارەکانیان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە شیکاری پۆستمۆدێرنیتە لە چین. لە ساڵی ١٩٨٧ جەیمسن کتێبێکی بە ناوی پۆستمۆدێرنیزم و تیۆرییە کلتوورییەکان بڵاوکردەوە، کە لەلایەن تانگ شیاوبینگەوە وەرگێڕدراوە بۆ زمانی چینی. هەرچەندە پەیوەندی ڕۆشنبیرانی چینی لەگەڵ پۆستمۆدێرنیزمدا تا ساڵانی نەوەدەکان بە جددی دەستی پێنەدەکرد، بەڵام پۆستمۆدێرنیزم و تیۆرییە کلتوورییەکان دەبوو ببنە دەقێکی سەرەکی لەو پەیوەندییەدا؛ وەک ئەکادیمیست وانگ نینگ دەنووسێت، کاریگەرییەکانی لەسەر بیرمەندانی چینی مەحاڵە زیادەڕەوی تێدا بکرێت. ڕەنگە بەشێک لە جەماوەرییەکەی دەگەڕێتەوە بەهۆی ئەو ڕاستیانەی کە بە شێوازێکی چڕ بەهۆی شێوازی نووسینی جەیمسنەوەنەنووسراوەتەوە، دەتوانرا دەقەکە بەکاربهێنرێت بۆ پشتگیریکردن لە یان ستایشکردن یان ڕەخنەگرتن لە بەیانی پۆستمۆدێرنیتەی چینی. لە لێکدانەوەی وانگ چاووادا بۆ ڕووداوەکان، کارەکانی جەیمسن زیاتر بۆ پشتگیریکردن لە ستایش بەکارهێنراون. ئەو مشتومڕەی کە جەیمسن و بە تایبەتی پۆستمۆدێرنیزم و تیۆرییە کولتوورییەکان لەسەر پۆستمۆدێرنیزم باوەشێنیان دەکرد، لە ساڵی ١٩٩٤ تا ١٩٩٧ لە چڕترین ئاستیدا بوو، کە لەلایەن ڕۆشنبیرانی چینییەوە چ لە ناوەوە و چ لە دەرەوە ئەنجامدرا؛

بەشدارییە گرنگە کە لە ژاو پێنگ لە لەندەن، شو بن و ژانگ شودۆنگ، کە لە ئەمریکا، کە ئەمەی دواییان دواتر لە ژێر دەستی جەیمسن وەک خوێندکاری دکتۆرا لە زانکۆی دوک خوێندبووی.

جەیمسن ژمارەیەک کتێبی گرنگی بڵاوکردەوە لەوانە:

(١)سارتەر: بنەماکانی شێواز. نیو هێڤن: چاپخانەی زانکۆی یێڵ. ١٩٦١.

(٢)مارکسیزم و فۆرم: تیۆرییە دیالکتیکییەکانی سەدەی بیستەمی ئەدەب. پرینستۆن: چاپخانەی زانکۆی پرینستۆن. ١٩٧١.

(٣)بەندیخانەی زمان: باسێکی ڕەخنەگرانە لە پێکهاتەگەرایی و فۆرماڵیزمی ڕووسی. پرینستۆن: چاپخانەی زانکۆی پرینستۆن. ١٩٧٢.

(٤)ئەفسانەی شەڕانگێزی: ویندهام لویس، مۆدێرنیست وەک فاشیست. بێرکلی: چاپخانەی زانکۆی کالیفۆرنیا. ١٩٧٩. دووبارە بڵاوکراوەتەوە: ٢٠٠٨ (ڤێرسۆ)

(٥)نائاگایی سیاسی: گێڕانەوە وەک کردەوەیەکی کۆمەڵایەتی هێمادار. ئیتاکا، نیویۆرک: چاپخانەی زانکۆی کۆرنێل. ١٩٨١.

(٦)پۆستمۆدێرنیزم و تیۆرییە کولتوورییەکانیتر. تانگ شیاوبینگ. شیان: چاپخانەی زانکۆی ئاسایی شانشی. ١٩٨٧.

(٧)ئایدۆلۆژیاکانی تیۆری. وتارەکانی ١٩٧١-١٩٨٦. بەرگی یەکەم. بارودۆخی تیۆری. مینیاپۆلیس: چاپخانەی زانکۆی مینیسوتا. ١٩٨٨.

(٨)ئایــدۆلۆژیاکانی تیــۆری. وتارەکــانی ١٩٧١-١٩٨٦. بەرگــی یەکەم. ڕستەســازی مێــژوو. مینیــاپۆلیس: چاپخــانەی زانکــۆی مینیسوتا. ١٩٨٨.

(٩)ناسـیۆنالیزم و کۆلۆنیـالیزم و ئەدەب. دێـری: ڕۆژی مەیـدان، ١٩٨٨. کۆمەڵێــک نــامیلکەی ڕۆژی مەیــدان لەلایەن فرێــدریک جەیمسن، تێری ئیگلتۆن و ئێدوارد سەید.

(١٠)مارکســـیزمی پاشـــکەوتوو: ئـــادۆرنۆ، یـــان، بەردەوامیـــی دیالێکتیک. لەندەن و نیویۆرک: ڤێرسۆ. ١٩٩٠.

(١١)واژۆی بینراوەکە. نیویۆرک و لەندەن: ڕۆتلێدج. ١٩٩٠.

(١٢)پۆســتمۆدێرنیزم، یـان، لـۆژیکی کولتـووری سـەرمایەداریی پاشکەوتوو. دورهام، ئێن سی: چاپخانەی زانکۆی دوک. ١٩٩١.

(١٣)جوانیناســی جیۆپــۆلەتیکی: ســینەما و فەزا لە سیســـتەمی جیهانیدا. بلومینگتۆن: چاپخانەی زانکۆی ئیندیانا. ١٩٩٢.

(١٤)تۆوی کات. وانەکانی کتێبخانەی ویلێک لە زانکۆی کالیفۆرنیا نیویۆرک: چاپخانەی زانکۆی کۆڵۆمبیا. ١٩٩٤.

(١٥)برێشـــت و میتـــۆد. لەنـــدەن و نیویـــۆرک: ڤێرســـۆ. ١٩٩٨. دووبارە بڵاوکراوەتەوە: ٢٠١١ (ڤێرسۆ)

(١٦)وەرچەرخانی کولتووری: نووسینە هەڵبژێردراوەکان لەسـەر پۆستمۆدێرن، ١٩٨٣-١٩٩٨. لەندەن و نیویۆرک: ڤێرسۆ. ١٩٩٨. دووبارە بڵاوکراوەتەوە: ٢٠٠٩ (ڤێرسۆ)

(١٧)ڕۆژنامەی جەیمسن ڕیدەر. ئێد. مایکل هاردت و کەتی ویکز. ئۆکسفۆرد: بلاکوێڵ. ٢٠٠٠.

(١٨)مـۆدێرنیتەیەکی تاکەکەسـی: وتارێـک لەسـەر ئۆنتۆلۆژیـای ئێستا. لەندەن و نیویۆرک ڤێرسۆ. ٢٠٠٢.

٩١٨)شوێنەوارەکانی داهاتوو: ئەو ئارەزووەی کە پێی دەوترێت یۆتۆپیـا و چیـرۆکە زانسـتییە خەیاڵییەکـانی تـر. لەنـدەن و نیویۆرک: ڤێرسۆ. ٢٠٠٥.

(١٩)تـوێژینەوە مۆدێرنیسـتەکان. لەنـدەن و نیویـۆرک ڤێرسـۆ. ٢٠٠٧.

(٢٠)جەیمسن لەسـەر جەیمسن: گفتوگۆکـان لەسـەر مارکسـیزمی کولتـووری. ئێـد. ئیـان بوکانـان. دورهـام، ئـێن سـی: چاپخـانەی زانکۆی دوک. ٢٠٠٧.

(٢١)ئایدۆلۆژیاکانی تیۆری. لەندەن و نیویـۆرک: ڤێرسـۆ. ٢٠٠٩. (چاپێکی یەک بەرگی، لەگەڵ وتارە زیادەکان)

(٢٢)ڤالێنسەکانی دیالێکتیک. لەندەن و نیویۆرک: ڤێرسۆ. ٢٠٠٩.

(٢٣)جۆرەکـانی هیگـڵ: لەسـەر دیاردەناسـیی ڕۆح. لەنـدەن و نیویۆرک: ڤێرسۆ. ٢٠١٠.

(٢٤)نـوێنەرایەتیکردنی 'پایتەخـت': خوێنـدنەوەیەک بـۆ بەرگـی یەکەم. لەندەن و نیویۆرک: ڤێرسۆ. ٢٠١١.

(٢٥)دژایەتییەکانی ڕیالیزم. لەندەن و نیویۆرک: ڤێرسۆ. ٢٠١٣.

(٢٦)پێشـینان و پۆسـتمۆدێرنەکان: لەسـەر مێژووییبـوونی فۆرمەکان. لەندەن و نیویۆرک: ڤێرسۆ. ٢٠١٥.

(٢٧)یۆتۆپیـای ئەمریکـی: دەسـەڵاتی دووانە و سـوپای گشـتگیر. ئێد. سلاڤۆج زیژێک. لەندەن و نیویۆرک: ڤێرسۆ. ٢٠١٦.

(٢٨)ڕیمۆنـد چانـدلەر: دۆزینەوەکـانی کـۆی گشـتی. لەنـدەن و نیویۆرک: ڤێرسۆ. ٢٠١٦.

(٢٩)حیکایەت و ئایدۆلۆژیا. لەندەن و نیویۆرک: ڤێرسۆ. ٢٠١٩.

(٣٠)فایلەکانی بنیامین. لەندەن و نیویۆرک: ڤێرسۆ. ٢٠٢٠.

لە سـاڵی ٢٠٠٨، جەیمسـن خەڵاتـی سـاڵانەی یـادەوەری نێـودەوڵەتی هـۆڵبێرگی پێبەخشـرا وەک ڕێزلێنانێـک بـۆ لێکۆڵینەوەکانی درێژخایەنی ژیانی پیشـەیی "لەبارەی پەیوەندی نێـوان پێکهـاتە کۆمەڵایەتییەکـان و فۆرمەکـانی کولتـووری". خەڵاتەکە کە بەهـای ٤.٦ ملیـۆن کـرۆن (نـزیکەی ٦٤٨ هەزار دۆلار) بـوو، لەلایەن تـۆرا ئاسـلاند، وەزیـری پەروەردە و تـوێژینەوەی نەرویـج، لە شـاری بێـرگن لە نەرویـج لە ٢٦ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٨ پێشکەش بە جەیمسن کرا. هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٩، جەیمسن خەڵاتی زانای بەرزی تاوەر سارجێنت تـاوەری لایمـان لەلایەن کـۆمەڵەی ئەمریکـای بـاکوور بـۆ لێکۆڵینەوەکانی یۆتۆپیا پێبەخشرا.

جەیمسـن لە ئێسـتادا لە ی نـوت شـمیت-نیلسـن پرۆفیسـۆری ئەدەبیاتی بەراوردکاری و توێژینەوەی ڕۆمانسی (فەرەنسی) و بەڕێـوەبەری سـەنتەری تیـۆری ڕەخنەیـی لە زانکـۆی دوکە. لە ساڵی ٢٠١٢ کۆمەڵەی زمانی مۆدێرن شەشەمین خەڵاتی خۆی بۆ دەستکەوتی زانستی تەواوی ژیانی بەخشییە جەیمسن.(٥)

## تێبینییەکان وەرگێڕ ئامادی کردوون:

(١) فەلسەفەی کیشوەری بریتییە لە کۆمەڵێ راو و بۆچوونی فەلسەفی کە لە سەدەی نۆزدەهەم و بیستەم لە کیشوەری ئەوروپا سەری هەڵدا. ئەم فەلسەفەیە ژمارەیەک قوتابخانە و ڕێبازی فەلسەفی لەخۆ دەگرێت لەوانە ئایدیالیزمی ئەڵمانی و دیاردەگەرایی و وجودی و تەئویلیی و بونیادگەرایی و پاش بونیادگەرایی، ئەمە جگە لە بیروباوەڕی فرۆید و مارکسیزمی ڕۆژئاوایی.


(٢) دەستەواژەی "ئایدیۆلۆجیم" بۆ یەکەمجار لەلایەن میخائیل بەختین و پاڤێل نیکۆلاڤیچ مێدڤێدێڤەوە لە بەرهەمەکانیاندا بەکارهێنرا کە بریتین لە میتۆدی فەرمی لە زانستی ئەدەبیدا و دواتر لەلایەن جولیا کریستیڤاوە پەرەی پێدرا کرا. ئایدیۆلۆجیم بچووکترین یەکەی قابیل بە تێگەیشتنی پێداویستی دژایەتی بەکۆمەڵی گوتاری چینە کۆمەڵایەتییەکانە.

(٣) پاستیش کۆلاج و فۆرمەکانی تری یەکترخستن بەبێ زەمینەسازی نۆرماتیڤ.

(٤) بارودی کە واتای حوکمێکی ئەخلاقی یان بەراوردکردن لەگەڵ نۆرمەکانی کۆمەڵایەتی.

(٥) ئەم نووسینەم لە ویکیپیدیاوە وەرگێڕاوە و لەزۆر جێگەدا ئەوەی بە پێویستیم نەزانیبێت و گرنگ نەبووبێت بۆ باسەکە فەرامۆشم کردووە.

# حوسێن ڕەحال و یادی سەد ساڵەی یەکەمین ڕۆژنامەی مارکسیستیی لە عێراق



(ئامادەکردن و وەرگێران لە عەرەبییەوە)

**٨ ی تەمموزی ٢٠٢٣**

دروســـتبوونی یەکەمـــین حەڵـــقەی مارکسیســـتی لە عێـــراق لە ژووریێکـــی مزگەوتـــی حەیـــدەرخانە لە بەغـــداد بەنـــاوی ژووری (ســـەید یـــان ســـەومەعە) لەلایەن ( حوســـێن ڕەحـــاڵ و مەحمـــوود ئەحمەد سەید و عەونی بەکر سدقی و مستەفا عەلـی و مـحەمەد سەلیم فەتاح و عەبدولا جەدوع و فازڵ محەمەد بەیاتی) پاشـان هەریەک لە (ئیبـراهیم قەزاز و کەمـال سـاڵح و مـحەمەد ئەحـمەد مودەریس و زەکی خەیری و ڕەشید مەتڵەگ و یوسف زەینەڵ) پییـــانەوە پەیوەســـتبوون، هەر بەتەنهـــا ڕووداوێکـــی ڕۆتـــین و کۆبوونەوەیەکی ئاسایی نەبوو، بەڵکوو سەرەتای سـەرهەڵدانی بزاوتێکی سیاسی سۆشیالیستی و مارکسیستی بوو لە عێراق، کە تـــا ئەوکـــات مێـــژووی عێـــراق شـــتی لەمجـــۆرەی بەخـــۆوە نەبینیبوو. هەر ئەم حەڵقە مارکسیستییە بوو لەهەوڵی ئەوەدابوو ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستی لە عێراق دابمەزرێنێت. ئەم حەلقەیە کە بەنـــاوکی بزاوتـــی مارکسیســـتی لە عێـــراق دێـــتە ئەژمـــار، لەدوای چەنـــدین یەکتـــر بینـــین و گفتوگـــۆی چـــڕ و لێکنزیبـــوونەوەی ئەندامەکانی، توانی کۆمەڵێک هەنگاوی عەمەلی گرنگ لەمێژووی بـــزووتنەوەی کرێکـــاری و کۆمۆنیســـتی لە عێراقـــدا بنێـــت کە تـــا ئێســـتاش جـــێگەی وانە لێوەفێربـــوون و ڕامـــانە. یەکێـــک لەو مەیـدانانە بـواری ڕۆژنـامەگەری بـوو کە ئەنـدامانی ئەو حەلـقە مارکسیستییە تا ئاستێکی باش توانیان ئەسپی خۆیانی تیا تـاو بـدەن. ئەنـدامانی ئەو حەلـقەیە دواتـر قاوەخـانەی ( ئەلنەقیـب) لە قەنبەرعەلـــی دەکەنە شـــوێنی یەکتـــر بینـــین و ئینجـــا بیـــر لە دەرکردنی ڕۆژنامەیەک دەکەنەوە بۆ ئەوەی بتوانن بیروبـاوەڕ و ئەو تێـڕوانینەی کە بـۆ ژیـان و کـۆمەڵگە هەیـانە لەڕێـگەی ئەو

بڵاوکراوەیەوە گوزارشتی لێوە بکەن و لەوێوە کاریگەری لەسەر کـۆمەڵگەی دواکەوتــووی ئەوکــاتی عێــراق دابنــێن. بــۆ ئەم مەبەسـتەش ڕۆژنـامەیەکی نیـوە مـانگیی( پـانزە ڕۆژ جارێک) لە ٢٨ ی کـانوونی یەکەمــی ســاڵی ١٩٢٤ بەنــاوی ( ســەحیفە)ەوە دەردەکەن و حوســـێن ڕەحـــاڵ (١٩٠٣ – ١٩٧١) کە ئەوکـــات قوتابی خوێندنی حقوق بوو لە بەغداد یەکەمین کەسیش بوو کە هەڵگـــری بیروبـــاوەڕی مارکســـیی بـــوو لە عێـــراق؛ وەک سەرنووسـەر و خـاوەن ئیمتیـاز بەڕێوەی دەبـات کە بابەتەکـانی دەربارەی کێشە کۆمەڵایەتی و ئابووری و فیکرییەکانی ئەوکـاتی عێـراق و هەروەهــا دژایەتــی دەرەبەگــایەتیش بــوو. بەمجــۆرە حوســێن ڕەحــاڵ بــوو بە یەکەمــین سەرنووســەری یەکەمــین بڵاوکراوەی مارکسیستی لە مێژووی ڕۆژنامەگەری مارکسیستی لە عێراق.


الصحيفة

أصلاننا الأخلاق

حوسێن ڕەحاڵ خاوەن ئەزموون و شارەزاییەکی باش بوو لەبواری فیکری مارکسیستی و سۆشیالیستیدا. ئەو یەکێک بوو لە کەسانەی کە زمانزان بوو و جگە لە زمانی عەرەبی، زمانەکانی ئینگلیزی و ئەڵمانی و فەرەنسی و تورکی و فارسیشی دەزانی. حوسێن سەردانی هیندستان و ئەڵمانیا کردبوو و ڕۆژنامەکانی ئەو وڵاتانەی دەخوێندەوە و دەیگەیاندە دەستی هاوڕێکانیشی یان وەک خۆی دەیوت (جەماعەتەکەی). ڕەحال هەڵسوڕاوێک بوو دەیویست بیروباوەڕی مارکسیزم لەسەر واقیعی عێراق پیادە بکات. ئەو دڵنیا بوو لە ڕاست و دروستی ئەو بیروباوەڕە شۆڕشگێرانەیە و بۆیە هەموو ژیانی خستە خزمەت ئەو ڕێبازەوە.

ڕەحال و جەماعەتەکەی ڕۆژنامەی ئەلسەحیفەیان دەرکرد کە شەش ژمارەی لێدەرچوو لەنێوان ساڵانی (١٩٢٤ – ١٩٢٧) بەئاشکرا و بێئەوەی بیروباوەڕی خۆیان بشارنەوە لە مەیدانی ڕۆژنامەگەری ئەو سەردەمەدا بۆچوونەکانیان لەسەر کێشە و بابەتە گرنگ و هەستیارەکانی ئەو قۆناغەی ژیانی عێراق دەردەبڕی و قورسایی تەبلیغاتیشیان لەسەر ڕەخنەگرتن بوو لە دەوڵەمەندان و لایەنگری هەژاران بوو و دەیویست لێرەوە هەژارانی عێراق بەرەو لای خۆیان ڕابکێشن. هەورەها گەلێ بابەتی فیکری شۆشیالیستییان لەو ڕۆژنامەیەدا دەهێنایە بەر باس کەئەمەش دژەکرداری ئیسلامییەکانی لێکەوتەوە و لە مینبەری مزگەوتەکانی بەغدادەوە کەوتنە تەشهیر بە ڕەحال و جەماعەتەکەی و بە بڵاوکردنەوەی کفر و ئیلحاد تاوانباریان کردن. ئەوەبوو ڕۆژنامەی ئەلسەحیفە دوای شەش ژمارە وەستێنرا و پاشان دوای دوو ساڵ جارێکی تر ڕۆژنامەکە

دەسـت بەکـار بـۆوە و ئەمجـارەش دوای تەنهـا دوو ژمـارە جـارێکی تـر لە ١٧ ی ئایـاری سـاڵی ١٩٢٧ وەسـتێنرایەوە. واتە ڕۆژنـامەی ئەلسـەحیفە لەهەمـوو تەمەنیـدا هەشـت ژمـارەی لـێ بڵاوکرایەوە. بەچاوگێڕانێک بە نووسـراوە مێژووییەکان حوسـێن ڕەحـال و ڕۆژنـامەی ئەلسـەحیفە لەڕوانـگەی ئەوەی تـا ئێسـتا مێژوو پێمان دەڵێت دەتوانین بەمجۆرە بیبینین:

یەک: ئەلسـەحیفە یەکەمـین ڕۆژنـامەی مارکسیسـتییە لە مێژووی بزاوتی ڕۆژنامەگەری سۆشیالیستی لە عێراق.

دوو: حوسێن ڕەحاڵ وەک هەڵسوڕاوێکی مارکسیسـتی یەکەمـین سـەرنووسـەری ئەو ڕۆژنامە مارکسیستییە.

سێ: بابەتەکانی ئەلسەحیفە ڕەخنەن لە ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی و برەودانن بە فیکری مارکسیسـتی و ڕەخنەن لە دەرەبەگایەتی و دوواکەوتوویی کۆمەڵگە لەسەرجەم بوارەکان.

چوار: یەکەمین ڕۆژنامە بوو لەلایەن هێز و لایەنە ئیسلامییەکانی ئەوکـاتی عێـراق کە بە بیـانووی کـوفر و ئیلحـاد لە دەرچـوون بوەستێنرێت.

پێنج: یەکەمین ڕۆژنامەیە کە مەسەلەی یەکسـانی ژنـان و پیـاوان وەک مەسـەلەیەکی ئینسانی بداتە بەر باس و گفتوگۆ.

شـەش: بەپـێچەوانەی سـەرجەم ڕۆژنـامە و بلاوکراوەکـانی ئەو سـەردەمەی عێـراق، ئەلسـەحیفە بەدوای بەدەسـتهێنانی پـارەوە نەبوو بەڵکو بەدوای گۆڕینی خەڵکەوە بوو.

حەوت: شیوازی نووسینی ڕەحال و جەماعەتەکەی، زەق نەبووە و بەڵکـو زانسـتییانە و ناڕاسـتەوخۆ بـووە. بـۆ نمـوونە لەبـری

ئەوەی بڵــێ مــن مارکســیم، وتــوویەتی بــڕوام بە ماتریــاڵیزمی مێژوویی هەیە بۆ شیکردنەوەی گۆڕانی کۆمەڵگە.

ئەمــڕۆ لە کاتێکــدا کە یــادی ســەد ســاڵەی ئەو ڕۆژنــامەیە و ڕۆژنامەنووسە مارکسیستە دەکەینەوە و لەدووتوێی لەپەڕەکانی دیرۆکەوە چەکە گوڵی ڕێز و وەفای پێشکەش دەکەین، هەر ئەم عێراقە بۆتە مەیدانی جموجۆڵی کۆنەپەرستترین بزووتنەوەی ئـــایینی، ئەو بـــزووتنەوە کۆنەپەرســـتەی کە ڕۆژنـــامەی ئەلســەحیفەی داخســت و ئێســتاش بۆیــان بلــوێ هەمــوو ئەو ڕۆژنامانە دادەخەن کە بۆنی پێشکەوتووخوازی و مارکسییەتی لێــوە بێــت. ئەو ئەرکەی کە لەســەر شــانی حوســێن ڕەحــاڵ و گروپەکەی و سەرجەم مارکسیستەکانی نێو دیرۆکی عێراق بوو، ئێســتاش هەمــان ئەرک لەســەر شــانی ئـێمەی مارکســیســتە بـۆ ئەوەی بتــوانین پاشەکشــە بەو بــزووتنەوە کۆنەخــوازە ئــایینییە بهێنین کە وەک شێرپەنجە دەمی ژەنیوەتە جەستەی بریندار و وەک پــایەیەکی بنچینەیــی ئەم کــۆمەڵگە چینــایەتییە مانــدووە و خەریکە بڕست لە ژیانمان دەبڕێت.

لەم یــادی ســەد ســاڵەیەی ڕۆژنــامەی ئەلســەحیفە؛ ســڵاو لە حوســێن ڕەحــاڵی ڕۆژنامەنووســی مارکسیســت، ســڵاو لە ڕۆژنــــامەی ئەلســــەحیفە، ســــڵاو لە هەمــــوو ئەو بــــزاوتە رۆژنامەگەرییە مارکسیستەی کە ئەمڕۆ لە سەرتاپای عێراق و کوردستان و جیهان خەریکی شەرێکی بەردەوامن دژ بە نیزامی سەرمایەداری و بۆرژوازی لەپێناو بەرگریکردن لە ئینسانییەت و بەهای ئینسان.

تێبینـــی: بــۆ نووســـینی ئەم بـــابەتە ســـوودم لەم ســـەرچاوانە وەرگرتووە.


١- د. عـامر حسـن الفيـاض، ملاحـق المـدى حسـين الرحـال و بـدايات الفكـر الآشتراكي في العراق ،

https://almadasupplements.com/view.php?cat=18968

٢- د. سـيف عـدنان القيسـي، حسـين الرحـال و الحركـة الاشـتراكية فـي العشرينات

https://almadasupplements.com/view.php?cat=18967

٣- نبيل عبدلامير الربيعي، حسين الرحال رائد الفكر الماركسي في العراق

https://www.riadinoureddine.com/2022/01/blog-post_785.html


٤- حنا بطاطو، الرحال و الدفاح عن قضايا المرآة

https://almadasupplements.com/view.php?cat=18973


تێبینی: ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی ڕەوت ژمارە ٢٥ ی ساڵی ٢٠٢٣ بڵاوبۆتەوە.

# سادق جەعفەر فەللاحی

## ڕابەرێکی خۆڕاگر و شۆڕشگێڕی چینی کرێکاری عێراق



(ئامادەکردن و وەرگێران لە عەرەبییەوە)

مێژووی خەباتی چینی کرێکاری عێراق، لەهەناوی خۆیدا گەلێ ڕابەری بەرجەستەی شۆڕشگێرانەی هێناوەتە دەرێ کە بە ئاوڕدانەوە لەو مێژووە و بە وردبوونەوە لە خەبات و تێکۆشانی ئەو ڕابەرانە دەتوانین گەلێ وانەی شۆڕشگێڕێتییان لێوە فێر بین. ئەو ڕابەرانە چ لەناو خێزان و کۆمەڵگە و چ لەناو کارگە و زیندان نموونەی خۆڕاگری و وزە و توانا و ورەی خەباتگێرانە بوون وەکو محەمەد ساڵح قەزاز و حوسێن ڕەحاڵ و عەلی شوکور و تالیب عەبدولجەبار و ئاراخاجادۆر و کازم ئەلدوجەیلی و حیکمەت کوتان و فەخری بەتروس و عەبدولقادر عەیاش و هادی عەلوان و تەها فایق و کەلیبان ساڵح و عەبدوللەتیف بەسیم و مەحەمەد غەزبان و جاسم یەحیا و عەلی غەزالی و حەنا شابا و کلیبان ساڵح و لەتیف کەشکۆڵ و هاشم عەلی موحسین و ئیبراهیم عەبدولجەبار و حوسێن عەلوان و سادق جەعفەر فەللاحی...تاد ، کە ئەمەی دواییان یەکێک بوو لەو ڕابەرە کرێکاری و شۆڕشگێڕ و خۆڕاگرانەی کە مێژوو دەست لەسەر سینگ بۆی دەوەستێت.

## سادق جەعفەر فەللاحی و بزووتنەوەی کرێکاری

نیوەی یەکەم و ناوەڕاستی سەدەی بیستەم لە عێراق؛ بزووتنەوەی کرێکارانی عێراق هێشتا ئەزموونی پێویستیان لەخەبات دژ بە ڕژێمی پاشایەتی عێراق و کۆلۆنیالیزمی ئینگلیز بەدەست نەهێنابوو، بەڵام توانیبووی لەسەر قاچەکانی خۆی بوەستێت. لەو قۆناغە کە سەرمایەداری تازە گەشەکردووی عێراق هەڵپەی قازانجی زیاتر و سەرمایەی پتر بوو، لەهەموو

جومگە ئابوورییەکان و ڕشتە جیاوازەکانەوە لەسەر حیسابی کار و ژیانی کرێکارانی عێراق و بیانیی خەریکی بەهێزکردنی خۆی بوو. هاوکات چینی کرێکاری عێراقیش تا دەهات پانوپۆڕتر و گەورەتر و فراوانتر و هەروەها بەهێزتر دەبوو. یەکێک لەو کادیرە مارکسیستانەی نێو بزووتنەوەی کرێکارانی عێراق (لە سەرەتای چلەکانی سەدەی ڕابردوودا سادق جەعفەر فەللاحی بوو، کادرێکی کرێکاریی شۆڕشگێڕ بوو لە نێو کرێکارانی کارگەی چنین لە شاری کازمییە، لەهەمان کاتیشدا سەر بە ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی عێراق بوو. سادق لە ڕابەرایەتیکردنی مانگرتنی کرێکارانی کارگەی چنین چالاک بوو و توانیبووشی ژمارەیەکی زۆر لە کرێکاران بۆ ڕیزەکانی حزب ڕابکێشێت.)(١) دیارە بە دڵنیاییەوە چاوی دەزگا جاسوسییەکانی ڕژێمی پاشایەتی لەسەر هەڵسوڕاوانی کرێکاریی بووە و هەربۆیەش لەو سەردەمەدا سادق تووشی هەراسانکردن و زیندانیکردن بوونەتەوە. سادق کرێکارێکی هۆشیار و تۆکمە و وەستای زیندان و ناوەندەکانی دەستبەسەرکردن بووە.

سادق جەعفەر فەللاحی کرێکارێکی هۆشیار و تۆکمە و خۆڕاگری نێو زیندان و ناوەندەکانی دەستبەسەرکردن بووە. سادق لە زیندانیشدا ڕابەرێکی چالاک بوو و بە ڕۆح و وزەی گەنجانەوە، پۆلی فێرکردنی کردبۆوە و وانەی مێژووی چینی کرێکاری عێراقی و عەرەبی و ئەنتەرناسیونالی دەوتەوە.)(٢) سادق لە ژێر ئەشکەنجە و ئازاردا نەک ورەی نەڕووخاوە، بەڵکو بە کاتێک لەگەڵ بەهادین نوری و هاوڕێکانیدا ئەشکەنجە دەدران بەڕووی جەلادەکان هەڵدەشاخان و دەیانوت (چارەنووستان هەر مردنە).(٣)

سادق جەعفەر فەللاحی وەک ڕابەرێکی کرێکاریی و مارکسیست هەمیشە دڵی لەگەڵ ژیان و خەباتی کرێکاران و بەرژەوەندییە چینایەتییەکانی کرێکاران بووە، بۆیە بەردەوام هەدای نەداوە و تێکۆشاوە تا کرێکاران ڕێک بخات و هۆشیاری سیاسی و چینایەتییان بەرێتە سەر. سادق جگە لەوەی ڕابەرایەتی مانگرتنی کرێکارانی کارگەی چنینی دەکرد، بەڵام ئەو هەمیشە وەک رابەرێکی سەرتاسەری کرێکاری دەجووڵایەوە و هەوڵی دەدا تەواوی بزووتنەوەی کرێکاری عێراق بەرەو ئاراستەی ڕزگاری بەرێت. کاتێکیش لەدوای ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی لە عێراق و دامەزراندنی کۆماری عێراق لە ١٤ ی تەمموزی ١٩٥٨، (دەستە و کۆڕ و کۆمەڵە کرێکارییەکان دامەزران و هەر هەموو ئەو دەستە و کۆڕ و کۆمەڵاتە مۆڵەتی فەرمییان پێدرا و لە ١١ ی تەمموزی ١٩٥٩ یەکەمین کۆنگرەی دامەزرێنەری یەکێتیی گشتی نەقابەکانی کرێکارانی کۆماری عێراق بە رابەری (سەرۆکایەتی) سادق جەعفەر فەللاحی بەسترا.)(٤) هەروەها یەکەمین کۆنگرەی یەکێتیی گشتی نەقابەکانی کرێکارانی کۆماری عێراق لە ٩ تا ١١ی شوباتی ١٩٦٠ بەسترا کە ٣٥٠ نوێنەر وەک نمایندەی ٣٠٥٠٠٠ کرێکار بەشدار بوون لەو کۆنگرەیە. هەروەها یەکێتیی گشتی نەقابەکانی کرێکارانی کۆماری عێراق لە ٣ ی شوباتی ١٩٦٠ دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەیەک بەناوی ( یەکێتی کرێکاران).(٥)

## سادق جەعفەر فەللاحی و کاری سیاسی

ســادق جەعــفەر فەللاحــی هەر لە نیــوەی دووەمــی دەیەی چلەکانەوە پەیوەست بووە بە حیزبی شیوعی عێراقەوە و وەک ئەندامێکی چالاک و کارا هەڵسوڕاوە. سادقیش وەک زۆرێک لە ڕابەران و هەڵســوڕاوانی کرێکــاریی عێــراق لەژێــر کــاریگەری سیاســی حیزبــی شــیوعی عێــراق بــووە و تێڕوانینەکــانی ئەو کاریگەرییەیان پێوە دیارە. سادق جەعفەر فەللاحی ئاماژە بەوە دەکات کە گرنگترین ئەرکەکانی کرێکارانی کۆمۆنیست بریتییە لە کۆکردنەوەی زۆرترین ژمارەی کرێکاران لە گردبوونەوەکان و چالاککردنیان بۆ دروستکردنی بزووتنەوەیەکی نەقابی کاریگەر کە جەماوەری کرێکاران بەرەوپێش ببات و نەقابەکان پاڵ بنێت بــۆ کــارکردن بە تونــدی لە بەرژەوەنــدی کرێکــاران و گۆشــەگیرکردنی ئەو جەســتە و تــوخمە لاوازانەی کە هەســت بە بەرپرسیارێتی خۆیان ناکەن بەرامبەر بە جەماوەری کرێکاران و بەرامــبەر بە ئەرکە ڕاســتەقینەکانی ســەندیکاکانیان. ســادق لە کۆبــوونەوە حیزبییەکانــدا قســەی دەکــرد و وتــاری دەدا و لە زیندانیشدا مامۆستای کرێکارانی زیندانیکراو بوو. سادق جەعفەر ئومێدی زۆری لەسەر حیزبی شیوعی هەڵچنیبوو. بەڵام (کاتێک حزبــی شــیوعی عێــراق لە ناوەڕاســتی ســاڵی ١٩٦٧ی زاییینیــدا دووچاری جیابوونەوە بوو و ڕێکخراوی زیندانەکان لایەنگری گروپی قیادەی مەرکەزییان کرد. عبدالقادر احمد العیتاني دەڵێت (لە کۆبوونەوەیەکی کادرانی حزبیدا کەمنیش لەو کۆبوونەوەیەدا ئامــادە بــووم، ســادق ڕێــک وتــی (مــن دژ بەم جیــابوونەوەیە دەوەستمەوە چونکە دڵم بەهۆی جیابوونەوەکانەوە خوێنی لێ

دەتكێت.)(٦) سادق تەنانەت بەر لەوەی ژیانئاوایی بكات، كتێبێكی بەناوی (ڕووداوەكانی سالآنی پشكۆ) بڵاوكردەوە.

## ئەنجام

سادق جەعفەر فەللاحی؛ وەک نموونەی ڕابەرێكی كرێكاری عێراق و ماركسیستێک و خۆراگرێكی نێو زیندانەكانی ڕژێمی عێراق لەهەردوو نیوەی یەكەم و دووەمی سەدەی بیستەم ڕۆڵی بەرچاوی بینیوە لە مێژووی ڕێكخستنی چینی كرێكارانی عێراق و لەهەمان كاتیشدا وەک هەڵسوڕاوێكی حیزبیی ( حیزبی شیوعی عێراق) تێكۆشاوە كرێكاران بە بیروباوەڕی حیزبەكەی ئاشنا بكات و ڕێكیان بخات.(٧) سادق جەعفەر فەللاحی بڕوای قوڵی بە ماركسیزم وەک زانستی ڕزگاریبەخشی چینی كرێكار هەبووە و هاوكات خەمی ئەوەی بوو كە ستەمی چینایەتی نەمێنێت و كرێكاران لە كۆیلەتی كاری كرێگرتە ڕزگاریان بێت. یادی ئەم ڕابەرە مەزنە سادق جەعفەر فەللاحی، ئەو كەسە چینایەتییە و تێكۆشەرەی كە تەمەنی خۆی بە ڕێگەی خەباتی شۆڕشگێڕانە و هۆشیاری چینایەتی كرێكاران بەخشی، هەمیشە زیندووە و ڕێگای ئەم تێكۆشەرە شۆڕشگێڕە هەر ئاوەدانە.

## پەراوێز و سەرچاوەکان:


١-عبدالقادر احمد العيتاني، من اعماق السجون نقره السلمان...قيود تحطمت، موقع الناس، ١٠-٥-٢٠١٤

٢- عبدالقادر احمد العيتاني، من اعماق السجون نقره السلمان...قيود تحطمت، موقع الناس، ١٠-٥-٢٠١٤


٣-عەبدولقادر ئەحمەد ئەلعیتانی دەگێڕێتەوە و دەڵێت( لەدەیەی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو، کاتێک بەهۆی ناپاکی هەندێ جاسوس و خۆفرۆشەوە دراوەتە سەر ماڵی حیزب (واتە ماڵی نهێنی حیزبی شیوعی عێراقی) لەلایەن دەگاکانی ئەمنەوە، ئەوکات لەوماڵە بەهادین نوری و سادق جەحفەر فەللاحی و باقر جەعفەر ژیاون، دەستگیر دەکرێن و دەنێردرێنە ئەمنی گشتی کە لەلایەن بەڕێوەبەری جەللادی ئەوکات ( بەهجەت ئەلعەتییە و جێگرەکەی نائل عیسا)ەوە سەرپەرشتی دەکرا، سزا و ئەشکەنجە دراون. دەوترێت ئەوان چەند ئەشکەنجەی توند و نائینسانییان داون، کەچی ئەم رابەرانە بەڕووی جەللادانەدا هەڵصاخاون و پێیان وتون چارەنووستان هەر مردنە.)


٤-محمد علي محيالدين، العمل النقابي في العراق، موقع الحوار المتمدن، ١٦-٧-٢٠٢٢

٥-فيصل الفؤادي المؤتمر الاول لاتحاد نقابات العمال ١٩٦٠ موقع طريق الشعب، ٢٩ی نیسانی ٢٠٢٣


وردکاری دەرەنجامی یەکەمین کۆنگرەی یەکێتیی گشتی نەقابەکانی کرێکارانی کۆماری عێراق کە لە ٩ی شوباتی ١٩٦٠ لە هۆڵی گەل لە بەغدا بەڕێوەچوو، بەمجۆرە بوو. عەلی شوکر بە سەرۆک و حسێن عەلوان وەک جێگر و ئارا خەجادۆر بە سکرتێری یەکێتی هەڵبژێردران، لە ئەندامەکانیدا سادق جەعفەر ئەلفەلاحی بۆ پەیوەندییەکان، عەبدولقادر بوو ئەیەش، کازم ئەلدوجەیلی، حیکمەت کوتان، تەها فایق، کەلیبان ساڵح، و عەبدوللەتیف

بەسیم جگە لە محمد غەدبان و... جاسم یەحیا.دواتر دوو ڕۆژ کۆمەڵێک بڕیار لەلایەن کۆنفرانسەوە دەرکرا، لەوانە هەموارکردنەوەی یاسای کار لە کۆماری عێراق و فراوانکردن و گشتاندنی بیمەی بەکۆمەڵ بۆ سەرجەم کرێکارانی عێراق.

٦- عبدالقادر احمد العيتاني، من اعماق السجون نقره السلمان...قيود تحطمت، موقع الناس، ١٠-٥-٢٠١٤

٧-دیارە سادق جەعفەر فەللاحی و زۆرێکی لە هەڵسوڕاوە کرێکارییەکانی ئەو سەردەمە پێیان وابووە کە حیزبی شیوعی عێراقی حیزبێکی مارکسیستییە و تاکتیک و ستراتیژی ئەو حیزبە لەخزمەت چینی کرێکاری عێراق دایە. بەڵام بەداخەوە مێژوو سەلماندی هەم ئەو ڕابەر و هەڵسوڕاوانە هەڵە و خۆشباوەڕ بوون و هەمیش چینی کرێکارانی عێراق باجی ئەو ناحاڵیبوون و خۆشباوەڕییان زۆر بە قوورسی داوە.

تێبینی: ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی ڕەوت ژمارە ٢٧ ی ساڵی ٢٠٢٣ بڵاوبۆتەوە.

## لوسی ئی.پارسنس (١٨٥٣ - ١٩٤٢)

سەدەیەک لە بوون و حەفتا ساڵ لە تێکۆشان



(ئامادەکردن و وەرگێران لە ئینگلیزییەوە)

بـۆ مـاوەی نزیـک بە حەفتـا سـاڵ، لوسـی پارسـنس بەوپەڕی جیدییەتەوە دژە بە سیستەمی ئابووری سەرمایەداران تێکۆشا لەپێناو بەدەستهێنانی مافەکانی هەژاران و بێبەشانی کۆمەڵگەی ئەمریکی. هەڵسوڕانە ڕادیکاڵەکانی لوسی دژ بە ڕەگەزپەرستی و هەڵاواردنـی جنسـی بـوون لەسـەردەمێکدا کە ئەمـریکییە ڕادیکاڵەکانیش پێیان وابوو شوێنی ژن ماڵەوەیە.

لوسی پارسنس وتاربێژ و نووسەر و ڕێکخەر لەساڵی ١٨٥٣ لە تێکساس لە ئەمریکا لە سەردەمی شەڕی ئەهلـی لەدایـک و بـاوکێکی کـۆیلە لەدایـک بـووە.(١) لەسـاڵی ١٨٧٠ بە ئەلبێـرت پارسـن ئاشـنا دەبێـت و هەر زوو دوای ئەو ئاشـنابوونە هاوسەرگیری دەکەن. هاوسەرگیرییەکەیان بە فەرمی ناناسرێت لەبەر ئەوەی بەپێـی یاسـای ڕەگەزە جیاوازەکـانی ئەوکـاتی ئەمریکا نەدەکرا پیاوێکی سپیپێستی ئازاد و ژنێکی ڕەشپێستی خاوەن باکگراوندی کۆیلە هاوسەرگیری بکەن.

دوای ماوەیەکی کەم لە هاوسەرگیرییە بەفەرمی نەناسراوەکەی لوسـی و ئەلبێـرت، ئەم دوو هاوسـەرە دەسـتیان کـرد بە داکۆکیکردن لە مافی دەنگدان بۆ کۆیلە ئازادکراوەکان. لوسی و ئەلبێرت دژی قەدەغەکردنی هاوسەرگیری ڕەگەزە جیاوازەکان لە ئەمریکا وەستانەوە و بۆ ئەم مەبەستەش بڵاوکراوەیەکیان دژ بە سەرمایەدارییان لە ویلایەتی تەکساس بەڕێوەبرد. ساڵی ١٨٧٢ ویلایەتی تەکساس یاسای جیم کرۆی دەرکرد، (١) بۆیە ئەم دوو هاوسـەرە بەهـۆی هەڵسـوڕانی سیاسـی و بـاوەڕی کۆمۆنیستییان کەوتنە بەر هەڕەشەی کوشتن و تەنانەت تەقەش لە ئەلبێـرت کـرا و برینـدار کـرا، بـۆیە ناچـاربوون ویلایەتـی

تێکساس جێبهێڵن و له ساڵی ١٨٧٣ له شاری شیکاگۆ بگیرسێنەوە.

له شاری شیکاگۆ لوسی بوو بە هەڵسوڕاوێک کە ڕابەرایەتیکردنی زۆرێک لە مانگرتن و ناڕەزایەتییە کرێکارییەکانی دەکرد. ئەمەش سەرەتای شکڵگیری یان هاتنەئاراوەی سەندیکاکان بوو کە ژنانی ڕەشپێستیشیان لەخۆگرتبوو. بەڵام لوسی پارسنس لەم ماوەیەدا بوو بەدیارترین ژنی ڕەسپێست لە شیکاگۆ. لوسی و ئەلبێرت بەنووسین بەشدارییان لە ڕۆژنامە کرێکاریی، سەندیکایی و سۆسیالیستییەکانی ئەمریکا دەکرد. دوای دەیەیەک گیرسانەوەیان لە شیکاگۆ، ڕۆژنامەی ئەنارکیستییان دامەزراند بە ناوی (زە ئەلارم). (٣) لوسی وەک نووسەر و ئەلبێرتیش وەک سەرنووسەر ڕۆڵی گرنگیان تیا گێڕا، نەک تەنها لە ڕۆژنامەی زە ئەلارم؛ بەڵکوو لە ڕۆژنامەی (زە سۆشیالیست) (٤)یش دەیاننووسی و هەروەها هەردووکیان لە ڕیزەکانی پارتی سۆسیالیستی کرێکاریدا ئەندام بوون کە لە ساڵی ١٨٧٦ دامەزرا بوو. ژیانی هاوسەرگیری ئەم دوو هەڵسوڕاوە بە شێوەیەکی ناوازە بە تێڕوانینی دژە سەرمایەداری و دواتریش سۆسیالیزم و کۆمۆنیزمەوە بەسترابووەوە.

لوسی و ئەلبێرت بڕیاریاندا بەشداری لەو بۆنانەدا بکەن کە بە ئاشووبەکەی هەیمارکێت ناسراون. سەرەتا ئەم چالاکییە بۆ پشتگیریکردن بوو لە کرێکارانی مانگرتووی کۆمپانیای مەککۆرمیک هارڤێست وۆرک لە شیکاگۆ. کرێکارەکانی کۆمپانیای مەککۆرمیک هارڤێست وۆرک لە ٣ی ئایاری ١٨٨٦

دەستیان دایە مانگرتن و بۆ خواستی هەشت سەعات کار لە ڕۆژێکدا. بۆ سەرکوتی ئەم مانگرتنە،بەشی پۆلیسی شیکاگۆ ڕەوانەی گۆڕەپانی هەیمارکێت کرا و دۆخەکە ئاڵۆز بوو و خۆپیشاندەرانی ئاشتیانە بە شێوەیەکی دڕندانە تەقە لە خۆپێشاندەرانی ئاشتییانەی کرێکاران کرا. بۆ ڕۆژی پاشتی زیاتر ٤ی ئایاری ١٨٨٦ زیاتر لە ٢٠٠٠ کرێکار و هاووڵاتی و خانەوادەکانیان لە گۆڕەپانی هەیمارکێت بە تووڕەییەوە کۆبوونەوە. لە میانی چالاکییەکی دەسەڵات و سەرمایەداران؛ بۆمبێک لەناو خەڵکەکەدا تەقییەوە و بەهۆیەوە حەوت ئەفسەری پۆلیسی شیکاگۆ و چەند تەماشاکەرێک کوژران و ژمارەیەکی زۆریش بریندار بوون. هەر دەم و دەست دوای ڕووداوەکە، حکومەتی سەرمایەداران پێنج کەسیان تۆمەتبار کرد بەو تاوانە کە ئەلبێرتی هاوژینی لوسی پارسنس یەکێک دەبێت لەو پێنج کەسە.



لە ١١ی تشرینی دووەمی ١٨٨٧دا، ئەلبێرت پارسنس و سێ پیاوی دیکە سزایان بەسەردا سەپێندرا و لە زیندانی ویلایەتی جۆلیەت ئیعدام کران. بە درێژایی ئەم کارەساتە، لوسی پارسنس نەک هەر بێدەنگ نەبوو، بەڵکوو وەک هەڵسوڕاوێک

درێـژەی بە کارەکانیـدا. لە کاتێکـدا ئەلبێـرت لە زینـدانی کـوک کاونتی بـوو، لوسـی بڵاوکراوەکـانی دەفرۆشـت بـۆ کۆکردنەوەی پـارە بـۆ بەرگـری یاسـایی لە هـاوژینەکەی. لوسـی هەرچەنـدە سەرکەوتوو نەبوو لە ئازادکردنی ئەلبێرتی هاوسەری لە زیندان، بەڵام دوای ئیعـــدامی هـــاوژینەکەی کتێبـــی لێبـــووردنی ئەنارکیســتەکان و پێـداچوونەوەی وردبینــانە لە پەشـێوییەکانی هەیمارکێـت بڵاوکـردەوە، کە لە ئێسـتادا لە کتێبخـانەی کتێـب و دەستنووسە دەگمەنەکان پارێزراوە. کتێبی ( ئازادی، یەکسـانی و هاوپشـتی) کە کۆمەڵی نووسـین و وتـاری لوسـی پارسنسـە کە لەنێوان ساڵانی ١٨٧٨ – ١٩٣٧ نووسراوە.

لوسـی لە ٢١ی کـانوونی یەکەمـی سـاڵی ١٨٨٦دا لە وتارێکیـدا بەناوی من ئەنارکیستم دەڵێت(من ئەنارکیستم. پێم وایە زۆرێک لە ئێوە هاتوون بۆ ئێرە، بۆ ئەوەی بزانن ئەنارکیستی ڕاستەقینە و زیندوو چۆنە. پێم وایە هەندێکتان چاوەڕێی ئەوەتان دەکرد کە بە دەســتێک بۆمبێــک و بە دەســتەکەی تــرەوە مەشــخەڵێکی بڵێسەدار ببینن، بەڵام بێهیوا بوون لە بینینی هیچ کامیان. ئەگەر بیرکردنەوەتـان سـەبارەت بە ئەنارکیسـتێک بەم شـێوەیە بـووە، ئەوا شایەنی ئەوەن بێهیوا بن. ئەنارکیستەکان مرۆڤی ئاشتیخواز و پابەندی یاسان.)(٥)

تێـرا هــانتەر پرۆفیســۆر لە زانکــۆی پرینســتن دەڵێت(لوســی و بنەمــاڵەکەی کاریگەرییــان لەســەر فرواوانتربــوونەوەی خەبــاتی ڕەشپێستەکان هەبووە،)یـان جـۆن جـاکلن دەنووسێت(پێ بە پێ لەگەڵ چـوونە سـەری نـاو و ناوبـانگی لوسـی پارسـۆنس وەک ژنێکـی دژبەیەک مـایەوە، نەک تەنهـا لەسـەر بنەمـای شوناسـی

رادیکاڵبوون، بەڵکو وەک هەڵسوڕاوێکی ژنیش. بەپێی گوتەی جۆنز، وتارە ئاگرینەکانی لوسی جگە لە وتاری خانمانە هیچی تر نەبوون. هەر بۆیە پۆلیسی شاری شیکاگۆ لوسی بە "مەترسیدارتر لە هەزار یاخیبوو" ناوزەد دەکات.

دواجار پێداگری لوسی لەسەر باوەڕەکانی و هەروەها توونـدبوون لەسەر ئەو باوەڕانە وای کردبوو لەلایەن هەوادارانییەوە خۆشەویستییەکی زۆری هەبێت. لوسی دەڵێت (زۆرم پێخۆشە ئەو مەقسەڵەیەم بەدەست بێت کە سەری بارۆنە دزەکانی سەرمایەدارانی دەقرتێنێ.)

لوسی پارسنیس لە ٧ ی ئازاری ساڵی ١٩٤٢ لە ئەڤەندەیڵ لە شاری شیکاگۆ بۆ هەمیشە چاوەکانی لێک دەنێت و جیهانی پڕ لە ستەم و چەوسانەوەی چینایەتی جێدەهێڵێت بۆ هەمیشە لە نێو دڵی مێژووی خەباتی چیانەتی کرێکاران دژ بە سەرمایەداران بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

تێبینییەکان:

(١)لەهەندێک سەرچاوە ساڵی لەدایک بوونی لوسی ١٨٥٣ و هەندێک سەرچاوەی تریش پێیان وایە ١٨٥١ ساڵی لەدایک بوونییەتی. بۆیە من لێرە بۆ ساڵی لەدایک بوونی لوسی پشت بە زانیارییەکانی ڕێکخراوی کرێکارانی پیشەسازی جیهان دەبەستم و ساڵی ١٨٥٣ ب ساڵی لەداک بوونی لوسی دادەنێم.

(٢)یاساکانی جیم کرۆ؛ یاسای ویلایەت و ناوخۆیی بوون کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە

باشووری ئەمریکا هاتنە ئاراوە و جیاکاری ڕەگەزییان جێبەجێ دەکرد، "جیم کرۆ" زاراوەیەکی سووکایەتیپێکردنە بۆ ئەمریکییەکی ئەفریقایی. ئەم جۆرە یاسایانە تا ساڵی ١٩٦٥ کاری پێدەکرا.

(٣)ڕۆژنامەی زە ئەلارم؛ وەک ڕۆژنامەیەکی ئەنارشیستی ژمارە یەکی لە چواری تشرینی یەکەمی ساڵی ١٨٨٤ لە ویلایەتی شیکاگۆ وەک زمانحاڵی هەفتانەی کۆمەڵەی نێونەتەوەیی کرێکاران، بڵاوکراوەتەوە. سەرنووسەری ڕۆژنامەکە ئەلبێرت پارسنس بوو.زە ئەلەرم یەکێک بوو لەو هەشت ڕۆژنامانەی کە پەیوەستبوونی خۆیان بۆ کۆمەڵەی نێونەتەوەیی کرێکاران ڕاگەیاند و هەروەها تاکە ڕۆژنامەش بووە کە بەزمانی ئینگلیزی دەرچووە.

(٤) ڕۆژنامەی زە سۆسیالیست؛ هەفتەنامەیەکی سۆشیالیستی بوو لە شیکاگۆ کە ژمارە ١ ی لە ١٤ی ئەیلوولی ساڵی ١٨٧٨ بڵاوبۆتەوە و دوا ژمارەشی ژمارە ٤٩ لە ١٦ ی ئابی ١٨٧٩ دەرچووە.

(٥)لەڕوانگەی مارکسیزمەوە جیاوازییەک هەیە لەنێوان ئەنارکسیتەکان و کۆمۆنیستەکان. هەردوو ئەم ڕەوتە هەڵسوڕاوی نێوجەرگەی خەباتی چینایەتی و بزووتنەوەی کرێکارین، بەڵام بە دوو ئاسۆ و تێڕوانینی سیاسی چینایەتی جیاوازەوە هەڵدەسوڕێن.

سەرچاوەکان:

https://en.wikipedia.org/wiki/Lucy_Parsons

https://www.library.illinois.edu/rbx/2019/02/28/lucy-e-parsons/

https://archive.iww.org/history/biography/LucyParsons/1/

تێبینی: ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی ڕەوت ژمارە ٢٩ ی ساڵی ٢٠٢٤ بڵاوبۆتەوە.

# ڕۆزا پارکس (١٩١٣ - ٢٠٠٥)

## هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکان ئەمەریکا



(ئامادەکردن و وەرگێران لە ئینگلیزییەوە)

تێڕامان له چیرۆکی ژیان و خەباتی سیاسی و مەدەنیی (ڕۆزا پارکس)، ئەو ژنە ڕەش پێستەی کە هەموو ژیانی تەرخان کرد لەپێناو مافە مەدەنییەکانی خەڵکی ڕەشپێستی ستەملێکراو لە ئەمەریکا، لەپێناو گەیشتن بە ئازادی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی، جێگای سەرنج و بایەخە. یانزە ساڵ بەر لە داننان بە مافەکانی مرۆڤی ڕەشپێست لە شاری مۆنتگۆمۆری ئەمەریکا، (١) واتە ڕێک لە ساڵی ١٩٤٤دا، ڕۆزا لویس مەککاوڵی پارکس وەک نوێنەری(کۆمەڵەی نیشتمانی بۆ پێشخستنی ڕەنگی پێست)(٢)لێکۆڵینەوەی لە کەیسی ژنێک دەکرد بە ناوی ڕیسی تایلەر(٣). ژنێک کە لەلایەن شەش پیاوی سپیپێستەوە دووچاری دەستدرێژی سێکسی ببووەوە. بەهۆی یاسا جیاکاری ئەمەریکا ، بۆ ڕۆزا ئاسان نەبوو کە دادگای ویلایەتی ئالاباما ڕازی بکات بەوەی کە تەنانەت یەک پیاوی سپیپێستیش تاوانبارە. بەڵام ڕۆزا بەردەوام بوو و داوای لە دادگا کرد کە بەرگری لە دۆسییەی ڕیسی تایلەر بکات. بۆ ئەمەش میدیاکانی پڕ کرد لە گەواهی و بەڵگە و لە بەشی باشووری ئالاباماش خەڵکی هاندەدا و پڕ جۆش و خرۆشی دەکردن بۆ نارەزایەتی دەربڕین دژ بەو سیاسەتە دژە ئینسانییە. دادگای ئالاباماش هیچ کام لە پیاوە دەستدرێژکەرەکانی ئەو دۆسییەی وەک تاوانبار نەناسی.

ڕۆزا پارکس بە درێژایی ژیانی دژ بە توندوتیژی وەستاوەتەوە و هەوڵیداوە بۆ بەرقەرابوونی دادپەروەی کۆمەڵایەتی، گەرچی بە تەواوبوونی ژیانی خۆشی بێت. ڕۆزا پارکس لە چواری شوباتی ساڵی ١٩١٣ لە خێزانێکی لادێیی ئالاباما لە دایک بووە و لەگەڵ دایک و نەنک و باپیرەی ژیاوە. بۆ ڕۆزای ژن و ڕەشپێست؛ دەرەوەی ماڵ واتە لەناو کۆمەڵگەی لێوڕێژ لە

توندوتیژی و ترسی دەستدرێژی کە سێبەری خستۆبووە سەر ژیانی ئەو و تەواوی ژنانی ڕەشپێست. ڕۆزا لە تەمەنی نۆزدە ساڵی هاوسەرگیری لەگەڵ ڕەیمن پارکس کرد کە پیشەی سەرتاش بوو. ڕەیمن یەکەم کاری ئەوە بوو ڕۆزا وەکو هەڵسوڕاوێک بپارێزێت. ساڵی ١٩٤٣ ڕۆزاش بە خەباتی کۆمەڵەی نیشتمانی بۆ پێشخستنی ڕەنگی پێست، پەیوەست بوو کە تا ئەو کات تەنها یەک ژنی تیا بوو ئەویش جانی ڕێبێککا بوو. (٤) دواتر ڕۆزا بوو بە سکرتێری ئەو ڕێکخراوە. ڕۆزا بەڕۆژ خەریکی کاری دوورمان بوو تا یارمەتی دایک و هاوژینەکەی بدات و بەشەویش خەریکی لێکۆڵینەوە لە دۆکیومێنت و دۆسییەی ژمارەیەک لە مافە مەدەنییەکان بوو، هەر لە ڕووداوە سادەکانی ڕۆژانەوە تا دەگاتە بەرزترین کردەی کوشتن و تاوانی ڕقلێبوونەوە، ڕۆزا کاری ڕێکخراوەکەی بەڕێکوپێکی ئەنجام دەدا و یارمەتی گەنجانی دەدا تا سیستەمی دژە ئینسانی هەلاواردن یان جیاکاری نێوان سپی و ڕەشپێست ببینین. ڕۆزا لەو ڕێکخراوەدا گەلێ بواری تێکۆشانی فراوانتر کردەوە و کەوتە وتاردان لەسەر توندوتیژی و کوشتن بەتایبەتیش کوشتنی ئیمەت تیڵ.(٥) هەرچەندە ڕۆزا پارکس هەرگیز ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی ئەمریکا نەبووە، بەڵام لەگەڵ هاوژینەکەیدا بەشداری کۆبوونەوەکانی ئەو حیزبەی دەکرد. دۆسیەی بەناوبانگی گەنجانی سکۆتسبۆرۆ لەلایەن پارتی کۆمۆنیستی ئەمریکاوە خرایە بەردەم تێکۆشەرانی مافە مەدەنییەکانی ئەمەریکا.(٦)

ساڵی ١٩٥٥ لەشاری مۆنتگۆمێری ڕۆزا پارکس ڕەتی کردووەوە ئەو کورسییەی کە لەناو پاسی هاتووچۆ تەرخانکرابوو بۆ

سپیپێستەکان و لەسەری دانیشتبوو، چۆڵ بکات. بەم هۆیەوە دەیگرن و ئازاری دەەن و دەیخەنە زیندانەوە. لە زیندان هەڵسوڕاوان و پارێزەرانی مافی مرۆڤ وەکو مارتین لوسەر کینگ و ئێدگار نیکسن (٧)سەردانیان دەکرد و نەخشەیان دانا کە پاسەکانی هاتووچۆ بۆ ماوەی ٢٤ سەعات مان بگرن. ئەوە بوو مانیان گرت و ئیتر داوایان کرد مانگرتنەکە درێژە بکێشێت و ئەوەبوو ٣٨١ ڕۆژ درێژەی کێشا. (٨)ڕۆزا و هەڵسوڕاوانی تر بڕیاریاندا ئەم مانگرتنە بکەنە جووڵانەوەیەکی سەرتاسەری ئەمەریکا. سەرەنجام ئەم مانگرتنە بووە هۆی ئەوەی دادگای فیدراڵی لە ساڵی ١٩٥٦ بڕیار لەسەر ئەوە بدات کە چیتر جیاکاری لە شوێنی دانیشت بەپێی ڕەنگی پێست نەکرێت و یاسای هەڵاواردنی ڕەنگی پێست لەناو پاسی هاتووچۆ و شوێنەگشتییەکان نەمێنێت.



ئەم سەرکەوتنە بووە هۆی ئەوەی کە ڕۆزا پارکس دەیانجار هەڕەشەی کوشتنی لێبکرێت و ئیتر لەبەر ناوناوبانگی سیاسی خۆی هیچ ئیشێکیان لە ئالاباما نەدایێ و ناچار لە ساڵی

١٩٥٧ڕووی کردە شاری دیترۆید لە ویلایەتی میشیگن تا وەکو کرێکارێکی دوورمان ئیش بکات. لەوێش بێکار بوو تا لەلایەن ئەندام پەرلەمان جان کۆنیەرس ئیشێکی پێدرا. (٩) ڕۆزا لە چل ساڵی کۆتایی تەمەنیدا دژی نابەرابەری و توندتیژی و نادادپەروەری جەنگا و هەروەها ژمارەیەک کتێبی نووسی و کەوتە گەڕان بەسەرراسەری وڵاتی ئەمەریکا وتاری دەدا و پشتیوانی چالاکوانانی تری دەکرد و چەندین دەزگای ڕۆشنبیری دامەزراند بۆ گەنجان.(١٠)

ئەمڕۆ ڕۆزا پارکس وەکو ڕووخسارێکی ڕادیکاڵ کە دژ بە بەهێزترین خەڵکانێک و دژ بە یاساگەلێک جەنگاوە، دەمێنێتەوە. ساڵی ٢٠٠٤ ڕۆزا پارکس تووشی نەخۆشی بیرچوونەوە بوو، ئەو نەخۆشییەی کە لانیکەم لە ساڵی ٢٠٠٢ەوە بەدەستییەوە دەیناڵاند. دواجار ڕۆزا پارکس لە ٢٤ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٥، لە تەمەنی ٩٢ ساڵیدا لە شوقەکەی خۆی لە شاری دیترۆیت گیان لەدەست دەدات و بۆ هەمیشە چاو لێک دەنێت. بۆ مردنی ڕۆزا پارکس چەندین ڕێوڕەسمی یادکردنەوە بەڕێوەچوو، لەنێویاندا، کە دانانی تەرمی بەشکۆی لە پایتەختی ئەمەریکا لە واشنتۆن، کە نزیک بە پەنجا هەزار کەس هاتبوون بۆ ماڵئاواییکردن لە ئەو ژنە هەڵسوڕاوە لەخۆبووردەیەی کە مێژووی ئەمەریکا لەئاست ناو و چالاکییەکانی دەست لەسەر سینگ ڕاوەستاوە و ڕادەوەستێت.

## تێبینییەکان ئامادەکار و وەرگێڕ ئامادەی کردوون:

(١) مافەکــانی مرۆڤــی ڕەشپێســت لە شــاری مۆنتگــۆمێری لە ویـلایەتە یەکگرتووەکـانی ئەمریکـا لەدەیەی پەنجاکـانی سـەدەی ڕابـردوو هـاتە بواری سـەلماندن و جێبەجێکردنەوە، ئەمەیش لە ئەنجامی ڕەتکردنەوەی ڕۆزا پارکس لە چۆڵکردنی کورسـی نێو پــاس کە شــوێنی تــایبەت بــوو بە سپیپێســتەکان. ڕۆزا دوای دەســـــتگیرکردنی و بـــــایکۆتی پاســـــەکانی ئەو ویـــــلایەتە. دەسـەڵاتدارانی جیاکـاری ئەمەریکـا ناچـار بوون لە سـاڵی ١٩٥٥ مـافە مەدەنییەکـانی ڕەشپێسـتەکان وەکـو سپیپێسـتەکان دیـاری بکەن.

(٢) کـۆمەڵەی نیشـتمانی بـۆ پێشخسـتنی ڕەنگـی پێسـت، وەک کـۆنترین و گەورەتـرین ڕێخـراوی مافەکـانی مەدەنـی لەسـاڵی ١٩٠٩ لە شــاری نیویـۆرک لەلایەن هەڵسـوڕاوانی سپیپێســت و ڕەشپێســـــتەوە دامەزرا، وەک وەڵامێـــک بـــۆ توونـــدوتیژییە بەردەوامەکـان دژ بە ڕەشپێسـتە ئەمەریکییەکـان لە سـەرانسـەری وڵاتــــدا. ڕۆزا پــــارکس لە ســــاڵی ١٩٤٣ وەک هەڵســــوڕاوێک پەیوەسـت بـووە بەو ڕێکخـراوەوە. شـایانی وتـنە لە سـەردەمی مـافە مەدەنییەکـان لە سـاڵانی ١٩٥٠ و ١٩٦٠دا، ئەم ڕێکخـراوە سـەرکەوتنی گەورەی یاسـایی بەدەسـتهێنا و ئەمـڕۆش زیـاتر لە ٢٢٠٠ لق و نزیکەی نیو ملیۆن ئەندامی لە سەرانسـەری جیهانـدا هەیە.

(٣) ڕیسـی تـایلەر(١٩١٩ – ٢٠١٧)؛ ژنێکی ڕەشپێسـت بـوو کە لە سـێی ئەیلـوولی سـاڵی ١٩٤٤ لە ویلایەتـی ئالاباما کاتێـک لە باڵەخــانەی کڵێســایەک دێــتە دەرەوە لەلایەن شــەش پیــاوی

سپیپێستەوە دەڕفرێنرێت و دەستدرێژی سێکی دەکرێتە سەر. دۆسییەی تایلەر بەهۆی هەوڵەکانی ڕۆزا پارکس دەنگی دایەوە و کێشەی ڕەشپێستەکانی لە ئەمەریکا بردە ئاستێکی ترەوە. پەرلەمانی ئالاباما لەساڵی ٢٠١١ بەناوی ویلایەتی ئالاباماوە داوای لێبووردنی لە ڕۆزا پارکس لێکرد.

(٤) جانی ڕێبێککا دانیاڵ (١٩١١ – ٢٠٠٨) جۆنی کار وەک خەڵکی ویلایەتی ئالاباما و هەڵسوڕاوی مافە مەدەنییەکان، بەشداریکی چالاک بوو لە بایکۆتی پاسەکانی شاری مۆنتگۆمێری. جانی سەرسام بوو بە وتارەکانی مارتین لوسەر کینگ و لەهەمان کاتیشدا لەگەڵ دانیال نیکسن لە بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکان چالاک بووە.

(٥) ئیمەت لویس تیڵ (١٩٤١ – ١٩٥٥) کەنجێکی ڕەشپێستی ئەمەریکی بوو کە لەساڵی ١٩٥٥ لە شاری میسیسیپی ڕفێندرا و ئەشکەنجە درا و دواتریش بەدارێکەوە خنکێنرا لەسەر ئەوەی گوایە ژنێکی سپیپیستی لە دکانی بەقاڵییەکەی تووڕە کردووە. دڕندەیی کوشتنی ئەم گەنجە سەرنجی گۆمەڵگەی ئەمەریکا و بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکان ڕاکێشا کە ئیمەت بووە ئایکۆنی بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکان لە ئەمەریکا.

(٦) گەنجانی سکۆتستبۆڕۆ یان کوڕانی سکۆتسبۆرۆ، نۆ هەرزەکاری ئەفریقایی ئەمەریکی بوون کە تۆمەتبار کران بە دەستدرێژیکردنە سەر دوو ژنی سپیپێست لە ساڵی ١٩٣١دا. دۆسییە یاساییەکانی ئەم ڕووداوە ئاماژەیان بە ڕەگەزپەرستی و مافی دادگاییکردنی دادپەروەرانە دەکرد. دۆسییەکان بریتی بوون لە هەڵواسین بەدارەوە(ئیعدام) پێش ئەوەی تۆمەتبارەکان

تاوانەکانیــان لەســەر ســاغ ببێــتەوە، دەســتەی دادوەرانــیش خوازیـاری دادگـاییکردنی بەپەلە بـوون. بەگشـتی ئەم دۆسـییەیە وەک نموونەی نـادادپەروەرییەکی یاسـایی لە سیسـتەمی یاسـایی ئەمەریکادا ئاماژەی پێدەکرێت.

(٧) ماتین لوسەر کینگ(١٩٢٩ - ١٩٦٨) و دانیال نیکسن(١٨٩٩ – ١٩٨٧)دوو فیگەر و سەرکردەی بزووتنەوەی مـافە مەدەنییەکـانی ئەمەریکـا و هـاوڕێی ڕۆزا بـوون کە جـوانترین ڕۆڵیـان گێـڕا لە مێژووی خەباتی ڕەشپێستەکان لەپێناو مافە ئینسانییەکانیان.

(٨) بایکۆتی پاسەکانی شاری مۆنتگۆمێری نـاڕەزایەتییەکی مـافە مەدەنییەکــان بــوو کە لەم مــاوەیەدا ئەمەریکیــیە ئەفریقییەکــان ڕەتیــانکردەوە ســواری پــاس بــن لە شــاری مۆنتگــۆمێری لە ویلایەتی ئالاباما بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین دژ بە جیاکاری شـوێنی دانیشتن. بایکۆتەکە لە پێنجی کانوونی دووەمـی ١٩٥٥ تـا بیسـتی کـانوونی دووەمـی ١٩٥٦ ئەنجامـدرا و وەک یەکەم خۆپیشـاندانی بەرفراوانی ئەمریکا لە دژی جیاکاری دادەنرێت. چوار ڕۆژ پێش دەستپێکردنی بایکۆت، ڕۆزا پارکس، ژنێکی ئەمەریکی ئەفریقایی، بەهـۆی ئەوەی ڕەتیکـردەوە کورسـی پاســەکە چـۆڵ بکـات بـۆ پیــاوێکی سـپی پێسـت، دەسـتگیرکرا و غەرامەکـرا. لە کۆتاییـدا دادگای باڵای ئەمەریکا بڕیاریدا سیسـتەمی پاسـەکانی هـاتوچۆی شــاری مۆنتگـۆمێری یەکبخـات و یەکێـک لە سـەرکردەکانی ئەم بایکۆتە مەزنەش گەنجێک بوو بە نـاوی مـارتن لـوتێر کینـگ ، کە وەک سـەرکردەیەکی دیـار لە بـزووتنەوەی مـافە مەدەنییەکـانی ئەمەریکا دەرکەوت.

(٩) جان كۆنیەرز (١٩٢٩ – ٢٠١٩) سیاسەتمەدارێكی ئەمەریكی سەر بە حیزبی دیموكرات بوو كە لە ساڵی ١٩٦٥ تا ٢٠١٧ وەك نوێنەری ئەمەریكا لە ویلایەتی میشیگان كاری كردووە، كۆنیەرز ئەندامی كۆنگرێس بووە و ماوە درێژترین ئەندامی كۆنگرێسی ئەمەریكی ئەفریقایی بووە لە مێژوودا.

(١٠) ڕۆزا پاركس نزیك بە دە كتێبی نووسیوە و لەسەر نووسراوە. ئەمە جگە لە ژمارەیەكی زۆر لە وتاری ئێرتیجالی و نووسین كە سەرپاكیان دەربارەی مافەكانی ئینسانی ڕەشپێست و ئایندەی ژیان بوون لەكۆمەڵگەی ئەمەریكیدا. هەروەها گەلێ جێگا و شوێنی گشتی بەناوەوە كراوە و ئیستاش ئەو پاسەی كە ڕۆزای لەسەر زیندانی كرا لە مۆزەخانەی هێنری فۆرد لە ویلایەتی میشیگن، پارێزراوە.

لەنووسینی ئەم بابەتە سوودم لەم سەرچاوانەی خوارەوە وەرگرتووە:

(١)ژیانی شاراوەی خاتوو ڕۆزا پارکس نووسینی: ڕیشی د. ڕیچاردسن

https://ed.ted.com/lessons/the-hidden-life-of-rosa-parks-riche-d-richardson

(٢)ژیاننامەی خاتوو ڕۆزا پارکس

https://www.biography.com/activists/rosa-parks

(٣)مێژووی بایکۆتی پاسەکانی شاری مۆنتگۆمێری

https://www.history.com/topics/black-history/montgomery-bus-boycott

(٤)چۆن مێژوو چیرۆکی ڕۆزا پارکسی بەهەڵە وەرگرت؟ ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆست نووسینی جینا زۆهاریس یەکی کانوونی یەکەمی ٢٠١٥

https://www.washingtonpost.com/posteverything/wp/2015/12/01/how-history-got-the-rosa-parks-story-wrong/

تێبینی: ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی ڕەوت ژمارە ٣٣ ی ساڵی ٢٠٢٤،بڵاوبووەتەوە.

# نامەی ئەنتوان چیخۆف بۆ مەکسیم گۆرکی



(لەئینگلیزییەوە)

چیخۆف لەم نامەیەی بۆ نووسەری لە دڵدا پەسەند، نووسەری لاو مەکسیم گۆرکی هەم ستایشی دەکات و هەم ڕەخنەی لێدەگریت. ئەلێکسی پیێشکۆڤ ئەو کەسەی ناوی مەکسیم گۆرکی وەک دەمارگرێکی سیاسی بەسەردا دابڕا ( گۆرکی لە زمانی ڕووسی یانی تاڵ) بوو بە ڕوخسارێکی دیار و سەرەکی لە بزووتنەوەی سۆشیال دیموکراتی ڕوسیا کە چەندین جار لە پێناو بیروباوەڕەکەی ئازاری چەشتووە. هاوڕێیەتی نێوان ئەم دوو نووسەرە بە ماوەیەکی زۆر کورت دوای ئەم نامەیە چەکەرەی کرد کاتێ تزار نیکۆلای دووەم گۆرکی لە کارەکەی دووردەخاتەوە، چیخۆف وەک نارەزایەتییەک مان لە کارەکەی دەگرێت. چیخۆف سەبارەت بە کاریزمای کەسێتی گۆرکی وتی " ڕۆژێک دێت خەڵک کارەکانی گۆرکی لە یاد بکەن، بەڵام خودی خۆی زەحمەتە بۆ هەزاران ساڵیش لەیاد بکرێت."

**بۆ ئالێکسی پیێشکۆڤ (مەکسیم گۆرکی)**

یەڵتا

٣ ی کانوونی یەکەمی ١٨٩٨

*ئازیزم ئالێسکی مەکسیمۆڤیچ،*

*چێژێکی زۆرم لە دوا نامەت بینی. لە ناخی دڵمەوە سوپاست دەکەم. شانۆنامەی "مامەڤانیا"م زۆر لەمێژە نووسیوە. خۆم*

لەسەر شانۆ نەمبینیوە، بەڵام لە چەند ساڵی ڕابردوودا زۆرجار لەسەر شانۆکانی دەرەوەی پایتەخت هاتۆتە نمایشکردن، لەوانەیە ئەویش لەبەر ئەوە بێ خستبوومە نێو کتێبی کۆمەڵە شانۆنامەیەکمەوە. هەست بە کەمتەرخەمی دەکەم سەبارەت بە شانۆنامەکانم و ماوەیەکی زۆریشە موتابەعەی شانۆ ناکەم. هیچ ئارەزوویەکم بۆ نووسینی شانۆ نەماوە. تۆ لێم دەپرسی ڕاو بۆچوونم چییە سەبارەت بە چیرۆکەکانت؟ ڕا و بۆچوونم چی بێت؟ بەهرەی تۆ گومان هەڵناگرێ، سەرەڕای ئەوەش بەهرەیەکی ڕەسەن و پێش گەیشتووە. بە هێزێکی لەئەندازەبەدەرەوە خۆی نمایش دەکات، بۆ نموونە، چیرۆکەکەتم بە دڵە" لە پێدەشتدا" لەڕاستیدا هەستم بە ئیرەیی کرد کە من ئەو چیرۆکەم نەنووسیوە. تۆ کەسێکی هونەرمەند و ڕۆشنبیریت. تۆ توانای هەستکردنی باشت هەیە. تۆ سێ ڕەهەندیت بۆ نموونە کە وەسفی شتێک دەکەیت، شتەکە دەبینرێت و بە دەست دەگیرێت. ئەمە لەڕادەبەدەر هونەرە. ئەوە ڕاو و بۆچوونمە و خۆشحاڵم کە توانیم بۆچوونەکەمت پێبڵێم. دووبارەی دەکەمەوە کە زۆر خۆشحاڵم و ئەگەر یەکتر بناسین و بۆ ماوەی یەک دوو سەعات قسە بکەین ئەوسا دڵنیا دەبووی کە چ ڕێزێکت لێ دەگرم و چ ئومێدێکم لەسەر بەهرەکەت هەڵچنیوە.

ئەی ئێستا لەسەر کەموکورییەکانت (خەوشەکان)بدوێم؟ ئەمەش هەروا ئاسان نییە. قسەکردن لەسەر خەوشەکانی داهێنەرێک وەک قسەکردن وایە لەسەر خەوشەکانی دارێکی بەرز کە لە باخێکدا ڕووا بێت. کێشەکە خودی دارەکە نییە، بەڵکو لە چێژی ئەو کەسەیە کە تەماشای دارەکە دەکات. وایە یان نا؟ من بەوە دەست پێدەکەم دەڵێم بەڕای من تۆ هەژاری لە

دان بەخۆداگرتنـدا. تـۆ وەک تەماشـاکەرێکی نـاو هـۆڵی شـانۆی وای کە خۆشـییەکانی بە دان بە خـۆداگرتنێکی کەم دەردەبڕێـت کە خـۆی و خەڵکـانی تـریش لە گـوێگرتن بێـبەش دەکـات. ئەم هەژاری دان بەخـــۆداگرتنە بەڵگەیەکـــی تـــایبەتە لە سروشـــتی وەسفکردندا کە تـۆ بـۆ لەبەریەکترازانـی دایەلۆگەکانـت بەکـاری دەهێنـی. کاتێک دەیان خـوێنمەوە – وەسفەکانم مەبەستە- حەز دەکەم کـورتتر بـن، سفتوسـۆڵتر بـن، دوو سـێ دێـر درێژتـر نەبـن.زوو ئامـاژەکردن بە سسـتی و خـاوی، پرتەوبـۆڵەکردن، فەخـــفەخە و حەزکـــردن کـــواڵیتی زیـــادەڕۆیی دەبەخشـــنە وەسفەکانت و وشک و ناخۆشـی دەکەن هـانی خـوێنەر نـادەن و دەبـنە هـۆی بێـزاری. هەر هەمـان دان بەخـۆدانەگرتن بەڵـگەیە لەســەر وەسـفەکانت بـۆ ژنـان وەک لە چیرۆکەکـانی ( ماڵقـا و لەســەر کەڵەک) و دیـمەنە خۆشەویسـتییەکان بەرچـاو دەکەون. ئەوە نە ڕاماڵینی جوانییە و نە پڕکێشکردنی فلچە پیاهێنـانە. ئەوە زۆر بە ســـــادەیی هەژاری دانبەخــــۆداگرتنە. پاشـــــان زۆر بەکارهێنانی ئەو وشانەی کە سەر بە جۆری نووسینی تۆ نین، وەک ئەو وشــانەی جـۆرە مۆسـیقا و هارمۆنییەکیـان هەیە کە بێـــــزارکەرن. تـــــۆ زۆر بە کەمـــــی لەگەڵ شــــــەپۆلەکان دەدوێی.لەوەسـفی کەســە ڕۆشـنبیرەکان هەسـت بە گــرژی و جۆرێـــک لە ئاگـــاداری دەکەم. ئەمەش لە هەژاری چـــاودێری ڕۆشنبیریی پێویستەوە سەرچاوەی نەگرتووە، تۆ ئەوانە دەزانی، بەڵکـو تـۆ بە دروسـت نـازانی لە چ گۆشـەیەکەوە لێیـان نزیـک ببیتەوە.

تەمەنت چەنـدە؟ نـازانم. نـازانم خەڵکـی کوێیت و تـۆ کێـی؟ بەڵام هەست دەکەم تـا گەنجی بۆ ماوەی دوو یان سێ ساڵ شـاری

*نیژنی جیّ بێڵی و شان بدەیتە بەر ئەدەب و جیهانی ئەدەب نەک بۆ فێربوونی تەنافبازی لە ئێمەوە و ببیت بە پرۆفیشناڵی ڕاستەقینە، بەڵکو بۆ غەرقبوونی تەواوەتی خۆت لە ئەدەب و بۆ خۆشەویستی ئەدەب بژێیت. سەرباری ئەمەش، خەڵک لە شارەکان زووتر پیر دەبن. کۆرۆلێنکۆ، پۆتاپێنکۆ، مامین، ئێرتێل هەموو کەسانی باشن. ڕەنگە لە سەرەتادا تۆزێک بۆت وەڕس بن، بەڵام لە ماوەی ساڵێک یان دووان کە دەست و پەنجەت لەگەڵیانا نەرم کرد، ئەوکات بەهای شیاوی خۆیان هەست پێدەکەی، هەروەها هاوڕێکانیشیان زۆر لەوە زیاترن کە خەریکی جوانترکردنی ڕوخساری نارەحەتی و ناخۆشییەکانی ژیان بن لە پایتەخت.*

*ئەڕۆم بۆ فەرمانگەی پۆست،دڵخۆش و ئاسوودە بە، دەستت دەگووشم، جارێکیتر سوپاسی نامەکەت دەکەم.*

***دڵسۆزت***

**ئەنتوان چیخۆف**

سەرچاوە:

1- Letters from Anton Chekhov Translated by Michael Henry Heim. New York "Harper Row (1973)

The American reader site


http://theamericanreader.com/3-december-1898-anton-chekhov-to-maxim-gorky/

تێبینی: ئەم نامەیە لە نسێی هەفتەنامەی زاری کرمانجی ژمارە ١٤١ ی ساڵی ٢٠١٥ بڵاوبۆتەوە.

# نامەی جان ستێنبێکی ڕۆمانووسی

# ئەمریکیی بۆ کوڕەکەی

## سەبارەت بە خۆشەویستی



(لەئینگلیزییەوە)

له تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٥٨ جان ستێنبێک نامەیەکی له کوڕە گەورەکەی (تۆماس)ەوە بەدەست دەگات که له بەشی ناوخۆی قوتابخانه(قسم داخلی) دەژیا. تۆماس لەگەڵ کچێکی گەنج بەناوی سوزان خۆشەویستی له نێوانیاندا دروست دەبێت. ستێنبێک هەر هەمان ڕۆژ به نامەیەکی زۆر جوانی پڕ له ئامۆژگاری وەڵامی نامەکەی تۆماسی کوڕی دەداتەوە.

**دەقی نامەکەی ستێنبێک**

*ئازیزم تۆماس*

*ئەم بەیانییە نامەکەتمان به دەست گەیشت، من له گۆشەنیگای خۆمەوە و ئیلیەنیش بێگومان له گۆشەنیگای خۆیەوە وەڵام دەدەینەوە.*

*یەکەم: ئەگەر کەسێکت خۆش دەوێ - که بێگومان شتێکی باشه - ئەمە باشترین شتێکه که له هەر کەسێک ڕوو بدات. مەهێڵه هیچ کەسێک لەبایەخی کەم بکاتەوە یان دەستی تێوەر بدات.*

*دووەم: خۆشەویستی چەند جۆرێکی هەیە. یەکێکیان خۆویستییە. ئەمەش مانای چاوبرسی و خۆپەرستییە که خۆشەویستی بۆ خۆبەزلزانین بەکار دەهێنێت. ئەم جۆرە له خۆشەویستی ناشرین و ئیفلیجە. ئەویتریان هەموو شتێکی باشت تیادا هەڵدەقوڵێنێ – له چاکی و دڵ ڕاگرتنی خەڵک و ڕێز - ئەویش نەک تەنها شێوازی ڕێزی کۆمەڵایەتی بەڵکو ڕێزێکی قووڵتر که لەلایەن خەڵکی ترەوە وەک بەهادار و بێهاوتا*

بناسرێت. جۆری یەکەمیان وەڕس و بچووک و لاوازت دەکات، بەڵام دووەمیان لە ناختدا توانا و ئازایەتی و چاکی و تەنانەت ژیریت تیا دەتەقێنێتەوە کە پشتر هەر نەتدەزانی کە ئەو توانایانەت هەن. تۆ دەڵێی ئەم خۆشەویستییە خۆشەویستییەکی هەرزەیی نییە. ئەگەر بە قووڵی هەستی پێبکەی بە دڵنیاییەوە خۆشەویستییەکی هەرزەیی نییە. بەڵام پێموانییە پرسیاری ئەوەم لێبکەی کە هەست بە چی دەکەی. خۆت لە هەموو کەسێکیتر باشتر دەزانی. بەڵام تۆ دەتویست یارمەتیت بدەم لەوەی کە چی بکەی. منیش دەتوانم پێت بڵێم. تاکە شتێک کە جێی شانازی بێت ئەوەیە زۆر خۆشحاڵ و سوپاسگوزار بە بۆی. مەبەست لە خۆشەویستی باشترین و زۆرترین جوانییە. هەوڵبدە بۆ ئەوە بژیت. ئەگەر کەسێکت خۆش دەوێت - هیچ گرفتێکی تێدا نییە گەر وا بوترێ - تەنها پێویستە لە یادت نەچێت کە هەندێ کەس هەن زۆر شەرمنن و هەندێ کات ئەوەی دەیڵێن بەناچار شەرمنییەکەیان بەرەو دڵڕاگرتنی خەڵک دەگۆڕێت. کچان ڕێگای خۆیان هەیە لە زانین و هەستکردن بەوەی کە هەست بە چی دەکەیت. بەڵام هەمیشەش حەز دەکەن گوێ بیستی بن. هەندێجار ڕوودەدات بەوەی ئەوەی تۆ هەستی پێ دەکەیت بە هەر هۆیەک بێت نایەتەوە ڕێت، بەڵام ئەمە هەستەکەت بێکەڵک و بێبەها ناکات. دواخاڵیش دەزانم هەست بە چی دەکەیت چونکە منیش ئەو هەستەم هەیە و خۆشحاڵم تۆش هەمان هەستت هەیە. خۆشحاڵ دەبین سوزان ببینین، پێشوازی گەرمی دەکەین، بەڵام ئیلیانە ئەو یەکتربینینە ڕێکدەخات چونکە مەودای شارەزایی خۆیەتی و زۆر خۆشحاڵیش دەبێت. ئەویش لە بارەی خۆشەویستییەوە دەزانێت و ڕەنگە لە من زیاتر

*بتوانێت یارمەتیت بدات. لەگەڵ ئەوەشدا نیگەرانی لە کیسچوون مەبە. ئەگەر ڕوو بـــدات، لە کیســـــچوونەکە هەر ڕوو دەدات. گرنگترین شت ئەوەیە پەلە نەکەیت. هیچ شتێکی باش لە دەست ناچێت.*

**لەگەڵ خۆشەویستی**

**جان ستێنبێک**

**نیویۆرک ١٠ ی تشرینی دووەمی ١٩٥٨**



## دەربارەی جان ستێنبێک

جان ستێنبێکی ڕۆماننووس و چیرۆکنووسی ئەمریکی لە بیست و حەوتی شوباتی ساڵی ١٩٠٢ لە شاری ساڵیناس لە ویلایەتی کالیفۆڕنیا لە دایک بووە. ساڵی ١٩١٩ قوتابخانەی ئامادەیی تەواو دەکات و بۆ خوێندنی ئەدەبی ئینگلیزیی دەچێتە زانکۆی

ستانفۆرد، بەڵام لەساڵی ١٩٢٥ بێ ئەوەی هیچ بڕوانامەیەک بە دەست بێنێت، واز لە زانکۆ دەهێنێت. دواتر دەچێتە شاری نیویۆرک و لەپاڵ هەوڵدان بۆ نووسین گەلێ کاری جیاجیا دەکات. پاش ئەوەی لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی سەرناکەوێ، دەگەڕێتەوە کالیفۆڕنیا. لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٣٠ لە لۆس ئەنجلس لەگەڵ هاوسەری یەکەمی کارۆڵ هێنینیگ هاوسەرگیری دەکات. لەبەر بێحاڵی لەگەڵ هاوسەرەکەی دەچنە کالیفۆڕنیا و لەوێ باوکی خانوو و کاغەز و پارەی بۆ دابین دەکات تا بنووسێت، بەڵام ستینبێک بەلەمێک دەکڕێت و دەیەوێت بە ڕاوکردنی ماسی و قرژانگ بژێت لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە بە بەرهەمی میوە و سەوزەی باخچەکەی. ستێنبێک و کارۆڵی هاوسەری زۆر بەخشندە بوون و چی خواردنیان هەبوو لەگەڵ هاوڕێکانیان بەشیان دەکرد. ساڵی ١٩٣٤ لەگەڵ جینۆلادین کاگنێر هەوسەرگیری دەکات و دوو کوریان دەبێ و پاشان لە ساڵی ١٩٤٨ جیا دەبنەوە. جاری سێیەم لە ساڵی ١٩٥٠ لەگەڵ ئیلەین ئەندرسن هاوسەرگیری دەکات و تا مردن ئەم هاوسەرگیرییە بەردەوام دەبێت.

ساڵی ١٩٣٠ ئێد ڕیکێت دەناسی و ئەم پیاوە کاریگەرییەکی زۆر لەسەر ستینبێک جێدێڵێ. ئەم کاریگەرەییەش ڕەنگدانەوەی دەبێ لەسەر بەرهەمە ئەدەبییەکانی ستینبێک. یەکەم ڕۆمانی ساڵی ١٩٢٩ بڵاو دەکاتەوە. جان ستێنبێک لە ماوەی نزیک بە شەست و حەوت ساڵی ژیانیدا شانزە ڕۆمان و شەش کتێبی وتار و پێنج کۆچیرۆکی بڵاو کردۆتەوە. ساڵی ١٩٤٢ خەڵاتی پۆلیتزەری وەرگرتووە و ساڵی ١٩٦٢ ش خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئەدەب وەردەگرێت. ئەمە جگە لە خەڵاتی مەدالیای ئازادی سەرۆکایەتی

ئەمریکا. هەروەها حەڤدە فیلم لە بەرهەمەکانی بەرهەم هێنراوە. جام ستێنبێک وەک نووسەرێکی کۆمەڵایەتی بەرهەمەکانی ڕەنگدانەوەی ژیانی کرێکارانی ئامریکا و کرێکارانی کۆچبەر بوو لە ماوەی قەیرانی ئابووری لەدەیەی سییەکان و سەرەتای چلەکانی سەدەی ڕابردوو لە ئەمریکا. مەڵبەندی میللی ستێنبێک یەکەمین مۆزەخانەیە تایبەت بە ستێنبێک لە ئەمریکا. ساڵی ١٩٧٩ حکومەتی ئەمریکا وێنەی ستێنبێک دەخاتە سەر پولی وڵاتەکەی.

لە بیستی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٦٨ جەڵتەی دڵ لێیدەدا و ستێنبێک بۆ دواجار جیهانی ئەدەب و داهێنان جێدێڵێ و ماڵئاوایی لە ژیان دەکات.

سەرچاوەکان:

1- John Steinbeck on falling Love: A 1958 Letter

http://www.theatlantic.com/entertainment/archive/2012/01/john-steinbeck-on-falling-in-love-a-1958-letter/251375/

2- http://en.wikipedia.org/wiki/John_Steinbeck

تێبینی: ئەم بابەتە لە هەفتەنامەی نسیٚ ژمارە ١٣٧ ی ساڵی ٢٠١٥ بڵاو کراوەتەوە.

# نامەی لەنکستۆن هیوز بۆ شارلۆت مەیسن

سەبارەت بە ئازادی نووسین

(مسۆدەی نامەکان)



(لە ئینگلیزییەوە)

بەدرێژایی ژیانم هەرگیز ئازاد نەبوومە. هەرگیز نەمتوانیوە بە ئازادانە شتێک ئەنجام بدەم جگە لە بواری نووسین نەبێت. لەگەڵ دایک و باوکم، لەگەڵ خاوەن کارەکانم بۆ بەدەستهێنانی بژێوی ژیان، لە سەرجەم بارودۆخە مادییەکانی ژیان ناچارکراوم بەم جۆر یان بەو جۆر بجووڵێم – تەنها ئەو کاتەی بۆ ساتێک دانیشتووم شتێ بنووسم توانیومە ئەو شتەی مەبەستم بووە بینووسم، نووسیمە و ئەو شتەی مەبەستم بووە بیڵێم وتوومە، لەهەر کات و جێگایەک کە ویستبێتم....هەتا ئیشکردنم لەسەر ڕۆمان دایکی گیانیم وابزانم هەردوو یەک بووین. هەردووک دەمانویست زوو تەواو بێت. هەردوو کۆک بووین لەسەر ئەوەی چی بکرێ. بەڵام کاتێ پێت وتم دەبوایە هەفتەی دوای گەڕانەوەم لە کوبا جارێکی تر دەستم بە نووسین بکردایەتەوە، پێویستە لە گەڵتا کۆک نەبم. نابێ هەرگیز ئەو کاتانە بنووسم کە نامەوێ بنووسم. ئەمە دوا ئازادیمە و دەبێت بۆ خۆمی بە ڕەوا ببینم.... پاشان کاتێ پێم دەڵێی لە هەموو کەسێکی تر پارەم زیاتر دەدەیتێ ( ٢٢٥ دۆلار لە مانگێکدا کە مووچەی مانگانەی من و نیوە مانگانەی لویسە) و لە سەرەتای مانگی ئازارەوە بێکار دانیشتووم دەبێ هەست بە خەجاڵەتبارییەکی بێتام بکەم وە دەبێ هەست بەوە بکەم کە باش ئیستغلالی تۆم کردووە کە ئەمەش بەلاتەوە هەڵەیە یارمەتیت لێوەربگرم وەختێ ناتوانم بنووسم. وەختێ ناتوانم ئەوە بکەم کە تۆ بڕوات پێی هەیە بیکەم، وەختێ ترسم هەیە نەتوانم ئاسوودەت بکەم لەبەر ئەوەی تۆ بۆ من باش بوویتە، وەختێکیش کە دەزانم ناتوانم بەپێی خشتەی بۆ دانراو بنووسم.

زۆر لەخۆکردنێکی بەجۆش بۆ تەواوکردنی ڕۆمانەکە لە ماوەی دیاریکراودا ئەوەی نیشانم دا. سەرتاپای ژیانی کەسێک وەک چۆنە ئاوا کێشراوە و پێوراوە – ژەمە خواردنی گشت ڕۆژێک لە سەعاتی دیاریکراودا ئەگەر من بۆ مووچە کار دەکەم – بۆ کارکردن لە ماوەیەکی دیاریکراو و نووستن لە کاتی دیاریکراو تا تێر خەو بم، وەڵامی نامەکان لە کاتی دیاریکراو بۆ نەخستنەڕووی بێ نەزاکەتی یان لەدەستنەدانی بزنس(کاروکاسبی). تا ئێستا تەنها نووسینەکانم موڵکی خۆمن. هەر کاتێ بمەوێت ئەنجامی بدەم ئەنجامی دەدەم، کاتێک هەست بکەم تەواو بووە تەواوی دەکەم و هەر کاتێکیش بمەوێ دەیخەمە لاوە یان بە تەواوی وازی لێ دێنم. لەبەر سروشتی جەستەم بە هەزاران قاپم لە ئوتێلەکان شووشتووە، خواردنم دروست کردووە، سەر پشتی پاپۆڕم خاوێن کردۆتەوە، ١٢ تا ١٥ سەعات لە ڕۆژێکدا لە کێڵگەدا کارم کردووە، شانازییەکانم نایە لاوە لەپێناو مرۆڤدۆستی و خێرخوازی - بەڵام کەس پێی نەوتم ئێستا دەبێ بنووسی. دەبێ ئەم شیعرە بەیانی تەواو بکەی و دەبێ سەری مانگ دەست بە خولْقاندن بکەی. چونکە ئەوکات هیچ شتێکم پێ ناخولْقێ. تەنها دەتوانم لە باشترین حاڵەتدا وشەی بەتاڵ بنووسم.... داهێنان وەک خۆت دەزانی بە ناچاری دەبێ بۆم بێت ئەی ئازیزم دەنا ڕاستگۆییەکەی کەمتر دەبێت....بۆیە داوای لێبووردن دەکەم هەست دەکەی کە دەست بەتاڵکی بێکەڵک بوومە. هەروەها لەودیوی وشەکانەوە خەجاڵەتبارم ئەگەر بەخشندەیی تۆم خراپ کەڵک لێوەرگرتبێت. هەرگیز نەمویستووە ئەو کارە بکەم. ئەگەر لە وشە ئامۆژگارییە ئاساکانت بەهەڵە حاڵی بوومە، وتووێژە بەکەڵک و دڵسۆزانەکەت

*لە گەڵمدا لە چەند هەفتەی ڕابردوودا سەرکۆنەی گەمژێتیم دەکات، نەک دڵم. هەمیشە خۆشەویستی و دڵسۆزیم بۆت هەیە و ڕێزێکی قووڵ و سوپاسگوزاری و بەردەوام خوازیاری گوێگرتن لێت لە داهاتوو وەک چۆ لە ڕابردووە گوێم لێتگرتووە و خوازیارم لە نزیکەوە ڕێنوێنیم بکەی. بەڵام دەبێ ڕاستییەکەت پێبڵێم نابێ لەمەودوا هیچ دیوارێک لە نێوانماندا هەبێت.*

**لەنکستۆن هیوز**

**شەشی حوزەیرانی ١٩٣٠**


تێبینــی: لەهەر جێـیەک چـوار خـاڵم دانـاوە ئەوە شـوێنی دەسـتکاریکردنی نامەکەیە لەلایەن لەنگستۆن هیوز خۆیەوە.

سەرچاوەکان:

*1- THE LETTERS OF LANGSTON HUGHES by Langston Hughes. Edited by Arnold Rampersad and David Roessel. Copyright © 2015 by Alfred A. Knopf, a division of Random House. Excerpted by permission of Knopf, a division of Random House LLC.*

*2- http://www.huffingtonpost.com/2015/02/10/langston-hughes-letter_n_6633696.html*

تێبینی: ئەم بابەتە لە گۆڤاری کارێز ژمارە ٢ ی ساڵی ٢٠٢١ بڵاوبۆتەوە.

# دوو نامەی لینین بۆ مەکسیم گۆڕکی

(لە عەرەبییەوە)

## نامەی یەکەم

*ئازیزم ئەلێکسی مەکسیمۆفچ*

*ماوەیەکی زۆرە هیچم بۆ نەنووسیویت. سەفەرەکەمان بەردەوام دوا دەکەوێت و ئاستەنگی سەرەکی لە ئێستادا نەگەیشتنی هەواڵی تۆیە لە برۆکسلەوە. هاوڕێیانی ئەوێ بۆیان نووسیوم و دەڵێن چاوەڕوانمن بۆ کۆبوونەوەی مەکتەب( مەکتەبی سۆشیالیستی ئەنتەرناسیونال). لە ڕازگری نهێنی سەبارەت بە سەفەر پرسیارم کرد(لەبەر ئەوەی دەبێت سەفەری ئیتاڵیا بکەم) بەڵام هیچ وەڵامێکم نەدراوەتەوە. وە ناشتوانم برۆکسل بەجێبهێڵم. ئایا بڵاوکراوەی پرۆلیتاریت بەدەست گەیشتووە؟ چی لەبارەوە دەڵێی؟ئەی لۆناشارسکی چی لەبارەوە دەڵێت؟ بەداخەوە ڕەتکردنەوەی ئەوم سەبارەت بە نووسین دەربارەی کۆمۆنە بەدەست گەیشت. سێیەم ئەندامی دەستەی نووسەرانمان ئینۆ کینتییە.(*)*

*نامەم دەربارەی هەر پڕۆژەیەکی خۆت و لۆناشارسکی بۆ پرۆلیتاری، بۆ بنووسە.*

دەستت بە گەرمییەوە دەگووشم

*لینینی خۆت*

جنێف / *نیوەی یەکەمی مانگی ئازاری ١٩٠٨*

(*)ئینۆ کینتی ناوی حیزبیی دۆبرۆفنسکییە.

## نامەی دووەم

*ئازیزم ئەلەکسی مەکسیمۆفیچ!*

*ئەمرۆ لەگەڵ میشکۆفسکی گەیشتینە ئێرە. سبەینی بۆ شتۆتگارد ئەڕۆین. زۆر زۆر گرنگە تۆش لەوێ بیت. چونکە بە فەرمی ناوی تۆ لەوێ لەلایەن کۆمیتەی ناوەندییەوە وەک ئەندامی ڕاوێژکار تۆمار کراوە. ئەمە هۆی یەکەم. هۆی دووەم شتێکی زۆر باش دەبێت یەکدی ببینین، ئەگەر نا بۆ ماوەیەکی درێژ یەک نابینین. سێیەم کێشەکە خۆی لەوەدا نابینێتەوە کە سەفەرێکی بیستو چوار سەعاتییە و لە هەفتەیەک زیاتر ناخایێنێت.(ئەمە لەندەن نییە!)وە هیچ درەنگیش نابێت ئەگەر ڕۆژی یەکشەم یان دووشەم سەفەرەکەت دەست پێبکەیت.*

*بەکورتی هەموو لەپێشوازیتدان و ئاسانکاریش بۆ هەموو شتێکیش کراوە.تکا دەکەم بێی ئەگەر بۆت دەکرێ.مەهێڵە دەرفەتی بینینی کاری سۆشیالیستە ئەنتەرناسیونالەکانت لەدەست بچێت.ئەمە قسەی سەرزارەکیی و موجامەلەی ڕووکەشانە نییە. هەروەک ئێمە ناتوانین بەنامە وردکاری ئیش و کارەکانمان تێبگەین، ئەگەر یەکتر نەبینین. زۆر بەکورتی، دەبێت هەر بێیت.*

**بەنیازی دیدار**

**سڵاوی زۆرم بۆ ماریا فیدرۆفنا(*)**

**لینینی خۆت**

**چوارشەممە ١٤-٨-١٩٠٧**

(*)ماریا فیدرۆفنا هاوژینی مەکسیم گۆرکی لەساڵی ١٩٠٤ەوە ئەندامی حیزبی بەلشەفیک بوو و شانۆکار بوو.

سەرچاوە: في الادب و الفن  ف.آ.لينين  ترجمة من الروسية الى العربية يوسف حلاق الجزء الثاني مطبعة وزارة الثقافة دمشق ١٩٧٣ صفحة ١٠ و ٢٩.

*تێبینی: ئەم بابەتە لە هەفتەنامەی ڕێگای کوردستان ژمارە ١٢٥٢ ی ساڵی ٢٠٢١ بڵاو بۆتەوە.*

# ئێرنیکۆ دۆناتی

## دوا هونەرمەندی سوریالیستی ئیتاڵیی - ئەمریکیی



نووسینی: بیڵ کەنینگهام

(لەئینگلیزییەوە)

ئێرینکۆ دۆناتی شێوەکاری ئەمریکی بەڕەچەڵەک ئیتاڵی کە بە ڕای زۆرێک لە هونەرمەندانی جیهانی هونەر بەدوا هونەرمەندی شێوەکاری سوریالیستیی دەژمێردرێت, لە بیست و پێنجی نیسانی ساڵی ۲۰۰۸ لە ماڵەکەی خۆی لە مەنهاتان لەتەمەنی نەوەد و نۆ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. دەیڤید ئۆکسمان وەکو وتەبێژی خانەوادەکەی وتی "هۆکاری مردنەکەشی لە مانگی تەمووزدا تێکەڵییەک بوو لە بریندار بوونی بەردەوام بەهۆی ڕووداوی هاتووچۆوە".

دۆناتی سوریالیزمی ڕزگارکرد و بەنێو بزووتنەوە هونەرییەکانی تردا تێپەڕی وەکو بونیادگەرایی و ئەبستراکتی تەعبیری و هەروەها بوو بە خاوەنی کۆمپانیایەکی سەرکەوتووی بۆن. پاش وەرگرتنی بڕوانامە دکتۆراکەی وەک ئەوەی ئەمڕۆ پێیدەڵێن زانستی کۆمەڵناسی لە زانکۆی ئیتاڵیا لە پاڤیا لە ساڵی ۱۹۲۹دا ئەو یەکەمین کەس بوو ڕوەو مۆسیقا وەرچەرخا. دۆناتی شادومان نەبوو بە ڕۆشنبیریی مۆسیقا لە میلانا لە ژێر دەستی فاشیستەکان. بۆیە چووە بۆ پاریس بۆ جارێک ئاڤەنتا - گاردی لە مۆنتمارێیر کاریت نمایشکرد و خولیاکانی خۆی لە بواری ئەنسرۆپۆلۆجی (مرۆڤناسی) گەشەپێدا. لە ساڵی ۱۹۳٤ دا بەرەو باشووری خۆرئاوای ئەمەریکاو کەنەدا کەوتە گەشتکردن و لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی بەرهەمی دەستکردی هونەریی نەیتیڤ(توحەف).
پاش خولیاکردن ئارەزووی لە هونەری ریکلام و نیگارکێشان لە نیوریۆرک خۆی بۆ هونەری نیگارکێشان تەرخانکرد و ئینجا گەڕایەوە ئەو شوێنەی کە نیگاری دەکێشا بۆ بوژاندنەوەی بزووتنەوەی سوریالستی. دوای ئەوەی جەنگی جیهانی دووەم

کۆتایی هات، دۆناتی ئەو کەسەی کە بەزیندوویی مابۆوە بۆ هەتا هەتا لەگەڵ خێزانی یەکەمیدا کلەیر جەفاڵ و کچەکانی ماریانە دۆناتی و سلڤیانا گەڕانەوە بۆ نیویۆرک. دۆناتی لەگەڵ جەڤالی خێزانی لە ساڵی ١٩٦٥ جیابوونەوەو ئینجا لەگەڵ ئەدێلە شمیدت زەماوەندی کرد، ئەو خانمەی کە بووە هۆی هەناسە هاتنەوەبەری دۆناتی و ئەلەکسەندرای کچی. دۆناتی چووە قوتابخانەی نوێ بۆ توێژینەوەی کۆمەڵایەتی و لە ساڵی ١٩٤٢ دا یەکەمین نمایشی تاک پیاویی لە مۆزەخانەی قوتابخانەی نوێدا کرد. کارەکانی دۆناتی سەرنجی مێژوونووسی هونەری لیونێل ڤێنجوری ڕاکێشا و دواتر بە "ئەندریە بەیتۆن"ی نووسەری ناساند کە ماوەیەک بە باوکی سوریالیزمیان دادەنا. بەیتۆن، دۆناتی بردە نێو بازنەی ناسراوی هونەرمەندانی ئەوروپا کە زۆربەیان سوریالستی بوون و لە دەسپێکی جەنگدا لە نیویۆرک گرد ببوونەوە." تۆ یەکێکی لە ئێمە" بریتۆن پێی وت. گروپەکە بریتی بوون لە "ماکس ئیرنێست، سلڤادۆر دالی ،یڤیس تانگای، ئارشیڵ گۆرگی، مارسیل دەشامپ، گیورگو دێ شێریکۆ، فێرناند لێگەر و پەیکەرتاشی ئەمریکی ئەلێکسەندەر کالدەر" ئیمە ڕۆژانە بۆ نانخواردنی نیوەڕوان لە ڕێستورانی لاریسی فەرەنسی لە شەقامی خۆرئاوای پەنجا و شەش یەکترمان دەبینی" دۆناتی بەم دواییانە لە چاوپێکەوتنێکدا ئەمەی درکاند. لە سەرەمەرگدا دۆناتی تاکە ڕزگابوویەکی ئەو گروپەبوو، مارسیل دەشامپ بووە هاوڕێیەکی نزیکی دۆناتی ئەم دوانە لە چەندین پڕۆژەدا هاوکاری یەکتریان کرد وەکو دەردەکەوێ جیهانی سوریالیزم لە گەلەری مێگت لە پاریس لە ساڵی ١٩٤٧ دا پرۆگرامی دەرکەوتنەکەیان ئاوا دیزاین کرد: بەرگی هەر

کۆپییەکی پرۆگرامەکەیان بە مەمکی پلاستیکی ئیسفەنج دروست کرد.

لەگەڵ کاڵبوونەوەی سوریالیزم دۆناتی هەر بەردەوام بوو چوار تــا پێــنج جــار خــۆی داهێنایەوە"ئەمــە قســەی بایۆگرافــەر و هونەرمەند و ڕەخنەگری دۆناتی "تیۆدۆر وۆڵفی"یە"



دۆناتی دۆخی بونیادی هەبووە و بۆ ماوەیەک تەرکیزی کردۆتە سـەر ڕێبـازی ئەبسـتراکتی تـەعبیری. لـە سـاڵانی دوایدا دۆنـاتی شـەیدای ڕوخسـار و جـۆرە ڕسـتێکی کوتـاڵ بـوو. نیگارەکـانی تێکەڵییـەک لـە لـم و تـۆز و قاوەی کـوتراو بـوو و هـەروەها لـەو کاتانـەدا خـۆڵ و تـۆزی گسـکە کارەباییەکـەی لەگـەڵ ڕەنـگ و چەسپدا تێکەڵ دەکرد بۆ سەر چادری نیگارەکان.

"ئەوە جیهانێکی نوێیان بە ڕوودا کردمەوە" دۆناتی دووبارە بۆ چاوپێکەوتنێکی شەفەهی مێژوویی لە ساڵی ١٩٦٨ دا لە پەیمانگای سیمسۆنیان بانگ دەکرێتەوە."من ئێستاش و ئەوە چەندین ساڵە خۆڵی گسکە کارەباییەکام بەکار دەهێنم".

کارەکانی دۆناتی لە کۆکراوەی هەمیشەیی مۆزەخانەی هونەری مۆدێرن و مۆزەخانەی کەگێنهێم و مۆزەخانەی ویتنی لە نیویۆرک، مۆزەخانەی هونەری شێوەکاری لە هۆستۆن، مۆزەخانەی شێوەکاری پاشایەتی لە بەلجیکا لە برۆکسلدا هەڵگیراون.

دۆناتی بۆ ساڵانێکی زۆر سەروکاری لەگەڵ بازاڕی جیهاندا هەبووە و لە بازاڕی هونەردا بووە. لە سەرەتای دەیەی شەستەکانی ڕابردوودا بە دەستەی بەڕێوەبەرایتی کۆمپانیای هۆوبێگانت پەیوەست دەبێ کە یەکێکە لە کۆنترین کۆمپانیای کۆمەکیکەرانی بۆنی فەرەنسی و یەکێتی ئۆراسی دی کۆلۆنیا. لەساڵی ١٩٦٥ دا دۆناتی کۆمپانیاکەی کڕیەوە و بە شەخسی بەڕێوەی دەبرد.

لەساڵی ١٩٧٨ دا گۆڤاری "فۆرچن" ڕایگەیاند کە دۆناتی وەکو سەرۆک و کەسی یەکەمی کۆمپانیاکە توانیویەتی سەروەت و سامانی کۆمپانیاکە ببوژێنێتەوە کە بە پەنجا ملیۆن دۆلار دەقەبلێنێ. ژنی یەکەمی دۆناتی ئەندامی هۆوبێگانت بوو،وەک گۆڤاری فۆرچن ئاماژەی پێکرد.



## کورتەیەک سەبارەت بە ئێرنیکۆ دۆناتی

هونەرمەندی شێوەکاری سوریالیستی ئەمریکیی و پەیکەرتاشی ئیتاڵی ئێرنیکۆ دۆناتی لە ١٩ ی شوباتی ساڵی ١٩٠٩ لە ئیتاڵیا لە دایک بووە. دۆناتی خوێندنی ئابووری لە زانکۆی پاڤیا لە هەرێمی پاڤیا لە ئیتاڵیا تەواو کردووە و ساڵی ١٩٣٤ دەچێتە ئەمریکا و لەوێ دەست دەکات بە خوێندن لە زانکۆی نیویۆرک و قوتابخانەی هونەر. ساڵی ١٩٤٢ کارەکانی لە پێشانگایەکدا لە هۆڵی هونەری پەسەدۆیت نمایش کرد. لەو قوناغە سوریالیزم زۆر بە روونی بە ئیشەکانییەوە دیار بوو. دۆناتی پەیوەندی لەگەڵ ئەندریە بریتۆن و مارسیڵ دەشامپ و چەند هونەرمەندێکی سوریالیستی ئەوروپی لە نیویۆرک دامەزراند. ساڵی ١٩٤٧ یەکێک بوو لە ڕێکخەرانی پێشانگای نیو نەتەوەیی سوریاڵیزم لە پاریس کە بە تابلۆیەک و دوو پەیکەر بەشداری تیدا کرد. لە کۆتایی دەیەی چلەکانی سەدەی ڕابردوو وەڵام بە قەیرانی سوریالیزم دەداتەوە ئەویش بە تێپەڕبوون بە دۆخی

بونیـادگەریی. لە ویـشـەوە بـرەوی بە هـونەری خۆشنووسـی دا. پاشان سەروکاری لەگەڵ سپاتیالیزمدا پەیدا کرد. ئیـتر کارەکـانی لە دەیەی پەنجاکان و شەستەکان نمایش کرد و لە نێوان سـاڵی ۱۹٦۲ تا ۱۹۷۲ لە زانکۆی نیویۆرک وەک میوان وانەی وتۆتەوە. ساڵی ۲۰۰۷ کاتێک لەنێو تاکسی دا دەبێت و تاکسییەکە تووشـی رووداوی هاتووچۆ دێت. باری تەندروستی دۆناتی تێک دەچێت و دواجار لە بیست و پێنجی نیسانی سـاڵی ۲۰۰۸ لە تەمەنـی ۹۹ سـاڵی، لە مانهاتـان بـۆ یەکجـاری ماڵئـاوایی لە ژیـان و هـونەر دەکات.



تێبینی: ئەم کورتە بابەتە لەم سەرچاوەیەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی

ڕۆژنامەی ناشناڵ پۆست چوارشەممە ٣٠ نیسانی ٢٠٠٨

1- National Post newspaper Wednesday, April 30, 2008 Page B7

هەروەها بۆ ژیاننامەی دۆناتی سوودم لە ویکیپیدیا وەرگرتووە.

2- http://en.wikipedia.org/wiki/Enrico_Donati

تێبینی: ئەم بابەتە لە هەفتەنامەی نسێ ژمارە ١٣٣ ی ساڵی ٢٠١٥ بڵاو بۆتەوە.


# ڕانانێک بۆ ڕۆمانی

# "وەرزی کۆچ بەرەو باکور"ی تەیب ساڵح

نووسینی: مارینا هارس

(لەئینگلیزییەوە)





یەکـەمین خوێندنـەوەی ڕۆمـانی "وەرزی کـۆچ بـەرەو بـاکور" ی تـەیب سـاڵح ئـەزموونێکی سـەرسـامە. ڕەفتـارە ئەڵقەییـەکان کـە لەچیرۆکەکـەدا وەدیـار دەکـەون مانـای گرینگتـرین زانیـاری دەربارەی کاراکتەرەکان و ڕابردوویان بەجێدەهێڵێ. بەو شێوەیە هەستی ونبوون لـە وڵاتێکی غـەریب بـە خوێنـەر دەدا، شـوێنێک کەخۆی توانای بەرگری کردنی تێدا نەماوە. لە ڕاستیدا ڕۆمانەکە وا پێویسـت بـوو لـە ژێـر تیشـکی پـڕ لـە گـۆڕانی سـادەیی و سروشـتی کلتـوری کۆمـەڵگەی سـودان کـە لـە سـاڵی ١٨٩٩ وە دەستی پێکردوە، بخوێنرێتـەوە، ئەوسـاڵەی کە بـەریتانیا داگیـری کـرد. نەخشـەی کتێبـەکانی تـەیب سـاڵح لـە میـانی خـودی ئەزموونـەکانی دوو کاراکتـەری سـەرەکی - حیکایـەتخوانێکی بێ ناوونیشـان و مسـتەفا سـەعید - دوو نـەوەی سـودانی؛ بـەڵام بەڕۆشنبیری ئەوروپییـەوە هـەڵبژاردوە کە لـە مـاوەی سـەردەمی زاڵبـوونی بـەریتانیاوە تـاکو سـاڵانی سـەرەتای حـوکمی خـۆجێیی سودان، ئەوکاتـەی کتێبەکـەی تێدا نووسـرا " ڕۆمـانەکە یەکـەمین جـار بـەزمانی عـەرەبی لـە سـاڵی ١٩٦٦ دا بـڵاو بـووەوە". وڵاتـی سـودان گـۆڕانێکی مـەزنی لـە ناکـاوی تـاقی کردبـۆوە. لـە سـەر کاری لابردنی حکومـەتی سـەربازی خـۆجێیی جەنـەراڵ ئیبـراهیم عـەبود و سـەرەتای سیسـتەمی پەرلـەمانی بـوو. تـەیب سـاڵح لـە پێشـەکی چـاپی ٢٠٠٣ ی ڕۆمانەکـە دەنووسـێت "کەشـوهەوای گشـتی خـەرتـوم لەو ڕۆژانەدا جـێگەی خۆشـحاڵی بـوو.... بە هۆکارێـک کـارەکەم کەوتە نـاو ئەم پرۆسـەی پرسـیارکردنی

فیکرییەوە". " بێگومان ئەمە کۆتایی چیرۆکەکە نییە، هەروەها لە ساڵی ١٩٨٩ وە سودان لە لایەن شورای ڕابەرایەتی شۆڕشگێڕی ڕزگاری نیشتیمانییەوە حوکم دەکرێت، ئەو حکومەتە سەرکوتکەرە ئیسلامییەی وێرای شتەکانی دی ، بڵاوکردنەوەی ئەم ڕۆمانەشی قەدەغە کرد.

چیرۆکەکەی تەیب ساڵح بە لێڵییەکی زۆرەوە گێڕدراوەتەوە و تێگەیشتن لێی زۆر لەم باکگراوندە سیاسییە جێدەهێڵێ، ئەو ڕاستییەی کە لە هەرکاتێکدا خوێنەر بێئومێدتر دەکات لە تێگەیشتن لە نهێنی کاراکتەرەکان کە لەسەرەخۆ بەهەندێ وردەکاری کۆنکریتی کۆمەکیان دەکات.وردە وردە دێتە بەرچاوی خوێنەر کە مستەفا سەعید و حیکایەت خوان دوو دیوی هەمان کاراکتەرن وە هەروەها زۆر لە ئەزموونی خودی تەیب ساڵحەوە نزیکن، ئەو ڕۆشنبیرە سودانییەی کەلە باکگراوەندی گوندنشینێکی سادە و بێ فیزەوە دەچێتە بەریتانیا بۆ خوێندن و پاشان وەک بەشێک لە چینی فەرمانڕەوا دەگەڕێتەوە بۆ سودان. کاتێکیش دەست دەکەین بە فێربوون دەربارەی مستەفا سەعید ئەوکات وەکو نمایندەیەکی نێگەتیف و نواندنێکی تاریکی ئەو ئەزموونە و شکستی گەشبینی و حیکایەخوانێکی پیاو چاک دەردەکەوێ.

مستەفا سەعید وەک کەسێک کە سیستەمی کۆلۆنیاڵی ناپەسندانە بەکار دەهێنێ، دێتە مەیدان تەنها بۆ ڕسواکردن و تێکدانی ئەو سیستەمە و هەروەها ئەو کەسەی دەگەڕێتەوە بۆ سودان مل

دەنێ بەو تێکدان و بۆگەنییەی کە ئەم بۆی بەرجەستەبۆتەوە. حیکایەتخوانەکە بە جیاواز لەوەی وەکو مۆدێلی هاوڵاتییەکی سودانیی دەردەکەوێ کە لە وانەیە لە "سودانییەکی نوێ" دا بەرجەستە بێتەوە کە لە کۆماری سەربەخۆ کەلە ساڵی ١٩٦٥دا ڕاگەیاندرا کە ئەویش وەکو کاربەدەستێکی وەزارەتی ڕۆشنبیری خزمەتی تێدا دەکات.

بەڵام وەکو کتێبەکە لە گۆڕاندایە و دەبێتە زیاد بوونی ڕۆشنییەک کە ئەو مۆدێلەی بەهۆی حیکایەتخوانێکەوە نوێنەرایەتی دەکرێت بەتاڵە، سەرابێکی بێسوود کە ناتوانێ یان نایەوێت کۆشش بکات بۆ کاریگەری جیهێشتن لە سەر هەر پێشکەوتنێکی بەمانای خەڵکی سودان و لەوانەیە گرنگتر لەوەش لە ئاستێکی زۆر هەستیاردا نایەوێت کاریگەری بەسەر ژیانی کەسانی نزیکییەوە هەبێت، ئەو کەسانەی مۆراڵ و ئەرکی هەستییان هەیە. کارەکانی تەیب ساڵح لە وەزارەتدا بە تەواوەتی جودابوو لە پێوستییە حەقیقییەکانی سیستەمی ڕۆشنبیریی سودانیی وەکو هاوڕێیەک ئەمەی بۆ دەستنیشان کرد "لێیان گەڕێ با یەکەم جار قوتابخانە بنیاد بنێین و پاشان موناقەشەی یەکخستنی ڕۆشنبیریی بکەن......لە کۆنفرانس و قسەی بێمانادا کات بەفیڕۆ دەدەن ئەوەش منداڵەکانمانن کە دەبێت چەند میلێک ببڕن تا دەگەنە قوتابخانە....چ سوودێکی هەیە یەکێک لە ئێمە لە حکومەتدا بێت و تۆ هیچ کارێک نەکەیت؟"

حیکایەتخوانەکــە ملکەچــانە ڕەخنەکــە قبــوڵ دەکــات؛ ئــەو چاودێرێکی ناسراو بەتاڵ و گەندەڵی سیستەمەکەیە کە خۆی بە شــێکە تیایــدا، کــە خــۆی (ســەر بەیاســای نــوێی ئــەفریقا و ڕووخســاری نــەرم ناســک، دەمــی گــورگ ئاســا و دەســتیان بــە ئەڵقـەی و بـەردی گـران بـەها دەدرەوشـێتەوە و شـیلەی بـۆن و بەرامــــەی لا ڕوومــــەتیان و گرانبــــەهاترین ئاوریشــــم کــــە بەسەرشـانیاندا وەکـو خـوری پشـیلەی سیامسـیس هاتۆتـەخوار) بەڵام ئەم زانینە بیانوو نییە بۆ کاردانەوە و دەرئەنجام.

لـە کۆتایـدا ئـەم ملدانـە ڕۆڵێکـی سـەرەکی دەگێـڕێ لـە هێنانـەدی چارەنووسێکی ڕەش بۆ مستەفا سەعید، کۆتایی توندوتیژی ئـەم ڕۆمانـە کـە تونـدوتیژیی سکێشـواڵییە و هەنـدێکات تۆقێنـەرە و مەترسـیدارە و میتـافۆرێکی زۆر مەزنیشـە بـۆ بەریـەک کـەوتنی داگیرکەرەکــان و کلتوورەکــان کەئەبێــتە هــۆی زاڵ بــوون و شکڵگرتن و تێکدانێکی مەزن. "وەک هەمیشە" تێبینیی دەکرێ ئەو دەیتوانیَ تێکشکانی کارەساتەکە وەلا بنێت، حیکایەتخوانەکـەش هەست دەکات کە "لە هەموو ژیانمدا هـەڵبژاردنم نـەبووە خـاوەن بڕیار نەبوومە. ئێستا من بڕیاردەدەم " ڕوون نییە کە ئایا ئـەم بڕیـارەی دەدرێ زۆر درەنگـە، یـان بڕیارێکـە لـە وەختـی خۆیـدا دەدرێت؟"

## دەربارەی ڕۆماننووس تەیبساڵح

تەیب ساڵح نووسەری سودانی لە هەرێمی باکوری سودان لە ١٩٢٩ لە دایکبووەوە. لە زانکۆی خەرتوم خوێندوویەتی پێش ئەوەی بڕوات بۆ زانکۆی لەندەنی بەریتانیا. تەیب لە باگراوندی جوتیارێکی بچووک و مامۆستایەکی ئاینییەوە هاتووە. کاری بنەرەتی تەیب ساڵح کاری کشتوکاڵی بووە. بەڵام جگەلەوەی بۆ ماوەیەکی کورت بەرێوبەری قوتابخانە بووە پێش ئەوەی بێتە بەریتانیا،پیشەی بەردەوامی راگەیاندن بووە. کارەکانی تەیب ساڵح بەگشتی سیاسین و دەست و پەنجە لەگەڵ ناوەڕۆکی وەکو کۆلۆنیالیزەکردن و ڕەگەز، نەرم دەکەن. هەروەها تەیب ساڵح لەمرۆدا وەکو یەکێک لە کورتە چیرۆکنووسە چاکەکانی عەرەب دەژمێردرێت. تەیب ساڵح ئەدەب و فەلسەفەو کۆمەڵناسی ڕۆژئاوا و عەرەبی خوێند. تەیب ساڵح ڕووخسارەکانی هەردوو کلتووری لە کارەکانیکدا بەرجەستەکردۆتەوە.

کاتێک ڕۆمانی وەرزی کۆچ بەرەو باکور، کەیەکەم جار بە زمانی عەرەبی لە بەیروت لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا بڵاوکرایەوە، ساڵح وەکو بلیمەتێکی ڕۆمانی عەرەب ستایش کرا. لە ساڵی ٢٠٠١ دا لەلایەن ئەکادیمیای ئەدەبی عەرەبی کە بارەگاکەیان لە دیمەشقە لە سوریا ئەوە ڕاگەیاندرا کە "ڕۆمانی وەرزی کۆچ بەرەو باکور گرنگترین ڕۆمانی عەرەبییە لە سەدەی بیستەم"". کارەکانی تەیب ساڵح لە

عەرەبیەوە بۆ زیاتر لە بیست زمان وەرگێردراون. تەیب ساڵح سێ ڕۆمانی تر و چەندین کۆمەڵە چیرۆکی بڵاوکردووەتەوە. ڕۆمانی" زەماوەندی زینە" لە لیبیا خراوەتە سەر شانۆ و هەروەها لە ڤیستڤاڵی کانێس بۆ فلیم خەڵات کراوە کە لە لایەن دەرهێنەری سینەمایی کوەیتییەوە خالید سدیق لە دەیەی حەفتاکانی سەدەی رابردوو کاری سینەمایی بۆ ئەنجام درابوو.

بۆ زیاتر لە دە ساڵ تەیب ساڵح گۆشەیەکی هەفتانەی بۆ ڕۆژنامەی "ئەلمەجەلە" لە کەبارەگاکەی لە لەندەنە بە زمانی عەرەبی دەنووسی کە زۆرێک لە مەغزا ئەدەبیەکانی ڕاڤە و کەشف دەکرد. تەیب ساڵح بۆ بی بی سی بەشی عەرەبی کاری کردووە دواتر بووە بە بەرێوبەری گشتی لە وەزارەتی ڕاگەیاندن لە دۆحەی پایتەختی قەتەر. تەیب ئاخریین دە ساڵی کارکردنی لەگەڵ یونیسکۆ لە پاریس گوزەراند کەچەندین پۆستی جیا جیای وەرگرت و کە دواجار ببوو بە نمایندەی یونیسکۆ لە دەوڵەتەکانی کەنداو.

## چەند دێرێک سەبارەت بە مارینا هارس:

نووسەر و وەرگێڕ مارینا هارس لە نیویۆرک لە ئەمریکا دەژێت. خاوەنی چەندین وتار و کتێبە کە گرنگترینیان ئەمانەن:

١- بۆ سۆلۆی کەمانچە-منداڵێتی جولەکە لە نێو فاشیزمی ئیتالیادا نووسینی: ئالدۆ زارگانی و مارینا هارس کتێب ٢٠٠٢

٢- سێکسی خۆشەویستی  لەگەڵ ئەلبێرتۆ مۆرافیا    کتێب ٢٠٠٧

٣- با سەما بکەین     وتار  ٢٠٠٦

٤- کارەکانی پووانت  وتار    ٢٠٠٧

٥- چیرۆکەکانی شاری خوا    نووسینی: پیار پاولۆ پاسۆلینی و وۆڵتەر سیتی   وەرگێڕانی مارینا هارس  کتێب ٢٠٠٣

٦- هەفتەیەک لە ئۆکتۆبەر  لەگەڵ ئەلیزابێس سەبەرکەیسیۆکس کتێب  ٢٠٠٨

٧- چیرۆکە قەدەغەکراوەکانی مارتا ڤێنەرەنتا  کۆمەڵێ نووسەر کتێب ٢٠٠٠

٨- مارینا هارس کۆمەڵێ وتار و نووسینی تری هەیە کە ئەم ڕانانە یەکێکە لەوانە.

سەرچاوەکان:

1-
http://www.wordswithoutborders.org/?lab=SeasonReview

2-http://www.sudantribune.com/spip.php?article8999

3-
http://www.sudanvisiondaily.com/modules.php?name=News&file=article&sid=1526


4-
http://www.booksnation.com/u/Conjugal%20Love//Alberto%20Moravia%20Marina%20Harss/1590512219

دوو تێبینی:

(١)ڕۆمانی وەرزی کۆچ بەرەو باکور لە ساڵی ٢٠٠٣ لە لایەن دەنیس جۆنسۆن دیڤس کراوەتە ئیگلیزی و دەزگای پەنگوین کلاسیک بڵاویکردۆتەوە و هەروەها کاک سەباح ئیسماعیل وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

(٢)ئەم وەرگێڕانە لە گۆڤاری کاروان ژمارە (؟) ی ساڵی ٢٠٠٨ دا بڵاوبۆتەوە.

# تێکستێکی بێناوونیشانی جێرزی گرۆتۆڤسکی(١)



وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە بۆ ئینگلیزی: ماریۆ بیاگنی

چواری تەمموزی ١٩٩٨  پۆنتێدێرا، ئیتاڵیا

(لەئینگلیزییەوە)

لەسەر خواستی جێرزی گرۆتۆڤسکی خۆی؛ ئەم نووسینە لەپاش مەرگی بڵاو کرایەوە.

لەوانەیـە کۆتـایی ژیـانم نزیـک بووبێتـەوە. یەکـەمین شـت حـەز ئەکـەم ئـەو زانیـارییە ڕاسـت بکەمـەوە کـە بـەرەو تێگەیشـتنێکی هەڵـەمان ئـەبات سـەبارەت بـە ئـیش و کـاری (ناوەنـدی کـاری جیـرزی گرۆتۆڤسـکی و تۆمـاس ڕیچـاردس). "ئاکشـن، دووایـین نمایشـی گرۆتۆڤسـکی" ئـەم زانیارییـە سـێ شـێواندنی هەقـیقەت لەخۆدەگرێت. دووا نمایشـم وەک دەرهێنـەری شـانۆ، بـەناوی " کۆتـــایی جیهـــان لەگەڵ فیگەرەکانـــدا(٢) کەلەســـاڵی ١٩٦٩ دەستپێکراو و لە ساڵی ١٩٨٠ کۆتـایی پێهات، لەوسـاوە مـن هـیچ نمایشـێکی تـرم نەکـردووە. ئاکشـن نمـایش نییـە، ناچێتـە بـواری هونــەر وەک نیشــاندان. ئاکشــن کــارێکی هــونەرییە لەمەیــدانی هونەر وەک هۆیەکی ڕاگەیاندن کە دەربڕینێکە بۆ بونیـادی ئـەو مەتریالانەی کەپەیوەندییان بەنمایشی هونەرەوە هەیە. کارەکەش لـەخودی خۆیـدا بکـەرە. شـاهێدەکان، چـاودێرانی دەرەوە، ئەشـێ ئامادە بن یان نا، ئـەوە ئەوەستێتە سـەر چەنـد هەلومـەرجێک کـە لەژێر بارودۆخی جیاوازدا لەداواکانیان نزیک ئەبنەوە.

وەختـــێ وەک ماشـــێن دەربـــارەی هـــونەر ئـــەدوێم مەبەســـتم ڕاســتگۆییە. ڕاســتگۆییش ئــەم دیاردەیــەیە ئــەتوانین لــە وزەی پۆلینکراودا ببینین. وزە قورسـەکان ئەوانەی وزەی ئۆرگانیکین.( پەیوەســـتن بـــە هێزەکـــانی ژیانـــەوە، بەغەریزەکـــان و بـــە هەسـتەوەرییەوە) و هەنـدێ وزەی تـریش هەیـە کـە بەئاسـتەم هەسـتیان پێئـەکرێ. پرسـیاری ڕاسـتگۆییش مانـای دەرچوونـە لـەوەی پێـی ئـەگوترێ ئاسـتی هەڕەمـەکی – لەهەنـدێ ڕوانگـەوە

ئەشیٚ کەسێک بڵێ ئاستی هەموو ڕۆژە - بۆ ئاستی ئەو وزە بەئاستەم هەستپێکراوە یان تەنانەت بەرەو ڕووی پەیوەندییەکی بالآتر. من بەوپەڕی سادەییەوە ئاماژە بە تێپەڕبوونەکە ئاڕاستەکە ئەکەم. ئەوەش مانای ئەوەیە کە ئەگەر ئێمە سەبارەت بە وزە قسە بکەین ، ئەگەر کەسێک لە وزەی زۆر وردتر نزیک بێتەوە - ئەوکات ئەو پرسیارەش دێتە گۆڕێ کە لەهەمان کاتدا شتێکی بەئاستەم هەستپێکراو بەرەو واقیعی زیاتر ببەین، کە پەیوەندی بە چارەنووسی جەستەوە هەیە. تۆماس ڕیچاردس تێگەیشتنی خۆی و ئەزموونی کەسیی خۆی لەم جۆرە پرۆسانەدا شیکردۆتەوە و وەک ئاکشنی ناوەکی دیاریکردوون. لەگەڵ ڕاستگۆییدا مەبەست لە وازهێنان لە بەشێک لە سروشتمان نییە، هەموو پێویستە جێوشوێنی سروشتی خۆمان بهێڵینەوە: جەستە، دڵ، سەر، ئەو شتەی لەژێر پێمانە و ئەو شتەی لەسەر سەرمانەوەیە، هەموو وەک هێڵێکی ئەستوونی و ئەم ڕاستگۆییەش پێویستە بەڕێک و پێکی لەنێوان ئۆرگانیکییەت و مەعریفەدا دابنرێ. مەعریفەش مانای هۆشیارییەکە کەپەیوەندی بە زمانەوە نییە. ( ئامێرێکە بیرکردنەوە) بەلآم پەیوەستە بە ئامادەییەوە.

بۆیە دووبارەی ئەکەمەوە ئاکشن ئەنجامدان نییە بەڵکو خولقاوێکی هونەرییە کە تەواو لەلایەن تۆماس ڕیچاردسەوە داهێنراوە و دەرهێنراوە کەلەساڵی ١٩٩٤ ەوە کاری بەردەوامی لەسەر ئەکات. کەسێک ئەشیٚ بڵێ کە ئایا ئاکشن هاوکاریکردنی من و تۆماس ڕیچاردسە؟ ئەمەش نەک بەمانای داهێنانێک بێت کە بە چوار دەست کرابێت،تەنیا لەئاگایی سروشتی کارەکانم لەگەڵ تۆماس ڕیچاردس لە ساڵی ١٩٨٥ ەوە کەدەبووایە

کارەکتەری گواستراوە (گەڕۆک) کەلەترادیسیۆندا وا حاڵی بووە بگوازرێتەوە بۆ خۆی کە من لەژیانمدا پێی گەیشتم، ئەویش ڕوخساری ناوەوەی کارەکەیە.

سەبارەت بە ئاکشن، تۆماس ڕیچاردس خولقێنەری تایبەتییەتی. ئەگەر من ئەو قسانە دووبارە دەکەمەوە بۆ ئەوەیە ڕامالینێکی خاوێن پێش نزیکبوونەوە لە ناو و نیشانەکان کە بۆ ماوەیەکی زۆرە لەناخمدا دەژێن، بکەم. کەسێ چۆن ئەتوانێ پەیامەکەی بگەیێنێ؟ چۆن و بۆ کێی ئەگەیێنێ؟ ئەم پرسیارانەی کە هەموو کەسێکی میراتگری ترادیسیۆنیی لەخۆی ئەپرسێ لەبەر ئەوەی لەهەمان کاتدا میراتگری جۆرێک لە ئەرکە بۆ گواستنەوە کە خۆی پێی ئەگات. چ بەشێک بەناو ترادیسیۆندا دەگەڕێ؟ بۆ چ درێژکردنەوەیەک ترادیسیۆنی خودی کارێک ئەبێ، یان دووان بەهۆی لێکچوون یان یۆگایەک، یان ژیانی ناوەوەی کەلەهەمان کاتدا لێکۆڵینەوە، گەڕان لەگەڵ هەنگاوە بەراییەکانی نەوەی نوێ ئەکات؟

لە لقێکی ڕێبازی بوودایی تیبتییەکاندا دەوترێت ترادیسیۆن ئەتوانێ بژێت ئەگەر نەوەی نوێ یەک لەسەر پێنجی بەشی پێشەوە لەپەیوەست بە جووڵەی نەوەی پێشوو بەبێ لەیادکردن یان لەناوبردنی دەستکەوتەکانی خۆی بێ. ئەزانم، ئەزانم لە چوارچێوەی بەرتەسکی مانای هونەرەوە ئەتوانین بڵێین کە بوون لەوێدا تەنها گۆڕانە نەک گەشەکردن. ئەوەش کاری سامۆئیل بێکێتە چونکە لەدووای کاتی خۆی(درەنگ) ئەگات ، ئەوەش هیچ لە کارەکانی شەکسپیر پێشکەوتووتر نییە. بەڵام لێرەیا من لەو مەودا شارەزاییە ئەدوێم کە هونەرییە و بەڵام

هونەرییەکی تەواو عەیار نییە. لە مەیدانی هونەر وەک هۆیەکی ڕاگەیاندن ئەگەر کاری تۆماس ڕیچاردس لەسەر ئاکشن وەربگرین، لەسەر لەررەی گۆرانی کۆنەکان و هەموو هەڵکشان و داکشانە مەزنەکان کەپەیوەستن بە ترادیسیۆنێک کە گەڕانەکانی ئێرە داگیر ئەکەن. من نەوەیەکی تازە ئەبینم کە پێشوەخت لەچوارچێوەی جووڵانەوەی خۆیدا هەنگاوی هەڵهێناوە.(٤)

**جێرزی گرۆتۆڤسکی**

**چواری تەمموزی ١٩٩٨**

## پەراوێزەکان:

(١)جێرزی گرۆتۆڤسکی لە یازدەی ئابی ١٩٣٣ لە پۆڵەندا لەدایک بووە و لە چواردەی کانوونی یەکەمی ١٩٩٩ لەتەمەنی ٦٥ ساڵیدا لە ئیتاڵیا ژیانئاوایی کردووە. گرۆتۆڤسکی دەرهێنەرێکی شانۆی پۆڵەندی و داهێنەری شانۆی ئەزموونگەری و داهێنەری کۆنسێپتی شانۆی تاقیگە و شانۆی هەژارانە.

(٢)ئەم شانۆییە چوار ساڵ ئامادەکاری بۆ کرا و گرۆتۆڤسکی نەیتوانی سەرەتا بینەرێکی زۆر بۆ شانۆییەکە کۆ بکاتەوە و تەنها بۆ گرووپی بچووک بچووک نمایش دەکرا.

(٣)( The Drama Review) لێکۆڵینەوەی دراما ڕاگەیاندنێکی وەرزییە جەخت لەسەر نمایشە کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئیستاتیکی و کۆنتێکستە سیاسییەکان ئەکاتەوە.ڕاگەیاندنەکە بوارەکانی سەما و شانۆ و مۆسیقا و نمایشی هونەری و هونەری بینین و چێژبەخشە ناسراوەکانی لەچەشنی میدیا و وەرزش و پەیڕەوکردنی نەریت و نمایشی سیاسیانەی هەموو ڕۆژەی ژیان ئەگرێتەوە. لێکۆڵینەوەی دراما لە ساڵی ١٩٥٥ لەلایەن ڕۆبەرت کۆریگانەوە دانراوە و لەئێستاشدا بەربڵاوترین بانگەوازکەر و کاریگەر جیهێلی ڕاگەیاندنی سکۆلاریانەیە کەپەیوەندی بە نمایشەوە هەبێ.

(٤)ئەم نووسینە لە شاری پۆنتێدرا لە وڵاتی ئیتاڵیا لە چواری چواری تەمموزی ١٩٩٨ واژوو کراوە.


## سەرچاوەکان:



١- Gale Academic Onefile website

٢- The Drama Review 43,2(T162),Summer 1999

٣- http://en.wikipedia.org/wiki/TDR_(journal)

## ڕۆمانی پیرەمێرد و دەریا



(لە ئینگلیزییەوە)

پیرەمێرد و دەریا؛ دوایین بەرهەمی گەورە نووسـەری ئەمریکیی ئێرنست میلەر هەمینگوەیە و لە سـاڵی ١٩٥٢ چـاپکراوە، کتێبەکە لە چیرۆکێکی ڕاسـتەقینەوە وەرگیـراوە و بـاس لە شـەڕی نێوان ماسیگرێکی پیری کوبایی دەکات کە ناوی سـانتیاگۆیە و لەگەڵ ڕەماسـییەکی گەورە. کتێـبەکە لە چیرۆکێکـی ڕاسـتەقینەوە وەرگیـراوە کە هەمینگـوەی لە سـاڵی ١٩٣٥ گوێبیسـتی بـووە و فێـری بـووە. هەمینگـوەی ڕۆمـانی پیرەمێـرد و دەریـای بە "باشترین بەرهەم لە ژیانی خۆیدا" زانیوە.

پیرەمێـردەکە ( سـانتیاگۆ) نە گلەیـی دەکـرد و نە بێئومێـدیش بووبـوو، لە کاتێکـدا هەشـتا و چـوار ڕۆژ بـوو هیچـی بەدەسـت نەهێنابوو. بە پێچەوانەوە هێشتا لێوڕێژ بوو لە گەشبینی. وەک ئەوەی کە بۆ شـتێک هەمـوو هەوڵێکمـان داوە، بەڵام هێشـتا ئەو ئەنجامەمان بەدەست نەهێناوە کە دەمانەوێت، کەواتە لەم کـاتەدا دەتـوانین چـی بکەیـن؟ ئایـا دەتـوانین وەک پیرەمێـردەکە هەڵوێسـتێکی گەشـبینانە بپـارێزین؟ ئەگەر وایە، ئەوا دەرئەنجـامەکەی هەرچیـیەک بێـت، لانـیکەم بـوونی خۆمـان سەلماندووە.

بەلەمێکـی بچـووکی ماسـیگرتن و ماسـیگرێکی بە ئەزمـوون لە زەریـایەکی شـین و فراوانـدا لە ململانێدان بـۆ گرتنـی ماسـییەکی گەورە. چیـرۆکەکە زۆر سـادەیە، ماسـیگرتنە. بەڵام ئەم ماسـیگرتنە، ماسـیگرتنێکی نائاسـایی تـر بـوو، پیـرە پیاوێـک ڕەماسـییەکی گەورەتـر لە کەشـتییەکەی خـۆی ڕاو دەکـات. لە هەمـوو پرۆسـەی ململانـێکەدا تـاکە کەس بـوو، بە تەنیـا لەگەڵ ماسـییەکە شـەڕی دەکـرد. بـا باسـی پیرەمێـردەکە بکەیـن.

پیرەمێردەکە سێ ڕۆژ لەگەڵ ماسییەکە شەڕی کرد، بە نائومێدییەوە دەستی بە تۆڕ و قولابەکەوە گرتبوو، دەست و شانەکانی ماندوو بووبوون، هەستی بە ئازارێکی زۆر دەکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆڵی نەدا، پیاوێک بوو کە ئامادە نەبوو دان بە شکستدا بنێت. پیرەمێردەکە کاتێک ماسی دەگرت، هێشتا هۆشمەندانە بیری دەکردەوە. بەخۆی دەگوت چی بکات و هەنگاوی دوواتری دەبێت چی بێت. ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەزموونی دەوڵەمەندی پیرەمێردەکە بوو، پیرەمێردەکە هەمیشە ئامادە بوو، ئەمەش هۆکاری سەرکەوتنەکەی بوو.

پیرەمێردەکە عەشق و سۆزی سەبارەت بە دەریای هەبوو. ئەو بەوپەڕی توانـاوە بـاوەڕی وابـوو کە ماسییە گەورەکە لە شوێنێکدایە. ئەگەر هەشتا و چوار ڕۆژە ماسییەکی نەگرتبێت، ئەمە هێشتا ناتوانێت پیرەمێردەکە بێهیوا بکات. هەشتا و چوار ڕۆژ، هەشت ڕۆژ و چوار ڕۆژ نییە. ئەگەر کەسانێکی تر بن دەتـوانن ئەوەنـدە پشـوو درێـژ بـن؟ پیرەمێـردەکە بەمتمـانەبەخۆبوونەوە و لەگەڵ دەریـادا لە ژووانێکـی ڕۆمانسییانەدایە. باوەڕی بە خۆی و دەریا هەیە. دەتوانرێت بوترێت کە خەونی پیرەمێردەکە ڕاوی ماسییە، ڕاوی ماسییەکی گەورە. لە ڕۆمانەکە دەتوانین کە ڕەماسییەک ببینین لەلایەن پیرەمێردەکەوە ڕاوکراوە. ماسی لەڕادەبەدەر خۆشەویست و ڕێزلێگیراوە، تەنانەت وەک برایەک مامەڵەی لەگەڵ دەکات، بەڵام بەهۆی بژێوی ژیانییەوە ناچارە بیگرێت. پیرەمێردەکەش کەسێکی متمانە بەخۆیە. ئەو پێیوایە کە ماسییە گەورەکە بەقولابەکەوەیە، هەروەها پێی وایە دەتوانێت ماسییە گەورەکە بگرێت. ئەم متمانەیە لە توانای ئەویشەوە سەرچاوە دەگرێت.

له ڕۆمانەکەداپیرەمێردەکە زیاتر له جارێک باسی لەوە کردووە کە "ئەگەر کوڕەکە لێرە بووایە زۆر باش دەبوو"، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە کوڕە بچووکەکەش له دڵیدا یاریدەدەرێکی بەهێزە. پیرەمێرد زۆرجار قسە لەگەڵ خۆی، دەریا، ماسی، ئاسمان دەکات، جارێک له دڵی خۆیدا وتی، مرۆڤەکان له دەریادا تەنیا نابن. بەڵام هەست دەکەم پیرەمێردە تەنیاکە بە تەنیا له بەلەمی ماسیگرتنی لەگەڵ تەنیای خۆی قسە دەکات. پیرەمێردەکە له ڕاستیدا نایەوێت تەنیا بێت، بۆیە له کۆتاییدا پیرەمێردەکە بە کوڕە بچووکەکە دەڵێت "زۆر بیرت دەکەم". گرنگ نییە سانتیاگۆ چەند بەهێزە، ئاخر ئەویش مرۆڤە. کاتێک له داهاتوودا دەچێتەوە دەریا، باوەڕم وایە بە دڵنیاییەوە کوڕە بچووکەکە لەگەڵ خۆی دەبات. هەروەها یارمەتییەکانی زیاونانیش زۆر باشە. ئاخر نابێت هێزی هاوکاریکردن بە کەم سەیر بکرێت. هێزی هاوکاری کە بە تەنیا کار بکات، بە دڵنیاییەوە هێندەی هەوڵێکی هاوکاریکردن باش نییە. بۆیە دەبێت سوودێکی باش له هێزی هاوکاریکردن وەربگرین بەڕاستی ئەوەندەی کێکێکی هاوبەش له هاوبەشبوونی ئەنجامەکانی کۆتایشی نەترسین.

لەبەردەم دەریای چارەنووسدا هەریەک له ئێمە ماسیگرێکین و هەمیشە گەلێ ڕێگەی بێشومار هەیە بۆ ئەوەی هەستمان بڕوشێنێت و بمانخاتە بەردەم بەدبەختییەوە. پاشان پێویستە بە هێمنی قبوڵی بکەین یان بە توندی شەڕ بکەین، گرنگیش نییە چۆن ژیان و واقیع دەڕازێنینەوە، بەڵام ناتوانین دەستبەرداری ورە و خۆڕاگری لەنێو ئێسکەکانماندا بین.

هەمـوو ڕاوچییەکـی خەونـان شـایەنی سەرسـامییە، پرۆسـەی ڕاوچی خەونانیش وەک دوای بەسەرهاتەکەی بەبەهایە. تەنانەت ئەگەر ڕاوەدوونەری خەونەکـان بە هەسـت برینـداربوون داپۆشرابێت، هەر کاریگەر و دڵخۆشکەرە. لەوەش زیاتر، کاتێک پیرەمێردەکە دواجار بانگی کوڕە بچووکەکەی کرد بۆ ئەوەی کەلوپەلی ماسیگرتنەکە ڕێکبخاتەوە و جارێکی دیکە بجەنگێتەوە، هـیچ ترسـێکی نەبـوو، هـیچ دوودڵییەکـی نەبـوو، هەرچەنـدە جەستەی ئەوەندە ئازاری هەبوو کە خەریک بوو دەتەقییەوە، بەڵام هێشتا خاوەن ئیرادەیەکی و بێ چەندچوون بوو. ئەمجۆرە بوێری و متمانەییەش، ئەوە دێنێت هەست بجووڵێنێت.

سەرچاوە:


English Literature Pro.


An education page for students of literature and Language

https://www.facebook.com/Eng.Lit.Pro

تێبینی: ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی ڕەوت ژمارە ٣١ ی ساڵی ٢٠٢٤ بڵاوکراوەتەوە.

# نووسینە بەرایی و ونبووەکانی
# جەیمس کۆنۆڵی (١٨٨٩ – ١٨٩٨)






ڕانانی: کریس مەککەیب

(لەئینگلیزییەوە)

جەیمس کۆنۆڵی خاوەن بیروباوەڕی ڕادیکاڵی سۆشیالیست بۆ زیاتر لە سەدەیەک لەبیرکرا، بەڵام ئێستا لەڕێگەی نووسینە بەرایی و ونبووەکانییەوە، زیندوو بووەتەوە. کۆنۆڵی هەمیشە خاوەن دیدێکی لە سازش نەهاتوو و مولتەزیم، بووە.

نووسینە بەرایی و ونبووەکانی جەیمس کۆنۆڵی، پەردە لەسەر سالآنی پێکهاتنی یەکێک لە کاریگەرترین بیریار و ڕابەرە شۆڕشگێڕە سۆشیالیستەکانی سەدەی بیستەم دەخاتە ڕوو. لەم کۆنووسینە شۆڕشگێڕانەیەدا، مێژوونووس کۆنر مەککەیب، نامە و وتارە بەراییەکانی کۆنۆڵی کۆدەکاتەوە، کە زۆربەیان زیاتر لە سەدەیەکە نووسراون کە یان بڵاونەکراونەتەوە یانیش دەستڕەس نەبوون. ئەم نووسینە بەراییانە وردەکارییەکی دەگمەنن کە پەرەسەندنی بیری سیاسی کۆنۆڵی دەخەنە ڕوو، کاتێک کەڕابەرایەتی خەباتی بۆ مافەکانی کرێکاران و سۆسیالیزم و سەربەخۆیی ئێرلەندا دەکرد. کۆنۆڵی لە ڕێگەی ڕەخنە جیدییەکانییەوە لە سەرمایەداری و ئیمپریالیزم، زەمینەی فیکریی بۆ ئەو بزووتنەوە ڕادیکالآنە دادەنا، کە دواتر پێناسەی شوناسەکەیان لەوێوە دەستپێدەکرد.

ئەم کۆنووسینە نەک هەر وردبینی فیکری کۆنۆڵی نیشان دەدا، بەڵکو پابەندبوونی قووڵی شەخسییشی بە چینی کرێکار و چەوساوەکانەوە ڕاگەیاندووە، هەر لە سەرەتای بەشداریکردنی کۆنۆڵی لە بازنە سۆشیالیستییەکانی سکۆتلەندا تا بوونی بە ڕابەر لە ئێرلەندا، نووسینەکانی بەراییەکانی کۆنۆلی، بیرمەندێک ئاشکرا دەکەن کە هێندەی وابەستەی کردار بووە، ئەوەندەش وابەستەی تیۆر بووە. بەرهەمە سەرەتاییەکانی، تۆوی ئەو شتە

نیشـــان دەدەن کە دەبـــنە ســـتراتیژی شۆڕشـــگێڕانەی ئەو، وەک تێکەڵەیەک لە شیکاری مارکسیستیی، کۆماریخوازی ئێرلەندیی و داکـۆکیکردنێکی سەرســەخت بـۆ هــاودەنگی نێـودەوڵەتیی. بـۆ خــوێنەران، ئەم کۆنووســینە پەنــجەرەیەک بــۆ ســەر ژیــانی گەنجێکــی یــاخی دەخــاتە ڕوو، کە بیروباوەڕەکــانی دەبــنە ئیلهامبەخشـــــی بزووتنەوەگەلێـــــک لە دەرەوەی قۆنـــــاغ و سەردەمەکەی خۆی.

بە ئیــدیتێکی وریایــانەی ورد و زەمینەیەکــی مێژوویــی، ئەم کۆنووســـینە دەبێـــتە ســـەرچاوەیەکی بـــاوەڕپێکراو بـــۆ مێژوونووسانی کرێکار و بیرمەندانی مارکسیزم و توێژەرەوانی ئێرلەندیی، هەروها بۆ خوێنەرانێکیش کە تامەزرۆی لێکۆڵینەوەن لە ســـەرچاوەی بیـــرۆکە شۆڕشـــگێڕییەکانی کۆنـــۆڵی، بە دەستڕەسی دەمێنێتەوە. نووسینە بەرایی و ونبووەکانی جەیمس کۆنۆڵی هەم شیکارییەکی زانستین بۆ گەشەسەندنی سەرەتایی سیاسی خودی کۆنۆلی و هەمیش گێڕانەوەی بنیادنانی بنەچەی عەقڵـــی شۆڕشـــگێڕانە، پێشـــکەش دەکەن. ئەم کۆنووســـینە خوێنـــدنەوەیەکی جەوهەریـــیە بـــۆ هەر کەســـێک کە هەوڵـــی تێگەیشـــتن لە بناغەکـــانی بیـــری کۆنـــۆڵی و کـــاریگەرییە بەردەوامەکانی لەسەر خەباتە نێونەتەوەییەکان بۆ دادپەروەری و یەکســـانی و هەروەهـــا پەیوەنـــدییەکانیان بە خەبـــاتی ڕزگاریخوازی مۆدێرنەوە، بدات.

تێبینی: ئەم کورتە ڕانانەی ( کریس مەککەیب)م لەم سایتەی خوارەوە وەرگێڕاوە.

The Art & History of Socialism



# محەمەد دەكروب.. ماڵئاوا ئەی دوا كۆمۆنيست..!

نووسينی: شاكر فەريد حەسەن


(لەعەرەبييەوە)

محمـد دەكـروب، ڕۆشـنبیرێكی ماركسیسـتیی شۆڕشـگێڕ و ڕەسـەنی نـاوازە، بیرمەنـدی ئاڤانگـاردی ڕۆشـنگەری دیـار، ڕەخنەگـری هۆشـیار و نـوێگەر، خەباتكـاری كۆمۆنیسـتی بەئەزموون و ڕووناكبیر، هەڵگری ئاڵا و بیركردنەوە و ئەخلاقی چینـی كرێكـاری زەحمەتكـێش و مێژوونووسـی بـزووتنەوەی كۆمۆنیسـتی لوبنـانی عەرەبی كە نـاوەكەی هاوواتـای كتێبەكەی بوو بە ناوی(جذور السنديانة الحمراء) كۆچی دوایی كرد. ئەو مـرۆڤە سەرڕاسـت و خۆبنیـادنەرەی كە ژیـانی تـا دوا تنـۆك خۆشدەویسـت، ژیـانی خـۆی وەك تەنەكچییـەك دەسـتپێكرد، پاشـان بەهـۆی خوێنـدن و خوێنـدنەوە و تینـوێتی شـكاندن لە كانیـاوی مەعـریفە و كلتـوور و بیـری پێشـكەوتووخوازانەی مرۆڤـایەتی، بـوو بە ئەسـتێرەیەكی درەوشـاوە و یەكێـك لە دیـارترین ڕەخنەگرانـی ئەدەبیـی و دامەزرێنەرانـی ڕەخـنەی ئایـدیۆلۆژی لە جیهـانی عەرەبیـدا، هەروەهـا بـوو بە سەرنووسـەری گۆڤـاری "الطريـق"، بەناوبـانگترین و دێرینتـرین گۆڤاری ڕۆشـنبیری چەپی عەرەبی، كە بەم دووایییـانە دووبـارە دەستی كردەوە بە دەرچوون دوای ئەوەی بۆ مـاوەی دەیەیەك لەبڵاوكـردنەوە وەسـتا. چ پارادۆكسـێكە كە مـحەمەد دەكـروب لە ناوەڕاستی ئاهەنگێڕانی كۆمۆنیستەكان و هاوڕێكانیاندا بۆ یادی ٨٩ سـاڵەی دامەزرانـدنی حزبـی شـیوعی لوبنـان كە خـۆی ئـاوێنەیەكی ئەو حیـزبە بـوو، كـۆچی دوایـی كـرد. بە مردنـی دەكروب، لوبنان و جیهانی عەرەبی و بزووتنەوەی ماركسیسـتی و كۆمۆنیسـتی لوبنـانی و عەرەبی، كەسـایەتییەكی درەوشـاوەی خەبات، پێشەنگێكی كلتووری ڕۆشنگەری عەقڵانی و كرێكاری و چینـایەتی و بیرمەنـدێكی پێشـكەوتنخواز و ڕۆژنامەنووسـێكی

شۆڕشـــگێڕی چەپیـــان لەدەســـتدا. یەکێـــک لە بەشـــکۆترین ڕۆشنبیرانی ئایدۆلۆژیستی مارکسیستی عەرەب بە هەژاری ژیا و مـرد، کە جـگە لە سـامانی نووسـین و بیروبـاوەڕ و هـزر و خەونەکانی هیچی تری نەبوو بەڵام مەشخەڵی ئەو بیروباوەڕەی کە بـاوەڕی پێـی هەبـوو، بەدەسـتەوە گرتبـوو و لایەنگریـی و پشتیوانی و بەرگری لێدەکرد. هەورەهـا ژیـان و تەمەن و وزە و قەڵەمەکەی تەرخـان کـرد بـۆ دیفـاعکردن لە بەهاکـانی ئـازادی و دیموکراسـی و دادپەروەری کـۆمەڵایەتی و پێشـکەوتنخوازی و بەرزتـرین دۆزی ئینسـانیی لە بوونـدا، دۆزی چەوسـاوەکان و چینـی کرێکـاری بەشـمەینەت کە خەبـات دەکەن بـۆ ئـازادی و ڕزگاربوون لە کۆت و بەندی و چەوسانەوە و ستەمی چینایەتی.

محەمـــەد دەکـــروب نمـــوونەی یەکێـــک لە ڕەخنەگـــرە هەرە دیارەکـانی ڕێبـازی ڕیـالیزمی سۆسیالیسـتییە کە بەشـداری لە دامەزرانـدنی و چەسـپاندنی بناغەکـانی بـزووتنەوەی ڕەخـنەی ئیستاتیکای مارکسیستی داهێنەرانە لە لوبنان و جیهانی عەرەبیدا کردووە. لە شاری (صور)ی لوبنان لەدایک بـووە و گەورە بـووە و لە قوتابخانەکانیـدا خوێنـدوویەتی، بەڵام بەهـۆی بـارودۆخی ســەختی ژیـــانەوە قوتابخـــانەی جێهێشـــتووە و پەیوەنـــدی بە ڕیزەکـــانی جەمـــاوەر و کرێکـــارانەوە کـــردووە، لەوێ وەک فرۆشـیاری بەروبـوومە پاقلەمەنییەکـان کـاری کـردووە، پاشـان دەبێت بە تەنەکچی. لەم نێوەندەدا بەهۆی نـامە گۆڕینەوەوە لە ڕێگەی هاوڕێیەکی (کەریم مەروە)وە ئاشنا دەبێت بە کۆچکردوو دکتۆر (حوسـین مەروە)ی نووسـەر و هەڵسـوڕاوی کۆمۆنیست. ســەبارەت بە یەکەم دیـداریان دەکـروب دەڵێـت ( لەڕۆژێـک لە ڕۆژەکانی سـاڵی ١٩٤٩ لەنێو دوکـانێکی بچـووک و کۆنـدا بـووم

که پــڕ بـــوو له تەنەکە و قووتـــوو و پەرەمێـــز، ســـەرقاڵی لەحیمکردنـــی مەســـینەیەکی شـــکاو بـــووم و لەبەر خـــۆمەوە منگەمنگم بوو و لەناکاو پیاوێک ڕاستەوخۆ لەبەردەممدا قیت بـووەوە، جەسـتەی لاواز و ڕووخسـاری تەنـک و دوو لێـوی ئەستوورەوە ، زەردەخەنەیەکی دۆستانەی کرد و وتی: سلاو مــحەمەد، مــن حوســێن مەروەم. بە پەشــێوییەکەوە وەســتام، دەستەکانم نەوتی سپی و ژەنگ و ئەمۆنیاییان پێوەبوو. دەستم بۆی درێژ کرد، لەو ڕۆژەوە تا ئەمڕۆ و تا کۆتایی ژیانمان، دەســتمان لەنــاو دەســتی یەکتــردایە.) دوای ئەوە محەمــەد دەکروب لە بەیروت لەلای بازرگانێکی کاغەز دەست بەکارکردن دەکــات و لەم قۆنــاغەدا حوســێن مەروە چەنــدین کتێــب و ئەدەبییـاتی مارکسیسـتی پێـدەدات و لەم کتێبـانەوە فەرهەنگـی ئیســتاتیکی و پێشــکەوتنخوازانە و شۆڕشــگێڕانەی پابەنــد بە مرۆڤـایەتی فێربـووە و بە گـوێگرتن لە گفتوگۆکـانی حوسـێن مەروەش سـەبارەت بە حیـزب، ڕێـگەی خـۆی بـۆ نـاو حزبـی شیوعی لوبنانی دۆزیوەتەوە. پاشان لە گۆڤاری (الثقافة الوطنیة) دا کــاری کــردووە، کە کۆمەڵێــک لە نووســەر و شــاعیر و ڕۆژنامەنووسی پێشکەوتنخوازی لە دەوری خۆی کۆکردەوە و هەروەهـا سـەکۆیەک بـوو بـۆ بیرکـردنەوەی پێشـکەوتنخوازی مرۆڤایەتی دژ بە کۆلۆنیالیزم و کۆنەپەرستی و هەروەها شـەڕی ئەدەبی و فیکری و شارستانییانەی لە دژی کلتووری بۆرژوازی کۆنەپەرستانە و شۆڤێنیستی دژ بە هەموو شتێکی مرۆڤدۆستانە و جوان، بەرپا کردووە.



دەکروب ژیانی ئەدەبیی خۆی بە نووسینی پەخشانی ئەدەبیی و کورتەچیرۆک دەستپێکرد، کە تیایدا واقیعی گوندە خامۆشەکەی و خەمی ڕۆژانەی مرۆڤە سادەکان و ئازارەکانی هەژاران و ستەملێکراوانی سەر هەسارەکەمان تیا وێنا دەکرد. یەکەمین بەرهەمی هونەری خۆی لە گۆڤاری (الطريق)ی لوبنانی، زمانحاڵی حزبی شیوعی و هەموو نیشتمانپەروەر و پێشکەوتنخوازان، کە دواتر خۆی بووە سەرنووسەری، لە ژێر ناوی (پێنج قروش) دا بڵاوکردەوە. لە تەمەنی گەنجیدا، لە ساڵی ١٩٥٤دا کۆمەڵە چیرۆکێکی خۆی بە ناوی (الشارع الطويل) و لە ساڵی ١٩٨٠ کتێبێکی تری بە ناوی ( الآدب الجديد و الثورة) بڵاوکردەوە، کە کۆمەڵە وتار و لێکۆڵینەوە و باس و نووسینی ڕەخنەییە، کە دەرئەنجامی ئەزموونی ڕۆژانەی شەڕە

فیکرییەکان و مشتومڕەکانی پەیوەست بە ململانێ کۆمەڵایەتی و سیاسییە گشتییەکان بوو کە هەڵگری لایەنی مێژووی ململانێی ئایدیۆلۆژین لە بزووتنەوەی فەرهەنگی و ئەدەبیدا کە ناوەندە فیکرییەکانی عەرەب لە دەیەی شەستەکان و حەفتاکاندا بەشێوەیەکی تایبەت ئەزموونیان کردبوو و لە گۆڤاری (الطریق)دا بڵاوی کردبوونەوە. دەکروب لەو کتێبە خوێندنەوەی بۆ هەندێک دەق سەبارەت بە ئەدەب و هونەر و ڕەخنە کردووە و لەژێر تیشکی جوانیناسی مارکسیستیدا ڕۆشنکردنەوە و شیکردنەوەی ڕەخنەیی بۆ بەرهەمە هونەرییەکان و گفتوگۆی کێشەکانی داهێنانی ئینسانیی، ئەنجام دابوو.



سەبارەت بە هۆکاری کۆکردنەوەی ئەو نووسینانە و بڵاوکردنەوەیان لە کتێبێکدا، محەمەد دەکروب دەڵێت (هۆکاری تایبەت خواستی ڕزگاربوون بوو لەم قۆناغە بۆ چوونە ناو هەوڵی ڕەخنەیی نوێ، دەبێت ئەوەش بگوترێ کە لە نێو ئەو هاندەرە گشتییانەی کە هۆکار بوون، هەڵبژاردنی ئەم نووسینە تایبەتانە، کە هەندێکیان مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی دەیەی حەفتاکان بریتییە لە خستنەبەرچاوی لایەنێک لە لایەنەکانی ئەزموونی بزووتنەوەی ڕەخنەگرانە کە کتێبەکە، سەر بە بیری پێشکەوتنخوازانەی مارکسیستییە، لەبەردەم ژمارەیەک لە ڕەخنەگری گەنجی عەرەبی، کە بەمشێوە یان بەوشێوە سەر بە خودی بزووتنەوەکەن و بە هەڵەشەیی و مەیلی چەپڕەوانەی خۆیانەوە لە دەیەی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا کەوتنە ناو بزووتنەوەی ڕەخنەی پێشکەوتنخوازانەوە {پۆلێنبەندی سیاسی و چینایەتی چارەنووسساز و بێئەملاوئەولای داهێنان و کاری داهێنەران و هەندێکجار ڕازی بوون بە ڕوئیای ناوەڕۆکی سیاسی کارە هونەرییەکان بە شێوەیەک کە سروشتی هونەر وەک هونەر لە پلەی یەکەمدا تەمومژاوی بکات} لە کاتێکدا هونەری ئەم سەردەمە لە تۆیژینەوە ڕەخنەییە بابەتییە وەرگێڕدراوەکاندا، هەمەجۆربوونی ڕێگاکانی لێکۆڵینەوە و بەردەستبوون و وەرگێڕانی جۆراوجۆری شێوازەکانی توێژینەوەی نووسینە کلاسیکییە مارکسیستەکان بۆ سەر زمانی عەرەبی بە بابەتە تایبەتەکانی ئەدەب و هونەریشەوە، هەموو ئەمانە بوار بە ڕەخنەگران دەدەن گەنجانەکان (وەک چۆن ڕێگەی بە ڕەخنەگرانی نوێی دیکە داوە) نەک تەنها قۆناغی پەنجاکان بە دەستکەوت و هەڵەکانییەوە تێپەڕێنن، بەڵکو بتوانن

لێکۆڵینەوەی سیستماتیکی ئەم ئەزموونە ڕەخنەییەش ئەنجام بدەن و ڕەخنەی لێ بگرن و ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی لە دڵی مارکسیزمەوە بەرنە ئاستێکی بەرزتر تا هەندێک لە نووسەرانی پێشکەوتنخواز لە دەیەی هەشتاکان هەمان بیرۆکە و هەمان پۆلێنکردن و هەمان حوکمەکانی کاتگۆریی دووبارە نەکەنەوە کە بە هەڵەی منداڵانەی بزووتنەوەی ڕەخنەگرانەی پێشکەوتنخوازی دەیەی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا دادەنران.)

محمد دەکروب کۆمەڵێک کتێب و دەستکەوت و بەرهەمی ڕەخنەیی و لێکۆڵینەوە و مێژوویی لە دوای خۆی بەجێهێشتووە، کە گرنگترینیان بریتین لە: (شخصيات و أدوار في الثقافة العربية الحديثة)، (وجوه لا تموت في الثقافة العربية الحديثة)، (على هامش سيرة طه حسين) ئەمە جگە لە کتێبە بەناوبانگەکەی( جذور السنديانة الحمراء) کە مێژووی بزووتنەوەی مارکسیزم لە بنیاتنان و سەرهەڵدانی حزبی شیوعی لوبنان، کە خۆی یەکێک بوو لە ئەندامە دڵسۆزەکانی بۆ بنەما و ڕێگا و قەناعەتەکانی ئەو حیزبە، لەخۆگرتبوو. محەمەد دەکروب، ڕەخنەگری ناوازە و ڕۆشنبیری بێهاوتا لە ژیان و بیرکردنەوە و بەخشینەکەیدا، بە بێدەنگی و بە هێمنی و دوور لە هاژوهوژ وەک بلیمەتەکانی تری دنیای فکر و مرۆڤە بە پرەنسیپییەکان، دووچاری هەژاری و دەستەنگیی بوو و قوربانی بە ڕۆح و ژیانی خۆیدا لە پێناو خەڵک و نیشتمان و کۆمەڵگە و داهاتوویەکی باشتر بۆ هەموو زەحمەتکێش و چەوساوەکان.

ماڵئاوا، سەربەرزم پێت ئەی دوا کۆمۆنیست، ئەی ڕەگی بەڕووە سوورە وەستاو و ڕەگ داکوتاوەکە، بەڵێن دەدەین کە وەفادار

بمێنینەوە بۆ ڕێگا و بیروباوەڕی ڕۆژنامەی (الطریق) و تۆش بەوپەڕی بەهێـزییەوە لە نێـو ئـێمە و فەرهەنگـی داهێـنەرانەی نـوێگەری و بیـری عەرەبـی هاوچەرخمـان، ئامـادە و زینـدوو دەمێنیتەوە.

سەرچاوە: موقع رابطة الادباء الشام تعني بقضايا الآدب و الآنسان محمد دكروب وداعا ايها الشيوعي الآخير..! بقلم شاكر فريد حسن ٢ تشرين الثاني ٢٠١٣.

https://www.odabasham.net



# کورتەباسێک سەبارەت بە مێژووی چینی کرێکار لە کەنەدا

تشرینی یەکەمی ٢٠٢٤

(ئامادەکردن و وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە)

## دەروازەیەکی مێژوویی

وڵاتـــی کەنەدا لەپرۆســـەیەکی مێژوویـــی درێـــژ و لەهەنـــاوی شـەڕێکی خوێنـاوی حەوت سـاڵەی نێـوان بەریتانیـا و فەرەنسـا دەریـایەک خـوێنی تێـدا ڕژا. ئەوروپییەکـان هەر لە سـەرەتای سـەدەی پـازدەهەمەوە بەدیـاریکراوی لە سـاڵی ١٤٩٧ گەیشـتنە کەنارەکـــانی ڕۆژهەڵاتـــی کەنەدا و لە هەرێمـــی لابـــرەدۆر و دوورگەی نوفنلانـد جێگیربـوون. کێبڕکێـی نێـوان فەرەنســا و بەریتانیا لەپێناو داگیرکردنی خاکی کەنەدا و دەستبەسەرداگرتنی زەوی و ســـامانی ژێرخـــان و ســـەرخانی ئەم وڵاتە، هەمـــوو ســـنوورەکانی مـــافی مـــرۆڤ و ئینســـانییەتی بەزانـــدبوو. قێزەوەنترین کـاری ئەو دوو دەوڵەتە ئیمپریالیسـتە، قەلاچۆکردن و جینۆسـایدی ملیـۆنی نەیتیڤەکـانی (Indigenous)ی کەنەدا بوو، کەلەمێژووی پێنج سەد ساڵی ڕابردووی باکووری ئەمریکا بێـــوێنەیە. بەر لەهـــاتنی ئەو وڵاتە ئیمپریالیســـتانە،نەیتیڤەکانی کەنەدا ژیـانێکی نـیمچە سروشـتی و سـەرەتایی خۆیـان دەژیـان، بەواتـــایەکی تـــر شـــێوازی ژیـــانی نەیتیڤەکـــانی کەنەدا زۆر لە شێوازی ژیانی مرۆڤەکانی قۆناغی کۆمۆنەی سـەرەتایی دەچوو، کـــاتێکیش ڕووبەڕووی داگیرکـــاری بـــوونەوە، ســـەرباری هەر بەرگرییەک لە خـاک و ژیـانی خۆیـان، زۆر نائینسـانانە بـوون بە خۆراکی سوپا و دەسەڵات و چەک و ئامڕازەکانی تری قڕکردن. ژیانی زۆربەی نەیتیڤەکان پشتی بە ڕاو بەستبوو. چونکە بەهۆی کەشـوهەوای سـارد و بەفـراوی کەنەدا، سـەرزەمینی ئەم وڵاتە زۆر بەکەڵکـی کشـتوکاڵ نەدەهـات. ئەم سـێکتەرە ئـابوورییە تـا سەدەی ڕابردوو بەپێی پێویسـت کەڵکی لێنەوەرگیرابوو. کەنەدا

خـاڵیبوو لەهەر جـۆرە پیشەسـازی و مانیفـاکتۆرەیەک، جـگە لە هەنـدێ کـاری دەسـتکرد کە نەیتیڤەکـان وەک پێداویسـتییەکی ژیانیـان ئەنجامیـان دەدا چەشـنی دروسـتکردنی جلـوبەرگ و ئامرازەکـانی سـەرەتایی ڕاوکـردن و بەلەم و هەنـدێک ئـامرازی سـەرەتایی تـر ، شـتێکی تـری تیـا نەبـوو. لەگەڵ هـاتنی دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان بەریەککەوتنێک لەنێوان نەیتیڤەکان دۆخـی تـازە هاتە ئاراوە، کە پێشتر پێی ئاشنا نەبوون وەک:

یەکەم: داگیرکردنـــی خـــاک و ئـــاوی نەیتیڤەکـــان لەلایەن ئەوروپییەکان و شەڕ کردن و بەرگریکردن لەخۆ.

دوو: بەریەککەوتنیـان لەگەڵ ئـاینی نـوێی مەسـیحی و بەزۆر سـەپاندنی ئەو ئـاینە نـوێیە بەسـەریاندا. لەکاتێکـدا نەیتیڤەکـان خاوەنی ئایین و ڕەمز و سرووتی ئایینی تایبەت بەخۆیان بوون.

سـێ: بەریەککەوتنیـان لەگەڵ جیهـانی کتێـب و خوێنـدەواری و قوتابخـانە و نووسـین کە تـا ئەو سـاتە نـامۆبوون پێی. هەروەهـا هێنانی چاپخانە و دەرکردنی گۆڤار و ڕۆژنامە.

چوار: بەریەککەوتنیان لەگەڵ بەرهەمی شارستانییەتێکی نوێ لە جلـوبەرگ و کلتـوور و فەرهەنـگ و خـواردن و خـانوو و هاوسەرگیری و شێوازێکی تری تازەی ژیان.

پێنج: شەڕ و پێکدادان و کوشتنی بەکۆمەڵ و قڕکـردن کەتـا ئەو ساتە نەیتیڤەکان جینۆسایدی بەوجۆرەیان بەخۆوە نەبینیبوو.

شـەش: گۆشـەگیرکردنی نەیتیڤەکـان و کێشـانی سـنووری نێوان مەکسیک و ئەمریکا و کەنەدا و کێشوەری ئەمریکـای باشـوور و ئـابلۆقەدانی ژیـانی نەیتیڤەکـان لەسـنوورە بەرتەسـکەکانی

جوگرافیایەکی دیاریکراو، هێندەی تر ژیانی نەیتیڤەکانی لەمەنگەنەدا.




لێرەوە ململانێیەکی نوێ لەنێوان تالانچییانی ئیمپریالیزمی بەریتانی و فەرەنسایی لەلایەک و خەڵکی نەیتیڤی کەنەدا لەلاتەکت تر هاتە ئاراوە. باڵادەستی ئیمپریالیزم لەو ململانێیە، نەیتیڤەکانی ناچار بەپاشەکشەکرد. لێرەوە ئەو دەوڵەتانە لەپێناو بەدەستهێنانی سامانی سروشتییەکان و دۆزینەوەی زێڕ و پێداویستییەکانی بازاری سەرمایەداری ئەوروپا ئەوەی نەشیاوبوو ئەنجامیاندا. چاوچنۆکی؛ سەرمایەدارانی ئەوروپای ناچار کرد بەشێک لە سەرمایەکانیان لەم سەرزەمینە تازەیە بخەنەگەڕ. بۆ ئەم مەبەستەش کارگەیان کردەوەو قوتابخانە و نەخۆشخانەیان دامەزراند و ڕێگاوبانیان بنیادنا و چاپخانەیان خستەگەڕ و بەکورتی شاری مۆدێرنیان دروست کرد. ئەم دۆخە تازەیەی کەنەدا بەناچاری هێزی کار و بازووفرۆشانی هێنایە

مەیــدان. نەیتیڤەکــانی کەنەدا بــوون بە یەکەمــین فرۆشــیاری هەرزانی هێزی کار لەمێژووی کەنەدا. بەمشێوەیە بزووتنەوەی چینی کرێکاری کەنەدا لەدایکبوو، بەڵام لەدایکبوونێکی زەحمەت و پڕ لە ئازار. (1) ئەم لەدایکبوونە، هەر بەتەنها لەدایکبوونێکی بەرێــکەوت نەبــوو، بەڵکــو پێویســتی وەبەرهێنــانی ســەرمایە و گەشــەی ئامرازەکــانی بەرهەمهێنــان و قــازانج و بازرگــانی ســەرمایەی کلاسیکی ئەورووپا، هۆکار بوون بۆ ئەو ئاڵوگۆڕە ڕیشــەییە لەو کۆمەڵگەی نیمچە ســەرەتاییەی کەنەدا. بەمجۆرە کــۆمەڵگەی کەنەدی لەکــۆمەڵگەیەکی ڕاوشــکاری ســەرەتاییەوە گۆردرا بە کۆمەڵگەیەکی مانیفاکتۆرە و ئینجا بوو بە مۆدێرنی پیشەسازی. ئەم ئاڵوگۆڕە بەبێ بوونی هێزی کاری شارەزا و خــاوەن ئەزمــوون مەحــاڵ بــوو بتوانێــت بەردەوام بێــت، بــۆیە سەرمایەداران جگە لە سوود وەرگرتن لە هێزی کاری هەرزانی نەیتیڤەکــانی کەنەدا، هــانی کرێکــارانی ئەورووپیشــیان دەدا بچــنە کەنەدا و لەوێ کــار بــکەن و هەلــی کــاری زۆریــان خولقانــد و ئاســانکاری زۆریشــیان کــرد تــا کرێکــارانی شــارەزا و خــاوەن ئەزمــوون بچــنە ئەو کــۆمەڵگە نــوێیە. بــۆ ئەم مەبەســتەش فەراهەمکردنــی گواســتنەوە و دابینکردنــی زەوی بەخــۆڕایی و تەنانەت دروستکردنی خانووش بۆ کرێکاران دەستەبەر کرا.(2) لێرەوە کۆچێکی گەورە لە ئەورووپاوە بۆ کەنەدا دەستی پێکرد. ئەم کــۆچە گەورەیە هەر بەتەنهــا گواســتنەوەی ئەزمــوون و شــارەزایی نەبــوو لەبــواری کارکردنــدا، بەڵکــو گواســتنەوەی هۆشــیاری و ئاگــایی سیاســی چینــایەتیش بــوو کەتــا ئەودەم کــۆمەڵگەی کەنەدی بێئاگــا بــوو لێــی. ئەم هۆشــیاری و ئاگــاییە چینایەتییە بوو بە کرۆکی لەدایکبوونی بزووتنەوەیەکی ناڕەزایی

چینـایەتی کەدواتـر پێـی خـۆی لەنـاو مێـژووی نـوێی چینـایەتی کەنەدا قایم کرد. گەشەی چینی کرێکار لە وڵاتـی کەنەدا خـاوەن مێژوویەکی پرشنگدار و پڕ شـکۆیە لەبواری خەبـاتی چینایەتیـدا دژ بە بـۆرژوازی و سـەرمایەداران. لەنیـوەی دووەمـی سـەدەی نـۆزدەهەمەوە چینـی کرێکـاری کەنەدا لە ملمـلانـێ و خەباتـدایە لەپێنـاو باشـترکردنی ژیـان و بەرگریکـردن لە شـکۆی ئینسـانی خـۆی. سـەرهەڵدانی ئەم چیـنە لەهەنـاوی خۆیـدا مێژوویەکـی هەڵگرتووە کە پڕاوپڕە لە ئەزموون و وانەی چینایەتی.



ئەم بـزووتنەوەیە هەروا خۆڕسـک و لەخـۆڕا نەهـاتۆتە بـوون و بـێ ڕابەر نەبـووە، بەڵکـوو گەلـێ ڕابەری عەمەلـی و بیرمەنـدی هێنـاوەتە دەرەوە کە گرنگتـرین و بەرچاوترینیـان دانیـاڵ ئـۆ

دۆنۆهیـۆیە کە بەبـاوکی بـزووتنەوەی کرێکـاریی کەنەدا دێـتە ئەژمــار. دانیــال لەســاڵی ١٨٧٣ توانیــویەتی لەگەڵ ســەرۆک وەزیرانی ئەوکاتەی کەنەدا سێر جان ئەی ماکدۆناڵد دابنیشێت و کێشەکانی کرێکارانی کەنەدا تـاوتوێ بکـات.(3) سـەرەتا مـانگرتن و نـاڕەزایەتی کرێکـارانی کەنەدا دژ بە سـەعات کـاری زۆر و کەمـی کـرێ و خراپـی مـامەڵەی خـاوەن کـاران و نەبـوونی هـێچ بیمەیەکـی تەندروسـتی بـوو، بەڵام وردە وردە پێبەپێـی گەشـە و بەرەوپێشـچوونی ئاگایی سیاسـی چینـایەتی کرێکـاران، خەسڵەت و ناوەڕۆکی داخوازییەکانی کرێکاران ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات و ڕادیکـاڵتر بـوونەوە. یەکێـک لە پڕشـکۆترین مـانگرتن لەمێـژووی چینـی کرێکـاری کەنەدا، مـانگرتنی کرێکـارانی چـاپەمەنی بـوو لەپێناو نۆ سـەعات کـار لە ڕۆژێکدا. ئەم مـانگرتنە لەسـاڵی ١٨٧٢ دا تــوانی ســەرکەوتن بەدەســت بهێنێــت( کاتێــک ئاژیتــاتۆرە کرێکارییەکان کە دەکۆشـان سـەعات کـار بـۆ نـۆ سـەعات کـار لە ڕۆژێکـدا کەم بـکەنەوە و پشـتیوانییەکی فراوانیـان لە شـارەکانی مۆنتریاڵ و تۆرنتۆ و هاملتن و لەندەن و سان کاسـرین و گەڵف و برانفۆرد و دەنداس و سـارینا و ئۆشـاوا و ئۆتـاوا بەدەسـتهێنا، ســەرباری دەســتگیرکردنی هەر بیســت و چــوار ئەنــدامەکەی کـۆمیتەی مانگرتن،کرێکـارانی چـاپەمەنی توانیـان سـەرکەوتن بەدەست بهێنن و نـۆ سـەعات کـار لە ڕۆژێکدا بسـەپێنن بەسـەر خاوەن کاردا.(4)

ئەم مـانگرتنە و چەنـدین ئاکسـیۆن و مـانگرتنی کرێکـاریی تـر لە گۆرەپـانی خەبـاتی چینـایەتی چینـی کرێکـارانی کەنەدا بـوونە هەوێنـی ئـاڵوگۆڕی گرنـگ کە بەشـێکیان بە قـازانجی کرێکـارانی خەبـاتگێڕ شـکاونەتەوە. هەروەهـا کۆمەڵێـک مـانگرتنی تـر کە

لەمێـژووی خەبـاتی چینـایەتی کرێکـارانی کەنەدا بەبـایەخەوە تەماشـا دەکـرێن، وەک مـانگرتنی کرێکـارانی بەلەم و یـاختی کوبێـک لە سـاڵی ١٧٩٤ و مـانگرتنی کرێکـارانی چاپخانەکـانی تۆرنتۆ لەساڵی ١٨٣٦ و ١٨٦٩ و و مـانگرتنی کرێکارانی هێڵـی شـەمەندەفەری مۆنتریـاڵ لە سـاڵی ١٨٥٥ هەروەهـا مـانگرتنی کرێکـــارانی هێڵـــی شـــەمەندەفەر و بیناســـازی و جـــگەرە و کانەبەردەکـان و خەڵـووز کە لەنێـوان سـاڵانی ١٨٥٠ تـا ١٩٠٣ و مـانگرتنی گشـتی وینیپیگ لە سـاڵی ١٩١٩ مـانگرتنی کرێکـارانی کەشـتی لەسـاڵی ١٩٤٦ و ١٩٤٩ و تـا دەگـات بە گەورەتـرین مـــانگرتن لەمێـــژووی کەنەدا.(5) و هەروەهـــا یەکەمـــین دەستپێشکەریی پێکهاتنی نەقابە لەمێژووی کرێکارانی کەنەدا لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەم لە هەرێمی نۆڤاسکۆشیا بوو (6)



**ڕۆڵی میدیا و حیزبی سیاسی لە خەباتی کرێکارانی کەنەدا**

بـــزووتنەوەی سۆشـــیالیزم وەک هێزێکـــی سیاســـی لە کەنەدا هاوشانی حیزبەکانی کۆنسێرڤەتیڤ و لیبڕاڵ، مێژوویەکی دوور و درێـــژی هەیە. لە مێـــژووی بەرایـــی خۆیـــدا، بـــزووتنەوەی سۆشیالیســـتی کەنەدا ســـەرەتا لە ڕۆژئـــاوای کەنەدا گەشـــەی بەرچاوی بەخۆوە بینی. حیزبی سۆشیالیستی کرێکاران یەکەم حیزبـی سۆشیالیسـتیی کەنەدا بـوو، کە لە سـاڵی ١٨٩٨ لەلایەن هەڵسـوڕاوانی بـزووتنەوەی سۆشـیالیزمی کەنەدیـی؛ دانیـال دی لیـۆن و حیزبـی سۆشیالیسـتی کرێکـارانی ئەمریکـاوە دامەزرا. دوواتریش حیزبی سۆشیالیستی هەرێمی برتش کۆڵۆمبیاش لە سـاڵی ١٩٠١ دا، هـاتە دامەزراندن کە ڕۆڵـی سـەرەکی هەبوو لە دامەزرانـدنی یەکێتییەکـی گەورەی کرێکـاریی لە کەنەدا. حیزبـی سۆشیالیسـتی کەنەدا بە توونـدی دژی بەشـداریکردن لە جەنگـی جیهـانی یەکەمـدا، وەسـتایەوە، لە ئەنجـامی شۆڕشـی ڕووسـیا و مـانگرتنی گشـتی کرێکـارانی شـاری وینیپێـگ، ژمـارەیەک لە لایەنگرانـی سـەرنجیان چـووە سـەر بەلشـەفیزم و بیرۆکەکـانی ڤلادیمێـر لینـین و لیـۆن ترۆتسکی. ئەم حیـزبە لە سـاڵی ١٩٢٥دا هاتە هەڵوەشاندنەوە. فیدراسیۆنی کۆمۆنوێڵتی هاوبەش لە سـاڵی ١٩٣٢ وەک پارتێکی سۆشیالیستی کشتوکاڵیی دامەزراوە. یەکەم پلاتفـۆرمی مانیفێسـتی شـاری ڕیجاینـا بـوو کە لە سـاڵی ١٩٣٠ پەســەندکرا. فیدراســیۆنی کۆمۆنــوێڵتی هــاوبەش بە درێژایــی سالانی ١٩٣٠ تا ١٩٤٤ لەنێو کرێکارانی پیشەسـازیدا ناوبـانگێکی زۆری بەدەسـتهێنا. لە سـاڵی ١٩٤٤ بـاڵی هەرێمـی ساسـکاچوانی حیـزبەکە یەکەم حکومەتی سۆشیالیسـتی لە کەنەدا پێکهێنـا و تـا سـاڵی ١٩٦٤ لە دەســەڵاتدا مــایەوە. حیزبـی دیمـوکراتی نـوێی

کەنەدی  لە ساڵی ١٩٦١ دامەزرا، وەک یەکگرتنی فیدراسیۆنی کۆمۆنویڵتی هاوبەش و بەرژەوەندییەکانی کۆنگرەی کرێکارانی کەنەدا. لە کۆتایی کۆنگرەی پێنج ڕۆژەی دامەزراندنیدا کە بەرنامە و سیاسەت و پێکهاتەکانی (هەیکەلەی) دامەزراند و تۆمی دۆگلاس، سەرۆک وەزیرانی ماوە درێژی فیدراسیۆنی کۆمۆنویڵتی هاوبەش  لە هەرێمی ساسکاچوان، وەک یەکەم سەرکردەی ئەو حیزبە هەڵبژێردرا. لە کاتێکدا حیزبی دیموکراتی نوێ لە هیچ هەڵبژاردنی فیدراڵیدا سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە، بەڵام لە سەرەتای دامەزراندنییەوە لە کۆی دە هەرێم؛ لە شەشیان دەسەڵاتی گرتۆتە دەست. حیزبی دیموکراتی نوێ لە پێشەکی پەیڕەوی ناوخۆیدا خۆی وەک حیزبیکی سۆشیالیستی وەسف کردووە. حیزبی دیموکراتی نوێ نایەوێت ئاڵوگۆڕ لە سیستەمی کەنەدا بکرێت و ڕێگای شۆڕش ناگرێتە بەر، بەڵکوو تەنیا دەیەوێت چاکسازی لە سیستەمی سەرمایەداریدا بکات، وەک چاکسازی لە چاودێری تەندروستی گشتگیر، خانەنشینی، مافی مرۆڤ و پەرەپێدانی تۆڕی سەلامەتی کۆمەڵایەتی و.. تاد. زۆرێک لە هەڵسوڕاوە سۆشیالیستەکان لە وڵاتی کەنەدا هەوڵیان داوە لە دەرەوەی چوارچێوەی سیاسەتی پەرلەمانیی بۆرژوازی خۆیان ڕێکبخەن، چونکە پێیان وایە چەمکی سۆشیالیزم زۆر ڕادیکاڵترە لە سیاسەتی سۆسیال-دیموکراسی یان فیدراسیۆنی کۆمۆنویڵتی هاوبەش  یان  حیزبی دیموکراتی نوێی کەنەدا. هەندێک لەو ڕێکخراوە سۆشیالیستییانە ڕادیکاڵانەی کە ئەمڕۆ لە کەنەدا کار دەکەن بریتین لە سۆسیالیست ئاکشن (کەنەدا)، ئەنتەرناسیونالیزمی سۆشیالیستی (کەنەدا)، ئەڵتەرناتیڤی سۆشیالیستی (کەنەدا)، سپرینگ، کۆمەڵەی کۆمۆنیست (کەنەدا)

و..تـاد.)(7) هەروەهـا لەمێـژووی ڕۆژنـامەگەری بـزووتنەوەی کرێکـاریی و سۆشیالیسـتیی کەنەدا لە سـەرەتای سـەدەی نۆزدەهەمەوە تـا ئەمـڕۆ نزیـک بە ٢٠٠ بڵاوکـراوە و ڕۆژنـامە و گۆڤـاری کرێکـاریی و سۆشیالیسـتیی لە کـۆی زیـاتر لە ٥٥٢ ڕۆژنامە و گۆڤار بڵاوبووەوەی نێوخۆی کەنەدا، بڵاوبوونەتەوە. هـیچ شـارێکی گەورەی کەنەدا نەبـووە کە گۆڤـارێکی سۆشیالیستیی بەیەکێک لە زمانەکـانی ئینگلیـزی و فەرەنسـی و هەندیکجار بە زمانەکانی تریش بڵاو نەکاتەوە.(8)

## هەرێمی برتش کۆڵۆمبیا و بزووتنەوەی کرێکاریی

سـەبارەت بە هەرێمـی بـریتیش کۆڵۆمبیـای کەنەدا، دۆخـی کرێکـاران تیایـدا هـیچ لە دۆخـی کرێکـارانی سەرتاسـەری کەنەدا باشـتر نەبـوو. هەر لەسـەرەتای سـەدەی نـۆزدەهەمەوە هەلومەرجی کارکردنی وەک سەعات کاری زۆر و نەبوونی هـیچ خزمەتگـوزارییەکی تەندروسـتی و نەبـوونی بـیمەی بێکـاری و بەکارهێنـانی منـداڵ وەک هێـزی کـار، مـۆری خۆیـان دابـوو لە تەوێڵی بزووتنەوەی کرێکاریی. مانگرتنەکانی ئەم هەرێمە هەر لە ناوەڕاسـتی سـەدەی نـۆزدەهەمەوە دەسـتی پێکـردووە، وەک مانگرتنی کرێکارانی کانی خەڵووز لەساڵی ١٨٤٩. لە ساڵی ١٨٥٦ نزیکەی بیستوپێنج تا سی هەزار کۆچبەر لە ئەوروپاوە گەیشتنە برتش کۆڵۆمبیا و لەبواری پیشەسازی دۆزینەوەی زێڕ کاریان کردووە. ساڵی ١٨٦٠ کرێکارانی نانەواخانەکان و چاپخانەکان و کەشتیسازی خۆیان لە ڕێکخراوی خۆیان ڕێکخستووە. خەبـاتی کرێکـارانی هەرێمـی بـرتش کۆڵۆمبیـا تـا هـاتووە توونـدتر و

فراوانتر بووه لەپێناو سەلامەتی کار و مافی ڕێکخراوبوون و هەقدەستی زیاتر لەنێوان ساڵانی ١٨٧٧ و ١٨٨٨ و ١٨٩٠ و ١٩٠٣ و ١٩١٢ کە زنجیرەیەک مانگرتن بەرپابوون.

بەڵام بۆرژوازی و سەرمایەداران هەروا دەستەووەستان دانەنیشتوون و ساڵی ١٩١٣ لە مانگرتنی کرێکاران کانەخەڵووزەکان نزیک بە ٢٥٠ کرێکار دەستگیرکران و دەسەڵات و حکومەتیش کەوتنە ئاژاوەگێڕی و تەقەکردن و تەنانەت دیپۆرتکردنەوەی ئەو مانگرتووانەی کە چالاکانە لە مانگرتنەکاندا بەشدار و هەڵسوڕاو بوون. (9)

ساڵی ١٨٥٥ کاتێک کرێکارانی کانەخەڵووزەکان ماندەگرن، کۆمپانیا سەرجەم کرێکارەکان دەردەکات و کرێکاری نوێ لە وڵاتی بەریتانیاوە دەهێنێت. تەنها یەک کرێکار بەناوی ڕۆبەرت دانزمیر ڕەتی دەکاتەوە بەشداری مانگرتن بکات و کۆمپانیا لەبری ئەو ڕەتکردنەوەیە هەزار دۆنم زەوی بەو مانگرتن شکێنە دەدات. لێرەوە دەبینین مێژووی چینی کرێکاری برتش کۆلۆمبیا لەسەرەتاوە تا دەگات بە ئەمڕۆ سەرتاپا بەخوێن و ماندووبوونی کرێکاران و ڕابەران و هەڵسوڕاوانی ئەو بزووتنەوەیە نووسراوە. مێژووی چینی کرێکاری ڤانکۆڤەر، ئێستاش خۆپیشاندانی چەند هەزاری بێکارانی ڤانکۆڤەری لەیادە کە لەساڵی ١٩٣٥ جوانترین نمایشیان بەخشییە مێژووی چینایەتی کرێکاران. (10) کاتێک باسی چینی کرێکاری کەنەدا و برتش کۆلۆمبیا دەکەین، مەبەستمان لە ژنان و پیاوانی کرێکارە بێ جیاوازی، گەرچی سەرمایەداران و بۆرژوازی کەنەدیی

جیاوازی بەرچاویان خستبووە نێوان ئەم چینە بەرهەمهێنەرە، چ لەبواری کرێ و چ لەبواری مافە ئینسانییەکانی تر.




ڕۆڵی ژنان چ بۆ باشترکردنی وەزعی خۆیان و لە خەبات بۆ یەکسانی و چ بۆ دنیای سۆشیالیزم ڕۆڵێکی ئەرێنی و گرنگ بووە. لە بەهاری ساڵی ١٩١٨ ، ٢٩٠ کرێکارانی جلشۆرگەی هەرێمی برتش کۆلۆمبیا کەوتنە باس خواسی خۆڕێکخستن لە نەقابە و دوای ڕێکخراوبوونیان لە سێی ئەیلوولی ١٩١٨ هەوڵیاندا لەگەڵ خاوەن کارەکەیان بگەن بە گرێبەست، کەچی لەبەرامبەردا خاوەن کارەکان ڕایان گەیاند تا پێنج ڕۆژی تر یان لە نەقابە دەچنە دەرەوە ، یانیش دەبێت واز لە کار بهێنن. ئەوەبوو لە هەشتی ئەیلوولی هەمان ساڵ مانگرتنیان ڕاگەیاند. لەمانگی کانوونی یەکەمی هەمان ساڵ کرێکاران توانیان دەسەڵاتی هەرێمی برتیش کۆلۆمبیا ناچار بکەن کە لانی کەمی کرێ لەهەفتەیەکدا بکاتە سیانزە دۆلار و پەنجا سێنت. بەم

ئەنجــامە مــانگرتنەکە ســەرکەوتووانە کۆتــایی پێهێنــرا.(11) بەکــورتی؛ لەگەڵ دۆزیــنەوەی کیشــوەری ئەمریکــای بــاکوور، ســەرمایەدارانی کــۆمەڵگە پیشەســازییەکانی ئەوروپــا زۆر تەماحکــارانە و چاوچنۆکــانە و بێبەزەییــانە چاویــان بــڕییە ئەو سەرزەمینە تازەیە و لەپێناو قازانج و کەڵەکەی سەرمایەکەیان تاریکستانێکیان بۆ هێزی کار خوڵقاند. لەبەرانبەریشدا چینی کرێکاری تازە پەیدابووی کەنەدا کەوتە بەرگریکردن لە خۆی و خەبــاتکردن لەپێنــاو مــانەوە و باشــترکردنی ژیــان و دۆخــی کــارکردن و داهــاتوویەکی چــاکتر و ئینســانیتر بــۆ خۆیــان و نەوەکانیان.

## ئەنجام

لەدایکبــوونی چینــی کرێکــاری کەنەدا، لەدایکبــوونێکی نۆرمــاڵ و دەرئەنجــامی گەشــەی قۆنــاغ بە قۆنــاغی ئــابووری کــۆمەڵگەی کەنەدی نەبوو، بەڵکو ویست و خواستی سەرمایەدارانی ئەوروپا بوو بەتایبەت بەریتانیا و فەرەنسا بۆ دەستڕاگەیشتن بە سامانی سروشتی و بازاڕی نوێ دیارە ئەمەش لەسەر حیسانی ستەمی بێئەوپەڕ و قەڵاچۆکردنی نەیتیڤەکانی کەنەدا بوو. هەلومەرجی کــار و ژیــان کرێکــاران زۆر ســەخت و نائینســانیی بــووە و کرێکــارانیش بەناچــاری دژ بەو هەلــومەرجە وەســتاونەتەوە و خەباتیان کردووە و خۆیان ڕێکخستووە و حیزبی سیاسیان دامەزراندووە و مانیان گرتووە و مێژوویەکی پڕ لە شانازییان بۆ خۆیان تۆمار کردووە. هەرچەندە بزووتنەوەی کرێکاریی کەنەدا گەلێ دەستکەوتی سیاسی چینایەتی بەدەستهێناوە، بەڵام

بەبەراورد بە سەدەیەک لەمەوبەر خەباتی چینایەتی کرێکارانی کەنەدا بەتایبەتی لەڕووی سیاسییەوە لەبەرانبەر بۆرژوازی پاشەکشەی زۆری کردووە.

ژێدەر و سەرچاوەکان:

(1)- The story of Unions in Canada, Jack Williams, Printed in Canada, 1975, page 1.

(2) ساڵی ١٨٧٢ یاسای دابەشکردنی زەوی بەخۆرایی بەسەر کریکارانی پانابەر داڕێژرا.

(3) - Canadian Labour and Politics, Clifford A. Scotten, published by Political Education department, Canadian page 7. Labour Congress,

(4) https://www.thecanadianencyclopedia.ca/en/article/strikes-and-lockouts

(5) لەو مێژووە کرێکارانی کەنەدا زنجیرەیەک مانگرتنی گەورە و بچووکیان سازدا کە ژماردن وباسکردنیان لێرەدا جێی مەبەست نییە.

(6)- The story of Unions in Canada, Jack Williams, Printed in Canada, 1975, page 1

(7) https://en.wikipedia.org/wiki/Socialism_in_Canada

(8)رامانێکی خێرا لە بزووتنەوەی ڕۆژنامەگەری سۆشیالیستی وڵاتی کەنەدا، عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)، دەستنووس ئامادە بۆ چاپ.


(9) https://www.labourheritagecentre.ca/wp-content/uploads/2022/02/History-of-BC-and-Working-People-1840-1914-revised.pdf

(10)-Vancouver Working Class & Labour History, Unceded Coast Salish Territories, 2013, page 22.

(11)- https://www.labourheritagecentre.ca/union-maids-in-action-the-1918-steam-laundry-strike/

تێبینـــی: ئەم بـــابەتە لە ڕۆژنـــامەی ڕەوت ژمـــارە ٣٥ ی ســـاڵی ٢٠٢٥ بڵاوبووەتەوە.

# یادێک لە جاک لەندەن



ئەدیب و هەڵسوڕاوی سۆشیالیستیی ئەمریکا!

٢٢ ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٤


(ئامادەکردن و وەرگێڕانی لەئینگلیزییەوە)

## دەستپێکی ژیان و کار

ڕۆماننووس و چیرۆکنووس و شانۆنامەنووس و ڕۆژنامەنووس و شاعیر و داکۆکیکارێکی سەرسەخت لە مافەکانی کرێکاران و سۆشیالیزم، جاک لەندەن لە ١٢ی کانوونی دووەمی ١٨٧٦ لە سانفرانسیسکۆ لە ئەمریکا، لەدایکبووە. جاک بەمنداڵی کەسێکی زۆر شەرمن و هەستیار بوو. بۆیە هەستی دەکرد تاکە ڕێگە بۆ قبوڵکردنی لەلایەن هاوتەمەنەکانییەوە، سەرکەوتنە، ئەمەش مانای ئەوە بوو کە دەبوو شەڕانیی بێت بەڵام ئەوەندە شەرمنیش نەبوو کە نەتوانێت کار بکات و پارە پەیدا بکات. دۆخی ناسەقامگیری دارایی خێزانەکەی وای لێکرد لە تەمەنی چواردە ساڵیدا واز لە خوێندن بهێنێت و لە دەوروبەری کەنارەکانی ئۆکلاند دەست بە کارکردن بکات. لەهەمان کاتیشدا سوودێکی باشی لە کتێبخانەی ئۆکلاند وەرگرت، جاک دەستی کرد بە قووڵبوونەوە لە مارکس و نیچە. لە نێوان تەمەنی پانزە بۆ هەژدە ساڵیدا چەندین کاری جۆراوجۆری کردووە. جاک لەندەن؛ سەرەڕای ئەوەی ڕەتیکردەوە کاری تاقەت پرووکێن بکات بۆ باشترکردنی دۆخی ژیانی. بەڵام لە تەمەنی نۆزدە ساڵیدا ناوی خۆی لە قوتابخانەیەکی ئامادەیی ئۆکلاند تۆمار کرد و بە وەرگرتنی خولێکی پێنج هەفتەیی، لە تاقیکردنەوەی وەرگرتن لە زانکۆی کالیفۆرنیا دەرچوو. بەڵام تەنها یەک وەرز دەوامی کرد، چونکە دۆخی دارایی خێزانەکەی ناچاری کرد واز لە قوتابخانە بهێنێت و دەست بەکارکردن بکات، جاک لەندەن بەبێ گوێدانە هیچ شتێک کەوتە کارکردن. جاک ئەوەندە هەژار بوو هەفتەی جارێک لەماڵی کچەخۆشەویستەکەی (


گێلفرێنــــدەکەی) گۆشـــتی دەخـــوارد. لەســـاڵی ١٨٩٣ بەهـــۆی بەدەســـــتهێنانی خەڵات لە ڕۆژنـــــامەی ســــەرلە بەیانیـــانی سانفرانسیسکۆدا بۆ چیرۆکی "گەردەلوول لە کەنارەکانی ژاپۆن، نامەی پشتیوانی پێگەیشت.(١)

جاک لەندەن بێپەروا جارێکی تر ئۆکلاند جێدەهێڵێت و زستانی ساڵی ١٨٩٧ لە کلۆندایکی ئەلاسکا بەسەر دەبات، کە بڕیار بوو بڕێکی بەرچاو لە بابەت بۆ چیرۆکەکانی داهاتووی دابین بکات. تـا ئەو کـاتە بـۆی دەرکەوتبـوو نووسـین باشـترین ڕێگـایە بـۆ بەدەســـتهێنانی بژێـــوی ژیـــان وەک سۆسیالیســـتێک لە ژێـــر سیستەمی سەرمایەداریدا.










جاک لەندەن لە ١٩٠٠ و ١٩٠٥ دووجار هاوسەرگیری دەکات. هاوسەری دووەمی یارمەتیدەر بوو بۆ ئیلهامبەخشین بۆ زۆرێک لەو کـارەکتەرە ژنـانەی کە دوواتـر کەلە بەرهەمەکانیـدا دەردەکەوتـن. جـاک لەنـدەن لە تەمەنـی ٣٠ سـاڵیدا بە هـۆی بەرهەمە ئەدەبـی و ڕۆژنامەوانییەکـانی لە ئاسـتی نێودەوڵەتیـدا ناسـراو و ناوبـانگی دەرکرد. هەرچەنـدە بە پەرۆشـەوە لەبـارەی

پرسـیارە گەورەکـانی ژیـان و مـردن و خەبـات بـۆ مـانەوە بە کەرامەت و دەسـتپاکییەوە دەینووسـی، بەڵام بەدوای ئاشـتی و ئیلهامێکی بێدەنگیشـدا دەگەڕا. چیرۆکەکـانی سـەرگەرمییەکی بـاڵا بوون کە لەسەر بنەمـای ئەزموونەکانی خـۆی بـوون لە دەریـا و لە خاکی یوکۆن و لە کێڵگە و کارگەکانی کالیفۆرنیـا. نووسـین و بەرهەمە ئەدەبییەکانی جاک لەندەن سـەرنجی ملیۆنـان کەسـی لە سەرانسەری جیهاندا بۆ لای خۆیان ڕاکێشا.

## جاک لەندەن و سۆشیالیزم

جـاک لەنـدەن لە دەیەی نەوەدەکـان بـوو بە سۆسیالیسـتێکی چـالاک. لە کۆتـایی سـاڵی ١٨٩٥دا وتـاری (سۆشـیالیزم چییە؟)ی بۆ ڕۆژنامەی سانفرانسیسکۆ ئێکسامینەری نووسی،(٢) لە سـاڵی ١٨٩٦دا ڕۆژنامەی (سـانفرانسیسکۆ کرۆنیکڵ) چیرۆکێکی لەسـەر "کوڕە سۆسیالیستەکە" بڵاوکردەوە. جـاک لەنـدەن نە بیرمەند و نە سۆسیالیستێکی ڕۆشنبیر بوو، بەڵکوو سۆسیالیزمەکەی جاک لەندەن لە ئەزموونی ژیانییەوە گەشەی کرد. وەک لە وتارەکەیـدا بە ناوی (چۆن بووم بە سۆسیالیست) ڕوونـی کردووەتەوە، (٣) بۆچوونەکانی لە ژێر کاریگەری ئەزموونن لەگەڵ کەسـانێک کەلە قـوڵایی ململانـێ کـۆمەڵایەتییەکەدا بـوون. لە سـاڵی ١٨٩٦ پەیوەندی بە پارتی کرێکارانی سۆسیالیستییەوە کرد کە دانیـال دی لیۆن سـەرۆکایەتی دەکـرد و دواتـر لەو سـاڵەدا نـامەیەکی لە ڕۆژنـامەی (ئۆکلانـد تـایمز)دا (٤) بڵاوکـردەوە و داوای لە خوێنەران کـرد کە کتێبی سـەرمایەی مـارکس بخـوێننەوە. جـاک لەندەن لە پارتی سۆسیالیستی جیابووەوە و پەیوەست بـوو بە

باڵی یوجین دێبس و له ساڵی ١٩٠١دا وەک کاندیدی پارتی سۆسیال دیموکرات بۆ سەرۆکی شارەوانی ئۆکلاند خۆی کاندید کرد و نزیکەی ٢٤٥ دەنگی کۆکردەوە. دوای چەند ساڵێک جارێکی دیکە خۆی کاندید کردەوە و دەنگەکانی چوار هێندە زیاد کرد. هەرچەندە باسی کاندیدی سۆسیالیستی بۆ پۆستی سەرۆکایەتی دەکرێت، بەڵام ژیانی سیاسی جاک لەندەن هەرگیز لەم دوو هەوڵە بۆ سەرۆکایەتی شارەوانی؛ تێپەڕی نەکرد. لەوانەیە ئەمەش لەبەر ئەوە بێت کە هەندێک لە نامەکانی خۆی بەناوی هەرچیت هەیە بۆ شۆڕش واژوو کرد و وتاری لەسەر دزێویی سەرمایەداری پێشکەش کرد و جەختی لەوە کردەوە کە (قازانجی زیادە قازانجی نەدراو بووە.) لە ساڵانی سەرەتای سەدەی بیستەمدا، بۆ بزووتنەوەی سۆشیالیستی ئەمریکیی نووسی و پەیامەکەی لەئاستێکی بەربڵاودا بڵاوکردەوە و میراتێکی ئەدەبی بەجێهێشت کە ڕێکخەران بتوانن لە دەوری دابمەزرێن.

جاک لەندەن لە ساڵی ١٩٠٥ کۆمەڵەی سۆشیالیستی نێوان کۆلێژەکان بۆ بانگەشەی سۆشیالیزم لە نێو خوێندکاراندا دامەزراند. جاک لەندەن لە زانکۆکانی هارڤارد و ییڵ و زانکۆکانی تری ئایڤی لیگ وتاری دەدا و پەیامی خەباتی چینایەتی بڵاوکردەوە. لە کتێبی "شتێک لە ئایداهۆی ڕزیو" (١٩٠٦) بەرگری لە سەرکردەکانی فیدراسیۆنی کرێکارانی کانەکان ڕۆژئاوا ولیەم هایوود و چارلز مۆیەر کرد کە دەستگیرکرابوون و بۆ ئیعدام ئامادەکرابوون.(٥) ڕۆمانی پاژنەی ئاسنی لە ساڵی ١٩٠٨دا سەرهەڵدانی فاشیزمی لە ئەمریکایەکدا نیشانداوە کە لە کۆتاییدا لەلایەن پاڵەوانێکی سۆشیالیستییەوە

ئـــــــازادکرا. نازییەکـــــــان لە ســــــاڵی ١٩٣٣دا ئەم بەرهەمە و بەرهەمەکـانی دیـکەی مەیلـی سۆشیالیسـتییان سـووتاند، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا چیـرۆکە سـەرگەرمییەکانی لەنـدەنیان قەدەغە نەکرد.

جاک لەندەن وەک کارەکتەری ئاڵۆز دەمێنێتەوە. سۆشیالیستێک بوو کە زۆر ماندوو بوو بۆ بەدەستهێنانی پارە، بوو بە یەکێک لە نووسـەرە زۆرتـرین مـووچەی سـەردەمی خـۆی؛ نووسـەرێک کە زەمینـەی شـکاند بە هەبـوونی کەسـانی غەیـرە سـپی پێسـت وەک پـاڵەوان لە هەنـدێک کتێبـدا و لەگەڵ ئەوەشـدا ئامـاژەی نەتەوەیی کێشەدار کردووە، کە هـاوتەریبە لەگەڵ ڕەگەزپەرسـتی باو لە سەردەمی خۆیدا.

هەروەهـا لەنـدەن لەنـدەن بە بیرەبـاوەڕە سۆشیالیسـتییەکانەوە جیهـانبینییەکەی لە قاڵـب دا و وای لێکـرد داکـۆکی لە گـۆڕانکـاری کۆمەڵایەتی و سیاسی بکات. وتـاردەرێکی بەتوانـای گشـتی بـوو، وەک وانەبێژێک لەسەر سۆسیالیزم و بابەتەکانی تـری ئـابووری و سیاسـی زۆر بەدوایـدا دەگەڕان. زۆربەی خەڵـک لەنـدەنیان بە هێمـایەکی زینـدوو بـۆ تـاکگەرایی دەزانـی، شـێوازی ژیـانی سـەرگەردانانەی جـاک لەنـدەن و پابەنـدبوونی بە ئایـدیاڵە سۆسیالیسـتییەکانەوە، جیهـانبینییەکەی لە قاڵـب دا و وای لێکـرد بانگەشە بۆ گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و سیاسی بکات.



جگە لە پابەندبوونەکانی بە نووسین و وتاردان، جاک لەندەن لە ساڵی ١٩١٤ جاک بووە پەیامنێری جەنگ لە مەکسیک، ڕۆڵی سەربازانی ئەمریکا و کەشتییەکانی هێزی دەریایی لە ڕاپەڕینی ڤیلا کارانزادا ڕووماڵ دەکرد. لەندەن تا کۆتایی دەیەی نەوەتەکان وازی لە هەموو سیاسەتێکی چالاکانەی سۆسیالیستی هێنا. لە ساڵی ١٩١٤ لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا پشتگیری لە لایەنی هاوپەیمانان کرد. لە سەرەتای ساڵی ١٩١٦ دەستی لە پارتی سۆسیالیست کێشایەوە، لەندەن لە نامەی دەستلەکارکێشانەوەی خۆیدا بە ڕوونی ئەوەی خستەڕوو کە دەستبەرداری بیروباوەڕی سۆسیالیزم نییە، ئەو هەرگیز وازی لە سۆسیالیزم نەهێنا و دەیوت (من باوەڕم وایە کە چینی کرێکار، بە خەباتکردن، بە تێکەڵنەبوون و ڕێکنەکەوتن لەگەڵ دوژمن، دەتوانێت خۆی ڕزگار بکات.)

## ژیانئاوایی

دوای جیابوونەوەی لەگەڵ پارتی سۆسیالیستی، جاک لەندەن لە ساڵانی کۆتایی ژیانیدا زیاتر لە هاوڕێ سیاسییەکانی دابڕاوە و تەندروستی جەستەیی لەندەنیش خراپتر بوو. لە تەمەنی ٣٧ ساڵیدا، ئەو جەستە بەهێزەی لە گەنجیدا کە زۆر شانازی پێوە دەکرد، ئاوساو و چرچ و لۆچی تێکەوت و پێش سەردەمی خۆی پیر بوو. جومگەکانی بەهۆی ڕۆماتیزمەوە ئازاریان دەدا و تووشی یوریمیا بوو و گورچیلەکانیشی لەکار کەوتن. پزیشکەکان داوایان لێکرد کە خووی کارکردن و خۆراکی بگۆڕێت و هەموو بەکارهێنانێکی کحولی ڕابگرێت و وەرزشی زیاتر بکات، ئەو ڕەتیکردەوە. ئەگەر شتێک هەبێت، فشاری پابەندبوونە دارایییەکانی بۆ یارمەتیدانی هاوڕێ و کەسوکاری و کێشە تەندروستییە توندەکانی تادێت تەنها وای لێکرد خەونی گەورەتر ببینێت و کاری قورستر و خێراتر بکات. بەڵام ڕەتیکردەوە ڕێڕەو و نەریتی خۆی بگۆڕێت. ئەو بەردەوام بوو لە جگەرەکێشان و بەردەوام شەکەت بوو و ئازاری هەبوو. جاک بەردەوام بوو لە نوسین کە ڕۆژانە هەزار وشەی بەبێ گوێدانە شوێن و ئەرک و تەندروستی، دەنووسی. جاک لەندەن لە ٢٢ی تشرینی دووەمی ١٩١٦ لە تەمەنی ٤٠ ساڵیدا ناو ماڵی خۆیژیانئاوایی کرد کە ئەگەری ئەوە هەیە کە ژەمی زۆری مۆرفین، بە ڕێکەوت یان بە ئەنقەست، بەشدار بووبێت لە مردنیدا. بەمەش هەموو جیهان بە مردنی ئەم نووسەرە مەزنە غەمبار بوو.

مردنی جاک لەندەن هێشتا مشتومڕی لەسەرە. کەسێکی کحولی و ئالوودەی دەرمانی ئازارشکێن بوو، بەدەست چەندین نەخۆشی جۆراوجۆرەوە دەینالاند، بەلام تا دوا ڕۆژی ژیانی کەسێک بوو پڕ بوو لە پلانی بوێرانە و سۆزی بێئەندازە گەورە بۆ داهاتوو. زۆرێک لە سەرچاوەکان مردنەکەی تا ئێستاش بە خۆکوشتن وەسف دەیکەن. بەلام پێدەچێت ئەمە جگە لە دەنگۆیەک هیچیتر نەبوو. لە بەڵگەنامەی مردنیدا هۆکارەکەی بە یوریمیا هاتووە کە لەکارکەوتنی گورچیلەیە. وەکیلی ئەدەبیی جاک لەندەن (ئیرڤینگ شێپەرد) کە چەند هەفتەیەک پێش مردنی سەردانی کردبوو، ڕایگەیاند کە جاک لەندەن وتویەتی (من پێم باشترە بسوتێنرێم نەک ببم بە گەرد و تۆز. ئەرکی مرۆڤ ئەوەیە بژی نەک بوونی هەبێت. من پێم باشە پریشکەکەم لە ئاگرێکی درەوشاوەدا بسووتێت نەک بەهۆی ڕەگی وشکەوە بخنکێم. من پێم باشە نەیزەکێکی نایاب بم لە هەر گەردیلەیەک لە درەوشاوەییەکی شایستەدا نەک هەسارەیەکی خەوتوو بم. هەمیشەیی ئەرکی مرۆڤ ئەوەیە کە بژێت نەک بوونی هەبێت.)

جاک لەندەن سەرەڕای تەمەنی تاڕادەیەک کورتی، میراتێکی ئەدەبی مەزن و کاریگەر لەپاش بەجێما کە ئیلهام بەخشە بۆ خوێنەران و نەوەکانی داهاتوو. کتێب و نووسینەکانی قسە لەسەر خەبات و تێکۆشانی چینایەتی و هەستی دادپەروەری دەکەن لە کۆمەڵگەیەک کە دادپەروەری تێدا نییە.

## پەراوێز و سەرچاوەکان:

سایتی تیفیدانسەر بیرکردنەوە هەرەمەکییەکان لە سەردەمی دیجیتاڵیدا ١٣ ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤

https://teifidancer-teifidancer.blogspot.com/2024/01/the-life-and-legacy-of-socialist.html?spref=fb&fbclid=IwY2xjawGuMqFleHRuA2FlbQIxMQABHaUEGE_UdUxcjibgdNZO90ILFHBEfflmavGb-PRKkhJDW3Dlyc8vRAO5iA_aem_mNXzN1J0viWZP-Aak9RXBA

(٢)ڕۆژنامەی سان فرانسیسکۆ ئێکسامینەر ڕۆژنامەیەکە لە سانفرانسیسکۆ و دەوروبەری لە ویلایەتی کالیفۆرنیا دابەشکراوە و لە ساڵی ١٨٦٣ەوە بڵاودەکرێتەوە. سەرەتا بەناوی دیموکراتیک پرێس دامەزراوە و پاشان ناوەکەی گۆرانی بەسەردا هاتووە.

(٣)جاک لەندەن لەم وتارەدا ئینتمای خۆی بۆ بیروباوەڕی سۆشیالیستی و هۆکارەکانی پشت ئەم ئینتمابوونە نیشان دەدات. بۆ زانیاری زیاتە لەسەر ئەم وتارە خوێنەر دەتوانێت سەردانی ئەمبەستەرە بکات. /https://www.online-literature.com/london/3875

(٤)ڕۆژنامەی (ئۆکلاند تایمز)؛ ڕۆژنامەیەکی هەفتانە بوو ژمارە یەکی لە ٢٩ ی ئەیلوولی ١٩٢٣ بڵاوکراوەتەوە. ڕۆژنامەکە زیاتر بایەخی بە کێشە و گرفتەکانی ئەفیریقی ئەمریکییەکان دەدا. ئەم رۆژنامەیە لە کالیفۆڕنیا دەرچووە و ساڵی ١٩٩٩ لە بڵاوبوونەوە وەستاوە.

(٥)ولیەم هایوود و چارلز مۆیەر؛ دوو ڕابەری فیدراسیۆنی کرێکارانی کانەکانی ڕۆژئاوا و یەکێتیی کرێکارانی پیشەسازی جیهان بوون کە بەتاوانی کوشتنی حاکمی ئایداهۆ لەساڵی ١٩٠٦ زیندانی کرابوون.




**بەشداری ژنانی شاعیر**

**لە خەباتی کرێکارانی ئۆتۆمبێلسازیی کەنەدا!**

سەرەتای کانوونی دووەمی ٢٠٢٥

(ئامادەکردن و وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە)

## پێشوتن

خەبات بۆ وەستانەوە دژ بە فەلاکەتباری ژیان و کاری ژنان لەنێو بزووتنەوەی کرێکاریی کەنەدا بە سەرەتایەکی زەحمەت و پڕ لە کێشە و گرفت دەستی پێکرد. ژنان لەو هەلومەرجە نائینسانییەدا کە سەرمایەداری بەسەریاندا فەرزی کردبوو، دووجار دەچەوسێنرانەوە، جارێک و وەکو کرێکار و جارێکی تریش وەکو ژن. دۆخی کۆمەڵایەتی بزووتنەوەی کرێکاران و ئاگایی سیاسی و چینایەتی ئەو بزووتنەوەیە لە کۆتایی نیوەی یەکەم و سەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم لەئاستێکی نزم دابوو بەجۆرێک کە ژنان زۆرجار جگە لە سەرمایەداران و بۆرژوازی دەکەوتنە بەر ڕق و نەفرەتی پیاوانی کرێکار و هاوچارەنووسەکانیشیان. حیزبە سیاسییەکان و نەقابە و یەکێتییە کرێکارییەکان و خەباتگێڕە سۆشیالیست و مارکسیستەکانی کۆمەڵگەی کەنەدا لەو قۆناغەدا ڕووبەڕووی کۆمەڵێ ئەرک و بەرپرسیارێتیی مێژوویی بوونەوە و تا ئاستێکی باشیش توانیان دەستکەوتی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی گرنگ بەدەست بهێنن و فەرزی بکەن بەسەر بۆرژوازی و سەرمایەدارانی کەنەدا. لەنێو بزووتنەوەی کرێکارانی کەنەدا، خەبات و تێکۆشانی ژنانی کرێکار لەململانێی نێوان کۆمپانیاکانی جەنەڕاڵ مۆتۆڕ و فۆرد و کرایسلەر لەلایەک و نەقابەکانی کرێکارانی ئۆتۆمبێلسازیی کەنەدا (١) لەلایەکی تر، لێوانلێوە لە فیداکاری و قوربانیدان لەپێناو مافە ڕەواکانیان. ژنانی کرێکار جگە لەوەی لەسەنگەری کارکردن و ڕووبەڕووبوونەوەدا لەگەڵ سەرمایەداران شانبەشانی پیاوانی

کرێکار لەڕیزەکانی پێشەوەدا بوونە، لەهەمان کاتدا لەمەیدانی ئەدەبیشدا بەتایبەتی لەمەیدانی شیعر توانیویانە بوونی خۆیان بسەلمێنن و بەشیعر بەرگری لە خۆیان و مافەکانیان بکەن و بەشداری ئەو خەباتە چینایەتییە مەزنە بکەن. ئان بەیلی و مەی پارتریچ و چەندین شاعیری تر (٢) لەو شاعیرە کرێکارییانەن کە شیعریان وەکو چەکێک دژ بە ستەمی سەرمایەداری و کۆمپانیای جەنەڕاڵ مۆتۆڕ بەکارهێناوە. ژنانی کرێکار لەو قۆناغەدا (کۆتایی نیوەی یەکەم و سەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی رابردوو) دووچاری گەلێ ستەم بوونەتەوە لەوانە کرێی کەمتر لە پیاوان، مەسەلەی هاوسەرگیری و منداڵبوون، نەبوونی بیمە و زەمانەتی کار، نالەباری بیمەی تەندروستی، پشوو و چوونە سەرئاو، پرسی سینیۆریتی (٣) و دابینکردنی پێداویستییەکانی کارکردن( دەستکیش بە نموونە) تا دەگات بە گرفتی ڕێکخراوبوون لە یەکێتیی و نەقابە کرێکارییەکان. ژنانی کرێکار لە کۆمپانیای ئۆتۆمبێلسازی کەنەدا سەرباری گرفتەکانیان، بەڵام توانیان مێژوویەکی گەش و پرشنگدار بۆ خۆیان تۆمار بکەن و دەستکەوتە چینایەتییەکانیان ببێتە مایەی سبەینێیەکی باشتر بۆ نەوەکانیان.

## شیعر و ململانێی چینایەتی

کۆمپانیای جەنەڕاڵ مۆتۆڕ لە کەنەدا لە ساڵی ١٩٦٣ کۆمەڵێ بڕیاری دژە کرێکاریی دەردەکات سەبارەت بە گواستنەوەی چەند بەشێک لە کۆمپانیاکە لەشاری (ویندزۆر)ەوە بۆ مەڵبەندی مەککینۆنی پیشەسازی لەشاری ( سەین کاترین) و هەروەها

گواستنەوەی بەشێکیش لە مەکینۆنەوە بۆ شاری لەندەنی ئۆنتاریۆ. جگەلەمەش کۆمپانیای جەنەڕاڵ مۆتۆڕ بەشی دروستکردنی گێڕ دەگوازێتەوە بۆ ۆڵکەرڤیڵ و ڕاشیگەیاند کۆمپانیا لەناوچەی ویندزۆر بەشێکی نوێی بڕین دادەمەزرێنێت و ئەمەش دەبێتە هۆی کەمبوونەوە و تەنانەت داخستنی بەشی دووریـن لە ئۆشاوا. کاتێک نارەزایەتی کرێکاران دژ بەم سیاسەتەی کۆمپانیا دەست پێدەکات، کۆمپانیای جەنەڕاڵ مۆتۆڕ نوێنەرانی نەقابەی کرێکاران دڵنیا دەکاتەوە کە ئەم ئاڵوگۆڕ و گواستنەوانە بەهیچ جۆرێک کاریگەری لەسەر کرێکارانی پیاو دانانێت. هەرواش بوو کاریگەرییەکە تەنها ژنانی کرێکاری گرتەوە و نزیکەی ٤٠٠ ژنی کرێکار کەوتنە دۆخی مەترسی لەدەستدانی کارەکانیان. لەم هەلومەرجەدا مەی پارتریجی ژنە کرێکاری شاعیر و بەرپرسی کۆمیتەی کرێکارانی ژنان لە ڕێکخراوی یەکێتیی کرێکارانی ئۆتۆمبێلسازی کەنەدا لەساڵی ١٩٦٧ شیعرێک بەناوی ( کۆتایی کەنەفتی "٣٢") دەنووسێت و لە ڕۆژنامەی( ئۆشاوا ۆرکەر)(٤) بڵاوی دەکاتەوە، کە بەمجۆرە ڕاز و نیگەرانی ژنانی کرێکار وێنا دەکات:

*هاوبەشی خەمەکانی یەکدی دەبووین*

*کاتێ لەکار دووا دەکەوتین*

*بەڵام لەکۆتایی وەرزدا*

*لە وەختی خۆی تەواو دەبووین.*

*هاوبەشی تێگەیشتنی یەکدیمان دەکرد*

*که سکاڵامان لە بەختی خۆمان دەکرد*

*بەڵام ژنبوون تاکە تایبەتمەندییەکمان بوو*

*تاکە شتێکیشە هەمان بێت.(٥)*



NEXT YEAR'S PRESIDENT
TO BE FULL TIME AND PAID?

The UAW-CIO
OSHAWORKER

United Automobile, Aircraft and Agricultural Implement Workers of America, Local 222, Oshawa

VOL. II, NO. 2 | OSHAWA, ONTARIO | JANUARY 31, 1944

LABOR COUNCIL
ELECTS OFFICERS

By M. J. FENWICK, Secretary-Treasurer, Oshawa and District Labor Council

The federal government's latest wage freezing order was denounced by the monthly meeting of the Oshawa and District Labor Council as "the most reactionary piece of legislation ever enacted." Delegates decided to urge all affiliated unions to submit protests to the King ministry against this anti-labor measure.

Issued December 9 and known as P. C. 9384, the order practically eliminates the possibility of getting wage raises; puts penalties on workers who strike for better pay; provides that no employer shall be required to raise wages if he would have to boost the price on his goods and makes all decisions of regional war labor boards subject to review of the National War Labor Board.

In addition labor representation on the National War Labor Board is to be reduced and at the same time payment for future rise in living costs is discontinued.

With the Ontario Legislature meeting February 22 in its first session since the election of last August, the Council decided to ask the Drew government to implement its promise of taking over 50 per cent of education costs to municipalities. A copy of the letter was ordered sent to Arthur Williams, C.C.F. member of the Legislature for Ontario County.

In its annual election of officers F. M. Dafoe and W. E. Noble were acclaimed as president and vice-president respectively. Both are members of Local 222, U.A.W.A. M. J. Fenwick, representative of the United Steelworkers of America, was elected secretary-treasurer.

W. R. Cambers, president of Local 521, United Electrical, Radio and Machine Workers, Ajax, and Mrs. Margaret Henderson, president of the Ladies' Auxiliary, U.A.W.A., were elected to the executive board.

The following committees were also elected: E. A. Jones, Paul Smith and Mrs. Mabel Mayne, trustees; William Edwards, E. H. Atkinson and E. A. Jones, organization committee; Albert Elson, Mrs. Ethel Thomson and David Henderson, municipal committee, and Clifton Lang, James Corso and Edward Kitchen, legislative committee.

F. M. DAFOE, Pres., Oshawa and District Labor Council.

James Smith, international representative of the United Automobile Workers, conducted the elections.

During the course of the meeting candidates sponsored by the Council in the recent municipal election in Oshawa and East Whitby spoke to the delegates. They all thanked the labor voters for their support.

Mayor A. Gordon Davis said he realized that it was the backing of the working people that put him in as mayor for 1944.

Local 222 delegates and alternates to the Council are: F. M. Dafoe, Albert Elson, W. E. Noble, A. G. Shultz, M. Arych, Gordon Fegan, E. N. Boots, David Henderson, A. C. Stark, David Carrie, Henry Myers and Robert Townsley.

Notice!

Nominations for Executive Officers of Local 222 take place next Wednesday night, Feb. 2, 8 p.m.

Also Discussion — and Decision — About Full Time, Paid President.

کۆمپانیا لەهەمبەر خولقاندنی ئەم دۆخە دژوارە بۆ ژنانی کرێکار لەوپەڕی دەست ئاوەڵایی دابوو، چونکە یاسای پاراستنی مافەکانی هاوڵاتی کەنەدیی، خەڵکی کەنەدیی دەپاراست لەهەر هەڵاواردنێک لەسەر بنچینەی نەتەوە و ئایین و ڕەنگپێست، بەڵام جێندری تیا نەبوو. بۆیە پایەیەکی خەباتی کرێکارانی ئەو قۆناغەی بزووتنەوەی کرێکاری کەنەدا چەسپکردنی پاراستنی مافی یەکسانی جێندەر بوو لەو یاسایەدا. جەنەڕاڵ مۆتۆڕ هێندە دژە ئینسانیی بوو تەنانەت ژنێک دادەمەزرێنن کە نەیان دەزانی

دووگیانه و سکەکەی سێ مانگانە. کاتێک هاتە ئانوساتی مندالبوون و کرێکارەکە چووە خەستەخانە، کۆمپانیا ئەو کرێکارەی دەرکرد.

*یاساکان تێپەڕێنران و پەسندکران*

*لەلایەن ئەو کۆمپانیا زەبەلاحەی ناوی جەنەڕاڵ مۆتۆڕە*

*تێکۆشانمان دووره لەوەی کۆتایی بێ*

*هەتا پیاوان وشیار دەکەین*

*دەزانین ڕێگەی ئێمە جیاوازە*

*لەم سۆنگەیەوە هاوڕاین کەوا*

*ئێمە دوای ئازادی ناکەین*

*تەنها یەکسانیمان دەوێ.(٦)*

شاعیر لە شیعرەیدا بەڕوونی باس لە نیگەرانی گرفتی جێندەر دەکات. سکالای شاعیر هەم وەک کرێکارێک و هەم وەک ژنێک لەشیعرەکەدا ڕەنگی داوەتەوە. دیارە گرفتی ژنبوون لە کۆمەڵگەی کەنەدا تا ئەم دەیانەی دواییش هەر هەبووە و ڕەنگە ئێستاش لەم گۆشە و ئەو گۆشە هەبن. ئەوەی کۆمپانیا لە ژنانی کرێکاری دەویست تا بڵێی نائینسانانە بوو. وەکو کرێی کەمتر لە پیاوان و منداڵ نەخستنەوە و شان خاڵیکردن لە بەرپرسیارێتی خانەوادە. بۆیە دروشمی (یەکسانی) یەکێک بووە لە دروشمە هەرە بەرجەستەکانی خەباتی ژنانی کرێکار لەو قۆناغە دیاریکراوەی ژیانی بزووتنەوەی کرێکاری. ئان بەیلی ژنە شاعیری کرێکاریی بۆ گەیشتن بە مافەکانیان باس لە

لێکهەڵپێکرانــی خەبــاتی ژنــان و پیــاوان دەکــات و بەرگــری لە کۆمیتەی ژنان دەکات و خەباتەکەی دەکات.

*دەتەوێ بزانی چی دەکەین و بەنیازی چین*

*هەوڵ دەدەین بەچاوی هیچ کەسێکی تر نەبینین*

*بۆ مافەکانی ژنان هاتووینەتە مەیدان*

*تا کێشەکانیان بخەینە بەرباس و دووان*

*نابێ لەوەزیاتر دەستەوەستان بین*

*وا هەست بکەین*

*ئێمەی ژن هیچمان پێناکرێ*

*توانای کارکردن و ڕاسان*

*شانبەشانی هاورێی کرێکاری پیاوین*

*ئێمە خوازیاری یەکسانین*

*ڕەنگە تێبگەی ئەگەر هەردوو پێکەوە بین*

*چەند گونجاوین.(٧)*




ساڵی ١٩٦٥ تا ١٩٦٧ کۆمپانیا تا دەهات فشارەکانی لەسەر کرێکارانی ژن زیاتر دەکرد ئەویش بە کەمکردنەوە و دەرکردنی کرێکارانی ژنان لە بەشی دوورین، بۆیە مەی پارتریچ شیعرێک وەک نامەیەک بۆ سەرۆکی کۆمپانیای جەنەڕاڵ مۆتۆڕ ( مستەر ۆکەر) دەنێرێت. پاتریچ لەکۆتایی شیعرەکەیدا دەڵێت:

*ئێمە هیچ لەخۆبایی نین پێمانوایە تەنها ئەوە ماناداره*

*ساڵی داهاتوو گەر کار بکەین دەمانەوێ بزانین لە کوێ کار دەکەین. (٨)*




لەو ململانییەی نێوان کۆمپانیاکان و نەقابەی کرێکاران کە کرێکاران بەگشتی و ژنانی کرێکار بەتایبەتی ببوونە ئامانج، ئەو ئاگاییە چینایەتییەی کە دەبوو لەئارادا بێت بەپێی پێویست نەبوو. مەی پارتریچی شاعیر دەڵێت( ئێمە لەوێ بووین و پیاوانی کرێکاریش هیچیان لەدەست نەهات. جا پێیان خۆش بێت  یان نا ئێمە دەبوو دژ بەو بڕیارانە بوەستینەوە.) (٩) ژنانی کرێکار لە کۆبوونەوەی یەکێتیی کرێکاران بەشدار دەبوون و بەتووڕەییەوە دەیان پرسی چەند کرێکاری ژن لەکار دەرکراون یان دەردەکرین؟  ژنێک لەڕیزی پێشەوەی ناڕەزایەتی و خەباتی ژنان شیعرێک دەنووسێت و بەمجۆرە گوزارشت لە دۆخی شڵەژاوی خۆیان دەکات:

*ئێمە چاوڕەوانی بەفەرمی ناسینین وا چاکترە زوو بێتەدی*

*هەست دەکەم زۆر تەنیاترم لەو پیاوەی وا پێیەکانی نایە سەر مانگ*

*ڕۆژنامەنووسەکانت هەموو ناوازەن شتێک دەبێت لەبیر بێت*

*من وەکو ژن پۆلینکراوم، بەڵام ئەندامی نەقابەم.(١٠)*

سەربارى ئەوەى نەقابەى کرێکاران ڕاى دەگەیاند کە ڕێکخراوەکەیان جێگەى ژنانی کرێکارە و ژنان دەتوانن پێشڕەوى تیا بنوێنن و خەبات بکەن بۆ بەدەستهێنانی یەکسانی جێندەر، بەڵام ژنانی کرێکار ڕێکخراوەکەیان وەکو ڕێکخراوێکی پیاوانی کرێکار دەبینی. ئەم گرفتە کە گرفتێکی کۆمەڵایەتی چینایەتی بوو پەیوەندى بە ئاگایی چینایەتییەوە هەبوو. وشیارى سیاسی کرێکاران بەگشتی لەئاستی پێویستدا نەبوو و هەر ئەمەش وایکردبوو بۆرژوازى و سەرمایەداران بتوانن لەژێر ناوى جێندەر ( ژنان و پیاوان)، واتە ڕیزى کۆمەڵاتی کرێکاران پچڕ پچڕ بکەن و لاوازیان بکەن. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیێنێت کە ئاگایی سیاسی چینایەتی لەو خەباتەدا ئامادەیی نەبووە.

*ئێمە کۆمیتەیەکمان هەڵبژارد*

*تەنها و تەنها بۆ یەک ئامانج*

*تا گرێبەست یەکسان بکا*

*بەو ڕێگاچارانەى دەیدۆزینەوە*

*لە تەواوى ڕۆژنامەکان*

*هەندێک بەپشت گوێخستنی پیاوان*

*کۆتایی بە هەنگاوى ڕزگارى ژنان دێنن*

*ئەمەش خواست و ئامانجی نییە.*

*تا ئەو کاتەی پیاوان وشیار دەکەینەوە*

*دەزانین کە دزاینی ئێمەی ژنان جودایە*

*لەم ڕوانگەوە هەموو کۆکین لەسەر ئەوەی*

*ئێمەی ژنان بەدوای ئازادیدا وێڵ نین*

*تەنها یەکسانیمان دەوێت.(١١)*

مەسەلەی یەکسانی جێندەر لەو قۆناغە مێژووییە لە خەباتی ژنانی کرێکار لە کۆمپانیای ئۆتۆمبێلسازی کەنەدا، مەسەلەیەکی گرنگ و هەستیار بووە و شیعریش ئامرازێکی خەباتکارانە بووە کە ژنانی کرێکاری هەڵسوڕاو و شاعیر دەستیان بۆ بردوە و دژ بە چەوسانەوەی سەرمایەداران بەکاریان هێناوە.

**دواقسە**

ژنانی شاعیر و کرێکار لە نەقابەی کرێکارانی ئۆتۆمبێلسازی کەنەدا لە لە کۆتایی نیوەی یەکەم و سەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم، تێکۆشاون لەپێناو مافە ڕەواکانیان و بەشیعر گوزارشتیان لەو خەباتە چینایەتییەی کرێکاران کردووە. شاعیرانی وەک مەی پارتریچ و ئان بەیلی و شاعیرانی تر شانبەشانی هەڵسوڕاوانی کرێکاران، کەلەنێو مێژووی خەباتی یەکێتیی کرێکارانی ئۆتۆمبێلسازیی کەنەدا هەڵسوڕاو بوونە و لەڕێگەی شیعرەوە توانیویانە جوانترین شانازیان بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن. بەشداری ژنانی شاعیر لەو خەباتە بەشدارییەکی چینایەتی بووە و شیعریش ڕۆڵی مێژوویی و

کـۆمەڵایەتی خەباتکـارانەی خـۆی گێـڕاوە و بـووتە ئـاوێنەی باڵانومای ئەو خەباتە پڕ لە سەروەرییەی ژنانی کرێکار.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان:

(١)نەقــابەی کرێکــارانی ئۆتۆمبێلســازیی کەنەدا ( Canadian Auto Worker)؛ یەکێک بوو لە گەورەترین سەندیکاکانی کرێکارانی کەنەدا، بەڵام لەگەڵ نەقابەی پەیوەندییەکان و نەقابەی وزە و کرێکارانی کاغەزی کەنەدا یەکیان گرت و لە ساڵی ٢٠١٣دا یەکێتیی نەقابەکانی(یونیفۆر)یان پێکهێنا. ئەم نەقــابەیەلە ســەرەتادا لە کارگەکــانی ئۆتۆمبێـل لە ئۆنتــاریۆ لەســاڵی ١٩٣٧ دامەزراوە، جــۆرج بیــرت لە ١٩٣٩ تــا ١٩٦٨ واتە بــۆ مــاوەی ٢٩ ســاڵ، سەرۆکی ئەو نەقابەیە بوو. ئەم نەقابەیە کرێکارانی کۆمپانیاکانی جەنەڕاڵ مۆتــۆڕ و فــۆرد و کرایســلەر لەخــۆ دەگــرت. دوای چەنــدین ئــاڵوگۆڕ ئەم نەقابەیە ئێستاش لە زۆرێک لە کەرتەکانی ئابووریدا نوێنەرایەتی کرێکارانی کەنەدا دەکات.

(٢)بەداخەوە نەتوانرا زانیاری لەسەر ژیانی ئەو ژنە شاعیرە کرێکارانەی کە بەشیعر گوزارشتیان لە خەباتی خۆیان کردووە و ناویان لەم نووسینەدا هاتووە، بەردەست بخەین. لەلایەکی تریشەوە بەگوێرەی سەرچاوەکان زیاتر لە بیست و پێنج هەڵسوڕاوی ژنانی کرێکار لێبراوانە تێکۆشاون لەپێناو بەرگریکردن لە ئینسانییەتی ژنان و پیاوانی کرێکار و مافەکانیان.

(٣)بەپێی فەرهەنگی ئازادی وشەی سینیۆریتی بەمانای تەمەن گەورەتری یان سەرەکێتی یان باڵاتری یان لەپێشتربوون دێت. من ئەم ڕاڤانەم بە گەنجاو نەزانی و هەر وشەی سنیۆریتیم وەکو خۆی دانایەوە.

(٤)ڕۆژنــامەی ئۆشــاوا ۆرکەر(Oshawa Worker Newspaper)؛ ڕۆژنــامەیەکی کرێکــاریی بــوو و پاشــان بــوو بە گۆڤــار لەلایەن لیــژنەی ڕۆشنبیری نەقابەی کرێکارانی ئۆتۆمبێلسازیی کەنەدا لۆکاڵی ٢٢٢ ەوە، دوو مانگ جارێک بەچوار لاپەڕەی قەبارە گەورە بڵاودەکرایەوە. ولیەم نۆبڵ

لەدەیەی چلەکـانی سـەدەی ڕابـردوو سەرنووسـەری چەنـدین ژمـارەی ڕۆژنامەی ئۆشاوا ۆرکەر بووە. پاشان ڕۆژنامەکە دەبێت بە گۆڤار.

(٥) Labour's Dilemma, The gender Politics of Auto Workers in Canada 1937 – 1979, Pamela Sugiman, University of Toronto Canada, 1997, page 138 and 139.

(٦)هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕەکانی لاپەڕە ٢٠١ و ٢٠٢.

(٧)هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە لاپەڕەکانی ٢٠٢ و ٢٠٣.

(٨)هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ١٤١.

(٩)هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە لاپەڕە ١٥٥.

(١٠)بەداخەوە ناوی شاعیرەکە تۆمار نەکراوە. هەمان سـەرچاوەی پێشـوو لاپەڕە لاپەڕە ١٥٥.

(١١) Labour's Dilemma, The gender Politics of Auto Workers in Canada 1937 – 1979, Pamela Sugiman, University of Toronto Canada, 1997, page 200 and 202.

تێبینـــی: ئەم بـــابەتە لە ڕۆژنـــامەی ڕەوت ژمـــارە ٣٥ ی ســـاڵی ٢٠٢٥ بڵاوبووەتەوە.

# ئیستاتیکای مارکسیستی و وێنەیەک
# بۆ تێگەیشتن لە جیهان

نووسینی: دکتۆر جواد ئەلزەیدی

٢٥ی نیسانی ٢٠٢٠

(لەئینگلیزییەوە)

پێدەچێت مارکسیزم لەسەر ئاستی هەوڵی فەلسەفی مرۆڤایەتی قۆناغی جیاکردنەوەی نێوان پێشتر و دواتر بێت بە قوڵبوونەوە لەو چەمکانەی کە فەلسەفە پێشتر پشتگوێی خستبوون و مارکسیزم داوای مامەڵەکردنی لەگەڵدا کردوون، وەک شوێگەلێکی سەرەتایی بیرکردنەوە و نوێنەرایەتیکردنی خاڵی دەستپێکی نوێ بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ واقیعدا. بەڵام سەرباری ئەمەش پێشمەرجی گرنگ هەیە کە فەلسەفەی مارکسیستی سوودی لە تێزەکانی وەرگرتووە دوای ئەوەی سەرقاڵی خۆی پێی پەرەپێداوە و بووە خاڵی دەستپێکی سەرەتایی کە لێیەوە سەرچاوەی گرتووە. سەرەتا لە تێڕوانینەکانی (فیورباخ)ەوە دەست پێدەکات کە جەوهەری مرۆڤی دامەزراندووە نەک وەک ئەبستراکتێکی سروشتی لە هەریەک لە تاکەکاندا بە جیا، بەڵکو جەوهەرەکەی کۆی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانییەتی و ئەم بۆچوونانە بوونەتە ئاماژەیەکی تیۆری گرنگ بۆ نزیکبوونەوەکانی دواتر لە مارکسیزم لەگەڵ بەشدارییەکانی تر کە خۆی لە دیموکراتە شۆڕشگێڕەکانی ڕووسیادا لە سەدەی نۆزدەهەمدا دەبینییەوە وەک ( بێلینسکی، چێرنیشێڤسکی، پرۆلۆپۆڤ، گێرلیسین، ئاگارێڤ) کە پێش مارکسیزم بوون و جێگەیەکی بەرچاویان لە ئیستاتیکای ماتریالیزم لە هونەردا هەبووە. وەکچۆن بیلینسکی (١٨١١-١٨٤٨ز) مامەڵەی لەگەڵ گرنگترین بابەتەکانی پەیوەست بە جەوهەری هونەر کردووە، ڕۆڵی کۆمەڵایەتی خۆی، سروشتی ڕاستگۆیی هونەری، ناوەڕۆکی گرنگی چەمکی جەماوەرییبوون لە هونەردا و یەکەمین کەس بووە ڕووبەڕووی تیۆری هونەر لە پێناو هونەردا وەستاوەتەوە، وەکچۆن ژیان بە گرنگترین بابەتی هونەر

دادەنرێت لە ڕێگەی پەیوەستبوونی بە تیۆری هونەر لەپێناو ژیان ، کە مارکسیزم باوەڕی پێی هێناوە و بە ڕێچکەیەکی زانیوە بۆ بینینی هونەر بە گشتیی و دەبینێت هونەرمەند ژیان دروست دەکاتەوە و جەختی لەسەر (جەماوەرییبوونی ئەدەب) کردووەتەوە و ئەو جەماوەرییبوونە دۆزنانەش ڕیسوا دەکات کە تەنها گوزارشت لە ژیانی توێژەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە دەکەن، بە وەی کە هونەر دەربڕینی ڕاستەقینەیە لە ئیستاتیکا.

بەوپێیەی دیدگاکانی (چیرنیشێڤسکی ١٨٢٨-١٨٨٩ ) بارگاوییبوون بە سروشتێکی ئەنترۆپۆلۆژی، هونەر بەلای ئەوەوە دووبارە دروستکردنەوەی واقیعە لەپێناو شیکردنەوەی پەیوەندی هونەر بە واقیع و سەلماندنی ئەوەی کە هونەر لە پێویستی مرۆڤ بۆ باشبوون سەرهەڵنادات، بەڵکو زیاتر لە کۆی پێداویستییەکانی مرۆییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت و ناوەڕۆکی هونەریش تەنیا لە باشبووندا قەتیس نامێنێت، بەڵکو بەگشتی هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە پەیوەندی بە مرۆڤەوە هەیە. هونەر تەنیا ئۆبجێکت نییە بۆ چێژی ئیستاتیکی، بەڵکو لەهەمانکاتدا ئامرازێکیشە بۆ ناسینی ژیان. بەو پێیەی لە ساڵی ١٨٥٣ی زایینیدا چیرنیشێفسکی توێژینەوەکەی بەناونیشانی (ژیان و ئیستاتیکا) بڵاوکردەوە، کە تیایدا هێرشی کردبووە سەر ئیستاتیکای ئایدیالیزمی فەلسەفی، بەتایبەتی لە لووتکەی کلاسیکی خۆیدا لە نووسینەکانی هیگڵ و فیشەری خوێندکاریدا، ئەوەی ڕوون کردبۆوە (کە واقیع لە خەونەکان گەورەترە) و مانای جەوهەری گرنگترە لە ئیدیعای خەیاڵی و دەبێت گەڕان بە دوای جوانیدا نەک لە ئایدیاڵدا، بەڵکو لە جەوهەری واقیع خۆیدا بەئەنجام بگات. چیرنیشێفسکی پێیوابوو کە (جوانی ژیانە) واتە

ئەو شتە جوانانەی کە ئێمە لە ژیاندا بەپێی تێڕوانینەکانمان وەک ئەوەی پێویستە دەیبینین، جوانیش ئەو شتەیە کە گوزارشت لە ژیان دەکات کە بیرمان دەخاتەوە. واقیعیش هەمەچەشن و لێوڕێژ مەغزایەکی گەورەتری هەیە لەهەر داهێنانێک لە داهێنانەکانی خەیاڵ. لەمەوە دەردەکەوێت کە هونەریش ناتوانێت بەسەر واقیع سەربکەوێت. بەو مانایەی کە ئەرکی بنەڕەتی هونەر بریتییە لە دووبارە بەرهەمهێنانەوەی هەموو ئەو شتانەی کە مرۆڤ لە ژیاندا جێگەی سەرنجییەتی، بەڵام کاتێک هونەرمەند ئاگایانە یان نائاگا ژیان بەرهەم دەهێنێتەوە، لە هەمان کاتدا گوزارشت لە ڕاو و بۆچوونی خۆی دەکات. بەهۆی ئەمەوەیە هونەر بەنسبەت مرۆڤ دەگۆڕێت بە چالاکییەکی ئەخلاقی، بایەخی ئینسانیش بە ژیان لەیەک کاتدا ناشیرین و جوان دەگرێتەوە و تێگەیشتنی چەمکی ژیان لای چیرنیشێفسکی وەک ناوەڕۆکی هونەر چەمکێکی دینامیکی و دیالکتیکییە، و ململانێی ژیانە، ژیان وەک ئەوەی ئێستا لە واقیعدا هەیە، نەک وەک ئەوەی لە خەونەکاندا هەیە. سەبارەت بە (دیرۆلیوبۆڤ ١٨٣٦-١٨٦١) پێی وایە ئەدەب ژیان بەگۆڕدراوی دروست دەکاتەوە و ڕاستگۆیی لەگەڵ ئەو ژیانەدا مەرجی یەکەمی بەرهەمی هونەرییە، ڕاستگۆیی و ڕەنگدانەوەی واقیع لە وێناکردنی سیفەتە بنەڕەتی و نموونەییەکانە خۆی دەبینێتەوە، نەک لە تایبەتمەندی بەڕێکەوت و ڕواڵەتی ژیانی ڕاستەقینە و وێناکردنی زیندووی ئەم دیاردە و ئەو دیاردەیە و جێگە ڕاستەقینەکانیان و گرنگییان لە سەرجەم ڕووداو و بگرەوبەردەکانی ژیان و بەستنەوەی ڕووداوەکانی ناو کارە

هـونەرییەکە و ڕوانـگەی نـاوخۆییەکەی لەگەڵ ڕەوتـی ڕووداوە سروشتییەکان کە لە ژیانی ڕاستەقینەدا بگونجێت.

ئیستاتیکای مارکسیستی؛ هونەر و داهێنان بە بەشێکی گرنگ لە خۆی دەزانێت. نەک هەر ئەوەش بەڵکوو ئەم ناونانە یەکجار پڕ بـایەخە و بـواری کـاری داهێـنەرانەیە کە بەپێـی یاسـاکانی ئیستاتیکا و هەستە هونەرییەکان و تەکامولی فیکری دەردەکرێت و لەهونەردا وێنەیەکی تایبەت لەوێنەکانی تێگەیشتنی مرۆڤ بۆ جیهـان دەبینرێـت. هەورەهـا لە بنەمـا گشـتییەکانی هەڵـوێتی ئیسـتاتیکی مـرۆڤ ڕوو بە حەقیقەتـی واقیـع دەکـۆڵێتەوە. بەمشـێوەیە ئیسـتاتیکای مارکسیسـتی بەسـتراوەتەوە بە بنەمـا سەرەکییەکانی ماتریالیزمی مێژوویی و ڕەهەندەکانی تێگەیشتنی خـۆی لە گەشەسـەندنی کـۆمەڵایەتی و ئەمەش ئەوەیە کە تۆڵسـتۆی بە وتەی "هـونەر ڕوو بە جەمـاوەرە" گوزارشـتی لـێ دەکـات". وای ناسـاند کە چالاکییەکە کە مەبەسـت لێی گەیانـدنی ئەو هەستانەیە کە مرۆڤ هەستی پێدەکات بۆ کەسـانی دیکە، و بە ئـامرازێکی پەیوەنـدی نێـوان ئەنـدامانی کۆمەڵگەی دەزانێت.". ئەم هەوڵە سـەرئاوکەوتووانە تـا هاتنەمەیـدانی (مـارکس و ئەنگڵـس) لەسـەر گۆڕەپـانی فەلسـەفیدا وەک خۆیـان مـانەوە، کاتێکیش ئەم تێزانە لە تیۆرە جوانیناسییەکان جێگیر بوون، بەو پێـیەی تیزەکانیـان بەسـترابووەوە بە دیـالێکتیکی واقـیعەوە کە خاکی بەپیت و بنەمای هونەری ئیستاتیکییە. بەڵام ئەمە نابێت لە ڕووی گرنگییەوە ئیستاتیکای واقیع یەکسـان بێت بە ئیسـتاتیکای هـونەر. پەیوەنـدییەکی ئـاڵۆز لە نێوان ئەم دوو جۆرە جـوانییەدا هەیە، ئیسـتاتیکاش لە هـونەردا بە ئامـانجەکەی و لێکـدانەوە

فیکرییە تایبەتەکەی و بارگەی کۆمەڵایەتییەکەی و فۆکۆسی تایبەت بە خۆی دەناسرێتەوە.

بەم شێوەیە (مارکس و ئەنگڵس) پێیان وابوو کە هەموو چالاکییەکی ماددی و پراکتیکی مرۆڤ لایەنێکی ئیستاتیکی هەیە و ئەمەش تەنیا لە داهێنانی هونەری یان سروشت سنووردار نییە. لەچالاکی ماددییدا بوارێکی ئیستاتیکی هەیە، بەڵام لە هونەردا ئەوە جەوهەرە و ئەو شتەیە کە وا لە هونەر دەکات شێوەیەکی جیاواز لە شێوازەکانی مەعریفەی کۆمەڵایەتی هەبێت. ئەو تیۆرییانەی کە هەریەک لە (مارکس، ئەنگڵس، بلیخانۆڤ، لینین، بیلینسکی، چیرنیشیڤسکی) پەرەیان پێداوە لەسەر دیدگای ئیستاتیکی و ڕەخنەیی، ئەو تیۆرییانە بوون کە جەختیان لەسەر دیاریکردنی ئابووری لە بواری میتۆدی هونەریدا دەکردەوە، وەک دەرکەوتنێک لە دەرکەوتنەکانی پرۆسەی دیالێکتیکی لە گەشەسەندنی کولتووریدا، هەروەها ڕۆڵی هونەر لە بەهێزکردنی (و هەندێکجاریش تێکدانی نەخشەی ئابووری کۆمەڵایەتی لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژوو. لە ڕوانگەی ماتریاڵیستی پتەوەوە دیالێکتیکی پەیوەندی نێوان بابەتیبوون و خودگەرایی لە ئیستاتیکادا ئاشکرا کرد و نیشانیاندا کە بابەتیبوون بنەمای خودگەراییە و بە ئاماژەدان بە توانەوە و تێکەڵبوونی خودی تاک لە خودی بەکۆمەڵدا پێکدەهێنێت و دواجار هەردوو لایەنی بابەتیی و خودگەرایی ماددیین. هەروەها مارکس پێیوایە کە پەیوەندی ئیستاتیکی حەقیقەت لەگەڵ واقیعدا پەیوەندیی یەکێتییەکی ناوەکی و ئۆرگانیکە لەگەڵ بابەت و لە هەمان کاتدا دووریشە لەهەر هارمۆنییەکی تێرامانـاوی ئەبستراکت و ئازادیش دەبێتە مەرجی گرنگ لە ئیستاتیکا و هەروەها دەبێتە

سـەرچاوە و جەوهەری جـوانی. ئیسـتاتیکا( ئەوی ئـازاد بێـت بەڕاسـتی جـوانە و ئەوی ناشـرین بێـت هـیچ ئـازادییەکی نیـیە). ئەمەش یـانی جـوانی پەیوەسـتە بە ئـازادیی هونەرمەنـد و ڕزگاربوونی لە هەموو ئەو دەسـەڵاتانەی کە چاودێری دەکەن و دەستکەوتە داهێنەرەکەی بێلایەن بکات و ناشـرینیش ئەوەیە کە سـنووردار و چەوسـاوە و پەراوێزخـراوە. بـۆیە ئەمـانە ئەو پێشـمەرجە واقیعیـانە بـوون کە مـارکس و ئەنگڵـس لە فۆرموڵەکردنەکانی دواتریاندا پشتیان پێبەست، ڕەنگە تەنانەت ئەگەر مارکسـیزم سـەر بە هەمـان بـابەتی واقیعـیش بووبێـت، دابەش بووبێت بەسـەر ئەوەی کە پەیوەندی بە دیدگای وردەوە هەیە. مـارکس هۆشـیاری بە شـێوەیەکی سـەرەکی لە تەواوی پرۆسـەکەدا دیـاری دەکـات، بەڵام وا دەکـات نەیخـاتە پـێش ژیـانەوە، بەو پێیەی ژیـان بە هۆشـیاری دیـاری ناکرێت، بەڵکو هۆشـیاری لەلایەن ژیـانەوە دیـاری دەکرێـت و هەر لەبەر ئەم هۆکـارەش بـۆ ئەوەی مـرۆڤ لە هۆشـیاری یـان هەریەک لە دەرکەوتە تایبەتەکان تێبگات، وەک کاری هونەریی، بۆ نموونە ، دەبێت لە خودی تاکە زیندووەکانی ڕاستەقینەوە دەست پێبکات، وەک چـۆن لە ژیـانی ڕاسـتەقینەدا هەن. هۆشـیاریش جـگە لە هۆشـیاری ئەوانیتـر نەبێـت شـتێکی تـر نیـیە. دژایەتـی نێـوان هۆشـیاری (بە هونەریشـەوە) و لەگەڵ ژیـان لە هەنـدێک هەلومەرجـدا حەتمیـیە و فۆرمەکـانی هۆشـیاری بە پەیوەنـدییە کۆمەڵایەتییەکـان ڕوون دەکـرێنەوە و بەم شـێوەیەش بنـاغە بـۆ مێـژووی زانسـتی هـونەر دادەنێـت کە لە وەسـفکردنی فـۆرمە گۆڕاوەکـانی تێـدەپەڕێت بە ئاشـکراکردنی ڕەگوڕیشـەی کۆمەڵایەتی مێژووی شێوازە هونەرییەکان بە هەموو گشتگیری

و ئالۆزییەکـــانییەوە. هــونەریش نمایشـــێکی ڕوونکەرەوەیەکـــی ورووژێـنەرە کەلەهەمـان کاتـدا هەڵدەسـتێت بە دۆزینەوەیەکـی گرنگـی چەمکـی بنەڕەتـی لە مشـتومڕەکەدا، کە مەبەسـتمان لە یەکگرتوویی دژبەرەکانە، چونکە تـایبەت دەگۆڕێت بۆ گشـتی و گشتیش خۆی ئاشکرا ناکات جگە لە ڕێگەی تـایبەتەوە نەبێت و هەربۆیەش یەکێتیی نێوان تـایبەت و گشـتی لە یەکێتیی فۆرم و ناوەڕۆکدا دەردەکەوێت، ئەمە ئەو شتەیە کە وا لە هونەر دەکات بکرێتە سەرچاوەی ئەزموونێکی نەبڕاوە.

لێرەدا (مـارکس و ئەنگڵـس) توانیـان بـۆ یەکەمجـار لە مێـژووی فیکـری مرۆڤایەتیـدا لە ڕوانــگەی ماتریالیســتی دیــالکتیکییەوە گەشــەی کــۆمەڵگە ڕوون بــکەنەوە و مێــژووی کۆمەڵگەیــان بە تەواوکەری مێژووی سروشـت دەزانـی و ئاماژەیـان بە پێویسـتی لێکۆڵینەوە لە سروشـت و کـۆمەڵگە لە ڕووی سـیما هەمەلایەن و تایبەتمەنـــدییە جیاوازەکانیـــانەوە دەکـــرد و هەردوو چەمکـــی ژێرخان و سـەرخانیان بـۆ مێژووی کـۆمەڵگە زیـاد کـرد و کـۆی ئەو پەیوەندییە بەرهەمـدارانەی پێکهـاتەی ئـابووری کـۆمەڵگە کە بـریتییە لە بنەمـای ڕاسـتەقینە کە سـەرخانی یاسـایی و سیاسـی لەســـەر بنیـــات نـــراوە لەگەڵ فـــۆرمە تایبەتییەکـــانی هۆشـــیاری کۆمەلایەتیشدا دەگونجێت. دادگایی کردنی بەرهەمە هونەرییەکان دەبێــت بەپێــی ســـەردەمیان و بەرواری تەواوبوونیـــان ئەنجـــام بدرێت و بەراوردکردنی دوو مێژوو بە پێی چەمکی حەتمییەتـی مێژوویـی دروسـت نییە. سـەبارەت بە هـونەریش ئەوە بەباشـی دەزانرێــت کە هەنــدێک لە بەهاکــانی بە هـــیچ شـــێوەیەک لەگەڵ گەشەســـەندنی گشـــتی کـــۆمەڵگە و هەروەهـــا لەگەڵ پێکهـــاتەی ماتریالیزمی مێژوویی هاوکات نین. یانی لەگەڵ ئێسکەپەیکەری

ڕێکخراوەکەیدا وەک بەراوردکردنی هونەری یۆنانییەکان لەگەڵ هونەرە مۆدێرنەکان.

بەوپێیەی داستانەکانی یۆنانییەکان نوێنەرایەتی ئەفسانەی یۆنانی و بنچینەی هونەری یۆنانین و مارکسیش دژایەتی نەکردنی ئەو سیحرەی کە هونەری یۆنانییەکان نوێنەرایەتی دەکات لەگەڵ قۆناغە دواکەوتووەکەی کۆمەڵگە کە ئەم هونەرە تێیدا سەریهەڵدا، پشت ڕاست دەکاتەوە. مارکس لەوە زیاتر دەبینێت کە سیحرەکەی لەم واقیعەوە سەرچاوە دەگرێت و بەچەندین ڕایەڵە بەو واقیعەوە شەتەک دراوە چونکە هەلومەرجە کۆمەڵایەتییە پێنەگەیشتووەکان ئەو هونەرەیان بەرهەمهێناوە، کە کەسی تر ناتوانێت بەرهەمی بهێنێت و ناشتوانێت دووبارە بکرێتەوە. ئەوەتا بەلزاک لە کتێبەکەیدا (کۆمیدیای ئینسانی) بەجۆرێک وەسفی دەکات کە ئەوەی بەلزاک نووسیویەتی لەئامارناسانی ئابووری فەرەنسی زیاتر مێژووی واقیعی کۆمەڵگەی فەرەنسی بەدیارخستووە. لەو ڕوانگەیەوە کە ئەو فاکتەرانەی کە دەبنە هۆی دابەزینی هونەر خۆیان لە هەمان کاتدا هەر کە مرۆڤەکان لە کۆیلایەتی خۆیان ڕزگاریان بوو، پێداویستییەکانی زیندووبوونەوەی دروست دەکەن و ئەمەش سەرچاوەی ئەو تێزانەیە کە مۆدێرنیتی ئەوروپی لەتێزەکانی مارکسی گەنجەوە دەستی پێکردووە چونکە تازەگەری هەڵگری هەمان تێگەیشتنە، ئەویش لەیەککاتدا هەڵگری تۆوی بنیاتنانەوە و لەناوچوون یان ڕووخاندنە.

مارکسیزم لەگەڵ تێزی مارکس و ئەنگڵس نەوەستا، بەڵکو تێزی ئەوانەی دوای ئەوانیش هاتن لەگۆشەنیگای ترەوە کاریگەرییەکی

زۆریان هەبوو لەسەر بینینی ئیستاتیکا. دیدگای بلیخانۆف قووڵ بوو و جەختی لەسەر بنەما مێژووییەکانی بیری مارکسیزم دەکردەوە. دار سێو جگە لە سێو هیچی تر ناگرێت و درەختی گوێزی هیندیش بە هەمان شێوە. بۆیە سەردەمی خراپبوون هونەری خراپ دەبەخشێت. یان بە خراپبوون تایبەتمەندە، هەروەها سەردەمی گەشەکردنیش هونەری باش دەخوڵقێنێت. ئەمەش وابەستەیی لەگەڵ تیۆرییە کۆمەڵایەتییەکان پشتڕاست دەکاتەوە، بە تایبەتی لەگەڵ (هیپۆلیت تاین) و سێ قۆڵی (ژینگە ، سەردەم، ڕەگەز یان جۆر) وەک یەکێک لە مەرجەکانی مارکسیزم. لە کاتێکدا تێڕوانینی لینین لە سەیرکردن و قەدرزانینی جوانیدا تەواو جیاواز بوو، کاتێک هونەری وەک پرۆسەیەکی ئیستاتیکی شیکردەوە نەک وەک دەرئەنجامێکی ئیستاتیکی، و گرنگی بەو شتە دەدا کە هونەر مەعریفی چییە و دژایەتی ئایدیالیزمی ڕواڵەتی و شاراوەی لە ئیستاتیکادا دەکرد و ڕایگەیاند کە ئەفسانەی هونەرمەند وەک مرۆڤێک کە لە سەرووی مرۆڤەکانی ترەوەیە هەڵەیە. سەلماندنی هەڵەی لێکدانەوە ئایدیالیزمەکانی پرۆسەی مەعریفەی ئیستاتیکی و ئیدراکی دانەری هونەریی، وەک لینین دەڵێت نە ڕاستەوخۆیی و نە دیاریکردنی قۆناغی ڕاگوزەر، بەڵکو هەردووک بە ئەبستراکت گەشە دەکەن و قووڵ دەبنەوە و نە قەرەبوو دەکرێنەوە و نە هەڵدەوەشێنرێنەوە. ڕۆچوونە نێو ئەمە بە باسکردنی تایبەت و گشتی، کاتێک ئێمە نیگارێک دەکێشین یان وێنەیەک دەگرین، دەبێت سەرنجی خەڵکی گشتی (نەک بەتەنها هونەرمەند) بورووژێنێت. وە ئەمەش لەڕاستگۆییەوە هەڵدەقووڵێت کە ئەزموونی تاک و تایبەت دەگۆڕێت بە ئەزموونی گشتی،

بەپێچەوانەی ئەو ئەزموونانەی کە گشتی دەگۆڕن بۆ تایبەت. نموونەش زۆرە لەسەر هونەر و ئەدەب ئەگەر هەوڵبدەین رووخسارە هونەرییەکانیان بگێڕینەوە و ئەم تێگەیشتنەیان لەسەر پەیرەو بکەین. بۆیە وێنەی تێگەیشتن لە مارکسیزم لە خوێندنەوەی واقیع و دارشتنی لێکدانەوەکانییەوە سەرچاوە دەگرێت، لەوانەش هەوڵدان بۆ گۆڕانکاری، سەرەڕای ئەو دابەشبوونانەی لە جەوهەری ئەم لێکدانەوەیە لە پێشمەرجە وردەکان کە تیۆریستە مارکسیستەکان بەدوایدا دەگەڕێن و هەریەکەیان ڕێبازی جیاوازی خۆیان لەو گۆشەنیگایەوە دەگرنە بەر.

سەرچاوە: سایتی الحزب الشیوعي العراقي

https://www.iraqicp.com/index.php/sections/orbits/35394-2020-04-25-10-20-11

# دەستپێکی ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی

نووسینی: ساندیا مەولانا(*)

(لەئینگلیزییەوە)

هەرچەنـدە کـارل مـارکس شـیعر و ڕۆمـانی نووسـیوە، بەڵام بەرهەمەکـانی زۆر کەم ئاماژەیـان بە بـاس و ڕەخـنەی ئەدەبـی کـردووە. سـەرەڕای ئەوەش، فەلسـەفەکەی کـاریگەرییەکی زۆر بەرفراوانی لەسـەر ڕەخنەگران و نووسـەران هەیە، ئەمەش بۆتە هـۆی لەدایـک بـوونی ئەو شـتەی کە پێـی دەوترێـت ڕەخـنەی ئەدەبـی مارکسـی. ئـێمە لێـرەدا تێدەکۆشـین بـاس لە گرنگیـی مـارکس نەکەیـن وەک بـاوەگەورەی کۆمـۆنیزم و خەبـاتی چینـایەتی، بەڵکـو بـاس لە گـرنگییەکەی دەکەیـن لە پێکهێنـانی بزووتنەوەیەکـی ئەدەبـی کە ئەدەب بە دیـاردەیەکی کۆمەڵناسـی دەزانێت کە هاوشـێوەی دیاردەکانی دیکەی لەو جۆرە مـامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. بەهۆی سنووردارbوونی پانتـایی ئەم چینە، تەنیا بـاس لە کاریگەرییەکـانی مـارکس (و ئەنگڵـس) دەکەیـن لەسـەر لێکـۆڵینەوەی کۆمەڵناسـی و مێژوویـی ئەدەب. سـەرنجەکانی مـارکس و ئەنگڵـس لەسـەر هـونەر و ئەدەب پەرش و بـڵاو و پـارچە پـارچەن. ئەمەش یەک لەو هۆکـارانەیە کە ڕەخـنەی مارکسیستی زیاتر لە تەنها دووبارە خستنەڕووی ئەو کەیسـانە دەگرێتەوە کە دامەزرێنەرانی مارکسـیزم دایاننـاوە. بەشـێکی ئەو زانستە بنیات دەنێت کە بە 'کۆمەڵناسی ئەدەب' ناسـراوە، کە بە شـێوەیەکی سـەرەکی پەیوەنـدی بە ئامرازەکـانی بەرهەمهێنـانی ئەدەبـیەوە هەیە، چـۆنییەتی چـاپکردنی کتێبەکـان، پێکهـاتەی کۆمەڵایەتی نووسـەران و خوێنەرەکانیـان، ئاسـتی خوێندەواری، دیـاریکەرە کۆمەڵایەتییەکـانی وەک سـەلیقە و پەیوەنـدیی سۆسـیۆلۆژی دەقە ئەدەبییەکـان. ڕەخـنەی مارکسـی زیـاتر لە سۆسـیۆلۆژیای ئەدەب، گرنگیـدانێکی هەسـتیارانەیە بـۆ فـۆرم و شێواز و مانای بەرهەمە ئەدەبییەکان وەک بەرهەمی مێژوویەکی

دیـــاریکراو پەرە پێـــدەدات. کەواتە ڕەســـەنایەتی ڕەخـــنەی مارکسیستی لە ڕوانگە مێژووییەکەیدا نییە بۆ ئەدەب، بەڵکو لە تێگەیشتنی شۆڕشگێڕانەکەیدایە بۆ خودی مێژوو.

کارل مـارکس و فرێدریک ئەنگێڵس مـارکس زاراوەی بنـاغە یان ژێرخـانی بـۆ هێزەکـان و پەیوەنـدییەکانی بەرهەمهێنـان دیـاری دەکات کە پێکهاتەی ئـابووری کۆمەڵگە پێکدەهێنن. لەم ژێرخـانە ئـابوورییەوە، سـەرخانێک، هەنـدێک فـۆڕمی یاسـا و سیاسـەت، جـــۆرێکی دیـــاریکراو لە دەوڵەت ســـەرهەڵدەدات، کە ئەرکە جەوهەرییەکەی بریتییە لە شـەرعیەتدان بە دەسـەڵاتی ئەو چینە کۆمەڵایەتییەی کە خاوەنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی ئـابوورییە. هەروەهـا سـەرخان فۆڕمی دیـاریکراوی هۆشـیاری کـۆمەڵایەتی (سیاســی، ئــایینی، ئەخلاقــی، جوانیناســی و ئەوانــی دیــکە) لەخۆدەگرێـت، ئەمەش ئەوەیە کە مارکســیزم وەک ئایـدیۆلۆژیا ناوی دەبات. هەروەها ئەرکی ئایدیۆلۆژیا بریتییە لە شـەرعیەتدان بە دەســەڵاتی چینــی دەســەڵاتدار لە کــۆمەڵگەدا. بیروبــاوەڕە باڵادەسـتەکانی کـۆمەڵگەیەک بـریتین لە بیروباوەڕەکـانی چینـی دەسـەڵاتداری ئەو کـۆمەڵگەیە. هـونەر و ئەدەب بـۆ مارکسـیزم بەشـێکن لە سـەرخانی و ئایـدۆلۆژیای کـۆمەڵگە. تێگەیشـتن لە ئەدەب، لە ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستیدا، تێگەیشتنە لە کۆی ئەو پرۆسـە کـۆمەڵایەتییەی کە بەشـێکە لێـی. ڕەنـگە ئەدەب بەشـێک بێت لە سـەرخان، بەڵام تەنیـا ڕەنگدانەوەی بێکاریگەری بنـاغەی ئــابووری نیــیە. ئەنگڵــس دەیەوێــت ڕەتــی بکــاتەوە کە هــیچ پەیوەنــدییەکی میکــانیکی و دانە بە دانە لە نێــوان ژێرخـــان و سـەرخان هەبێـت؛ توخمەکـانی سـەرخانیش بەردەوام دژەکـردار دەنـوێنن بەپێـی کاریگەرییـان لەسـەر بنـاغەی ئـابووری. تیـۆری

ماتریالیستی مێژوو (کە بەشێکە لە تێگەیشتنی مارکسیزم) نکۆڵی لەوە دەکات کە هونەر خۆی لە خۆیدا بتوانێت ڕەوتی مێژوو بگۆڕێت؛ بەڵام پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە هونەر دەتوانێت توخمێکی چالاک بێت لەم جۆرە گۆڕانکاریانەدا. مارکس پێی وابوو ئەدەب دەبێ یەکگرتوویی فۆرم و ناوەڕۆک ئاشکرا بکات. گومانی لە ڕادەبەدەر لە نووسینە فۆرماڵیستییەکان هەبوو. بە بڕوای مارکس فۆرم بەرهەمی ناوەڕۆکە، بەڵام لە پەیوەندییەکی دوو لایەنەدا کاردانەوەی بەرامبەر بە ناوەڕۆک دەبێت. مارکس تێبینی ئەوەی کرد کە فۆرم هیچ بەهایەکی نییە مەگەر فۆڕمی ناوەڕۆکێک نەبێت، دەربڕینێک کە دەتوانرێت بە یەکسانی بۆ بۆچوونە ئیستاتیکییەکان بەکاربهێنرێت. شرۆڤەی مارکس لەسەر فۆرم و ناوەڕۆکی ئەدەب ئیلهامبەخش دەبێت بۆ باسێکی درێژ لەسەر گرنگی هەردوو فۆرم و ناوەڕۆک لە بەرهەمێکی ئەدەبیدا. ئەمەش لە جۆرج لۆکاش و لیۆن ترۆتسکییەوە دەستی پێکرد و دواتر بەردەوام بوو لە بەشداریکردنی ڕەخنەگرانی مارکسیستیتر، وەک لوسیەن گۆڵدمان، پییێر ماچێری و فریێدریک جەیمسۆن.

(*)ساندیا مەولانا؛ قوتابی دکتۆرا لە بەشی ئەدەب و لێکۆڵینەوەی کلتووری ، فاکەڵتی پەرەپێدانی مرۆیی زانکۆی کانساس لە ئەمریکا کە بەمۆڵەتی ئەکادیمی زانکۆی پادجادجارانی ئەندەنیسیا دەخوێنێت.

سەرچاوە: THE BEGINNING OF MARXIST LITERARY CRITICISM Literary Criticism Sandya Maulana, S.S

https://images.slideplayer.com/25/7988892/slides/slide_4.jpg

تێبینی: ئەم بابەتە لە گۆڤاری تیڤی ژمارە ٢١ ی ساڵی ٢٠٢٣ بلاوبۆتەوە.

# تێگەیشتنی مارکسیزم – لینینیزم بۆ ئیستاتیکا

(لەعەرەبییەوە)

مارکسـیزم بە وەرچەرخـانێکی گرنـگ دادەنرێـت بـۆ هـزری فەلسەفی بە گشتی، بەو پێیەی هەڵگری دیدێکی نوێیە بۆ ژیانی کـۆمەڵایەتی و خـولقێنەری هەڵسـەنگاندنێکی نـوێیە بـۆ هەمـوو سـەرخانی کـۆمەڵگە لە کـۆنترین سـەردەمەکانەوە تـا ئەمـڕۆ. ئیسـتاتیکای مارکسیسـتی، زانسـتێکە لەو یاسـا و پەیوەنـدییە ئیسـتاتیکییانەی کە مـرۆڤ بە جیهـانی دەوروبەرەوە دەبەسـتێتەوە، دەکـۆڵێتەوە. هەروەهـا لێکـۆڵینەوەی شـێوازەکانی پەیوەندییە ئاڵوگۆڕپێکەرەکانی کۆمەڵگە لەنێوان سـەرجەم شـێوە و دیـاردە و چـالاکییە ئیسـتاتیکییەکان و بوارەکـانی وەک هـونەر دەکات و دەشزانرێت کە هونەر لە شێوەکانی چـالاکیی مرۆیـی و کـۆمەڵایەتی وەک سیاسـەت، زانسـت، فەلسـەفە، ئەخـلاق، دەروونناسی و پەروەردە جیا ناکرێتەوە، و هەموویان بە بـابەتی ئیسـتاتیکا دادەنـرێن. ئیسـتاتیکا پەیوەنـدییەکی زۆر نزیکـی بە سۆشـیالیزمەوە هەیە و پشـتی بەو زانسـتە و بوارەکـانی دەبەستێت و ڕێچکەکانی دەگرێتە بەر.

گەشەسـەندنی بەرهەمـدارانەی ئیسـتاتیکا تەنهـا لە پەیوەنـدییەکی ئۆرگانیکیـدا لەگەڵ فەلسـەفەی ماتریالیزمـدا مـومکینە، بەڵام لە هەمان کاتدا پێویستە لەسـەرمان نابێت سـەیری ئیسـتاتیکا وەک زانسـتێک کە تەنهـا بۆچـوون و تیـۆرییە فەلسـەفییەکان وێنـا دەکـات، بکەیـن، بەڵکـو لەسـەر بنەمـای قبـوڵکردنی ڕەخنەیـی و پـاڵاوتنی داهێـنەرانەی دەسـتکەوتەکانی بیـرۆکە ئیسـتاتیکییە پێشـکەوتنخوازەکان و هەڵسـەنگاندنی زانسـتی ئەزمـوونی گەشەسـەندنی هـونەری سـەرتاپای مرۆڤایەتی پەرەی سـەندووە.

هونەری دەوڵەمەندی سۆسیالیستی و دەربڕینی بەرژەوەندی و خواستەکانی فراوانترین چینەکان. کە گوزارشت لە خواستی چینە بەرفراوانەکانی خەڵک دەکات و وەڵامی پرسیارەکان و سەلیقە هونەرییەکانی چینی کریکاریش دەداتەوە. بۆیە بۆ یەکەمینجار لەو کۆتوبەندە کە تیۆرییە هونەرییەکان دەبەستێتەوە، ڕزگاری بووە و ئیستاتیکاش بە بەرزترین قۆناغی گەشەسەندنی بیری سۆسیالیستی دادەنرێت.

ئیستاتیکای سۆسیالیستی کاریگەرییەکی ئەرێنی گەورەی لەسەر کۆی گەشەسەندنی هونەری سۆسیالیستی و پێشکەوتنخوازانە هەیە. دەبینین تێدەکۆشێت بۆ بەدیهێنانی خواستەکانی جەماوەر لە کولتووریکی هونەریدا، بەناوی هونەری ڕیالیزمی سۆسیالیستی. تێدەکۆشێت بۆ گەیشتن بە ئایدیاڵە سۆسیالیستییەکان و جەختکردنەوە لەسەریان لە بواری هونەر، دژ بە ئایدۆلۆژیای کۆنەپەرستانەی بۆرژوازی و دژی هونەری فۆرماڵیزم و سروشتگەرایی لەژێر ناوی گەشەپێدان و خۆشگوزەرانییەوە. ئیستاتیکا مێژووی خۆی هەیە و ئاسانکاری دەکات بۆ لێکۆڵینەوە لە بیرۆکە ئیستاتیکییەکان لە سەرهەڵدانیانەوە تا سەردەمی ئێستامان. ئاسانکاری دەکات بۆ پرۆسەی تێگەیشتنی زانستی لە پەرەسەندنی بیرۆکە و دیدگای ئیستاتیکییەکان وپەرەسەندنی بیرۆکە لە ململانێی ڕەوتی جۆراوجۆر و فێرکارییە فەلسەفییەکان لە ململانێی ماتریالیزم و ئایدیالیزم. هەروەها پرۆسەی شارستانی کردنی ئەو هەلومەرجە مێژووییانە ڕوون دەکاتەوە کە کار لەسەر سەرهەڵدانی ئیستاتیکای سۆسیالیستی دەکەن. پاشان ڕوانگەی مارکسیزم، لە لێکۆڵینەوە لە هەر تیۆرێکی هونەری یان ئیستاتیکی، جەوهەری

ئەو تیۆرییە ئاشکرا دەکات کە گوزارشت لە بەرژەوەندییەکان، سەلیقە هونەرییەکان، ڕەفتارەکانی و هەڵویستی ئەم چینە یان ئەو چین لەسەر واقیع، دەکات. دیارکەوتنی ئیستاتیکای زانستی لەئەنجامی سەرکەوتنی سۆشیالیزم بەڕۆڵی خۆی گوزارشت لە بەرژەوەندی چینی کریکار و خەڵکی زەحمەتکیش و ناوەندە ڕۆشنبیری و پیشکەوتووخوازەکان دەکات کەلەبەرەی خەڵک وەستاون و بەلای چینی کریکاردا شکاونەتەوە. ئیستاتیکای زانستی پەیوەندییەکی بەهیزی بە میژووی کولتوور و میژووی نەتەوەیی و ئەو زانستانەی کە لە کیشە تیۆرییەکان و جۆرەکانی تری هۆشیاری کۆمەڵایەتی دەکۆڵنەوە، واتە ئەخلاق و میژووی ئایینەکان، هەیە. هەروەها پەیوەندی بە سایکۆلۆژیاوە هەیە کە لە یاساکان و شیوازەکانی چالاکی مرۆیی و گەشەسەندنیان دەکۆڵیتەوە و هەروەها پەیوەندی بە زانستی پەروەردە و پراکتیکی پەروەردەوە هەیە کە گرفتە پەروەردەییەکان لەخۆ دەگرن و هەورەها پشت بەو زانیاری و بەرئەنجامانە دەبەستیت کە ئەم یان ئەو ناوەڕۆکە دەوڵەمەند دەکەن. بەڵام پەیوەندییەکەی بە زانستی ئەخلاقەوە زۆر بەهیزە، لە هەلومەرجی گۆڕانی سۆسیالیستیدا دەبینین کە ئەرکی پیکهینان و پەرەپیدانی هەموو لایەنە تاکەکەسییەکانی و پەرەپیدانی هۆشیاری سۆسیالیستی بەجیبهینیت. کە لە ڕاستیدا بەڕۆڵی خۆی جەکیکی پەروەردەیی کاریگەر لە چەکەکانی پەروەردەی سۆشیالیستی و ئیستاتیکی ئینسان لە کۆمەڵگەی سۆشیالیستی بەکارد دهینیت. بلیخانۆڤ لەدوای کارل مارکسەوە بە خاڵیکی بنچینەیی زۆر گرنگ دادەنریت، بەو پییەی لیکۆڵینەوەیەکی هەمەلایەنە و فرەلایەنەی لەسەر کیشەکانی

ئیســـتاتیکا کــردووە. هەروەهـــا ئەو یەکەم لێکــۆڵەرە کە تــوانی لەڕوانـگەی  ماتریـالیزمی مێـژووییییەوە کێشــەکانی ئیسـتاتیکا بە بنەماکـانی سۆسـیالیزمی زانسـتییەوە ببەسـتێتەوە. ئەو هـونەر و ئەدەب بەو بـــوارانە دەزانێـــت کە ڕۆڵێکـــی پەروەردەیـــی و ڕێنماییکـاری گەورە دەگێـڕن لە ژیـانی خەڵکـدا و تیـۆرییەکەی لەوەدا کـورت دەبێـتەوە کە دەڵێـت (بەس نیـیە بڵێـین هـونەر و ئەدەب وێنـاکردنی ژیـانە، بەڵکـو دەبێـت بزانیـت هـونەر چـۆن گوزارشـــت لە ژیـــان دەکـــات و لە دینـــامیکییەکەی تێبگەیـــت). گرنگتـــرین لێکۆڵینەوەکـــانی ئەوانەن کە ڕەخـــنە لە هـــونەری بـۆرژوازی دەکەن و بەرگـری لە نەریتـی ڕابـردوو و کلتـووری ئینســـــانییەت و واقیعیـــــیەت دەکەن. ئینجـــــا لینینیـــــزم وەک گەشەســــــەندنێکی بەرهەمـــــدار و داهێـــــنەر لە هەلـــــومەرجی سـەرکەوتنی شۆڕشـی بەلشـەفیک و گۆڕانی سۆسیالیسـتی و لە ژێر ڕۆشنایی ئەرکەکانی شۆڕشی پرۆلیتاری و پێداویستییەکانی بنیاتنـانی سۆسـیالیزمدا هـاتە پێشـەوە. ڤلادمیـر لینـین  شـیکارە بنەڕەتییەکـانی هەمـوو کێشــەکانی خسـتەڕوو. ناتوانرێـت هـیچ کێشـــەیەکی هەبـــوو چارەســـەر ببێـــت بەبـــێ گەڕانەوە بـــۆ ڕێماییەکـانی لینـین لەسـەر تیـۆری هۆشـیاری و مەعـریفە، لە بنەڕەتدا تێگەیشتنێکی ڕاستەقینە دەبینین بۆ بابەتییانەی جیهانی دەرەکی و تێگەیشـتن لە بیری مرۆڤدا. لینـین هەمیشـە ڕەخنەی لەو تیۆریسـتانە دەگـرت کە لە ئایـدۆلۆژیای ناوەنـدی چینایەتیـدا جـگە لە گوزارشـتی خـودیی هیچـی تـر نـابینن، چـونکە ئاسـتی گەورەیـی هونەرمەنـد لە قـووڵایی هۆشـیارییەکەیدایە بـۆ لایەنە هەبووەکـانی واقیـع چـونکە حەقیقیەتـی بـابەتیی لە بەرهەمـی هـــونەری ڕاســـتەقینەدا بـــوونی هەیە. ئیســـتاتیکا، لە ڕوانـــگەی

ڤلادیمێـر لینـین، گوزارشـت لە ململانێـی چینـایەتی دەکـات و ئامانجی پەروەردەکردنی جەماوەرە، واتە هۆشیارکردنەوەیان لە ئەرکەکانیـــان بەرامـــبەر بەو شۆڕشــــە کــۆمەڵایەتییەی کە لە ســـەردەمی ئێســـتادا خەریکـــی بەرپـــاکردنیەتی. ئیســـتاتیکای مارکسی-لینینی کاریگەری خۆی تەنیا لە وڵاتانی سۆسیالیزمدا دانانێـت، بەڵکـو لەوەش واوەتـر دەچێـت و لەگەڵ پێشـەنگەکانی گەلـدا دەوەسـتێت کە شۆڕشـی کـۆمەڵایەتی دەکەنە فـاکتەری چارەســـەری کێشـــەکانی بەردەم خەبـــات بـــۆ کولتـــووری پێشکەوتنخوازانە و بۆ سـەرکەوتنی ئایدۆلۆژیای سۆسیالیسـتی لە ئەدەب و هونەردا.

سەرچاوە: موقع العالم الجدید ٦-١٢-٢٠١٦

# مارکسیزم و تیۆری ئەدەبی

نووسینی: نەسروڵڵا مامبرۆڵ

١٢ی نیسانی ٢٠١٦

(لەئینگلیزییەوە)

مارکسیزم فەلسەفەی ماتریالیستە کە تێکۆشا جیهان لەسەر بنەمای جیهانی کۆنکرێتی و سروشتی دەوروبەرمان و ئەو کۆمەڵگەیەی تێیدا دەژین؛ لێکبداتەوە. دژایەتی فەلسەفەی ئایدیالیستە کە جیهانێکی ڕۆحیی لە شوێنێکی تر چەمکساز دەکات کە کاریگەری لەسەر جیهانی ماددی هەیە و کۆنترۆڵی دەکات. بە جۆرێک هەوڵیدا بیرکردنەوەی خەڵک بخاتە ناو گێژێکی پێچەوانەوە چونکە جیاوازییەکی بنەڕەتی هەبوو لەگەڵ ئەو فەلسەفانەی کە پێش خۆی هاتبوون. خودی کارل مارکس لە سەر ئەم سروشتە شۆڕشگێڕانەی مارکسیزم سەرنجی داوە و دەڵێت: (فەیلەسوفەکان تەنیا بە شێوازی جۆراوجۆر دونیایان لێکداوەتەوە؛ گرنگ ئەوەیە کە بیگۆڕین). ڕاستە لە کاتێکدا فەلسەفەکانی تر هەوڵیان دەدا لە جیهان تێبگەن، مارکسیزمیش هەوڵی گۆڕینی دەدا.

## مارکسیزمی کلاسیک: بنەما بنەڕەتییەکان

بە بڕوای مارکسیزم کۆمەڵگە لە ڕێگەی ململانێی نێوان هێزە دژبەیەکەکانەوە بەرەوپێش دەچێت. هەر ئەم ململانێیەی نێوان چینە دژبەرەکانە کە لە ئەنجامدا گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی بەدوای خۆیدا دەهێنێت و مێژووش لە ڕێگەی ئەم خەباتە چینایەتییەوە بەرەوپێش دەچێت. خەباتی چینایەتی بەدرێژایی مێژوو لە چەوسانەوەی چینێک لەلایەن چینێکی ترەوە سەرچاوە دەگرێت. لە سەردەمی فیۆدالیدا گرژی لە نێوان فیودالەکان و جووتیاراندا بووە و لە سەردەمی پیشەسازیدا ململانێ لە نێوان چینی

سەرمایەداری (بۆرژوازی) و چینی کرێکاری پیشەسازی (پرۆلیتاریا) بووە. چینەکان بەرژەوەندی گشتییان هەیە. لە سیستەمی سەرمایەداریدا پرۆلیتاریا هەمیشە لە ململانێدایە لەگەڵ چینی سەرمایەداری. ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە، بە بڕوای مارکس، دواجار دەبێتە هۆی گۆڕینی سیستەم بە سۆشیالیزم.

چەمکێکی گرنگی دیکە کە مارکس بەکاری هێنا، دیالێکتیک بوو کە لە سەرەتادا لەلایەن فەیلەسوفی ئەڵمانی سەدەی هەژدە (هیگڵ)ەوە پەرەی پێدرا. هیگڵ فەیلەسوفێکی ئایدیالیست بوو کە ئەم دەستەواژەیەی بەکارهێنا بۆ ئاماژەدان بوو بە پرۆسەی سەرهەڵدانی بیرۆکەی نوێ لە ڕێگەی ڕووبەڕووبوونەوەی بیرۆکە دژ بەیەکەکان. ئەو پێیوابوو جیهان بە فیکر بەڕێوە دەچێت و بوونی ماددی گوزارشت لە جەوهەرێکی ڕۆحی ناماددییە. بەڵام مارکس هەمان چەمکی بەکارهێنا بۆ لێکدانەوەی پێشکەوتنی جیهانی ماددی. بە ڕای مارکس هیگڵ جیهانی لنگەوقووچ کردەوە بە پێدانی پلە یەک بە بیرۆکەکان لە کاتێکدا هەوڵی مارکس پێچەوانەکردنەوەی بوو. لەبەرئەوەی دیالێکتیکی مارکس بە ماتریالیزمی دیالکتیک ناسراوە، مارکس دەیوت هەموو سیستەمە فیکرییەکان( ئایدۆلۆژییەکان) بەرهەمی بوونی ڕاستەقینەی کۆمەڵایەتی و ئابوورین. بۆ نموونە سیستەمی یاسایی ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندی چینی باڵادەستە لە قۆناغە مێژووییە تایبەتەکاندا نەک دەرکەوتنی عەقڵی ئیلاهی. دیالێکتیکی مارکسیستی دەکرێ وەک زانستی یاسا گشتی و ئەبستراکتەکانی گەشەسەندنی سروشت و کۆمەڵگە و بیرکردنەوە تێبگەین کە گەردوون بە کۆیەکی دانەبڕاو دەزانێت کە تێیدا شتەکان وابەستەی یەکترن، نەک تێکەڵەیەک لە شتە

دابڕاوەکـان لە یەکتـر. هەمـوو شـتەکان لەنـاو خۆیانـدا دژایەتـی دیالێکتیکی نـاوخۆیی لەخـۆدەگرن، کە هۆکـاری سـەرەکی جـووڵە و گۆڕانکاری و گەشەسەندنن لە جیهاندا. ماتریالیزمی دیـالکتیکی ئـــامرازێکی کـــاریگەر بـــوو بە دەســـتی مارکسیســـتەکان لە ئاشـکراکردنی نهێنییەکـانی پشـت پرۆسـە کۆمەڵایەتییەکـان و ڕەوتی گەشەسەندنی داهاتوویان.

یەکێک لە چەمکە بنەڕەتییەکانی تێڕوانینی مارکسیستی کلاسیک چەمکی ژێرخـان و سـەرخانە کە ئامـاژەن بـۆ پەیوەنـدی نێـوان ئامرازە ماددییەکانی بەرهەمهێنان و جیهانی کلتووری هـونەر و بیرۆکەکـان، کە لە بنەڕەتـدا چەمکگەلێکـی ڕەمـزیین و پێکهـاتەی سـتراکتۆرییان بەکارهێنـاوە بـۆ ڕوونکـردنەوەی ئەم پەیوەنـدییە. ژێرخـــان بەمانـــای پەیوەنـــدییە کـــۆمەڵایەتی- ئابوورییەکـــان و شـێوازی بەرهەمهێنـانە و سـەرخانیش بەمانـای هـونەر، یاسـا، سیاســـەت، ئـــایین و لە ســـەرووی هەموویـــانەوە بەمانـــای ئایـــدۆلۆژیایە. بە شـــێوەیەکی بەرفـــراوان ئامـــاژەیە بـــۆ ئەو بیرۆکەیەی کە کلتوور بە بارودۆخی مێژوویی و پەیوەندییەکانی باڵادەستی و ژێردەستەیی کە لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا باون، بەڕێوەدەچێـــت. ئەخـــلاق، ئـــایین، هـــونەر و فەلســـەفە وەک دەنگدانەوەی پرۆسـەکانی ژیـانی ڕاسـتەقینە سـەیر دەکـرێن. بە وتەی کـارڵ مـارکس خـۆی (تارمـایی یـان خێـون و لە مێشـکی مرۆڤەکانـدا دروسـت دەبـن). لەم ڕوانـگەیەوە هەمـوو بەرهەمە کلتوورییەکان پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە ژێرخـانی ئـابووری لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا هەیە.

دۆسیەی ڕۆمانەکانی مولک ڕاج ئاناند وەربگرە کە باس لە ژیانی دەست لێنەدراوەکان و کولییەکان(١) و کرێکارە ئاساییەکان دەکەن کە لە پێناو ماف و خۆبەگەورەزانینی خۆیان خەبات دەکەن. ڕاستە دەتوانرێت بگەڕێنرێتەوە بۆ ئەو ململانێ چینایەتییەی کە لە کۆمەڵگەی هیندستاندا باو بووە. ئیێم تی ڤاسودیڤان نایر، ڕۆماننووسێکی بەناوبانگی مالایالم، لەبارەی تێکچوونی تاراڤادی فیۆداڵی لە کیرالا نووسیویەتی. بەڵام لەدوا شیکردنەوەدا چیرۆکەکانی فلتەرکردنی مۆدێرنیتەی بۆرژوازین لە کۆمەڵگەی کیرالا و چۆنییەتی چوونە ناو پەیوەندییەکی ناکۆکی لەگەڵ بەهاکانی فیۆدالیزمدا ئاشکرا دەکەن. بەم شێوەیە دەتوانرێت شوێنەواری ئەم پەیوەندییە لە فۆرمە جۆراوجۆرەکانی بەرهەمهێنانی کلتووریدا دەستنیشان بکرێت.

## ڕیالیزمی سۆشیالیستی

ڕیالیزمی سۆشیالیستی وەک بنەمای جوانیناسی فەرمی کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی نوێ شکڵی گرت. بە شێوەیەکی سەرەکی لەلایەن ئیستاتیکا و سیاسەتی شۆڕشگێڕانەی سەدەی نۆزدەهەمەوە شکڵ و شێوەی پێدرا. ڕەیمۆند ویلیامز سێ بنەما وەک بنەما دامەزرێنەرەکانی ڕیالیزمی سۆشیالیستی دەستنیشان دەکات. ئەوان پارتینۆست یان پابەندبوون بە دۆزی چینی کرێکاری حیزب، نارۆدنۆستی جەماوەری و کلاسۆڤۆس یان پابەندبوونی نووسەر بە بەرژەوەندییە چینایەتییەکان. بیرۆکەی پارتینۆست لەسەر بنەمای وتارەکەی ڤلادمیر لینین، ڕێکخستنی حیزبی و ئەدەبی حیزبی (١٩٠٥) دامەزراوە کە پابەندبوونی

نووسـەر بە ئامـانجی حیـزب بـۆ ڕزگـارکردنی چینـی کرێکـار لە چەوسانەوە دووپات دەکاتەوە. نارۆدنۆست ئاماژەیە بۆ سادەیی بـاوی بەرهەمـی هـونەری. مـارکس لە کتێبـی دەستنووسـەکانی پاریسدا ئاماژە بۆ ئەو نامۆبوونەی کە لە جیابوونەوەی عەقڵی و جەسـتەیی لە کـۆمەڵگەی سـەرمایەداریدا سـەرچاوە دەگرێـت، دەکات. پێشتر لە ژێر سیستەمی فیۆدالیزمـدا ئەو کرێکـارانەی کە سـەروکاریان لەگەڵ پیشەسـازی بەرهەمهێنـانی پەنیـردا هەبـوو، گەلێ شتومەکی جۆراوجۆر یتریان بۆ خۆیان بەرهەم دەهێنا، کە هەمـوو چالاکییەکـانی پەیوەسـت بە بەرهەمهێنـانەکە لە هەمـان شوێن لە ژێر چاودێری هەمـان خەڵکدا ئەنجام دەدران. بەڵام لە ژێر سیستەمی سەرمایەداریدا کرێکاران کۆنترۆڵی بەرهەمەکانی بەشە جۆراوجۆرەکانیان لەپرۆسەی بەرهەمهێنـان لەدەستداوە و لە کارەکـانی خۆیانـدا هەسـتییان بە نـامۆ بـوون کـردووە. بـۆیە تەنهـا هـونەری میللیـی وەک هـونەری خەڵـک مـایەوە. چەمکـی نارۆدنۆست ئەم کوالیتییەی هونەری باو دووپات دەکاتەوە کە جەماوەر بە ئاسانی دەستی پێڕا دەگات و خوازیاری گێڕانەوەی کـۆی بـوونی لەدەسـتچوویانە. کلاسۆڤۆسـیش ئامـاژەیە بـۆ پابەنـدبوونی نووسـەر بە بەرژەوەنـدییەکانی چینـی کرێکـار. پەیوەنـدی بە جیهەتگیریـی ئاشـکرای نووسـەرێکەوە نیـیە بـۆ چینێکـی دیـاریکراو بەڵکـو پەیوەنـدی بە توانـای سروشـتی نووسەرەوە هەیە بۆ وێناکردنی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان.

بـۆ نمـوونە، بەلـزاک، لایەنگـری شانشـینی بۆربـۆن، لە هەمـوو مێژوونووسـەکان زیرەکتـر باسـێکی دزەپـێکەری کـۆمەڵگەی فەرەنسـی دەخـاتە ڕوو. هەرچەنـدە تۆڵسـتۆی، ڕۆماننووسـی ڕووسـی، سـەر بە بنەمـاڵەیەکی ئەرسـتۆکرات بـوو و هـیچ

پەیوەندییەکی بە بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکانی ڕووسیا نەبوو، بەڵام لینین تۆڵستۆی بە ئاوێنەی شۆڕشی ڕووسیا ناوبرد، چونکە لەڕێگەی ڕۆمانەکانییەوە سەرکەوتوو بوو لە ئاشکراکردنی ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە کۆمەڵگەی ڕووسیادا کە بوونە هۆی بەرپابوونی شۆڕش. هەڵوێستی لینین سەبارەت بە هونەر و ئەدەب لە هەڵوێستی کارڵ مارکس و فریدریک ئەنگڵس توندتر بوو. ئەو دەیگوت ئەدەب دەبێت ببێتە ئامرازی حیزب. لە کۆنگرەی نووسەرانی سۆڤیەتدا لە ساڵی ١٩٣٤دا، ڕیالیزمی سۆسیالیستی وەک بنەمای ئیستاتیکی فەرمی یەکێتیی سۆڤییەت قەبوڵکرا. وەک دۆگمایەکیش لەلایەن کۆمۆنیستەکانی سەرتاسەری جیهانەوە پەیڕەوکرا.

بەم شێوەیە لەگەڵ ڕاگەیاندنی سیاسەتی ئەدەبی فەرمی لەلایەن یەکێتیی سۆڤییەتەوە، "هێڵی مۆسکۆ"(٢) بەناوبانگ بوو و لە نێو کۆمۆنیستەکاندا قبوڵکردنی نێونەتەوەیی بەدەستهێنا. لە ئەنجامدا پەیوەندی ڕاستەوخۆی (هۆ – ئەنجام)ی نێوان ئەدەب و ئابووری لەگەڵ هەموو ئەو نووسەرانەی لە سنووری فیکری پێگەی چینایەتی خۆیاندا گیریان خواردبوو، گریمانە کرا. یەکێک لە نموونەکانی ئەم ڕەخنە ئەدەبییە بێڕەحمانە مارکسیستییە، وەهم و واقیعە کە لە نووسینی کریستوفر کادوێڵە. هەرچەندە دامەزراندنی پەیوەندییەکی یەک بە یەک لە نێوان ژێرخان و سەرخاندا وەک ئەوەی ڕەنگە هەندێک لە "مارکسیستە دەستوپێ سپییەکان" هەوڵی بۆ بدەن، لەلایەن ڕەخنەگری مارکسیست، تێری ئیگلتنەوە دژایەتی دەکرێت. بە بڕوای تێری ئیگلتن، "هەر توخمێکی سەرخان، هونەر، یاسا، سیاسەت و ئاییني هەر کۆمەڵگەیەک، خێرایی گەشەسەندنی تایبەت بەخۆی و

پەرەسەندنی ناوخۆیی خۆی هەیە، کە کورتناکرێتەوە بۆ تەنها دەربڕینێکی خەباتی چینایەتی یان دۆخی ئابووری." بەڵام مارکسیستە کلاسیکییەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە لە دوا شیکردنەوەدا سەرخان بەو شێوازی بەرهەمهێنانە دیاری دەکرێت. ڕەخنەگری مارکسیستی هەنگاری جۆرج لۆکاش نوێنەرایەتی ئەم جۆرە ئۆرثۆدۆکسییە سیاسییەی دەکرد. لوکاش خەیاڵی ڕیالیستی سەدەی نۆزدەهەمی وەک مۆدێلێک دەبینی و پێی وابوو کە بەرهەمێکی ڕیالیستی دەبێت نەخشەی بنەڕەتی دژایەتییەکان لە سیستەمێکی کۆمەڵایەتیدا ئاشکرا بکات. دیبەیتەکەی لەگەڵ بێرتۆڵت بریێشت لەسەر کۆی پرسیارەکانی ڕیالیزم و گوزارشتخوازی بە وردی باسی گرنگی فۆرم و چەمکی فۆرمی لە ڕەخنەی مارکسیستیدا کرد. دیبەیتەکە ڕادەستی فۆرمالیستەکان کرا کە ئاراستەی نوێیان لە پەرەپێدانی ڕەخنەی مارکسیزمدا پێبەخشی.

## پێشکەوتنی زیاتر لە ئیستاتیکای مارکسیستیدا

ڕەخنەی مارکسیستی لە دەرەوەی هێڵی فەرمی لە وڵاتانی جۆراوجۆری ئەوروپادا گەشەی کرد. فۆرماڵیزمی ڕووسی (٣) وەک ڕوانگەیەکی نوێ سەریهەڵدا کە مارکسیزم لە ساڵانی ١٩٢٠دا شێوەی پێدابوو. بەهۆی ئەوەی لەگەڵ دیدگای تیۆری فەرمی حزبدا نەگونجا، لەلایەن حزبی شیوعییەوە هەڵوەشایەوە. ئەندامانی دیاری ئەم گرووپە بریتی بوون لە ڤیکتۆر شکلۆڤسکی، بۆریس تۆماشێڤسکی و بۆریس ئایچنباوم، کە لە بنەڕەتدا بیرۆکەکانیان لە کتێبی ڕەخنەی فۆرماڵیستی ڕووسی

لەمیانی چوار وتاردا بڵاوکردەوە، کە لەلایەن لی تی لیمۆن و ماریون جەی ڕیسەوە سەرپەرشتی کراوە.

هەرچەندە فۆرماڵیستەکان لە یەکێتیی سۆڤییەتدا سەرکوت کران، بەڵام بە شێوەی جۆراوجۆر لە ئەمریکا و ئەڵمانیا و پراگ سەریان هەڵدایەوە. یەکێک لە ئەندامانی ئەم گرووپە، میخائیل باختین لە یەکێتیی سۆڤییەت مایەوە و درێژەی بە پراکتیزەکردنی ڕەخنەیی خۆی دا. چەمکی دیالۆگیزمی ئەو فرەیی و جۆراوجۆرەی دووپات دەکردەوە. ئارگومێنتێک بوو دژی هەژموونی کۆنترۆڵی ڕەهای نووسەر. پێویستی ڕەچاوکردنی ئەوانی دیکە و ئەویتربوونی دووپاتکردەوە. بە جۆرێک ئارگومێنتێک بوو دژ بە زیادبوونی یەکسان کردنی ژیانی کلتووری و سیاسی لە یەکێتیی سۆڤییەتدا.

زۆر کەسی دیکە کە سەر بە هەمان ڕوانگە بوون، چوونە دەرەوە و لە دەرەوەی وڵات درێژەیان بە کارەکانیاندا، کە سەرەتای فۆرمێکی نوێی ڕەخنەی مارکسیستی بوو. ڕۆمان جاکۆبسۆن لەگەڵ ڕێنی ویلێک و چەند کەسێکی دیکەدا حەلقەی زمانەوانی پراگیان دامەزراند. (٤) لە ئەڵمانیا قوتابخانەی ئیستاتیکای مارکسیستی فرانکفۆرت لە ساڵی ١٩٢٣ وەک دامەزراوەیەکی توێژینەوەی سیاسی پەیوەست بە زانکۆی فرانکفۆرت دامەزراوە. (٣) والتەر بنیامین، تیۆدۆر ئادۆرنۆ و هێربێرت مارکوزە هەندێک لەو کەسایەتییە گرنگانە بوون کە پەیوەست بوون بەم قوتابخانەیە. هەوڵیاندا لایەنەکانی فۆرماڵیزم لەگەڵ تیۆرییەکانی مارکس و فرۆید تێکەڵ بکەن. بۆ یەکەمجار لێکۆڵینەوەیان لەسەر کلتوور و پەیوەندیی جەماوەری و ڕۆڵی

ئەوان لەبەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی و زاڵبوون بەسەریدا ئەنجامدا. هەروەها قوتابخانەی فرانکفۆرت یەکێک لە یەکەمین مۆدێلەکانی لێکۆڵینەوەیەکی کلتووری ڕەخنەیی دروستکرد کە پرۆسەکانی بەرهەمهێنانی کلتووری و ئابووری سیاسی، سیاسەتی دەقە کلتوورییەکان و پێشوازیکردن و بەکارهێنانی شوێنەوارە کلتوورییەکانی بینەر، شیدەکاتەوە.

بیرمەندانی مارکسیستی وەک والتەر بنیامین و بێرتۆڵد برێشت هونەریان وەک بەرهەمێکی کۆمەڵایەتی دەبینی. وتارەکەی والتەر بنیامین، نووسەر وەک بەرهەمهێنەر (١٩٣٤) باس لەم پرسیارە دەکات، "پێگەی بەرهەمی ئەدەبی لە چوارچێوەی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەردەمی خۆیدا چییە؟" بنیامین هەوڵدەدات بڵێت بەرهەمهێنانی هونەری پشت بە هەندێک تەکنیکی بەرهەمهێنان دەبەستێت کە بەشێکن لە هێزە بەرهەمهێنەرەکانی هونەر وەک بڵاوکردنەوە و پێشکەشکردنی شانۆیی و هتد. هونەرمەندی شۆڕشگێڕ نابێ بە بێ ڕەخنەی هێزەکانی وجود بەرهەمهێنانی هونەری قبوڵ بکات، بەڵکو پێویستە ئەو هێزانە پەرەی پێبدات و شۆڕشیان بۆ بەرپا بکات. هونەرمەندی شۆڕشگێڕ یارمەتیدەرە لە دروستکردنی ڕایەڵەی کۆمەڵایەتی نوێ لە نێوان هونەرمەند و بینەردا. لەم پرۆسەیەدا نووسەر و خوێنەر و بینەر دەبنە هاوکاری یەکتر. شانۆی ئەزموونگەریش کە برێشت پەرەی پێداوە، وەدیهێنانی چەمکی بنیامینە.

بێرتۆڵت برێشت، هاوڕێی نزیکی بنیامین، چەمکی شانۆی مەلحەمی پەرەپێدا کە شانۆی ترادیسیۆنی سروشتخوازی

هەڵوەشـــاندەوە و جـــۆرێکی نـــوێی شـــانۆی بەرهەمهێنـــا کە پەیوەندییە کارابیەکانی نێوان شانۆ و بینەر، دەق و بەرهەمهێنەر و بەرهەمهێنەر و ئەکتەر دەگۆڕێت. شـانۆی بۆرژوازی لەسـەر بنەمای وەهمگەرایی دامەزراوە. بینەر بەکاربەرێکی پاسیڤیستە. شانۆنامەکە هانیان نادات بۆ بیرکردنەوەی بنیاتنەرانە. بە بڕوای برێشت ئەمە لەسەر ئەو گریمانە دامەزراوە کە جیهان جێگیر و بەخشـراو و نەگـۆڕە و ئەرکـی هـونەر دابینکردنـی خۆشـییەکی خۆشـــخەیاڵانەیە. بەشـــداری بەناوبـــانگی برێشـــت کـــاریگەری نامۆبوونە. تەکنیکەکە بریتییە لە نامۆکردنی بینەران لە نمایشـەکە و ڕێگریکـردن لە یەکسـانبوونیان لە ڕووی سـۆزدارییەوە لەگەڵ شـانۆنامەکەدا. ئەزمـوونی زانـراو لە ڕوونـاکییەکی نەناسـراودا دەخـاتە ڕوو کە بیـنەر ناچـار دەکـات پرسـیار لەو هەڵوێسـتانە بکـات کە بە سروشـتی و نەگـۆڕ دادەنـرا. برێشـت تەکنیکەکـانی وەکو نیشاندانی وینە و فیلم لە پشتەوە، گۆرانی سەما و بڕین و تێکدانی ئاکشن لەبری سازانێکی جوان بەدەستەوە دەگرێت.

بیرمەندی مارکسیستی فەرەنسی، لـویس ئاڵتۆسـەر زیـاتر پەرەی بە ڕێبـــازی مارکسیســـتیدا لە ڕێـــگەی هێنانەکـــایەی چەمـــکە جۆراوجۆرەکـانی وەکـو زیـادە دیـاریکردن، ئایـدۆلۆژیا و.. هتـد. چەمکـی زیـادە دیـاریکردن ئامـاژەیە بـۆ کـاریگەرییەک کە لە هۆکـاری جۆراوجـۆرەوە سـەرهەڵدەدات نەک لە یەک هۆکـارەوە. ئەم چەمکە؛ بنکۆڵکردنێکی سادەی بیروڕای گشـتی و گونجاندنی یەک بە یەکـــی نێـــوان ژێرخـــان و ســـەرخاندا دەخـــاتە ژێـــر پرســـیارەوە. ئایـــدیۆلۆژیا زاراوەیەکـــی دیـــکەیە کە لەلایەن ئەلتوسێرەوە دەستکاری کراوە. بە بڕوای ئەڵتۆسـەر ئایدیۆلۆژیا سیسـتەمی نـوێنەرایەتییە کە بەخشـراوە بە بوونێـک و ڕۆڵێکـی

مێژوویی لە دڵی کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا. واقیعی کۆمەڵایەتی بە سروشتیکردنی بیروباوەڕەکان و بە بەرەوپێشبردنی بەهاکان کە پشتیوانی لێدەکەن، تەمومژاوی دەکات. کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕێگەی یاسا و کتێبی قوتابخانە و ڕێوڕەسم و نۆرمەکانی ئایینیەوە ئایدۆلۆژیا بڵاودەکاتەوە بەجۆرێک کە خەڵک تەنانەت بەبێ ئاگاداری خۆیشیان وەک ئاو دەیخۆنەوە. ئایدۆلۆژیا لەلایەن دەوڵەتەوە لە ڕێگەی دوو ئامێرەوە دامەزراوە، ئامێری دەوڵەتی سەرکوتکەر؛ کە دادگاکانی یاسا، زیندان، پۆلیس، سوپا و هتد لەخۆدەگرێت و ئامێری دەوڵەتی ئایدیۆلۆژیش کە قوتابخانەکان، میدیاکان، کڵێساکان، خێزان، هونەر و هتد لەخۆدەگرێت. ئەڵتۆسەر بونیادگەرایی هێنایە ناو مارکسیزمەوە. لە ڕوانگەی ئەڵتۆسێرەوە کۆمەڵگە کۆی پێکهاتەیەکە کە تاڕادەیەک لە ئاستە سەربەخۆکان پێکهاتووە وەک یاسایی، سیاسی و کلتووری کە شێوازی پێکەوە بەستانیان تەنیا لەلایەن ئابوورییەوە دیاری دەکرێت.

دامەزرێنەری پارتی کۆمۆنیستی ئیتالیا، ئەنتۆنیۆ گرامشی سیاسەتمەدار، تیۆریستێکی سیاسی، زمانزان و فەیلەسوف بوو. گرامشی لە نێو بیرمەندانی مارکسیستیدا بە بیرمەندێکی ڕەسەن ناسراوە، چەمکەکانی وەک هەژموون و ژێردەستەیی ناساندووە. هەژموون بریتییە لە زاڵبوون بەسەر توێژە تایبەتەکانی کۆمەڵگەدا لەلایەن چینە زلهێزەکانەوە. زۆربەی کات لە ڕێگەی ڕەزامەندییەوە کاردەکات نەک بە هۆی هێزەوە. سەرکردایەتی ئەخلاقی و فیکری چینی باڵادەستە لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا. زاراوەی ژێردەستە لەسەرەتادا لەلایەن گرامشی وەک وەسفێکی بەکۆمەڵ بۆ چەندین گروپی جیاواز و چەوساوە کە هۆشیاری

چینایەتییان نییە، بەکارهێنراوە. بەڵام ئێستا بۆ نوێنەرایەتیکردنی هەمــوو چیــنە پەراوێزخراوەکــانی کــۆمەڵگە وەک بێزراوەکــان، ژنان، کەمینەکان و هتد بەکاردەهێنرێت.

کەسایەتییەکی کاریگەر لە نێو بزووتنەوەی چەپی نوێدا ڕیمۆند ویلیــامز بــوو. نووســینەکانی لەســەر سیاســەت، ڕۆشــنبیری، ماســـمیدیا ئەدەب، بەشـــدارییەکی بەرچـــاون لە ڕەخـــنەی مارکسیستی لە بوارەکانی ڕۆشنبیری و هونەردا. ویلیامز حەزی لە پەیوەندی نێوان زمان و ئەدەب و کۆمەڵگە بوو. ئەو میتۆدی ڕەخنەیی داهێناوە، ماتریالیزمی کلتووری کە چوار تایبەتمەندی هەیە، سیاقی مێژوویی، میتۆدی تیۆری، سیاسی - پابەندبوون و شــیکاری دەق. ماتریــالیزمی کلتــووری دیــدگای جیاوازمــان پێدەبەخشـێت لەسـەر بنەمـای ئەوەی کە چـی هەڵـدەبژێرین بـۆ خەفکردن یان ئاشکراکردنی لە خوێندنەوەی ڕابردوودا.

ماتریالیزمی کلتووری؛ پێیوایە کلتوور پێشکەوتنێکی کۆمەڵایەتی پێکهێـنەرە کە چالاکـانە شـێوازی ژیـانی جیـاواز دادەهێنێـت. بە هەمــان شــێوە دروســتکردنی مانــا وەک چــالاکییەکی مــاددی پراکتیکی سەیر دەکرێت کە ناتوانرێت بخرێتە ئاستێکی لاوەکی. چەمکێکـی گرنگـی دیـکە لە بیرکـردنەوەی ویلیـامزدا بـریتییە لە پێکهاتەکــانی هەســت. ئەوان بەهــاگەلێکن کە لە کــاتی ژیــان و کاردانەوەمــان بەرامــبەر بە جیهــانی مــاددی دەوروبەرمــان دەگــۆڕدرێن و دروســت دەبــن و هەمیشــە لەژێــر هەڕەشــەی گۆڕانکاریـدان. ویلیـامز لە ڕێـگەی لێکۆڵینەوەکـانییەوە لەســەر کلتـــوور بەشـــدارییەکی زۆری لە پەرەپێـــدانی ئیســـتاتیکای مارکسیستدا کردووە. گرنگترین بەرهەمەکانی بریتین لە وڵات و

شار که ساڵی (١٩٧٣) که تێیدا چەند بابەتێکی تایبەت بە ئەدەب گـۆڕدراون بە بابەتەکـانی مێـژووی کۆمەڵایەتیـدا. ولیـامز زۆر بەچـڕی مارکسـیزم و ئەدەبـی لەسـاڵی (١٩٧٧) نووسـی کە بە شێوەیەکی سـەرەکی بۆ پسپۆڕانە، بەڵام هەروەهـا ڕێبازێک بۆ خۆی بۆ لێکۆڵینەوە کلتوورییەکان ساز دەکات کە نـاوی لێدەنێت ماتریالیزمی کلتووری.

فرێـدریک جەیمسـۆن، ڕۆشـنبیرێکی مارکسیسـتی ئەمریکـی، سـەرنجی لەسـەر تیـۆری ڕەخنەیـی بـوو و کـاریگەری کینـێس بێـرک، جـۆرج لوکـاش، ئێرنسـت بلـۆخ، تیـۆدۆر ئـادۆرنۆ , قوتابخـانەی فرانکفـۆرت، لـویس ئاڵتۆسـەر و سـارتەری لەسـەر بـووە. ئەو ڕەخنەی کلتـووری وەک تایبەتمەندییەکی دانەبڕاو لە تیـۆری مارکسـیزمدا دەبینێـت. ئەم هەڵوێسـتە نـوێنەرایەتی پچڕانێـک دەکـرد لەگەڵ مارکسـیزمی ئەرسـەدۆکس کە ڕوانگەیەکی تەسکی بۆ ماتریالیزمی مێژوویی هەبوو. لە هەندێک ڕووەوە جەیمسـن لەگەڵ ڕەخنەگرانـی کلتـووری مارکسیسـتی دیـکەی وەک تێـری ئیگلتـۆن خەمـی ئەوە بـووە کە پەیوەنـدی مارکسـیزم لە ڕێزگـرتن لە ڕەوتە فەلسـەفی و ئەدەبییەکـانی ئێستادا بخاتەڕوو. جەیمسۆن لە سـاڵی ١٩٦٩ لەگەڵ ژمـارەیەک لە خوێنـدکارە دەرچووەکـانی لە زانکـۆی کالیفۆرنیـا، گروپـی ئەدەبی مارکسیسـتی دامەزرانـدووە. (٦)بەرهەمە سـەرەکییەکانی بریتین لە مارکسـیزم و فۆرم: تیۆرییە دیالکتیکییەکانی سـەدەی بیسـتەمی ئەدەب (١٩٧١) و مـاڵی زینـدان مـاڵی زمـان باسـێکی ڕەخنەییە لە بونیادگەری و فۆرماڵیزمی ڕووسـی (١٩٧٢). مێژوو هـاتە سـەر ئەوەی کە تـا دێت ڕۆڵێکـی سـەرەکی لە لێکدانەوەی جەیمسـۆندا بـۆ هەردوو خوێنـدنەوە (بەکارهێنـان) و نووسـین

(بەرهەمهێنـــان)ی دەقە ئەدەبییەکـــان بگێڕێـــت. جەیمســـۆن پابەندبوونی تەواوی خۆی بە فەلسەفەی هیگڵی- مارکسیستی بە بڵاوکـــردنەوەی کتێبـــی نائاگـــایی سیاســـی: گێـــڕانەوە وەک کردەوەیەکـــی کـــۆمەڵایەتی هێمـــادار (١٩٨١) دیـــاری کـــرد، کە دروشمی سەرەتایی "هەمیشە مێژووکردن"ە.

جگە لە جەیمسـۆن، ڕەخنەگرانـی مارکسیسـتی هـاوچەرخ وەک تێـری ئیگلتـۆن، پرۆفیسـۆری ئەدەبـی ئینگلیـزی لە زانکـۆی لانکەستەر لە ئینگلتەرا و ئایجاز ئەحمەد، بیرمەند و شرۆڤەکاری سیاسـی ناسـراوی مارکسـی لە هیندسـتانەوە بەشـدارییەکی بەرچاویـان لە بـواری تیـۆری مارکسیسـتی و ئیسـتاتیکادا هەیە. بەرهەمە بەناوبـانگەکەی ئایجـاز ئەحـمەد، لە تیۆریـدا: چینەکـان، نەتەوەکـــان، ئەدەبەکـــان (١٩٩٢) شـــیکاری مارکسیســـتییانەی چەمکەکـانی وەک ئەدەبـی جیهـانی سـێیەم و ڕۆژهەڵاتناسـی لەخۆگرتبـوو. لە لایەکـی دیـکەوە ئیگلتـۆن زیـاتر لە چـل کتێبـی بڵاوکـردەوە کە بـریتین لە تیـۆری ئەدەبی:ناسـاندنێک (١٩٨٣)، ئایدیۆلۆژیای جوانیناسـی (١٩٩٠) و وەهمەکانی پۆستمۆدێرنیزم (١٩٩٦). بیروبـــاوەڕی مارکسیســـتی بەدرێژایـــی ســـاڵان گۆڕانکـارییەکی گەورەی بەسـەردا هـاتووە کە شایسـتەی ئەو ئیـدیعایەی مـارکس بـووە کە گۆڕانکـاری تـاکە دیـاردەی نەگۆڕە لەم جیهانەدا و هەروەها بڕبڕەی پشتی نزیکەی هەمـوو تیۆرییە مۆدێرنەکانی کلتوور و ڕەخنە بووە. ڕەنگە پارادۆکسێک بێت کە لە کاتێکـدا پراکتیکەکـانی مارکسیسـتی لەم سـاڵانەی دواییـدا پاشەکشەیان کردووە، تیۆری مارکسیستی لە هەمـوو جیهانـدا بە شێوەیەکی بەرفراوان وەرگیراوە.(٧)

**تێبینییەکان مەشخەڵ ئامادەی کردوون:**

(١) کولییەکان یان قلی کە بەزمانی ئوردۆ و زمانی تورکی یانی کۆیلە. ئەسڵی وشەکە (قول) ە بەمانای دیل دێت. کولییوکان بەو کـۆڵکێش و کرێکـارانە دەوتـرا کە هەقدەسـتێکی زۆر کەمیـان پێـدەدرێت لەبەرامـبەر کارێـک. بەتـایبەتی کرێکارانێـک کە کەوتوونەتە ناوچەکانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کیشوەری ئاسیا

(٢)هێڵی مۆسکۆ ؛ ئەو هێڵە فەرمییە بوو کە حیزبی کۆمۆنیستی یەکێتیـی سـۆڤییەت و سـتالینیزم ڕێبەرایەتیـان دەکـرد و لە بنچینـەدا ئەوەنـدەی هەوڵـدان بـوو بـۆ بەهێزکردنـی ڕیـالیزمی سۆشیالیستی ستالینی و جوانکردنی ڕووخساری سەرمایداری دەوڵەتی سۆڤییەت و تاوانەکانی ستالین هیچی تر نەبوو. ئەم خەتە گەرچی بەهۆی سیاسەتی دەرەوەی سۆڤییەت سەپۆرت کـرد، بەڵام هەرگیـز نەیتـوانی ببێـتە ئەلتەرنـاتیڤی ئەدەبـی مارکسیستی و کرێکاریی.

(٣)قوتابخـانەی شـێوەخوازی ڕووسـی یـان شـێوەخوازە ڕووسـییەکان؛ قوتابخـانەیەکی ڕەخنەگـرانەی ئەدەبـی بـوو لە ڕووسـیا کە کـاریگەری زۆری هەبـوو لەسـەر بزاوتـی ڕەخـنەی ئەدەبی لە ڕووسیا لەنێوان ساڵانی ١٩١٥-١٩٣٠. لەو نووسـەر و بیرمەندانەی کە جێدەستیان دیار بوو وەکو ڤیکتۆر شیکلۆڤسکی، تـوری تایتیـانۆڤ، ڤلادیمیـر پـرۆپ، بـۆریس ئیچنبـاو، ڕۆمـان جاکۆبسۆن، بۆریس تۆماشڤسکی، گریگۆری گوگۆڤسکی بوون. فۆرمالیسـتەکان زۆر لەژێـر کـاریگەری ڕەخـنەی نوێـدا بـوون بەتـایبەتی بونیـادگەرایی و پۆسـت بونیـادگەرایی. فۆرمـاڵیزمی ڕووسـی بزووتنەوەیەکـی هەمەچەشـن بـوو، هـیچ بـاوڕێکی

یەکگرتــووی بەرهەم نەهێنــا و هــیچ کــۆدەنگییەکی لە نێــوان لایەنگرانیدا لەسەر ئامانجێکی ناوەندی بۆ هەوڵەکانیان لەئارادا نەبوو.

(٤)حەلـقە یـان بـازنەی زمـانەوانی پـراگ؛ حەلـقەیەک بـوو لە ژمارەیەک ڕەخنەگری ئەدەبی و زمانناس لەساڵی ١٩٢٦ لە پراگ پێکهات. ئەنـدامانی دامەزرێنەری حەلـقەکە بریتیبـوون لە ڕۆمـان جاکۆبسـۆن، نیکـۆلای ترابزکـۆی، سـێرجی کارجیڤیسـکی، رێنـێ وەلاک. جـان موکارۆڤسـکی، ڤـیلەم ماثیسـیۆس. سـاڵی ١٩٢٩ حەلـقەکە تێزەکـانی خـۆی لە وتارێکـدا ڕاگەیانـد. سـاڵێ ١٩٢٩ دەســتیان کــرد بە دەرکردنــی گۆڤارێــک بەنــاوی بەرهەمە زمانەوانییەکانی بازنەی پراگ و بە هاتنی جەنگی جیهانی دووەم ئەویش وەستا. دووجاری تر ئەو گۆڤارە لە ساڵەکانی ١٩٦٦ – ١٩٧١ و هەروەهــا لە ســاڵی ١٩٩٥ زینــدوو کــرایەوە و هــاتە وەشاندن.

(٥)قوتابخــانەی فرانکفــۆرت؛ ئەم قوتابخــانەیە قوتابخــانەیەکی تیۆری کۆمەلایەتی فەلسەفی ڕەخنەگرانە بوو، کە لە ساڵی ١٩١٨ لە شــاری فرانکفــۆرت هــاتە دامەزرانــدن. گەلــێ بیرمەنــد و فەیلەســووف و ئەدیــب و سیاســی پەیوەســت بــوون بەم قوتابخـــانەیە. ئەم قوتابخـــانەیە ڕۆڵێکـــی گەورەی گێـــڕا لەبردنەپێشــەوەی ڕەخــنەی ئەدەبــی مارکسیســتی. بیرمەنــدانی قوتابخانەی فرانکفۆرت پێیانوابوو کە بیردۆزی کۆمەلایەتی بەس نییە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو سیاسـەتە کۆنەپەرستانەیەی کە لە کۆمەڵگەی سـەرمایەداری لیبراڵـی سـەدەی بیسـتەمدا ڕوودەدەن. توێژینەوەکــانی قوتابخــانەی فرانکفــۆرت لە ڕەخــنەی لە

سەرمایەداری و هەروەها ڕەخنە لە مارکسیزم-لینینیزم وەک سیستەمی فەلسەفی نەگۆڕی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی، ئاماژەی بە ڕێگای بەدیل بۆ گەیشتن بە گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە و نەتەوە دەکرد. دوای چەندین قۆناغ و هەوراز و نشێوکردن، ئەم قوتابخانەیە لەساڵی ١٩٣٣ دەگوازرێتەوە بۆ جنێڤ و پاشانیش بەرەو ئەمریکا گوێزرایەوە.

(٦)گروپی ئەدەبی مارکسیستی؛ئەم گروپە لە ساڵی ١٩٦٩ دا کە لەلایەن فریدریک جەیمسۆن و چەند قوتابییەکی دەرچووی زانکۆی کالیفۆڕنیا لە شاری سانتیاگۆ هاتە دامەرزاندن. ساڵی ١٩٧٥ فراوان بۆوە و گەلێ بیرمەند و نووسەری ئەکادیمی لەدەور کۆبووە و سیمیناریان گێڕا لەوانە فریدریک جیمسۆن، تێری ئیگلتن، ستانلی ئارۆنۆویز، گەیاتری سپیڤاک ، مایکڵ ڕایان، جێنی هۆڵەند، جون هۆوارد، جان بیڤەرلی. ئەم گروپە لەسەر گەلێ بابەت هەڵوەستەیان کردووە وەک لێکۆڵینەوە کلتوورییەکان، پۆستمۆدرینیزم، پۆست بونیادگەری، لێکۆڵینەوە دەروون شیکارییەکان و گوتاری پۆست کۆلۆنیالی و فیمینیزم. شایانی باسە هەتا ئەمڕۆش لە چالاکی فەرهەنگی و کلتووری خۆی بەردەوامە.

(٧)جێی ئاماژەیە لەم نووسینەدا گەلێ ناوی نووسەر و ئەکادیمی هاتوون لە بە پێویستیم نەزانی بیان ناسێنم. خوێنەری چالاک لەڕێگەی گوگڵەوە دەتوانێت زانیاری تەواو لەسەر ئەو نووسەر و ئەدیبانە بەدەست بهێنێت.

سەرچاوەکان:

https://literariness.org/2016/04/12/marxism-and-literary-theory/

تێبینی: ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی ڕەوت ژمارە ٢١ ی ساڵی ٢٠٢٢ بڵاوبۆتەوە.

# چەند تێزێک سەبارەت بە گرفتەکانی ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستیی

نووسینی: ئەناتۆلی ڤاسیلیڤیچ لۆناشارسکی

وەرگێڕانی بۆ ئینگلیزیی: ی گانوسکین

(لەئینگلیزییەوە)

## یەک

ئەدەبــی ئــێمە بە گرنگتــرین ســاتەوەختی گەشــەکردنی خۆیــدا تێدەپەڕێ. ژیـانێکی نـوێ لە وڵاتەکەمـان بنیـادنراوە و ئەدەبـیش زیـاتر و زیـاتر دەسـازێت کە چـۆن ئەم ژیـانە لەشـێوە نادیـار و نـاجێگیرەکەی خۆیـدا ڕەنـگ ڕێـژ بکـات. بەوپەڕی ڕوونیشــەوە دەتوانی ئاستەنگەکانی لە بەرزترین ئاستی سیاسیدا بگوازێتەوە و بە تـایبەتیش کـاریگەری مـۆراڵ لەســەر ســەرجەم پرۆســەی بنیادنانەکە هەبێت.

هەرچەنـــدە لە وڵاتەکەمـــان کەمتـــرین جیـــاوازی لە نێـــوان تاک(ئینــدیڤیجواڵ) ی چینەکــانی هەیە بەبەراورد بە چینەکــانی وڵاتـانی تـر، بەڵام هێشـتا مەحـاڵە وابیـربکەینەوە کە بەتەواوەتـی ناچینـایەتییە. بەلەبەرچـاوگرتنی حەتمییەتـی جیـاوازی مەیلەکـانی نێوان ئەدەبی جووتیاری و ئەدەبی پرۆلیتـاری لەم وڵاتەدا چەنـد ڕەگەزێــک هەیە کە هەڵوێســتە کۆنەکــانی خۆیــان پاراســتووە، ڕەگەزگەلێــک کە بەهــیچ شــێوەیەک لەگەڵ بەرژەونــدییەکانی دیکتــاتۆرییەتی پرۆلیتاریـــا ناســـازێت و وە ناشـــتوانێت لەگەڵ ئاراســـتە بنچینەییەکـــانی بینـــاکردنی سۆشـــیالیزم لەلایەن پرۆلیتارییاوە، هەڵبکات.

ململانێـی نێـوان کـۆن و نـوێ بەردەوامە. کـاریگەری ئەوروپـا ، ڕابردووی ئەوروپا، پاشماوەی چینە حاکمەکان، بۆرژوازی نـوێ کە گەشــەی زیـاتر لەژێـر ڕێنمـاییە ئـابوورییە تازەکـان دەکـات، هەموو ئەمـانە وا لە خۆیان دەکەن؛ هەسـتیان پـێ بکەیـن. ئەمـانە پەردەیان لەڕووی نە تەنها تەنینەوەی میزاجـی تـاک و گـروپ و خەڵـک هەڵداوەتەوە، بەڵکو لە ئـاوێتەبوونی هەمـوو جۆرەکـانەوە

هاتونەتە بوون. پێویستە بیرمان نەچێت بە لە بەرچاوگرتنی ڕەوتە بەرهەڵستکارە بۆرژوازییەکان؛ ڕاستەوخۆ و بەدەستی ئەنقەست، توخمێکی تر هەیە ڕەنگە زۆر مەترسیدارتر بێت کە بەزاندنی ئاسان نییە ئەویش هەڵوێستی بۆرژوازی بچووکە لەهەمبەر ژیانی ڕۆژانەوە. ئەمەش بەقووڵی ڕێگەی خۆی لە هەڵوێستە ڕۆژانەییەکانی خودی پرۆلیتاریا و تەنانەت لای زۆربەی کۆمۆنیستەکانیش دەکاتەوە. ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە بۆچی خەباتی چینایەتی هەر لەسەر شێوەی خەبات لەپێناو بنیادنانی شێوازی ژیانێکی نوێ کە نەک هەر تەنها هەڵگری جێپەنجەی خواستە سۆشیالیستەکانی پرۆلیتاریا بێت، ڕاناوەستێت، بەڵکو لەگەڵ دەستگرتن بە هێزی رابردووی خۆی کە لەهەرکات زیاتر شکڵ و شێوەی وردتر و قووڵتر فەرز دەکات. ئەمە ئەو دۆخەیە کە وا دەکات چەکی هونەر بەتایبەتی ئەدەب لەمڕۆدا زۆر گرنگ بێت. هەورەها دەبێتە هۆی دەرکەوتنی بنیادنانی ئەدەبێکی دوژمنکارانە؛ شانبەشان ئەدەبی پرۆلیتاری و ئەدەبی خێڵەکیی. مەبەستم لەم دژە توخمە تەنها و تەنها دژە توخمە بە هۆشیاری، بەڵام لەولاشەوە دژە توخمی ناهۆشیاریشمان هەیە کە دژە لە نیگەتیڤیی و ڕەشبینیی و ئیندیڤیجواڵیی و بێلایەنیی و شێواندنەکانی خۆیان.

**دوو**

لەگەڵ ئەو ڕۆڵە بەرچاوەی کە ئەدەب لەژێر هەلومەرجی لەم جۆرەدا دەیگێڕێ، ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی بەرپرسیارێتێکی گەورەی دەکەوێتە سەرشان. ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی

شانبەشانی ئەدەب کە ئێستا بێگومان ئەرکییەتی بەوپەڕی هێز و تواناوە بەشداری چڕ و بەهێز لە پرۆسەی شکلگیری ئینسانی نوێ و شێوازی نوێی ژیاندا بکات.

**سێ**

ڕەخنەی مارکسیستی لە هەموو جۆرەکانی تری ڕەخنەی ئەدەبی بە پلەی یەکەم جیا دەکرێتەوە کە ناتوانێت سروشتی سۆسیۆلۆژی نەبێت – بێگومان بە ڕۆحی کۆمەڵناسی زانستی مارکس و لینین. هەندێکجار جیاوازی لەنێوان ئەرکی ڕەخنەگری ئەدەبیی و ئەرکی مێژوونووسی ئەدەبی دەکرێت. ئەم جیاوازیکردنە پشت بە شیکردنەوەکانی ڕابردوو و ئێستادا نابەستێت، ئەوەندەی کە مێژوونووسی ئەدەبی هەڵدەستێت بە شیکردنەوەی بابەتییانەی بنبەماکانی کارکردن و جێوشوێنی لە ڕایەڵەی کۆمەڵایەتی و کاریگەری بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتییەوە. لەکاتێکدا بەنسبەت ڕەخنەگری ئەدەبییەوە هەڵدەستێت بە هەڵسەنگاندنی کارەکە؛ لەڕوانگەی دەستکەوت و هەڵە تاسەر شکڵیی و کۆمەڵایەتییەکان.

بۆ ڕەخنەگری ئەدەبی مارکسیستی ئەم جیاوازیکردنە تەقریبەن دەبێتە هۆی لەدەستدانی هەموو سەلاحییەتەکانی. هەرچەندە ڕەخنە بەمانای وردی وشەکە دەبێت وەک پێویستییەک بەشێک بێت لەکاری ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی و دەبێت لێکدانەوەی کۆمەڵایەتی توخمێکی بنچینەیی گرنگی ئەو ڕەخنەیە بێت.

## چوار

ئەی ڕەخنەگری مارکسیستی چۆن شیکردنەوە کۆمەڵناسییەکەی بەئەنجام دەگەیێنێت؟ مارکسیزم پێیوایە کە ژیانی کۆمەڵایەتی وەک هەر بەشە جواداکانی ئەندامێکی ئۆرگانیکیی پشت بەیەکتر دەبەستن. لێرەوە یارییەکان ڕۆڵی یەکلاکەرەوە دەگێڕن لە خیلال پەیوەندییە ئابوورییە زۆر سروشت و مادییەکاندا و لەپێش هەمووشیانەوە شێوازەکانی کارکردن. بۆ نموونە لەشیکردنەوەی گشتی سەردەمێکی دیاریکراودا، پێویستە ڕەخنەگری مارکسیستی تێبکۆشێت تا وێنەیەکی تەواوی گەشەی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمە نیشان بدات. کاتێک کە گفتوگۆی نووسەرێک یان کارێکی ئەدەبی دەکرێت هیچ پێویست ناکات هەلومەرجی بنەرەتی ئابووری شیبکرێتەوە. لەبەرئەوەی بۆچوونی هەمیشە سوودبەخش کە دەتوانین بە بۆچوونی پلیخانۆف ناوزەدی بکەین بەهێزێکی تایبەتەوە دێتە پێشەوە. کەدەڵێت کارە هونەرییەکان زۆر بەکەمیی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پشت بە شێوازەکانی بەرهەمهێنان لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا دەبەستن. ئەوان لە خیلالی ڕایەڵە نێوەندگیرەکانی وەکو سەرخانە چینایەتییەکان و سایکۆلۆژیای چینایەتی کەلەئەنجامی بەرژەوەندییە چینایەتییەکان پێکدێن، پشتیان پێدەبەستن. هەر کارێکی ئەدەبی هەمیشە ، هۆشیارانە یان ناهۆشیارانە، ڕەنگدانەوەی سایکۆلۆژیای چینایەتییە کە نووسەرەکە نوێنەرایەتی دەکات ، ئەگەر نا وەک زۆربەیجار ڕوودەدات ڕەنگدانەوەی تێکەڵییەکە لەو توخمانەی کە کاریگەری

چینە جیاوازەکان لەسەر نووسەر نیشان دەدەن. ئەمەش دەبێت بخرێتە ژێر شیکردنەوەیەکی ورد.

**پێنج**

لەهەر ئیشیکی هونەرییدا، بەشێوەیەکی بنچینەیی پەیوەندی بە سایکۆلۆژیای ئەم یان ئەو چین یان ئەم یان ئەو کۆڕ و کۆمەڵی کۆمەڵایەتی فراوان لەڕێگەی ناوەڕۆکەوە دیاری دەکرێت. ئەدەب، هونەری وشە، هونەری نزیک لە فیکر، لەشێوەکانی تری هونەر زیاتر بەوە جیا دەکرێتەوە کە بەبەراورد بە شێوە، بایەخێکی زۆر بە ناوەڕۆک دەکات. لە ئەدەبدا بەشێوەیەکی تایبەت ئەوە ڕوونە کە ئەوە ناوەڕۆکی هونەرییە کە بیروڕا و هەستەکان لەشێوەی وێنە یان پەیوەند بە وێنەوە وەک توخێکی یەکلاکەرەوەیە لەسەرجەم کاریکە، فرێ دەداتە دەرەوە. ناوەڕۆک هەوڵ دەدات لەخودی خۆیدا شێوەیەکی دیاریکراو بەدی بهێنێت. دەتوانین بڵێین لە یەک شێوەی نموونەیی زیاتر بوونی نییە کە لەگەڵ ناوەڕۆکێکی دیاریکراودا بگونجێت. نووسەر دەتوانێت بڕێک زیاتر یان کەمتر بۆ بیروباوەڕ و ڕووداو ئەو هەستانەی کەجێی بایەخین، شێوازی گوزارشتکردن بدۆزێتەوە کە زۆرترین بڕ لە ڕوونی و بەهێزترین کاریگەری لای ئەو خوێنەرانەی کە بەرهەمەکەیان لەپێناودا نووسراوە، جێبێڵێت.

بەم شێوەیە ڕەخنەگری مارکسیستی بابەتی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی کارەکە و ئەو کرۆکە کۆمەڵایەتییەی کە بەرجەستەی دەکاتەوە، بەپلەی یەکەم وەردەگرێت. پەیوەندی ڕەخنەگری

مارکسیسـتی لەگەڵ ئەم یـان ئەوکـۆمەڵە کـۆمەڵایەتییەی و ئەو کاریگەرییەی کاری ئەدەبی لەسـەر ژیـانی کۆمەڵایەتی هەیەتـی، دیاریـدەکات. دوای ئەوە بەشـێوەیەکی بنچینەیـی دەچێـتە سـەر شێوە لەگۆشـەنیگای شیکردنەوەی چۆنییەتی جێبەجێکردنی ئەم نموونـانە لەپێنـاو ئامانجەکـانی دەق. ئەمەش بەو مانـایەیە کە تێدەکۆشێت تا کارەکەی بەپێی توانا گوزارشتکەر و جێی باوەڕ بێت.

## شەش

بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا مەحـاڵە ئەرکـی تـایبەتی شـیکردنەوەی شـێوازە ئەدەبییەکـان، فەرامـۆش بکرێـت و ڕەخنەگـری مارکسیستیش نابێت چاوپۆشـی لەم مەسـەلەیە بکات. لەواقیعدا، شـێوەی هەر کـارێکی ئەدەبـی هەر بە نـاوەڕۆکەکەی دیـاری ناکرێـت، بەڵکـوو کـۆمەڵێ تـوخمی تـر هەن کەناکرێـت ڕۆڵیـان لەبەرچاو نەگیرێن. پرۆسە یان کرداری بیرکردنەوە و گفتوگۆی سـایکۆلۆژی کە مـرۆڤ دەتوانێـت نـاوی بنێـت شـێوازی ژیـانی چینێکـی دیـاریکراو ( یـان کۆڕوکۆمەڵی چینـایەتی کە کـاریگەری بەسەر دەقەکەوە هەیە)، ئاستی گشتی ڕۆشـنبیری کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو و کـاریگەری دەوروبەر و بێتـاقەتبوون بـۆ ڕابـردوو و هەوڵدان بۆ نوێبوونەوە، کە دەشێت لەسەر سـەرجەم لایەنەکانی ژیان دەربکەون، هەموو ئەمانە دەتوانن کاریگەری لەسـەر شێوە دابنێن و دەکرێت وەکو هۆکاری یارمەتیدەری دیاریکردنی شێوە لەبەرچاو بگیرێن. زۆربەیجار شێوە بە تەنها کارێکەوە پەیوەست نییە، بەڵکوو بە قوتابخانەیەکی تەواو یان سـەردەمێکی تەواوەوە

پەیوەستە. لەوانەشە ببێتە هێزێک زیان بە ناوەڕۆک و ئەوەی دژی دەوەستێتەوە، بگەیێنێت. هەندێکجار دەکرێت لەناوەڕۆک جیا بکریتەوە و ئەوکات سروشتێکی گۆشەگیر و بزێو وەردەگرێت. ئەمەش کاتێک ڕوو دەدات کە کارە ئەدەبییەکان گوزارشت بن لەو تێڕوانینە چینایەتییەی کە خاڵین لە ناوەڕۆک و سڵ لە ژیانی واقیعی دەکەنەوە و سروشتێکی خۆبەدەستەوەبەدەر و گۆشەگیریان هەیە بەپێچەوانەی سروشتی ئاسانخوازی و بێهودەیی. هەموو ئەم توخمانە پێویستە بەشێک بن لە لێکدانەوەی مارکسیستی. وەک خوێنەر دەبینێت کە ئەم توخمە شێوەخوازانە کە بەرەنگاری شێوازی ڕاستەوخۆیی - لەهەر شاکارێکی هونەری دەکەن، بەتەواوەتی شێوە لەڕێگەی ناوەڕۆکەوە دیاری دەکەن. هەورەها هەر کارێکی ئەدەبیش دەیەوێت ببێتە شاکار بەهەر حاڵێک دابڕاو نییە لە ژیانی کۆمەڵایەتی. ئەمانە بەڕۆڵی خۆیان دەبێت کۆمەڵایەتییانە شی بکرێنەوە.

**حەوت**

ئێمە تا ئێستا سەرنجی خۆمان بەشێوەیەکی بنەڕیتی لەبواری ڕەخنەی مارکسیستی وەک ئەرکی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، قەتیس کردووە. ڕەخنەگری مارکسیستی لێرەدا وەکو زانا و لێکۆلەرەوەیەکی کۆمەڵناسی بەدیار دەکەوێت، کە زۆر بە وردی میتۆدی شیکردنەوەی مارکسیستی لەبوارێکی دیاریکراودا (واتە ئەدەب) پیادە دەکات. دامەزرێنەری ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی بلیخانۆڤ بەتوندی پێداگری لەسەر ئەوە دەکات و دەڵێت ئەمە

ئەو ڕۆڵە ڕاستەقینەیە کە ڕەخنەگری مارکسیستی دەبێت پێی هەڵبسێت. بلیخانۆڤ جەغد دەکاتەوە و دەڵێت مارکسیستێک بەوەدا لە ڕۆشنگەر جیا دەکرێتەوە کە ئامانج و داواکاری تایبەت بۆ ئەدەب دیاری دەکات، بەڵام ڕۆشنگەر لەگۆشەنیگای ئایدیایەکی تایبەتەوە حوکمی بەسەردا دەدات، ڕەخنەگری مارکسیستی هۆکارە سروشتییەکانی دەرکەوتنی ئەم یان ئەو کاری ئەدەبی ڕوون دەکاتەوە.

لەبەرەنگاربوونەوەی میتۆدی بابەتییانە و زانستییانەی مارکسیستی بۆ رەخنەگرتن لە خودگەرایی کۆن و میتۆدی هەڵگیرڕدراوەی ئیستاتیکا و چێژ، پلیخانۆف نەک هەر لەسەر هەق بوو، بەڵکوو گەلێ کاری ئەنجامدا لەپیناو دۆزینەوەی ڕێڕەوی ڕاستەقینەی داهاتووی ڕەخنەی مارکسیستی و هەنگاوەکانی ئەو ڕەخنەیە.

لەگەڵ ئەوەشدا نابێت بەهیچ جۆرێک لە جۆرەکان بیر لە تایبەتمەندییەکانی پرۆلیتاریا بکرێتەوە وەک تەنها دیاریکردن و لێکدانەوەی کۆمەڵێ زانیاری دەرەکیی چاوی لێبکەین. مارکسیزم تەنها باوەڕێکی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکوو بەرنامەی بنیادنانی چالاکییە، وەک ئەو باڵەخانەیەی کە ناتوانرێت بیری لێبکریتەوە؛ بەبێ هەڵسەنگاندنێکی بابەتییانەی ڕاستییەکان. ئەگەر مارکسیستێک نەتوانێت هەست بە بابەتییانەی پەیوەندی نێوان ئەو دیاردانەی دەوری داون، بکات، مانای وایە ئەوەی ئیتر وەکو مارکسیستێک تەواو بووە و کۆتایی هاتووە. بەڵام لە مارکسیستێکی ڕاستەقینەی هەمەلایەن داوای زۆرترمان هەیە کاریگەری دیاریکراوە لەسەر ئەم ژینگەیە. ڕەخنەگری

مارکسیستی زانای فەلەکناسی ئەدەبی نییە تا یاساکانی جووڵانەوەی حەتمی تەنی ئەدەبی لە گەورەوە تا زۆر بچووک شیبکاتەوە، ئەو زۆر لەوە زیاترە. ئەو جەنگاوەر و بنیادنەرە. ئەمەش بەو مانایەیە کە پێویستە هۆکاری هەڵسەنگاندن لە ڕەخنەی مارکسیستی هاوچەرخ بە گرنگ و پڕبایەخ بزانین.

**هەشت**

ئەی ئەو پێوەرانە چین کە دەبێت هەڵسەنگاندنی کاری ئەدەبی لەسەر بنیادبنرێت؟ با پێش هەموو شتێک لەڕوانگەی ناوەڕۆکەوە دەست و پەنجەی لەگەڵدا نەرم بکەین. لێرەدا بەشێوەیەکی گشتی هەموو شتێک ڕوونە. پێوەریی بنچینەیی لێرە هەمان پێوەری ئەخلاقی پرۆلیتاریای تازە لەدایکبووە. ئەوەی یارمەتی گەشە و سەرکەوتنی پرۆلیتاریا بدات باشە و ئەوەشی زیانی پێبگەیێنێت، ئەوە خراپە. ئەرکی ڕەخنەگری مارکسیستییە هەوڵبدات بۆ بەدەستهێنانی ئاراستەی کۆمەڵایەتی کە بنچینەییە لەکارێکی دیاریکراودا و هەروەها پێویستە دیاری بکات کە ئەو ئاراستەیە بەرەو کوێ دەڕوات؟ ئینجا زانینی ئەوەی ئایا ئەم پرۆسەیە ئارەزوومەندانەیە یان نا؟ وە پێویستیشە هەڵسەنگاندنەکانی لەسەر ئەم بیرۆکە بنەڕەتییە کۆمەڵایەتییە چالاکە بنیاد بنێت. تەنانەت لەبواری هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی هەر کارێکی ئەدەبیی هەموو شتێک لە سادەخوازییەوە دوورە. ڕەخنەگری مارکسیستی دەبێت زۆر زیرەک و هەستیار بێت، ئەمەش بە تەنها بەمانای مەشقی مارکسیستی نییە، بەڵکو دەبێت کۆمەڵێ بەهرەی تیا بێت، کە

بەبێ ئەم بەهـرانە ناکرێـت هـیچ ڕەخـنـەیەک بـوونی هەبێـت. لەحاڵەتی کارێکی ئەدەبی بەڕاستی مەزندا گەلێ لایەنی جیاجیا هەیە کە دەبێت هەڵبسەنگێنرێن. لەم حاڵەتەدا زۆر زەحمەتە هیچ تەرازوو و پێوانەیەک بەکـار بهێنرێـت. ئەوەی لێـرە بەدواوەیـن پێـی دەوترێـت هەسـتیاری کـۆمەڵایەتی، ئەگەرنـا بێگومـان هەڵە ڕوودەدات. لەسەر ڕەخنەگری مارکسیستییە کە نابێت تەنها دڵی بەو کـارانە خـۆش بێـت کەبـاس لە گرفتەکـانی سـاتەوەختیی دەکەن، بەبێ ئەوەی ئینکاری گرنگی تـایبەتی کێشـەکانی ئێسـتا بکەیـن، بە تەواوی مەحـاڵە گرنگییەکـی گەورەی ئەو پرسـانە پشـتگوێ بخەیـن کە لە یەکەم بینینـدا زۆر گشـتی و دوور دەردەکەون بەڵام لە ڕاسـتیدا لە وردبـوونەوەدا کاریگەرییـان لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی هەیە.

لێرەدا هەمـان دیاردەمـان لەبەردەسـتدایە کە لە زانسـتدا هەیە. خواسـتی ئەوەی کە زانسـت بە تەواوەتـی تەسـلیم بە ئەرکە پراکتیکییەکـان بێـت، ئەوە هەڵەیەکـی گەورەیە. ئەوە ڕاسـتییەکی حاشـاهەڵنەگرە کە ئەبسـتراکترین کێشـە زانسـتییەکان لەکـاتی شیکارکردنیاندا ڕەنگە هەندێکجار ببنە هـۆی زۆرتـرین گرفت و ئاریشـە. ئینجا لەگەڵ ئەوەشدا، کاتێک نووسەرێک یان شـاعیرێک پەنـا دەبـاتە بەر شـیکاری ئەرکە گشـتییەکان، ئەگەر نووسـەرێک پرۆلیتـاریی بێـت هەوڵ دەدات بـۆ دووبـارە هەڵسـەنگاندنەوەی پرۆلیتارییانە پەنا بۆ بنەما ڕۆشـنبیرییەکان ببات، کە ڕەنگە زۆر بە ئاسانی ڕەخنەگر تووشی سەرلێشـێوان بکـات. ئەویش یەکەم: چونکە لەم حاڵەتانەدا هیچ پێوەرێکی ڕاستەقینەمان نییە. دووەم: ڕەنـگە گریمانەکـان لێـرەدا بەهایەکیـان هەبێـت؛ بـوێرترین گریمانەکـان لەبەرئەوەی بـایەخ بە شـیکاری کۆتـایی کێشـەکان

نادەین. بەڵکو کێشەکان دەخەینە بەرچاو و شیدەکەینەوە. لەگەڵ ئەمەشدا هەموو ئەمانە تا ئاستێک ئاماژە بەو کارە ئەدەبییانە دەدەن کە بایەخی تەواو بابەتییانەیان هەیە. ئەو نووسەرەی کە لە کارەکانیدا خاڵەکانی بەرنامەی ئێمە ڕوون دەکاتەوە و گەشەی پێدەدات، ئەوە بەکردەوە هونەرمەندێکی خراپە. نووسەر کاتێک بەهادارە کە زەوییەکی دەستلێنەدراو بکێڵێت و بەشێوەیەکی هەستیارانە بوارێک بدۆزێتەوە کە زەحمەت بێت بۆ لۆژیک و ئامار بتوانن بچنە ناوییەوە. بڕیاردان لەسەر نووسەر لەسەر هەقە یان نا،یان بە ڕێگەیەکی دروست؛ ڕاستی و خواستە بنچینەییەکانی کۆمۆنیزم پێکەوە کۆدەکاتەوە کارێکی هەروا ئاسان نییە لەوانەیە نەتگەێنێتە بڕیارێکی دروست تەنها لەحاڵەتی بەریەککەوتنی بیروباوەڕی خوێنەر و ڕەخنەگر نەبێت. بەڵام هەموو ئەمانە کاری ڕەخنەگر بێبایەخ و ناپێویست ناکەن.

فاکتەرێکی زۆر گرنگ هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی کارە ئەدەبییەکان ئەوەیە کە بەپێی حوکمی دووەم لەسەر کارەکە دەبێت قەزاوەت بکرێت. ئەویش لە هەنگاوی یەکەمدا پێدەچوو کە سەر بە کۆمەڵێ دیاردەی نامۆ بێت و هەندێکجاریش دژ بە خۆمان بێت. وە لەڕاستیدا زۆریش گرنگە هەڵوێستی دووژمنانی بناسێت و سوود لە قسەی ئەو گەواهیدەرانە وەربگریت کە پاشخانیان لە پاشخانی ئێمەوە جیاوازە. ئەمانە ڕەنگە زۆربەی کات بمانگەێننە ئەنجامگەلێکی قووڵ. لەهەرحاڵەتێکدا دەبێتە هۆی دەوڵەمەندبوونی زیاتری مەعریفەی کەڵکەکراومان دەربارەی دیاردەکانی ژیان. ڕەخنەگری مارکسیستی کە دەڵێت ئەو نووسەرە یان ئەو بەرهەمە ئاوا و ئاوایە،بۆ نموونە بڵێت ئەوە دیاردەی

وردەبۆرژوازییە و ڕەخنەگر نابێت هەرگیز ئەو کارە یان ئەو نووسەرە بە جووڵەیەکی دەستی ڕەت بکاتەوە. دەشێت لەزۆربەی کاتدا سوودێکی زۆری لێببینرێت. لەبەر ئەم هۆیە، هەڵسەنگاندنی دووەم لەدیدگایەکەوە بێت کە نە لە دیدگای ئەسڵ و ستایشی کارێکی تایبەتەوە ،بەڵکوو لە ئەگەری بەکارهێنانی هەوڵە بنیادنەرەکانمانەوە بێت کە ڕەنگە ئەرکێکی ڕاستەوخۆی ڕەخنەگری مارکسیستی بێت.

من دەمەوێت پڕ بە پێستی ئەم کارە بم، دیاردە نامۆ و دووژمناکارەکانی دەقی ئەدەبی تەنانەت ئەگەر بەو مانایەی سەرەوەش هەندێک سوودیان هەبێت، بێگومان دەتوانن لەڕادەبەدەر زیانبەخش و ژەهراوی بن و دەرکەوتنی مەترسیدارانەی پڕوپاگەندەی دژە شۆڕش بن. ئەمەش بێ هیچ وتنێک سەردەکێشێت بۆ دەرکەوتنی نەک ڕەخنەی مارکسیستی؛ بەڵکوو بۆ دەرکەوتنی سانسۆری مارکسیستی.

## نۆ

ئەرکی ڕەخنەگری مارکسیستی لەوانەیە زۆر ئاڵۆزتر بێت کاتێ لە هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆکەوە بەرەو هەڵسەنگاندنی شێوە وەردەچەرخێ.  ئەم ئەرکە زۆر گرنگە و پلیخانۆفیش جەغدی لەسەر گرنگییەکەی کردۆتەوە. کەوابوو لێرەدا پێوەری گشتی بۆ هەڵسەنگاندن چییە؟ پێویستە شێوە تا دەکرێت لەگەڵ ناوەڕۆدا بگونجێت. ئەمەش زۆرترین توانای گوزارشتکردنی پێدەبەخشێت و زۆرترین دڵنیاییش دەدات لەسەر ئەو خوێنەرانەی کە دەقەکەیان لەپێناودا نووسراوە. وە لەسەرووی هەموو

شتێکیشەوە، پێویستە ئاماژە بەو پێوەرە فەرمی و زۆر گرنگە بدرێت کە پلیخانۆفیش لێرەدا بانگەشەی بۆ دەکا. ئەدەب هونەری وێنەکانە و هەر دەستدرێژییەک دژ بە بیروباوەڕە بەتاڵەکان و پروپاگەندە؛ هەمیشە زیان بە بەرهەمەکە دەگەیێنێت. ئاشکرایە کە ئەم پێوەرەی پلیخانۆف ڕەها نییە. بۆ نموونە بەرهەمی نایابی سالتیکۆڤ-شچێدرین، ئوسپێنسکی و فورمانۆڤ هەن، کە بە ڕوونی لە بەرامبەر ئەم پێوەرەدا گوناه دەکەن و ئەمەش بەو مانایەیە کە کارە ئەدەبییە تێکهەڵشێلدراوەکان کە وتارە ڕەخنەییەکان لەگەڵ بیری جاڕدان تێکەڵ دەکەن، ئەدەب و ڕای گشتی پێکەوە کۆ دەکەنەوە، دەکرێت لە مافی گشتی خۆیاندا بوونیان هەبێت. بەڵام بەگشتی مرۆڤ دەبێ خۆی لەم شتانە بەدوور بگرێت. بێگومان ئەدەبی کاروباری گشتی یان(جاڕدان) کە لە فۆرمدا درەوشاوەیە، جۆرێکی نایابی پڕوپاگەندەی ئەدەبییە بە فراوانترین مانا وشەکە، بەڵام بە پێچەوانەوە، وتارە ڕەخنەییە هونەرییەکان کە بارگاوی بوون بە توخمە تەنیا جاردانەکان، خوێنەر بە ساردیی دەهێڵنەوە، هەرچەندە ئارگیومێنتەکانیشیان درەوشاوە بن. ئەمەش بەم مانایەیە کە ڕەخنەگر هەموو مافێکی هەیە باس لە ناتەواوی هەرسکردنی ناوەڕۆکەکە لەلایەن نووسەرەوە بکات ئەگەر ئەم ناوەڕۆکە لەبری ئەوەی بە ئازادی لە بەرهەمی هونەریدا لە وێنەی کانزای تەواوەی درەوشاوەدا بڕژێت، لە لەدەرەوەی ئەم ڕێڕەوە پرشنگدار و گەشاوە بن.

پێوەرە تایبەتەکەی دووەم کە لە پێوەرە گشتییەکەوە سەرچاوە دەگرێت وەک لە سەرەوە پێناسە کراوە، پەیوەندی بە ڕەسەنایەتی فۆرمەکەوە هەیە. ئەم ڕەسەنایەتییە دەبێ لە چی

پێک بێت؟ ڕێک لەم بابەتەدا: جەستەی فەرمی بەرهەمێکی دیاریکراو دەبێ لەگەڵ بیرۆکەکەیدا، لەگەڵ ناوەڕۆکەکەیدا تێکەڵ بە یەک کۆی دابەشنەکراو بێت. بێگومان کارێکی هونەری ڕاستەقینە دەبێ لە ناوەڕۆکدا نوێ بێت. ئەگەر ناوەڕۆکەکە تازە نەبێت، بەرهەمەکە بەهایەکی کەمی هەیە. ئەمەش ئاشکرایە. هونەرمەند پێویستە شتێک دەرببڕێت کە پێشتر دەرنەبڕدراوە. دووبارە بەرهەمهێنانەوە هونەر نییە (هەندێک لە نیگارکێشان بە زەحمەت دەزانن لەم بابەتە تێبگەن) بەڵکو تەنها پیشەیەکی دەستییە، هەرچەندە هەندێک جار زۆر وردە. لەم ڕوانگەیەوە ناوەڕۆکی نوێ لە هەموو بەرهەمێکی نوێدا داوای فۆڕمی نوێ دەکات.

دەتوانین ئەم ڕەسەنایەتییە ڕاستەقینەیەی فۆرم لەگەڵ چیدا بەراورد بکەین؟ لە پلەی یەکەمدا فۆڕمی کۆنەپەرستانە هەیە کە ڕێگری دەکات لە بەڕاستی جێگیرکردنی بیرۆکەیەکی نوێ لە کارەکەدا. نووسەر دەتوانێت بە فۆرمەکانی پێشتر بەکارهێنراو سەرسام بێت و هەرچەندە ناوەڕۆکەکەی نوێیە، بەڵام دەڕژێتە ناو کووندەی شەرابی کۆنەوە. ناتەواوییەکانی ئەم جۆرە ناتوانرێت سەرنجیان نەدرێت. لە پلەی دووەمدا، ڕەنگە فۆرمەکە بەوپەڕی سادەییەوە لاواز بێت، بۆ نموونە بە نیەتێکی نوێ و سەرنجڕاکێشەوە، ڕەنگە نووسەر خاوەنی وشەسازی، بنیاتنانی دەستەواژەکە، تەواوی چیرۆک، بابەتی، ڕۆمان، شانۆنامە و هتد نەبێت؛ و بە مانای ڕیتم و جۆرەکانی تری شیعر. هەموو ئەمانە دەبێت لەلایەن ڕەخنەگری مارکسیستەوە ئاماژەیان پێبدرێت. ڕەخنەگری مارکسیستی ڕاستەقینە – جۆرێکی یەکپارچە، دەتوانین بڵێین ڕەخنەگرێکی لەو جۆرە – دەبێ مامۆستا بێت، بە

تایبەت مامۆستای نووسەرانی گەنج یان تازە دەستپێکردووان بێت.

لە کۆتاییدا، سێیەم گوناهی سەرەکی دژی یاسا تایبەتەکەی سەرەوە بۆ ڕەسەنایەتی فۆرم، "زیادە ڕەسەنایەتی" فۆرمە، کە تێیدا بەتاڵی ناوەڕۆک بە داهێنان و ڕازاندنەوەی فەرمی دەدزرێتەوە. ئەو نووسەرانەی کە لەلایەن فۆرمالیستەکانەوە تووشی بوون، ئەو نوێنەرە تایبەتانەی دارمانی بۆرژوازی، بەو شێوەیە ناسراون کە هەوڵدەدەن ناوەڕۆکی ڕاستگۆ و قورسیان بە فێڵی جۆراوجۆر برازێننەوە، بەمەش کارەکانیان تێکدەدەن.

هەروەها مرۆڤ دەبێ بە وریاییەوە لە پێوەری سێیەمی سروشتێکی فۆرمالّی – گشتگیربوونی کارەکە – نزیک بێتەوە. تۆلستۆی بە توندی قسەی لەسەر ئەمە دەکرد. ئێمە کە لەڕادەبەدەر ئارەزووی دروستکردنی ئەدەبێک دەکەین کە ئاراستەی جەماوەر بکرێت، و بانگەوازیان بۆ بکەین سەبارەت بە خولقێنەرانی سەرەکی ژیان، هەروەها گرنگی بەم گشتگیرییەشمان هەیە. هەموو شێوەکانی خۆبەدوورگرتن، لە گۆشەگیری، هەموو شێوەکانی مەبەست لێی بازنەیەکی بچووکی جوانیناسە تایبەتمەندەکان، هەموو ڕێکەوتن و وردبینییەکی هونەری دەبێ لەلایەن ڕەخنەی مارکسیستەوە ڕەت بکرێنەوە. ڕەخنەی مارکسیستی نەک هەر دەتوانێت، بەڵکو دەبێت لە ڕابردوو و ئێستادا ئاماژە بە شایستەییەکانی ناوەوەی ئەم جۆرە بەرهەمانە بکات، لە هەمان کاتدا چوارچێوەی عەقڵی ئەو هونەرمەندەش شەرمەزار بکات کە هەوڵدەدات بەو جۆرە میتۆدە فۆرماڵییانە خۆی لە واقیع داببڕێت.

بەڵام وەک لە سـەرەوە ئاماژەمـان پێـدا، دەبێـت بە وریـاییەوە مامەڵە لەگەڵ پێوەرەکانی گشتگیریدا بکرێت. لە چاپەمەنییەکانی ئێمەدا، لە ئەدەبیاتی پڕوپاگەندەیی خۆماندا، لە کتێب و گۆڤار و تـوێژینەوە زۆر ئاڵۆزەکـانەوە دەڕۆیـن، کە داوای زیرەکییەکـی بەرچاو لە خوێنەر دەکەن، بۆ سەرەتاییترین ئاستی جەماوەری؛ بە هەمـان شـێوە نـاتوانین هەمـوو ئەدەبیاتەکانمـان بگەیەنیـنە ئاسـتی جەمـاوەری جووتیـاری کەم فەرهەنـگ یـان تەنـانەت کرێکاران. ئەمەش هەڵەیەکی زۆر گەورە دەبێت.

شکۆدار ئەو نووسـەرەیە کە دەتوانێت بە سادەییەکی هـونەری هێنـدە بەهێـز گوزارشـت لە بیرۆکەیەکـی کـۆمەڵایەتی ئـاڵۆز و بەنـرخ بکـات کە دەگـاتە دڵـی ملیۆنـان کەس. هەروەهـا شـکۆمەند ئەو نووســەرەیە کە دەتوانێــت بە نــاوەڕۆکێکی بەراوردکــاری سادە و سەرەتایی بگاتە دڵـی ئەم ملیۆنـان کەسـە؛ و ڕەخنەگری مارکسیسـت دەبـێ بەهـایەکی زۆر بە نووسـەرێکی لەو شـێوەیە بـدات. لێـرەدا سـەرنجی تـایبەتی ڕەخنەگـری مارکسیســت و یارمەتی ژیرانەش پێویستە. بەڵام بێگومان نابێت ئینکاری بەهـای ئەو بەرهەمـانە بکـات کە بـۆ هەمـوو کەسـێکی خوێنـدەوار بە ڕادەیەکی پێویست تێگەیشتنیان ئاسان نییە، کە ئاراستەی چینـی سەرەوەی پرۆلیتاریا، ئەندامە ئاڵۆزەکانی حیزب، ئەو خـوێنەرەی کە گەیشـتووەتە ئاسـتێکی بەرچـاو لەفەرهەنـگ؛ دەکرێـت. ژیـان چەنـدین کێشــەی ســووتێنەر دەخــاتە بەردەم ئەم حیزبــی ئەو دانیشتووانەی کە ڕۆڵێکی بێئەندازە گرنگ دەگێڕێت لە بنیاتنانی سۆسـیالیزمدا؛ و بێگومـان نابێـت ئەم کێشـانە بەبـێ وەڵامێکـی هــونەری بمێنــنەوە تەنهــا لەبەر ئەوەی هێشــتا ڕووبەڕووی جەمـاوەری بەرفـراوان نەبـوونەتەوە یـان لەبەر ئەوەی هێشـتا

ناتوانرێـت بە فـۆڕمی گشـتگیر کاریـان لەسـەر بکرێـت. بەڵام پێویسـتە ئامـاژە بەوە بکرێـت کە ئـێمە زۆر بە پـێچەوانەوە ڕۆیشـتین، نووسـەرانمان سـەرنجیان لەسـەر ئەرکێکـی ئاسـانتر چڕکـردووەتەوە – نووسـین، بـۆ بـازنەیەکی فەرهەنگـی لە خوێنەران لە کاتێکدا دووبارەی دەکەمەوە، ئەدەب بۆ باشبوونی ژیانی کرێکاران و جووتیاران، بە مەرجێک ئەدەبێکی بەتوانا و سەرکەوتوو بێت، دەبێ بە تایبەتی بەهایان پێ بدرێت.

**دە**

وەک پێشتر وترا ڕەخنەگری مارکسیستیش تا ڕادەیەکی بەرچاو مامۆستایە. ڕەخنەگرتن بێمانایە مەگەر ڕەخنەکە هەندێک چاکە، جۆرێک لە پێشکەوتن بەرهەم بهێنێت. وە دەبێت ئەم پێشکەوتنە چـی بێـت؟ یەکەم: ڕەخنەگـری مارکسیسـت دەبـێ لە پێوەنـدی لەگەڵ نووسـەردا مامۆسـتا بێـت. تەواو ئەگەری ئەوە هەیە کە دەنگی تووڕە لەم بارەیەوە بەرز بکرێتەوە و بڵێت کەس مافی بە ڕەخنەگر نەداوە کە خۆی لە نووسـەر بە بـاڵاتر بزانێت و هتد. کاتێـک پرسـیارەکە بە دروسـتی دادەڕێژرێـت، ئەم جـۆرە ناڕەزایەتیـانە بە تەواوی بێبەهـا دەبـن. یەکەم: بە سـەرنجدان بەوەی کە ڕەخنەگری مارکسیست دەبێ مامۆستای نووسـەران بێـت، ئەوە بەدوای خۆیـدا دێنێـت کە دەبـێ مارکسیسـتێکی لەڕادەبەدەر خـاوەن ئیرادە بێت، کەسـێکی زانـا و سـەلیقەی بـێ ئیدانە بێت. دەوترێت ئێمە ڕەخنەگرێکی لەو جۆرەمـان نییە یـان تەنیـا ژمـارەیەکی زۆر کەم. لە حـاڵەتی یەکەمـدا نەیارەکانمـان هەڵەن؛ لە دووەمـدا لە ڕاسـتییەکان نزیکتـر دەبـنەوە. بەڵام تەنهـا

یەک دەرەنجــام هەیە کە لەمەوە دەربهێنرێــت؛ ئەویــش ئەوەیە: پێویستە فێر بین. لە نیشتمانە گەورەکەماندا نیازپاکی و بەهرە کەم نــابێتەوە، بەڵام فێربــوونێکی زۆر ســەخت هەیە کە دەبــێ ئەنجام بدرێت. دووەم: بێگومان ڕەخنەگر نەک هەر نووسەر فێر دەکات بەبێ ئەوەی بە هیچ شێوەیەک خۆی بە باڵاتر بزانێت، بەڵکو زۆر شتیش لە نووسەرەوە فێر دەبێت. باشترین ڕەخنەگر ئەو کەسەیە کە بتوانێت بە سەرسامی و جۆش و خرۆشەوە لە نووســەر بڕوانێــت و لەهەر ئاســتێکدا مەیلــی باشــی هەبێــت بەرامبەری. ڕەخنەگری مارکسیستی دەتوانێت و دەبێ لە دوو ڕووەوە مامۆســتا بێت بۆ نووســەر: یەکەم: دەبێت ئامــاژە بە نووسەرە گەنجەکان بکات – و بە گشتی بۆ ئەو نووسەرانەی کە توانای ئەنجامدانی ژمارەیەکی زۆر هەڵەی فەرمییان هەیە – هەڵەکانی ناو بەرهەمەکانیان. جاران بە شێوەیەکی بەرفراوان دەگوترا کە ئێمە پێویستمان بە هیچ بێلینسکییەک نییە، چونکە نووسەرانمان چیتر پێویستیان بە ڕێنمایی نییە. ڕەنگە ئەمە پێش شۆڕش ڕاست بووبێت، بەڵام دوای شۆڕش بە سادەیی دەبێتە شــتێکی پێکەنینــاوی، کاتێــک جەمــاوەر ســەدان و هەزاران نووسەری نوێ دێنێتە دەرەوە. ڕەخنەیەکی پتەوی ڕێنماییکەر، بێلینســکی هەمــوو عەیارەکــان، ئەو کەســە بە ویــژدانەی کە زانیارییەکی باشی لەسەر پیشە ئەدەبییەکەی هەیە – هەموو ئەمانە بە تەواوی جەوهەرین.

لە بەرامــــبەردا ڕەخــــنەی مارکسیســــت دەبــــێ بە مانــــا کۆمەڵایەتییەکەی مامۆستا بێت بۆ نووسەر. نەک هەر نووسەری غەیــرە پرۆلیتاریــا کە زۆرجــار تەنیــا منــداڵێکە لە هەڵوێســتە کۆمەڵایەتییەکانیــدا، کە لەســەرخۆترین هەڵە ئەنجــام دەدات لە

ئەنجامی بیرۆکە سەرەتاییەکانی سەبارەت بە یاساکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و تێنەگەیشتنی لە بنەماکانی سەردەم و هتد، بەڵام ئەمەش زۆرجار لەگەڵ نووسەرێکی مارکسیست و پرۆلیتاریاشدا ڕوودەدات. ئەمە وەک سووکایەتییەک بە نووسەر ناگوترێ، بەڵکو بەشێکی نزیکە لە ستایشکردنی. نووسەران بوونەوەرێکی هەستیارن، یەکسەر کاریگەرییەکانی واقیع لەسەریان ڕەنگ دەداتەوە. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا نووسەران نە بەهرەیەکی تایبەتیان هەیە بۆ بیرکردنەوەی ئەبستراکت و زانستی و نە گرنگییەکی تایبەتیش بە بیرکردنەوەی ئەبستراکت و زانستی دەدەن: بێگومان هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە کە هەندێک جار بە بێ تاقەتییەوە هەر پێشنیارێکی یارمەتی لەلایەن ڕەخنەگری جاردەڕەوە ڕەتدەکەنەوە. بەڵام زۆرجار دەتوانرێت ئەم جۆرە یارمەتییەی پێشکەش دەکرێت بەو شێوازە کەللەپووتییە ڕوون بکرێتەوە. بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە ڕێک لە ئەنجامی هاوکاری نێوان نووسەرانی ناودار و ڕەخنەگرانی ئەدەبی بەهرەمەندە کە هەمیشە ئەدەبیاتی گەورە بەڕاستی سەریهەڵداوە و بەردەوامیش سەرهەڵدەدات.

## یانزە

لە هەوڵی فێرکردنی سەرکەوتووانەی نووسەر، ڕەخنەگری مارکسیستی لەسەریەتی خوێنەرانیش فێر بکات. بەڵێ دەبێت خوێنەر فێری خوێندنەوە بکرێت. ڕەخنەگر وەک شرۆڤەکارێک، وەک ئەو کەسەی هۆشداری دەدات لە ژەهر کە ڕەنگە تامی شیرین بێت، وەک ئەو کەسەی کە توێکڵێکی ڕەق دەشکێنێت بۆ

ئەوەی مــرواریيەکەی نــاوەوە دەربخــات، وەک ئەو کەســەی گەنجینەی لە سێبەر نێژراودا دەدۆزێتەوە، وەک ئەو کەسەی کە هەموو خاڵێک دەکات منەکان، کە گشتاندن لەسەر بنەمای مــادەی هــونەری دەکــات – ئەمە ئەو ڕێنمــاييەيە کە ئێســتا جەوهەریــیە، لە کاتێکــدا کە زۆر خــوێنەری بەنــرخ بەڵام بــێ ئەزمــوون دەرکەوتــوون. ئەمــە پەیوەنــدی ئەوە بــە ڕابــردووی ئەدەبیاتی ڕووسی و جیهانییەوە و دەبێ بەو شێوەیە پەیوەندی بە ئەدەبی هاوچەرخەوە هەبێت. بۆیە ئێمە جارێکی دیکە جەخت لەســەر ئەو داواکــارییە نــاوازانە دەکەیــنەوە کە ســەردەمەکە لە ڕەخنەگری مارکسیستی دەخوازێت. ئێمە هیچ ئارەزوویەکمان نیــیە بە تێزەکانمــان کەس بترســێنین. ڕەخنەگــری مارکسیســت دەتوانێــت بە بــێگەردی یــان تەنــانەت دەتوانێــت بە هەڵە دەستپێبکات، بەڵام لەبیریەتی پێش ئەوەی بگاتە یەکەم نیشتنەوە دەبێت بە پلیکانەیەکی درێژ و بەرزدا سەرکەوێت و تەنانەت ئەو کاتەش دەبێت تەنها وەک شاگردێک سەیری خۆی بکات. بەڵام مەحــاڵە حســاب بــۆ ئەو شــەپۆلە زەبەلاحەی بەرزبــوونەوەی کولتوری فراوانمان نەکەین، لەسەر کانیاوی ئەدەبی بەتوانا کە لە هەمــوو شــوێنێکدا ســەرهەڵدەدات؛ مەحــاڵە بــاوەڕ نەکەیــن کە دۆخــی ئێســتا – کە بە تەواوی جــێگەی ڕەزامەنــدی نیــیە – ڕەخنەی مارکسیزم بەم زووانە زۆر باشتر بەرەوپێش دەچێت.

## دوانزە

حەز ئەکەم وەک دەرئەنجامێک دوو پرسیاری تر بوروژێنم. یەکەمیان؛ زۆربەی کات ڕەخنەگرانی مارکسیست تاوانبار دەکرێن بەوەی کە دادەبەزنە ئاستی ڕاگەیاندنەکان. ئێستا بەڕاستی جێی مەترسییە کە بە نووسەرێک بڵێین کە چێژ لە باوەڕە نا هۆشیارەکان و نیمچە هۆشیارە دژە بە شۆڕشەکان دەبینێت. لەم دۆخانەدا کاتێک نووسەر بە ڕەگەزێکی نامۆ دەستنیشان دەکرێت، یان بەرەو ڕاست وەرچەرخاوە، یان کاتێک یەکێک لە نووسەرەکانمان بە هەندێک لادان یان شتی تر تاوانبار دەکرێت، ئەوکات سەرجەم ئیشەکە تا ئاستێک جێی گومان دەبێت، بەڕاستی خەڵکی دەپرسن ئەی مافی ڕەخنەگر نییە بڵێت کە ئەم یان ئەو نووسەرە لەڕووی سیاسییەوە جێی گومانە و یان لەڕووی سیاسییەوە دروست هەنگاو نانێت یان دووچاری شکستی سیاسیی بووە. ئێمە دەبێت بە توندی ئەمجۆرە نارەزایەتییانە ڕەت بکەینەوە. ئەو ڕەخنەگرەی میتۆدی لەمشێوەیە دەگرێتە بەر بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە شەخسییەکانی یان بە ئەنقەست بوختان کردن بەکەسێکدا، ئەوا ئەو ڕەخنەگرە شەڕانگێزە و ئەوجۆرە شەڕانگێزییانەش درەنگ یان زوو دەردەکەون. ئەوە ڕەخنەگری بێباکە کە ئەمجۆرە بوختانانە بێ بیرکردنەوە و بێ هیچ پێوەرێک دەبەخشنەوە. بەڵام ئەو کەسەی جەوهەری ڕەخنەی مارکسیستی دەشێوێنێت، لەبەرئەوەی دەترسێت بە دەنگی بەرز ئەنجامی لێکدانەوە کۆمەلایەتی و بابەتییەکانی رابگەیێنێت،پێویستە لەڕووی سیاسییەوە بە خەمسارد و نێگەتیڤ وەسف بکرێت.

ئەمە بەو مانایە نییە کە ڕەخنەگری مارکسیستی بەدەنگی بەرز هاوار بکات و بڵێت: ئاگادار بن! خۆ ئەمە بانگەوازێک نییە دەزگا فەرمییەکانی دوڵەت، بەڵکوو ئەمە هەڵسەنگاندنێکی بابەتییانەیە بۆ بەها و بنیادنانی هەندێک کار و شتی لەوجۆرە. نووسەر دەبێت خۆی لە دەەنجامەکان قورتار بکات و هەڵەکانی ڕاست بکاتەوە. ئێمە لە بواری ململانێی بیروڕاکانداین. ناکرێت کەسێکی خاوەن ویژدانی کۆمۆنیستی و ڕاستگۆ، ئینکاری سروشتی خەبات لە پرسی ئەدەبی ئێستا و هەڵسەنگاندنی بکات.

## سیانزە

دواجاریش ئەم پرسیارە: ئایا مشتومڕ یان(گفتوگۆ)ی تاڵ و زبر ڕێگەپێدراوە؟ بەشێوەیەکی گشتی، گفتوگۆی توونـدوتیژ سوودبەخشە لەبەر ئەوەی خوێنەر بە سەرنجەوە دەهێڵێتەوە. بابەتی مشتومڕ بەتایبەت لەو شوێنانەی کە هەردوو لا هەڵەن و هەموو شتەکانی تر یەکسانن، کاریگەرییەکی زیاتری لەسەر جەماوەر هەیە و باشتریش تێی دەگەن. بێجگە لەمەش بوونی روحی جەنگین لەلای ڕەخنەگری مارکسیستی وەک شۆڕشگێڕێک پالی پێوە دەنێت بۆ گوزارشتی توونـدی لە بیروباوەڕەکەی، بەڵام لەهەمان کاتیشدا دەبێت ئەوەمان بیر نەچێت شاردنەوەی لاوازییەکان بەبیانووی درەوشاوەیی جەدەلی، یەکێکە لە هەڵە گوناهەکانی ڕەخنەگر. بەگشتی، کاتێک کە ئارگیومێنتی زۆر لەئارادا نین بەڵکو کۆمەڵێک تێبینی توندڕەوی جۆراوجۆرن، بەراوردکردن، هاوارکردنی گاڵتەجاڕانە و پرسیاری فێڵبازانە، ئەوا ڕەنگە کاریگەرییەکە دوولایەنە بێت

بەڵام بە هیچ شێوەیەک جددی نەبێت. ڕەخنە دەبێ بۆ خودی ڕەخنە کارپێکراو بێت، چونکە ڕەخنەی مارکسی لە هەمان کاتدا زانستییە، و بە جۆرێک کارێکی هونەرییە. تووڕەیی باشترین ڕێنوێن نییە لە ڕەخنەدا و زۆر جار مانای ئەوەیە ڕەخنەگرەکە هەڵەیە.

دەبێت دان بەوەدا بنێین کە هەندێک جار گاڵتەجاڕی گازگرتن و قسەی ناشرین لە دڵی ڕەخنەگرەکە دەدرێت. گوێی کەم تا زۆر تێگەیشتوو لە ڕەخنەگرێک یان خوێنەرێک یان بە تایبەتی نووسەرێکی دیکە؛ هەمیشە دەتوانێت جیاوازی بکات لە نێوان تووڕەیی سروشتی و تەنیا بەدخوازی. لە هەوڵە بنیاتنەرەکانماندا دەبێت تا دەتوانین خراپەکاری کەم بێت. نابێت تێکەڵ بە ڕق و کینەی چینایەتی بکرێت. ڕقی چینایەتی بە مەبەستەوە لێدەدات، بەڵام وەک هەورێک بەسەر زەویدا لە سەرووی خراپەکاری کەسییەوەیە. بەگشتی ڕەخنەگری مارکسیست، بەبێ ئەوەی بکەوێتە ناو ئاسانکاری دڵخۆشەوە، کە لەلایەن خۆشییەوە زۆر هەڵەیە، دەبێت بە شێوەیەکی پێشوەختە ئاسانکار بێت. چێژی باڵای ئەو دەبێت لە دۆزینەوەی ئەرێنی و ئاشکراکردنی بۆ خوێنەر بە هەموو شکۆمەندیەکەیەوە بێت. یارمەتی دەبێ یەکێکی دیکە لە ئامانجەکانی بێت – لە کەناڵکردن و ئاگادارکردنەوە – و تەنیا بە دەگمەن پێویستە هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی خراپەکارەکە بدات بە تیری کونکەری پێکەنین یان سووکایەتی یان بە ڕەخنەی سەرسەخت، کە دەتوانێت بە ئاسانی هەر غەیرە بوونێکی پفکراو لەناو ببات.

## ١٩٢٨

ئەنـــاتۆلی ڤاســـیلیڤیچ لۆناشارســـکی ڕەخنەگـــری ڕووســـی شۆڕشگێڕ و یەکەمین وەزیری ڕۆشنبیری حکومەتی شوراکانی خەڵک لە یانزەی تشرینی دووەمی ساڵی ١٨٧٥ لە شاری پۆلتاڤا لە ئۆکرانیا لە ئیمپڕاتۆریەتی ڕووسیا لە دایک بووە. لەتەمەنی پانزە ساڵی ئاشنایەتی لەگەڵ مارکیسیزم پەیدا دەکات و دەبێتە هەڵگری ئەو بیروباوەڕە. بۆ ماوەی دوو ساڵ لە زانکۆی زیورخ دەخوێنێ بێ ئەوەی بڕوانامە بەدەست بهێنێت. ئەو کاتەی لە زانکۆ دەبێت هەریەک لە ڕۆزا لۆکسەمبۆرگ و لیۆ جۆگیش دەناسێت و پەیوەندی دەکات بە حیزبی کرێکارانی سۆشیال دیموکراتی ڕووسیاوە. لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩٠٢ لەگەڵ ئەلکسەندەر بوگدانۆڤ دەژێت و دواتر لەگەڵ خوشکی بۆگدانۆڤ هاوسەرگیری دەکات. ساڵی ١٩٠٣ کاتێک حیزب دەبێتە دوو بەش؛ بەلشەفیکەکان و مەنشەفیکەکان، لۆناشارسکی لایەنگیری بەلشەفیکەکان دەکات بە ڕابەرایەتی لینین. ساڵی ١٩٠٧ بەشداری کۆنگرەی شۆشیالیستی نێونەتەوەیی دەکات. ساڵی ١٩٠٩ لەگەڵ بۆگدانۆڤ و مەکسیم گۆرکی دەستیان کرد بە وانە وتنەوە لە قوتابخانەی کرێکارانی سۆسیالیستی ڕووسی و تا ساڵی ١٩١١ بەردەوام بوون. ساڵی ١٩١٣ دەچێتە پاریس و حەلقەی فەرهەنگی پرۆلیتاریا دادەمەزرێنێت. دوای هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی یەکەم لۆناشارسکی شانبەشان لینین و لیۆن ترۆتسکی هەڵوێستی دژەجەنگی وەردەگرێت. ساڵی ١٩١٥ لەگەڵ پاڤێڵ پۆلیانسکی ڕۆژنامەی بۆ پێشەوەی سوشیال دیموکرات دەردەکەنەوە و پێ لەسەر فەرهەنگی پرۆلیتاریا دادەگرن. دوای

سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر دەگەڕێتەوە ڕووسیا و دەبێتە وەزیری ڕۆشنبیری حکومەتی سۆڤیەت و تا ساڵی ١٩٢٩ بەردەوام دەبێت. ساڵی ١٩١٩ شانۆی درامای بەلشەفی لەگەڵ مەکسیم گۆرکی و ئەلکسەندەر بلۆک و ماریا ئەندەریاڤ دادەمەزرێنێت. دواجار ئەم ڕەخنەگرە مارکسیستە شۆڕشگێڕە لە بیست و شەشی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٣٣ بۆ یەکجاری ماڵئاوایی لە مارکسیزم و شۆڕش و پرۆلیتاریا دەکات.

تێبینی: ئەناتۆلی ڤاسیلیڤیچ لۆناشارسکی ئەم نووسینەی لە ساڵی ١٩٢٨ دا نووسیوە و دواتر لە کتێبی دەربارەی ئەدەب و هونەری پێشکەتووخواز لە ساڵی ١٩٧٣ بڵاوبۆتەوە.

سەرچاوەکان:


Theses on the Problems of Marxist Criticismm

Harrison Fluss for marxists.org, February 2008.

https://en.wikipedia.org/wiki/Anatoly_Lunacharsky


تێبینی: ئەم بابەتە لە گۆڤاری نما ژمارە ٥٥ ی ساڵی ٢٠٢٢ بڵاوبۆتەوە.

# تیۆری ئەدەبی مارکسیستی

نووسینی: ک ئەحمەد عەلەم(*)

(لەئینگلیزییەوە)

تیـۆری ئەدەبـی مارکسیسـتی کە لەسـەر بنەمـای مارکسـیزم دامەزراوە؛ یەکـێکە لە کـاریگەرترین تیـۆرییە ڕەخنەییەکـان بـۆ شـیکردنەوەی ئەدەب. مارکسـیزم ئەو قوتابخـانە فیکـرییەیە کە هەریەک لە کـارل مـارکس (١٨١٨-١٨٨٣) و فریـدریک ئەنگڵـس (١٨٢٠-١٨٩٥) دایانمەزراندووە و تیۆری ئابووری خۆشیان ناو نـاوە کۆمـۆنیزم. مـارکس و ئەنگڵـس لە نـامیلکەی مانیفێسـتی حیزبی کۆمۆنیستدا ساڵی ١٨٤٨دا هـاتنی کۆمۆنیزمیـان ڕاگەیاند. مارکسیزم تـا ئێسـتاش گرنگی و بـایەخی خۆی لەدەست نەداوە بەو پێیەی ڕێگەیەکی مانادارمـان پێدەبەخشێت بۆ تێگەیشـتن لە مێـژوو و ئەدەب و ڕووداوەکـانی ئێسـتا. مارکسـیزم دەسـت و پەنـجە لەگەڵ ئایـدۆلۆژیا و کـۆمەڵگە و مێـژوو و ئـابووری نەرم دەکـات .مارکسـیزم ئـابووری وەک بنەمـایەک دەبینێـت کە سەرخانی کۆمەڵایەتی و سیاسـی و ئایدیۆلۆژی لەسـەری بنیات دەنرێـت. بە واتـایەکی تـر، یەکێـک لە پێشـمەرجە بنەڕەتییەکـانی مارکسـیزم، هەلـومەرجی مـاددییە کە ئامـاژەیە بـۆ هەلـومەرجە ئابوورییەکـان و کە وزەبەخشـی ئەتمۆسـفیری کـۆمەڵایەتی و سیاسـی و ئایـدیۆلۆژییە کە پێـی دەوترێـت دۆخـی مێژوویـی. هەروەها مارکسیزم تیشک دەخـاتە سـەر دابەشبوونی چینـایەتی کـۆمەڵایەتی ئـابووری (هەبووەکـان بـۆرژوازی و نەبوونەکـان پرۆلیتاریا) دەبێتە هـۆی ململانێی چینـایەتی کە هەمـوو مێژووی مرۆڤایەتی پێ دەناسرێتەوە. بەنسبەت مارکسـیزمەوە ئایدۆلۆژیا بیـرۆکەی حـوکمڕانی چینـی دەسـەڵاتدارە یـان سیسـتەمی بیروبـاوەڕە یـان هەمـوو سیسـتمە باوەڕییەکـانە کە بەرهەمـی هەلـومەرجی کلتـوورین. بـۆ نمـوونە سـەرمایەداری، کۆمـۆنیزم، ئـایین و هتـد سـادە نـین، بەڵکـو بە سروشـتی ئەو بنـاغە

ئـابوورییەی کە بە دیتەرمینیزمـی ئـابووری ناسـراوە، لە قالـب دراون.

بـۆیە ڕەخـنەی ئەدەبـی مارکسیسـتی ئەم دیـاردەگەلی وەک ژێرخـان، سـەرخان، دیتەرمینیزمـی ئـابووری و ئایـدۆلۆژیا بە شێوەیەکی سـەرنجڕاکێش لەخۆدەگرێت. مایکل ڕایان ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی بەم شێوەیە پێناسـە دەکات (تێگەیشتنە لە ڕەگ و ڕیشـەی کـۆمەڵایەتی ئەدەب لەگەڵ هەسـتکردن بە ئەنجامە سیاسییەکانییەوە). ئاشکراشـە کە جێوشـوێنی چینایەتی کـۆمەڵایەتی نووسـەر و ئایـدۆلۆژیای بـاوی کـۆمەڵگەکەش لەبەرچاو دەگرێت.

بیرمەندی مارکسیستی فەرەنسی، لویس ئاڵتۆسێر (١٩١٨–١٩٩٠) بەشـداریيەکی زۆر لە ڕوانـگەی مارکسیسـتیدا دەکـات و بیرۆکەکـانی بە ڕوونـی قەرزاری پێکهـاتەگەراییین. لـویس تیـۆریزەی ئەوە دەکـات کە ئەنجـام لە کـۆمەڵێ هۆکـاری جۆراوجـۆرەوە لەسـەرووی دیتەرمینیـزمەوە سـەرهەڵدەدات. لە چەمکـی سـەربەخۆیی ڕێژەییشـدا، پێشـنیاری ئەوە دەکـات کە سـەرەڕای پەیوەنـدی نێـوان کلتـوور و ئـابووری، هـونەر تـا ڕادەیەک سـەربەخۆیی لە هێـزە ئابوورییەکـان هەیە. ئایـدۆلۆژیا چەمکێکی سەرەکییە بۆ ئاڵتۆسێر وەک هەر مارکسیستێکی دیکە. ئاڵتۆسێر پێیوایە ئایدیۆلۆژیا سیستەمی (خاوەنی لۆژیکی توونـد و دروستی خۆیەتی) کە نوێنەرایەتی (وێنە، ئەفسانە، بیرۆکە یان چەمک بەپێی کەیسـەکە) دەکات و بەخشـراوە بە بوون و ڕۆڵـی مێژوویی لە نێودڵی کۆمەڵگەیەکی دیـاریکراودا. لـویس لە کتێبـی (نامەیەک سەبارەت بە هونەر)دا پێیوایە کە هونەر لە شـوێنێک لە

نێوان ئایدۆلۆژیا و مەعریفەی زانستیدا هەڵکەوتووە. ئەو وای دەبینێت کە بەرهەمی ئەدەبی نە تێگەیشتنێکی تەواو لە جیهانی ڕاستەقینە دەدات بەدەستەوە و نە بە سادەیش دەربڕینی ئایدیۆلۆژیای چینێکی دیاریکراوە. بەڵام ئاگادارمان دەکاتەوە لەو ئایدۆلۆژیایەی کە هەم بوونی خۆی و هەم بوونی ئێمەش لە کۆمەڵگدا بەڕێوە دەبات.

لە ڕاستیدا ئاڵتۆسەر دەستکاری مارکسیزمی ئۆرسۆدۆکس دەکات. بۆ ئەو لامەرکەزی زاراوەیەکی سەرەکی ترە کە ئاماژەیە بۆ ئەو پێکهاتانەی کە هیچ جەوهەر و فۆکۆس و ناوەندێکیان نییە. کەواتە هونەر ئۆتۆنۆمییەکی ڕێژەیی هەیە و هیچ یەکێتییەکی گشتی نییە. ئاڵتۆسێر زیاتر تیۆریزەی دەکات و دەڵێت کە ئایدۆلۆژیا لە ڕێگەی ئامێری دەوڵەتی ئایدیۆلۆژی وەک سیستەمی سیاسی، یاسا، پەروەردە، ئایینی ڕێکخراو و تاد کار دەکات. ئەوەی ئێمە دەیکەین یان باوەڕمان پێیەتی؛ ئایدیۆلۆژییە. تەنانەت کاتێک ئێمە پێمان وایە کە ئێمە بەپێی ئیرادەی ئازادی خۆمان مامەڵە دەکەین، بەڕاستی ئەوە بەپێی ئامێری دەوڵەتی سەرکوتکەر پۆلیس، سوپا، زیندان و هتد)کار دەکەین. بەڵام ئایدۆلۆژیاش وەک دیموکراسی وامان لێدەکات لەڕووی تیۆرییەوە هەست بە ئازادی بکەین، بەڵام لەڕووی پراکتیکەوە دەستوپێمان بەستراوەتەوە. لێرەدا وەک ئاڵتۆسێر دەڵێت ئینتەرپێلاسیۆن زاڵ دەبێت. ڕۆمانێک وا لە بینەرەکەی دەکات هەست بکات کارەکتەرەکان لەو جیهانەدا کە لە دەقەکەدا وێنا کراوە ئازادن بەڵام لە چنگی ئایدۆلۆژیایەکیشدان.

پێش ئاڵتۆسێر، مارکسیستی ئیتاڵی ئەنتۆنیۆ گرامشی (١٨٤١- ١٩٣٤) زۆر بە شێوەیەکی بەرچاو سەرنجی لەسەر هەژموون بوو کە دەبێتە پرسێکی دیکەی جەوهەریی لە ڕەخنەی ئەدەبیدا. بۆ گرامشی هەژموون بریتییە لە تەواوی پرۆسەی کۆمەڵایەتی ژیاو وەک ئەوەی بە شێوەیەکی پراکتیکی بە مانا و بەها و بیروباوەڕی تایبەت و باڵادەست؛ کەوا بە جۆرێک ڕێکخراوە کە دەتوانرێت وەک جیهانبینی یان ڕوانگەی چینایەتی ئەبستراکت بکرێت. بۆیە تایبەتمەندی ئەلتوسێری ئایدیۆلۆژیایە کە پەیوەندییەکی نزیکی بە چەمکی هەژموونییەوە هەیە.

ڕەیمۆند ویلیامز (١٩٢١- ١٩٨٨) لە کتێبی (مارکسیزم و ئەدەب)دا هەژموونی کلتوور بە گشتی و ئایدۆلۆژیا بە تایبەتی پێکەوە دەبەستێتەوە. هەژموون وەک فۆرمێکی ناوەکیی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی وایە کە هەندێک بۆچوون دروست دەکات کە پێدەچێت سروشتی و نەبینراو بن. ئەمە ئەو فێڵەیە کە ئاڵتۆسێر بە ئینتەرپێلاسیۆن ناوی دەبات وەک پێشتر ئاماژەی بۆ کراوە. بۆ نموونە سەرمایەداری و دیموکراسی و هتد بە پێی ڕوانگەی ئاڵتوسێری ئینتەرپێلاسیۆنن. هەروەها هونەرمەند دەتوانێت سوود لە کەلێن یان پێچ وپەنای هەژموون لە نووسینەکەیدا وەربگرێت.

ڕەخنەگری مارکسیستی چۆن دەقێکی ئەدەبی دەخوێنێتەوە؟ ڕەخنەگری مارکسیستی ئەدەب وەک بەرهەمی هەلومەرجی ماددی مێژوویی دەبینێت. دەقی ئەدەبی ڕەنگدانەوەی ئایدۆلۆژیای کۆمەڵگەیەکی دیاریکراوە. هەروەها پەیوەندی نێوان دەق و مرۆڤەکان، یان ستەمکار و ستەملێکراو نیشان دەدات.

ئەو لێکـــۆڵینەوە لەوە دەکـــات کە ئایـــا دەقەکە ڕەخـــنە لە سەرمایەداری یان هەر ئایدۆلۆژیایەک دەگرێت. ڕەخنەگر دەبێت لەوە بکـــۆڵێتەوە کە ئایـــا دەقەکە ڕەخـــنەیە لە کـــۆمەڵگەی سەرمایەداری یان هاوسۆزە لەگەڵ کۆمەڵگەدا. کەواتە، ڕەخنەگر هەندێک پرسیار لەبەرچاو دەگرێت وەک ئایا بەرهەمی ئەدەبی ڕەخنەیە لە هەر ئایدۆلۆژیایەک؟ مارکسیزم چۆن ڕەنگدانەوەی لەسەر کاری داهێنەرانە دەبێت؟ جگە لەوەش دەقی ئەدەبی لە ناوەڕۆک و شێوە پێکدێت. ناوەڕۆکی دەقی ئەدەبیش دوو جۆرە: ناوەڕۆکی ئاشکرا (دیار) و ناوەڕۆکی شاراوە (نادیار). ڕەخنەگر نـــاوەڕۆکی شـــاراوە دەبەســـتێتەوە بە تەوەرە بنەڕەتییەکـــانی مارکسیســـتی وەک خەبـــاتی چینـــایەتی و هەروەهـــا نـــاوەڕۆکی دەقەکەش بە پـــێگەی چینـــایەتی کـــۆمەڵایەتی نووســـەرەوە دەبەســـتێتەوە. ڕەخنەگـــر دیســـانەوە گرنگـــی ژانـــری ئەدەبـــی لە ڕووی ئەو قۆنـــاغە کـــۆمەڵایەتییەوە ڕوون دەکـــاتەوە کە بەرهەمەکەی تیا هاتۆتە بەرهەم. بۆ نموونە کۆمەڵگەی فیۆداڵی تراژیـدیا بەرهەم دەهێنێـت کە بـاس لە کـۆمەڵگەیەکی تـایبەت دەکات وەک شانۆنامەی شا لیری ولیەم شکسپیر.

ڕەخنەگـــری مارکسیســـتی بە ئاســـوودەیی شـــا لیـــر وەک نـوێنەرایەتی درامـاتیکیی ململانێـی چینـایەتی نێـوان دەسـەڵاتی پاشـــایەتی و هاوپەیمـــانییەکەی و ســـەرمایەدارە تـــازە ســـەرهەڵداوەکان واتە گۆنەریـل و ڕیگـان و هاوســـەرەکانیان دەبینێـت. چینـی سـەرمایەداری لەگەڵ گەیشـتن بەو زەویـیە سـەرهەڵدەدات کە پاشـا پێشکەشـی دەکـات. خاوەنـداریتی زەوی بەمانای نوێنەرایەتی دەسەڵات و سەرمایەیە، بۆیە بەهێزبوونی دوو خوشـکەکە تەحەدای دەسـەڵاتدارانی پاشـا دەکەن. ئەوان

مافی خودایی پاشایەتی یان دەسەڵاتی ڕەهای پاشا دەخەنە ژێر پرسیارەوە. بەڵام پاشا چاوەڕێی ئەوە دەکات کە تەحەدای نەکەن چونکە زلهێزەکان وا بیردەکەنەوە کە دامەزراوە و ڕێکوپێکییان تەحەدا ناکرێ. بە شێوەیەکی مێتافۆرییانە، لیر بەهۆی دەسەڵاتەکەیەوە وەک خۆی بانگەشەی بۆ دەکات، تووشی کوێربوون دەبێت. بۆیە ناتوانێت درک بەوە بکات کە دەسەڵات و موڵک و ماڵی خۆی لەدەستداوە بە ڕادەستکردنی شانشینی خۆی بە هەردوو کچەی کە بە دڵنیاییەوە دەربڕینی خۆشەویستیان بۆ باوکیان بە کاڵا دەکەن. هەروەها پاشا ناشتوانێت واقیعی دەربڕاوی کچە بچووکەکەی کۆردێلیا ببینێت. لە ئەنجامدا لە ئینگلتەرادا لە زەوی/دەسەڵات بێبەش دەبێت. هاوتەریب لەگەڵ ئەوەشدا گلۆستێر ناتوانێت واقیعەکە ببینێت کاتێک ئینکاری کوڕە گەورەکەی ئێدگار دەکات. دواتر کۆردێلیا کە نوێنەرایەتی ئەرستۆکراسی دەکات ڕووبەڕووی بۆرژوازی یان سەرمایەدارەکان (گۆنێریل، ڕێگن و ئێدمۆند) دەبێتەوە. لە ڕاستیدا شا لیر ململانێی نێوان ئەرستۆکراسی و سەرمایەداریی تازە سەرهەڵدراودا بە وردی دراماتیزە دەکات. نەک هەر ئەمە، بەڵکو قەیرانی ئەرستۆکراسی هاوچەرخیش دەخاتە ڕوو کە بەهۆی لەدەستدانی دەسەڵاتی ئابووری خاکەوە دروست بووە، دواجاریش ئاشکرای دەکات کە سیستەمی کۆن و نابینا لەناو دەچێت، بەڵام لەناوچوونەکە دەستپێکی دیدگایەکی نوێتر و بەزەییتر و دادپەروەرتر دەخاتە ڕوو کە دەبێت دامەزرێت.

تێری ئیگلتۆن لە کتێبی مارکسیزم و ڕەخنەی ئەدەبی (١٩٧٦)دا دەڵێت ڕەخنەی مارکسیستی؛ ئەدەب لە ڕووی ئەو بارودۆخە مێژووییانەی کە بەرهەمی دەهێنن، هەڵدەسەنگێنێت. بەڵام تەنیا

هەڵسەنگاندنێکی کۆمەڵناسییانەی ئەدەب نییە. ئەرکی ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی، بریتییە لە تێگەیشتن لە ئایدۆلۆژیاکان و بیرۆکەکان و بەها و ئەو هەستانەی کە لەلایەن خەڵکەوە لە سەردەمە جۆراوجۆرەکاندا و لە کۆمەڵگەکانی خۆیاندا ئەزموونیان دەکەن و هەروەها شیکردنەوەی هەر کاریگەری ئەدەبییە بە شێوەیەکی تەواوەتی و ئەمەش بە واتای گرنگیدانێکی هەستیارە بە فۆرم و شێواز و ماناکانی دەق.

(*)ک ئەحمەد عەلەم پرۆفیسۆری یاریدەدەرە لە بەشی ئینگلیزی لە زانکۆ لە بەنگلادیش.

سەرچاوە:

Marxist Literary Theory K. Ahmed Alam

The Daily Observer website published on Sunday July 5, 2015

تێبینی: ئەم بابەتە لە گۆڤاری دیوان ژمارە ٣٠ ی ساڵی ٢٠٢٣ بڵاوبۆتەوە.

# تێڕوانینی ماتریاڵیستی بۆ داهێنان لەئەدەب و هونەر

نووسینی: ئەحمەد مەرزوک

(لەعەرەبییەوە)

ئەگەر بمانەوێت بەتێڕوانینی ماتریالیستییەوە باس لە داهێنانی ئەدەبیی و هونەریی بکەین، ئەوا پێویستە بە کورتی پێداچوونەوە بەو بابەتە سەرەکییەدا بکەین کە هۆشیاری مرۆڤ دیاری دەکات، ئەو بابەتەش واقیعە، کە نوێنەرایەتی پێکهاتەی ئابووری کۆمەڵگە و سەرخانە سیاسی و ئایینی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و هونەرییەکان دەکات و تەریبە پێی. هەروەها پێویستە لەسەرمان گەر بمانەوێت لە تێڕوانینی ماتریالیستی بۆ هونەر و ئەدەب تێبگەین، ئەوا دەبێت لە پێچەوانەکەی ئەم بۆچوون و تێگەیشتنە ماتریاڵیستییە تێبگەین کە ئەویش تێڕوانینی ئایدیالیستییە.

تێروانینی ئایدیالیستی، بە قوتابخانە فەلسەفی و ئایدیۆلۆژییە جۆراوجۆرەکانییەوە، پێیوایە ئەوەی واقیعی هەر کۆمەڵگەیەک لە هەر قۆناغێکی مێژووییدا دیاری دەکات، شێوازی هۆشیارییە لەو قۆناغەدا. واتە ئەوە هۆشیارییە کە واقیع دیاری دەکات. ئەم تێڕوانینە تا ئێستاش لای فەیلەسوفە ئایدیالیستەکان بوونی هەیە. کارل مارکس و فرێدریک ئەنگڵس هاتن و لە بەرهەمەکانیاندا تێڕوانینێکی تریان بنیادنا کە ناکۆکە بە تێگەیشتنی ئایدیالیزم، مارکس وای دەبینێ کە ئەوە هۆشیاری مرۆڤەکان نییە کە بوونیان دیاری دەکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە بوونی کۆمەڵایەتییانە هۆشیارییان دیاری دەکات، ئەمەش بەو مانایەیە کە پێگەی کۆمەڵایەتی مرۆڤەکان لەسەر بنەمای سروشتی پەیوەندییەکانیان و ئەوەی بەرهەمی دەهێنن لە چوارچێوەی شێوازێکی دیاریکراوی بەرهەمهێنان، دامەزراوە. ئەمەجگە لە ململانێی نێوان دارا و نەدار، کە سروشتی ئەم هۆشیارییە دیاری دەکات.

هەروەها تێڕوانینی ئایدیالیستی بوونی بەها و پێوەر و میکانیزمە جێگیرەکان بەشێوەیەکی ڕەها و نامێژوویی بۆ ئەدەب و هونەر دەبینێت، ئەم ڕەوتە سەرنج دەخاتە سەر خودی هونەرمەند، دوور لەو کۆمەڵگەیەی کە تێیدا دەژی، جا چ لە ڕووی ناوەڕۆکەوە یان شێوازی بەرهەمەکەیەوە بێت. لە کاتێکدا تێروانینی ماتریالیستی پێی وایە کە بەهاکان و پێوەرەکان و بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکان دەربڕینی واقیعێکی کۆمەڵایەتین لە قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراودا، ڕەنگدانەوەی بەرهەمی هونەرمەند یان نووسەر هەرچییەک بێت، لەڕاستیدا دەربڕینێکە بۆ بارودۆخە باوەکانی ناو کۆمەڵگە، تەنانەت ئەگەر بە شێوەیەکی ناهۆشیارانەش بێت.

ئەگەر کارە هونەرییەکانی مرۆڤە سەرەتاییەکان وەربگرین کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی ئێجگار دوور، دۆزینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە مرۆڤی پێش پەیدابوونی مێژوو، واقیع و ژیانی ڕۆژانەی خۆی بە شێوەی هونەری دەربڕیوە، چەشنی ئەو وێنانەی لەناو ئەشکەوتەکاندا دۆزراونەتەوە. وەک ئەشکەوتی تامیرا لە ئیسپانیادا و ئەشکەوتی سێ خوشک لە فەرەنسا. ئەم کارە هونەرییانە وێنەی مرۆڤگەلێکیان وێنا کردووە کە ئاژەڵ ڕاو دەکەن و پرۆسەی ڕاوکردنەکانیان بەرجەستە کردۆتەوە. هەروەها هەندێک لەو وێنانە؛ وێناکردنی مرۆڤەکانن کە لەگەڵ ئاژەڵە دڕندەکاندا لە زۆرانبازی دان و ئەمەش ڕەنگدانەوەی خواستی مرۆڤی سەرەتایی بوو بۆ زاڵبوون بەسەر سروشتدا لە ڕێوڕەسمێکی جادووییدا. لە ڕێگەی ئەم کارە هونەرییانەوە کە زۆرجار جۆرێک لە ڕێوڕەسمی جادوویی بووە کە کەسێکی ئەو

سـەردەمە بەپێـی تێگەیشـتنی خـۆی پێیوابـووە کە توانـای شکستپێهێنانی نێچیرەکەی هەیە.

خـۆ ئەگەر بچیـنە سـەر ئەدەب و هـونەری میزۆپۆتامیـاش، ئەوەمـان بۆ دەردەکەوێت کە دەربـڕینە ئەدەبی و هونەرییەکـان بەرهەمی سروشتی ئەو قۆناغەن و ئەو هونەرەی کە لە چیرۆک و داسـتان و شـێوازەکانی هەڵکـۆڵراوە هونەرییەکـانی شوێنەوارەکاندا دەربـڕدراون، بە پلەی یەکەم گوزارشت بوون لە نیگەرانییەکانی مرۆڤ لەو قۆناغەی میزۆپۆتانیا و هەورەها لە تێگەیشـتن بـۆ پەیوەنـدی لەگەڵ سروشـت و ئەوانـی دیـکە و خوداوەندەکاندا. ئەو ئەدەب و هونەرە گوزارشت بوو لە پێگەی دەسـەڵاتی سیاسـی و ئـایینی و خێڵەکیـی لەو مێـژووەدا و هەورەهـا بەو پێـیەی دەسـەڵاتی ئـایینی ئەو بنـاغەیە بـوو کە فەرمانڕەواکـان لە سـۆمەر، بابـل، یـان ئاشـوور شـەرعیەتی خۆیانیـان لێوەی وەرگرتـووە. بەرهەمە شـیعری و گێڕانەوەکـان زۆرجـار دەربڕینی گەورەیی و پاڕانەوە بوونە لەخواوەنـدەکان. بە هەمان شێوە ململانێی مرۆڤ لەو قۆنـاغە مێژووییەدا لەگەڵ سروشـت و ئەو دەرد و پەتـا و نەخۆشـییانەی کە دووچارییـان دەبوو، لە داستان و شیعر و هونەری پەیکەرسـازیدا بەرجەسـتە کراونەتەوە.

هەروەها بەرهەمە هونەری و ئەدەبییەکان چەشـنی تـابلۆ قوڕینە نووسراوەکان و چیرۆک و پەنـدی پێشـینان، وێنەی کشـتوکاڵ و درویـنە و ڕاوکـردن و شـەڕیان گواسـتووەتەوە و دەقە سەرەکییەکانی ناو ئەفسـانە و داسـتانەکان کۆشـاون هەسـتکردن بە ئاسـایش دەسـتەبەر بـکەن و ئەو مەترسـییانە لێکبـدەنەوە کە

مــرۆڤ لەو کــاتەدا ڕووبەڕووی بــووەتەوە وەکــو لافــاو و وشکەســاڵی و نەخۆشــییەکان. بۆ نمــوونە داســتانی گلگــامش لە بەشــێکیدا جەغــد لەســەر بــابەتی لافــاو کــردۆتەوە، ئەمەش گوزارشــت لە بــایەخی ئەم دیــاردەیە (لافــاو) دەکــات لەســەر دانیشــتوانی میزۆپۆتامیــا، چــونکە خەڵکــی ئەم نــاوچەیە توانــای کۆنترۆڵکردنی لافاوی ڕووبارەکانی دیجلە و فوراتیان نەبووە. هەروەها هەمان شت بۆ گەلان و ناوچەکانی تریش کە بەدەست ئەم گرفتەوە ناڵاندوویانە ڕاستە. ئەمەش وایکردووە پرسی لافاو لە ئەدەب و هــونەری ئەو ســەردەمەدا بــاو بێت. واتە کــاریگەری کارەساتە سروشتییەکان لەسەر مرۆڤی ئەو قۆنــاغە مێژوویيە و هەوڵەکــانی بــۆ ڕازیکردنــی خواوەنــدەکان لە بەرهەمە ئەدەبــی و هونەرییەکانی ئەو سەردەمەدا باو بووە.

ئەوەی بەســەر شارســتانییەت لە میزۆپۆتامیــادا پەیــڕەو کــراوە، شارســتانییەتەکانی میســری و یۆنــانی و ڕۆمــانی و هەروەهــا ڕۆژهەڵاتی هیند و چین و شارستانییەتە کۆنەکانی تریشی لێ بێبەری نەبووە و بەپێی ئەو گەشەسەندنەی کە هەریەکێک لەو شارســتانییەتانە پێــی گەیشــتوون، ئەدەب و هــونەر وێنــای سروشــتی ژیــان و بەرهەمهێنــان و ململانــێ و گۆڕانکــاری و تێڕوانینەکــانی زاڵــی نــاو ئەم کۆمەڵگایــانەی لەو قۆنــاغە مێژووییەدا، کردووە.

دەکرێت بوترێت کە لێکدانەوە ئایدیالیستییەکان بۆ بەرهەمی هــونەری و ئەدەبیــی؛ دێــت ئەم بەرهەمە لە هەلــومەرجە مــاددییەکەی دادەبڕێــت و دوور لە ژینگە و ئەو ململانێیــانەی لەنــاو کۆمەڵگەدا ڕوودەدەن، لێکدەداتەوە. لە کاتێکدا تێڕوانینــی

ماتریالیستی پێی وایە ئەدەب و هونەر و سەرجەم بەرهەمە مرۆییەکانی تر ڕەنگدانەوەی قۆناغێکی دیاریکراوی مێژوویین لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو و کاریگەریی دەسەڵات لەناو ئەو کۆمەڵگەیەدا.

شێوە و ناوەڕۆکی هونەر و ئەدەب لەگەڵ گۆڕانکاری پێکهاتەی ئابوری و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤەکان، ئەویش ئالوگۆڕی بەسەردا دێت. ئەدەب و هونەر دوورترین بەرهەمی مرۆڤن لە سەقامگیری و چەقبەستوویی. ئەدەب و هونەر و ئەرکەکانیان لە کۆمەڵگەی چینایەتی تەژی لە ململانێ زۆر جیاوازترن لەو جۆرە ئەدەب و هونەرەی کە لە کۆمەڵگەیەکی سەرەتاییدا پشتگیری لە جیاکاری چینایەتی ناکەن، وەک ئەوەی لە کۆمەڵگەکانی پێش کشتوکاڵیدا هەبوون. هەموو هونەرێک بەرهەمی سەردەمی خۆی و بەرهەمی کارلێککردنییەتی لەگەڵ چەندین هەلومەرج و گۆڕانکاری هەمەجۆردا.

ئایدیالیستەکان هەمیشە ماتریالیستەکان بەوە تاوانبار دەکەن کە لەڕووی ئابوورییەوە هەوڵی لێکدانەوەی سەرجەم شتەکان دەدەن و ئەم بۆچوونەش تا ئاستێکی زۆر ڕووکەشانەیە. چونکە تێڕوانینی ماتریالیستی بە شێوەیەکی میکانیکی لە پەیوەندی نێوان ئابووری و هونەر ناڕوانێت، بەڵکو وای دەبینێت کە پرۆسەیەکی ئاڵۆزی پڕ لە کارلێکە، لەناو کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا ڕوودەدات کە بنەما و بزاوتی لەسەر زەمینەی ململانێی نێوان چینی باڵادەست و چینی ژێردەستەدا دامەزراوە و ژێرخانی ئابووریش وەک ئامراز و هۆکارەکانی بەرهەمهێنان

و سەرمایەش دەتوانێت سروشتی سەرخان وەک داب و نەریت و ئەخلاق و هونەر دیاری و ئاڕاستە بکەن. لەسەر ئەم بنەمایە شیعر و پەیکەرسازی و ڕۆمان و چیرۆک و مۆسیقا و هونەر و ئەدەبیاتەکانی تر، شێوەیان بەپێی شێوازی بەرهەمهێنانی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو و بەپێی ئەو قۆناغە مێژووییەی کە ئەم شێوازە بەرهەمهێنانەی پێیدا تێپەڕیوە و هەروەها تا چەند ململانێکە لەناو ئەم شێوازەدا پەرەی سەندووە، دیاری دەکرێت.

دەتوانرێت بە کورتی دیارترین هێزەکانی کاریگەر لەسەر بەرهەمی ئەدەبی و هونەری لە هەر سەردەمێک لە سەردەمەکان ، بە واقیعی ئابووری و خەباتی چینایەتی بخرێنەڕوو، کە بەڕۆڵی خۆیان ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندییەکانی دەسەڵاتی سیاسی و ئایینی و بنەماڵەیی و دەسەڵاتە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکانی ترن، کە هەمیشە هەوڵدەدەن قۆرخکاری یان کاریگەری لەسەر شێوازە جۆراوجۆرەکانی بەرهەمهێنانی ئەدەبی و هونەری بکەن بەجۆرێک کە ئەگەر کاریگەرییەکە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بێت، لەڕێگەی بنیادنانی هونەر و ئەدەب و کلتووری دەسەڵات بە شێوازی جۆراوجۆر جا هۆشیارانە بێت یان ناهۆشیارانە. گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی-ئابوورییەکان هەمیشە دەبنە هۆی گۆڕانکاری لە شێوە و ناوەڕۆکی ئەدەب و هونەر. بەو پێیەی هونەر و ئەدەبیاتی نوێ لەڕێگەی ئەو گۆڕانکارییانەوە دەسازدرێن، بەتایبەتیش لە کاتی توندبوونەوەی ململانێ لە سەردەمی گواستنەوەدا بۆ نموونە لە قۆناغی کۆیلایەتییەوە بۆ قۆناغی دەرەبەگایەتی ململانێکە توندتر دەبێتەوە یان بە پێی بارودۆخی هەر کۆمەڵگە و دەوڵەتێک کورت یان درێژ دەبێتەوە. ئەدەب و هونەریش لەگەڵ

ئەو گۆڕانکـــاری و گەشـــەکردنەی کـــۆمەڵگەدا شانبەشـــان و هاوتەریـب هەنگـاو دەنێت، بەمەش زەمینەی ئەو گۆڕانکـارییە و گوزارشـــت کـــردن لێـــی، بە شـــێوازی هـــونەری و گێـــڕانەوە و داستانیی دەردەبڕێت. هەر ڕێک وەکچۆن لە گۆڕانکاری شێوازی بەرهەمهێنانی فیۆداڵی بۆ شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا دەبینرێت.

ئەگەر بۆ نموونە شانۆنامەکانی شکسپیر وەربگرین، لە یەکێک لە لایەنەکانیانـدا، گوزارشـت بـوون لە سـەرەتاکانی سـەرهەڵدانی سـەرمایەداریی بازرگـانی و پێکهـاتنی دەوڵەتەکـان بە مانـا مـۆدێرنەکەی، کە دەوڵەتگەلێـک بـوون مەیلـی ناوەنـدی ناسیونالیسـتییەکی ناوەنـدگەرایان هەبـووە کە گۆڕانکـارییە کـۆمەڵایەتییە قووڵەکـان یـاوەری بـوون و گرنگترینیـان کەمبوونەوەی ڕۆڵی دەرەبەگایەتی بوو لە ئەوروپای ڕۆژئاوا. ئەو گۆڕانکـاری و پێشـکەوتنە پیشەسـازییانەی لە سـەردەمی ڕێنیسانسـدا ڕوویانـدا و هەوڵێـک بـوون بەرەو گۆڕانکـاری بەئاڕاسـتەی کۆتـایی سـەردەمی فیـۆداڵی. هەروەهـا ئەم شانۆنامانەی شەکسپیر دەربڕینێک بوون بۆ ئەو ئاڵۆزییەی کە یاوەری ژیانی کۆمەڵایەتی بوو لەو قۆناغەدا و ئەو سەردەمەش هەنگاونـانی بەرەو تـاکگەرایی بەخـۆوە بینـی. لە زۆربەی شانۆنامەکانی شکسپیردا ئەم ململانێ تاکەکەسییانە دەبینین کە هاملێـت، مـاکبێس، ئۆتێلـۆ، لیـر، یـان پاڵەوانەکـانی دیـکەی شانۆنامەکانی ویلیام شکسپیر تووشی دەبن. باڵادەستی مەیلی تـاکگەرایی عەلمـانی و گـۆڕینی مـرۆڤ بـۆ دروسـتکەر و بـوون بەچەقی ڕووداوەکان، دوای ئەوەی کە کڵێسا هەژموونی بەسـەر ژیـانی ڕۆژانە و بیـری تاکەکانـدا دەسـتەبەر کردبـوو. ئەمەش

پـێچەوانەی ئەو شـانۆنامانەیە کە لە سـەدەکانی ناوەڕاسـتدا لە ئەوروپـادا بـاو بـوون کە لە ڕۆحێکـی تـاکگەرایی لاوازتـر بەهرەمەنـد بـوون. وەک چـۆن کارەکتەرەکـانی شـانۆنامە و چیرۆکەکـانی پـێش شکسـپیریش لە سـەرەتاوە تـا کۆتـایی یەک کارەکتەری یەکجۆریی بوون، یان کارەکتەری باش بوون یانیش بەڕەهایی خراپ بوون. شانۆنامەکانی شکسپیر گوزارشت بوون لە قۆنـاغێکی نـوێی واقیعـی بـابەتیی کە ئـاڵۆزتر بـوو لەو سـەردەمانەی پـێش خـۆی. وەک گوزارشـتکردن لە سـەرهەڵدانی شـێوازێکی نـوێی بەرهەمهێنـان لەگەڵ هەمـوو ئەو ئـاڵوگۆڕ و گۆڕانکارییانەی کە لە هەناوی خۆیدا هەڵیگرتبوو.

هەروەهـا دەتوانرێـت سـێرڤانتێس وەک نمـوونەیەکی دیـکەی گواسـتنەوە لە سـەردەمێکەوە بـۆ سـەردەمێکی دیـکە ببینرێـت. ڕۆمانی مەزنی دۆنکیشۆت، ئەو ڕۆمانە گەورەیەیە کە بە ڕوونـی و ڕەوانـی کۆتـایی سـەردەمی سـوارچاکی و ئاغـایەتی و شـکۆی داب و نەریتی فیۆداڵی کە تێیدا زاڵ بووە، دەرئەبڕێت. هەنگاونان بەرەو ژیـانێکی نـوێ کە سـێرڤانتێس تـوانی بە شـێوەیەکی سـەرنجڕاکێش بەرجەسـتەی بکـات و هەروەهـا پـاڵەوانی ڕۆمـانەکەش گوزارشـتی لە بێهـودەیی و مردنـی بیرۆکەکـانی سـوارچاکی لەگەڵ دەسـتپێکردنی هەڵوەشـاندنەوەی شـێوازی بەرهەمهێنـانی فیـۆداڵی کە لە ئەوروپـادا زاڵ بـوو، دەکـات. سەرهەڵدانی ڕۆمان لە سەدەی حەڤدەهەم و هەژدەهەمدا یەکێکە لە گرنگترین گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان و سـەرهەڵدانی چینی بۆرژوازی.پـاڵەوانی ڕۆمانەکـان زۆربەی جـار سـەر بە چینـی ناوەڕاسـتی بـۆرژوازین، یـان خەڵکـی ئاسـایین، لەبـری ئەو دەرەبەگ و ئاغا و شازادانەی کە لە بەرهەمەکانی پێشوودا باو

بـــوون. ســـەردەمی ڕۆشـــنگەری کە ئەوروپـــا پـــێش شۆڕشـــی فەرەنسی بەخۆوەی بینیبوو، گوزارشت بوو لە گۆڕانکارییی لە سەردەمی فیۆدالیزمەوە بۆ سەردەمی سەرهەڵدانی بۆرژوازی. ئـــێمە لە مـــاوەی زیـــاتر لە ســـەد ســـاڵدا چەنـــدین نووســـەر و هونەرمەند و بیرمەند و فەیلەسوفی وەک مۆلییر، ڤۆڵتێر، ژان ژاک ڕۆسۆ، هێلڤیسوس، دیدێرۆ و چەندانی ترمان بینی، کە بەرهەمەکانیـــان ڕەنگـــدانەوەی ئەم گۆڕانکارییـــانە بـــوون و فەلســـەفەی ماتریالیســـتیش پشتڕاســـتی دەکـــاتەوە کە ئەم گۆڕانکارییـــانە لە فیکـــر و فەلســـەفە و ئەدەب و هـــونەر و ئایدۆلۆژیادا دەرئەنجامی گۆڕانکاریی ئابووری و سیاسی بوون و نەک هۆکارێک بن بۆ ئەو ئاڵوگۆڕانە. لە کاتێکدا ئایدیالیزم جەغد لەوە دەکاتەوە کە بەرهەمی ئەم نووسەر و هونەرمەند و فەیلەسوفانە لە پلەی یەکەمدا هۆکاری شۆڕشی فەرەنسا بوون! ماتریالیزم پەرەسەندنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و سەرهەڵدانی چینێکی نوێی پیشەسازی و بازرگان بە پێشکەوتن و داهێنانە زانســـتییەکانەوە دەبەســـتێتەوە بە گەشەســـەندن و داهێنـــانە زانســـتییەکان کە سروشـــتی ژیانیـــان گـــۆڕی و بـــوونە هـــۆی فراوانبـــــوونەوەی شـــــارەکان، ئەمە جـــــگە لە دۆزیـــــنەوەی جوگرافییەکان کە هەلومەرجی تازەتری لێکەوتەوە. هەموو ئەم هۆکارە بابەتییانە پێکەوە بەشداربوون لە سەرهەڵدانی جۆرێکی نوێی ئەدەب و هونەر نەک بە پێچەوانەوە.

لێرەدا دەتوانین باسی هەریەک لە بەلزاکی فەرەنسی و تۆڵستۆی ڕووســـی بکەیـــن، کە بە ڕوونـــی گوزارشـــتیان لە ســـەرهەڵدانی سەردەمێکی نوێ کرد، کە ئەویش سەردەمی سەرمایەدارییە بە هەموو ئەو دژایەتییەی کە لە هەناوی خۆیدا هەڵیگرتووە. ئەم

دوو ڕۆماننووسـە توانیـان وێنـای چەوسـانەوە و کـۆیلەکردنی ئینسان و هەروەها ڕۆڵی پارە لە دروستکردنی ململانێ لە نێوان خەڵکـدا بـکەن. هەورەهـا توانییـان ڕادەی ئەو نـامۆبوونەی کە بەهـۆی ئەم شـێوازە نـوێیەی بەرهەمهێنـانەوە دروسـت دەبێـت چەندە و چۆن تەماح؛ موڵکدار و بازرگان و دەوڵەتەکان لەپێناو بەدەسـتهێنانی قـازانجی زیـاتر دەداتەپـێش تەنـانەت ئەگەر بە شـەڕیش بێت، گوزارشـت لێبکەن. هەرچەند ئاراسـتە سیاسـی و ئایـدۆلۆژییەکانی ئەم دوو ڕۆماننووسـە لەگەڵ سـەرمایەداریدا بوون، بەڵام واقیعی فەرەنسا و ڕووسیا و ئەو ململانێیانەی لەو قۆنـاغەدا زاڵ بـوون بە شـێوەیەکی سەرسـوڕهێنەرانە وێنا کـرد. هەرچەندە بەرهەمەکانی بەلزاک و تۆڵستۆی شۆڕشگێڕانە بوون، بەڵام چارەسەرەکانیان بۆ واقیع زیاتر چارەسەرێکی ئەخلاقییـانە بوو.

ئەوەی بەسـەر ڕۆمـان و شـانۆنامەدا پەیـڕەو دەکرێـت بـۆ مۆسـیقاش هەر بەو جـۆرەیە. ئەم هـونەرە لە ڕێـگەی گەشەسـەندنی درێژخـایەنی خـۆیەوە کە هەر لە سـەرەتاوە هاوڕێی ژیانی مرۆڤ بووە، گوزارشتی لە خواستەکانی مرۆڤ کـردووە و یەکێـک بـووە لەو ئـامرازانەی کە لە ڕێوڕەسـمی جـادوویی و ئایینیـدا لە سەرانسـەری قۆنـاغ و شـێوازەکانی بەرهەمهێنانی جیاوازدا، بەکارهێنراوە. بۆیەش هەمیشە مۆسیقا و گۆرانی و سروود، یاوەری سرووتەکانی پەرستگا و کڵێسا و ڕێوڕەسمە بەکۆمەڵەکان بوون کە لەلایەن گروپەکانەوە ئەنجام دەدران بەو ئومێـدەی لە خوداوەنـدەکان نزیـک ببـنەوە یـان کارئاسانییەک بێت بۆ گەیاندنی پەیامەکانیان بە ئاسمان. مۆسیقا لە واقیعـی کـۆمەڵایەتی و تێگەیشـتنیان بـۆ جیهـان لەسـەردەمە

جیاوازەکانــدا جیــا نــاکرێتەوە هەروەک چــۆن مۆســیقا لە ســەردەمەکانی پێشــوودا ڕۆڵــی خــۆی بینیــوە، لە ســەردەمی ئێمەشــدا گوزارشــتی لە واقیعــی کۆمەڵگاکــان و ئاســۆ و ململانێکانیــان و ئەو گۆڕانکاریــانەی کە لەنــاو شــێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا ڕوودەدەن، کردووە.

دانــانی بــارودۆخێکی ئــابوری و سیاســی دیــاریکراو، کە لە ســەرەتای هەژمــوونییەوە تــا دارمــان و نەمــانی ئەم هەژمــوونە، وەک بەرهەمهێنــانی ڕێبازێک یــان قوتابخــانەیەکی هــونەری یــان ئەدەبــی، جــۆرێکە لە بێهەڵوێســتیی. چــونکە لەنــاو ئەم یــان ئەو شــێوازەدا گۆڕانکــاری و ئــاڵوگۆڕ هەن کە هاوتەریــب لەگەڵ ئــاڵوگۆڕ و گۆڕانکارییەکــان و توونــدی و لەســەرخۆبوونی شــێوازی خەبــاتی چینــایەتی هەنگــاو دەنــێن. بــۆیە دەبینــین کە شــێواز و قوتابخــانە هونەرییەکــانی نــاو شــێوازی بەرهەمهێنــانی ســەرمایەداری، بــۆ نمــوونە، قەیرانەکــانی ئەم سیســتەمە و گۆڕانکارییەکــانی لە قوتابخانەکــانی هــونەر لە پێنــاو هــونەردا و لەوێوە بــۆ قوتابخــانەی سوریالیســتی تــا دەگــات بە قوتابخــانەی دەروونناســی تــا شــێواز و قوتابخانەکــانی تــر، دەرکەوتنــێکن کەشانبەشان ئەو گۆڕانکاری و شــەڕانە بوون کە لەگەڵ جەنگی جیهانی یەکەم و دووەمدا ڕوویاندا. بۆ نموونە هونەر و ئەدەبی بێهــوودەیی لەو قۆنــاغەدا برەویــان پەیــدا کــرد، دوای پرۆســە بەربڵاو و ترسناکەکانی تێکدانی شــارەکان و کوشــتنی خەڵک بۆ ئەوەی خــزمەت بە ئامــانجە سیاســی و ئابوورییەکــان بکەن. ئەم قوتابخانانە بۆ ئەوە دەرکەوتــن تــا نائومێدی مــرۆڤ دەرببــڕن و دوودڵــی و گومــان لە توانــای گــۆڕینی ئەو واقــیعە لای مــرۆڤ بچێنن. لەگەڵ ئەم هەموو نەهامەتی و وێرانکارییانەشــدا، زۆرێک

لە نووسـەران و هونەرمەنـدان بە شـێوازی بێهـوودەیی و بێمانـا گوزارشـتیان لە واقیـع دەکرد.ڕێـک بە پـێچەوانەی ئەدەبیـاتی واقیعی شۆڕشگێڕانە کە هاندەری گۆڕانکاری و ڕزگاری بوو.

ئەگەر تەماشـــای ســـەرهەڵدانی ســـوریالیزم بکەیـــن وەک قوتابخـانەیەکی هـونەری و ئەدەبیـی کە لە سـەرەتای سـەدەی بیسـتەمەوە لە پـاریس سـەریهەڵدا، بۆمـان دەردەکەوێت کە ئەم ڕێبـــازەش گوزارشـــتە لە کـــاریگەربوونی بە کۆمەڵێـــک لەو ئاڵوگۆڕانەی کە بەشدارییان لە شکڵپێدانیدا کردووە. یەکەمینیان باڵادەسـتی قوتابخـانەی شـیکاری دەروونیـیە لە ئەوروپـا وەک فەلســەفە و میتـۆدێکی چارەســەریی کە پشــت بە لێکـدانەوەی خەونەکـان و نائاگـایی و ململانـێ سێکسـییە سـەرکوتکراوەکان دەبەســتێت. ئەم هێــزە وێرانکــارە ناوخۆییــانە مــرۆڤ بەرەو لەناوچوون و شەڕ و مردن پاڵ دەنێت (غەریزەی شـەڕانگێزی و مردن). ئەگەر ئەم تێڕوانینانە زاڵ بن بەسەر دەروونناسـیدا، ئەوا زۆرێــک لە زانســـتە مرۆییەکـــان و تەنـــانەت ئەو قوتابخـــانە فەلســەفییانەش کە لەســەر بنەمــای ماتریــالیزم دامەزراون وەک قوتابخانەی فرانکفۆرت، ئەمە سەرباری شـەڕێکی مـاڵوێرانکەر لە ئەوروپا کە بە ملیۆنان کەس بوونە قوربانی، وایکرد ئەم ڕێبازە لە بیرکــردنەوەی لــۆژیکی هۆشــیارانە و تەنــانەت زانســت و هــونەریش بێتوانــا بێــت و ئیتــر ئەم ڕێبــازە هــونەرییە بەرەو ناعەقڵانییەت و نائومێدی هەنگاوی نا.

## بنەمای ماددی بۆ داهێنان لە ئەدەب و هونەردا

زۆرێــک لەو لێکــدانەوە دەروونــی و کۆمەڵایەتییــانەی کە هەن باسـیان لە بابەتەکـانی داهێنـان لە زانسـت و هـونەر و ئەدەبـدا کـردووە. وەک باسـکردن هۆشـیاری بە هەمـوو جۆرەکـانییەوە. لێرەدا دوو تێڕوانین لەئارادان سـەبارەت بە بنەچەی داهێنان لە هونەر و ئەدەبدا. یەکەمیان تێڕوانینی ئایدیالیستییە کە داهێنان لە ئەدەب و هـونەر وەک حـاڵەتێکی نەخۆشیناسـیی یـان حـاڵەتێکی ئیلهـامبەخش و شـتی تـر سـەیر دەکـات. ئەو تێڕوانینـانەی کە بەرهەمی کار لە دەوروبەر و بارودۆخی ماددی و مێژوویی جیا دەکــاتەوە. ئەوی تــر تێڕوانینــی ماتریالیســتییە کە داهێنــان بە هەلــومەرجی کــۆمەڵایەتی و ئــابووری قۆنــاغێکی مێژوویــی دیــــــاریکراوی دەبەســــــتێتەوە، هەروەهـــــا ئەو دەرفەت و هەلومەرجانەی لەبەردەستی نووسەر یان هونەرمەندان کە پاڵی پێــوە دەنــێن بــۆ خولقــان و داهێنــان. ســەرەتا بەو تێــڕوانینە ئایدیالیسـتییە دەسـت پێـدەکەین کە زۆرێـک لە ڕوانـگە دەروون شیکارییەکان نوێنەرایەتی دەکەن. دیارترینی بۆچوونەکان کە لە بازنەی زانستی و ئەکادیمی و تەنانەت لە ئاستی جەماوەریشدا ناوبانگیان بەدەستهێناوە، بریتین لە:

یەکەم: ئەو تیۆریــانەی کە داهێنــان بە شــێتی و نەخۆشــییە دەروونییەکـانەوە دەبەسـتنەوە  و پێشـەنگی ئەم ڕەوتە تـوێژەری ئیتـاڵی لۆمبرۆسـۆ و پزیشـکی مەرەنسـی بـۆ نەخۆشـییەکانی مێشـک کریسـتجامەر بـوون. پـوختەی ئەوەی کە لۆمبرۆسـۆ لە کتێبەکەیـدا ( بلیمەتـدار) جەغـدی لەسـەر دەکـاتەوە ئەوەیە کە پەیوەنـدی لە نێـوان شـێتی و نەخۆشـی دەروونـی یـان بلیمەتیـدا

هەیە و  بلیمەتـیش بە بۆچـوونی لۆمبرۆسـۆ؛ شـێتییە. ئەو وای دەبینێـت لەدەسـتدانی هاوسـەنگی لە ڕوانگەیەکـی ئەنـاتۆمییەوە لەناو مێشکی داهێنەردا ئەوەیە کە دەبێتە هـۆی ئاوسـانی مێشـک یان گرژبوونی چەند بەشێک لە مێشک. ئەم ناهاوسـەنگییەش لە بلیمەتیدا داهێنـان دەخولقێنێت. بەڵام کریستجامەر بلیمەتـی یـان داهێنان وەک لادانێکی نەخۆشی دەمـارەیی و بۆمـاوەیی دەبینێت کە تایبەتمەنـدی هەنـدێک خێـزان بێـت، ئەو تـوێژینەوەی لەسـەر هەنـدێک لەخێزانەکـان وەک خێزانەکـانی بیتهـۆڤن، کـۆتێ، بـاخ و مایکل ئەنجیلۆ کرد و گەیشت بەو ئەنجامەی کە خێزانەکانی ئەم داهێـنەرانە هەڵگـری لادان و نەخۆشـییەکانی مێشـک بـوون. ئەم تێـــڕوانینە لەلایەن لێکـــۆڵینەوە و تـــوێژینەوە زانســـتییەکانەوە پـووچەڵ کـراوەتەوە، بەڵام هێشـتا بۆچـوونێکی بەربـڵاوە لە نێـو هەندێک لە ڕۆشنبیران و ئەکادیمییەکان.

دووەم: هەرچی فرۆیدە بە پلەی یەکەم لێکۆڵینەوەی لە داهێنـانی هەنـــدێک لە هونەرمەنـــد و نووســـەرەکاندا کـــرد، لەســـەرووی هەمووشیانەوە لیۆنـاردۆ داڤینشـی و دۆستۆیڤسـکی، لێکدانەوەی فرۆیـد بـۆ داهێنـــانی ئەم دوو داهێـــنەرە کە لە تیـــۆری گشـــتی دەروونشـــیکارییەکەیدا هـــاتووە،وای دەبینێـــت کە لە ئەدەب و هـونەردا دۆخێـک دێتە ئـاراوە وەک ئەوەی فرۆیـد بە میکـانیزمی بەرگـری نـاوزەدی دەکـات. لە نێـو مـرۆڤە داهێنەرەکانیشـدا وەک میکـانیزمی خـوویەکی نـزم و ناپەسـند سـەرهەڵدەدات، ئەمەش هۆکارێکە کە مرۆڤ بە شێوەیەکی نائاگایی پەنـای بـۆ دەبـات بـۆ ئەوەی بەســـەر پـــاڵنەرە سێکسییەپێویســـتییەکانی زاڵ بێـــت و

ئەویش لە ڕێگەی داهێنانی هونەری یان ئەدەبی یان تەنانەت بیرکاری یان زانستییەوە، خۆی لێ خاڵی دەکاتەوە. فرۆید پێیوایە هونەرمەند و نووسەرانی داهێنەر هەمیشە نێرگسین و ئارەزووی سێکسییان بۆ خودی خۆیان هەیە و داهێنانیش بەوجۆرە، حاڵەتێکی سێکسی بایۆلۆژییە. بۆیە هونەرمەندی داهێنەر بە تایبەت ناتوانێت ئارەزووە سێکسییەکانی خۆی لە ئەنجامی فشاری کۆمەڵایەتی و ئەو قەدەغەکردنانەی کە بەسەریدا دەسەپێنرێت، تێر بکات.

ئەمانە ئەو تیۆرییانە بوون کە هەوڵیاندەدا داهێنان وەک حاڵەتێکی نەخۆشی بایۆلۆژی ڕوون بکەنەوە. وەک ئاماژەشمان پێدا زانست پشتگیری ئەم بۆچوونانە ناکات سەباری ئەوەی کە بەسەر زاری زۆر کەسەوە دەوترێنەوە. داهێنەرانیش وەکو زۆربەی خەڵک ڕەنگە هەندێکیان بەدەست شڵەژان یان نەخۆشییە دەروونییەکانەوە بناڵێنن، بەڵام دانانی ناوی نەخۆشی دەروونی یان شێتی بۆ سەرجەم داهێنەران زۆر دوورە لە ڕاستییەوە و تەنانەت تویژینەوە دەروونی و نەخۆشییە دەمارییەکانیش بێپەروا پشتڕاستی ئەوە دەکەنەوە کە نەخۆشی دەروونی یان نەخۆشی مێشک لەزۆربەری بوارە زانستی هونەری و ئەدەبییەکاندا، ڕێگری لە داهێنان دەکەن.

سێیەم: تیۆرییەکی تر هەیە کە داهێنان نەک وەک حاڵەتێکی نەخۆشی، بەڵکو وەک حاڵەتێکی سروشتیی دەبینێت، بەڵام ئەمە بۆ هەموو مرۆڤەکان وکو یەک بەردەست نییە. کەسانێک هەن بەهرەمەندن یان بلیمەتن و کەسانی تر بەوجۆرە نین. ئەم تیۆرییە داهێنەر لەو ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی کە تێیدا گەورە

بـــووه و ئەو بـــوارەی بـــۆی ڕەخســـاوە و ئەو دۆخەی پێیـــدا تێپەڕیـــووە، دادەبڕێـــت. زاناکـــانیش هەمیشـــە لەهەمـــوو بـــوارە جیاجیاکانـــدا بەوجـــۆرە دەڕوانـــنە داهێـــنەران کە ئیلهـــام و چرکەســـاتی دەرکەوتنیـــان هەیە، لێکدانەوەشـــیان بـــۆ داهێنـــان، لێکدانەوەیەکی سۆفییانەیە. هەمیشـە سـاتی دەرکەوتـن و هـاتنی ئیلهـــام دەبەســـتنەوە بە بـــێ نەخشـــەیی و پلانیـــی و دوور لەو بـارودۆخەی کە داهێـنەر بیـر لەو چرکەسـاتانە بکـاتەوە. وەک ئەوەی دۆزیـنەوەی لەناکـاوی یەکێـک لە یاسـاکانی بیرکـاری پۆینکـارییێردا، یـان وەک ئەوەی نیـوتن بە کەوتـنە خـوارەوەی سـێوێک بەسـەر سـەریدا گەیشـت بە یاسـای کێشـکردنی زەوی. بەمجـــۆرە بەنســـبەت هەنـــدێک لە نیگارکێشـــەکان کاتێـــک کە بیرۆکەیەکی دیاریکراوی بەپەلەیان بۆ دێت، دواتر دەچنە سەر کار و تابلۆکانیان بە شێوەیەک بەرجەستەی دەکەن وەک ئەوەی لە خەونێک بچێت؛ چەشـنی سوریالیسـتەکان و ئەوانـی دی. ئەم تیـۆرییە هەمیشـە سـەرنج دەخـاتە سـەر ئەو خـاڵەی کە هەنـدێک کەس خـاوەنی بلیمەتـی و زیرەکـی لەڕادەبەرن و لە کۆتاییدا ئەم زاراوانە نارۆشنن و ناتوانرێت ڕوون بکرێنەوە.

ئەم بۆچـوونەش هەر بەوەوە دەوەسـتێت وەسـفی ئەوەی کە لە ڕاسـتیدا چـی بەکـردەوە لە مێشـکی داهێـنەردا دەگوزەرێت،بکـات ،بەبـێ ئەوەی گرنگـی بەو هۆکـارە کلتـووری و کۆمەڵایەتییـانە بـدات کە دەبنە هـۆی ئەم داهێنـانە. هەروەهـا بنەمـای مێشـک بـۆ پرۆسەی داهێنان پشتگوێ دەخات، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە مێشـــک ئەو ئـــامرازەیە کە کارلێـــک لەگەڵ ژیـــنگەدا دەکـــات و نـــوێنەرایەتی ئەم ژیـــنگەیەش دەکـــات بـــۆ بەرهەمهێنـــانەوەی لە شێوەی بەرهەمی هونەری و ئەدەبی و زانستیدا.

چوارەم: سەبارەت بە بنەمای ماتریالیستی بۆ داهێنان لە ئەدەب و هونەردا، کە ناونیشانی باسەکەی ئەمڕۆمانە، ئەو تیۆرییە کە لە ماوەیەکی دوور و درێژ شکلگیری کرد و لەگەڵ کارئەندامزانی ڕووسی ئیڤان پاڤلۆڤ گەیشت بە پلەی پێگەیشتن. ئەو تیۆرییە پێی وایە داهێنان لە هەموو شێوەکانیدا بنەمایەکی بایۆلۆژی هەیە کە بە کاری مێشک نوێنەرایەتی دەکرێت، ئەمەش بە دەوری خۆی بەرهەمی قۆناغێکی گەشەکردنە کە مرۆڤایەتی بە چەندین گۆڕانکاری لە ملیۆنان ساڵ بەر لە ئێستاوە تا هەنووکە پێیدا تێپەڕیوە و تا دەگات بەو توێژینەوە مۆدێرنانەی کە باس لە بابەتی داهێنان لە زانست و هونەر و ئەدەبدا دەکەن.

تێڕوانینی ماتریالیستی ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە لە غیابی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و کولتووری گونجاودا، کەسی داهێنەر ناتوانێت داهێنەر بێت. ئەوەی ژینگەی سروشتی و کۆمەڵایەتی لە قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراودا دابینی دەکات و ئەو ململانێ و گۆڕانکارییانەی کە یاوەریی دەکەن و وە ئەو هۆکارانەی پەیوەستن بە گەشەپێدانی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بنەمان بۆ داهێنان لە هەر بوارێکدا. هەروەها داهێنان بۆ نموونە لە وێنەکێشان، ڕۆمان، یان مۆسیقا کاری پڕ زەحمەت لە مرۆڤ دەخوازێت کە ڕەنگە چەندین ساڵ بخایەنێت. داهێنان لەناکاو ڕوونادات وەک هەندێ کەس وای دەبینن وەک ئەوەی کێشەی ئیلهام، سرووش، یان بلیمەتی دوور لە واقیعی زیندووەوە بێت. بەڵکوو دوای لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ و درێژخایەن دێت و پێویستی بە هەوڵ و تەقەللایەکی زۆر هەیە، چونکە هەر بەرهەمێکی داهێنەرانەی مەزن و کاریگەر و هەر بەرهەمێکی ئەدەبی نەمر، ئەوە لە داهێنەرەکە دەخوازێت کە ئەزموونەکانی

پێش خۆی وەرگرێت و هەرسیان بکات و ئینجا گوزارشتیان بکات. ئەمەش وا لە مێشکی داهێنەر دەکات کە تووشی ململانێیەکی ناوخۆیی بێت و لەم ڕێگەیەشەوە بە تەواوی سەرقاڵی بەرهەمەکەی دەبێت.

بنەمای ماتریاڵیستی بۆ داهێنان، مێشکی مرۆڤ کە ئاڵۆزترین مێشکی سەر ڕووی زەوییە دەکات بە جەوهەری خۆی. ئەوەشی وا لە مرۆڤ دەکات بتوانێت داهێنان بکات و هونەر و ئەدەب بەرهەم بهێنێت ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییە گونجاوەیە کە دەبێت لەبەردەستدا بێت. ئەگەر دەرفەت بۆ کەسێکی دیاریکراو و هەروەها هەلومەرج و پەروەردەی گونجاو لە تەمەنی منداڵییەوە بۆ دابین بکرێت، بۆ نموونە هاندەری بێت لە بواری ئەدەب و هونەردا، ئەوا چینی ژێرەوەی مێشک کە بەرپرسە لەم جۆرە چالاکییە لای کەسی داهێنەر چالاکتر دەبێت و ژمارەی خانە دەمارەکانی ئەم بوارە زیاتر دەبن بەبەراورد بەو کەسانەی کە لەسەر ئاستی ئەدەبی و هونەریدا سەرقاڵی داهێنان نین. توێژینەوەکان ئەوەش پشتڕاست دەکەنەوە و دەڵێن ئەو جێگایانەی بە پلەی یەکەم مامەڵە لەگەڵ سۆز و هەستەکاندا دەکەن، یەکێکە لە جیاکەرەوە گرنگەکانی بەرهەمە هونەری و ئەدەبییەکان. بەڵام سەبارەت بە زانایانی فیزیا و بیرکاری و لقە زانستییەکانی تر، ئەو ناوچانەی چینی خوارەوەی مێشکیان بەرپرسن لە بیرکردنەوەی لۆژیکی، کە زیاتر لێکهەپێکرانی دەماریان هەیە لە چاو ئەوانی تر. بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین داهێنان لە ئەدەب و هونەردا لە ڕێگەی نەخۆشیی مێشک یان دەروونەوە نایەتە دی و هەورەها جۆرێک نییە لە ئیلهام و نەوازەیی دوور لەو هەلومەرجە بابەتییانەی کە دەوری

خولْقێنەرەکەیان داوە و هەروەها دەرئەنجامی بەرزبوونەوەی غەریزەی سێکسی سەرکوتکراویش نییە، بەڵکو داهێنان لە جەوهەری خۆیدا دەرئەنجامی کارلێکی ژمارەیەکی زۆر لەو هۆکارانەی ناو ئەو ژینگەیەی مرۆڤە کە تێیدا دەژی و ناو مێشکی ئەو مرۆڤەیە کە بەرهەمێک بەرهەم دێنێت.

تێبینی: ئەم وتارە لە کۆڕبەندی دووشەممەی مەعریفی لە ٢٨ ی شوباتی ٢٠٢٢ پێشکەش کراوە.

سەرچاوە: التصور المادي للابداع في الادب و الفن، بقلم احمد مرزوک، موقع منظمة البديل الشيوعي في العراق[https://www.albadeel-alsheoi.org/ar/?p=7151](https://www.albadeel-alsheoi.org/ar/?p=7151)

تێبینی: ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی ڕەوت ژمارە ٣٢ ی ساڵی ٢٠٢٤ بڵاوبووەتەوە.